**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 62

**سالّی/ 2010 – بەرگی شەست ودوو**

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2010

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(2010)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 62
چاپی یەكەم: 2010
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێریست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/1/21 ل

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/2/11 ل

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2008/2/12 ل

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/3/2 ل

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/3/10 ل

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/3/25 ل

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/3/31 ل

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/4/6 ل

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/4/14 ل

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/4/15 ل



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14)**

**چوارشەممە رێکەوتی 10\11\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (14)

## چوارشەممە رێكەوتی 2010/11/10

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوارشـەممە رێكـەوتی 2010/11/10 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (14)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لـە پێـڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (14)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوارشـەممە رێكـەوتی 2010/11/10 دا بـەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو گفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسایی وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان لەهەرێمی كوردستان – عێراق.

2-خستنەڕوو گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای زانكۆ تایبەتیەكان لەهەرێمی كوردستان.

3-خستنەڕوو گفتوگـۆكردنی پـڕۆژە یاسـایی قەرەبووكردنـەوەی ڕاگیراوانـی بـۆ پاسـاوی یاسـایی لەهـەرێمی كوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە خولی سێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی دووەم خـولی گرێـدانی یەكـەم، ژمـارەی دانیشـتن (14)ڕۆژی دانیشـتن 2010/11/10، بەرنامـەی كـار، بـەپێی حوكمـەكانی مـاددە (20)لە پێڕەوی نـاوخۆی ژمـارە(1)ی سـاڵی 1992پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق، سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمـارە(14)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـەكات 11 پـێش نیـوەڕۆ ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2010/11//10، بەم شێوەیە بێـت:

1- خستنەڕوو گفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسایی وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان لەهەرێمی كوردستان – عێراق.

2-خستنەڕوو گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای زانكۆ تایبەتیەكان لەهەرێمی كوردستان.

3-خستنەڕوو گفتوگـۆكردنی پـڕۆژە یاسـایی قەرەبووكردنـەوەی ڕاگیراوانـی بـۆ پاسـاوی یاسـایی لەهـەرێمی كوردستان – عێراق.

زۆربـەخێرهاتنی ڕێـزدار كـاوە محمـود وەزیـری ڕۆشـنبیری ولاوان لەهـەرێمی كوردسـتان دەكـەین، زۆر زۆر بەخێرهاتی كەلەگەڵمان بەشدار دەبیت، ئێستا داوا لە لیژنـەی ڕۆشـنبیری و لاوان و لیژنـەی یاسـایی دەكـەین

بێنە سەر مەنەسە، فەرموون، بەڕێزان ئێستا بڕگەی یەکەم، خستنەڕوو گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسایی وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان لەهەرێمی کوردستان – عێراق. لیژنەی یاسایی فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەی یاساکە، کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش بەپەرلەمان کراوە ئێمەش پێشکەشی جەنابتانی دەکەین.

قانون رقم ( ) لسنة 2010

قانون وزارة الثقافة والشباب لحكومة اقليم كوردستان - العراق

المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات والعبارات التالية، المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

اولاً: الاقليم: اقليم كوردستان - العراق.

ثانياً: الوزارة: وزارة الثقافة والشباب.

ثالثاً: الوزير: وزير الثقافة والشباب.

رابعاً: وكيل الوزارة: وكيل وزارة الثقافة والشباب.

خامساً: الشباب: الشريحة التي تتراوح اعمارهم بين (14) عاماً ولغاية الـ(30) عاماً.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەکوریش بیخوێننەوە، دوایش ڕاپۆرتی لیژنەی ڕۆشنبیری، دوایش وەرزش و لاوان ، پاشان لیژنەی یاسایی، فەرموون.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان – عێراق

ماددەی یەکەم: سەبارەت بەم یاسایە مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان.

سێیەم: وەزیر: وەزیری رۆشنبیری و لاوان.

چوارەم: بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان.

پێنجەم: لاوان ئەو توێژەن کە تەمەنیان لەنێوان چواردە تاکو سی ساڵە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ڕۆشنبیری تکایە ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ دیراسەت کردنی پڕۆژە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان لەهەرێمی کوردستان – عێراق، لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکان و شوێنەوار، بەئامادە بوونی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری ولاوان لە 2010/9/27دا کۆبووەوە، پڕۆژەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە لەڕۆژی 2010/9/20 خوێندنەوەی یەکەمی بۆکراو درا بەلیژنەکەمان، لیژنە لەڕۆژی 9/28دا بۆ تەواوکردن و وتو وێژ کۆبووەوە لەم ڕاپۆرتەدا سەرجەم تێبینەیەکانی لیژنە دەخەینە بەرچاو، یەکەم: پێشنیاز دەکەین ناوی یاسای وەزارەتەکە بکرێت بە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: سەبارەت بەماددەی یەکەم لەسەر زاراوەکان تەنها دوو تێبینیمان هەیە، وەزارەت: وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوانی هەرێمی کوردستان، دووەم: وەزیر: وەزیری ڕۆشنبیری ولاوانی هەرێمی کوردستان، دیارە وەکو باقی یاساکانی تر کە لەپەرلەمان پەسەند کراون، سوپاس.

**بەڕێز سۆزان یوسف خۆشابە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

اولاً نقترح تبديل تسمية قانون الوزارة ليصبح كالآتي:

قانون وزارة الثقافة والشباب لاقليم كوردستان-العراق

ثانيا: المادة الاولى:

الوزارة: وزارة الثقافة والشباب للاقليم

الوزير: وزير الثقافة والشباب للاقليم

ثالثا: نقترح تبديل عنوان المادة: مهام الوزارة لتكون "مهام الوزارة واهدافها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی وەرزش ولاوان، فەرموو.

**بەڕێز د. ثائر عبدالاحد اوغسطين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بەماددەی یەکەم بە عەرەبی،

**اولا**": بالنسبة للمادة الاولى: تقترح اللجنة اعادة صياغتها بالشكل الاتي:

وكيلا الوزارة: 1- وكيل الوزارة للشؤون الثقافية والفنية .

2- وكيل الوزارة لشؤون الرياضة والشباب

الشباب: الشريحة التي تتراوح اعمارهم بين 14 عاما ولغاية ال(35) عاماً.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەکوردیش بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەناوی پڕۆژەکە هیچ تێبینیەکمان نیە، بەس سەبارەت بەماددەی یەکەم، پێشنیاز دەکەین دوو بریکاری وەزارەت هەبێت، یەکێکیان بۆ کاروباری ڕۆشنبیری و هونەری ئەوی تریان بۆ کاروباری وەرزش ولاوان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕاپۆرتان بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەناوی پڕۆژەکە، ئێمە پێشنیار دەکەین ناوی(حکومەت) لابرێت، تەنها ئەوە بمێنیتەوە( قانون وزارة الثقافة و الشباب لاقليم کوردستان – العراق ) سەبارەت بەماددەی یەکەم، بڕگەکان ڕیزبەندی بۆ دابندرێت یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارم و پێنجەم، هەروەها لەکۆتایی پێناسەی وەزیر ووەزارەت، وشەی (في الاقليم) زیاد بکرێت کە لەبڕگەی 2 و3 داهاتووە، وای لێبێت: ( الوزارة : وزارة الثقافة و الشباب في الاقليم) بەهەمان شێوە بۆ وەزیر،( الوزير : وزير الثقافة و الشباب في الاقليم)تەنها ئەو سێ تێبینیەمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمود شاکر/ وەزیری ڕۆشنبیری ولاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ بۆچوونەکانی لیژنەی یاساییین، هەروەها لیژنەی وەرزش ولاوان و لیژنەی ڕۆشنبیریش، (في الاقليم) لەپێناسەکان زیاد بکرێت، بۆ تەمەنیش ئێمە گۆڕانکاریمان کردبوو بەس دیارە لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە تا گەیشتۆتە ئێرە ئەو گۆڕانکارییە کراوە، ئێمەش داوای دوو وەکیل وەزیرمان کردبوو، هەروەها لە (14) تا (34) ساڵ بێت بۆ تەمەن، بەپێی ئەو پێوەرانەی کەلە نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزداران ئەندامانی پەرلەمان کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، ناوتان دەنووسم تکایە، ئەم بەڕێزانە داوای قسەیان کردووە،(شێردل تەحسین، دانا سەعید، شوان کریم، سیوەیل عوسمان، صباح بیت

الله، عبدالسلام بەرواری، هاوڕاز خۆشناو، عبدالرحمن حسین، قادر حسن، پەیمان عبدالکریم، هاژە سلیمان)، کاک شێردڵ، فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەو پڕۆژە یاسایە، پڕۆژە یاسایەکی زۆر گرنگە، بۆ ڕۆشنبیری ولاوان، من پشتگیری لە لیژنەی وەرزش ولاوان دەکەم، کە یەکەم: دوو وەکیل وەزیر هەبێت، وەکیل وەزیرێك بۆ کاروباری ڕۆشنبیری وفەنی، وەکیل وەزیرێك بۆ وەرزش ولاوان، شەبابیش ئەو شەریحەیە کە لە 14 -34 من نازانم چ ستاندەرێك بۆ 34 ساڵەکە دانراوە، بەخۆی ئێمە زۆرمان پرسی لە لیژنەی وەرزش ولاوان، دائیمەن لە ستاندارەکانی ئەتراف و گەلێك لەوڵاتانیشمان سەیرکرد 14 – 35 ساڵە، بۆیە پشتگیری لە لیژنەی وەرزش ولاوان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تکایە ئەوەی هەڵدەستێت ناوی خۆی بڵێت، بۆ ئەوەی وتەکانی لەژێر ناوەکەی تۆمار بکرێت، ڕێزدار دانا سەعید، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی یەکەمم: بەهەمان شێوە کە زۆربەی لیژنەکان تێبینیان هەبوو لەسەر ناوی پڕۆژە یاساکە، یاسای وەزارەتی وەرزش ولاوانی هەرێمی کوردستان بێت، حکومەتەکە پێویست ناکات وەکو ئەوەی لە دەقە عەرەبیەکەدا هەیە، لەبەر ئەوەی لەیاسای وەزارەتەکانی تریش بەهەمان شێوەیە، تێبینی دووەمم: بڕگەی چوارەم لەسەر بریکاری وەزارەت لیژنەی وەرزش ولاوان پێشنیاریان کردووە، کە ناوی هەردوو بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری ڕۆشنبیری وهونەر وبۆکاروباری وەرزش ولاوان بنووسرێت، پێم وایە یەکجار ناوی بریکاری وەزارەت لە ئەصڵی پڕۆژەکەدا هاتووە، پێم وایە پێویست ناکات لەتەعریفەکەدا بنووسرێتەوە، پێم وایە ئەگەر بکرێت هەرناوی بریکاری وەزارەتی تێدا نەبێت هیچ کێشەیەك نابێت، چونکە یەکجار لە ئەصڵی پڕۆژەکەدا هاتووە، ئەگەر بریکاری وەزارەتیش بنووسرێت هیچ پێویست ناکات ئەو تەفاصیلە بنووسرێت هەردوو بریکاری وەزارەت، واتە هەردوو ناویان بنووسرێت، بەنیسبەت تێبینیەکەی لیژنەی وەرزش ولاوان، تێبینی سێیەمم: لەسەر بڕگەی پێنجەمە، پێشتریش ئاماژە بەوە درا، لەسەر چ پێوەرێك 14 ساڵ بۆ 30 ساڵ نووسراوە، هەرچەندە جەنابی وەزیر پێی باشە کە 34 ساڵ بێت، نازانم 14 ساڵ بەچی حسابە ئایا بەلاو یان مێرد منداڵ حسابە، لەزۆر شوێن سنی بلوغ هەیە، پێگەیشتن لەهەندێ شوێن 17 یان 18 ساڵ حساب ئەکرێت، هەندێ جار هەیە لە34 ساڵ زیاتریش تێپەڕ دەکات، تا 40 ساڵ دەچێت، باسی پێوەری نەتەوە یەکگرتووەکان کرا، نەتەوەیەکگرتووەکان ئێستا پێوەرێکی زۆر دوورو درێژتری هەیە، بەحوکمی ئەوەی وەزعی تەندروستی ومەعیشەت وئەوانە باشتر بووە، زیاتر دەژین بۆیە ئەو تەمەنە درێژتر کراوەتەوە،

هەندێ کەس هەیە باسی 45 ساڵ دەکات، جا بەڕاستی من پێم وایە ئەو پێوەرە پێویست ناکات لێرە دابندرێت، لەبەر ئەوەی تەعریفێکی لەو بابەتەش ئاسان نیە، لەناو پرۆژە یاساکەشدا باسی ئەوە نەکراوە، تەنها ناویان هاتووە، لاوان، جابەڕاستی من پێم وایە لەئێستاوە لەقاڵبی نەدەین بڵێین تەنها ئەو تەمەنە دەگرێتەوە، لەوانەیە لەهەندێ مەجال وەکو وەرزش پێویستی بە پێوەرێك هەبێت بۆ بواری فەنی پێویستی بەپێوەرێکی تر هەبێت، جا بۆیە پێم وایە لەقاڵب نەدرێت باشە، ئەگەر لە قاڵبیش دەدرێت ئەو مەجالە تۆزێك زیاد بکریت بۆ 35، 40 ساڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شوان کریم، فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکەم لەسەر ئەو پێشنیارەیە کە لیژنەی ڕۆشنبیری وپەیوەندییەکان بۆ ناوی پرۆژەکە پێشنیاریان کرد، پێنشیارەکەی ئەوان ئەڵێت وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوانی هەرێمی کوردستان، ئەوە لە عەرەبیەکەدا دەبێت بە (وزارة الثقافة والشباب اقليم كوردستان) من پشتگیری لەو تەسمیە دەکەم کە لیژنەی یاسایی دایناوە، چونکە ئەوە ڕاسترە لەڕووی زمانەوانیەوە، ئەو تەسمیەی لیژنەی ڕۆشنبیریش تازەیەو شتێکی غەریب دەبێت، بەتایبەتی ئێمە جارێکی تر ناوی وەزارەتمان هێناوەتەوە لە یاسای وەزارەتەکاندا ناومان هێناوە، من پشتگیری لەو موقتەرەحە دەکەم کە لیژنەی یاسایی کردوویەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سیوەیل عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ناوی یاساکە، (قانون وزارة الثقافة والشباب اقليم - كوردستان) تەبعەن لەگەڵ ڕاکەی کاك شوانم ئەبێ حکومەت لابەرین، لەکوردیەکەش تێیدا نەنووسراوە، حکومەتەکەی تێدا نیە، بەنیسبەت تەسەلسولی ماددەکان لە عەرەبیەکەدا نەنووسراوە، اولاً، ثانیاً، تا دەگاتە خامساً بەنیسبەت خامساً: الشباب: الشريحة التي تتراوح اعمارهم بين (14) عاماً ولغاية الـ(30) عاماً. خۆی ئەگەر لە (30) زیاتر بێت، لەبەر ئەوەی ئەوانە لاون گەنج نین، ئەگەر گەنج بن ئەتوانین بڵێین لە 14 تا 20 یان 25 دەگرێتەوە، بەڵام لاو تەمەنی زیاتر دەگرێتەوە، ئەگەر بکرێت بە 35 ساڵ من پێم باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار صباح بيت الله، فەرموو.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: منش وا دەبینم تەسمیەی یاساکە بە کوردی و عەرەبی وەکو یەك نیە، لە کوردیەکە هاتووە، (یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان – عێراق) لەعەرەبیەکەش هاتووە، (قانون وزارة الثقافة والشباب لحكومة اقليم كوردستان - العراق) حکومەتی بۆ زیاد کراوە، منیش لەگەڵ ئەوەدام بکرێت بە (پڕۆژە یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان – عێراق) دووەم: ڕاستە ئێمە بۆ وەزارەتەکانی تر داوای یەك بریکاری وەزارەتمان کردووە بەس بۆ ئەم وەزارەتە داوای دوو بریکار دەکەین، چونکە بەڕاستی گرنگیدان بە تاقەی گەنج و بواری وەرزشی گەلەك گرنگە، حەتا وەرزش وای لیهاتووە لەم سەردەمەدا بووە بەئەگەری ناساندنی میللەتان، لەبەر ئەوە بەنسبەت تەمەنی 14 بۆ 30 کەمە، لەبەر ئەوە هەندێ لە ئێمە لە تەمەنی 45 ساڵیدا هێشتا خۆمان بەلاو حساب دەکەین، بۆیە دەڵێم تەمەنی 14 بۆ 40 ساڵی بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری:

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی یەکەمم لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی وەرزش ولاوان هەیە، لە پێناسەکان یان زاراوەکان، تەنها ئەو زاراوەی کە درێژە، ئینسان لە یاساکە یەك وشەی بۆ بەکار دێنێ، بۆیە هەر بریکاری وەزیری بڵێین بریکاری وەزیری وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوانی هەرێمی کوردستان تا لەوێ دووبارە نەبێتەوە، کە دوو بن یان سێ بن ئەوە دێن ماددەی خۆی هەیە، دووەم: مەسەلەی تەمەن من تا ئێستا وا تێگەشتبووم تا 15 ساڵ منالە بەقانونی ئەوروپی، یەعنی لە یاساکانی سزاش هەر وادانراوە، من کورم هەبووە لەوێ تا 15 ساڵی هەر بەمناڵ دانراوە، ئێرانی و ئەڵمانی وەکو چۆن شوما و تو بەکار دێنن تا 15 ساڵ پێی ئەڵێن (تۆ) ئینجا کە لە 15 تێپەڕی چووە ئامادەیی پێی ئەڵێن (جەنابتان) بۆیە من حەز دەکەم ئەوەم بۆ ڕوون بکەنەوە، ئێوە لەمن شارەزا ترن، ئەگەر پێویست بوو شاب تەعریف بکرێت لەیاساکەدا من وا تێگەشتووم کە دەبێ 15ی تەواو کردبێ، بۆ سەرەوە، من تەئیدی کاك صباح دەکەم، ئەوانەی کە لە 45 بۆ سەرەوەشن هەرخۆیان بە لاو دادەنێن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە پرۆگرامی وەزارەت بایەخ دەدرێت بەهەندێ کەس کە مومکینە لە خوار 14 ساڵیش بێت، چونکە هەندێ بەرنامەیان هەیە لە سەنتەرەکانی وەرزشی، بۆیە ئایا پێویستە شاب تەعریف بکرێت لەیاساکەدا؟، بەس بەڕەئی من ئەبێ 15ی تەواو کردبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار هاوڕاز خۆشناو، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەبارەت بە ماددەی یەکەم لەبڕگەی پێنجەم، من پێم باشە بەڕاستی تەمەن دیاری نەکرێت، ئەو کاتەی کە ئەم وەزارەتە پڕۆژەیەکی هەیە بۆ لاوان بەپێی ئەو پڕۆژەیە بەپێی تەمەنێکی ستاندارد، بەپێی توێژینەوە تەمەنەکە دیاری بکرێت، کە خزمەت بەلاو بکرێت، نەك لێرە تەمەن دیاری بکرێت، وابزانم ئیشکالیەتێك دروست ئەکات، ئەگەر تەمەنیش هەر هەبێت، ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام کە 14 بۆ 30 ساڵەکە زۆر کەمە، بکرێت بە 35 ساڵ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عبدالرحمن حسین، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەروەها پشتگیری ناوی پڕۆژەکە دەکەم کە لەعەرەبیەکەدا وشەی حکومەت هاتووە ئەوە زیادەیە، ببێت بە پڕۆژە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان – عێراق، بەنیسبەت بریکارەکان، بەڕاستی دوو بریکار پێویستە بۆ ئەم پڕۆژەیە، چونکە یەکێك وەکو لیژنەی وەرزش ولاوان ئیشارەتی پێدا بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری ڕۆشنبیری و هونەری، بەلأم ئەو بۆ کاروبارە زیادە، لەهەردوو فەقەرەکە هاتووە، خۆی هەر لەخۆیدا تەحصیل حاصلە، مەسەلەن بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری وهونەری ئەو بۆ کاروبارە زیادەیە، بەنیسبەت بڕگەی پێنجەم، ئەو توێژەی کە تەمەنیان لەنێوان 14 بۆ 30 ساڵە ئەوە بکرێت بە 35 ساڵ، چونکە 35 ساڵ گەنجەو ئەویش هەر لاوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار قادر حسن، فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش سەبارەت بە ماددەی یەکەم بڕگەی پێنجەم، هەرچەندە لەوانەیە دووبارەش بێت، بەلأم تەئکید لەوە دەکەمەوە کە ئەگەر بکرێت سەقف دانەندرێت، ئەو کاتە کە وەزارەت پڕۆژەی وەرزشی هەبوو دیاری دەکات، یان هونەر ومۆسیقا هەبوو لەوانەیە تەمەن فەرق بکات، ئەگەر هەر دەشبێت ئەوە لە 15- 40 بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەیمان عبدالکریم، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بۆچوونەکەم لەسەر ناوی وەزارەتەکەیە، ئەو پرسیارەشم ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری ولاوان دەکەم، ئایا دووبارە کردنەوەی ناوی ڕۆشنبیری ولاوان شتێکی ڕۆتینی نیە وەکو ئەو ناوە کۆنەی پێشتر

لێی نرابوو؟، ڕۆشنبیری ئەوە زانیمان چی دەگرێتەوە، هونەر و وردکردنەوەکەی بەڕاستی نازانم لەچ چوارچێوەیەکدایە؟، بەڵام ئایا پێویستیمان بەوە نیە کە ئەوە زیاد بکەین توانستەکانی لاوان لێرەدا زیاد بکەین، چونکە لایەنە زانستیەکەو پێویستیەکانی ئەمڕۆی لاوان زۆر زۆر زیاترە لە چڕ کردنەوەی ئەو ناوە لەوەرزش و هونەردا، چونکە سێ بەشی لاوانمان بەرەو ئەو زانستیە کراوەی کە بریتیە لەداهێنان دەڕۆن، کەئەوە لەهیچ وەزارەتێك ئاماژەی پێنەدراوە، ئەوەتا گەنجێکمان تەیارە دورست ئەکات، ئەوەتا گەنجێکی تر پڕۆگرامی نوێی کۆمپیوتەر وئەنتەرنێت دروست ئەکات، ئیتر ئەوە پێویستە شوێنی بکرێتەوە لێرەدا، ئەمەش وەکو پرسیار ئاراستەی جەنابی وەزیر دەکەم، ڕایەکی ترم هەیە لە پێناسەی لاوان پشتگیری لە بۆچوونی دکتۆر دانا وهاوڕاز خان دەکەم، لە دیاری کردنی هەم 14 ساڵەکە وسەقفی تەمەنیش 35 ساڵەکە با ئەوە کراوە بێت بۆ زیاتر بەشداری کردنی خەڵکی لەو بوارەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار هاژە سلیمان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش هەر تێبینیم لەسەر بڕگەی چوارەم وپێنجەم هەبوو، پشتگیریش لە لیژنەی وەرزش ولاوان دەکەم، لەوەی کە بریکاری وەزارەت دوو بریکار بێت، چونکە هەر لە پێکهاتەی وەزارەتیشدا هاتووە دوو بریکار بێت، کەواتە لێرەش پێویستە دیاری بکرێت، دەربارەی بڕگەی پێنجەم، لاوان ئەو توێژەن کە تەمەنیان لەنێوان 14 – 30 ساڵە، منیش پشتگیری لەوە دەکەم کە تا 35 ساڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێزان، ئێستا مودەخەلەکان تەواو بوو، ڕێزدار جەنابی وەزیر ڕەئیتان بەرامبەر ئەو پرسیارانەی کە کران، فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمود شاکر( وەزیری ڕۆشنبیری ولاوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت تەمەنەوە ئەو تەمەنە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەست نیشان دەکرێت، بۆ ئەوەی سیاسەتێکی جیهانی ئەبێت بۆ ئاراستە کردن و بایەخی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتوێژی لاوان، بەپێی ئەو مەسحانەی کە ڕێکخراوی (یو، ئین، ئیف، دی، پی) ئەیکات، هاوکاری ئێمەش دەکەن، ئەو تەمەن لە 14 -34 ساڵ ئەو مەسحانە دەکەن، ئەو دیراساتانەی کە کراون بەناوی دیراساتی قوڵ وموعەمەق بۆ ئەمە ئەو ناوەندە دەگرێتەوە لە 14 -34 ئەمەش گرنگیەکی تایبەتی هەیە بەنیسبەت ئێمەوە، چونکە ئێمە ناوەندەکانی وەرزش ولاوانمان هەیە ناوەندەکانی وەرزش ولاوان ئەو تەمەنە دەگرێتەوە، جگە لەوە پڕۆژەی پەرلەمانی لاوان هەیە دیسان ئەگەر هەبێت، پەیوەندیمان بەو تەمەنەوە هەیە، پێویستیمان بەو تەمەنە هەیە، وە پەرلەمانی لاوان مەسەلەیەکە لەسەرئاستی جیهانیە، نەتەوە یەکگرتووەکان کاری بۆ دەکات،

بەنیسبەت مەسائیلی تەئهیلی عیلمی ئێمە لە ناوەندەکانی وەرزش ولاوان تەئهیلی عیلمیمان هەیە، ریعایەی عیلمیمان هەیە، بەڵام ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ چالاکیەکانی لاوان، بۆ داهێنان بەشێوەیەکی گشتی، ناتوانین بچینە ناو تێکڕای ئەو چالاکی وداهێنانەوە، هەروەها لەگەڵ ئەوەشداین کە دوو وەکیل وەزارەت هەبێت، وەکیلەکانیش ئاماژەمان بۆ کردووە، لە مەتنی قانونەکەدا، ئەوەی هەیە ئێمە پشتمان بەستووە بە مەتنە کوردیەکە، چونکە ئێمە وەزارەتی وەرزش ولاوانین ناکرێ ئێمە پڕۆژەی خۆمان بۆ حکومەت بنێرین بەزمانی عەرەبی، بۆیە لەپێشدا بەکوردی ناردمان، ئەمە یەك: دووەم: ئەم پڕۆژەیە پێش ئەوەی بچێت بۆ حکومەت لەگەڵ لیژنەی وەرزش ولاوان، لەگەڵ لیژنەی ڕۆشنبیر کۆبووینەتەوە ڕەئیم وەرگرتوون، ڕەئیەکانیانم خستووەتە ناو پڕۆژەکەوە بڵاویشمان کردۆتەوە لەناو ڕۆژنامە ورەئی خەڵکیشمان وەرگرتووە، ئەو کەسانەی کە پەیوەندیان بەم بوارانەوە هەیە، لەسەر ئەساسی ئەوە دوو وەکیلمان داناوە لەسەر ئەساسی ئەوەش هەندێ گۆڕانکاریمان کردووە، بەداخەوە تەمەنەکە 30یەکە ماوەتەوە، ئێمە گۆڕیمان بۆ 34 ساڵ بەس لەوە ئەچێت کە لەحکومەتەوە هاتووە نوسخە کۆنەکە هاتبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ جەنابت، بەڕێزان بۆچوون هات لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، زیاتر لەچەند کەسێك کە داوایان کرد تەمەنی گەنج لە 35 ساڵ بێت هەندێکیش وتیان 40 بێت، ڕەئیتان لەو بارەیەوە، وەکو وەزیری وەرزش ولاوان چیە؟، تکایە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمود شاکر( وەزیری ڕۆشنبیری ولاوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئاماژەم بەوە کرد، لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان کە تەعامول دەکەین وەکو (یو، ئین، ئیف، دی، پی)یە کە تەعامولی لەگەڵ دەکەین پەیوەندی بە مەسەلەی لاوانەوە هەیە، لەئیشەکانمان ئێمە 14 تا 34 مامەڵە دەکەین، وەکو وتیشم دانانی تەمەن پێویستە، چونکە سیاسەتێکی جیهانی هەیە ئاراستە دەکرێت لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەیەخدان بەم توێژە، ئێمە لەگەڵ 34ـەکەین، دوا ڕەئیش بۆ پەرلەمانی بەڕێزە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی ڕۆشنبیری، فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دوو بریکارەکە، ئێمە ئەوە بەپێویست نازانین، کە ئاماژە بە بوونی دوو وەکیل وەزارەت بکرێت کە لە پێناسەکەدا هاتووە، چونکە لەناو مەتنی یاساکەدا هاتووە، سەبارەت بە تەمەنی لاوانیش ئێمە لەو ڕووەوە هیچ ئیشکالیەتێکمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی وەرزش ولاوان، تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز د. ثائر عبدالاحد اوغسطين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: ئێمە بەنیسبەت ئەو دوو وەکیل وەزیرەی کەنووسیومانە لە مەتنی پرۆژەکەدا هاتبوو، زانیومانە بەباشی ئەگەر ئەمە پێناسە بکەینەوە بە دوو بریکار کە ئێستا پێناسەمان کردووە، ئەگەر ئەوانەش نەمێنێتەوە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ جەنابتان و ئەندامانی پەرلەمان، کێشەمان نابێت بەنیسبەت ئەو شتەوە، دووەم: بەنیسبەت تەمەنەوە بەڕاستی ئێمە وابڕیامان داوە کە لە14 -35 ساڵ تەمەنی لاو بێت، لەبەر ئەوەی وەزارەتی وەرزش ولاوان بەس ئەو تەمەنە وەرناگرێت، بەڵام پێش ئەو تەمەنەش هەیە، لە 13 بۆ خوارێ ئەوان ئیحتیوایان دەکەنەوە کە لە تەمەنی 7- 8 بۆ چالاکی وەرزشی و هونەری وەری دەگرن، بۆیە ئێمە زانیومانە لاو لە 14 – 35 ساڵ بێت، ئەگەر بوو بە 34 ساڵ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕای جەنابتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی ئێستا ئاخر صیاغەتان بخوێننەوە، دوایش دوو ئیقتراحمان هەیە دەیخەینە دەنگەوە، کە یەکێکیان مەسەلەی تەمەنە، ئەویش چەند موقتەرەحێك هات یەکێکیان جەنابی وەزیر و لیژنەکان دەڵێت 14 -34 موقتەرەحی تریش هات 15 – 35 هی تریش هات 15 -40 جا ئەم سێ موقتەرەحە هەیە پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە بۆ هەریەکێکیان دوو کەسمان دەوێت ڕەئی بدات، ڕێزدار ڕێباز نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکەم نوقتەی نیزامی قانونی نیە، بەس نوقتەی نیزامی عیلمیە، کاتێ کە پێوەرێکی نێودەوڵەتی دانراوە لەسەر ئەوەی کە لاو 14 -34 ساڵ بێت، لەسەر ئەساسی بیرکردنەوە دانەندراوە، تا من بیر بکەمەوە لە 14 – 35 بێت، بەگوێرەی پێوەری تەمەنی ئینسان دانراوە، ئینسان چەند تەمەنی هەیە، ئێمە لێرە بەحسێکمان نیە کە بڕیار بدات لەوەی کە تێکڕای تەمەن چەندە، تاوەکو ئێمە بڕیار بدەین ئەم ڕێژەیە بەگوێرەی نێودەوڵەتی نەکەین بیگۆڕین، لەبەر ئەوە پێوەرێکی نێودەوڵەتیەو ئەبێ جێبەجێی بکەین، ئەوەش مەوزوعێکی بیرکردنەوەی شەخصی نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی جەنابت ئەتەوێ 14 -34 بێت، وەکو ڕەئی جەنابی وەزیر، بەڕێزێکی تر کە بەهەمان شێوە پشتگیری لێ دەکات، کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن یـەك لەوانـە بـووم کـە داوای 15 سـاڵیم کردبـوو، بـەس دوای ڕوونکردنەوەکـەی جـەنابی وەزیـر، مـن قەناعەتم هێنا، کە مەبەستیان لێرەدا لە لاو ئەو وشەی لاوەیە کە لە یاساکەدا هاتووە، واتـە ئـەوان تـەعامول دەکەن لەگەڵ لاوێك کە لەنێوان 14 -34 ساڵە، ئەمە تەعریفی عیلمی لاو نیە، بۆیـە مـن پشتگیری 14 -34 دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ دەیەویت لە 14 -35 بێت کەس هەیە دیفاعی لێ بکات، فەرموو دکتۆر زانا.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمەکريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە کۆتاییدا ڕەئیم دەدەم کە ئەمە لەگەڵدایە یان دژە، بەس ئەمـەوێت یـەك بیرۆکـە بخەمـە ڕوو، ئـەویش ئەوەیە لە ڕووی یاساییەوە بۆ تەصنیفی 14 و 15 لـە قانونـدا تەصـنیفەکە بـەم شـێوەیە دابـەش دەکرێـت، (صبي غير مميز) کە لەخوار 7ساڵیەوەیە، (صبي مميز) کـە لـە 7 – 13 و14 پاشـان (حـدث)مـان هەیـە، کـە پێی دەڵێن نەوجەوان یاخود مێردمنداڵ، ئینجا 18 سـاڵ هەیـە کـە کـامیلی تەصـەڕوفاتە، کـاتێ کـە تـۆ ئـەم تەمەنانە تەرتیب دەکەیت لە یاسادا بۆ مامەڵەکردن، لەگـەڵ ئـەم تەمەنانـەدا هەنـدێ کـەس تەمـەنی دەگاتـە 15 سـاڵ ئـەتوانێ مامەڵـەی تیجـاری بکـات، ئـەتوانێ بـە کۆمـەڵێك مـەرج کـە یـان بەموافەقـەی وەلـی یـان بەڕەزامەندی مەحکەمە یاخود هەندێجار بەهەندێ مەرجی تر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە کاك زانا ئەوە ئەبوایە ناوت بنووسیایەو قسەت بکردایە، بەس ئێسـتا تـۆ لەگـەڵ ئـەوەی کـە 14 – 34 بێـت یـان 15 – 35، ئێسـتا ئـەو کەسـانەی کـە ئەیانـەوێت 15 – 35 بێـت، ئەوانـە قسـە دەکـەن، ئەگـەر نـا فەرموو دانیشە.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمەکريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەڵێم بۆ 14 و15 کە پۆلین کردنەکە لەسەر ئەساسی لاو لەیەکێ لەو پـۆلین کردنانـەدا ئـەبێ ناوەکـەی بگۆڕی، یەعنی یان ناوی ئەنێین( لاو یان مێردمنداڵ یان صبی غیر ممیز یان صبی ممیز) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ دەیەوێت 15 – 35 بێت، سیوەیل خان، فەرموو

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت 15 – 35 ئێمە وتمان پێشتر ئەوە گەنج دەگرێتـەوە، بـەڵام لاو جـاری وا هەیـە بەتەمـەن دەچـنە سەنتەری لاوان، سەنتەری لاوان دەیوت لاوەکانین یان پیرە لاوەکـانین زیـاتریش دەگرێتـەوە کـە لـە 35 زیـاتر بێت، کاك ئەرسەلان وابزانم جارێك لە جارەکان باسی کردووە، لاوە پیرەکان یـان پـیرە لاوەکـان زۆرجـار باسـی شـتی وا دەکـەن لەسـەنتەری لاوان، لەبـەر ئـەوە زۆر ئاسـاییە کەچـەند زیـاتر بێـت، مـوهیم ئەوەیـە گـەنج دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەوانەی کە دوور تـرن لـە ڕایـەکان 15 – 40 ە یەکـەم دەخەینـە دەنگدانـەوە، ئەگـەر دەنگـی هێنا پیرۆز بێت ئەگەر نا ئەوی تر، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە تەمەنی لاو 15 – 40 بێت بادەسـتی بڵنـد بکـات تکایـە؟، فـەرموون کێـی لەگەڵـدا نیـە؟، بەزۆرینـەی دەنـگ لەگەڵیـدا نیـە، بۆیـە ئـەوی تـری دەخەینـە دەنگەوە کە 14 – 34 بێت، تکایە دەست بڵند بکەن؟، زۆر سوپاس، کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینـەی دەنـگ 4 کەسی لەگەڵدا نیە، 14 – 34 ئەوە دیاری کرا، بەڕێزان بۆ وەکیل وەزارەتیش چەند بۆچوونێك هەبوو، ئـەو بەڕێزانەی کە دەڵێن دوو وەکیل وەزارەت هەبێت، ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، فـەرموون کێـی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ بوو بە دوو وەکیل وەزارەت، ئێسـتا وەکیـل وەزارەت بـا پێناسـەکەی دابنـێین، یان دای نەنێین، کێی لەگەڵدایە کە لە پێناسەکان دایبنێین، چونکە لەناو یاساکەش کە دێـت شـەرحی دەکـات، بەڵام ئێستا دوو کەس با قسەی لەسەر بکات کە نەبێت و دووش کـە هەبێـت، ئێسـتا ئەوانـەی کـە نـەبێت، ( دکتۆر ئەحمەد و دکتۆر دانا)، دکتۆر ئەحمەد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەوە دەکەم کە پێناسەکە وەکو خۆی بێـت، چـونکە ئەگـەر دوو وەکیـل وەزارەتـیش بێـت، لـەوێ وەکیل وەزارە هەر بە موفرەد هاتووە، بۆیە پێویست ناکات بیکەیت بە وەکیلا وزارە، هەر وەکیل وەزیـر وەکـو خۆی هاتووە لە پڕۆژەکەدا تەواوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر دانا، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك دکتۆر ئەحمەدیش ئیشارەتی پێدا، لـە ئەصـڵی پڕۆژەکـە نووسـراوە، بریکـاری وەزارەت، بـەڵام پێشـنیاری لیژنـەی وەرزش ولاوان ئـەوە بـوو کـە هـەردوو بریکـاری وەزارەت بنووسـرێت، بـەڕەئی مـن پێویسـت ناکـات بنووسرێت، لەبەر ئەوەی کافیە، چونکە بریکاری وەزارەت پێناسە کراوە، یـەکجاریش لـەناو ئەصـڵی پڕۆژەکـە هاتووە، بۆیە پێم وایە لەناو پێناسەکە پێویست ناکات هەبێت لەبەر ئەو هۆیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان (وكیلا الوزارة) لەناو یاساكە نەهاتووە، كە نەهاتووە پێویست بە تەعریف ناكات، كاك شێردڵ دیفاعی لێدەكات، فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەو تەعریفە كەدانراوە ئێمە دامان ناوە، لەبەر ئەوەیە كە وەكیل وزارە بۆ كاروباری وەرزش ولاوان، ئێمە دەمانەوێت یەكێك لەوەكیل وەزیرەكان لاو بێت، گەنج بێت، كەلێرە دامان ناوە وەرزش ولاوان، نەچن یەكێك بێنن 70 سالان بێت و لە وەرزش ولاوانیش نەزانێ و تووشی گێچەڵمان بكات، چۆن لە وەزارەتەكانی تریش وەك وەزارەتی بازرگانی وەكیلی وەزیری بازرگانیمان داناوە ئاوا، ئێمەش دەمانەوێت ئەوە دابنێین ئەمەش بۆ لاوەكانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سكرتێری پەرلەمان موداخەلەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

موستەڵەحێك لەناو یاسا نەهاتبێت، بۆ ئێمە پێناسەی بكەین، كەلیمەی (وكیلا وزارة) نەهاتووە لەناو یاساكە، پێش وەخت گرنگ بوو، چونكە كەلیمەی (وكیل وەزیر) بوو، لازمە پێناسەی بكەین، وەكیل وەزارەتی چی؟، ئێستا بوون بە دوو وەكیل وزارە، ئەگەر ناوی یەكێك هات لەناو یاساكە، لازمە وەسفەكەش لەوێ بێت، نابێت كەلیمەی وەكیل وزارە بەتەنها بێت، لازمە وەصفەكەشی لەگەڵ بێت، لەبەر ئەوە بەڕەئی من نەپێویستی بە موناقەشە هەیە، نەپێویستی بە دەنگدان هەیە، مەفروزە لابچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار كاك شێروان حەیدەری، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەگەر سەیری ئەصڵی پڕۆژەكە بكەین دوو وەكیل وزارە هاتووە، یەك وەكیل وزارە نەهاتووە، كەواتە مادام دوو وەكیل وزارە لەناو یاساكە هاتووە، ئەصڵەن لێرە ناوی یەك هاتووە، ئەویش وەكیل وزارەی ڕۆشنبیری ولاوانە، ئەصڵەن ئەوەی دووەم هەر ئیشارەتی پێنەدراوە، بۆیە من دەڵێم مادام ناوی وەكیل وزارە

هەر دووبارە نەبووەتەوە لەناو یاساکە، وەکیل وزارە لێرە هەڵبگیرێت، ئیلغا بکرێت، پێناسەکانی تر پەسەند بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا وازحە، چەند بەڕێزێك پێی وایە کە تەعریف بکرێت، بەرامبەر بەوەش چەند بەڕێزێك ڕەئی خۆیاندا، جەنابی سکرتێری پەرلەمانیش ڕەئی خۆیدا، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە لەپێناسەکاندا نەبێت، بادەستی خۆی بڵند بکات؟، فەرموون، کێی لەگەڵدایە کە هەبێت، 5 کەسێ لەگەڵدایە، بۆیە ئیغا کراو نەما لەوێدا، ئێستا صیاغەی کۆتایی بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

قانون وزارة الثقافة والشباب لاقليم كوردستان - العراق

المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات والعبارات التالية، المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

اولاً: الاقليم: اقليم كوردستان - العراق.

ثانياً: الوزارة: وزارة الثقافة والشباب في الاقليم.

ثالثاً: الوزير: وزير الثقافة والشباب في الاقليم.

رابعاً: الشباب: الشريحة التي تتراوح اعمارهم بين (14) عاماً ولغاية الـ(34) عاماً.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان – عێراق

ماددەی یەکەم: سەبارەت بەم یاسایە مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەهەرێمدا.

سێیەم: وەزیر: وەزیری رۆشنبیری و لاوان لەهەرێمدا.

چوارەم: لاوان ئەو توێژەن کە تەمەنیان لەنێوان (14) تاکو (34)ساڵە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لێبوو، ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی دووەم مهام وزارە، فەرموون.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(مهام الوزارة)

المادة الثانية: تتولى الوزارة تحقيق المهام التالية:

**اولاً: الاهتمام بالبنية التحتية المطلوبة لتطوير مجالات الثقافة والفنون والرياضة وصقل طاقات الشباب في الاقليم.**

**ثانياً: نشر وتطوير الثقافة الكوردستانية بما يرسخ الاصالة والحفاظ على التراث، وينمي التقاليد المدنية والتقدمية، في مجال النشاطات الثقافية والفنية والرياضية والشبابية، واحترام التعدد الفكري الثقافي والقومي وبما يعزز روح المواطنة الكوردستانية، والانفتاح على مصادر الثقافة العالمية وتطوير العلاقات الثقافية والرياضية والنشاطات الشبابية مع كوردستانيي دول الجوار والعالم، والمناطق الاخرى للعراق الفدرالي، وشعوب المنطقة والعالم.**

**ثالثاً: دعم وتشجيع حركة التاليف والترجمة والنشر في الاقليم، وتشجيع وتكريم الكتاب والادباء والفنانين والصحفيين والرياضيين والمبدعين عن طريق تعضيد نشاطاتهم وطبع نتاجاتهم المختلفة وفق ضوابط خاصة مع الحفاظ على حقوقهم المكتسبة، وينظم ذلك بنظام.**

**رابعاً: التنسيق مع الوزارات والجهات ذات العلاقة، ومنظمات المجتمع المدني في الاقليم، بما يحقق مستلزمات التنمية البشرية، ونشر ثقافة العمل التعاوني والتطوعي داخل المجتمع.**

**خامساً: رسم الخطط المطلوبة لدعم الحركة الرياضية والنشاطات الشبابية، وتشجيع ورعاية وتكريم الرياضيين، من خلال التنسيق مع اللجنة الاولمبية الكوردستانية بهدف تطوير واقع الحركة الرياضية في الاقليم.**

**سادساً: تأسيس المكتبة الوطنية ومركز التوثيق والارشفة الكوردستانية، والاهتمام بالمكتبات العامة، والنشاطات المتعلقة بمجالات ثقافة الطفل والفنون التشكيلية والسينما والمسرح والموسيقى والفلكلور والتراث الشعبي وصناعة السجاد، والصناعات اليدوية الشعبية، وتامين قاعات للفن التشكيلي وللعروض المسرحية والسينمائية المعاصرة، واقامة معارض الكتب.**

**سابعاً: اقامة المهرجانات والندوات وورش العمل الثقافية والفنية والرياضية، والنشاطات الرياضية الخاصة بالشباب، وتشجيع ودعم نشاطات وفعاليات منظمات المجتمع المدني الخاصة بهذه المجالات، والعمل على تبادل الوفود الثقافية والرياضية والفنية والشبابية مع دول العالم المختلفة.**

**ثامناً: التنسيق فيما يخص عمل وكالات الانباء واصدار الصحف والمجلات والبث الاذاعي والتلفزيوني، بهدف ايصال سياسة حكومة اقليم كوردستان فيما يتعلق بالمجالات والفعاليات الثقافية والفنية والرياضية والنشاطات الشبابية، ومنح اجازات العمل الخاصة عبر التنسيق مع الجهات ذات العلاقة، للمؤسسات والمراكز الثقافية والفرق الفنية والاتحادات والاندية الرياضية الاهلية، والقاعات والمدارس والمعاهد الرياضية والفنية والملاعب، والمراكز الثقافية والاعلامية والرياضية والشبابية الاخرى ودعم نشاطاتهم.**

**تاسعاً: الاهتمام الخاص بمجالات الثقافة والفنون والرياضة النسوية، والعمل من اجل نشر ثقافة المساواة بين الجنسين في المجتمع.**

عاشراً: وضع الخطط والبرامج الخاصة لرفع وصقل مستوى الخبرة والكفاءة لدى المثقفين والفانين والرياضيين والشباب، والعمل لاعداد وتأهيل الكادر الكفوء لهذه المجالات.

الحادية عشرة: المشاركة مع الوزارات ذات العلاقة لرسم سياسة وطنية لتفعيل مشاركة الشباب في الشؤون العامة ومراكز القرار، والعمل من اجل معالجة مشاكل الشباب وتأهيلهم من خلال المشاركة في عملية التطوير السياسي والاقتصادي والاجتماعي.

الثانية عشرة: الاهتمام بالشباب ذوي الاحتياجات الخاصة والعمل على رفع طاقاتهم وكفاءاتهم في المجالات المختلفة.

الثالثة عشرة: التثقيف بمضار استخدام المواد المخدرة في المجتمع، ومنع استخدام المواد المنشطة والمحظورة دولياً في مجال الرياضة.

الرابعة عشرة: تشجيع القطاع الخاص في مجال النشاطات الثقافية والفنية والرياضية والشبابية وفق القانون، وتشجيعها على ضوء اسس وقواعد سياسة حكومة الاقليم.

**بەڕێز كاردۆ محمد پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئامانج و ئەركەكانی وەزارەت

ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم ئەركانەی خوارەوەی دەگرێتە ئەستۆ:

یەكەم: بنیاتنانی ژێرخانی پێویست بۆ گەشە پێدانی بواری ڕۆشنبیری، هونەر، وەرزش و تواناكانی لاوان، لە هەرێمدا.

دووەم: بلاّوكردنەوەو گەشەپێدانی ڕۆشنبیریی كوردستانی بەجۆرێك ڕەسەنی پتەو بكات و كەلەپور بپارێزێ و گەشە بە نەریتە مەدەنی و پێشكەوتووەكان لەبواری چالاكی رۆشنبیری و وەرزشی و لاواندا، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە فرەفیكری و ڕۆشنبیری و فرە نەتەوەیی و گیانی هاوولاّتی كوردستانی بدات و، كرانەوە بە ڕووی سەرچاوەكانی ڕۆشنبیری جیهانی و گەشەپێدانی پەیوەندیی ڕۆشنبیریی و وەرزشی و چالاكی لاوان لەگەڵ كوردستانییەكانی ولاّتانی دراوسێ و هەندەران و ناوچەكانی دیكە عێراق و گەلانی ناوچەكەو جیهاندا.

سێیەم: پشتگیری كردنی بزووتنەوەی دانان و وەرگێڕان و بلاّوكردنەوە لە هەرێمداو، هاندان و ڕێزلێنان و پشتگیری كردنی نووسەرو ئەدیب و هونەرمەندو رۆژنامەنووس و داهێنەران لە ڕێگەی یاریدەدانی چالاكییەكانیان و چاپكردنی بەرهەمەكانیان و پاراستنی مافەكانیان ئەمەش بەپێی سیستەمێك ڕێك دەخرێت.

چوارەم: هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەكان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمدا بە مەبەستی ئەنجامدانی گەشەپێدانی مرۆیی و بلاّو كردنەوەی رۆشنبیری كاری هەرەوەزی و خۆبەخشی لە كۆمەڵدا.

**پێنجەم: دانانی نەخشەی پێویست بۆ پشتگیری کردنی بزاڤی وەرزشی و چالاکی لاوان و هاندان و چاودێری و رێزلێنانی وەرزشوانان و، هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بە مەبەستی پەرەپێدانی بزاڤی وەرزشی لە هەرێمدا.**

**شەشەم: دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانی و ناوەندو ئەرشیفی کوردستان و بایەخدان بە کتێبخانە گشتییەکان و چالاکییەکانی بواری رۆشنبیری منداڵان و هونەری شێوەکاری و سینەماو شانۆو میوزیك و کەلەپورو مافور چنین وپیشەسازی دەستی میللی و، دابین کردنی گەلەری بۆ هونەری شێوەکاری و هۆڵی شانۆو نمایشی سینەمایی هاوچەرخ و کردنەوەی پێشانگای کتێب.**

**حەوتەم: سازدانی فیستیڤاڵ و کۆڕو کۆبوونەوەو وۆرك شۆپی رۆشنبیری و هونەری و وەرزشی تایبەت بە چالاکییەکانی لاوان و هاندانی چالاکی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەت بەو بوارانە، ئاڵوگۆڕ کردنی شاندی رۆشنبیری، وەرزشی و هونەری لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا.**

**هەشتەم: هەماهەنگی کردنی ئاژانسی هەواڵ و بلاّو کردنەوەی رۆژنامەو گۆڤارو پەخشی رادیۆو تەلەفزیۆن بەمەبەستی گەیاندنی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبواری رۆشنبیری و وەرزش و چالاکی لاوانداو، مۆڵەتدان بە دەزگاو سەنتەری رۆشنبیری و تیپی هونەری و یەکێتی و یانە وەرزشی و میللیەکان و هۆڵ و فوتابخانەو پەیمانگا وەرزشی و هونەرییەکان و یاریگەو ناوەندەکانی دیکەی رۆشنبیری و راگەیاندن و وەرزش و لاوان بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکانداو، پشتگیری کردنی چالاکییەکانیان.**

**نۆیەم: بایەخدانی تایبەت بە بواری رۆشنبیری و هونەری و وەرزشی خانمان و، بلاّو کردنەوەی رۆشنبیری و یەکسانی جەندەری لە کۆمەڵگەدا.**

**دەیەم: دانانی بەرنامەی تایبەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و شارەزایی و زانیاری و لێهاتوویی رۆشنبیران و هونەرمەندان و وەرزشوانان و لاوان و ئامادە کردنی کادیری لێهاتوو بۆ تێکڕای ئەم بوارانە.**

**یازدەم: بەشداری کردن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە داڕشتنی پلانێکی نیشتمانی بۆ بەگەڕخستنی بەشداری لاوان لە رەوشی گشتی و ناوەندی بڕیارداو، کارکردن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی لاوان و کارا کردنی بەشدارییان لە پرۆسەی گەشەپێدانی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا.**

**دوانزدەم: بەیاخدان بە لاوانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کارکردن بۆ بەرز کردنەوەی تواناو لێهاتووییان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.**

**سیازدەم: رۆشنبیر کردن بە زیانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە کۆمەڵگەداو ماوە نەدان بە بەکارهێنانی ماددە گورجکەرەکان لەبواری وەرزشدا.**

**چواردەم: هاندانی کەرتی تایبەت لەبواری چالاکی رۆشنبیری و هونەری و وەرزشی بەپێی یاساو لە ژێر رۆشنایی بنەماکانی سیاسەتی حکومەتی هەرێم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی رۆشنبیری فەرموو.**

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەناو نیشانی ماددەی دووەمەوە دەست پێدەکەین لە عەرەبیەکەدا تەنها ئاماژە کراوە بـە مهام الـوزارە، بـەڵام لە کوردییەکەدا نووسراوە ئامانج و ئەرکەکانی وەزارەت، بۆیە پێشنیاز دەکەین ناونیشانی ماددەی دووەم هەر بـە شـێوە کوردییەکـە بێـت، ئامـانج و ئەرکـەکانی وەزارەت، مـاددەی دووەم: وەزارەت ئـەو ئامـانج و ئەرکانـە رادەپەڕێنێت:**

**1- پێشنیاز دەکەین لە جیاتی وشەی "بنیاتنان"، وشەی "دابینکردن" بەکاربێت.**

**2- پێشـنیازدەکەین ئـەو بڕگەیـە بەمشـێوەیە دابڕێژرێتـەوە و بـەم پێیـەش بڕگـەکانی ماددەکـە ریزبەنـدیی بکرێنـەوە "بڵاوکردنـەوەو گەشـەپێدانی رۆشـنبیریی کوردسـتانی بـەجۆرێك کـە ڕەسـەنایەتی پتـەوبکات و کەلەپوور بپارێزێ و داونەریتی مەدەنی و پێشکەوتنخوازو کولتووری لێبوردەیی و رێزگرتنـی فرەیـی فیکـری –کولتووری و نەتەوەیی گەشەپێبدات و گیانی کوردستانیبوون و کرانـەوە بـەرووی سەرچـاوەکانی کولتـووری جیهانیدا پتەوبکات"**

**3- دامەزرانـدن و گەشـەپێدانی پێوەنـدیی رۆشـنبیری و وەرزشـی و چـالاکیی لاوان لەگـەڵ ناوچـەکانی تـری عێراقی فیدراڵ و لەگەڵ کوردستانیانی وڵاتانی دراوسێ و هەندەران و لەگەڵ گەلانی ناوچەکەو جیهاندا.**

**4- پێشنیازدەکەین بەمشێوەیە دابڕێژرێتەوە: "پشـتەوانیکردن و هانـدانی بزووتنـەوەی دانـان و وەرگێـران و بڵاوکردنــەوە لــە هەرێمــدا، هانــدانی نووســەران و ئــەدیبان و هونەرمەنــدان و رۆژنامەنووســان و رێــز لــە داهێنەرانیان بگیرێ لەرێگەی یاریـدەدانی چالاکیی و چاپکردنی بەرهەمەکانیانـەوە بـەگوێرەی رێوشـوێنێکی تایبەت بەپاراستنی مافە وەدەستهاتووەکانیشیانەوە و، ئەمەش بە پێڕەوێك رێکدەخرێت"**

**5- پێشنیازدەکەین بەمشێوەیە دابڕێژرێتەوە: "هاوئاهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەت و لایەنی پێوەندیداری دی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمدا، بەمەبەستی گەشەپێدانی مرۆیـی و بڵاوکردنـەوەی کولتـووری کاری هەرەوەزو خۆبەخش لەناو کۆمەڵدا."**

**6- لە دوای دەستەواژەی هاندانی وەرزشکارانەوە "رێزنان لە داهێنەرەکانیان"ی بۆ زێدە بکرێ.**

**7- هیچ تێبینییەکمان لەسەر ئەم بڕگەیە نییە.**

**8- هیچ تێبینییەکمان لەسەر ئەم بڕگەیە نییە.**

**9- وای بەباش دەزانین بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: "هاوئاهەنگیکردن لەگـەڵ لایـەنی پێوەندیـداردا سـەبارەت بـە کـاری ئاژانسـەکانی هـەواڵ و دەرکردنـی رۆژنامـەو گۆڤـارو پەخشـی رادیـۆ و تەلـەفزیۆن، بەمەبەسـتی گەیاندنی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری رۆشنبیری و هونەری و وەرزشی و چالاکیی لاواندا و، مۆڵەتدان بە دەزگاو سەنتەری رۆشنبیری و تیپی هونـەریی و یـەکێتی و یانـەی وەرزشـیی میللـی و هـۆڵ و قوتابخانەو پەیمانگەی وەرزشی و هونەری و یاریگە و، ناوەندەکانی دیکەی کولتووری و راگەیاندن و وەرزش و لاوان و پشتگیریکردنی چالاکییەکانیان".**

10- پێشنیاز دەکەین بەم شێوەیەی لێ بێت: "بایەخدانی تایبەت بە بوارەکانی رۆشنبیری و هونەرو وەرزشی خانمان و کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری یەکسانی و رەخساندنی دەرفەتی وەکیەك لەنێوان هەردوو رەگەزی نێرو مێ لە کۆمەڵگەدا"

11- پێشنیازدەکەین ئەم بڕگە لابربدرێ، چونکە بەدەستەواژەو چەمکی تر لە بڕگەکانی تردا هاتووە.

12- هیچ تێبینییەکمان لەسەر ئەم بڕگەیە نییە.

13- هیچ تێبینییەکمان لەسەر ئەم بڕگەیە نییە.

14- پێشنیازدەکەین بەم شێوەیەی لێ بێ: "هوشیارکردنەوە لە زیانەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و رێگەنەدان بەبەکارهێنانی ماددەی گورجکەرەوەو قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لە بواری وەرزش و بەهاوئاهەنگیکردن لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکاندا".

15- پێشنیازدەکەین بەمشێوەیە دابڕێژرێتەوە "هاندان و پشتگیرکردنی کەرتی تایبەت لە بواری چالاکیی کولتووری و هونەری و وەرزشی و گەنجانەدا بەپێی قانوون"

پێشنیازدەکەین دوو بڕگەی تر بۆ ئەم ماددەیە زێدە بکرێن:

16- "بایەخدان بە کولتووری کوردی لە پاشکۆی رۆشنبیریی سەفارەتخانە و کونسڵخانەکانی عێراقی و، لە ئۆفیس و نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە"

17- "سووربوون لەسەر راست و رەوانیی زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دیکەی هەرێم".

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تکایە بەعەرەبیش بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان یوسف خۆشابە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية: تتولى الوزارة تحقيق المهام والاهداف الآتية:

**اولا:** نقترح تبديل كلمة الاهتمام بكلمة "تأمين" لتكون الفقرة كالآتي: تأمين البنية التحتية المطلوبة لتطوير مجالات الثقافة والفنون والرياضة وصقل طاقات الشباب في الاقليم.

**ثانيا:** نقترح اعادة صياغتها بالشكل الآتي وتغيير تسلسل الفقرات تبعا له: "نشر وتطوير الثقافة الكردستانية بما يرسخ الاصالة والحفاظ على التراث، وينمي التقاليد المدنية والتقدمية وثقافة التسامح واحترام التعدد الفكري الثقافي والقومي وبما يعزز روح المواطنة الكوردستانية والانفتاح على مصادر الثقافة العالمية.

**ثالثا:** اقامة وتطوير العلاقات الثقافية والرياضية والنشاطات الشبابية مع المناطق الاخرى للعراق الفيدرالي ومع كوردستانيي دول الجوار والشتات ومع شعوب المنطقة والعالم.

**رابعا:** نقترح اعادة صياغتها كالآتي: "دعم وتشجيع حركة التأليف والترجمة والنشر في الاقليم، وتشجيع الكتاب والادباء والفنانين والصحفيين وتكريم المبدعين منهم عن طريق تعضيد نشاطاتهم وطبع نتاجاتهم المختلفة وفق ضوابط خاصة مع الحفاظ على حقوقهم المكتسبة، وينظم ذلك بنظام.

**خامسا:** نقترح اعادة صياغتها كالآتي " التنسيق مع الوزارات والجهات ذات العلاقة، ومنظمات المجتمع المدني في الاقليم، بما يحقق مستلزمات التنمية البشرية، ونشر ثقافة العمل المشترك والتطوعي داخل المجتمع.

**سادسا:** رسم الخطط المطلوبة لدعم الحركة الر ياضية والنشاطات الشبابية، وتشجيع ورعاية الرياضيين وتكريم المبدعين منهم، من خلال التنسيق مع اللجنة الاولمبية الكردستانية بهدف تطوير واقع الحركة الرياضية في الاقليم.

**سابعا:** لا توجد ملاحظات لدينا.

**ثامنا:** لا توجد ملاحظات لدينا.

**تاسعا:** نرى اعادة صياغتها كالآتي "التنسيق مع الجهات ذات العلاقة فيما يخص عمل وكالات الانباء واصدار الصحف والمجلات والبث الاذاعي والتلفزيوني، بهدف ايصال سياسة حكومة اقليم كوردستان فيما تتعلق بالمجالات والفعاليات الثقافية والفنية والرياضية والنشاطات الشبابية ولمنح اجازات العمل الخاصة للمؤسسات والمراكز الثقافية والفرق الفنية والاتحادات والاندية الرياضية الاهلية، والقاعات والمدارس والمعاهد الرياضية والفنية والملاعب، والمراكز الثقافية والاعلامية والرياضية والشبابية الاخرى ودعم نشاطاتها".

**عاشرا:** نقترح اعادة صياغتها كالآتي "الاهتمام الخاص بمجالات الثقافة والفنون والرياضة النسوية، والعمل من اجل نشر ثقافة المساواة واتاحة الفرص المتساوية بين الجنسين في المجتمع"

**حادي عشر:** نقترح حذف هذه الفقرة لورودها بصيغ اخرى في هذه المادة.

**ثاني عشر:** لا توجد لدينا ملاحظات بشأنها.

**ثالث عشر:** تبقى كما هي واردة في المشروع.

**رابع عشر:** نقترح اعادة صياغتها "التوعية بمضار استخدام المواد المخدرة في المجتمع، ومنع استخدام المواد المنشطة والمحظورة دوليا في مجال الرياضة وبالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة"

**خامس عشر:** اعادة صياغتها لتصبح كالآتي "تشجيع ودعم القطاع الخاص في مجال النشاطات الثقافية والفنية والرياضية والشبابية وفق القانون"

**سادس عشر:** نقترح اضافة فقرة جديدة كالآتي: " ايلاء الاهتمام بالثقافة الكوردية في الملاحق الثقافية في السفارات والقنصليات العراقية وكذلك في مكاتب وممثليات حكومة الاقليم في الخارج"

**سابع عشر:** وكذلك نقترح اضافة فقرة اخرى كما تأتي: "الحرص على سلامة اللغة الكوردية ولغات القوميات المتعايشة في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی وەرزش ولاوان، فەرموو.

**بەڕێز ثائر عبدالاحد اوغستين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ثانيا": بالنسبة للمادة الثانية تؤيد اللجنة كالاتي:

{ أولا، ثانيا"، ثالثا"، رابعا"، خامسا"، سادسا"، سابعا" } لاتوجد عليها أية ملاحظات

اما بالنسبة للفقرة (ثامنا) تؤيدها اللجنة بعد حذف كلمة (المراكز الثقافية) و (الرياضية) في االسطر الاخير من الفقرة واعادة صياغتها بالشكل الاتي:

( التنسيق فيما يخص عمل وكالات الانباء و اصدار الصحف والمجلات والبث الاذاعي والتلفزيوني، بهدف ايصال سياسة حكومة اقليم كوردستان فيما يتعلق بالمجالات والفعاليات الثقافية و الفنية والرياضية و النشاطات الشبابية ومنح اجازات العمل الخاصة عبر التنسيق مع الجهات ذات العلاقة، للمؤسسات والمراكز الثقافية والفرق الفنية والاتحادات والاندية الرياضية الاهلية، والقاعات والمدارس والمعاهد الرياضية والفنية والملاعب، والاعلامية والشبابية الاخرى ودعم نشاطاتهم)

{ تاسعا"، عاشرا"} لاتوجد عليها اية ملاحظات

الحادي عشر: تقترح اللجنة اضافة كلمة (كوردستانية) واعادة صياغتها كالاتي:

{ المشاركة مع الوزارات ذات العلاقة لرسم سياسة وطنية كوردستانية لتفعيل مشاركة الشباب في الشؤون العامة ومراكز القرار، والعمل من اجل معالجة مشاكل الشباب وتاهيلهم من خلال المشاركة في عملية التطوير السياسي والاقتصادي والاجتماعي).

الثاني عشر: اضافة كلمة( الدعم) في بداية الفقرة واعادة صياغتها كالاتي:

( الدعم والاهتمام بالشباب ذوي الاحتياجات الخاصة والعمل على رفع طاقاتهم وكفاءاتهم في المجالات المختلفة).

{الثالث عشر، و الرابع عشر} لاتوجد عليها اية ملاحظات

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، بەکوردیش بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دووەم: سەبارەت بە ماددەی دووەم:** لیژنە پشتگیری برگەکانی ( یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم) هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە.

سەبارەت بە بڕگەی( 8) لیژنە پشتگیری دەکات دوای لابردنی وشەی(سەنتەری رۆشنبیری) و (وەرزش) لە کۆتایی برگەکەدا، بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە:

{ هەماهەنگیکردنی ئاژانسی هەواڵ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و گۆڤارو پەخشی رادیۆ و تەلەفزیۆن بە مەبەستی گەیاندنی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری رۆشنبیری و وەرزش و چالاکی لاواندا، مۆڵەتدان بە دەزگا و سەنتەری رۆشنبیری و تیپی هونەری و یەکێتی ویانە وەرزشی و میللیەکان و هۆڵ و قوتابخانە و پەیمانگا وەرزشی و هونەرییەکان و یاریگاکان و راگەیاندن و لاوان، پشتگیریکردنی چالاکییەکانیان }

(نۆیەم، دەیەم) هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە.

یانزەیەم: لیژنە پێشنیازدەکات بە زیاد کردنی وشەی ( کوردستانی) بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:
{ بەشداریکردن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیارەکان لە دارشتنی پلانێکی نیشتمانی (کوردستانی) بۆ بەگەڕخستنی بەشداری لاوان لەرەوشی گشتی وناوەندی بڕیارداو، کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لاوان وکاراکردنی بەشدارییان لە پرۆسەی گەشەپێدانی رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا}.
دووانزەیەم: زیادکردنی وشەی( پشتگیری) لەسەرەتای بڕگەدا بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:
{ پشتگیری وبایەخدان بەلاوانی خاوەن پێداویستی تایبەت وکارکردن بۆ بەرزکردنوەی تواناو لێهاتووییان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا}.
(سیازدەیەم، چواردەیەم) هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لیژنەی یاسایی ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی دووەم ئێمە لە لیژنەی یاسایی تەنها دوو تێبینیمان هەیە، یەکەم: هەر 14 بڕگەی ئەو ماددە تێکەڵاو کراوەو جیا نەکراوەتەوە، بۆیە پێشنیار دەکەین لەناونیشانی ماددەکە مهامی وەزارەت هاتووە، ئامانجەکانی بۆ زیاد بکرێت، (مهام واهداف الوزارة) هەروەکو لە دەقە کوردیەکەدا ئامانجەکان زیاد کراوە، ئەگەر ئەو پێشنیارە دەنگی هێنا ئەوە پێشەکی ماددەکە دابڕێژرێتەوە وشەی ئامانج لە عەرەبیەکەش زیاد بکرێت لە عەرەبیەکە هەیە بەس لە پێشەکی ماددەکە نیە، تێبینی دووەم: سەبارەت بە بڕگەی سێیەمی ماددەکە لە کۆتاییدا هاتووە (وینظم ذلك بنظام) ئامانج و ئەرك بەنیزام ڕێك ناخرێت، لە یاساکە ئامانج و ئەرکەکان هاتووە بۆیە ئەو عیبارەیە (وینظم ذلك بنظام) پێشنیارمان ئەوەیە ئەو عیبارەیە لاببرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، بەعەرەبیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ثالثا: المادة الثانية** : نقترح :

1- تغيير عنوان هذه المادة من ( مهام الوزارة ) الى ( المهام و الاهداف ) لان هذه المادة تتناول الاهداف التي تسعى الوزارة الى تحقيقها اضافة الى المهام .

2- اعادة صياغة مقدمة المادة بالشكل الآتي :

( تتولى الوزارة تحقيق المهام و الاهداف التالية ).

3- الفقرة ( ثالثا ) : حذف عبارة ( و ينظم ذلك بنظام ) الواردة في نهاية هذه الفقرة لان هذه الفقرة تتضمن مهام الوزارة و لا حاجة الى تنظيم و تحديد الاهداف بنظام .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر ڕاو بۆچوونت سەبارەت بەڕەئی ئەو سێ لیژنەیە، فەرمووە.

**بەڕێز کاوە محمود شاکر/ وەزیری ڕۆشنبیری ولاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگشتی لەگەڵ بۆچوونەکانیانم بەس هەندێك خاڵ هەیە لەوانەیە پێویستی بەڕوونکردنەوە هەبێت، من لەگەڵ ئەوەدام کە بایەخدانێك هەبێت بەزمانی کوردی، بەڵام ئەوەندە حرس نەبێت لەسەر زمانی کوردی، چونکە ئەوە تەنها ئەرکی وەزارەت نیە، ئەو ئەرکە زۆر زۆر فراوانترە لە ئەرکی وەزارەت، ئێمە دەتوانین هەر بۆ بڕگەی دووەم کە ئاماژە دەکەین بۆ بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری کوردستانی ڕەسەن، لەوێ زیادەیەکی بۆ بکەین، شتێکی بۆ زیاد بکەین، بایەخدان بە زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی تری کوردستان، نەك بچێتە بڕگەیەکی تایبەت، حس لەسەر سەلامەتی زمان ئەکادیمیای کوردی هەیە، زانکۆ هەیە، کۆمەڵێك شت هەیە، تەنانەت سەرۆکایەتی هەرێمیش ئەویش هەر بەرپرسیارە سەبارەت بەو مەسەلانە، نەك تەنها وەزارەتی ئێمە، لەبەر ئەوە ئەوەندە بڵێین بایەخدان بەزمانی کوردی وزمانی نەتەوەکانی دیکەی کوردستان، بەنیسبەت تێبینیەکەی لیژنەی یاسایی، ئەوەی لە بڕگەی سێدا هاتووە، تێکڕای ئەو مەسەلانە لە وەزارەت بەنیزامێکی داخلی، یان بەشتی لائیحی و تەعلیماتی داخلی ڕێکمان خستووە، ئەوەی کەپەیوەندی بەتەشجیع کردنەوە هەیە، تەشجیع کردن وپەرەپێدانی حەرەکەی تەبع وتەرجومەو ئەو زەوابتەی بۆمان داناوە، هەر هەمووی بەنیزامە بە یاسا نیە، نیزامەکەش ئیشمان پێکردووە، تێپەڕیوەو ماشیە، تەنها ئەوە نەبێت، ئەگەر پەیوەندی بە ڕۆژنامەنووس وشتی وا هەبێت، ئەوە یاسای تری هەیە، بەس ئەوانەی کە پەیوەندی بەکاری وەزارەتەکەوە هەیە هەمووی بەنیزام و بەتەعلیمات ڕێکخراوە، سەبارەت بە بڕگەی 11 کە لیژنەی ڕۆشنبیری دەیانەوێت لابرێت، من پێم وایە بمێنێتەوە باشە، چونکە ئێمە ئێستا کار دەکەین بۆ دارشتنی ئیستراتیژێکی نیشتمانی کوردستانی سەبارەت بەلاوان، ئەو ئیستراتیژیە نیشتمانیە کوردستانیەی سەبارەت بەلاوان تەنها ئەرکی وەزارەتی ئێمە نیە، یەعنی ئەرکی مەسەلەی لاوان هەر ئەوەندە نیە، مادام ناوی وەزارەتەکەمان لاوان بوو هەرچی شتی لاوان هەبێ پەیوەندی بەئێمەوە هەبێت، ئێستا ئێمە هەماهەنگیمان هەیە، لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ خوێندنی باڵا، لەگەڵ پەروەردە، لەگەڵ کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی کاری هاوبەشمان هەیە، لەبەر ئەوە ئیشارەت کردن بە مانەوەی بڕگەی 11 کارێکی پێویستە بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە کاری وەزارەت نیە، ئەرکی کۆمەڵێك وەزارەتی پەیوەندیدار هەیە لەگەڵ ئێمە کە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن، سەبارەت بە مەسەلەی مولحەقیاتی سەقافی، ئێمە دەستمان بەو کارە کردووە، بەڵام ئەمە میکانیزمە، ئێمە لە بڕگەیەکدا ئیشارەتمان بەوە داوە، کە بەردەوام بوون، لەگەڵ کوردستانیەکانی دەوروبەرو کوردستانیەکانی دەرەوە، کە دەڵێین ئەمە وجهەکەیە، بەڵام ئەم وجهەیە چۆن ڕێك دەخرێت

ئەڵبەتە لەڕێگای مولحەقە سەقافیەکانەوە، ئەتواندرێت تێیدا بێت، بەڵام خۆی میکانیزمە، یەعنی تەنها میکانیزمێکەو ئالیاتێکە لە ئیشی ئێمە چەندین ئالیات و میکانیزمی تر هەیە، ناتوانین هەموو میکانیزمەکانی بخەینە ناو یاساکەوە، بەڵام دەمێنێتەوە ئێمە وجهەکەمان ئەرك و ئامانجەکانمان ئەوەیە کە ئێمە بەردەوام بوونمان هەبێت، لەگەڵ کوردستانیانی دەوروبەر و کوردستانیانی هەندەران، لەگەڵ ئەوەشدام کە مەسەلەکە مەبەست لێی ئەرك و ئامانجەکانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، دەسەڵاتی وەزارەتە کە تەعلیمات دەربکات، بەڵام نیزام ئەرکی ئەنجومەنی وەزیرانە، یەعنی نیزامەکە لەوێوە دەردەکرێت، ئێستا ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە ویستوویانە قسە بکەن،( ڤیان عبدالرحیم، صباح بیت الله، هاوڕاز خۆشناو، گەشە دارا، عومەر نورەدینی، فازڵ بەشارەتی، سیوەیل عوسمان، عەزیمە نەجمەدین، عبدالله مەلا نوری، شاهۆ سعید، شۆڕش مەجید، شلێر محمد، سەروەر عبدالرحمن، حمە سعید حمە علی، گوڵزار قادر، دانا سعید، بێریڤان سەرهەنگ، پەیمان عبدالکریم، پەریهان قوبلای، کوێستان محمد، شێردڵ تەحسین، ئەحمەد وەرتی، عومەر عبدالعزیز، دکتۆر صباح بەرزنجی)، ڤیان خان، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی دووەم، بەڕاستی کە پێك هاتووە لە ژمارەیەکی زۆر بڕگە، وابزانم ئامانجی هەموو ئەو بڕگانەش، زیاتر گرنگیدانە بە گەشە پێدانی ڕۆشنبیری لە هەرێمی کوردستاندا، واتە گرنگیدان بەچالاکی ڕۆشنبیری و وەرزشی وچالاکی لاوان، کەواتە لێرەدا گەشەپێدانە بە نەرێتە مەدەنیە پێشکەوتووەکان، کەلەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە فرە نەتەوەیی ڕۆشنبیری و پاشان سەرجەم بوارەکانی تر و فرە فکری لەهەموو بوارەکاندا، کەئەمەش زیاتر کرانەوەیە بە سەرچاوە ڕۆشنبیرییە جیهانیەکان یان گەشەپێدانە بە بوارەکانی ڕۆشنبیری لاوان، پاشان چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان، کەواتە هەموو ئەمانە لەپێناو پتەوکردنی ڕەسەنایەتی و بەرەوپێش بردنی هەرێمی کوردستانە لەبوارە مەدەنیەکاندا، من وای دەبینم ئەوەی لەم ماددەیەدا بەدی دەکرێت، زیاتر بڕگەکانی زۆر بەدوورو درێژی داڕێژراوە کەزیاتر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، کە خاڵێت وت ناوی خاڵەکە بهێنە بۆ ئەوەی ئێمەش لێمان تێك نەچێت، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جگەلەوەی کە هەموو ماددەکان تا ڕادەیەك دوور ودرێژی پێوە دیارە، کە زیاتر دەتواندرێت لە شێوازی ڕێنمایی زۆربەی بڕگەکانی جێگایان بکرێتەوە، پاشان لەماددەی دووەم لە بڕگەی سێیەم کەباس لەپاراستنی مافەکان دەکات، کە بەسیستمێك ڕێکدەخرێت، واتە مافی ئەدیب و نووسەر و ڕۆژنامەنووسەکان بە سیستمێك

ڕێکدەخرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ئەگەر بەو شێوەیە هەر دەمێنێتەوە واتە بەو شێوەیە مافەکان ڕێکدەخرێت، دەتواندرێت ئەمە لابرێت، یەك شتی تر بۆ ئەمە زیاد بکرێت، واتە هاندانی وتاری ڕەخنەیی و بەرگری کردن لە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و وەرزشکاران لە هەر پێشێلکارییەك کە دەرحەقیان دەکرێت، یەعنی بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، پاشان لەبڕگەی پێنجەم، کە باس لەدانانی نەخشەی پێویست دەکات بۆ چالاکی وەرزشی و پاشان، دانانی لیژنەیەکی ئۆلۆمپی و چالاك کردنی، کەدەتواندرێت ئەوەشی تێدا جێگا بکرێتەوە، ڕێگا گرتن لەهەر دەستێوەردانێکی سیاسی لەکاروباری وەرزشی ولاوان و یانەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك صباح بیت الله، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دگەل هندێ دام ماددەی دوو،( تتولى الوزارة تحقيق المهام والاهداف التالية) کەلیمەی (الاهداف) بێتە زیدە کرن، دیسان هەر ل ماددێ دوو، فەقەرە دوو، برەئیا من لیژنا ڕۆشنبیری سیاغەکا گەلە جوان بۆ ڤی ماددێ صیاغە کری، ئەز پێشنیار دکەم، کو ئەو صیاغە ببیتە بەدیلێ ئەڤێ فەقەرەی، دیسا ل ماددێ 11، (المشاركة مع الوزارات ذات العلاقة لرسم سياسة وطنية) ب رەئیا من کەلیما ( کوردستانیە)، هەروەك لیژنەك ژ داهاتی بێتە ئیزافە کرن، ئەز مەصلەحەت دزانم، ل ماددێ 12 ل دەسپێکا وێ( الدعم والاهتمام بالشباب) ئەوەش بێتە ئیزافە کرن، دیسا لیژنا ڕۆشنبیری بۆ ماددێ 2، فەقەرە 16، فەقەرە 17 زێدە کریە، ئەز ڤان هەردوو فەقەرە بەرژەوەند دزانم، هەردوو فەقەرەش بێنە ئیزافە کرن ل ماددێ 2، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هاوڕاز خان، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە من پێم وایە، خاڵەکان تولێ و تەفصیلیەکی زۆری تێدایە، چڕ کردنەوەی خاڵەکان بەشێوەیەکی تر باشترە، هەرچەند لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوارەکان هەندێ خاڵی جوان تەرکیز کردووەو جوانی ڕێکخستووەتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە من مولاحەزەیەکم لەسەر وشەیەکی ئەم لیژنەیە هەیە، من تا ئێستا لەهیچ فەرهەنگێکی کوردی ئەم شتەم نەدیوە ئەو (هاوئاهەنگی) کردن نازانم چیە، هەماهەنگی باشە، بەڵام نازانم هاوئاهەنگی کردنم نەدیوە، ئەگەر هی زمانێکی ترە ئەوە ئەصڵیەکەی خۆمان باشترە، من پێم باشە خاڵێکی تر زیاد بکرێت، بۆ ئەو ماددەیە کە زۆر گرنگە، ئەویش( کارکردن لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری وەرزشی) تەبعەن تا ئێستا کۆمەڵگای ئێمە بەڕاستی وەرزش کە ئەنەهو شتێکی تایبەت بێت بە وەرزشەوانان وەکو عامی خەڵك و گشتی

خەڵك كاری لەسەر ناکرێت، وەکو هۆشیاری کاری پێناکرێت، خاڵێکی تر من پێم وایە ئەو خاڵی نۆیەمە کە لە ئەصڵی پرۆژەکەدا هاتوە، ئەوە جیا کردنەوەی ژنانە، نازانم ئەگەر خاڵەکانی تر تایبەت نەبێت بەژنان، ئەم خاڵە کە ئەنەهو تەنها ئەو پەیوەندی بەژنانەوە هەیە، بە ئافرەتان، بۆیە من پێم وایە ئەم خاڵە زیادە، چونکە هەموو خاڵەکانی تر هاوتا پەیوەندییان بە ئافرەت و پیاوانەوە هەیە، بۆیە پێم وایە ئەم خاڵە زیادە، خاڵێ چواردەهەم دەڵێت(چواردەم: هاندانی کەرتی تایبەت لەبواری چالاکی رۆشنبیری و هونەری و وەرزشی بەپێی یاساو لە ژێر رۆشنایی بنەماکانی سیاسەتی حکومەتی هەرێم) من پێم وایە بۆ تەرکیز کردن و تەئکید کردنی زیاتر لەسەری، هەماهەنگیشی لەگەڵ بێت لەگەڵ هاندان، ئەم دووە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار گەشە خان، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم، من پێم باشە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە،( وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان ئەو لایەنە فەرمیەیە کە سیاسەتی ڕۆشنبیری لەهەرێم دادەڕێژێت، لەو چوارچێوەیەدا ئەم ئەرکانەی خوارەوەی هەیە)بەنیسبەت خاڵی هەشتەمیش، لە ڕیزی دووەم کە دەڵێت (بەمەبەستی گەیاندنی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان) بەدوای ئەوەدا بنووسرێت هەوڵبدات بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەڕێگای خولەکانی ڕاهێنان و شیاندنیان، پاشان لەدوای خاڵی 14 وە سێ خاڵ زیاد بکرێت بۆ ئەرکەکان، ببێت بە خاڵی پازدەهەم: هەوڵدان بۆ کردنەوە یان دۆزینەوەی بازاڕی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ بەرهەمی ئەدەبی و هونەرییەکان، لەڕێگای پێشانگاو ڤستیڤاڵە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان، وەهەوڵدان بۆ گەیاندنی کتێبی کوردی وەرگێڕاو بۆ بازاڕەکانی دونیا و بەشداری کردنی فیلمی کوردستان لە میهرەجانە جیهانیەکان، شازدەهەم: تایبەتمەند کردنی کاری ڕۆشنبیری و هونەری لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بە ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری گشتی، بەرجێك وەزارەتی ڕۆشنبیری بودجەی پێویستی بۆ دابین بکات و سەرپەرشتی جێبەجێکردنی بکات، حەڤدەهەم: ستراتیژی گرنگیدان بە ڕۆشنبیری منداڵان بەهەماهەنگی، لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و لایەنە پەیوەندیدارە ناحکومیەکان، بەڕاستی تێبینیەکی ترم هەیە سەبارەت بەڕاپۆرتی لیژنەی ڕۆشنبیری، بەلادانی عیبارەتی یەکسانی جێندەری، بەداخەوە مولاحەزە دەکەم ئەمە دووەمجارە وشەی جەندەر لەپەرلەمانی کوردستاندا بووە بە کێشە، تەنها و تەنها ماناکەی ئەوەیە، ڕەخساندنی هەلی وەك یەك، دابەشکردنێکی یەکسان، لەمافەکاندا لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ، واتە نابێت دەستنیشانکردنی ئەرك و مافەکان، ڕەخساندنی هەل لەسەر ئەساسی ئەوە بێت کە ئەوە ڕەگەزی نێرە یان مێیە، تەنها ئەو مانایەی هەیە، هیوادارم کە جێگای خۆی بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عومەر نورەدینی، فەرموو.

**بەڕێز عمر حمد امين خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەم ماددەیە، هەم لەڕووی داڕشتنەوە، هەم لەڕووی جۆر و ژمارەی ئامانج و ئەرکەکانەوە، ماددەیەکی بەپێزو دەوڵەمەندە، بەڵام هێشتا دەکرێ قسەی لەسەر بکەن، بۆ ئەوەی زیاتر و باشتر دەوڵەمەندی بکەین، یەکێك لەپرسە گرنگەکانی کە دەکەوێتە نا کایەی کارکردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەئێستادا، بەڕەئی من بریتیە لە پرسەکانی ناسنامە، هەروەها ئینتیماو ڕۆشنبیر بوون بە کلتور و بەنیشتمانەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی بەجیهانی بووندا، هەم پرسەکانی ناسنامە هەم مەسەلەی ئینتیماو هۆگر بوون بە کلتوری نیشتمانیەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی بەجیهانی بووندا، ئێستا لەسەر ئاستی دونیا، دوو پرسن کە زۆر بایەخیان پێدەدەرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم، لەچوارچێوەی ئەرکەکانی وەزارەت و ئامانجەکانی وەزارەتدا، ئەمە زیاد بکرێت، تا بەیەخدان بە پرسی ناسنامەو هۆگربوون، ئینتیما بە نیشتمانەوە، لەڕێگای ئەم خاڵانەوە، یەکەم بووژاندنەوەو دەوڵەمەند کردنی تووخم و ڕەگەزەکانی ناسنامەی نیشتمانی و کوردستانی، هەروەها پاراستنی ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەیی گەلی کوردستان، لە شوێنەوارە سلبیەکانی بە جیهانی بوون، هەروەها بەهێزکردنی کیانی هۆگر بوون و ئینتیمای لاوان بە کلتوری نیشتمانی و بەخۆشەویستی نیشتمان و خاك لەکوردستان، خاڵێکی تریش کە من پێم باشە، ئێمە بایەخی پێبدەین، بریتیە لەمەسەلەی پاراستن و بەرگری کردن و چەسپاندنی مافی خاوەندارێتی فکری، داهێنان لەلای هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و ئەدیبان، هەروەها بەرگری کردن لەدیاردەی کۆپیکردن، بەتایبەت لەلای هونەرمەندان کە ئێستا لە کوردستان یەکێکە لەو دیاردانەی کە مافی هونەرمەندان و داهێنەران تێدا بەزایع دەچێ، بەلای ئەوانەوە گرفتێکە کە تائێستاکە چارەسەری یەکلاکەرەوەو بنبڕی بۆ دانەنراوە، خاڵی سێیەم: هەرچەند ئاماژەی پێدراوە، بەڵام بەڕوونتر و کاراتر ئاماژە بەوە بدرێت کە یەکێك لە ئەرکەکانی وەزارەت بریتی بێت لە بەیەخدان بە بواری کلتوری و ڕۆشنبیری لەناو ڕەوەندی کورد لە دەرەوەی هەرێمی کورستان لەڕێگای کردنەوەی سەنتەری ڕۆشنبیری و ئامادەکردنی چالاکی ڕۆشنبیری و ڤیستیڤاڵی ڕۆشنبیری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار فازڵ بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دووەم لە بڕگەی یەکەمی ئەوەی من مەبەستمە ئیشارەتی پێ بدەم، باسی ئەرك و واجباتی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکات، بۆ هەموو ئەوخاڵانەی کە ئەمڕۆ پێویستە بۆ وڵاتی ئێمە و گەنج و ڕۆشنبیرانی

ئێمه بەڕێزان بەبڕوای من وەزارەتی ڕۆشنبیری چ ئەم وەزارەتەی ئێستا و چ وەزارەتەکانی ڕابردوو، وەکو پێویست ئەوەی کە پێویست بێت بۆ وڵات و گەنج و لاوەکانی ئێمە بەڕاستی ئیهتیمامێکی ئەوتۆ کە موقارەنە بکرێت، لەگەڵ ئەو دەرفەتە لەبارەی کە ڕەخساوە بۆ ئەمڕۆی وڵاتی ئێمەو میللەتی ئێمە بەحەقیقەت ئیهتیمامێکی ئەوتۆ نەدراوە، ڕاستە بەشێوەیەکی بەرچاو لەهەرێمی کورستان خۆشبەختانەو لەکاتەکانی تر زۆر زیاتر زەمەنەکەش هەروا دەخوازێت، مەسەلەی بواری ڕۆشنبیری و بڵاوکراوەو چاپەمەنیەکان لەڕادیۆو لە تەلەفزیۆن ئەوە بەشێوەیەکی بەرچاو هەیە، بەڵام بەڕاستی ئەوەی کە پێویست بێت هەتاوەکو ئێستا وەزارەتی ڕۆشنبیری دەوراتی ڕۆشنبیر کردنی بۆ گەنج و لاوەکان نەبووە، جگە لەوەی کەوا خەڵکێك بۆخۆی ئیهتیمامێك بەخۆی دەدات، یان تموحی بەخۆ ڕۆشنبیر کردنی خۆی هەیە، ئەمە جیاوازە لە سەردەمی شاخیش خەڵکێك هەبووە بەڕاستی ئیهتمامی بەبواری ڕۆشنبیر کردنی خۆی داوە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە بەبڕوای من ئەوەی کەمن دەبینم جارێکیش عەرزی وەزیری ڕۆشنبیریم کرد کە سەردانی سنوری ناوچەی هەڵەبجەو هەورامان بکات ئەوە بوو کردی، بەڕاستی بینای مەکتەبەی گشتی کراوە لە سنوورەکە هەتاکو ئێستا بڵێم بەقەدەر هیچ ماڵێك لەو ماڵانەی کە مەکتەبەیان هەیە، کتێب لەو مەکتەبەیەدا نیە، کەوا ئەو بینا وەکو دەڵێن زل و زەبەلاحەی بۆ کراوە، ئەمەش لە حەقیقەتدا بەبڕوای من ئەکاتە ئەوەی کەوا ئیهتیمامێکی ئەوتۆ بە بواری ڕۆشنبیری یان دروست کردنی خۆشەویستی کتێب، لەگەڵ خەڵك و گەنجان و ڕۆشنبیری ئەمڕۆی ئێمە لەهەرێمی کوردستان نەدراوە کە بدرێت، لایەنێکی تر کەباس دەکات، بەحەقیقەت مەسەلەی کۆکردنەوەی ئەو شتە ڕۆشنبیریانەی کەوا لەکوردستان هەیە، من دەتوانم بڵێم ئێستا لەهەرێمی کوردستان دەستنووسی خەڵکە ڕۆشنبیرە یان مێژوو نووسە قەدیمەکانی ئێمە هەیە، بەبڕوای من ئەگەر بگەڕێین بەدوایدا بەپارە، بەمادده بیکڕین قیمەتیمان پێنادرێت، بەڵام تائێستا هیچ کام لە وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری نەگەڕاون ئەم شتە بەنرخ و پێزانە کۆبکەنەوە، هەم بۆ زیندوو کردنەوەیان هەم بۆ خستنە پێشچاوی خەڵکانی ڕۆشنبیر و گەنج ولاوەکانی ئێمە، بۆیە من دەڵێم ئێستا ئەوەی کە زیاتر بووە بەلاوازبوونی ئینتیمای نەتەوەیی گەنج و لاوەکانمان، ئەوەیە کە ئەم ئەرشیفە بەنرخ و پێزانە نەخراونەتە بەردەم گەنج و لاوەکانمان و نەوەی ئێستای ئێمە، لایەنێکی تر کە لەخاڵی شەشەم باس دەکات، کۆکردنەوەی ئەو ئەرشیفانەیە، کە من دەبینم و پێم وایە کەوا هەمووممان هاوڕاو هاو دەنگین لەسەرئەوە، بەحەقیقەت لەبواری وەرزش تاکو ئێستا ئیهتیمامێکی ئەوتۆ بە لادێکان نەدراوە، تاکو ئێستا دەتوانم بڵێم وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش ولاوان تەنها گرنگی بەشارەکان داوە، بەشێوەیەکی موناسب، بەڵام هەتا ئێستا لەهیچ گوندێکی کوردستان کە من پێرێش ئیشارەتم پێدا گوندمان هەیە، لە سنووری 700 ماڵ تا 800 ماڵ دەبێت، هەتا ئێستا یاریگایەکی نیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کەوا ئیهتیمامێکیش لەو بوارەوە بە گوندەکان بدرێت، وەزارەتی ڕۆشنبیری بەدواداچوون بکات بۆ کۆکردنەوەی ئەو پەرتووك و نووسراوە بەنرخانەی کەوا لەڕابردوو لەلایەن مێژوو نووسان و خەڵکە قەدیمەکانی کوردستانەوە نووسراون، کە زۆر بەکەڵك و بەنرخن،

بۆ ڕۆشنبیر کردن و دەرخستنی ئەو مێژووە ونەی کە لەکوردستان تا ئێستا بەردەستمان نەکەوتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سیوەیل عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی دووەم لە ناونیشانەکەی (اهداف ومهام الوزارە) ئەگەر بەعەرەبی بنووسرێت، تەبعەن ئەو خاڵانە زۆر دوورو درێژە، چەند قسەی لەسەر دەکەین، بەڵام زۆر دوورو درێژە، ڕام لەگەڵ دکتۆرە ڕۆژاندایە، کە وتی ئەگەر ڕازی بن دوایی صیاغەی دەکەینەوە، بەنیسبەت (اولاً: الاهتمام بالبنیة التحتیة المطلوبة لتطویر مجالات)(الاعلام)ی بۆ زیاد بکرێت، والثقافة والفنون والریاضة..... لەبەر ئەوەی ئیعلام عەمودی فەقەرەی وەزارەتە، بەنیسبەت بڕگەی _ثالثاً: دعم وتشجیع حرکة التألیف والترجمة والنشر)( في الاقلیم) ئەوە لابەرین، (وتشجیع )ئەوەش لابەرین، چونکە دووبارەیە، ئەگەر ئاوای لێبکرێت، (دعم وتشجیع حرکة التألیف والترجمة والنشر وتکریم الکتاب والادباء والفنانین والصحفیین والریاضیین والمبدعین الشباب في الاقلیم عن طریق تعضید نشاطاتهم وطبع نتاجاتهم ....بەنیسبەت بڕگەی پێنجەم: خامساً: رسم الخطط المطلوبة لتشجیع ودعم الحرکة الریاضیة والنشاطات الشبابیة، (وتشجیع ورعایة وتکریم الریاضیین،) ئەمە لابرێت، لەبەر ئەوەی لە فەقەرەی سێیەم هاتووە، دووبارەیە، ئینجا (من خلال التنسیق مع اللجنة الاولمبیة الکوردستانیة بهدف تطویر واقع الحرکة الریاضیة في الاقلیم). تەبعەن هاوڕام لەگەڵ ڕەئی ڤیان خان، کە باسی ڕەخنەو ئیعلام و ئەو شتانەی کرد، لە فەقەرەی سێیەم و پێنجەم، لە فەقەرەی نۆیەم، بۆ ئێمە ژنان جیا بکەینەوە لە پیاوان، شەباب هەر شەبابە، بۆیە ئەو فەقەرەیە هەر پێویست ناکات، هاوڕام لەگەڵ هاوڕاز خان کەباسی کرد، بەنیسبەت فەقەرەی 13، الثالثة عشرة: التثقیف بمضار استخدام المواد المخدرة) ئەگەر بنووسین ( تثقیف الشباب)یان ( توعیة الشباب)یان ( اعلام الشباب)لەبەر ئەوە دەبێ شەبابەکەی بۆ زیاد بکەین، وەك دەڵێن تابع و مەتبوعە، (ومنع استخدام المواد المنشطة) پاشان 14، الرابعة عشرة: تشجیع القطاع الخاص في مجال النشاطات الثقافیة والفنیة والریاضیة والشبابیة والتراثیة وفق القانون، وتشجیعها علی ضوء اسس وقواعد سیاسة حکومة الاقلیم، بەنیسبەت کوردییەکەی، ئەوانە دووبارە ناکەمەوە کە وتم، بەس بە نیسبەت خاڵی 13، نووسراوە (سیازدەم: ڕۆشنبیر کردن بە زیانی بەکارهێنانی) پێم باشە، ئەگەر بنووسین ئاگادار کردنەوەی لاوان یان هۆشیار کردنەوەی لاوان، لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە کۆمەڵگەو ڕێگە نەدان بەبەکارهێنانی ماددە گورجکەرەکان وقەدەغەکراوەکان لەبواری وەرزشدا. چواردەم: هاندانی کەرتی تایبەت لەبواری چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزشی و کلتوری بەپێی یاسا لە ژێر ڕۆشنایی بنەماکانی سیاسەتی حکومەتی هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سیوەیل خان، زۆر قسەت لەسەر ماددەکە کرد، بۆیە ئەگەر بکرێت بەنووسین بۆمان بنێری تا بەرچاومان ڕوون بێت، ڕێزدار عەزیمە خان، فەرمووو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەی ئەم پڕۆژە یاسایە لەماددەی دووەمدا ئەرك وئامانجەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزرش ولاوان، وابزانم بەشێوەیەکی گشتی و گشتگیر هەموو لایەنەکانی گرتۆتەوە، ئەرك و ئامانجەکانی زۆر بەجوانی دیاری کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا من تێبینی چەند کەموکورییەك دەکەم لەهەندێ لەخاڵەکانیدا، پشتگیری هەموو قسەکانی ڤیان خانیش دەکەم، من لەخاڵی یەکەم: بنیاتنانی ژێرخانی پێویست بۆ گەشە پێدانی بواری ڕۆشنبیری، من پێم وایە یەکێك لەکۆڵەکە سەرەکیەکانی ڕۆشنبیری وەکو سیوەیل خانیش باسی کرد، لەم وەزارەتەدا ڕاگەیاندنە، من پێم وایە لێرەدا ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر، وەرزش ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، لەخاڵی دووەم: بلاّوکردنەوەو گەشەپێدانی رۆشنبیریی کوردستانی بەجۆرێك) بلاّوکردنەوەو گەشەپێدانی ڕۆشنبیری، ئەوە تەنها بە ڕۆشنبیری و بلاّو کردنەوەی ڕۆشنبیری کوردستانی ناتوانین ئێمە گەشە بە بواری ڕۆشنبیری بدەین، ئەگەر بلاّوکردنەوەو گەشەپێدانی ڕۆشنبیری جیهانیش نەبێت، لەگەڵ کوردستانیەکەدا، من پێم وایە لەم خاڵەدا جیهانیشی بۆ زیاد بکرێت، پاشان دەڵێت(لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە فرەفیکری) من پێم وایە ڕای جیاوازیش زیاد بکرێت، لەبەر ئەوەی کە فکری جیاواز هەبوو ڕای جیاوازیش دەبێت، لێرە ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە کە داکۆکی لەو کەسانە بکات کە ڕای جیاوازیان هەیە، خاڵێکی تر ئێمە لە لیژنەکاندا جێگای ئەوەمان کردۆتەوە، کە لیژنەیەکمان هەیە بەناوی لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان، من پێم وایە لەلیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن وپەیوەندییەکاندا شوێنەواریشی بۆ زیاد کراوە، هەر لەهەمان لیژنەدا، ئەکرێ ئەو لیژنەی کە دروست کراوە، شوێنەوارەکانیش بەشێك بێت لە وەزارەتی مەعنی کە وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، من کەتەحەفوزیشم نووسیوە لەم یاسایەدا، لەسەر ئەوەیە کە ئەم لیژنەیە مەعنیە بەوەزارەتی ڕۆشنبیری و لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانە، بۆیە دەکرێ لێرەدا جێگای شوێنەواریش بکرێتەوە، بۆیە ئێمە گرنگیمان داوە بەوە، ئەکرێ لێرەشدا گرنگی بدرێت بە شوێنەوار لەماددەیەکدا یان لەم بڕگەیەدا جێگای بکەینەوە، لەبەر ئەوەی شوێنەواریش مێژووی شارستانیەتی ئەم میللەتەمان بۆ دیاری دەکات، پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری لەماددەیەکدا جێگای شوێنەواریش بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار گەشە خان، تۆش شتەکانت بنووسە بۆ ئێرەی بنێرە، شوێنەوار وابزانم دوێنێ عەزیمە خان خستمانە سەر شارەوانی، ڕێزدار عەبدوڵا مەلا نوری، فەرمووو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من سەرنج و تێبینیم لەسەر خاڵی حەڤدەهەم هەیە لە ڕاپۆرتەكەدا، دەستخۆشی لەبرادەرانی لیژنەی ڕۆشنبیری دەكەم كە بەشێوەیەكی ورد ئاماژەیان بەشتەكان كردووە، دیارە كەلە خاڵی هەڤدەهەم: دەڵێت(سووربوون لەسەر ڕاست و ڕەوانی زمانی كوردی و زمانی نەتەوەكانی دیكەی هەرێم) قسەی من لەسەر ئەم بڕگەیە، وەكو جەنابتان دەزانن یەكێك لەهۆكارە سەرەكیەكانی ڕۆشنبیر بوونی مرۆڤ خوێندنەوەیە، چەندە زمانیش سادەو ساكار بێت، كار ئاسانی باشتر دەكات بۆ ئینسانەكان بۆ ئەوەی زووتر ڕۆشنبیر بن، دیارە فاكتەری تر هەیە، بۆ ڕۆشنبیر بوونی ئینسان، گەڕانە، تەلەفزیۆنە، ڕادیۆیە، هەتا دوایی، من پێم وایە پێویست دەكات ئەم بڕگەیە بەشێوەیەكی تر دابڕێژرێتەوە كە بەشێوەیەك لە شێوەكان ئەركێك بخاتە سەر ئەستۆی وەزارەتی ڕۆشنبیری كە بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكانی تردا وەكو كۆڕی زانیاری كورد كە بڕیارە لە ئایندەدا دروست بكرێت، یاخود وەكو سەندیكای ڕۆشنبیران، بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەم دامودەزگایانە و هەر دامودەزگایەكی تر كە پەیوەندی بە مەسائیلی ڕۆشنبیری ومەسائیلی خوێندنەوەو نووسینەوە هەیە، وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەو ئەركە بخاتە ئەستۆی خۆی كە لە ئایندەدا كار بۆ ئەوە بكات زمانێكی ستانداردی كوردی واتە زمانی نووسین وەكو ئەوەی كە ئێمە دەزانین برا عەرەبەكانمان سەرەڕای ئەوەی كە لەهجەی جیایان هەیە، بەڵام زمانی نووسینیان جیاوازە، بەهەمان شێوە ئینگلیزەكانیش و زۆر نەتەوەی تریش، بەڵام ئێمە وەكو نەتەوەی كورد، سەرەڕای ئەوەی نەتەوەیەكین كە لەڕووی زمانەوە كۆمەڵێك لەهجەی جیامان هەیە، ئەكرێ بڵێین دەوڵەمەندین بەزاراوەو بە لەهجەی جیا، بەڵام بەداخەوە لەساڵەكانی ڕابردوودا نەمان توانیوە وەكو پێویست كار بۆ ئەوە بكەین زمانێكی ستاندارد بۆ نووسین دروست بكەین، كە ئەم زمانە ببێت بەزمانی نووسین بۆ هەموو لایەكمان، دیارە وەكو خۆتان دەزانن ئێستا بەداخەوە، جۆرێك لە خەرابات هەیە لەناو زمانی كوردیدا، بەتایبەت لە وەرگێراندا، بڕوا بكەن ئێوە خۆتان دەزانن هەندێ جار هەندێ كتێب لەزمانی فارسیەوە یان زمانی عەرەبیەوە وەرگێڕاوە بۆ زمانی كوردی خوێندنەوەی بە فارسی یان عەرەبی زۆر ئاسان ترە لەو زمانەی كە بە كوردی نووسراوە، هۆكاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە زمانێكی نووسینی ستاندارد نیە، هەر ئەم هۆكارەش وای كردووە، لە خوێندنگاكانیشدا بەتایبەت لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان دوو لەهجەی جیا جیا كاری پێدەكرێت، ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە نیە كار لەسەر سڕینەوەی لەهجەكان بكەین، بەڵام پێویست دەكات بۆ ئەوەی یەكێك لەكۆڵەكە سەرەكیەكانی نەتەوە بەهێز بكەین وەكو نەتەوەی كورد پێویست دەكات زمانێكی یەكگرتووی نووسین دروست بكەین، تاكو كەی ئێمە زاتی ئەوە نەكەین ئەم ئەركە بسپێرین بە لایەنێك؟، كۆڕێكی دیاری كراو، كۆمەڵێكی دیاری كراو، هەڵسن بەئەنجامدانی ئەم ئەركە نیشتمانی و نەتەوەییە، وە لەبیریشمان نەچێت، بەداخەوە هەندێجار، ئەم فرە لەهجەییە ئەم فرە زمانیە، بۆ مەسائیلی سیاسی بەكەڵك هاتووە، یەعنی ئەگێڕنەوە لەسەردەمی شاهی ئێراندا ڕادیۆیەك هەبووە، ڕادیۆی كوردی من لەزمانی چەند كەسێكەوە ئەم شتانەم بیستووە، ئەم ڕادیۆیە حكومەتی ئێران ئەو كاتە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، كاك عەبدوڵا وەرە سەر خاڵەكان كامەت پێ باشە، كامەت پێ خراپە، مەچۆ سەر پاشای ئێران، تكایە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی ئەهەمیەتی زمانی ستانداردی كوردی دیاری بكەین، ئەبێ ئاماژە بەهەندێ نموونە بدەین بەڕەئی من، یەعنی تۆ لە سەردەمێك لەسەردەمەكاندا دوژمنەكانی ئێمە با وا قسە بەكەین، هاتوون لەڕێگای هاوكاری كردنی دەركردنی ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕادیۆ، بەشێوازی جیاواز كاریان لەسەر ئەوە كردووە كە لەهجە جیاجیاكانی كورد دوور بخەنەوە لەیەكتر، لەجیاتی ئەوەی ئەمە وەكو پاڵپشتیەك بۆ زمانی كوردی بۆ ڕۆشنبیری كوردی ئەوان تەرحیان كردووە، بەڵام لە ئەنجامدا بەپێی خوێندنەوەی كۆمەڵێك خەڵكی شارەزاو پسپۆڕ لەو بوارەدا دەركەوتووە، ئەمە نیەتێكی تەندروست و نیەتێكی خزمەتكردنی نەتەوەی كوردی لەپشتەوە نەبووە، هێندەی بەقەد چەكێك بەكاریان هێناوە، كەڵكی لێوەرگیراوە بۆ دژایەتی كردن، بۆ درز خستنە بەینی نەتەوەی كورد، بۆیە من بەپێویستی دەزانم لەو خاڵەدا جێگای ئەوە بكرێتەوە كە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكانی تردا كار بۆ ئەوە بكات، زمانێكی ستانداردی نووسینی كوردی بێتە ئاراوە، دیارە هەموو نەتەوەكانی تریش حەقی خۆیانە، لەبیریشمان نەچێت لەماوەكانی ڕابردوودا پڕۆژە یاسایەك بۆ یەكخستنی هەندێ زاراوە هاتە پەرلەمان، ئێمە ڕەدمان كردەوە بەڕەئی من ئەگەر ئێمە بێین ئەم ئەركە بخەینە ئەستۆی وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەتوانێت كۆمەڵە خزمەتێكی گەورە بەنەتەوەی كورد بگەیەنین، خزمەتێكی گەورە بە زمانی كوردی بكەین، هیوادارم پێشنیارەكەم پشتگیری بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، تكایە پێشنیارەكەت بنووسە و بینێرە بۆ ئێرە، ڕێزدار شاهۆ سەعید، فەرموو.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیوانی كردنم بۆ ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەی ڕۆشنبیری و لیژنەی وەرزش ولاوان، هەروەها بەهەمان شێوە ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی، پشتیوانی لەڕاو بۆچوونەكانی هاوكارم ڤیان خان دەكەم، كە چەند كەسێك جگە لەمن تەسنیەیان كرد، من پێم وایە هاندانی گوتاری ڕەخنەیی زۆر گرنگە كە یەكێك بێت لە ئەركەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەزارەتی ڕۆشنبیری دوو ئەركی گرنگی لەسەرشانە، یەكەمیان: ئەركی پێگەیاندنی لایەنی مەعنەوی هاوولاتیانی كوردستانە، دووەمیان: پێگەیاندی لایەنی جەستەیی هاوولاتیانی كوردستانە، ئەو ئامانجانەی كە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان دیاریكراوە، تێكەڵی كردووە، واتە ئامانجەكانی

ڕۆشنبیری تێکەڵ بە ئامانجەکانی وەرزش ولاوان کردووە، هەرچەندە پەیوەندی هەیە لەنێوانیاندا، بەڵام دەکرا جیا بکرێتەوە، من ئەو پێشنیارەشم لە لیژنەی ڕۆشنبیری خستە ڕوو، بەڵام ئێستا تێکەڵ کراوە ئامانجەکان، بەڵام بەهەرحاڵ من ڕازیم تێکەڵ بکرێت، بەڵام بەجۆرێك بێت کە بزانین ئەم ئامانجانە چ دەرئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە، ئێمە میراتگری چ کلتورێکین لەم وڵاتەدا، کەسەردەمانێکی دوور ودرێژ سیستمێکی تۆتالیتار حوکمی کردووە، وەزارەتی ڕۆشنبیری یەکێك بووە لە ئامرازەکانی پەیڕەو کردنی ئایدۆلۆژیای ڕەسمی لە وڵاتدا، بۆیە زۆر گرنگە ئێمە ئاگادار بین، کە ئێمە کلتورێکمان هەیە تەبەنی ئایدۆلۆژیای ڕەسمی کردووە، چەند ئامانجێکیشمان دیاری کردووە لێرەدا کە تەبەنی فرە بۆچوون و فرە فکری و کرانەوە بە ڕووی جیهاندا بەڕووی فکری جیهانیدا خستۆتە ڕوو، لەحاڵەتێکی وادا ئێمە ئێستا بۆمان گرنگە کە بزانین لە ئێستادا پێکدادان دروست دەبێت، لەنێوان کلتوری خۆماڵی و جیهانیدا، سەرباری ئەوەی کە ئێمە میراتگری کلتورێکی شۆڤێنی و کلتورێکی تۆتالیتارین کە ئایدۆلۆژیای ڕەسمی لەڕێگای وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە پەیڕەو کردووە، بۆیە زۆر گرنگە ئێمە بزانین کە ڕۆشنبیران، ڕۆژنامەنووسان، حاڵی حازر بەرەنگاری چەندین توندو تیژی دەبنەوە، هەندێ لە توندو تیژییەکان لەلایەن دامودەزگا ڕەسمیەکانەوەیە، هەندێکیشیان پەیوەندییان بە کلتوری دواکەوتووەوە هەیە، کە لەوڵاتی ئێمەدا هەیە، هەندێکیشیان پەیوەندییان بە میراتی ڕژێمە تۆتالیتارییەکانەوە هەیە، بۆیە ئەوە گرنگە کە وەزارەتی ڕۆشنبیری لەپاڵ ئامانجەکانیدا، یەکێك لەئامانجەکانی بەرگری کردن بێت لە گوتاری ڕەخنەیی، بەرگری کردن بێت لە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران و وەرزشکاران، لەهەر پێشێلکارییەك کە دەرحەقیان ئەنجام بدرێت، من پەیوەندییەکی زۆرم لەگەڵ وەرزشکارانی کوردستاندا هەیە، زۆربەیان موعاناتێکی زۆریان هەیە بەدەست تەداخولکردن، دەستتێوەردانی لایەنە سیاسیەکان و حزبیەکان لەکاروباری وەرزشدا، ئەوەشمان لەیاد نەچێت لەکاروباری وەرزشیش ئێمە میراتگری ڕژێمێکین کە سیاسەت دەستی وەرداتەوەتە کاروباری وەرزش، بۆیە من وێڕای ئەوەی کە پشتیوانی ڕاو بۆچوونی هاوکارم ڤیان خان دەکەم، پێشنیار دەکەم و هەستیش دەکەم ئەم پێشنیارە چەند کەسێکی تریش تەسنیەیان کرد، کە دوو بڕگە زیاد بکرێت بۆ ئامانجەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بڕگەی یەکەم: هاندانی گوتاری ڕەخنەیی و بەرگری کردن لەڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و وەرزشکاران بێت لەهەر پێشێلکارییەك کە دەرحەقیان ئەنجام بدرێت، بڕگەی دووەم: بەرەنگاربوونەوەی پەیڕەوکردنی ئایدۆلۆژیای ڕەسمی لەدامودەزگاکانی هەرێمدا، ڕێگرتن لەدەست تێوەردانی سیاسی لەکاروباری وەرزش و لاوان و یانەکاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شۆڕش، فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەبەر ئەوەی ماددەكە خۆی ئامانج و ئەركەكانی تێكەڵ كردووە، وەكو خوشك وبرایان باسیان كرد، بۆیە من پێشنیازی ئەوە دەكەم، ناونیشانی ماددەكە بكرێت بە ئامانج و ئەركەكانی وەزارەت، هەروەها ڕیزبەندیەكیش هەبێت لە ئەركەكان، لەسەرەتادا یاخود ئامانجەكان بڕگەكانیان فەقەرە بە فەقەرە هەرچی پەیوەندی بە ئەركەكانەوە هەیە بەیەكەوە بێت، یەك لەدوای یەك، دواتر ئەوی تر، هەركامیان پێش بكەوێت هیچ فەرقی نیە، سەبارەت بە بڕگەی یەكەم، لەجیاتی ئەو داڕشتنەی ئەصڵی پڕۆژەكە كە دەڵێت(یەكەم: بنیاتنانی ژێرخانی پێویست بۆ گەشە پێدانی بواری رۆشنبیری) من پێم باشە، هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ژێرخانی پێویست بۆ ئەو مەبەستە، بڕگەكانی (2و3و4)من لەگەڵ داڕشتنەكەی لیژنەی ڕۆشنبیریم دەستخۆشیان لێدەكەم، سەبارەت بە بڕگەی پێنجەم، كە باس لە دانانی نەخشەی پێویست بۆ پشتگیری كردنی بزاڤی وەرزشی و چالاكی لاوان دەكات، ئەوە كارێكی زۆر زۆر باشە، بەڵام لەدوای ئەو ئەم ڕستەیە، واتە لەدوای دانانی نەخشەی پێویست بۆ پشتگیری كردنی بزاڤی وەرزشی و چالاكی لاوان هاندانی كەرتی تایبەتیش ببێت بە ئەركێكی وەزارەت، بۆ ئەوەی پشتگیری سەرمایە گوزاری لەبواری وەرزشدا بكەین، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەمڕۆ دەبینین ئاشكرایە لەهەموو دونیادا، لەبەشێك لەوڵاتانی پێشكەوتوو لەڕووی وەرزشەوە، كەرتی تایبەت پشتگیری لە وەرزش دەكات، یاخود ریعایەی وەرزش دەكات، وەكو صناعەتێكیش بەكاری دێنن، قازانجێكیشی لێدەكات، چەند نموونەیەكیشمان هەیە لێرەدا، بەشێك لەیانە وەرزشیەكان و دامەزراوە وەرزشیەكانمان سەرەڕای ئەوەی كە پلەیەكی باشیان لەسەر ئاستی عێراقدا بەدەست هێنا، بەڵام لەبەر ئەوەی لەڕووی ماددیەوە لەسەر قاچی خۆیان نەوەستابوون، بە بەشێك لە دامەزراوەكانی حكومی یاخود پشتگیری ماددی حكومەتیان بۆ دەچوو، لێنەگەڕان بەشداری بكەن لەسەر ئاستی وڵاتانی دەورووبەر و ولاتانی ئاسیاشدا، مەرجیان ئەوە بوو كە دەبێت ئەو دامەزراوە وەرزشیانە لەڕووی ماددییەوە لەسەر قاچی خۆیان وەستابن، یەكێك لە كۆمپانیاكان سپۆنسەریان بێت و سەرپەرشتیان بكات، بۆیە هاندانی كەرتی تایبەت بۆ سەرمایەگوزاری كردن لەڕووی وەرزشەوە، هەم پێشخستنی وەرزشە هەم هاندانی وەرزشكارانیشە بۆ ئەو مەبەستە، سەبارەت بە بڕگەكانی تر، لەگەڵ هەموو ئەو بڕگانەم كە لیژنەی ڕۆشنبیری داڕشتنەوەی تازەی بۆ كردووە، دەستخۆشیان لێ دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شلێرخان، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی دووەم، لە بڕگەی حەوتەمدا، كەباس لە فەعالیاتی كۆمەڵگای مەدەنی دەكات، ئەگەر وا دابڕێژرێتەوە كە (رعاية المنظمات الثقافية والفنية في منظمات المجتمع المدني و تقديم الدعم المادي والمعنوي لخططها وابداعاتها الثقافية) چونكە ئەمانە ئیشێكی زۆر زۆر دەكەن، هیوادارم هەموو لایەك گرنگی خۆی پێبدات، لەخاڵی پێنجەمیشدا، یەك پرسیارم هەیە، ئایا ئێمە لیژنەی ئۆلۆمپی كوردستان موعتەرەفە؟،

یەعنی ئەمە موشکیلەمان بۆ دروست ناکات، کە لە یاسایەکدا ئەوە لەلایەن حکومەتی فیدڕالیەوەیە، دووەم بەنیسبەت هەشتەم، کە ئەگەر دابڕێژرێتەوە، چونکە ئیشەکان زۆر چڕن لێرەدا، کە باسی تەنسیق دەکات ئەوەیان باشە، (ومنح اجازات العمل الخاصة عبر التنسيق مع الجهات ذات العلاقة، للمؤسسات والمراكز الثقافية والفرق الفنية والاتحادات والاندية الرياضية) دوایی بڕگەیەك هەبێت، چونکە هۆڵ و شت عیلاقەی بەوەوە نیە، هەرچەندە مەکتەبەکانی وەرزشی و پەیمانگاکانی هونەری ئەوانە پەیوەندییان بە وەزارەتی پەروەردەوە هەیە، بەڵام هیچ بڕگەیەك نیە، ئەگەر جەنابی وەزیر لەوانەیە خۆی جوابی لابێت، ئایا ئەو هەموو یاریگایانە، ئەو هەموو بینایانە کە چەند بە تەکنەلۆژیای سەردەم دروست دەکرێن، ئەبێت زۆر بایەخی پێبدرێت، ئەبێت لەلای خۆیانەوە ئەوان خەڵکێکی زۆر شارەزایان هەبێت، کە بتوانێ ئیدامەو صیانە و بیجگە لە تەصامیمیش کە ئەوان خەڵکێکیان هەبێت کەچاکی بکەنەوە بۆ ئەوەی هەڵەی تێدا نەبێت، چونکە ئەگەر ئەو هۆڵە داخراوانە هەڵەیەکی تێدا بوو ئەبێت بەکاریسە، لەبەر ئەوە ئەو بینای مەلاعیب و شتانە هەمووی باش بکرێت زۆر بەڕێکو پێکی، چونکە مەلاعیبی دوەلی هەیە، دوای ئەوە ئێمە زۆربەی ئەو مەلاعیبانەش کەتەواو بووە، سەیر دەکەی خەڵکێکی تێدا نیە کە بەهیچ شێوەیەك ئیشی تێدا بکات، لەبەر ئەوە ئەبێت ئەوە باسبکرێت، کە کادیری پسپۆڕ ئیشی تێدا بکات، دوای ئەوە دائیرەی سەقافەی عیلاقاتی عامە هەیە لە بەغداد، کە بەڕێنماییەکی تایبەت دەرچووە، زۆر گرنگی دەدات بە مەراکزی سەقافی لەدەرەوەی وڵات، هیوادارم ئەگەر ڕوونکردنەوەیەك هەبێت، چونکە زۆر مەرکەزی سەقافی هەیە کورد بە پلەی دکتۆرا لەوێ تەعین کراوە، بزانین لەگەڵ ئەماندا پەیوەندییان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سەروەر عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەم ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکان لەئاستێکی تێروتەسەل بووە هەم بەڕێزانیش زانیاری زۆریان لەسەردا، ئێمە سەبارەت بەوەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان، دیارە وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان ئەو ناوەندە سیاسی و ڕۆشنبیریەیە کەوا لە کوردستاندا سیاسەتی ڕۆشنبیری هەرێم دادەڕێژێت، دەتوانین بڵێین بەرنامەو ستراتیژی داهاتووی لاوان دیاری دەکات و نەخشەی بۆ دەکێشێت و بەرەوپێشەوەی دەبات، هەر بۆیە من پشتگیری لەڕاکەی هاوڕێم خاتوو گەشە دەکەم، سەبارەت بەوەی لەسەرەتای ماددەی دووەمدا، پێویستە ئەمە ڕوونبکرێتەوە کەوا وەکو هەر یەکێك لە وەزارەتەکانی تر کەچۆن وەك وەزارەتی کشتوکاڵ سیاسەتی کشتوکاڵ دادەڕێژێت، وەزارەتی پەروەردە فەلسەفەی پەروەردە دیاری دەکات، لەمەشیاندا بڵێین، وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان ئەو لایەنە فەرمیەیە کە سیاسەتی ڕۆشنبیری لەهەرێمدا دادەڕێژێت، لەچوارچێوەی بەئامانج گەیاندنی ئەم ئەرکانەی خوارەوە، سەبارەت بە خاڵی سێیەم، کە باس لە کۆمەڵێك مەهام دەکات، یەکێك لەوانە چاپکردنە، پێم باشە لەمەشیاندا بڕگەیەکی تر هەر لەپاڵ ئەمەدا زیاد بکرێت، هەوڵبدرێت بۆ

پـەیڕەوکردنی سیسـتمی (ئـای، ئـێس، بـی، ئـین) سیسـتمی تۆمـاری جیهـانی بـۆ کتێـب، بـۆ ئـەوەی لـەم چوارچێوەیەدا کوردستانیش ببێت بەئەندام لەئاژانسی نێودەوڵەتی (ئای، ئێس، بی، ئین) بـۆ ئـەوەی بتـوانین بەرهەمەکانمان زیاتر بـەجیهان بناسـێنین، سـەبارەت بـەخاڵی پێنجـەم، ئـەوەی خـاتوو شـلێر باسـی کـرد، هـی لیژنەی ئۆلۆمپی، ئەوە بەڕاستی بەڕێزان لەلیژنەی یاسایی دەزانن، کە ئاخۆ تاچەند ئێمـە لێـرە دەتـوانین بـۆ ئەوەی کێشەمان بۆ دروست نەبێت لە یاساکەدا، سەغرەیەکی یاسایی تێدا نەبێت، لەبەر ئەمـە دەکرێـت ئێمـە لێرە هەوڵ بدەین یان داوا بکەین وەکو ڕاسپاردەیەك بەتایبەت لەڕێگایـەك کـە پەیوەندیـدار بێـت بەلیژنـەی ڕۆشنبیری و لیژنە پەیوەندیدارکانی تریش، لەدەرفەتێکی نزیکدا ئێمە پرۆژە یاساکەی لیژنەی ئۆلۆمپی بێتە بەردەستمان بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەین، نەوەك بەو جۆرە لێـرەدا تووشـی کێشـە بـبین، سـەبارەت بـەخاڵی شەشەم، کە باس لە کتێبخانەکان دەکرێت، من پێم باشە ئەمەشی بۆ زیاد بکرێت ئاخۆ بەچ جۆرێکە ئێمە لـە کوردستاندا ژمارەیـەکی زۆر خـاوەن پێداویسـتی تایبـەتمان هەیـە، بەتایبـەتی نابینایـان، کەئـەوانیش حاڵـەتی خوێندنەوەیان جیایە لەوانەی تر، لەخەڵکانێکی تر بۆیە دوو ڕێگا هەیـە بـۆ خوێندنـەوەی ئـەوان، یـەکێکیان ئەوەیە کە بەسیستمی برایلە، ئەوی تریان بەنووسـینی هـەڵکۆڵراوە، بـارزە، ئـەوەی تریـان بەگوێگرتنـە، کـەوا لەکوردسـتاندا بـۆ ئـەوەی ئـەو کۆمەڵـە خەڵکانـە پشـتگوێ نـەخرێن لـەبواری ڕۆشـنبیری و خوێندەواریـدا، بتوانرێت هاوکارییـان بکرێـت، هەرچـەندە مـن حاڵـەتێکم دیـوە لـەم ماوەیـەدا لـە سـلێمانی یـەك کتێبخانـەی دەنگی کراوەتەوە بۆ نابینایەکان، ئەمە دەکرێت وەکو نموونەیەك بێت، بۆ ئەوەی ئێمە لـە ئەرکەکانـدا تێیـدا بێت، بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری ئەگەر جێگای بکاتـەوە بـۆ ئـەوەی نابینایـانیش لـەو بەهرەیـە بێبـەش نـەبن، سەبارەت بەخاڵی نۆیەم، هەروەکو ئەوەی لەخاڵی دەیـەمی ڕاپۆرتەکـەی لیژنـەی ڕۆشـنبیریدا هـاتووە، هەسـت دەکەم هەنـدێك حەساسیەتمان بـە هەنـدێ وشـە هەیـە، وشـەی جێنـدەر، وشـەیەکی عالەمییـە، کـاری لەسـەر دەکرێت، مانایەکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆچـی ئێمـە بـڵێین لێـرە ئـەو وشـانە وەکـو خـاتوو گەشـە وتـی ئەمـە دووەمجارە ئێمە دەبێت بەکێشـەمان یـان ئـەوەتا دەبێـت ئێمـە لێـرە دەری بکـەین، بۆیـە پـێم خۆشـە، یـاخود داواکارم ئەو بڕگەیە وەکو خۆی دابندرێتەوە، چەند بڕگەیەك هەیە پێشنیاری ئەوە دەکەم کـە زیـاد بکرێـت، یەکێکیان: هەوڵ بدرێت بۆ کردنەوەی بازاڕی ناوخۆیی یان دەرەکی لەمەسەلەی ساغ کردنەوەی کتێبدا، ئێمە ئـەو پێشـانگا نێودەوڵەتیانـەی کـە دەکرێتـەوە، بەداخـەوە تـاکو ئێسـتا تێیـدا سـەرکەوتوو نـەبووین، چ لـە پێشـانگای( فرانکفـۆرت) چ لـە پێشـانگاکانی کتێـب لـەتاران، چ لـە پێشـانگای قـاهیرە، زیـاتر ئێمـە وەکـو پێشانگایەکی کۆن سەیرمان کردووەو تێمان ڕوانیوە، چەند کتێبێکمان بردووە لەوێ فرۆشـتوومانە لەکاتێکـدا ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە پەیوەندی لەگەڵ چاپخانە گـەورەکانی دونیـا، ناوەنـدەکانی چاپ و پـەخش پەیدا بکـەین بـۆ ئـەوەی بتـوانین نووسـەرانمان لـەڕێگای ئـەو ڕێکخسـتنەی کـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری دەیکات، بتـوانین لـەو شـوێنانەدا گرێبەسـت بکـەین، بەرهەمـەکانی خۆمـان بەشـێوەیەکی تـر بفرۆشـین، نـەك چـەند کتێبێك لەکارتۆن دەکەین و لەوێ پیشانیان دەدەین، بەهـەمان شـێوە ئەمـە بـۆ نیشاندانی فیلمـەکانیش، ئـەو فیلمانەی کە کوردستانین جا چ کوردی بن، یاخود هی پێکهاتەکانی تری کوردستان بێت، یـاخود بتـوانین لـەو

شوێنانەدا ئێمەش بتوانین لەبازاڕەکانی جیهاندا شوێنمان دیار بێت، دەتوانم ئەمە بەو جۆرە دەربڕم، بڵێم هەوڵدان، یان دۆزینەوەی بازاڕی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان لەڕێگای پیشانگاو ڤستیڤاڵە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانەوە، یەکێکی تر لەو خاڵانەی کەوا پێم وایە زیاد بکرێت، ئەویش ئەوەیە گرنگیدانە بە ئەرشیفی نەتەوەیی، ئێمە یەکێك لەو کێشانەی کەهەمانە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەرشیفێکی نەتەوەییمان نیە لە کوردستاندا، چ لەناوخۆ بێت یان لەدەرەوە، هەرچەندە یەك تاکە حاڵەتمان هەیە، لەشاری سلێمانی ئەرشیفێکی نەتەوەیی هەیە، سەربە وەزارەتی ڕۆشنبیریشە، بەڵام وەکو پێویست کاری لەسەر نەکراوە، ئێمە ئەمڕۆ ئەگەر توێژەرێکمان بیەوێت توێژینەوەیەك بکات، جگە لەو ئەرشیفخانەی کە هەیە کە شەخصین یان زۆر بچووکن، ناتوانێ و شوێنێکی تر نیە هانای بۆ ببات، تا دۆکۆمێنتێ تێدا دەست بکەوێت، هەر بۆیە بەپێویستی دەزانین، کە ئەمە ئەرکی سەرشانی وەزارەتی ڕۆشنبیری بێت، یەکەم: کار بکات بۆ کردنەوەی ئەرشیفخانەیەکی نەتەوەیی لەنێو وڵاتدا، دووەم: لەپاڵ ئەمەدا کۆکرنەوەی هەموو ئەو ئەرشیفانەی لەناو وڵاتدان، لە فیلم، لە وێنە، لە شتەکانی تر، هەروەها هەوڵدان بۆ هێنانەوەی ئەو ئەرشیفانەی ئێمە، ئەو دەستنووسانەی ئێمە، ئەو پارچە کاغەزانەی ئێمە کەواهەمانەو لەدەرەوەی وڵاتن، بە پێی ئەو زانیارییەی کە هەمە لە ئەرشیفخانەکانی دەرەوە کە تێیان دەڕوانین، ژمارەیەکی زۆر زۆر هەیە تاکو ئێستا ساغ نەکراوەتەوە، بۆیە ئەمە پێویستی بەوە هەیە، کە بهێندرێنەوە ناو وڵات، یەکێکی تر لەو خاڵانەی کەوا پێم باشە زیاد بکرێت و ئەرکی سەرشانی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، ئەویش مەسەلەی گرنگیدانە بەڕۆشنبیری منداڵان، هەرچەندە ئێمە ئەگەر بێت و بواری ڕۆشنبیری پۆلێن بکەین، ناتوانین بڵێین ڕۆشنبیرییەکی پیرانمان هەیە، ڕۆشنبیرییەکی لاوانمان هەیە، ڕۆشنبیرییەکی ژنانمان هەیە، یاخود بەجۆرێکی تر، بەڵام ڕۆشنبیرییەکمان هەیە، ئەویش ڕۆشنبیری منداڵانە، هەربۆیە لێرەدا پێشنیاری ئەوە دەکەم، کەوا زۆر گرنگە ستراتیژێك هەبێت، بۆ ئەوەی گرنگی بدرێت بە ڕۆشنبیری منداڵان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تر، ئەو وەزارەتانەی کە کار لەسەر لایەنی منداڵان دەکەن، لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە ناحکومیەکاندا، دوا خاڵم دەتوانم بڵێم ئەوەیە کە پشتگیری تەواو لەو خاڵە دەکەم کە لیژنەی ڕۆشنبیری لەدوا خاڵیدا دەری بڕیوە کە ئەوەی سەبارەت بەو ماددەیە خوێندرایەوە، سەبارەت بە گرنگیدان بە زمانی کوردی، چونکە ئەگەر بێت و ئێمە زمانی کوردی گرنگی پێ نەدەین، زیندووی نەکەینەوە، نەیپارێزین، بەردەوام لە نوێبوونەوە نەبێت، پێم وایە یەکێك لەپایەکانی نەتەوایەتیمان لەنگ دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرگوڵ ڕەزا، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەزارەتێکی زۆر گرنگە، ئەرکەکانی زۆر پیرۆز وزۆر ستراتیژین، چونکە خۆی دەبینێتەوە لە داڕشتنی سیاسەتی ڕۆشنبیری و هونەری، هەروەها لەداڕشتنی وتارێکی ئەدەبی ڕەخنە گرانەو

وتـارێکی فکـری هاوچـەرخ، دیسـان ئـەم وەزارەتـە خزمـەت بـە سـامانی مرۆییمـان دەکـات، کـەلاوانن لـەڕووی جەستەیی، لەڕووی مەعنەوی، لەڕووی ڕۆحیـەوە، دیسـان ئـەم وەزارەتـە کاریگەرییـەکی باشـی دەبێـت لەسـەر تەشـکیل کـردن و داڕشـتنەوەی عـەقڵێتی تـاکی کوردسـتانی بەشـێوەیەکی زانسـتی و بەشـێوەیەکی واقیعـی و هاوچەرخ، کە لەگەڵ کیانی سەردەمدا بگونجێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، وەرە سەر ماددەکە بەقوربانی چاوە جوانەکانت بم، وەرە ماددە بەماددەی لەسەری بڕۆ، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆیە بەڕای من پێویستە ئەم ماددانە هەڵوێستەی جدییان لەسەر بکرێت، کە ئەمـەش کـارێکی پەرلەمانـە، لەڕووی فەنیـەوە منـیش لەگـەڵ ئـەوەدام کـە ئـەم ماددەیـە ئامـانج و ئەرکـەکان بگرێتـە خـۆی، بـۆ بڕگـەی یەکەم، (بنیادنان) باشە نەك (دابین کردن) چونکە بنیادنـانی ژێرخـانی پێویسـت، نـەدابین کـردن، چونکە دابین کردن بۆ وەسیلەیە، خاڵی دووەم، لەبەر ئەوەی بڕگەیەکی گرنگە من پـێم باشـە بکرێـت بەسـێ خـاڵ، 1- لەبڵاوکردنەوەو گەشـەپێدانی ڕۆشـنبیری کوردسـتانی بـەجۆرێك پارێزگـاری بکـات لەڕەسـەنایەتی، نـەك ڕەسەنی، چونکە ڕەسـەنایەتی مانـای ئەصیلیەتە، لەڕەسـەنایەتی و بـەهێزی بکـات، تـا بـواری ڕۆشـنبیری و وەرزش، 2- خـاڵی دووەم لـەوێوە دەسـت پێبکـات، جێبـەجێ کـردن و گەشـەپێدان بەنەرێتـە مـەدەنی و پێشکەوتووەکان لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە فرەفیکری و ڕۆشـنبیری و فـرە نەتـەوەیی و ئـایینی لەهـەرێمی کوردستاندا، 3- کرانەوە بە ڕووی سەرچاوەکانی ڕۆشنبیری جیهانی و گەشەپێدانی پەیوەندیی ڕۆشنبیریی و وەرزشی و چالاکی لاوان لەگەڵ کوردستانییەکانی وڵاتانی دراوسێ و هەندەران و ناوچەکانی دیکـە عێـراق و گەلانی ناوچەکەو جیهاندا، منیش لەڕووی فەنیەوە، لەگەڵ ئەوەدام کە بەنیزام ڕێك دەخرێت، ئەمە ماف و ئەرکـە، لائیحـەو نیـزام بـۆ تەشـکیلاتی وەزارەتـە، خـاڵی چـوارەم، بەڕاسـتی خـاڵی 4 و11 ئەگـەر دەمجیـان بکەین، ئەوە باشە، چونکە پەیوەندییەکی زۆر بەهێز هەیە لەنێوانیانـدا، هەماهـەنگی لەگـەڵ وەزارەتـەکان، لە 11 شدا نووسراوە بەشداری کردن، لەگەڵ وەزارەتەکاندا، بنووسین بەشداری کردن و هەماهەنگی لەگـەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ داڕشتنی پلانێکی نیشتمانیی کوردسـتانی تـا کۆتـایی، ئـەوەی چوارەمیشـی پێـوە بنووسـرێت، خـاڵی نۆیـەم، مەسـەلەی جەنـدەر، بـەڕێزان ئەمـە مەسەلەیەکە چ لەڕووی زمانەوانی چ لەڕووی چـەمك، چ لـەڕووی فکـری، چ لـەڕووی کۆمەڵایـەتی و ئـایینی، نامۆیە بەکۆمەڵگای ئێمە، وە تەفسیری جۆراو جۆر هەڵدەگرێت، کە پێچەوانە دەبێتەوە، لەگەڵ ئایینەکانی کوردستان و کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیری کوردسـتان ئێمـە چـەمکی تـرمـان هەیـە، کـە ئەو تەفسیرانە هەڵناگرێت، بۆیە مـن زۆر پشـتگیری ئـەو داڕشـتنە ئەکـەم، کـە لیژنەکـە دایڕشـتووە، بـەزیاد کردنی لە ئەرك و مافدا، واتە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ویەکسانی ڕەگەز یـان لـەنێوان ڕەگـەزە جیاوازەکـان

یان لەنێوان ژن و پیاو، لەناو کۆمەڵگاکەمان لەنێوان ئەرك ومافدا، پشتگیری ئەو دوو بڕگەیەش دەکەم لیژنەکە زیادیان کردووە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار گوڵیزار خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادراسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم خاڵی نۆیەم وشەی جەندەر من پێشنیار دەکەم کە لابرێت، ئاوا دابڕژێتەوە(بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ودادپەروەری ویەکسانی لەکۆمەڵگادا)لەبەر ئەوەی ئەم وشەیە، لەکاتی خۆی کێشەی لەسەر بووە، بۆیە لابرا، بۆیە من بەباشی نازانم کە دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دانا سعید، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صوّفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا دوای ئەو هەموو دەستخۆشیە، پێم وایە سووکە گلەییەك لە وەزارەتی ڕۆشنبیریش بکەین، لەبەر ئەوەی من پێم وایە دەکرا ئەو پڕۆژە یاسایە بەشێوەیەکی باشتر ڕەوانە بکرێت، بەتایبەتیش ئەوەی کەپەیوەندی بەزمانەوە هەیە، هەروەها ئەوەی کە پەیوەندی بەجیاکردنەوەی ئامانج و ئەرکەکانەوە هەیە، بەڕاستی لەیاسایەکدا ئاوا ئامانج و ئەرکەکان تێکەڵ بکرێت و هەروەها لە 14 خاڵیش دابڕێژرێت، پێم وایە لەڕووی فۆڕمەوە کەمێك ڕێك نیە، جوان نیە، بەهەرحاڵ بۆ ئەوەی لەو کێشەیە نەجاتمان بێت هەرچەندە لیژنەی یاسایی و لیژنەکانی تر پێشنیاریان کرد، کە ناوی فەصڵەکە بکرێت بە ئامانج و ئەرکەکان، بەڵام من هێشتا پێم وایە ئەوە عیلاجێکی زۆر باش نیە، بەپێی تێگەیشتنی من لەو 14 خاڵە، 4 خاڵی ئامانجن، ئەوانی تر هەمووی خورد کردنەوەی ئەو ئامانجانەیە، ئیش کردنە بۆ ئەو ئامانجانە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، خاڵی (1و2و3و9) ئەمانە بکرێن بە ئامانجی وەزارەت، خاڵەکانی تریش هەموویان بکرێن بە ئەرکەکانی وەزارەت، لەبەر ئەوە ئەگەر سەیری ئەو سێ خاڵەی یەکەم بکەین، هەروەها خاڵی 9یەمیش باس لەمەسەلەی یەکسانی جێندەر دەکات ئەویش یەکێکە لە ئامانجەکانی وەزارەت، هەمووی بەڕوونی هاتووە، ئەوانی تر هەمووی خورد کردنەوەیە، وەکو بایەخدان بەزمانی کوردی لەڕێگای وەرگێڕانەوە، لەڕێگای نووسینەوە، هەمووی بەو شێوەیە هاتووە، بەنیسبەت خاڵی نۆیەم، من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی گەشە خاندام، کە مەسەلەی یەکسانی جێندەرییەکە بمێنێت، بەو صیاغەی کەهاتووە، بۆیە من هەست دەکەم کەجۆرێك لەترس هەیە بەرامبەر بەو وشەیە، لەڕاستیدا ئەو زاراوەیە، یان ئەو وشەیە، وشەیەکی بێلایەنە هیچ عیلاقەی بەوە نیە کە تۆ ترسی ئایینی یان کلتوری یان شتێکی

تری لێ بکەیت، لەهەموو زمانەکانی دونیادا بەتایبەتی ئەوروپا، هەم لەبواری کوالێتی بەکار دێت، هەم لەمەجالی یاسایی بەکار دێت، کە مانای یەکسانی لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ دێت، جا بۆ ئەو ترسەمان ببێت؟، بۆیە من پێم باشە، ئەو وشەیەی تێدا بێت، بەنیسبەت صیاغە کردنەوەی ماددەکان، بەڕاستی من پشتیوانی ئەو داڕشتنەوانە دەکەم کەلیژنەی ڕۆشنبیری کردوویەتی، بەڵام هەندێ تێبینیم هەیە لەسەر داڕشتنەوەکەی ئەوانیش، بۆ نموونە لەسەر پێشنیاری ئەوەی کە داوا دەکەن، کە لەجیاتی بنیادنان بکرێت بە دابین کردن، من پێم وایە هەر بنیادنانەکە ڕاسترە، چونکە ژێرخان بنیاد دەنرێت، نەك دابین بکرێت، ئەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەنیسبەت خاڵی دووەم ئەکرێت ئەوەی جەنابی وەزیریش باسی کرد، مەسەلەی بایەخدانەکە، کەئەوان خاڵێکیان بۆ ئیزافە کرد، پێویست ناکات ئەو خاڵە ئیزافە بکرێت بەڵکو دەمج بکرێت، لەگەڵ خاڵی دووەم، تەنها ئەوە ئیزافە بکرێت بایەخدان بەزمانی کوردی و بە زمانەکانی تری نەتەوەکانی هەرێم، ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، خاڵی چوارەمی لیژنەی پەیوەندییەکان بەنیسبەت بە بزوتنەوەی دانان و وەرگێڕان، پێم وایە وشەی دانان تەرجومەیەکی حەرفی تەئلیفی عەرەبیە، ئێمە لەکوردیدا قەت ناڵێین من کتێبێکم داناوە، من وتارێکم داناوە ئێمە دەڵێین نووسیوە، من کتێبێکم نووسیوە، یاخود وتارێکم نووسیوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم لەجیاتی دانان، نووسین بەکار بێت، تێبینیەکی ترم لەسەر ئەوەی کە ئایا هەماهەنگی بێت یان هاوئاهەنگی بێت، بەڕاستی منیش لەگەڵ ئەو ڕایەم کە هەماهەنگی بێت، بەنیسبەت خاڵێکی تر لەئەصڵی پرۆژەکەدا هەیەو لە ڕاپۆرتی لیژنەی ڕۆشنبیریش هاتووە، باس لە مۆڵەتدان بە دەزگاو سەنتەری ڕۆشنبیری و تیپە هونەرییەکان دەکات، ئایا ئەو مەسەلەیە یەکلاکراوەتەوە، کە بەمۆڵەت دان بێت یان بەشێوازێکی تر بێت، ئەو پرسیارەم ئاراستەی جەنابی وەزیر دەکەم، من پێم وایە ئەو دووخاڵەی لەسەر زمانی کوردی باسکرا، کە ئیزافە بکرێت هەروەها خاڵی 16 و17 لە ڕاپۆرتی لیژنەی ڕۆشنبیری کە باسکرا، پێم وایە ئیزافەیە کە ئێمە باسمان کرد بایەخدان بەزمان لە بڕگەی دووەم باسمان کرد، بۆیە پێویست ناکات، خۆی ئەرکەکان و ئامانجەکان زۆر زۆر بەورد کراوەیی و درێژی هاتوون، بۆیە پێویست دەکات کەم بکرێنەوە نەك خاڵی تری بۆ زیاد بکەین، پیشتیوانی ئەو ڕایەی کاك حمە سەعید دەکەم کە بڕگەی 4 و 11 لەیەك بدرێت، لەبەر ئەوەی بەڕاستی هەمان شتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار بێریڤان خان، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان: لەبڕگەی شەشەم کەباس دەکات، بایەخدان بەکتێبخانە گشتیەکان و چالاکیەکان وهەروەها باسی ئەوەشکراوە بایەخدان بە سینەما، بەڕەئی من بایەخدان بە سینەما بەشێوەیەکی لاواز باسکراوە، پێویست بوو باس لەوە بکرێت کە دروست بوونی چەند هۆڵی سینەما

لەهەرێمی کوردستان، چونکە سینەما گرنگی زۆری هەیە بۆ ڕۆشنبیر کردنی خەڵك، بەپێی هەرێمی کوردستان هەست دەکەم، سینەما کەمە، ئەو ڕۆشنبیرییەی کەجاران هەمان بوو، بۆ سینەما ئێستا بەرەو نەمان دەچێت، بۆیە زیاد کردنی هۆڵی سینەما زۆر پێویستە، هەرچەندە لایەنی پۆزەتیڤی ڕۆشنبیری هەیە، هەروەها لایەنی پۆزەتیڤی کۆمەڵایەتیشی هەیە، زۆر خەڵك حەزدەکات، بۆ خۆی بچێتە سینەما فیلم ببینێت یان شتێکی دۆکۆمێنتی ببینێ لە سینەما، نەك لە تەلەفزیۆن بۆیە هەست دەکەم کە ئەوە گرنگیەکی زیاتری پێبدرێت، خاڵی سیازدەم: باس لەوە دەکات، ڕۆشنبیر کردن بە زیانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و مادده گورجکەرەکان و بەکارهێنانی لەبواری وەرزشیدا، ئەوەیان زۆر ڕاستە کە نابێ ئیزنیان پێ بدرێت کە بەکاری بهێنن، بەڵام ئێمە هەمووومان دەزانین ئەوانەی کە وەرزشمان خۆش دەوێت و حەزمان لێیە، بینیومانە کە بەکار هاتووە، بەس باسی ئەوە نەکراوە کە، ئەگەر بەکار هێنرا چی لێدەکەی، ئایا وەرزشوان دوور دەخەیتەوە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، یان هەتا هەتایە، یەعنی سزاکەی نەنووسراوە، چونکە ماددەی هۆشبەر ڕەنگە یاسای خۆی هەبێت، بەڵام هی گورج کەرەکان قەت گوێم لێ نەبووە لەهەرێمی کوردستان کە یاسای هەبێت، بۆیە ڕوونکردنەوەیەکی لەگەڵ بێت زۆر پێویستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەیمان عبدالکریم، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی دووەم، خاڵی یەکەم، یەکەم: بنیاتنانی ژێرخانی پێویست بۆ گەشە پێدانی بواری ڕۆشنبیری، هونەر، وا ئیقتراح دەکەم، کە ڕاگەیاندنی ئازادیشی بۆ زیاد بکرێت، لە توانا جۆربەجۆرەکانی لاوان لەهەرێمدا، خاڵی دووەم: ناڕێکی هەیە لە عیبارەکەدا، دووەم: بلاّوکردنەوەو گەشەپێدانی ڕۆشنبیریی کوردستانی بەجۆرێك، ڕەسەنی پتەوبکات، ئەوە یەعنی چی پتەو بکات، وای لێبێت بەجۆرێك کەلەپوورە ڕەسەنەکان بپارێزێت، لەبڕگەکانی کۆتایی، کوردستانییەکانی وڵاتانی دراوسێ ئەمە نابێت بوترێت لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان، هەندەران و ناوچەکانی دیکەی عێراق، دیسان گەلانی ناوچەکە هەر دووبارەیە، پێویست ناکات، خاڵی سێیەم: پشتگیر کردنی بزووتنەوەی دانان و وەرگێران و بلاّوکردنەوە لە هەرێمدا، لەهەرێمدا چەند دەزگایەکی چاپەمەنیمان هەیە، کەبەڕاستی پشتگوێ خراون، پاش ئەوەی کە مەسرەفێکی زۆری تێدا کراوەو مەسافەیەکی زۆریشیان داگیر کردووە، دوو چاپەمەنی زۆر گەورەمان هەیە لە هەولێر وسلێمانی، ئەگەر ئەوانە بەگەڕ بخرێنەوە هەم یاریدەدەر دەبن لەچاپ کردن و هەم ئەرکێکی زۆر زۆر گران دەگێڕنەوە بۆ کوردستان، ئەویش تەکلیفی ناردنە دەرەوەو چاپ کردنی تەکلیفەکانی ئاڵوگۆڕکردنی دراو وئەو شتانەیە، دووەمیان پشتگیری کردنی ڕۆشنبیران، ئەوجا لە نووسەر و ئەدیب وڕۆشنبیران زیاد بکرێت، ڕۆژنامەنووس و داهێنەران، لەڕێگای یاریدەدانی چالاکیەکانیان، چوارەم: هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و

لایەنــە پەیوەندیـدارەکان، لێـرە لایەنــە پەیوەندیـدارەکان، بـا دیـار بکرێــت، بـەڕەئی مـن ئـەویش وەزارەتــی پــەروەردە، جــەخت بکرێتــەوە (پــەروەردە، خوێنــدنی بــالا، تەندروســتی، دەســتەی مــافی مــرۆڤ و وەزارەتــی کۆمەڵایەتی و خێزان) ئەوە زۆر زۆر گرنگە کە ئەوانە دیـار بکرێـت، چونکە تواناکـانی گـەنجان ولاوان لـەو وەزارەتانەدا زۆر زۆر دیارە، پێنجەم: دانانی نەخشەی پێویست بۆ پشتگیری کردنی بزاڤی وەرزشی، هەروەها لە کۆتاییەکەیدا ناوی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان هاتووە، ئەمە بەستنەوەی بـە لیژنـەی ئۆلـۆمپی عێراقـی ودروست کردنی پەیوەندی بابلێین، دروست کردنـی پەیوەنـدی عێراقـی و کیشوەری وئینجا لەسـەر ئاسـتی جیهانی، ئەوە زۆر گرنگە، هەم کارئاسانیە بۆ بەشداری کردنی گەنجانی ئێمە لـە پیشـبڕکێ نێودەوڵەتیـەکان وجیهانیەکاندا، شەشەم: دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانی و ناوەندو، لێـرە خـاڵێکی زۆر گـرنگ هەیـە کـە یەکێك لەبرادەران ئاماژەی پێکرد، ئەرشیفی کوردستان، ئەگەر بێت و لەو خاڵە بکۆڵینەوە چی دەگرێتـەوە، دەست نووسە کۆنەکان دەگرێتەوە، بەڕاستی ئەو دەسـت نووسـە کۆنانـە ماددەیـەکی مێـژووی وزمانـەوانی و ئەدەبی وفیکری و زۆر زۆر شتی زانستی وردی زانایانی کـۆنی ئێمـەی تێـدا دیـاری کـراوە، مـن خـۆم لـەکاتی نووسینی نامەکەمـدا زۆر زۆر پێویسـتیم بـەوە هـەبوو، لـەکاتی کۆرساتیشدا بەڕاسـتی بـۆ دۆزینـەوەی هـەر دەست نووسێك لەوانە دەبوو بۆ حەوت گوند بگەڕاینایە تا ئەوانە بدۆزینەوە، جا بۆیـە ئەمـە پێویسـت بـە هەڵمـەتێکی نیشـتمانی دەکـات، ئـەو دەسـت نووسـانە کۆبکرێنـەوەو لەشـوێنێکی تایبەتیـدا هـەڵبگیرێن کـە تەنانەت نەشدرێنە دەسـت کـەس، بـەڵکو تەصـویر بکـرێن، ئـەم داواکارییـەم ئاراسـتەی وەزیـری ڕۆشـنبیری بەڕێز دەکەم، کە بەڕاستی بیکاتە خـەمی داهـاتووی و هەڵمـەتێکی نیشـتمانی بـۆ بکـات، خـاڵێکی تـر بـواری ڕۆشنبیری مندالان، مەبەست چیە لەمە، بـە هـەمان شـێوە بـە پرسـیار ئاراسـتەی جـەنابی وەزیـری دەکـەم، چۆن ڕێك دەخرێت، بـەچ شـێوەیەك؟، هـەر لـەو خاڵـەدا کەلـەپوور ومـافوور چـنین و تەبعـەن زیـاد کردنـی برگەی درووەمان، پیشەسازی دەستی میللی، ئەمە لەکاتێکدا بەگوێرەی ئەو خاڵە پشـتیگری لێدەکـەین و داوا دەکەین، کە کارا بکرێتەوە، لەهەمان کاتدا چەند کارگەیەکمان هەبوو دامانخست، بەڵکو هەدممان کرد، چۆن من پشتگیری لەمافوور چنین و درووەمان بکـەم لەکاتێکدا کـە کارگـەکانم داخسـتووە، جا بۆیـە دەبـێ ئەمـە خەمی گەورەی وەزارەت بێت بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتـی کاروبـاری کۆمەڵایـەتی کـە دامەزرانـدنی ئـەو کارگانە تەنانـەت ئەگەر بچووکیش بن بۆ پەرەپێدانی ئەو توانایانـە و لەهـەمان کاتـدا بەکارخسـتنی دەسـتی کار، دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجانمان بەڕاستی دەبێتە خزمەتێك بۆگەنجان بەشێوەیەکی زۆر ڕێك وپێك، تەبعەن ئەمە زۆر زۆر خـەڵکی ئارەزوورمەنـد هەیـە کـە حـەز بـەمافوور چـنین دەکـەن، حـەز بـە درووەمـان دەکـەن، تواناکانیـان هەیـە بـەس شـوێن نیـە، کـە تێیـدا تواناکانیـان پـەرە پێبـدەن، بـۆ پێشانگای کتێبـیش، تەبعەن پێشانگای کتێب، تەنها بۆ ئەوە نەبێت کـە دەزگا ناوخۆییـەکان چـەند دەزگایـەکی تایبـەت نـەبێت، بەڵکو با شامل بێت بۆ دەزگاکانی ناوخۆیی و هەروەها دەزگا دەرەکیە هادیفەکان، مەسەلەن بەڕاستی کتێبی خزمەتکـەری ڕۆشـنبیری و فکـری و ئـەخلاقی دەهێـنن، جیایـان بکەینـەوە، مەسـەلەن ئـەو پەیوەندییانـە دەیبەستین، لەگەڵ ئەو دەزگایانەدا بیبەستین کە بەڕاستی لەخزمەتی گەنجان ولاواندایە نەك شتی خەیاڵی

بێت، چونكە بەڕاستی من خۆم دەگەڕێم لەناو پێشانگاكاندا هەندێ شت هەیە هەر پێویست بەوجودی ناكات، هەروەها جەختیش بكرێتەوە لە هێنانی قاموس و سی دی وشتی وا كەو بەرنامەی زانستی جۆراو جۆری تێدا بێت، ئەمە پێویستی بەچاودێری كردن هەیە، بۆیە دەتوانین بڕگەی چاودێری كردنی ئەو پێشانگایانەشی بۆ زیاد بكەین، لەخاڵی هەشتەم: هەماهەنگی كردنی ئاژانسی هەواڵ و بلاّو كردنەوەی رۆژنامەو گۆڤارو پەخشی رادیۆو تەلەفزیۆن، بەمۆڵەتدان و چاودێری كردنی ئەو دەزگایانە، بەتایبەتی دەزگاكانی پەخش، بەڕاستی پرۆگرام و بەرنامەی وا پەخش دەكەن كە گەنجان ومنداڵەكانمان مەیلی خوێندنیان نەماوە، تەنها بایەخ بەهەندێ لایەن دەدەن، كە هەموومان ئاگادارین بەشێوەیەكی ڕاستی قسەی لەسەر بكەین، ئەگەر بێت و چاودێری لەسەر بێت، پرۆگرامەكانی دیاری بكرێت ئەمە خۆی لەخۆیدا خزمەتكردنی بلاّوكردنەوەی ڕۆشنبیرییە، بەنیسبەت خاڵی نۆیەم، لێرەدا بەهیچ شێوەیەك جنس جیا نەكراوەتەوە لەخاڵەكانی پێشوودا، بەڕای من ئەمە شتێكی زیادە كە جیا نەكراوەتەوە، ئەوە بۆ عامە بۆ نێر و مێ، ئەو خاڵە زیادە بۆ وابێ بێ جیاوازی جەندەری هەموو شتەكە هەر بێ جیاوازی جێندەرییە، بۆیە ئەو خاڵە زیادە، بەنیسبەت خاڵی دەیەم ویازدەیەم، ئەو دوو خاڵە دەتوانین لێكیان بدەین، 11یەم پێش بخرێت، بەشداری كردن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكان، تەبعەن لە داڕشتنی پلانێكی نیشتمانی، دەیەمیش: دانانی بەرنامەی تایبەت، ئەو پلانی نیشتمانیە، بەرنامە تایبەتەكەش دەگرێتەوە، بۆیە بەڕای من لێكبدرێن باشترە، خاڵی دوازدەم/ زۆر زۆر پشتگیری لەو خاڵە دەكەم، ئەویش بایەخدان بەخاوەن پێداویستیە تایبەتەكان وكاركردن بۆ بەرزكردنەوەی لێهاتووییان و تێكەڵ كردنیان بەخەڵكی ئاسایی، بەڕاستی ئەوە لەپێناو خزمەتی خەڵكی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبێت، كە خۆیان مرۆڤن و كەموكورتیەكیان تێدایە هی خلوقی كە تێكەڵی خەڵكی ئاسایی دەبن ئەو شتەیان لەبیر دەچێت و ئەو هەلەیان بۆ دەڕەخسێت كە دووبارە تێكەڵی خەڵك ببن، لەخاڵی سیازدەم: ڕۆشنبیری كردن، بەزیانی بەكارهێنان، ئەمە چاككراوەتەوە ئاگاداری كردنی ئەوانە، لەڕێگای چی؟، ئیقتراح دەكەم ئەوەی بۆ زیاد بكەین، لەڕێگای كردنەوەی ووِرك شۆپ بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێكخراوە مرۆییە پەیوەندیدارەكان و بەرنامەی تەلەفزیۆنی لەكەناڵە جیاجیاكاندا، بەڕاستی هێنانی پسپۆڕی جیاجیا، دەتوانن بەو كارە هەستن و بەو هۆشیارییە، چونكە ئەمڕۆ گرنگیەكی زۆری پێبدرێت، چونكە بە نەخۆشی عەصر دادەندرێت، دەبێت زۆر زۆر لەوە گرنگتر بێت كە تەنها لەخاڵێكی كورت لێرە باسمان كردووە، پشتگیریش لەوە دەكەم كە كەرتی تایبەت دەزگای هەبێت، بەڕاستی لە بواری چالاكی هونەری وڕۆشنبیری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دكتۆرە پەریهان، فەرموو.

**بەڕێز د. پەریهان محمد قوبلای:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن تەئیـدی قسـەکانی عەزیمـە خـان، دکتـۆر شـاهۆ دەکـەم، ئەگـەر بەماددەیـەك ئیزافـە بکرێـت، ئـەوەی گرنگیدان و بایەخدان بە ڕای جیاواز و وتاری ڕەخنەیی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆربەی قەسەکانم کراون، بەس هەندێ خاڵی کـەمم هەیـە، یەکـەم: پشـتگیری هاوڕێیـانی پـێش خـۆم دەکەم، بەتایبەتی عەزیمە خان و دکتۆر شاهۆ، کە ئەو دوو بڕگەیەی باسیان کرد ئیزافەی ماددەکە بکرێت، ئەگەر بکرێت داوایـان لـێ بکـەن کـە بۆتـان بنێـرن بەنووسـین، هـەروەها داوا دەکـەم بڕگەیـەکی تـر ئیزافـە بکرێـت بـەم شـێوەیە( وەزارەتـی ڕۆشـنبیری کـار بکـات بـۆ ئاسـانکاری پێـدانی زانیـاری بـۆ ڕۆژنامەنووسـان لەسەرجەم فەرمانگە حکومیەکاندا)بەتایبەتی کە ئێستا لەهەرێمدا یاسایەك نیـە بـۆ پێـدانی زانیـاری هـەتا ئـەو کاتـە ئەمـە یـەکێك بێـت لـە ئەرکـەکانی وەزارەت، مـن تێبینیـەکم هەیـە ئـەویش ئەوەیـە لـە ئـەرك و ئامانجەکانی یاساکەدا زۆر کەم گرنگی بە ڕاگەیاندن دراوە، کە من پێم وایە بوارێکی زۆر گرنگـە، دیـارە مـن بۆخۆم لەگـەڵ ئـەوەدام وەزارەت سیاسـەتەکەی وابێـت کـە زیـاتر ڕاگەیاندنـەکان سـەربەخۆو ئـازاد بـن، مـن لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ڕاگەیاندن موەجـەهـ بێـت، بـەڵام دەکرێـت وەزارەت سیاسـەتێکی وا پـەیڕەو بکـات کـە ڕاگەیاندن لەم هەرێمەی ئێمەدا لە ڕاگەیاندنێکی موەجەهەوە بگۆڕێت بۆ ڕاگەیاندنێکی ئـازاد و سـەربەخۆ، بۆیە پێشنیار دەکەم لەچەند بڕگەیەکدا ڕاگەیاندن ئیزافە بکرێت، بـۆ نموونـە لەبڕگـەی یەکەمـدا، ئـەکرێ لەدوای ڕۆشنبیری ڕاگەیاندن زیاد بکرێت، چونکە وەکو باسم کرد بوارێکی زۆر گرنگە، زۆر تەهمیش کـراوە لەئەرك و ئامانجەکانی یاساکەدا، هەروەها لەخاڵی دەیەم، بەهەمان شێوە ڕاگەیاندن زیاد بکرێت هەروەها لە بڕگەی پازدە، ڕاگەیانـدن زیـاد بکرێت، بـەڵام لەگـەڵ ئـەو صیغەیەی لیژنـەی ڕۆشـنبیریدام کـە صیغەکەی بگۆڕدرێت، بەڵام ڕاگەیاندنی بۆ زیاد بکرێت، دواین شتم پرسیارێکە لەبـەڕێز وەزیـری ڕۆشـنبیری، ئـەویش ئەوەیـە کـە ئایـا چارەنووسـی فەرهەنگخانـەکان چـیان لێهـاتووە؟، دیـارە لـە کابینـەی پێشـوودا کۆمـەڵێك فەرهەنگخانـە هـەبوو، ئایـا ئـەم فەرهەنگخانانـە نـەماون؟، ئەگـەر مـاون بـۆ لەئـەرك و ئامانجـەکانی ئـەم وەزارەتەدا هیچ باسیان نەکراوە؟، بۆ پیشخستنی یان بۆ بەرەوپێش بردنی، بۆیە من پێم وایە ئەگـەر مـاون ئەبێ بڕگەیەك لێرە باس لە ئەرکی وەزارەت بکات بەرامبەر بەو فەرهەنگخانانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شێردڵ تەحسین، فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تەحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی دەبێ ئێمە سەیری ئەرکەکان بکەین، دەبینین تێکەڵیەکی زۆر هەیە، لەڕیز کردنـی خاڵـەکان، وەکـو ئاشکرایە لەکوردستان تەنها وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان کاری جێبەجێ کردنی خواستی ڕۆشـنبیری ولاوان و هونەرمەنـدان تاڕادەیـەکیش وەرزشـوانان دەکات، بۆیـە پـێم وایـە ئەوەنـدە دووبـارە بوونـەوەی ئـەو شـتانە زیادەیە، بێینەوە سەر خاڵی پێنجەم: نەخشەی پێویست بۆ پشتگیری کردنـی بزاڤـی وەرزش بەهەماهـەنگی لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانی، من لێرە ئیقتراحێك دەکەم، یان هەر دەزگایەکی وەرزشـی بـالآ دامـەزرا لـە کوردسـتان، چـونکە لیژنـەی ئۆلـۆمپی تـا ئێسـتا پـڕۆژە یاسـای نەهاتووەتـە پەرلـەمانی کوردسـتان، ئیحتیمالیشە لە پەرلـەمان لەسـەر نـاوی لیژنـەی ئۆلۆمپی موافەقـە نەکرێـت، نـاوێکی تـر بێـت، بۆیـە مـن بەپێویسـتی دەزانم هـەر دەزگایـەکی وەرزشـی بـالآ کـە لەکوردسـتان دامـەزرا، چـونکە لیژنـەی ئۆلـۆمپی دەزگایەکی شوبە ڕەسمیە، ئەگەر ئیجازەی نەبێت لە لیژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی ناتوانێ کار بکات لـەهێچ وڵاتێك، کەسیش نـاتوانێ تێکـەڵی ئـەو لیژنـەی ئۆلۆمپیـە ببێـت، چ حکومـەت، چ حکومـەتێکی تـر نـاتوانێ تێکەڵی ببێت، تاکو ئێستا یەکێتیەکانیش کە هەڵبژاردن دەکەن کەس بۆی نیە، هـیچ حکومـەتێك بـۆی نیـە تێکەڵی ببێت، نموونەش ئەوەیە یەکێتی تۆپی پێـی عێراقـی ئـەوە دوو سـاڵە دەیانـەوێت هەڵبـژاردن بکـەن، لیژنـەی تـۆپی پێـی دەولـی ناهێڵێـت هەڵبـژاردن بکرێـت، حکومـەت بەهـەموو هـەوڵێکی خـۆی هەوڵـدەدات نـاتوانێ هەڵبـژاردن بکـات، بۆیـە لیژنـەی ئۆلـۆمپی دەولـی چـوار سـاڵ جارێـك هەڵبـژاردنی بـۆ دەکرێـت، لیژنەیەکی شوبە ڕەسمیە، سەر بەهێچ جیهەتێك و حکومەتێك نیە، بەنیسبەت خاڵی شەشەم:دامەزرانـدنی کتێبخانەی نیشتمانی ئێمـە لەپێکهاتـەی وەزارەت بەڕێوەبەرایەتییـەکی گشـتیمان هەیـە، هـی کتێبخانـەکان، بۆیە ئەو خاڵە زیادەیە ئەگەر بکرێت لابرێت، لەخاڵی هەشتەم، هەندێك تێکەڵی هەیە، لێرەدا مـن پرسـیار لەجەنابی وەزیر دەکەم، دەڵێت مۆڵەتدان بە دەزگاو سەنتەری رۆشنبیری و تیپی هونـەری و یـەکێتی، ئـەوە یەکێتی وەرزشیەکانە یان یەکێتی ترە، ئەبێ تەحدید بکرێت یەکێتی وەرزشی سەر بەلیژنـەی ئۆلۆمپیـە، چ یەکێتیەکـە؟، ئـەوە کـە مۆڵـەتی پێـدەدەرێت، یانـە وەرزشـی و میللیـەکان، ئێمـە یانـەی میللیمـان هەیـە بـۆ وەرزش، هەمانە بۆ هونەری، کامە دەگرێتەوە؟، لەکۆتاییدا من هاندانی کـەرتی تایبـەتی زۆر بـەباش دەزانم کە هان بدرێت بۆ کەرتی وەرزشی و بۆ کەرتی هونەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دکتۆر ئەحمەد وەرتی، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی دووەم، بەڕاستی دیارە ئەو ماددەیـە جەوهـەری یاساکە پێکدێنێت، زۆر گرنگـە، منـیش چەند تێبینیەکم هەیە، سەبارەت بەناونیشانی ماددەکە، منـیش لەگـەڵ ئـەو بەڕێزانـەدام کـە ناونیشـانەکە

بكرێت بە (اهداف ومهام الوزارە)چونكە خۆی ئەهدافی وەزارەتە دوایی ئەبێت بە ئەركی وەزارەت كە جێبەجێی دەكات، لەبەر ئەوە هەرچەندە لەماددەكەدا ئامانج و ئەركەكان تێكەڵ كراوە، بەڵام دەكرێ ئەگەر تێكەڵ كردنەكەش هەبێت، لەپێشدا ئەهدافەكە پیش بخرێت دواتر مەهامی وەزارەت كە جێبەجێی دەكات، سەبارەت بە خاڵی یەكەم، لەگەڵ ئەوەدام كە كەلیمەی (اهتمام) بكرێت بە (بنیادنان)دیارە ئێمە لە لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوار، وامان پێشنیار كرد كەدابین كردن بێت، بەڵام وەكو هەندێ لە بەڕێزان ئاماژەیان پێدا بێم وایە بنیادنان باشترە، لەجیاتی دابین كرد، لەكوردیەكەشدا پێم وایە هەر وا هاتووە، بەڵام جیاوازییەك لەنێوان دەقە عەرەبیەكەو دەقە كوردییەكە هەیە، لە عەرەبیەكەدا دەڵێت(الاهتمام بالبنية التحتية) بەڵام لە كوردییەكەدا دەڵێت (بنیاتنانی ژێرخانی پێویست)(اهتمام)گرنگیدانە، بەڵام كوردیەكە (بنیادنانە)پێم وایە ئەمە باشترە، واتە ببێت بە(بنیاتنانی ژێرخانی پێویست بۆ گەشە پێدانی بواری ڕۆشنبیری، هونەر، وەرزش و تواناكانی لاوان، لە هەرێمدا) تا دوایی، سەبارەت بە بڕگەی ثانیاً: نشر وتطوير الثقافة الكوردستانية بما يرسخ الاصالة والحفاظ على التراث)ئەمە ئەم بڵاوكردنەوەو گەشەپێدانی كلتووری كوردستانی بەجۆرێك كە ڕەسەنایەتی پتەوبكات وكەلەپوور بپارێزێت، من پێم وایە ئەم دەستەواژانە تۆزێك بەكورتی باس كراون بەڕاستی، وەكو مامۆستا عومەر نورەدینی باسی كرد، ئێمە هەندێ داب و نەرێتی ڕەسەنی كوردەواریمان هەیە، ئەمانە پێویستە لەپاڵ داب ونەرێتە ئایینیەكاندا ئاماژەیان پێ بدرایە، مەگەر ئایین بەشێكی گەورە لە كلتووری گەلانی جیهان پێك ناهێنێت؟، ئەمانە پێویستە گرنگییان پێ بدرێت، یەعنی پرسە نیشتمانیەكان، نەتەوەییەكان، لەگەڵ ئایینیەكان، بەڕاستی ئەوانە گرنگ بوون كە ئاماژەیان پێبدرایە، چونكە ئەم وەزارەتە، وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوانی میللەتێكە كەداب و نەرێت و كلتووری تایبەتی ڕەسەنی خۆی هەیە، چ لەبواری نیشتمانی ونەتەوەیی چ لەبواری ئایینیش، سەبارەت بەبڕگەی نۆیەم، منیش لەگەڵ ئەوەدام كە بەڕاستی وشەی جێندەر كەلە كوردییەكەدا هاتووە لەعەرەبیەكەدا نەبێت، لەبەر ئەوەی تائێستا پێناسەیەكی ڕۆشن نیە، بۆ ئەم زاراوەیە، ئەگەریش مانای جنس لە عەرەبیدا دەگەیەنێ، ئێمە لەكوردیدا وشەی ڕەگەزمان هەیە، ئەگەر چی ئێمە لە تەبەنی كردنی پڕۆژە یاساكاندا دەقە عەرەبیەكان دەكەین بە ئەصڵ، لە عەرەبیەكەدا دەڵێت (والعمل من اجل نشر ثقافة المساواة بين الجنسين في المجتمع) ئەصڵەن وشەی جێندەر لە عەرەبیەكەدا نەهاتووە، ئیتر بۆ ئێمە لەكوردیەكەدا بیسەپێنین، بەڕاستی ئەگەر وشەی مساوات لە عەرەبیەكەدا ئێمە ماناكەی بكەین بە جێندەر لەكوردییەكەدا ئەوە مساوات مانای جێندەر نیە، مانای یەكسانیە، ئەگەر مانای جنس ئەگەیەنی ئەوە ئێمە ڕەگەزمان هەیە لەكوردییەكەدا، بۆیە من پێشنیارەكەی لیژنەی ڕۆشنبیری تەبەنی دەكەم، بەڵام بەجۆرێك كە هەندێ زیادو كەمی تێدا بكرێت، من لەگەڵ ئەوەدام، كە وشەی دادپەروەری بۆ زیاد بكرێت، لەگەڵ وشەی یەكسانیدا، واتە بەم شێوەیە بێت، (تاسعاً: الاهتمام الخاص بمجالات الثقافة والفنون والرياضة النسوية، والعمل من اجل نشر العدالة والمساواة في المجتمع) ئەصڵەن پێم وایە جنسینی هەر ناوێت، چونكە ئەم وەزارەتە گرنگی بەهەردوو جنس دەدات، جیاوازییەكی

نەكردووە لەنێوان ڕەگەزی نێر ومێ ئیتر بۆچی ئێمە لێرەدا جیای بكەینەوە، ئەگەر هەر هەشبێت ئەوەی كە لە پێشنیارەكەی لیژنەی پەیوەندییەكان هاتووە، (وإتاحت فرص متساويه بين الجنسين في المجتمع) ئایا ئەم ڕەخساندنەی دەرفەتی وەك یەك لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێ لەناو كۆمەڵگادا لە چ شتێكدایە؟، چونكە ئەمە دیاری نەكراوە بەڕاستی، ئایا ئەمە لەگەڵ هەندێ یاسای تری كۆمەڵگای ئێمە تێك ناگیرێ بەتایبەتی لە ڕووە ئایینیەكەیەوە؟، ئێمە كۆمەڵێك قیەم و بەهامان هەیە، كە بەڕاستی هەم دینی و هەم كۆمەڵایەتی ناكرێت بەئاسانی دەست بەرداریان بین، ئەگەر ئەم بڕگەیە هەر بمێنێ دەكرێ دیاری بكرێت ئایا ڕەخساندنی دەرفەتی یەكسان لەنێوان ژن وپیاودا لە چ شتێكدایە، یەعنی زۆرجار باس لەوە دەكرێت، ڕەخساندنی دەرفەتی كار بۆ نموونە، لەبوارێك لەبوارەكاندا بۆ توێژێكی تایبەت، لێرەدا دیاری نەكراوە، ئەم دەرخساندنی دەرفەتی یەكسانیە بۆ هەردوو ڕەگەزەكە لەچیدا دەبێت؟، ئێمە لەهەموو شتێكدا ناكرێت، چونكە لەگەڵ كۆمەڵێ یاسای تردا كەنافیزە لەوڵاتی ئێمەدا پێم وایە تێك دەچێت، ناكرێت، دوا تێبینیم سەبارەت بە بڕگەی سیازدەهەم: كەباس لە وشیار كردنەوەی لاوان دەكات بە زەرەرەكانی بەكار هێنانی ماددەی هۆشبەر لەكۆمەڵگادا، بەڕاستی من پێم باشە كە مەوادی كحولیشی بۆ زیاد بكرێت، چونكە بەڕاستی ئەمڕۆ مەوادی كحولیش بووەتە دیاردەیەك كە گەنج و لاوەكانمان پێی ئالۆودە دەبن، ئەگەر تەنها لێرەدا زۆر جار تەنها پێناسەی مەوادی هۆشبەر، تەنها بۆ ئەو مەوادە موخەدیرانە كە لەو ئەخیرانە پەیدا بووە بەكار دەهێنرێت، وەكو تلیاك و هیرۆین وحەشیش، بەڵام بەڕاستی مەوادی كحولیش مەوادی هۆشبەرە، ئەمە زۆرجار دەبێتە دیاردە كەلاوان پێوەی ئالۆودە دەبن، ئەبێتە بەشێك لە ئەركەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری كەلاوان هۆشیار بكاتەوە كە ئالۆودە نەبن بەو مەوادانەوە، من پێشنیار دەكەم داڕشتنەكەی بەو شێوەیە بێت: (التوعية بمضار استخدام المواد المخدرة والكحولية في المجتمع، ومنع استخدام المواد المنشطة والمحظورة دولياً في مجال الرياضة بالتنسيق مع الوزارات الخاصة) چونكە وەزارەتی تایبەتمەندمان هەیە، وەكو وەزارەتی پەروەردە، ئەوقاف، كاروكاروباری كۆمەڵایەتی، تەندروستی، كە پەیوەستن بەمەسەلەی لاوان لەكۆمەڵگادا، ئەكرێ بەهەماهەنگی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەگەڵ ئەو وەزارەتانەدا كار بكات بۆ هۆشیاركردنەوەی لاوان بۆ دوور كەوتنەوە لەو مەوادە زیان بەخشانە، كە زەرەریان بۆ خۆیان و ئایندەو كۆمەڵگاش هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عومەر عبدالعزیز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاء الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاتەكە تەئخیر بوو، ڕەنگە تێبینیەكانیش زۆر بن، من ئەوانەیان دووبارە ناكەمەوە غەیری تەئكید كردنەوەو تەسنیە كردن نەبێت، بەڵام تێبینیەكی نیزامیم هەیە لەسەر موداخەلەكانی هەموومان، ئایا ئێمە لەسەر دەقە عەرەبیەكە موداخەلە بكەین یان لەسەر كوردییەكە؟، ئەم گرفتە داواكارم لیژنەی یاسایی

یان سەرۆکایەتی چارەسەری بکات، چونکە هەندێکمان لەسەر عەرەبیەکە تێبینی دەدەین و هەندێکیشمان لەسەر کوردییەکە، کە ڕەنگە دوایی بۆ دارشتنەوە گرفتمان بۆ دروست بکات، پاشان لە خوێندنەوەی کاك کاردۆ من لەگەڵ عەرەبیەکە بەراوردم کرد، زۆر جیاوازی هەیە، لە دەستەواژە لە تەعابیر، تەنانەت لە هەڵبژاردنی وشەکانیش، هەندێ جاریش رستەکان وەك پەڕاندنی هەندێ وشە، کە وابزانم ئەوە دەبێ حەسمی بکەین، سەبارەت بە یاساکە من ڕاستەوخۆ دەچمە سەر خاڵەکان، خاڵی یەکەم: گۆڕینی عیبارەتەکەم بەم شێوەیە پێ باشە الاهتمام بالبنية التحتية المطلوبة ئەوەی ناوێت یەکسەر بووتریێت(تطوير بالبنية التحتية المطلوبة في مجالات الثقافة والفنون والرياضة وصقل طاقات الشباب في الاقليم)، خاڵی دووەم: سەرەتا پشتگیری کاك عومەر نورەدینی دەکەم، مەسەلەی هویە، یان پێناس و شوناس لەکوردی کە بەکاری دێنین، مەسەلەیەکی گرنگە، بۆیە لەوێ جێگام کردۆتەوە، ئەگەر لیژنەی یاسایی بەڕێز ئیزافەی بکات، ثانياً: نشر وتطوير الثقافة الكوردستانية بما يرسخ الهوية والاصالة) هەروەها لەخاڵی سێیەم، پێم باشە دەعم و پشتیوانی لە مەڵبەندو سەنتەرەکانی توێژینەوە بکرێت، مادام ئەو بڕگەیە باس لە (دعم وتشجيع حركة التاليف والترجمة والنشر في الاقليم، وتشجيع وتكريم الكتاب والادباء والفنانين ....... الى الخ) کەلیمەی مەڵبەند وسەنتەرەکانیشی تێدا بێت بۆ پشتیوانی لێکردنیان، هەروەها پشتیوانی لە لیژنەی یاسایی دەکەم، کە دەڵێن (ينظم بنظام) نابێت چونکە خۆی تەعلیماتە،

ڕەنگە هەر پێویست نەکات لەوێدا هەبێت، (ضوابط خاصة) بکرێت بە تەعلیمات یان هەر لابرێت، بەنیسبەت بڕگەی پێنجەم: من وا دەزانم ئەو بڕگەیە، (لدعم الحركة الرياضية والنشاطات الشبابية) ئەوانە زیادە چونکە لە بڕگەی سێیەم هاتووە، بۆیە حەزف بکرێت، لە بڕگەی شەشەم: پشتیوانی لە کاك فازڵ بەشارەتی دەکەم، بەنیسبەت مەسەلەی مەختوتات و دەستنووسەکان، وابزانم هەندێ برای تریش باسی کرد من لەدەرەوە بووم، زۆر گرنگە کە ئیزافە بکرێت لەو بڕگەیە یان لەبڕگەی سێیەم لە باسی (دعم و تشجيع)دا، چونکە لە پڕۆژە یاسای وەزارەتێك کە تایبەتە بەوانە جوان نیە باسی دەستنووسەکانی کوردستانی تێدا نەبێت، لەگەڵ ئیزافە کردنی وەسائیقی مێژوویش، بەڵگەنامە مێژوویەکانی پەیوەندیدار بەدانیشتوانی کوردستان و جوگرافیای کوردستان پێویستە ئەوەشی تێدا بێت، هەر لەو بڕگەیەدا، وشەی(وصناعة السجاد) من ئەوەم پێ زیادە، چونکە باسمان لە سەناعاتی شەعبی و دەستی کردووە، بۆیە پێویست ناکات باسی ئەو نموونەیە بکەین، چونکە نموونەیەکی جزئیە لە کارە گشتیەکەدا، دووبارە لە بڕگەی حەوتەم: وتشجيع ودعم نشاطات وفعاليات منظمات المجتمع المدني الخاصة بهذه المجالات....... الى الخ) پێم وایە ئەوەش زیادە، چونکە لەخاڵەکانی تر باسی دعم وتشجیعمان کردووە، ئەگەر لیژنەی بەڕێز لێی ورد ببنەوە، بڕگەی حەوتەم دووبارەی زۆری تێدایە، لەگەڵ بڕگەکانی تردا، لە بڕگەی هەشتەم: تێبینیەکم هەیە کاتی هاتووە باسی بکەین (ومنح اجازات العمل الخاصة عبر التنسيق) من تێناگەم لەمەبەستی داڕێژەری ئەو بڕگەیە، بەڵام ئەمەوێت لێرەدا ئاماژە بە موعاناتی ڕێکخراوە مەدەنیەکان و ئەو هاووڵاتیانە بکەم کە داوای مۆڵەت دەکەن بۆ کردنەوەی سەنتەرو مەڵبەندە ڕۆشنبیری و فکرییەکان، کە بەداخەوە

موعاناتێكی زۆر لەكوردستان هەیە، لە بەر ڕۆتین و ئەو كەلیمەی تەنسیقەی لایەنی پەیوەندیدار كە لێرەدا وتراوە، كە خۆمان دەزانین كە دەچیتە تەفصیلاتەوە دائیمەن گرفت دروست دەبێت، من بۆخۆم یەكێكم لە زەحایەی ئەو حاڵەتە، كە دوو ساڵە سەنتەرێكی باس وتوێژینەوەمان پێشكەش كردووە، تا ئێستا نەمانتوانیوە مۆڵەت بەدەست بهێنین، تۆ حساب بكە سەرۆكی فراكسیۆنێك ئەوە حاڵی بێت، ئەی ئەبێ هاووڵاتی تر چ حاڵەتێكیان هەبێت بەدەست مۆڵەتەوە؟، بۆیە من داوا دەكەم ئەمە ببێت بە تایبەتمەندییەكی وەزارەتی ڕۆشنبیری و هیچ باسی تەنسیق و ئەو شتانەی تێدانەكرێت، تەنها شتێكی ڕۆتین بێت بۆ داواكردنی مۆڵەت، چەند مەرجێك دابندرێت وئەو مەرجانەی جەنابیان دایان ناوە تێیدا بێت، پێویست ناكات بەم هەموو تەعقیداتەی كە ئێستا ڕەنگە ئێرە جێگای نەبێت، هیوادارم وەزارەت ئەم خاڵە بەهەند وەربگرێت، چونكە موعاناتێكی زۆری هاووڵاتیانی كوردستانە، بەنیسبەت بڕگەی دەیەم، لە بڕگەی یەكەم و سێیەمیش هاتووە باسی مجالات المختلفە، دووبارە بووەتەوە، خاڵی ئەخیر ئێمە بەداڕشتنی كەلیمەی شەباب و تەعریفمان بۆ شەباب كە بەداخەوە، كەوتە دەنگدان من ناچمەوە سەری هەرچەندە من بۆ بەڕێز وەزیرم نووسی، ئەمە گرفتمان بۆ دروست دەكات، ئێستا لەم یاسایە هیچ باس لە مێردمنداڵ نەكراوە، كەئەمانە هەمووی دەستەواژەن و تەعریفاتی خۆیان هەیە، یەعنی لە لاو بەرەوخوار 14 ساڵ بەرەو خوار جێگای چیە لەم یاسایەدا؟، كە بەشێكی هەرە سەرەكین لە كۆمەڵگای كوردستانیدا، ئەگەر دەڵێت ماددەكانی تر دەیگرێتەوە، ماددەكانی تر مەگەر ئیزافەی بكەین ئەگینا نایانگرێتەوە، چونكە ئێمە بەو تەعریفەو بەو تەحدیدە گرفتێكمان بۆ خۆمان دروست كرد، چۆن ئەو بۆشاییە پڕ دەكەینەوە، من نازانم، دوو پێشنیارم هەیە بۆ كۆتایی، بۆ ئەوەی ئیزافە بكرێت، یەكێكیان نازانم برادەران باسیان كرد كەمن لێرە نەبووم، مەسەلەی یەكخستنەوەی زمانی یەكگرتووی كوردستان، یان زمانی ستانداردی كوردی، من شتێكم داڕشتووە، ئەگەر ئیجازە بدەن پێویستە ئەم مەوزوعە حەسم بكرێت، چونكە ئێستا كاتی هاتووە، ئەمەش ئیشی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، بەم عیبارەتە دەكرێت، ئەگەر بەڕێزان ڕازی بن بۆیان دەنێرم، (هەوڵدان بۆ یەكخستنەوەی زمانی ستانداردی كوردی لەبڵاوكراوەو نووسراوە فەرمیەكانی دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا، هەروەها یەكخستنەوەی دەستەواژەو زاراوە بەكارهاتووەكان، لەبڵاوكراوە فەرمییەكاندا، ئەمە بكرێت بەئەركێكی سەرشانی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ ئەوەی بۆ قۆناغی داهاتوو بەلانی كەمەوە بوترێت هەنگاوێكمان ناوە، تێبینیەكی زمانەوانیم هەیە عەرزی لیژنەی یاسایی دەكەم، كەلیمەی (المختلفة) یەكێكە لە غەڵەتە شائیعەكان، كە دەوترێت المجالات المختلفة، خۆی ئەبێ بوترێت المتنوعە، نەك موختەلیف، چونكە موختەلیف نین، ئەگەر مەبەست لە تەعەددودو تەنەوعە، ئەوە ئێستا لە موصتەڵەحە عەرەبیە دەولیەكاندا كەلیمەی موختەلیفە هەر لابراوە، هەرچی باسی تەعەددودو تەنەوعمان كرد بكرێت بە متنوعە، دواخاڵم پشتگیرییە لە ڕەئی كوێستان خان، بۆ مەسەلەی پێدانی زانیاری كە بكرێت بەئەرك وبدرێت بە میدیاكان و ناوەندە ئەكادیمیەكان و توێژەرو لێكۆڵەرەكان كە زۆر گرنگە، ئەگەر بە گشتیش بۆ هاووڵاتیان مافیان نەبێت بۆ بەعزێ شەرائیح زۆر گرنگە كە وەزارەتی

**ڕۆشـنبیری بیکـات بەئـەرك و مەرکـەزێکی کۆکردنـەوەی زانیـاری هـەبێت، لـەوێوە بتـوانین زانیارییـەکان بگەیەنین بەوکەسانەی کە پەیوەندیدارن و پێویستیانە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، ڕێزدار دکتۆر صباح، فەرموو.**

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**زۆربەی قسەکانی من کران، بەس تەنها دەمەوێت ئاماژە بدەم بە ئەو ماددەیەی کە قسـەی لەسـەر دەکـەین، بەڕاستی زۆر موفەصەڵەو زۆر تـەداخولی تێدایـە، ئـەکرێ هـەم کـورت بکرێتـەوە هـەم بڕگەکانیشـی کـەمتر بکرێنەوە، بۆیە ئەو ئیقتراحە دەکەم، کە صیاغەیەکی تازەی بۆ بکرێت بەشێوەیەك کە ئەرك و مەهامەکان لەیەکتری جیا بکرێتەوەو لە کۆتاییشدا بەیەك دێڕ مەوزوعەکە حەل بکرێت لەباتی ئەو ووِرك شۆپ وئـەو ئامرازانەی کەباسکراوە، هەر بوترێت(السعي لاستخدام احـدث الوسـائل والتقنيـات والاسـاليب في تنفيـذ هـذە المهام)یەعنی ئێمە زۆر کێشەمان بۆ دروست دەبێت کاتێك ماددەیەك بەو تولانیە کە تەماشا دەکەین کاتێکی زۆر دەگرێت و بەشێك لـە ماددەکـانی هـەر ئیزافەیـە یـەعنی لـەناو خاڵـەکانی تـری ماددەکـانی تـردا هەیـە، بەشێکیشی ڕەنگە تەحصیل حاصل بێت، یەعنی بـۆ نموونەیـەکی زۆر وازح، هـەر ئێمـە دەتـوانین بڕگەیـەی یەکەمی بەو شێوە بەسیتەبێت، (نشـر وتطـوير الثقافـة الكوردسـتانية علـى اسـس الاصـالة والابـداع واشـاعة المفاهيم المدنية والحضارية في المجالات المختلفة) (مفاهيم المدنية والحضارية) باسـی فـرە بکـرێ و ڕۆشـنبیری وفرە نەتەوەیی وگیانی هاووڵاتی، ئەمانە هەمووی مـەفاهیمی مـەدەنی وحـەزارین، یـان بـۆ نموونـە بڕگـەی سێیەم ئەکرێ وای لێبکرێـت، (دعـم حركـة التـأليف والترجمـة والنشـر في الاقليـم و تشجيع وتكـريم الكتـاب والادباء والفنانين)ئەمە بەسەو ئەو تەفسیلاتەی ناوێ، کە دێینە سـەر باسـی بڕگـەی چوارەم: التنسـيق مـع الـوزارات ذات العلاقـة، ومنظمـات المجتمـع المـدني في الاقلـيم) یـەعنی کـەمن سـەیری ئـەم نەصـە دەکـەم و بەراوردی دەکەم لەگەڵ یاساکانی هاوچەشن لەدەوروبەر یان لـەوڵاتانی دونیـا ئـەوان زۆر بەمورەکـەزی دای دەڕێژن ناچنە ناو ئەو وردەکارییانەی کەباسکراوە، بەنیسبەت وشەی جێندەر، بەڕاستی من بۆ خۆم لەگـەڵ موحتەواکەدام، یەعنی موحتەواو ئەو چەمکە جوانانـەی کـە لێـی دەکەوێتـەوە، وەکـو نەهێشـتنی جیـاوازی ڕەگـەزی لـە بوارەکـانی خوێنـدن، لـە بوارەکـانی کـارکردن، لـە هـەموو ئـەو بوارانـەی کـە کۆمـەڵگا پێویسـتی پێیەتی، بەڵام ئەو وشەیە، جاری وا هەیـە خـراپ ئیسـتیعمال دەکرێـت، بۆیـە پشـتگیری لیژنـەی ڕۆشـنبیری دەکـەم، کـە نـەبێت، ئەگـەر هەشـبێت ئیقتراحـی ئـەوە دەکـەم پێناسـەیەکی وا دابنـدرێت تـا خـراپ بـەکار نەهێندرێت، چونکە وەکو دەزانین نەك لە مەوسوعەی بەریتانیشدا پێناسەی جیاوازی بۆ کـراوە، بۆیـە مـن**

داوا دەکەم لە هەردوو تەرەفەکە، ئەوەندە حەساسیەتمان بەرامبەر بە لەفزەکە نەبێت، پێمان وابێ لەفزێکی موقەدەس دەبێ هەبێت، یان ئەوەشی کە دژایەتی دەکات پێی وانەبێت کە هۆیەکەو مومارەسەی دەکات، با زۆر بە مەوزوعیانە لە موحتەواکەی بگەین، نەهێشتنی هەر جۆرێکی جیاوازی لە سەر بنەمای ڕەگەزی لەپێدانی ئەرك و مافەکاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ هەمووتان سوپاس بۆ دکتۆر صەباح کە ئاخر کەس بوو، بەڕێزان ئێستا دانیشتنەکەمان دوادەخەین بۆ سەعات پێنج و داوا لەهەر سێ لیژنەکە دەکەم سەعاتێك پێشتر بێنەوە بۆلای سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئەو شتانەی لێرە هەن لەگەڵ جەنابی وەزیریش ڕێکی بخەین، پاشان بخرێتە دەنگدانەوە، خوا ئاگادارتان بێت بەخێر بچن.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەردەوام ئەبین لەسەر دانیشتنی ئەمڕۆمان ژمارە 14، لە 2010/11/10ی پێش نیوەڕۆ، داوا لە لیژنەی یاسای، لیژنەی ڕۆشنبیری، لیژنەی وەرزش و لاوان دەکەم، کەرەمکەن بۆ ئێرە، دووبارە بەخێر هاتنەوەی بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەین، بەڕێزان پێش نیوەڕۆ، لە مادده 2 بووین، مداخەلەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بوو، وە هەموو موداخەلەکان ئێستا ئەو سێ لیژنە بەڕێزە لە یەکیان داوە، پێشتر جەنابی وەزیر موداخەلەت هەیە لەسەر قسەکانی پێش نیوەڕۆ؟، ئەگەر موداخەلەت هەیە کەرەمکە؟.

**بەڕێز د.کاوە محمود/(وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە بەشێك لە موداخەلەکان پەیوەندی بە چالاکی وەزارەتەوە بوو، نەك بە خودی قانونەکەوە، وە هەندێك ئیستیفسارات ئاراستەی من کرا، ئەو پرسیارانە پەیوەندی بە چالاکی وەزارەتەوە هەیە، جا نازانم ئەگەر جەنابت، بوار دەرەخسێنی بۆ ئەو مەسەلەیە، یان بوار نابێت؟، ئەمە یەك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەنیسبەت ئەوەی رەبتی بە قانونەکەوە هەیە و، موداخەلە کرا وەڵامیان بدەنەوە، ئەوجا بۆ چالاکی و شتی تر ئەتوانن لە لیژنە لە گەڵیان دابنیشن، بە تەفسیل تر بۆیان باس بکەیتەوە، بەس ئەوەی ئێستا رەبتی بە ماددەی $2$ هەیە، کەرەمکە بۆ وەڵام دانەوە.

**بەڕێز د.کاوە محمود/(وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەبەر ئەوەی ئەو تەسەورەشم هەبوو، من تەنانەت کۆمەڵێك بەڵگەنامەم لەگەڵ خۆم هێنا، سەبارەت بە تێکڕای چالاکیەکان، تەسەورێکی وام هەبوو، نیقاشەکان ئەو لایەنانە دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا من ناچمە ئەو تەفاسیلەوە، بەلاّم هەندێك تێبینی هەیە کە پێموایە پێویستی بە ڕوون کردنەوەیەك هەیە، یەکێك لەوانە ئیشارەت بە مەسەلەی زمان کرا، کۆنگرەی زمانی ستاندارد، من پێموایە وەکو ئاماژەم بەوەش کرد کە ئەرکی ئێمە پەرەپێدانی زمانە، بە مانا فرەوانەکەی، نەك بەشێکی زمان، کە زمانی ستانداردە، وە ئەم مەسەلەیەش پەیوەندی بە ئەکادیمیای کوردیەوە هەیە، پەیوەندی بە فرەوانتر بە ئەکادیمیای کوردیشەوە هەیە، وە بە بڕیاریش دروست نابێت، هەتا تەنانەت ئەکادیمیای کوردیش هەبێتن، ئەمە بە بڕیار نابێت، ئەمە پرۆسەیەکی مێژووییە لە هەموو گەلان، کە زمانی ستاندارد بووە، لەبەر ئەوە جێگەی نابێتەوە، بە بۆچوونی من ئەوەی من لێی تێگەیشتبم لەناو قانونی وەزارەتەکەی ئێمە، بەنیسبەت ئەوەی کە ئیشارەت دەکرێت بەمەسەلەی، وتاری رەخنەیی، یان ڕای جیاواز، ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، شتێك نیە لە وەزارەتەکان ئەمە ڕای ڕەسمی بێت، بەتایبەتی لە بواری ڕۆشنبیری، ئەوانەی تر ڕای جیاواز بێت، مەسەلەی ڕای رەسمی و ڕای گشتی و ڕای جیاواز، لە ئاکامی ژیانی حیزبایەتی ئەبێت، ئەمە رایەکی ڕەسمی حیزبەکە هەیە، مەجال دەدرێت بە ڕایەکی جیاوازی دەرەوەی حیزبەکەیان لە ناو حیزبەکە، ئێمە تەبەنی هیچ ڕایەك ناکەین، هەموو رەئیەکان ڕێزی دەگرین، هەموو قوتابخانەکانی ئیبداعی فکری و سەقافی، ئێمە ڕێزی دەگرین و با لەگەڵ هەموو ئەو بۆچوونانە بەیەك چاو تەماشای دەکەین وەکو وەزارەت، ئەمەش وا دەکات کە ئێمە لەناو ئەو وەزارەتە، هەروەکو هەموو ئیشی حکومەت، موسەیەس نیە، یەعنی وەزیفەیەك هەیە ئی حکومەت دوورە لە قەزیەی ئایدەلۆجیا، چونکە باسی حکومەتێکی پرۆفیشینالْ دەکەین لە کارەکانیدا، هەر سەبارەت بەوە، ئێمە حکومەت موبادەرەی ئەوەی حوکمی رەشید بلاّو کردەوە، موبادەرەی حوکمی رەشید، یەعنی ئەمەیە ئەوە حکومەتێکی پرۆفیشیناڵە، پەیوەندی بەوەوە نیە ئیشی سیاسەت، تەسیس بچێتە ناو کاری حکومی، کاری حکومی تایبەتمەندی خۆی هەیە، دوور لە تەسیس کردن، وە ئەمەیە جیا کردنەوەی کاری حیزبی یان سیاسی، لەکاری حکومی نەوەك تەنها لەو وەزارەتە، لە هەموو وەزارەتەکانی حکومەت، ئەمە بودجەی حکومەتەو، بودجەی پەرلەمانیشە، مەسەلەی داکۆکی کردن لە ڕۆژنامە نوسان، ئێمە لێرەدا قانون تەتبیق دەکەین، داکۆکی کردن لە ڕۆژنامەنووسان ئیشی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانە، کە داکۆکی بکات لە ڕۆژنامەنووسان، لەم مەسەلانە، ئەوەی کە پەیوەندی بە ئەرکی وەزارەتی ئێمەوە هەبێت، لەوانەیە تێگەیشتنێك هەبێت، ئێمە تەنها مامەڵە لەگەڵ ئەو بەشەدا

دەکەین کە 15-34 ساڵ، یان لە 14-34 ساڵ، ئێمە لە بواری ڕۆشنبیری، لەسەروی ئەوەشەوە تەحەمول دەکەین، یەعنی خەڵکێك هەیە، لەسەرووی 60 ساڵە، 70 ساڵە، وەمناڵیش هەیە، لەبەر ئەوە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری منالاًنمان هەیە لە پارێزگاکان، ئەوەی کە باسی دەست نیشانی تەمەنەکە کراوە، ئەوە تایبەتمەندە بە پێناسەی لاوان، چونکە وەکو وتم تایبەتمەندیەکی لاوان هەیە لە ناو ئەرکەکانی وەزارەت، بەلاًم ئەرکە ڕۆشنبیریەکە فراوان ترە لەو ئەرکەی کە تەنها ئەرکی لاوان بێت، کە دەست نیشان کرابێت بۆ لاوان، ئەرکی ئەم وەزارەتە لەوانەیە جیاوازی تایبەتمەندیەکی هەبێت، لەگەڵ وەزارەتەکانی ترا، لە زۆربەی ولاًتان پێی دەڵێن ئەرکی تەنمیەی بەشەری، ڕۆشنبیری و تەنمیەی بەشەری، لەبەر ئەوە کارێك نیە ئێمە ئەرك و ئامانجەکان بە ئاسایی تێکەڵ دەبێت، چونکە مەسەلەیەك نییە وەکو وەزارەتی پیشەسازی، یان وەکو وەزارەتی پێشمەرگە نییە وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەڵبەتە مامەڵە دەکات لەگەڵ کۆمەڵێك قییەمی ڕۆحی و ڕۆشنبیری، کە ئەرك و ئامانجیشە لە هەمان کاتدا، هەندێك سیاغات هەیە، لە ڕاستیدا ئەو داڕشتنانەو ئەو سیاغاتانەی بیدەی بە هەر برادەرێکی ئەندام پەرلەمانی بەڕێز، هەر یەکە بە نەوعێك ئەتوانێت دایرێژێتەوە، هەر هەمووشی تەواوە، قسەیەکی ئیمام مالك هەیە، وتیان فوتوایەکمان بدەرێ کە کتێبەکەی تۆ ببێتە کتابی ڕەسمی فەقەت، وتی، ناکرێت فوقەهائەکان بلاًو بۆتەوەو، ڕەئی هەمووشیان هەر تەواوە، بەپێی بارو دۆخی خۆیان و تەجروبەی خۆیان، بۆیە هەر برادەرێك سیاغەی ئەمە بکات، ڕەئیەکەی هەر تەواو بوون یان ڕاست بوونێکی تێدایە، بەلاًم دەبێت سیاغەیەکەی عام بێت، موجەڕەد بێت کە ئەرکێکی قانونی هەبێت، ئەگەرنا بۆ تەعبیر کردن یان ئەو شتانەی کە باس کرا، لەسەر ناسنامە، لەسەر ئەسالە، هەر یەکێك لەو بابەتانە کە لەو چواردە خاڵەدا هاتووە، دەتوانێت هەر برادەرێك موحازەرەیەکی لەسەر بڵێتەوە، یەعنی ئەو برادەرەی کە بابەتەکەی تەقدیم کرد لەسەر زمانی ستاندارد، ئێمە کۆنفرانسمان هەیە ئی زمان، کە ئەو بابەتێکی موحازەرەیە کە کۆنفرانسی زمان بەراستیە، ئەم چەمکانەی کە لێرەدا هەیە، هەر چەمکێك تەحەمولی نیقاش دەکات، من پێشموایە ئێمە ناتوانین بچینە ناو ئەو هەموو نیقاشاتە، چونکە هەمووی چەمکەو، وە ئەم چەمکانەش هەمووی لە گۆڕانکاری بەردەوامەو، قوتابخانەی جیاوازیش هەیە لە مامەڵە کردن لەگەڵی، بەنیسبەت ئیعلامەوە، ئێمە وەزارەتی ڕۆشنبیرین، وەزارەتی ئیعلام نین، وە زۆر زۆر چاکە ئەو تەوەجوهە، کە ئێمە مەسائلی ئیعلامی، شتێکمان نیە ئیعلامی ڕەسمی بێ، بەنیسبەت ئێمەوە هەموو ئیعلامێك ئازادە، وەکو حکومەت، بە ئیعلامی حیزبەکانیشەوە، ئێمە بە ئیعلامی ئازادی دادەنێین، هیچ ئیعلامێك نیە، ناوی بنێین ئیعلامی ڕەسمی، ئەمەی تر ئیعلامی غەیری ڕەسمی، هەموو ئیعلامەکانمان ئازادن، وەزارەتێك بۆ ئیعلام، کە ئەرکی ئیعلامی زۆر قورسی بەسەرەوە بێت، لە نیزامە شمولیەکان هەیە، چەنێك ئێمەدوور بین لە قەزایەی ئیعلامی، تەئکید بکەینەوە لەسەر قەزایەی ڕۆشنبیری، ئەوەندە باشە بۆ ئەرکەکانی ئێمە، هەندێك خاڵی تر هاتە پێشەوە وەکو پرسیار بوو، مەسەلەن بایەخدان بە شوێنە دوورە دەستەکان، یان پەراوێز خراوەکان، هەر بۆ زانیاری بەڕێزتان، مەسەلەن کە باسی ئەوە دەکرێت بۆ بایەخ بە گوندەکان نادرێت، ئێمە ئەم ساڵ لە چوار گوند مەلعەبی وەرزشیمان

کردۆتەوە، سێ گوند لە مەنتیقەی سەروچاوە، لە گوندی (گۆپ تەپە)مەلعەبمان کردۆتەوە، لە زۆر جێگای تر شتمان کردۆتەوە، ناچمە ناو شتەکان، بەس ئەو وردەکاریە ئەگەر ڕۆژێك پێویست بە موسائەلە هەبێت لەسەر ئەو مەسەلانە، من ئامادەم بە تەفسیلەوە باسی هەموو ئەو خالآنە بکەم، چونکە ئێمە بایەخدانمان لە کفریەوە بگرە، یەعنی لەخۆڕاوە نەهاتووە، ئێمە میهرەجانی کەلتوری گەلانمان لە کەلار دەست پێ کرد، مەبەستمان هەیە کە بایەخ بەو شوێنانە بدەین، بە نیسبەت کتێبخانە گشتیەکانەوە، ئێمە ئەمسالٚ کۆنفرانسی تایبەتیمان بۆ بەستووە، بەپێی ئەو پێوەرە جیهانیانەی کە چۆن ڕێکی بخەینەوە، وە ژمارەی کتێبخانە گشتیەکان، ئاخر کتێبخانەی گشتیمان لە (بن گرد) دانا، لەو لای ڕانیەوە، وە ژمارەکەی گەیشتۆتە 70 کتێبخانەی گشتی، وە ئەمەش ڕەنگدانەوەی بایەخدانە، سالٚی پار 60 کتێبخانەی گشتیمان هەبوو، لە ماوەی سالێك ئێمە گەیشتووینەتە نزیکەی 70 کتێبخانەی گشتی، بەنیسبەت ئەوەی پەیوەندی بە قەزایەی کحول و تێکەلٚ کردنی لەگەلٚ مەوادی موخەدیرەو شتی وا، مەوادی موخەدیرە، ئێمە لە چوار چێوەی ئیدمانەوە تەماشای دەکەین، لە چوار چێوەی زاهیرەی ئیدمان، بەلاّم مەوادی کحول و شتی وا، ئەو کاتە تەعامولی لەگەلٚ دەکەین، کە بگاتە ئیدمان، بەلاّم لەدەرەوەی ئەوە، ئەوە ئەرکی وەزارەتی ئیرشادی دینیە، ئەرکی وەزارەتی ئەوقافە، ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری نیە، وەزارەتی ئەوقاف هەقی خۆیەتی لە ناحیەی ئیرشادی دینی، ئەو ئەرکە بە جێ بهێنێت، بەلاّم پەیوەندی بە ئیختیصاصی ئێمەوە نیە، بەنیسبەت سینەماوە، من لە دانیشتنەکە ئاگاداری بەڕێزتم کردەوە، ئەمە کۆمەلێك 15 خالە، سەبارەت بە چۆنیەتی ڕێکخستنی سینەما، بە فەرمانی وەزاری، بەلاّم خۆ ناکرێت ئەمە هەمووی ڕەنگ بداتەوە وەکو وتم لە قانونەکە، نوسخەیەکی ئەمەش من ناردوومە بۆ بەڕێز بەرپرسی لیژنەی ڕۆشنبیری، هی پەیوەندیەکان، کەچیمان کردووە بە سینەماو، هەروەها مەشاریعی ئەمسالٚمان چیە، دیسانەوە ناردوومە بۆ لیژنەی ڕۆشنبیری و، هەروەها بۆ لیژنەی وەرزش و لاوانیش مەشاریعەکان و، مەشاریعەکەی ئێمە هی وەزارەت، ئەمسالٚمان برادەران لێرەن لەوانەیە هەتا جیا بێت لەگەلٚ وەزارەتەکانی تر، لیژنەی پەرلەمانی بەشدار بوو لە دانانی پڕۆژەکانمان، پێش ئەوەی بینێرین بۆ حکومەت، یەعنی لە جیاتی ئەوەی کە لە دوای لیژنەکە دیراسەی بکات، ئێمە لە پێشەوە وەزارەتی خۆمان، ئێمە پڕۆژەمان دانەناوە، ئەگەر لیژنەی وەرزش و لاوان و لیژنەی ڕۆشنبیری ئاگاداری ئەو پڕۆژانە نەبووبێ، یەعنی ئەو هەماهەنگیەمان کردووە، بەنیسبەت ڕۆشنبیری منالآنەوە، ئێمە شتی تایبەتیمان هەیە بۆ ڕۆشنبیری منالآن، زنجیرەی کتێبی منالآنمان هەیە، خانەی منالآنمان هەیە، ژمارەیەکی فراوانمان هەیە، بینایەی زۆر جوان و ڕێك و پێك و مۆدرێنمان هەیە، وە جگە لەوە گۆڤارمان هەیە، کە دەردەچێت بۆ مەسەلەی منالآن، بەنیسبەت کارگەی مافوورو چنین، ئێمە دامان نەخستووە، بە پێچەوانەوە، هەرچی کارگەی چنینی مافوور هەیە، هەر هەموومان تەعمیر کردووە، وەبارودۆخی ئیش کردنمان تیایە مەیسەر کردووە، سەردانی هەر هەموویم کردووە، لەو کارگانە، چونکە ژنان ئیشی تیا دەکەن، ئافرەتان ئیشی تیا دەکەن، یەکە یەکە پێم وتن ئەبێ بارودۆخی ئیش کردنیان باش بێ، نەمهێشتووە لەسەر بلۆك و شتی وا دابنیشن، هەتا مەنعی ئەوەم کردووە، ئەبێ

شوێنی دانیشتنەکەیان ئیسراحەت بێت، وە چی داوای گرێبەستیان کردووە،بۆم جێبەجێ کردوون، چونکە هەمووی ئافرەتی کەم دەرامەتن، وە بایەخێکی زۆرمان پێیداوە، بە مافوورچنین، هەتا بەنیسبەت هێنی زانیاری، ئاسانکاری بۆ زانیاری، ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە بێت، ئێمە هەموو زانیاری پێویستمان، یاخود ئەوەی کە پێویست بێت بگونجێت، بە کراوەیی باسمان کردووە، بەلاّم دیاردەیەك هەیە، کە من حەز دەکەم پەرلەمانی بەڕێز ئاگاداری بێت، ئەو دیاردەیە جاری وا هەیە، هەندێ مەسەلەی ناوخۆیی وردەکاری وەزارەتەکە هەیە، یەعنی بۆ نموونە: فەرمانبەرێك نەقڵ دەبێت، یان فەرمانبەرێك نایتێری بۆ ئیفاد، یان ئەینێرێت بۆ ئیفاد، وای لێهاتووە دەیانەوێ زانیاری لەسەر ئەو شتە وردەکاریانە هێن بکرێت، ئەو شتە وردەکاریانە، ئیشی نەسەحافەیە، وە پێموایە ئیشی جیهاتی تریش نیە، فەرق هەیە لە بەینی رەقابەی پەرلەمانی، فەرق هەیە لە بەینی رەقابەیەك ئەگەر سەحافە بیکات، وە فەرق هەیە لە بەینی رەقابەی دارایی کە هی حکومیە، هەمووشی هەر رەقابەیە، بەس هەریەکە پلەی جیاوازی خۆی هەیە، بەنیسبەت فەرهەنگخانەکانەوە، فەرهەنگخانەکان یەعنی سەنتەری ڕۆشنبیری، فەرهەنگ یەعنی ڕۆشنبیری، خانە یەعنی سەنتەر، بەلاّم فەرهەنگخانەکان 40 دانەمان هەیە، ئێمە مانگانەمان بۆ دابین کردوون، وە ئەم فەرهەنگخانانە کاری خۆیان دەکەن، بەلاّم ئەوانە سەربە وەزارەت نین، وەزارەت دەعمی دەکات، منحەیان دەدەینێ، بەلاّم ئەمانە سەربەخۆن، هێن مۆرکەکەی دیار نەبوو، بەلاّم ئێستا سروشتەکەی دیاری کراوە، مەسەلەیەك باس کرا جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بە جەندەر، مەسەلەی جەندەرو ئەوە، من پێموایە جەندەر مانای نەوعی ئیجتیماعی دەگرێتەوە، وە ئەوەی کە هەیە وەکو پێناسە بۆ جەندەر، پێناسەیەکی زۆر وازحە، تەبعەن ئەمە مەرجەعیەتێکی ئیتیحادی ئەوروپیە، ئەمە تازەترین مەرجەعە، ئیتیحادی ئەوروپی و، نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئیعتیمادی لەسەر دەکرێت، کە گروپێکیان دەست نیشان کردووە، نەسەن ئەڵێت (the group of specialist a greet of the following definition) یەعنی تەعریفەکەی بۆ کردووە، تەعریفێکی عالەمی هەیە، بۆ جەندەر، ئەمە تازەترین سەرچاوەیە، جگە لەوە جەندەر ڕەچاوی مۆرکی ئاینی دەکات، یەعنی من پێموایە ئێمە لە مونتەلەقێکی ئاینیەوە ئەگەر ڕووبەڕووی جەندەر ببینەوە، ئێمە زەرەر بە ئاین دەگەیەنین، چونکە موستەلەحی جەندەر عیلاقەی بە نەوعی ئیجتیماعیەوە هەیە، نەوەك نەوعی بایەلۆجی، وە هەروەها ڕەچاوی هەموو تایبەتمەندیەکان دەکات، بە تایبەتمەندی ئاینیشەوە، وەڕەچاوی ئەو تایبەتمەندیانە دەکات کە لە نێوان ژنێك و ژنێکی تریشا هەیە، چ بە پێگەی کۆمەلاّیەتی، ڕەچاوی کەمە نەتەوایەتیەکان دەکات، ڕەچاوی هەتا خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان دەکات، لەبەر ئەوە من پێموایە با لە مونتەڵەقێکی ئاینیەوە پەلاماری ئەو موستەلەحە نەدەین، باش نییە، چونکە لە ئەخیرا بە زەرەر دەگەڕێتەوە بۆ ئاین، وامان لێ دێت نموونەیەکی داخراو سەبارەت بە ئاین پێشکەش دەکەین، بە پێچەوانەوە، من پێموایە، چەمکی جەندەر زۆر دەگونجێ لەگەڵ ئاین، بەعەکسەوە چەمکی جەندەر فراوانترە لە چەمکی فێمەنستی، تەعامول کردن لەگەڵ ئاین، یەعنی بۆ نموونە بەپێی چەمکی جەندەر تۆ ئازادی کە تایبەتمەندیەکانی خۆت، ڕۆشنبیریەکانی خۆت مومارەسە

بکەی، تـەعریفێکیش هەیـە، ئـەوە تـەعریفێکی موعتەمـەدە، شـتەکە نامـەوێت درێـژەی پـێ بـدەم، چونکە شتەکان نیقاشەکە زۆر هەڵدەگرێت، وەکو وتم دانیشتنەکە بەشێك پەیوەندی لە هەڵسەنگاندنی کارەکانـەوە بوو، نەوەك تەنها، قانونی وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، بۆ ئەو ڕوون کردنەوەیە، ئێستاش ئـەو سـێ لیژنـە بـەڕێزە، لێژنـەی ڕۆشـنبیری، لیژنــەی وەرزش و لاوان، لیژنــەی یاسـایی، پێکـەوە لـەم فـەترەی ئیسـرەحەتا، مداخەلـەی ئـەو ئەندامـە بەڕێزانەیان کردۆتە ڕاپۆرتێك، ئەگەر کەرەمکەن بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ڕۆشنایی و تێبینی و پێشـنیارەکانی ئەنـدامانی پەرلـەمان، هەرسـێ لیژنـە بـە ئامـادەبوونی جـەنابی وەزیر کۆبووینەوە، دوای دانیشتنی بەیانی، ماددەی دوومان بەو شێوەیە داڕشتەوە، بە زمانی عەرەبی و بـە زمانی کوردی.

المهام والاهداف:

المادة الثانية: تتولى الوزارة تحقيق المهام و الاهداف التالية:

اولاً: الاهتمام ببناء البنية التحتية المطلوبة لتطوير مجالات الثقافة والفنون والرياضة وصقل طاقات الشباب في الاقليم.

ثانياً: نشر وتطوير الثقافة الكوردستانية بما يرسخ الاصالة والحفاظ على التراث، وينمي التقاليد المدنية والتقدمية، في مجال النشاطات الثقافية والفنية والرياضية والشبابية، واحترام التعدد الفكري الثقافي والقومي والاهتمام باللغة الكوردية ولغات القوميات الاخرى في الاقليم وبما يعزز روح المواطنة الكوردستانية، والانفتاح على مصادر الثقافة العالمية.

ثالثاً: تطوير العلاقات الثقافية والرياضية والنشاطات الشبابية مع المناطق الاخرى للعراق ومع كوردستانيي دول الجوار والعالم، وشعوب المنطقة.

رابعاً: دعم وتشجيع حركة التأليف والترجمة والنشر ، وتكريم الكتاب والادباء والفنانين والصحفيين والمبدعين عن طريق تعضيد نشاطاتهم وطبع نتاجاتهم المختلفة وفق ضوابط خاصة مع الحفاظ على حقوقهم المكتسبة.

خامساً: التنسيق مع الوزارات والجهات ذات العلاقة، ومنظمات المجتمع المدني في الاقليم، بما يحقق مستلزمات التنمية البشرية، ونشر ثقافة العمل المشترك والتطوعي داخل المجتمع.

سادساً: رسم الخطط المطلوبة لدعم الحركة الرياضية والنشاطات الشبابية، وتشجيع ورعاية وتكريم الرياضيين، من خلال التنسيق مع اللجنة الاولمبية الكوردستانية بهدف تطوير واقع الحركة الرياضية في الاقليم.

سابعاً: تأسيس المكتبة الوطنية ومركز التوثيق والارشفة الكوردستانية، والاهتمام بالمكتبات العامة، والنشاطات المتعلقة بمجالات ثقافة الطفل والفنون التشكيلية والسينما والمسرح والموسيقى والفلكلور والتراث الشعبي وصناعة السجاد، والصناعات اليدوية و الشعبية، وتأمين قاعات للفن التشكيلي وللعروض المسرحية والسينمائية المعاصرة، واقامة معارض الكتب.

ثامناً: اقامة المهرجانات والندوات وورش العمل الثقافية والفنية والرياضية، والنشاطات الرياضية الخاصة بالشباب، وتشجيع ودعم نشاطات وفعاليات منظمات المجتمع المدني الخاصة بهذه المجالات.

تاسعاً: التنسيق مع الجهات ذات العلاقة فيما يخص عمل وكالات الانباء واصدار الصحف والمجلات والبث الاذاعي والتلفزيوني، بهدف ايصال سياسة حكومة اقليم كوردستان فيما يتعلق بالمجالات والفعاليات الثقافية والفنية والرياضية والنشاطات الشبابية، ومنح اجازات العمل الخاصة عبر التنسيق مع الجهات ذات العلاقة، للمؤسسات والمراكز الثقافية والاعلامية والاتحادات والفرق الفنية والاندية الرياضية الاهلية، والقاعات والمدارس والمعاهد الرياضية والفنية والملاعب.

عاشراً: الاهتمام الخاص بمجالات الثقافة والفنون والرياضة النسوية، والعمل من اجل نشر ثقافة المساواة بين الجنسين في المجتمع.

الحادية عشرة: المشاركة مع الوزارات ذات العلاقة لرسم سياسة وطنية كوردستانية لتفعيل مشاركة الشباب في الشؤون العامة ومراكز القرار، والعمل من اجل معالجة مشاكل الشباب وتأهيلهم من خلال المشاركة في عملية التطوير السياسي والاقتصادي والاجتماعي.

الثانية عشرة: الدعم و الاهتمام بالشباب ذوي الاحتياجات الخاصة والعمل على رفع طاقاتهم وكفاءاتهم في المجالات المختلفة.

الثالثة عشرة: التوعية بمضار استخدام المواد المخدرة في المجتمع، ومنع استخدام المواد المنشطة والمحظورة دولياً في مجال الرياضة.

الرابعة عشرة: تشجيع القطاع الخاص في مجال النشاطات الثقافية والفنية والرياضية والشبابية وفق القانون.

الخامسة عشرة: الاهتمام بثقافة كوردية في الملاحق الثقافية في السفارات والقنصليات العراقية وكذلك في مكاتب وممثليات حكومة الاقليم في الخارج.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا گوێتان لێی بوو، شتەكانی بە عام تەقریبەن وەرگرتبوو، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، نوقتەی نیزامی هەیە كاكە فەرموو.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە چەند پێشنیارێكمان كرد كە چەند بڕگەیەك زیاد بكرێت لەو ماددەیە، كە چەند كەسێك تەسنیەی ئەو پێشنیارەیان كرد، داواكارین ئەو پێشنیارە بخەیتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەسەرچاو، بەڕێزان لەگەڵ لیژنەكانیشەوە ئەو پێشنیارانەتان مناقەشە كرد، هەندێ بەڕێز رەئیەكی تریان بۆی هەبوو، پێشنیارێك هەبوو كە دەست تێوەردانی سیاسی لە ئیش و كاری وەرزش نەبێت، چەند بەڕێزێك پشتیوانیان لێی كرد، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، دوو كەس دیفاعی لێی بكات، وە دوو كەسیش لە دژی بوەستێت، ئەو پێشنیارەی كە كرا، تكایە كاتی دەنگدانە ئێستا گوێ بگرن رەجائەن، پێشنیارێك كرا كە فەقەرەیەك ئیزافە بكرێتن، وەرزش دەستی سیاسەی تێوەرنەدرێتن، نیزامیە كاك شێروان كەرەمكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەو مەبدەئەین كە دەست تێوەردانی سیاسی لە ناو ریازەو لەناو هین نەبێت، بەلأم ئێمە لەگەڵ ئەوە نین ئەوە ببێتە بڕگەیەكی قانونی، چونكە لەناو قانون جێگای نابێتەوە شتی وا، بۆیە من پێموایە، ئێمە دەبێت لەو میحوەرە كاری لەسەر بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كەرەمكە.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی دوو لە بابەتێكین كە باس لە ئامانج و ئەركەكانی وەزارەت دەكاتن، لە غەیری ئەوە باس لە هیچی تر ناكات، بۆیە من تەسەوڕ دەكەم جێگەی ئەو بابەتە نابێتەوە لێرە، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عمر كەرەمكە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانە زۆر زۆرن كە من چوار دانەیان بیری بەڕێزتان دەخەمەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا رەجائەن، ئەم خاڵەیان بۆ دەنگدانە، پاشان دێینە سەر ئەوانی تریش، من هەموویم نووسیوە، وامزانی بەمە ڕزای دەبن، بۆیە ویستمان دەنگدانی لەسەر بكەین، پاشان نوقتە نوقتە دێینە سەر پێشنیارەكان كە دوو ئەندامی پەرلەمان زیارتر دەنگی بۆ داوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، یان دەنگ دێنێت،

یان نایهێنێت، ئێستا دوو بەڕێز ڕەئیان وابوو کە ئەو پێشنیارە لێرە جێگەی نابێتەوە، کێ دیفاعی لێ دەکاتن کە نەمێنێت، پەیمان خان کەرەمکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی کە وەرزش لە هەموو دونیا بە یەکێك لە سامانە نەتەوایەتیەکان دادەنرێت، وە ئومێدی هەموو لایەکیشمان ئەوەیە لە کوردستانا ببێتە ئەو سامانە، کە هەمووومان شانازی پێوە بکەین، لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا هەمووومان کە وەرزش کار بین، یان وەرزش کار نەبین، ئەزانین کە لە هەموو بوارێك زیاتر سیاسەت چووەتە ناو بواری وەرزشیەوە، بەرپرسانی سیاسی و بابلێین لایەنە سیاسیەکان، لە پشتی نادیەکان و وەرزشکارەکان و هەموو لایەنەکانی وەرزشیەوەن لە هەرێمی کوردستان، بۆیە من بە گرنگی دەزانم یەکێك لە ئەرکەکانی وەزارەت بێت، کە وەرزش لەژێر باڵی سیاسەت بێنێتە دەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاهۆ کەرەمکە.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەزم کرد یەکێك پسپۆڕی لە بواری وەرزشدا هەبێت، بەرگری لە سەربەخۆیی بواری وەرزش بکات لە کوردستان، چونکە سەربەخۆیی بواری وەرزش، مەرجێکە لە دیموکراسی، وە مەرجێکە لەسەربەخۆ بوونی هاووڵاتی بوون لە هەر وڵاتێکدا، هێندەی من ئاگادار بم، ئێمە زۆر جار دەبیستین ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی تەداخول دەکات لە کاروباری دەوڵەتان، کاتێك کە هەست دەکات کە حکومەتێك، یاخود هەست دەکات کە دەسەڵاتێکی سیاسی دەست دەداتە کاروباری وەرزشەوە، ئەومان لە عیراقیشا بینیوە، کە بینیمان چەندین جار ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەرزش، تەحزیری حکومەتی عیراقیان کردووە، کاتێك کە دەستیان وەرداوەتە وەرزشەوە، جگە لەوەی کە ئێمە وەکو موداخەلەکەی پێشوو باسم کرد، ئێمە خاوەنی پاش خانێکی خراپین لە مامەڵە کردنی دەوڵەتدا، یاخود لە مامەڵە کردنی لایەنە سیاسەکان، لە بواری وەرزشدا، خۆتان دەزانن لەسەردەمی سەدام حسین، عودەی کوری سەدام حسین دەستی وەردابووە سەغیرە و کەبیرەی بواری وەرزشەوە، هەموو ئەندییەکان، هەموو نادییەکان بەپێی ئارەزووی کەسێکی وەکو عودەی ئەیبرد بەڕێگاوە، ئێمە هەڵبەتە لە دوای ڕاپەڕینەوە، ئەو ئەزموونەمان بەجێ هێشتووە، بەڵام مانای ئەوەنیە کە ئەو ئەزموونە هیچ کاریگەریەکی لەسەر ئێمە نەماوە، ئێمە بینیومانە لەدوای ڕاپەڕینەوە، بەپێی دابەشبوونی حیزبایەتی نادیەکان دابەش بوون، تەنانەت هەندێك جار بەپێی تەکەتولی ناو نادیەکان حیزبەکان دابەش بوون، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر خراپی هەیە لەسەر ڕەوتی وەرزش و، لەسەر سەربەخۆ بوونی وەرزش، بۆیە من پێم سەیرە کە وەزارەتێك کە وەزارەتی لاوان و وەرزش بێت، بایەخ

نەدات بەئیستیقراریەتی وەرزش، وە ڕێ نەگرێت لە دەست تێوەردانی سیاسی و حیزبی، لە بواری وەرزشدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر کەرەمکە.

**بەڕێز د.کاوە محمود/(وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو مەسەلە تێکەڵ دەکرێت، مەسەلەی لیژنەی ئۆلۆمپی کە دەبێت قانونی هەبێت، وە مەسەلەی وەزارەتی وەزش و لاوان، یان وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، ئەوەی کە پەیوەندی بە ئەرکی ئێمەوە هەیە، نەوەك ئەرکی ئەم وەزارەتە، ئەرکی هەموو وەزارەتەکان ئەبێ دوور بێ لە تەسیس، لە قانونی هەموو وەزارەتەکان نەتنووسیوە ئەم وەزارەتە دوورە لە تەسیس، هەموو وەزارەتەکان، هەموو کاری وەزارەتەکان دوورە لەم جۆرە تەسیسە، بەنیسبەت ئێمەوە ناتوانین تەداخولی ئیش و کاری نادیەکان بکەین، ئێمە تەداخولی ئیش و کاری نادیەکان ناکەین، نادی دەزگایەکی مەدەنیە، حیزبێکی سیاسی سەیتەرە دەکات بەسەریدا، حیزبێکی تر تەکەتول دەکات و دەیبات بەلایەکا، ئەمە ئیشی ئێمە نیە، ئێمە تەداخولی ئەو مەسەلەیە ناکەین، ئێمە بەس موراقەبەی ئینتیخاباتێکی نەزیە دەکەین، لەو نادیە کە ئەنجام بدرێت، لیژنەی ئۆلۆمپی لێژنەیەکی حکومی نییە، لیژنەیەکی ئەهلیە، لەبەر ئەوە کە وتت ئەهلیە، ئەو وەزعە ئەهلیە وەزعی موجتەمەعی مەدەنی چۆن بێت، ئەو وەزعە ڕەنگ دەداتەوە لەسەریدا، عیلاقەی بە ئێمەوە نیە، لەبەر ئەوە ئیشی ئێمە ئیشێکی موسەیەس نیە، ئیشی ئێمە لە هەموو ئیش و کارەکان کە کردوومانە لە وەزارەتدا، بۆ ئیشی نادیەکان موعامەلە کردن لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی، ئێمە عیلاقەمان بەوەوە نیە، بەلأم حیزبێکی سیاسی ئەچێت لەولاوە نادیەکی هەیە، ئەچێت نادیەکی تر دادەنێت، ئەمە عیلاقەی بە موجتەمەعێکی ترەوە هەیە، نەك موجتەمەعی سیاسی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ، عەزیمە خان، ئیتر خەلأص ئەبێتن، کەرەمکە.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئێستا ئێمەش پێمان خۆشە، کە سیاسەت دەست تێوەرنەداتە وەرزش، بەلأم کە ئینتیخاباتی نادیەکان کرا، هەندێك نادی ئیجازەی لێ سەحب کرایەوە، هیچ کەس نەما لە هەولێر، نەچێتە لای سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی نادیەکان بگەڕێنێتەوە، حیزبەکان ئێستا دەست لەکار بکێشنەوە، تەداخولی نادیەکان نەکەن، یەك نادی لە کوردستان نامێنێت، هەموو ئەحزابەکان ئێستا سەرپەرشتی نادیەکان دەکەن، ئەوە یەك، دووەمین شت، نادی کە ئینتیخابات کرا، ئینتیخاباتەکی حور کرا نادیەکان، سەرپەرشتی وەزارەتی وەرزش و لاوان دەیکرد، نادیەکان هیچ دەست تێوەردانێکی حیزبایەتی تێدا

نـەبوو، یـەعنی ئـەو برادەرانـەی کـە قسـە دەکـەن، هەنـدەك نادیـەکانی خۆیـان لـەناوە کـە بـە حوریـەت ئەندامەکانیان دەرچوو، لیژنەی ئۆڵۆمپی ئەگەر یاسای لیژنەی ئۆڵۆمپی، بێتـەوە پەرلـەمان تـەتبیق بکـرێتن، یـەعنی یاسـایەکە بـە زووتـرین کـات، بـۆی بـڕوێنین، لیژنـەی ئۆڵـۆمپی عەینـەن دەبێتـەوە ئینتیخابـات، کـێ دەرچوو ئەوکات بەحور کارەکانی خۆی دەکاتن، هیچ دەست تێوەردانێکی حیزبی نابێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، عەزیمە خان کەرەمکە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی کە ئەو برادەرانە باسیان کرد، کاك شێرزاد و ئەوان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەجائـەن، نـاوی کەسـێك مەهێنـە، رەجائـەن، خوشـکی مـن باسـی یـەك ئەنـدام بکـەی، نـەوەك جـەنابت، هـەر کەسێك مەجالتان نادەمێ، قسەی خۆت بکە بەسەرچاو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جگە لە بواری وەرزشی، لە بواری ڕۆشنبیریش لەناو وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاواندا هەیـە، ئێسـتا حالیـەن، ئـەو فەرهەنگخانانەی کە ئێستا لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کە، بەڕێز کاك د.کاوە ئێستا ئیشـارەتی پێـی کـرد، کـە ئـەو ڕێکخـراوە سـەربەخۆیە، وەکـو ڕێکخراوێکـی سـەربەخۆ کاردەکـەن، ئەگـەر ڕێکخراوێکـی سـەربەخۆ، دەیـان ڕێکخـراوی سـەربەخۆی تـر هەیـە، بـۆ سـلفەو پـارە وەرنـاگرن لـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، هـەمووی بـڕاوە لـە 2009/1/1، بەڵام وەزارەتی ڕۆشنبیری بـۆ فەرهەنگخانـەکان، لەسـەرجەم قـەزاو ناحیـەو شـارەکان، منحـەو هینـی تایبـەتی خۆیـان نـەدەیتێ، ئەگـەر وەزارەتـی ڕۆشـنبیری ولاوان، وەزارەتـی ڕۆشـنبیری تـەنها سـەنتەرە ڕۆشنبیریەکانی هەی بۆ چالاکی، مـن پێموایـە ئێسـتا دوو بـەش هەیـە بـۆ چالاکی، یـەکێکیان نـاوی سـەنتەری ڕۆشنبیری و ، یەکێکیان فەرهەنگخانـەکان، مـن پێموایـە فەرهەنگخانـەکان ئەگـەر ڕێکخراوێکـی سـەربەخۆیە، حەزدەکـەم وەزیـری ڕۆشـنبیری جـوابم باتـەوە، ڕێکخراوێکـی سـەربەخۆیە؟، بـۆ منحـەو سـلفەیان ئـەدرێتێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بـۆ جـەنابت، بـەڕێزان ئێسـتا خـەلاس بـوو، بـەڕێزان ئێسـتا پێشـنیارێك هـەبوو، کـە چـەند بـەڕێزێك دیفاعی لێی دەکرد، کە لایەنی سیاسی دەستی لە ئیشەکانی وەرزش وەرنەدات، بۆچوونەکەی تریشـتان بیسـت، کاك عبدالسلام کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، نیزامی یەکەم لەوێدایە، ئێمە نە تەسویت دەکەین لەسەر ئەوەی کە حکومەت، سیاسەت دەست تێوەربدات لە ریازە یان نا؟ ئێمە تەسویت لەسەر ئەوە دەکەین، ئایا نەسێکی قانونی لە ماددەی دووەم هەبێت کە ئەمەی تێدایە یان نا؟، رەجا دەکەم با وازح بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، بزەبت وایە، باشە برا دانیشە، سوپاس بۆ ڕوونکردنەوەکەت، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە نەسێك دەست تێوەردانی سیاسی لە ناو قانونەکە هەبێتن، کە دەست تێوەردانی سیاسی نەبێت، کێ لەگەڵ ئەو نەسەیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 24 بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو نەسە لە یاساکە هەبێت، سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە نەبێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، کە ئەو نەسە نەبێت لە ناو یاسایەکەدا، سوپاس، کاك عمر نوقتەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێنج خاڵم یاداشت کردووە لەوانە، کە یەکەمیان باسی پێناس و شناس بەندە، لەگەڵ کاك عمر نورەدینی تەرحمان کرد، بە پێویستی ئەبینین ببێت، لە ماددەی دوو دا دەکرێت ئیزافە بکرێت، لە ماددەی شەشە باس لە مەختوتات و وەسایەقی تەئریخی کرا، کە بە داخەوە ئەوەش هەر ئیزافە نەکرا، ئیحتیرامەن بۆ رەئی پەرلەمانتار، مەفروزە ئەم شتانە بخرێتە دەنگدانەوە، لە خاڵی نۆهەم، باسی ئافرەتان کە جیا کراوەتەوە، زیاتر لەچەند کەس، تەنانەت لە خوشکانیش بوون، باسیان لێ کرد، زیادە بوو ئەو ئیعتیبارە تەمیزە، ئەوەیە نەوعی تەمیز کە ئێمە دروستی دەکەین، خۆم هەرچەند قسەم تیا نەکرد، بەس بۆ بیر خستنەوەی بەڕێزتان، خاڵی چوارەم باسی هەوڵدان بۆ یەکخستنی زمانی دەوائیری حکومی، کەئەوەش هەر باسی لێ نەکرا، ئەویش زیاتر لە دووکەس قسەیان تیا کرد، خاڵی ئەخیر مەسەلەی زانیاری بەخشین بەپێی پێویست، کە بەڕێز جەنابی وەزیر باس لەوە دەکات، عابر تێپەڕی بەسەریدا کە ئەڵێ ئێمە کردوومان، ئێمە ئەڵێین ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیریە، ئەوە بکات بە وازحی لێرەدا وەربگرین، یەعنی بەئەرکی ئەزانێت یان نا، دوایی بەڕێزیان چووە سەر ڕەخنە لەسەر پەرلەمانتاران، کە زانیاری تایبەت بە ناوخۆی وەزارەتەکەیان دەوێت، من نازانم چ پەرلەمانتارێك داوای شتی وای کردووە، کێ نەقل بووە و کێ نەقل نەبووە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ڕۆشنبیری ئەو پێشنیارانەی کە کرا لێرە، کامەی وەرنەگیراوە، یان بۆ؟.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەرسێ لیژنە کۆبووینەوە، کۆمەڵێك تێبینیمان وەرگرت و دیارە پێشتر خوێندرایەوە، هەندێك شت باس کرا، لە زمنی ئەوانەی کە ئێستا بەڕێز کاك عمر باسی کرد، مەسەلەی ناسنامە، ئێمە پێمان وایە لە نێو برگەی دووەمدا هاتووە، کەباس دەکرێت، ڕێزگرتنی فرەیی، فکری، کەلتوری نەتەوەیی گەشە پێ بدات و، گیانی کوردستانی بوون، کوردستانی بوون، پێمان وایە شاملە، (وەلائی )ی تێدایە، شوناسی تێدایە، ناسنامەی تێدایە، ئێمە هەرسێ لیژنە لەسەر ئەوە ڕێك کەوتووین، بۆیە ئێمە ئەو پێشنیازەمان بە هەند وەرنەگرت، پێمان وایە تێیدایتی، مەسەلەی زمان هەمان شت، ئێمە هاوڕاین لەگەڵ بەڕێز وەزیر، ئەوە ئەرکی ئەکادیمیای کوردیە، یەکخستنی موفرەدات و زاراوەکانی کە لە دام و دەزگا فەرمیەکان بەکاردێت، ئەوە بە ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری نازاندرێت، بە نیسبەت زانیاری ئەوە پێشنیازێك بووە، بەلای منەوە ئەوە وەزیریش ڕوونی کردەوە، بەلاّم من پێموایە ئەوە کارێکی کردە نیە، وەزارەتی ڕۆشنبیری دەرەقەتی ئەو کارە نایەت، ناتوانێت لە جیاتی هەموو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زانیاری بە هاووڵاتی یان بە ڕۆژنامەنووسان بدات، بۆیە پێویستە لە هەریەك لە وەزارەتەکان، تا پڕۆژە یاسای وەدەست هێنانی زانیاری کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستاندایەو، ئومێد دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا وتووێژی لەسەر بکرێت، بۆیە پێمان وایە ئەمە جاریات دەکرێت لە هەر وەزارەتێك خۆیان، لە ڕێگەی نووسینگەکانی ئیعلامی ئەوکارە بەدەست بێنن، بەنیسبەت تەوسیقی مەختوتات، پێموایە لە برگەی حەوتەمدا هاتووە، باسی مەرکەزی تەوسیق کراوە، تەوسیق یەعنی تەوسیقی چی؟، تەوسیقی مەختوتات لە زمنی ئەوانە، ئەرشەفە، ئەوانە هەمووی بە بڕوای من دیارە هەمووی تێدایە، وە بە وازحیش تێیدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاڵێك هەبوو، بایەخدان بە ڕەوەندی کوردی دەرەوە.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ڕەوەندی کوردی دەرەوە، دیسان لە دوو برگەدا هاتووە، لە برگەیەك ئێمە وەکو لیژنەی ڕۆشنبیری پێشنیازمان کردووە، دیارە وەکو پێشنیازێك خراوەتە ئاخیر، وابزانم بووە خاڵی 15 ، لە برگەیەکی تریشدا باس لەوە کراوە، دامەزراندن و گەشە پێدانی پەیوەندی ڕۆشنبیری و وەرزشی و چالاکی لاوان، لەگەڵ ناوچەکانی تری عیراقی فیدراڵ و، لەگەڵ کوردستانیانی وڵاتانی دراوسێ، هەندەران و، لەگەڵ گەلانی ناوچەکەو جیهاندا، بۆیە لە دوو برگەدا ئاماژە بە کوردستانیەکانی هەندەران کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە شوێنێکی تریش پێشنیارێك هاتووە، لەلایەن هەندێ بەڕێز پشتیوانی لێ کراوە، تەکریم ریازە لابدرێت.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له شوێنێك ئێمه پێمان وابوو لادرا، له بڕگەی سێیەم، بەڵێ لەوێ لادراوە، لەبەر ئەوەی چونکه بەم شکله بووه، پشتیوانی کردن و هاندانی بزووتنەوی نووسین تەبعەن، وەرگێڕان و بلاّو کردنەوەی هانـدەران و نووسـەران و ئەدیبان و ڕۆژنامه نووسان، ڕێز له داهێنـەرانیان بگیرێت، لێـرەدا ئێمـه وەرزشـوانانمان لابـرد، چـونکه لەبـەر ئـەوەی نووسـراوە، لـە ڕێگـەی یاریـدەدانی چـالاکی چـاپ کردنـی بەرهەمـەکانیان، بـۆ ئـەوەی بگونجێـت لـە سیاغەکەدا، ئا لێرەدا لەبەر ئەوە لامان برد، بەلاّم له شوێنێکی تردا ئیزافه کراوەتەوە، که باسـی تـەکریمی، لـە بڕگەیەکی تردا، تەکریمی ریازە، له بڕگەی شەشەمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵێکی تریش هەبوو، پێشنیار کرا، چەند بەڕێزێك پشتیوانیان لێی کرد، زمانی ستانداردی نووسینی کـوردی بکرێت، ئەوەش هەرچەند جەنابی وەزیر ئەوەی کرد، رەئیتان لەسەر چیه؟.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـتریش ئاماژەمـان بـۆ ئـەوە کـرد، ئـەوە ئـەرکی ئـەکادیمیای کوردیـە، یەکخسـتن یـان بـابلێین کـارکردن بـۆ هێنانەدی زمانێکی یەکگرتووی کوردی، ئەوە ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری نیه، تەنیا ئەوەی لەسەره کـه بایـەخ بە زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دیکەی کوردستان بدات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سێ پێشنیاریش هەبوو، خاڵی 4 و11، دەمج بکرێت.

**بەڕێز بکر کریم محمد( ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمه لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین هەر وەکو خۆیان بمێننەوە، هەرسێ لیژنەکەمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەیەکی نیزامیم هەیه، برایان و خوشکان ئازادن له لیژنەکان ڕوونکردنەوە بدەن، باس لەوەی که ئێمه بە نیزامی بڕۆین، هەر پێشنیارێك، ڕاسته ئەوان وەلاّمی دەدەنەوە به قەناعەتی خۆیان ئازادن، بەلاّم ئـسوڵەن

جەنابتان باشتر دەزانن، ئەبێ پێشنیارێك كە تەسنیە دەكرێت بخرێتە دەنگدانەوە، با پەرلەمان قەرار بدات، ئەو خاڵە زیادە، ئەو ڕوونكردنەوەی كە كاك ئاسۆ دەیڵێت دروستە، یان ئەوەی ئێمە هەڵەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە تەئكید ئەوەی كەباس دەكەین، كە ئەو پێشنیارەی لە دوو ئەندام زیاتر بوو، دەخرێتە دەنگدانەوە، بەس ئێستا با ڕوون بێتن ئەو رەئیانەی كە هەیانە، بە نیسبەت دەمجی چوارو یازدە، لە ئەسلی پڕۆژەكە كە پێشنیار كرا، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە دەمج بكرێت چوار و یازدە؟، كاك حەمە سەعید لێرە نیە، پێشنیاری بەڕێزیان بوو، چەند بەڕێزێكی تر پشتیوانیان كرد، كاك دانا سعید سۆفی، كەرەمكە.

**بەڕێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من هەست دەكەم هەماهەنگی كردنە لە هەردوو بڕگەكەدا، هەماهەنگیە لە نێوانی وەزارەت لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی، لە هەردوو بڕگەدا بە هەمان شێوە هاتووە، من حەز دەكەم لێك بدرێت، هەم خاڵەكان كەم دەبنەوە، هەم ڕێك ترە لە ڕووی فۆڕمی یاسایەكەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزێك كە پێی باش نەبێت، كاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر تەماشای هەردوو خاڵەكە بكەین بە وردی، ڕاستە دەست پێ دەكاتن بە هەماهەنگی، بەلاّم خاڵی چوارەم باس لە بلاّو كردنەوەی ڕۆشنبیری كاری هەرەوەزی خۆبەخشی لە كۆمەڵگادا دەكات، خاڵی یانزە، كاركردن بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی لاوان و كارا كردنی بەشداریان لە پرۆسەی گەشە پێدانی ڕامیاری و ئابووری و كۆمەلاّیەتیدا، ئەمە دوو بابەت و دوو ئەركی زۆر زۆر لەیەكتری جودانە، تەنها شتی هاوبەش لە بەینیان كە داوا دەكاتن هەماهەنگی لە بەینی وەزارەتاندا هەبێت، ئەگەر وابچین ڕەنگە هەمووی بكرێتە دوو خاڵ، لەبەر ئەوە من تەسەوڕدەكەم، یەك لەو خالاّنە باسی دوو بوارو ، دوو ئەركی زۆر زۆر جودا بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ئەو پێشنیارەی هاتووە، چوارو یازدە دەمج بكرێت، دەستی بەرز بكاتەوە؟، سوپاس، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا یەك پێشنیارێكی تر ماوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، پاشان ئەو ڕاپۆرتەی كە ئێستا، ئەم خالاّنەی كە هەرسێ سەرۆكایەتی لیژنەكان ئامادەیان كردووە، ئەیخەینە دەنگدانەوە كە تەبەنی بكرێت و دەنگی لەسەر بدرێت پاشان، ستانداردی زمانی كوردی باس كرا، كێ دیفاعی لێ دەكاتن؟ كاك عبدالله كەرەمكە.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایه یەکێ لە ئەرکە سەرەکەیەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕاستی کارکردنە بۆ دروست کردنی ئەم زمانە، وەزارەتێك کە ئەرکی ئەوە بێت، چاودێری کاروباری تەلەفزیۆنەکان بکات، چاودێری کاروباری ڕۆژنامەکان بکات، مۆڵەتی چاپ کردنی کتاب، مۆڵەتی وەرگێڕانی کتاب، مۆڵەتی دۆبلاژ، کە دایکی هەموو ئەو ئیش وکارانە زمانە، ئێ باشە ئەرکی ئەو وەزارەتە بۆ نیە، کار بۆ ئەوە بکات کە زمانێکی یەکگرتووی ستاندارد دروست ببێت؟ دواتریش ئێمە لە بیرمان نەچێت، لەناو خودی ئەرك و ئامانجەکانی ئەم وەزارەتە لە چەندین شوێن ئاماژە بەوە دراوە، ئەم وەزارەتە بە هەماهەنگی لەگەڵ فلاّن دەزگا ئەو کارە دەکات، لە هەموو بڕگەکانا هاتووە، ئێ باشە ناکرێت ئێمە بڕگەیەکیش دابنێین بڵێین وەزارەتی ڕۆشنبیری بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی و، لەگەڵ کۆڕی زانیاری کوردی، لەگەڵ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و، لەگەڵ دام و دەزگاکانی تردا پەیوەندیدارن، کار بۆ ئەوە بکات زمانێکی یەکگرتوو دروست ببێت، ئێ ئەگەر قسە لەسەر ئەوەیە، یەکێك لە کۆڵەگەکانی نەتەوە زمانە، بەڕاستی کاتی ئەوەیە کە ئێمە نەتەوەکەمان، نەتەوەیەکی بەهێز بێت، زمانێکی یەکگرتووی بەهێز دروست بکەین، وە دواتریش جارێکی تر تیکراری دەکەمەوە، ئەم ئەرکەمان نەسپاردووە بە خودی ئەو وەزارەتە بەتەنها، وە ئێمە وەکو پەرلەمانیش هاوکاری دەکەین، باقی دام و دەزگاکانیش، پێموایە هیچ کەسێك لاری نیە کە هاوکاری ئەم دەزگایە بێت، چونکە ئەمە ئەرکێکی نیشتیمانی نەتەوەییە، بۆیە داواکارم بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك شاهۆ کەرەمکە.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە هەمان شێوە پێموایە ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەرکێکی موتەداخیلە، لەگەڵ چەندین وەزارەتی ترا، هیچ وەزارەتێك ئەرکێکی خالص و پەتی نیە بڵێی تەنها ئەمە ئەرکی فلاّن وەزارەتە، یاخود فلاّن سەندیکایە، زۆر جار وەزارەتەکان، سەندیکاکان، کۆمەڵەکان، ئەرکەکانیان تێ هەڵکێش دەکرێت، ئیشەکانیان موتەداخیلە، بەجۆرێك هەموویان پێویستیان بە یەکتری هەیە، ئینجا مەسەلەی ستانداردی زمانی کوردی مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، پێش هەموو شتێك بۆ پێگەیاندی ئەو نەوە نوێیەی کە نازانێ بە چ زمانێك فێربێت، من لەو بڕوایەدام ئێمە دەبێت ڕاست گۆبین لەگەڵ خۆماندا، هەموومان دەزانین کە منداڵەکانی خۆمان خەریکە لە ڕێگەی کەناڵەکانی( سپەیس تون) و کەناڵە عەرەبیەکانەوە، فێری عەرەبی فوسحە ئەبن، کەچی زمانی کوردیان خەریکە لە بیر دەچێتەوە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بایەخ نادەن بەوەی کە نەوەی نوێ فێری زمانێکی کوردی پاراوە بکەن، ئینجا ئەگەر بیانوو ئەوەبێت، کە ئەمە ئەرکی کۆڕی زانیاریە، یاخود ئەرکی شوێنەکانی ترە، من ئێستا هەر لەو ئەهدافانەی کە بەڕێزان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری ناردوویانە، چەندین ئەرکتان بۆ دیاری دەکەم هەمووی ئەرکی موتەداخیلە، بۆ نموونە، ڕێز گرتن لە فرە فکری و ڕۆشنبیری، ئایا ئەمە هەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیریە، یان ئەرکی وەزارەتی پەروەردەو،

وەزراەتی خوێندی باڵاشە؟ مەسەلەی هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی، ئایا لیژنەی ئۆلۆمپی دەستەیەکی سەربەخۆ نیە؟، ئەی چۆن وەزارەتێکی حکومی هەماهەنگی لەگەڵ دەکات؟، مەسەلەی بایەخ دان بە ڕۆشنبیری منداڵان و هونەری شێوەکاری و سینەماو شانۆ، ئایا ئەمە ئەرکی زانکۆکانیش نیە؟، ئایا ئەرکی وەزارەتی خوێندنی باڵاش نیە؟، مەسەلەی سازدانی فیستیڤاڵ و کۆڕو کۆبوونەوە، ئایا ئەمە ئەرکی وەزارەتی خوێندنی باڵاو وەزارەتی پەروەردەو ناوەندە ڕۆشنبیریەکانیش نیە؟ مەسەلەی بایەخدان بە بواری ڕۆشنبیری هونەری وەرزشی خانمان، ئایا ئەوە ئەرکی یەکیەتیەکانی ژنانیش نیە؟ مەسەلەی بەگەڕخستنی بەشداری لاوان لە ڕوشی گشتی و ناوەندی بڕیار، ئایا ئەوە ئەرکی کۆمەڵەکانی قوتابیان و لاوان و خوێندکارانیش نیە؟، مەسەلەی ڕۆشنبیری کردن و بە زیانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، ئایا ئەوە ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیریش نیە؟ ئەمە هەمووی مانای ئەوەیە کە ئەوانە هەمووی ئەرکی موتەداخیلن، واتا ئەگەر ئێمە ئامانجێ زیاد بکەین بۆ ئەم ئامانجانە، خۆ کفر نابێت، زۆر زۆر ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، سۆزان خان کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم قسەکانم بەوە هین نەکرێت کە من دژی ستاندەرایزی کردنی زمانی کوردیم، بەو نەوعە تەفسیر نەکرێت، مەسەلەیەکە کە خۆی دەبێت مەجالی بدەینێ بە شێوازو تەتەوری تەبیعی خۆی بڕوات، پڕۆسەکە بە تەتەوری تەبیعی خۆی بڕوات، بۆ ئەوەی گەشەو نمایەکی تەبیعی بکات، ناکرێت تۆ بێی بێنی وەزارەت ئیجبار بکەی لەسەر ئەوەی کە بەزمانێکی ستاندارد بێت و، لە قاڵب بدرێت ئەم زمانە، زمان تا چەند لەهجەو دیالاکتیکی زیاتر بێتە ناوی و لەگەڵیا بێت، ئەوەندەی تر دەوڵەمەندتر دەبێت و، ئێستا دەبینین زمانی کوردی لە ئەنجامی ئەو تێکەڵاو بوونە، چەندێك دەوڵەمەند بووە، لەبەر ئەوە یەعنی من بە زەرووری نازانم بۆ ئەوەی بڵێین ئێمە بە تەنگ ئەوەوەین کە زمانێکی ستاندارد هەبێت، ئەبێ ئەم ئەرکە بخەینە سەر وەزارەتی ڕۆشنبیری، ئەمە کارێکە کە ئەبێت زۆر بە تەبیعی وازی لێ بێنین مەجرای خۆی بگرێت، لەوانەیە بە 10 ساڵی تر خۆمان بەبێ ئەوەی ئاگاداری خۆمان بین، زمانێکی ستاندارد دروست ببێت، لەوسەری کوردستان تا ئەمسەری کوردستان قسەی پێ بکرێت، یەعنی هەر بە تەبیعی بەبێ ئەوەی هیچ کەسێك تەشەنوج بیگرێ، هیچ کەسێك عونسوریەت بیگرێت، چونکە بەڕاستی نامانەوێت ئێمە زەحمەت لە هیچ لایەنێك بکەین، ئەم پڕۆسەیە با بەتەبیعی بڕوات، ئەمە خاڵێك، دوای ئەوە بۆچی ئێمە وا تەسەوڕ بکەین وەزارەتی ڕۆشنبیری کە ئێستا ئەرکی لاوانیش هاتۆتە سەر، لە ڕووی لۆغەوی و لە زمانەوە هەماهەنگی بکات لە کۆڕی زانیاری، ئەوەی کە نەشری سەقافەتێکە کە لە ئەنجامی تەرجومە کردنی کتێبە، ئەی ئەوە بلاَو

کردنەوەو هینی زانیاری ئەوە نیە، بلاّو کردنەوەی ڕۆشنبیری زمانێك نیە کە ستانداردە، ئەی خۆ قابیلە بە چەند زمان، بە هەموو زمانەکان ئەیکات، وردە وردە تێکەلاّو دەبێتەوە ئەو زمانە دروست دەبێت، لەبەر ئەوە من هیچ لەگەلٚ ئەوە دانیم ئەو بڕگەیە دابنرێت، چونکە پێموایە ئەوە هەمووی دەبێتە بابی قسە، بەبێ تەنفیز کردن، ئێمە ئەمانەوێت ئەوەی هەیەتی وەزارەت بەجدی کاری لەسەر بکات و ئەو ئەرکانەو، ئەو مەهامانەو، ئەو ئەهدافانەی هەیەتی جێبەجێی بکات، ئەوەی تر ئەمێنێتەوە بۆ زەمەن، وردە وردە تاکو زمانەکان دەولّەمەند دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێکی تر ئێمە ڕووبەڕووی دوو شتین، یەك، باس لە بابەتەکە بکەین، یان باس لەوە بکەین کە دەقێك لەناو یاسا بێت، باس لە بابەتەکە کرا، ڕێگە م بدەنێ من ئەلێم، ئەم مەوزوعە سێ لایەنی هەیە، لایەنێك لە ڕووی بایەخدان بە زمان، پێشخستنی و خاوێن کردنی لە وشەکانی بێگانە، هەولّدان بۆ ئەوە ئەم تێکەلاّو و پێکەلاّویەی هەیە، ڕاستە ئەمە یەکێکە لە ئەرکەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری بەچی؟، بەوەی ئەو کتابانەو ئەو بلاّو کراوانەی کە بلاّو دەکران، ئەوان هەولٚ بدەن پیشانمان بدەن کە فعلەن بایەخێکی گرنگ دەدەنە ئەوەی کە دەقی کوردی دەقێکی ڕێك و پێك بێت، زمانی کوردی دەولّەمەند تر بێت، ئەوە من لەگەلێمە 100٪، واتا پێشخستنی بواری نووسین ئەمە لایەك، لای دووەمی ئەو مەوزوعە، کە هەندێك جار باس دەکرێت، تایبەت مەندییێکە کە بەداخەوە نەتەوەی کورد لەبەر (پۆلۆتیك)، لەبەر کەلتووری ناوچەکە، لەبەر سیاسەتی ئیمپراتۆریەکانی دەوروبەرمان، لەبەر وجودی ئەو هەموو گەلیە درێژەو ئەو هەموو ئاوە، وای لێکردووە، کە نەبوونی دەولّەتی کوردی و، نەبوونی بازاڕی هاوبەش لەبەر جوگرافیا، زاراوەکان وجودیان هەبێت و، هەندێك جار تۆزێك لەیەکتر دوور کەوتبن، بەکارهێنانی ئەم زاراوانە، مافێکی سروشتی هەر بەشەرێکە، ئێمە بە شانازیەوە ڕێگە دەدەین، تورکمان، ئاشووری و، هەتا عەرەب و خەلکی تر، زمانی خۆی بەکار بهێنێت، خێرە ئێمە هەولّدەدەین زاراوەکانیش دەولّەمەند کەین، زۆر خوشك و برا باسیان کرد، هەندێك زمان شانازی دەکەن بەوەی کە زاراوەکانیان زیادە، سێیەم بابەتی ئەم مەوزوعە، بۆیە بەکارهێنانی لەخوێندنی خوارەوە، لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ، لە پەروەردە کردنی منالٚ نەبەس پێویستە، بەلکو ئەرکێکە، لایەنی سێیەمی گرنگ کە زۆر باس کراوە، وشەی ستانداردو یەکگرتوو، خوشك و برایانی ئەزیز من لێرە زۆر جار تکرار دەکەمەوە، سۆفییێلجستم، لە ئەنسۆپۆلۆجیا، پرۆسەیەکە مێژووی هەیە، پێی دەلێن پرۆسەی (ئیثنوجینیس)، پرۆسەی (ئیثنوجینیس)، تێپەڕبوونی (ئیثنیە)کانە بۆ نەتەوە، نەتەوە لە ڕووی سیاسیەوە، وە لە ڕووی حزبیەوە، لە ڕووی تاریخیەوە، هەتا لە ڕووی سیاسیەوە مەعنایەکی تری هەبێت، نەتەوە لە ڕووی (انثروبولوجي)یەوە، مانایەکی تری هەیە، زمان لە هەموو ئەو پێناسانە، یەکێکە لە توخمە هەرە سەرەکیەکانی نەتەوە، بەلاّم

ناتوانی بڵێی ئەمریکا نەتەوەنیە، چونکە زمانەکانی جیاوازە، قەت ناتوانی بڵێی هندستان نەتەوە نیە، نەتەوەنەیشن، ئیمڕۆ مەعنایەکی تری وەرگرتووە، بێجگە لە مەعنای مەدرەسەی ئەڵمانی، کە خەڵکێکن لە یەك ڕەگن، لەیەك زمانن، بەداخەوە زاراوەکانی زمانی کوردی، یەك تایبەتمەندیان هەیە، لە زاراوەکانی ئەڵمانیش کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ڕای لەگەڵ من بیت، چونکە شارەزایی هەیە لە لەهجەکانی نەمسایی، حەوت ملیۆن کە خەڵکی ئەم ویلایەتەنە، لە خەڵکی ئەوی تر تێناگەن ئەگەر قسە بکەن، شڤابیەك لە شتۆگارت، ئەگەر لە گەڵ بروسیەك قسە بکەن بە زمانی خۆی لە یەکتر تێناگەن، بەڵام زمانێکی ستانداردیان هەیە، جەزائیریەك ئەگەر لەگەڵ بەسراویەك قسە بکات لەیەکتری تێناگەن، زمانێکی ستانداردیان هەیە، ئەوە هەمووی ڕاستە، نەتەوەی کورد ڕۆژێك دێت زمانێکی دەبێت، کە زمانی فوسحە دەبێت، بەڵام ئیشکالیەتی هەردوو لەهجە سەرەکیەکەی زمانی کوردی، من ناڵێم هەمووی، چونکە شت هەیە هاوبەشە، لە هەورامی، لە کرمانجی سەروو، پێی دەڵێن بادینی، لە زازاکی ژن و مێر هەیە، ژن و مێر واتا پاشوەند لە هەموو سیفات، پاشوەند لە هەموو فاعل و مەفعول بە، لە لەهجەی بابان ئەو شتە نیە، من نازانم چۆن زمانەکە یەکگر بێت، یان دەبێت ژن و مێرەکە داخل بکەی، یان دەبی لابدەی، ئەمە پرۆسەیەکە جەمەعەت باسیان کرد، نامەوێ من ئەوە بکەم، ئەمە تۆ بۆخۆت ئیشکالیەتێك دروست دەکەی، هەوڵ بدەین ئەو هەوڵانەی کە هەندێك جار لە تەلەفزیۆنەکانی ئێمە هەیە، کە بە لەهجەیەکی بەناو نازانم چیە کە بادینیش نیە، سۆرانی و بادینی لە یەکتر دوور دەکەن، ئەمە دەبێت محارەبەی بکەین، ئێمە هێژاو گەلەك و پیرۆز داخلمان کرد، بۆیە ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕەنگە لەوێوە دێت، کە هاوکاربیت بۆ ئەوەی زمانی کوردی دەوڵەمەند بکات، بۆ ئەوی هەوڵ بدات زاراوەکان نێزیکی یەکتری بکات، پرۆسەی زمانی یەکگرتوو وشەیەکە داخیلی یاسایەك دەبێت، ئینجا دێمە سەبەبی دووەمی ئەم مناقەشەیەمان، ئێمە لە یاسا چ ئەجووڵێنین، ئەگەر وتمان ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستانە، کە زمانێکی یەکگرتووی موەحەد بکات، یاسا یان دەبێت هەبێت، یان دەبێت قوەتی ئیجرائی هەبێت، واتا کەمن بیر دەکەم من دەقێك بخەمە ناو یاسایەك، دەبێت بیر بکەم من وەکو پەرلەمان سبەینێ، ئەچم موتابەعە دەکەم، ئایا ئەم دەقە تەنفیز کراوە یان تەنفیز نەکراوە، ئەمەوێ بزانم کێیە ئەتوانێت ئەمە تەنفیز بکات؟ من بە موقەسەری دەزانم، بۆیە من تەسەوڕ دەکەم بابەتەکە جارێکی تر، ئەرکی هەموومانە، بەڵام قەت نەلە توانای وەزارەتی ڕۆشنبیریە وەنە جێگای هەیە لە یاسایەکی وەکو ئەوها، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ئەرسەلان موداخەلەیەکی هەیە، کەرەمکە.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی لە هەقیقەت ئەم مەسەلەیە، مەسەلەیەکی گرنگە، شارەزایانی زمان کە پێناسەی زمان دەکەن، دەڵێن زمان گرنگترین نیشانەی نەتەوەییە، بەڵام زمانی یەکگرتوو، بە قرارێکی سەرپێی نابێت، ئەو زمانەیەکگرتووانەی کە لە دونیا دروست بوون، یا قوەتێکی ئیقتیصادی گەورەی لە پشت بووە، یان قوەتێکی

دینی گەورەی لە پشت بووە، یا قوەتێکی ئەدەبی گەورەی لە پشت بووە، یان قوەتێکی گەورەی سیاسی لەپشت بووە، بۆ نموونە زمانی فوسحەی زمانی عەرەبی، قوەتی قورئانی پیرۆزە، پۆشکین، نووسینی لەهجەی پۆشکین، قوەتی زمانی روسیە، لەهجەی نووسینی شەکسپیر، قوەتی زمانی ئینگلیزیە، تەنیا لەیەك شوێنا یەك میللەتێك کە بە دوو شێوە زمان دەنووسێت و قسە دەکات، ئەویش نەرویجە، ئەگینا لە سەرانسەی دونیادا هیچ زمانێك نیە دوو شێوە زمان بنووسێت و بخوێنێتەوە، زمانێکی فوسحە هەیە پێی بنووسێت، وە زمانی محەلیش هەیە، خۆی لە هەقیقەت مەترسیەك، مومکنە ئەو قسەیە زۆر حیسابی لەسەر بێت کە دەیکەم، مومکینە لە ڕووی تەئریخی ئاینی تەئریخیەوە، یەکێ لە مەترسیەکان کە دێتە سەر کورد، ئەو شێوە زمانەیە، بە دوو شێوە زمان دەڕۆین ئێستا، شێوە زمانێکیان کرمانجیە هی سەروو، شێوەزمانێکیان کرمانجی خوارووە، وە ئێمە چۆن بتوانین ئەو دوو شێوە زمانە تەوحید بکەین، هەر یەکێ لەو دوو شێوە زمانە تەبریراتی خۆی هەیە، بەلاّم ئێستا لێرە قراریش بدەین، وە بیخەینە فەقەرەیەك لە فەقەرەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریش عەمەلی نیە، چونکە ئەو شێوە زمانە ئەبێت بە شێوەیەکی تەبیعی دروست بێت، بە شێوەی تەبعی دروست دەبێت بەڕاستی، من تەئیدی قسەی کاك عبدالسلام دەکەم، لەوەی کە ئەگەر قراریشی لێ بدەین، موتابەعەشی بکەی جێبەجێ نابێت، چونکە قوەتێکی سیاسی گەورە هەیە بۆ هەر یەکێك لەو دوو شێوە زمانە، ئەگەر سەیری مەکتەبەی کوردی بکەی، هەتا حەفتاکان و هەتا هەشتاکانیش، کرمانجی خواروو بەقوەتترین وجودی هەیە لە مەکتەبەی کوردی، بەلاّم ئێستا خەریکە وردە وردە کرمانجی سەروو بە قوەتەوە دێتە پێشەوە، وە یەکێکیشیان بۆ ئەوی تر جێگا چۆڵ ناکات بە ئاسانی، ئەوە دەمێنێتەوە بۆ تەئریخ، ئەو قوەتە سیاسیەی کە تەحەکوم بەو مەسەلەیە دەکات، یان قوەتێکی ئەدەبی تەحەکوم لەسەری دەکات، پێموابێ ئەو مەسەلەیە لە توانای ئێمە دانیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا یەك بەڕێزێکی تر دیفاع بکات، ستاندارد هەبێت، ستاندارد چونکە سێ بەڕێز، لەکاتی دەنگداندا، دوو بەڕێز لەگەڵ ستاندارد بوون، سێ بەڕێز بۆچوونێکی تریان هەبوو، ئەرکی وەزارەت بێت لە قانونەکە دایبنێین، یان بهێڵینەوە بۆ کات، کەرەمکە کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم مەوزوعەوە، ئەوەلەن باس لەوە نەکراوە، نازانم ئەو بەشەی کە من تەسنیەم کرد، باس لەوە نەکراوە، زمانی یەکگرتووی کوردی یەك بخەین، ئەوەلەن باس لە هەوڵدان کراوە، هەتا بە تەئکید کەلیمەی هەوڵدانم نووسی زانیم ئەو موناقەشەیە دێتە پێشەوە، هەوڵدان بۆ یەکخستنی زاراوەو نووسراوە فەرمیەکانی دوائری حکومەت، باس لە توانەوەی لەهەجات و لابردنی لەهەجات نیە، ئەم بیر کردنەوە بیر کردنەوەیەکی زۆر هەڵەیە، ئەگەر ئێمە باس لەوە بکەین، دوو لەهجە، سێ لەهجە، شێوەزارەکان یەك بخەینەوە، شتی وا مومکین نیە لە هیچ وڵاتێك، ئەو نموونانەی جەنابیان بەڕێز کاك د. ئەرسەلان و کاك عبدالسلام باسیان کرد،

لە وڵاتانی دونیا، وڵاتی وا هەیە زیاتر لە 10 زمانی ڕەسمی هەیە، هەر زمانی ڕەسمین، بەڵام یەك زمانیان هەیە بۆ موخاتەبات و بۆ نووسراو و بابەتە ڕەسمیەکانی خۆیان، من عەرزی بەڕێزتان بکەم، معاناتمان هەیە لە کوردستان، جەنابتان لە بیرتانە لە ساڵانی ڕابردوو، جاری وا هەبووە سێ جار کتێبی مەنهەجی لەیەك ساڵ چاپ کراوەتەوە، لەبەر ئەو گرفتە کە ئێستا لێرە بە جورئەت باسی بکەم، ئێمە باسی ناوماڵی خۆمانە، ئەمە ئەو دواخستنە هەتا کەی؟ ئەڵێن ئەرکی ئەکادیمیایە، ئەرکی وەزارەت نیە، باشە ئەگەر جیهەتێکی باڵای ئەساسی لەم مەسەلە خۆی بەخاوەنی نەزانێت، هەوڵی بۆ بدات، هەنگاوی بۆ بدات، کەی ئەم نەتەوەیە هەست بەمە ئەکات؟ کەی قۆناغی ئەوەیە دەست بکار ببین بەعزێ هەنگاوی ئەساسی بنێین، لەبەر ئەوە من وا دەزانم ئەوەلەن، هەنگاوی یەکەم، باس لە یەکخستنەوەی زاراوەکانی ناو دام و دەزگا حکومیەکانە، ئەوە یەك، هەوڵ دانە بۆ موخاتەباتی ڕەسمی، نووسراوە ڕەسمیەکانی حکومەت، بابەتی مەنهەجی و پرۆگرامی خوێندن، ئەمانە هەنگاوی سەرەکین، لێرەوە ئەتوانین دەست پێ بکەین، قەتعەن باس لەوە نیە، زاراوەیەك لە زاراوەیەکی تر بتوێتەوە، یان لەهجەیەك لە لەهجەیەکی تر بتوێتەوە، ئەوەی کەئێمە دیفاعی لێ دەکەین، ئەوەیە من تەئکید دەکەمەوە، باسی یەکخستنەوە نیە ئەگەر باسی ئەوە بێت، من سەحبی ئەکەم بەشەکەی خۆم، باس لە هەوڵ دانە بۆ یەکخستنەوە، کە ئەوە زۆر ئاساییەو، وەکو ئەو هەموو کەلیماتەی تر عومومیاتێکمان وتووە، ئیهتیمام بەوەو، گرنگی دان بەوەو، هەوڵدان بۆ ئەوە، با ئەوش ببێتە ئەرکێك لەسەر وەزارەتی ڕۆشنبیری، بۆ ئەوەی هەنگاوی جدی بۆ بنێت، تەنسیق لەگەڵ ئەکادیمیا و خوبەرایانە، ئەوە ئەرکی سەرشانیانەو شتێکی تەبیعیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ئاخیر کەس جەنابی وەزیر و ئەخرێتە دەنگدانەوە، هیچ نوقتەی نیزامیش نیە، خەڵاس، کەرەمکە.

**بەڕێز د.کاوە محمود/( وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە قانونەکە ئیشارەتمان کردووە بە پەرەپێدانی زمانی کوردی، پەرەپێدانی زمانی کوردی دەستەواژەیەکی فرەوانە، هەموو لایەنەکان دەگرێتەوە، هەتا هەوڵ دان بۆ زمانی ستانداردە بۆ زمانی فەرمی، تەنانەت ئێستا لە نێوان ئەکادیمیەکان جیاوازی دەکەن لە نێوان زمانی ستاندارد و زمانی فەرمی، ناچینە ناو ئەم مەسەلانەوە، ئێمە ئێستا کاریشمان کردووە، ئێستا لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی، بە ئاگاداری سەرۆکایەتی هەرێم کۆنگرەیەکمان بەدەستەوەیە، بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی، ئەمانەوێت ساڵانە بیکەین، شەش میحوەری تیایە، یەکێك لە میحوەرەکان مەسەلەی زمانی ستانداردە، بەڵام پەرەپێدانی زمانی کوردی، نابێت ئیختیزالی بکەین بەس بە زمانی ستاندارد، باسی زمانی پەروەردە دەکەین، باسی زمانی زانست، ئایا کوردی بۆ زمانی زانست بەکاردێت، باسی ڕێزمانی کوردی دەکەین، باسی زمانی ستانداردیش دەکەین، بۆیە ئەوەی کە بەگشتگیری هاتووە، پەرەپێدانی زمانی کوردی هەموو ئەمانە دەگرێتەوە، نەچینە ناو جوزئیاتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، رایەکان وازح بوون، ئەو بەڕێزانەی کە پێیان باش بوو، باسی لێ بکرێت و لەم پڕۆژە یاسایە دابندرێت، زمانی ستاندارد، دیفاعیان کرد، رەئی خۆیان وت، وە ئەو بەڕێزانەش کە پێیان باش بوو، بهێڵدرێت بۆ مەجالی تر و لەسەری کار بکرێت، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە لەم پڕۆژە یاسایە زمانی ستاندارد دابندرێت و کاری بۆ بکرێت، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، 20 بەڕێز لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند نەکرا، پێشنیارێکی تر هەبوو، سینەما، گرنگی بە سینەما بدرێت و لەم پڕۆژە یاسایە دابندرێت، نیزامیە کەرەمکە.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چەند ئەندام پەرلەمانێك باسی ئەوەمان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئێستا دێمە سەر ئەوەی جەنابیشت، ئێستا نۆرەی ئەمەیە، هەمووی دێت، مادام وای لێهات هەتا ئاخر پێشنیار، دوو کەس کردبێتی، دێینە سەری، کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شەهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردەم وابووە، ئەگەر پێشنیارێك کرا، دەبێت دوو کەس هەستێت پشتیوانی لێ بکات، ئەگینا ناخرێتە ناو پرۆسەی دەنگدانەوە، مەوزوعی سینەما، ئەوەی کە جەنابت ئێستا باست کرد، یەك کەس باسی کردووە، وە دوای ئەوە ئێستا سینەماکان چۆتە بواری کەرتی تایبەتەوە، ئەمان بەس ئەتوانن بڵێین ئیشراف لەسەر ئەوە بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز، یەك کەس نەبوو، دوو کەس، سێ کەسە، ناوەکانیان لای منە، دانیشتوومە، تەبوبیم کردووە، هەقی خۆیانە، کەرەمکە ، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.کاوە محمود/( وەزیری رۆشنبیری و لاوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەیەکی مەعلوماتی، ئەمە فەرمانی وەزاری ژمارە 665 ـە، لە 2010/5/31، بریتیە لە 15 خاڵ، پەیوەندی بە رێکخستنی بواری سینەماوە هەیە:

یەکەم/ بایەخدان بە و فلیمانەی کە بەرهەم هێنراون، نمایش کردنیان.

دوو/ هاندانی سەرمایەداران بۆ پشتگیری کردنی سینەما، بایەخدان بە سازدانی هەفتەی سینەمایی، یەکلا کردنەوەی فلیمە هەڵپەسێردراوەکان، بایەخدان بە کەرتی تایبەت، بایەخدان بە کردنەوەی خولی سینەمایی بۆ پێگەیاندنی کادیر، بەرهەم هێنانی فیلم بە دیجیتاڵ، ساڵانە فیستیڤاڵی سینەمایی بکرێت لەسەر ئاستی کوردستان، پاراستنی مافی گشتی دەوڵەت، ڕێکخستن و بەشداری کردنی فیلمەکان لە فیستڤاڵەکان، ئامادە کردنی گرێبەستی نموونەیی، ڕێگە نەدرێت کە هەر کەسێك ئیستیغلالی پۆستەکەی خۆی بکات بۆ ئەم بوارە، ڕاگەیاندنی ئەو بودجەیەی کە لە بواری سینەما خەرج دەکرێت، ئەمە سیاسەتمانە سەبارەت بە سینەما، بە فەرمانێکی وەزاری بڵاومان کردۆتەوە، لەبەر دەستی برادەرانیشدایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان دیارە لە خاڵی شەشەم دەڵێت (والاهتمام بالمكتبات العامة، والنشاطات المتعلقة بمجالات ثقافة الطفل والفنون التشكيلية والسينما والمسرح والموسيقى)، لەبەر ئەوە ئەو دوو بەڕێزەی کە ئەو پێشنیارەیان کردبوو، ئەوا واردیان کردووە خاڵەکەیان، پێشنیارێکی تر، بایەخدان بە ناسنامەی نیشتیمانی، بایەخدان بە ڕەوەندی کوردی لە دەرەوە، بۆ ئەم پێشنیارەش کە چەند بەڕێزێك پشتیوانی لێ کردووە، ئێستا دوو کەس هەڵبستێت دیفاعی لێ بکات، دووانیش ئەوەی ئەگەر رەئی مخالف هەبوو، کەرەمکە کاك عمر نورەدینی.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کردبوو کە بایەخدان بە پرسی ناسنامە، هەروەها بەهێز کردنی ئینتیما، بخرێتە پێشنیارەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئێستا، لەسەردەمی بە جیهانی بووندایین، قسەکردن لەسەر پرسی ناسنامە، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ، ئاوێتە بوونی کەلتورەکان لە ئێستادا، کارێکی زۆر زۆر گرنگە، بۆنموونە، لە هەرێمی کوردستان ئەم پرسە، ئێستا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پرسی ناسنامە، پرسێکە زۆر بەجدی کاری لەسەر دەکەن، ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا، لە ئێستاو لە ئایندەدا، ڕووبەڕووی ئەم ئیشکالیەتە دەبین، کە پەیوەندی بە هەویەی کوردستانیەوە هەیە، توخم و ڕەگەزەکانی هەویە، هەویەی کوردستانی چین؟، چۆن دەتوانین بایەخی پێ بدەین؟ چۆن دەتوانین بیان بوژێنینەوە؟ چۆن دەتوانین ئینتیما بۆ نیشتیمان و بۆ کەلتووری وڵاتی خۆمان بە تایبەتی، لای ڕەوەندی کوردو گەنج ولاوان، لەسەرئاستی ناوخۆ لەسەر ئاستی دەرەوە بەهێزبکەین؟ چونکە ئەم پرسەلە لایەکەوە، بە جیهانی بوون لە هەموو ڕوویەکەوە تەنها دیاردەی باش نیەو، شوێنەواری باشی نیە، بەڵکولە پرسی هەویەوئینتیمادا ، ڕەنگە عەولەمەوبەجیهانی بوون، هەندێك کاریگەری خراپ لەگەڵ خۆی بهێنێت، بۆیە ئێمە ناڵێین تەنها ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیریە، بێگومان ئەمە پرسێکی زۆر گەورەیە، بەڵام یەکێك لە ئەرکەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەکرێت بایەخدان بێت بە پرسی، ناسنامەو بووژاندنەوەی توخم و ڕەگەزەکانی ناسنامەو و بەهێزکردنی ئینتیما، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەو پێشنیارەی کە لێژنەکان ئامادەیان کردووە هاتووە، لە خاڵی سێیەمیش هاتووە، لە 15 ش هاتووە، (تطوير العلاقات الثقافية والرياضية والنشاطات الشبابية مع كوردستانيي دول الجوار والعالم)، یەعنی ئەوە دەگرێتەوە ئەوەی جەنابت، ئەوانە بوون کە بۆ دەنگدان لای من، نازانم شتێکی تر ماوە، ئێمە لەسەری دەرباز بووبێتین، کەرەمکە گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە سێ کەس دیفاعمان لەوە کرد کە یەکسانی جەندەری لانەبرێت لە خاڵی نۆیەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نووسیویانە، بەڵام وەکو کاك دکتۆر صباح پێشنیاری کرد، وەکو لیژنەکان، هەروەکو خۆی مایەوە، بەس ناوەکەی چونکە هەندێك بەڕێز لێی دەترسێ، لەبەر ئەوە لادراوە، بەسەرچاو، گەشەخان هەڵسە دیفاعی لێ بکە، جەندەر دەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوپاتی دەکەمەوە و پشتیوانی قسەکەی کاك د. کاوە دەکەم، کە ئەوە تەنها نەوعی ئیجتیماعی دەگرێتەوەو، یەکسانی جەندەری واتا یەکسانی لە ماف و ئەرك و بەرپرسیاریەتەکان و ڕەخساندنی هەلی وەك یەك، وە موستەلەحێکی عالەمیەو ئاساری خۆی ئەبێت، بۆیە بەکارێکی باشی دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزێکی تر دیفاعی لێ دەکات کە بمێنێتەوە، دانا سعید سۆفی کەرەمکە.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك ئاماژەمان پێدا پێشتریش، بەڕاستی یەعنی لە زۆر یاسای وڵاتانی تردا، وشەی جەندەر هاتووە، یاخود یەکسانی جەندەر، وەك جەنابی وەزیریش ئیشارەتی پێیدا، یەعنی ئەوەی کە باس کراوە لە ڕاپۆرتە موشتەرەکەکە هاتووە، بەڕاستی باس لە جەندەر ناکات، باس لە ڕەگەزی بایەلۆجی دەکات، هێشتا جەندەر بە مانای ڕەگەزی کۆمەڵایەتیە کە جیاوازی لە نێوان نێرو مێدا دادەنرێت، بەڵام ئەوەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، هێشتا بە مانای ئەوەیە کە جیاوازی لەسەر بنەمای بایەلۆجی، یەعنی بۆیە هەمان شت نیە

بەڕاستی، لە هەمان کاتیشدا، کاتێك کە لە یاساکانی وڵاتانی تردان هاتبێت، بۆ ئێمە لێی بترسێین؟ پێموایە ترسێکی زۆر ڕەوا نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مەبەستت ئەوەیە جەندەرەی ئێمە فەرقە لەگەڵ جەندەری خەڵك، لەناو قەوس بوون یەکسانیە، کێ مەخالفیەتی کاك عمر، کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەم مەوزوعەی جەندەرەر لە سەرەتای دەورەشەوە، لەکاتی ناونانی لیژنەکانا، هەر ورووژێندراوە و قسەشمان لەسەری کرد، ئێمە تۆزێك شەفاف و وازح قسە بکەین، لەسەر مەوزوعی جەندەر، جەندەر لەو لاوە ئێمە باسی رەسەنایەتی، ئەساڵەت وشناس و پێناسەی خۆمان دەکەین، لەولاوە پەنا دەبەین، جا ئەگەر جەندەر یەعنی یەکسانی، ئەوە یەکسانی، چ پێویستمان بە جەندەرە، مەوزوعەکە بەو سادەییەش نیە، ئێمەش دیراساتمان هەیە لەسەر ئەو باسە، من بۆخۆم بەشێك لە ئیختیساسەکەم لە بەشی ئیهتیمام بەو مەوزوعە داوە، بە زانیاریەوە ئەم شتانەتان بۆ عەرز دەکەم، وشەی جەندەر، جەندەر خەلفیەیەکی سەقافی کەلتوری هەیە، پەیوەندی بە واقعی کۆمەڵگای ئەوروپاوە هەیە، بە وازحتر باسی کاریگەری ئاینی و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان دەکات، لەسەر ئەو جیاوازیەی کە لەنێوان ژن وپیاودا هەیە، ئەم مەوزوعە لە کۆنگرێسیدا ئەو خوشك و برایانەی کە ئیختیساسیان هەیە ڕەنگە باشتر دەزانن، لەکۆنگرەی چین و بەعزێ لەو کۆنگرانە، تەئکیدیان لەسەر کردۆتەوە، من یەك نموونەتان عەرز دەکەم، لە وڵاتی ئەمەریکا، کە لە زۆر مەجالدا بە پێشەنگ دەزاندرێت، تەحەفوزی لەسەر جەندەر هەیەو، لە ئیتیفاقیەی کۆنگرێسیدا ئەوەی ئیمزا نەکردووە، لەبەر ئەوەی کە لەسەر ئەم مەوزوعە سەرنجی هەیە، کە بە نەریتی کۆمەڵگاکانی خۆیان ناخوات، جۆرێ لە وڵاتە ئاسیاییەکان باسی تەنها گەلانی ئیسلامی نیە، لەو دیدەوە سەیری نەکەین، باس لە دژایەتی لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا بێ، دژایەتی لەگەڵ ئەسڵی ئاین هەیە، وەکو ئاینە ئاسمانیەکان، یەعنی خەلفیەکەی ئەوان ئەوەیە، ئێمە ڕەنگە بە سەتحیەتەکەی وەری بگرین، بە بەرائەتەکەی وەری بگرین، بە دیوە ئیجابیەکەی وەری بگرین، کە باس لە یەکسانی ڕەگەز دەکات، بەڵام مێژوویەکی هەیە جەندەر، کە لەم سەدە هاوچەرخە تەعبیرەکەیان لە کەلیمەی (جەندەر) بۆ دانا، هەر لەبەر ئەوەشە تەواوی ئەکادیمیا عەرەبەکان تا ئێستا بۆیان تەعریف ناکرێت، وە ئەو تەعریفەی بەڕێز وەزیریش خوێندیەوە، ئەوە تەنها ئیتیحادی ئەوروپی ڕەنگە ئیعتیمادی خستبێتە سەر، تا ئێستا لە هیچ قاموسێکی عالەمی موتەفق نین لەسەر تەئکید کردنی کەلیمەی (جەندەر)، من نموونەیەکتان عەرز دەکەم، کە وڵاتانی دەورو بەرمان کە عیراق یەکێکە کە تەحەفوزی لەسەر ئەو کەلیمەیە بووە، وڵاتە عەرەبیەکان زۆربەیان ئیمزای ئیتیفاقیان نەکردووە، کە باسی جەندەری تیایە، چونکە لە بونیانی ئەو بۆچوونە ئاینیانە، ئەو نەریتە کۆمەڵایەتیانە ئەدات، کە ئەحکامی خێزان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دیاری دەکات، تەواوی ڕێکخراوە ئاسیاییەکان،

صین، هند، یابان، جنوبی شەرقی ئاسیا، مـن موتابەعـەم کـردووە ئیمزایـان لەسـەر ئـەوە نـەکردووە، ڕەنگـە بڵێم تەواویان موبالەغە بێت، بەڵام زۆربـەی زۆریـان یـان تەحـەفوزیان هەیـە، یـان لەگەڵـدا نـەبووە، لەبـەر ئەوە ئەم مەوزوعە وەکو ناحیەی علمی و واقعی ڕەنگـە قـوڵتر بچینە نـاوی، کـاتی بـەڕێزتان زۆر بگیرێت، چونکە مەوزوعەکە تۆزێك ئیختیساسیە، منیش ئیختیساسـەکەم لەمـەدا نیـە بەتایبـەتی بڵێم لەمـە، وەکو بڵێی ئیلمامێکی گشتیم بووە بە مەوزوعەکە، کە بەکورتیەکەی بە کۆمەڵگای ئێمە ناخوات، زۆر زۆر شتێکی ناشیرینە لە ناو یاسای ئێمـەدا هـەبێت، تەسائولاتێکی زۆر دروست دەکات لەسـەر ئێمـە، لەسـەر قـەوانینی ئێمە، وە حاجەشمان پێی نەبێ، لەسەر ئەم بەشەی چ حاجەمان بـۆی هەیـە، ئەگـەر ئێمـە بـاس لـە داکـۆکی مـافی ژنـان دەکـەین، بـا ماددەکـان زیـاد بکـەین، ئـەو ماددانـەی باسـی ژنـی تیـا نیـە ئیزافـەی بکـەین، ئـەو لایەنانەی کە ئیهتیمام بە ئافرەتانی تیا نیە، گرنگی زیاتری پێ بدەین، ئایا بەم وشەیە ئەمە ئەچینە ڕیزی ئـەو وڵاتانـەی کـە یەکسانی بـۆ ژن و پیـاو بـە ئیزافـە کردنـی تـەنها وشـەیەك دەسـتەبەر دەکـەن، کـە نـە بەکـەلتورمان دەخـوات، نــە بــە داب و نــەریتمان دەخـوات، نەبـە واقعـی کۆمەڵایـەتیمان دەخـوات، نەبـە دەستەواژە ئاینیەکانمان ئەخوات، کە ئێمە زۆربەی قەوانینمان لە ئاینی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتـووە، بـە حـوکمی ئـەوەی زۆربـەی خـەڵکی کوردسـتان موسـوڵمانە، وە هـەروەها بـە ئاینـەکانی تـریش نـاخوات، بـەو ئیعتیبارەوە وتم کە بە جەوهـەری دیـن، ڕاسـتە وشـەکە لـە جەوهـەر نایـەت بـەس کـە کاتێـك خەلفیەکـەی ئەخوێنیتەوە، دەوروبەرەکەی لەکوێوە مونشەئەکەی پەیدا بووە، ئێمـە بمانـەوێت و نەمانـەوێت بـاس لـەوە دەکات، کـە ئـەو بابەتانـەی پەیوەنـدیان بـە کۆمـەڵگا، بـە خێزانـەکان، بـە پەیوەنـدی سروشـتی نێـوان ژن و پیاوەوە هەیە، دەسـتکاری بکرێت لەسـەر ئەساسـێکی نـوێ، غـەیری ئـەو ئەساسـەی کـە بـووە بـە تەقالیـد و ئەعراف، لە وڵاتانی ئەوروپی، بۆیە من پێم زیادە ئەو کەلیمەیە، بە هـەموو بارێکیـا، لـە ڕووی زانسـتی، لـە ڕووی ئاینی، لە ڕووی کۆمەڵایەتی، لە ڕووی حاجەو پێداویستی، هـیچ پێویسـتیەکمان بـەو کەلیمەیـە نیـە، هەر کەلیمەیەك، هەر دەستەواژەیەك، دیفاع لە ئافرەتان بێت، لە ژنان بێت، باسـی یەکسانیان بێت، باسـی مەساوات بێت، هەرچی بڵێین شتێکی سروشتیە، چونکە بـە کـەلتوری خۆمـان دەخـوات، بـەڵام هێنـانی ئـەم کەلیمەیە، غەیری ئەوە دەنگوباسێك بۆخۆمان دروست دەکەین، هیچێکیش بۆ ئافرەتان و ژنـانی کوردسـتان سەوز ناکەین، شتێکی تری لێ ناکەوێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردی چی دێتن، کەرەمکە، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمریکا بۆیە ئیمزای نەکردووە، لەبەر ئەوەی وتویەتی من خۆم جێبەجێم کردووە، پێویست ناکات ئیمزای بکەین، یەعنی مەوزوع تەحەفوز نیە ترس بێت، لەوەوە باس دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تكايە نیزامیە؟، خوشكی من، دوو كەس قسەی كرد، پیاوێك و ئافرەتێك قسەی كرد، باشە ئەیكەینە سێ كەس، كەسێكی تریش لە لایەكەی تر دیفاع بكات، كەرەمكە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باس لە كەلتور دەكرێت، ئەی ئەو كەلتورە چەق بەستوەیە، ئێمە لێرە باسی وشە ناكەین، وەكو وشە بۆ جوانی یاسای پێ برازێنینەوە، نەقدی دنیا كراوە، لە قمەی هەولێر كە كراوە، هەرچی پیاوی ئەو وڵاتەی عیراق كەهەیە، كۆبوونەتەوە لەسەر مێزێك، ژنێكی تیا نەبووە، بۆچی ژن لەسیاسەتا ئیش ناكات، نازانێت قسە بكات لە سیاسەتدا، عیلاقەی هەیە بەسەر ئەو ئەقلیەت وكەلتورەی كە ئێمە ئەمانەوێت تێكی بشكێنین، بە وشە تێك دەشكێت، بە فعل تێك دەشكێت، بە یاسا تێك دەشكێت، ئەبێ تێكی بشكێنین، چونكە من لەبەر ئەوەی ژنم، لەبەر ئەوەی ڕەگەزی مێم، پیاوی بەرامبەرم ئەگەر لەمستەوای كەمتری منیش بێت، بەڵام ئەو ئەفزەڵیەتی هەیە، چونكە سوڵتەی بە دەستەوەیە، شتەكە لێرەدا ئەوەیە، مەوزوع سوڵتەیە، ئەگینا ئیشێكی تر نیە، مەوزوع لە دەستدانی سوڵتەیە، بۆیە قبوڵ ناكرێت، وشەیەكی بێگانە بێتە ناو ئەم سیستەمەوە، كە باس لەوە دەكات من سەیری ڕەگەزەكەم مەكە، سەیری تواناكانم بكە، سەیری ڕەگەزەكەم مەكە، سەیری ئەوە بكە، كە چی ئەتوانم بكەم، مافەكانم چیە لەم وڵاتە؟ ئێمە باس لەوە دەكەین، باس لەوە ناكەین، قەیچیەكا با وشەی مساوات و یەكسانی دابندرێت، قبوڵی ناكەین ئێمە ئێستا، لەناو پەرلەمانا تەقریبەن لە 32٪ ی ئەم پەرلەمانەین، ئەگەر لە 32٪ی ئەم پەرلەمانە ژن بێت، وە قبوڵی ئەوە بكات وشەیەك دانەندرێت، تەعبیر لەو دەكات كە ئەمە، من ڕەگەزێكی جیاوازم لە تۆ، لە ڕەگەزیشدا فەیناكا، بەڵام لەماف و ئەركدا وەكو تۆ وام، قبوڵی بكەن، ئەوە ئەوسا هەقە ئەو ژنانە هەویەی خۆیان بگۆڕن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شاهۆ كەرەمكە.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزانم لە كۆبوونەوەیەكی پێشوتردا، لە فەسڵی تەشریعی یەكەمی پەرلەمان، هەمان مناقەشە كرا، سەبارەت بە وشەی جەندەر، بەڕاستی من لەو بڕوایەدام، نابێت ئەمە بكەین بە كێشەیەكی گەورە، چونكە ئایا ئێمە كێشەمان لەگەڵ وشەدا هەیە؟، یاخود كێشەمان لەگەڵ مانا هەیە؟، ئایا كێشەمان لەگەڵ زمانەوانی جەندەردا هەیە؟، یاخود كێشەمان لەگەڵ مانای زاراوەیی جەندەر هەیە، من وەكو ئەندام پەرلەمانێك پێموایە لەناو هۆڵی پەرلەمان هیچ وشەیەك حەرام نیە، هەموو وشەیەك ئەبێ بووترێ، وەنابێ لیستێ هەبێ، لیستی تابۆكان، لیستی ئەو وشانەی كە نابێت لەناو پەرلەمان بەكاربێن، ئێمە نوێنەرانی میللەتین، وە بۆمان هەیە باس لە هەموو شتێك بكەین، كەواتە كێشەكە نابێت هەندێك وشە

بخەینە دەرەوە، وە هەندێك وشە حەلاڵ بکەین، وە لەو بڕوایەم کە ئێمە ئێستا باس لەو بکەین، کە لە ڕێگەی موقەدەسی دینیەوە هەندێك وشە حەرام کەین، لە کاتێکی تردا بە مانای موقەدەسی سیاسیەوە ووشەی تر حەرام دەکەین، من دژی هەردوو جۆرەکەم لە داتاشینی جۆرێ لە تەحریم، بەتایبەتی قسە کردن، لەحدودی ئەدەب و لە حدودی لیاقە، بۆمان هەیە باشی هەموو وشەیەك بەکەین، بەو پێیەی من پسپۆڕیم لە زمان و ئەدەبدا هەیە باس لە وشەی جەندەر بکەم، وشەی جەندەر لە زمانە ئەورووپیەکانەوە وەرگیراوە، بە مانای ڕەگەز دێت، بە مانای جنس دێت، وە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ووشەی ( ژانر) بۆ جنسی ئەدەبی بەکاردێت، بۆ نموونە، شعر(ژانرێکە)، چیرۆك ژانرێکە، ڕۆمان ژانرێکە، بە هەمان شێوە بۆ جیا کردنەوەی شوناسی پیاو، لە شوناسی ژن، زۆرجار وشەی ڕەگەز دادەنرێت، هەندێك جار وشەی سێکس دادەنرێت، بەلاَم بۆ ئێستا وشەی جەندەر دادەنرێت، لەبەر ئەوەی دیراسەکانی جەندەر ناسی، تەنها مانایەکی بایەلۆجی نابەخشن بە ژن، بەڵکو مانایەکی کۆمەلاَیەتیشی پێ دەبەخشن، واتا جیاوازی نێوان ژن و پیاو، تەنها جیاوازیەکی بایەلۆجی نیە، بەڵکو جیاوازیەکی کۆمەلاَیەتیشە، بەو مانایەی نەزرەی کۆمەلاَیەتی بۆ سەر ژن، لە کۆمەڵگایەکا جیاوازە لەنەزرەی کۆمەلاَیەتی لە کۆمەڵکایەتی تردا، بۆنموونە لەکۆمەڵگایەکی کشتوکاڵیا دیدێ هەیە بۆ ژن، لە کۆمەڵگای پیشەسازی دیدێکی ترهەیە، وە لەوە بڕوایەدام ئەمە کێشەی لەگەڵ دینیشا نیە، چونکە ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆسەردەمی جاهلی، لەسەر دەمی جاهلی دیدی کۆمەلاَیەتی، موجتەمەعی جاهلی بۆ ژن، دیدێکی دونی بوو، دیدێکی تەحری بوو، واتا ژنن وەکو کاهینێکی بچووك تەماشا دەکرا، ئەمە دیدێکی بایەلۆجی نەبوو، بەڵکو ئەمە دیدێکی کۆمەلاَیەتی بوو، کە ئیسلام هات شۆڕشێکی کۆمەلاَیەتی کرد بەسەر ئەم دیدەدا، واتا دیدێکی کۆمەلاَیەتی تری خستە جێگەی ئەو دیدە کۆمەلاَیەتیە، بەم مانایە ژن لەسەردەمی جاهلی، ژن لە ئەفغانستان، ژن لە تورکیا، ژن لەئەورووپا، لەڕووی بایەلۆجیەوە یەك شتە، بەلاَم لە ڕووی کۆمەلاَیەتیەوە ماناکانیان دەگۆڕێت، کەواتە لەو بڕوایەم ئەو کەسانەی کە دژی ئەم وشەیەن، هێندە حەساسیەتتان بەرامبەر ئەم وشەیە هەبێت، وە ئەوانی تریش ئەوندە بە حەساسیەتەوە باسی ئەم وشەیە نەکەن، مەرج نیە هەموو وشەیەك، وشەیەکی پیرۆز بێت، ئەوەی کە تەحریمی دەکات، ئەوەی تریش تەقدیسی نەکات، یەعنی وابزانێت ئەگەر ئەم وشەیە بەکارنەهات تەواو، یەعنی دنیا ئاخیر بووە، یەعنی با ئەوندە لەسەر مەسائلی زمانەوانی قەسە نەکەین، جا بەسەراحەت من هینێکم هەیە، ملاحەزەیەکم هەیە، سەبارەت بە زۆربەی مناقەشەکانی ناو هۆڵی پەرلەمان، ئێمە زۆرجار وامان لێ هاتووە ناو هۆڵی پەرلەمان، بووە بە هۆڵی چاککردنەوەی هەڵە زمانەوانیەکان، بووە بە هۆڵی ڕستە سازی لە بری ئەوەی تەشریع بێت، بۆیە من پێموایە زۆرجار لەسەر هەندێ شت موناقەشە دەکەین، کە زیاتر کات دەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاهۆ، لەگەڵ بوو یان دژ بوو؟ مەعلوم نەبوو، یەعنی.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام، ئێمە مەبەستمان چیە لەو بڕگە قانونیە، ئایا مەبەستەکە بگەیەنین؟ گرنگ نیە بەچ زمانێك ئەی گەیەێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیارێك هاتووە، ئەگەر کەرەمکەی بیخوێنیتەوە، بزانین رەئی بەڕێزان چۆنە لەسەر ئەو پێشنیارە؟

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارە لەلایەن كاك نەریمان هاتووە، دەڵێ ئەگەر وشەکە بکەینە کوردی، سەر زمانی کوردی، زۆر لەکێشەکە چارەسەر دەبێت، ئەو پێشنیارەکەی ئەوە، جیاوازی کۆمەڵایەتی نێوان هەردوو ڕەگەز.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان دیارە ئەم نوقتەیە زۆر هەڵدەگرێت، بە چوار کەسی تر ڕێگە دەدەین، دوان ئەوەی لەگەڵ دەبێت، دوان ئەوی دژی دەبێت، عزیمە خان، كاك عبدالسلام بەرواری، زەکیە، کەرەمەکە كاك د.احمد.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە بە شێوەیەك تەعامول لەگەڵ ئەم وشەیە بکەین، بە شێوەیەکی حەساسیەت ئەم وشەیە وەربگرین، ئێمە پێمان وایە کە باس لە پەرەپێدانی زمان و ڕۆشنبیری دەکەین، بمانەوێت و نەمانەوێت، کۆمەڵێك وشەو موستەلەح هەیە عالەمیە، تێکەڵ بە زمانەکان دەبێت، وەك بەشێك لە فەرهەنگ و ڕۆشنبیری وڵاتەکان کە تێکەڵ بەیەك دەبێت، بمانەوێت ونەمانەوێت هەندێك وشەو موستەلەحی عالەمی هەیە، کە تێکەڵ بە هەموو نەتەوەکان و زمانی هەموو نەتەوەکان دەبێت، یەکێك لەوانە ئێستا جەندەرە، وشەی جەندەر، من پێموایە ئیتر ئەوە ئەکەوێتەوە سەر تەفسیری جەندەر، کە لە هەر وڵاتێك و نەتەوەیەك بەچ شێوەیەك تەفسیری بۆ دەکرێت، من پێموایە جەندەر لە هەر وڵاتێك بە شێوەیەك کە كاك د.احمد وئەوان تەفسیری بۆ دەکەن، ڕەنگە لەلای من بەو شێوەیە تەفسیری بۆ نەکرێت، من پێموایە لە دونیا وا تەفسیر بۆ جەندەر دەکرێت، کە ئەڵێین یەکسانی ڕەگەزی، واتا لە پشتی دەم و چاوەکانەوە سەیری عەقڵ و مەنتق و توانای ئینسانەکان دەکرێت، نەك تەنها لە ڕووی ئەخلاقیەوە ئێمە بڕوانینە ئەو وشەیەو تەفسیری بۆبکەین، من پێموایە ئەوە لە پشتی دەم و چاوەکانەوە، سەیری ئەوە ناکات ئەمە ژنە، ئەمە پیاوە، تەعامول لەگەڵ عەقڵ و مەنتق و توانای کەسەدا دەکرێت، من ئەم تەفسیرەی بۆ دەکەم و سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر مەسەلە ووشەی بێگانە بێت، ئێمە بەس لێرە ببینین، لەیەك خاڵ ئەشیف، سینەما، میوزیك، ووڕك شۆپ، ئەمانە هەمووی بێگانەن، واتا مەوزوعەکە لەسەر وشەکە نیە، مەوزوعەکە جارێکی تر لەگەڵ ئەو مانا کەلتوریەی لە پشت ئەو وشەیەوەیە، لەسەر ئەو پێشنیارە من وامزانی قسە دەکەین، بۆیە ئەوەل جار ویستم، جەندەر من تەئیدی کاك شاهۆ دەکەم کە زۆر جار نێزیکی ماناکەی بوو، جەندەر مانای یەکسانی ڕەگەزی نادات، جەندەر لە ئسولی لەجێنوجین هەیە، بەلاَم جەندەر بە عەرەبی مانایەکی جوانیان بۆ هێناوە، نوع الاجتماعی، واتا جۆری کۆمەلاَیەتی، بۆیە مانای نەدژەو نە بێگانەیەو نەئەوە، بزەبت ئەو تێڕوانینی منە بۆ ئەو کاکە، لەسەر ئەساسی بنەمای ئەوەی ئایا ئەوە نێرە یان مێیە، وەسۆزان خان هەندێك میسالی هێنا کە چۆن ئەم زوڵمە، زۆر جار هەیە مومکەنە نەزرەیەکی خراپ بەرامبەر پیاویش، ئەها پیاوان عەسەبینە، پیاوان قاپ دەشکێنن، سومعەتێکی خراپیان بۆ ئێمەش داناوە، ژنە زۆر نەرم و نازانم چۆنە، جەندەر بەڕاستی من لەبیرمە لەجەلسەی یەکەمیش، ئەمە نەمۆدەیەکی سەیارەیە، نەحلێکە تاکو بگونجێت ونەگونجێت لەگەڵ ئێمە، ئەمە ناگونجێت لەگەڵ ئەو کەلتورانەی کە باوك سالاری ئەوەندە چوەتە ناوەوە، بحەیس هەندێك مەواقف تەقدیس بوونە، وە ئەترسین ئەو مەکاناتە گەورەیەی پیاو هەیەتی، بەلاَم ئەو زەعیفەیە بشکێت، بۆیە وەکو حەل وەسەتێك، تاوەکو ئێمە مەشغولی زمان نەبین، ئەساس لای ئێمە پرێنسیپە، من داوا دەکەم لە ئەندامی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ژنان وئافرەتان، زۆر ڕەنگە لەسەرە من گران ڕابوەستێت لە لیژنە، کە بڵێن با ئەوەندە تەمەسوك بە وشەی جەندەر نەکەین، کێ دەزانێت ئێمە جەندەرمان لەناو یاسایەك هەیە، ئەوانەی کە تەرجومە کرابنە زمانی ئەجنەبی، ئەگەر ئێمە وشەی جۆری کۆمەلاَیەتیمان بەکارهێنا، کە ئەم یاسایە تەرجومە بکرێتە ئینگلیزی، ئەبێتە جێندەر، نالێین (the social kali)، نیە شتی وا، تەرجومەی عەرەبیش کرا جۆری کۆمەلاَیەتی، هەر نەوعی کۆمەلاَیەتی، ئەساس ئێمە تەشجیعی ئەو نەوعە بیر کردنەوەبکەین، ئەوەی تێڕوانینە خراپەکەی بەرامبەر هەر تاکێك لەسەر ئەساسی ئەوەی نێرە یان مێیە، قبوڵ نەکرێت، بەرەئی من مەعنای ئەوەیە من لەگەڵ ئەوەمە، ئەوەی مەبەستە لەوەی ئێمە یەکسانی جەندەری لەناو یاسایەکەدا هەبێت، هەبێت لەناو یاسا، بەلاَم ئەگەر کێشەلەگەڵ وشەکەدا بێ، ئێمە لە بادینی دەڵێین هەرکێ ترسیا ژ دوساوێ، من ئێستا زۆر موشتاق بووم، لەوەی بزانم جەندەر چیە مەعنای لە ڕوانگەی عەکسی من، تێنەگەیشتم، تەنها خراپە، خراپە، بەلاَم نەمزانی چیە، ئەوە کاك شاهۆ شەرحی کرد، ئەوەی ئەوان شەرحیان کرد، جارێکی تر من دوعا دەکەم، داوا دەکەم ئەوەی لەپاش من قسە دەکەن، بۆخۆم ها دا وەکو خۆم شتی فێر ببم، رەجا دەکەم پێم بڵێن ئێوە چۆن لە جەندەر تێدەگەن، تاوەکو لە هەڵوێستی ئێوە ، منیش جەندەر تێ بگەم، بە خودا ئەگەر تێگەیشتم ڕەنگە تەئیدتان بکەم، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د.احمد کەرەمکە.**

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە لێرە کێشەکە تەنها لەگەڵ وشە نیە بەراستی، بە دەیان وشە ڕۆژانە بکاردێنین، لە قانونەکانیشمان وشەکان هەن، هیچ کێشەیەکیش نیە، مادام ئەو وشەیە تەعریفێکی وازحی هەیە، مانایەکی وازح دەدات، وەکو مامۆستا عمریش ڕوونی کردەوە، ئەمە مەسەلە خەلفیەتی ئەو بەکارهێنانەیە کە لە سەرچاوەی ئەو، شوێنەیە کە لە ئەساسدا بۆی بەکار هاتووە، وە تەحەفوزی ئەو وڵاتانەی کە لەسەر ئەم وشەیە هەیە، وە لە ئەنجامی ئەو هاتووە، کە ئایا تا چەند مەحتەواو ناوەڕۆکی ئەو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر، مەسەلێکی ئەوە هەیە، لا حیاء في الدین، شەرحی بکە، في العلم، با تێبگەین بە هەقیقەت، یەعنی ئێستا جەنابت وەکو من و کاك عمر، بۆچوونێکمان هەیە، لەگەڵ هەندێك بەڕێز، هەندێك بەڕێزیش بۆچوونێکی تری هەیە، با وازح بێت لێرە هەموو نوێنەری خەڵکی کوردستانین، بۆ ئەوەی ئەو بەڕێزانەش ئیعتیبارێك دابنێن، بۆ ئەو مەترسیەی کە لای یەکێ وەك جەنابت و، وەکو هەندێ کەس.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموانیە ئێمە لێرە بتوانین بێین بە پێناسەیەك، یان مانایەکی چەمکی ئەم وشەیە، لێرە بتوانین ڕوونی بکەینەوە، هیچ کام لەو بەڕێزانەی کە قسەیان کرد، نەیان توانی چەمکی ئەم وشەیە بە تەواوی بدەن بە ئەندامانی پەرلەمان، کە ئەمە ماناکەی چیە بەڕاستی، ئەگەر هەیە با لە کوردیەکەیا، فەرموون با پێناسەکەی بۆ دابنێین، ئەگەر مەسەلە داکۆکی کردنە لە مافی ئافرەت، بەڕاستی ئێمە هەموومان لەگەڵ ئەوەین کە داکۆکی لە مافی ئافرەت بکەین، لیژنەیەکمان هەیە بۆ داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت، ئێمە لەکاتی پێکهێنانی وەزارەتەکان، ئێمە بووین لەو پەرلەمانە، وەزارەتێك بۆ ئافرەت دابنێین لە دیفاع لە ئافرەتان، ئایا چەند ئەندام پەرلەمانمان لە پەرلەمانی کوردستان هەیە؟، نسبەی بە دەستوری عیراقی دانراوە کە لە 25%ی هەبێت، مەسەلە ئەگەر بە وشە چارەسەری بوونی ئافرەت دەکەین لە ئیجتیماعات و کۆبوونەوەکان، یان داکۆکی کردن لە مافەکانیان وشەکان دیاری بکەین، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە بەڕاستی ئەمە نەبێتە مەسەلەی ئیتیهام کردن، بۆ هیچ کاممان لەوانەی کە بەرگری لێ دەکەن، ئەوانەی کە وەکو دکتۆر صباح ئاماژەی پێدا، ئەوانەی کە ڕەتی دەکەنەوە، مەسەلەن ناڕۆشنی چەمکی ئەم وشەیە بەڕاستی، کە لەناو قانونا دادەنرێت، مەسەلە ئەوە نیە کە لەناو پەرلەمان هیچ شتێك قەدەغە نیە، ئەتوانین هەموو شتێك بەکاربێنین، بەڵام ئەم وشە تەنها ناو پەرلەمان و هۆڵی پەرلەمان نیە، ئەمە دەبێتە یاسا بۆ کۆمەڵگایەك، وە میللەتێك کەتۆ دایدەنێی، دوایی چۆن تەفاعل لەگەڵ ئەو وشەیەو لەگەڵ ئەو ئەوەیا دەکرێت، وە بەراورد کردن لەگەڵ قەوانینەکانی ترا، چۆن دەبێت لە کاتی تەتبیقا بەڕاستی، ئەوە مەسەلەیەکە، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە، من پێشتریش کە قسەم لەسەر

مەسەلەی جەندەر کرد، ئەوەیە کە لە دەقی عەرەبیەکەدا بەڕاستی وشەی جەندەر نـەهاتووە، ئەگـەر وەکو قانون وەکو پڕۆژەکە قسەی لەسەر دەکەین، لە دەقە عەرەبیەکەدا ئەسـلەن وجـودی نیـە، نـەهاتووە ئـەڵێ ( والعمل من اجلئێ نشر ثقافة المساواة بين الجنسـين في المجتمـع)، تـەنها دەڵـێ، کـارکردن بـۆ بـڵاو کردنـەوەی کەلتوری یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکە لە کۆمەڵگادا، ئەمە چ کێشەیەکی هەیە، ئەگەر مەسەلە بـڵاو کردنەوەی یەکسانیە، عەدالەتە لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکە لـە نـاو کۆمـەڵگادا، هیچمان کێشـەمان لەسـەری نیە، بەڵام وشەیەك دێنی کە مەفهومەکەی دیار نیە، غموزی تێدایە بەڕاستی، ئێمە کێشەمان لەگەڵی هەیـە و ڕەتی دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار د. صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بـەم مەوزوعـە کـە ئێسـتا کەوتۆتـە بـاس، پێشـەکی ئـەبێ بـزانین ئـەم وشـەی جەنـدەرەش، لـە ئەدەبیاتی ئەوروپی و غەربیشا، وشەیەکی تازەیە بە شێوەیەکی نسبی، یەعنی یەکەمجار نووسەرێ بەناوی( ئان ئۆکلی) کتێبێکی دانا بەناوی (الجنس ونـوع المجتمـع)، لـە سـاڵی $1972$ بـڵاوی کـردەوە، ئەمـە لـە پێشـا چەمکێکی کۆمەڵناسیانەیە بەڕاستی، بۆیە کاتێك کـە دەرج دەکرێـت لـە نـاو یاسـای وڵاتێکـدا، لـەناو یاسـای هـەرێمی کوردسـتان، دیـارە ئـەو مەعنایـە وەردەگیرێـت کـە سۆسیۆلۆجیسـتەکان تەبـەنای ئەکـەن، چـونکە تایبەتمەندی زانستی وەئەکادیمی ئەوە دەخوازێت بڕۆینەوە بۆ خۆیان، بزانین ئەوان چۆن پێناسەی دەکـەن ، نـەوەك ئـەوەی ئێمـە بـە کـەیفی خۆمـان، چونکە ئێمـە باسـی سـتاندارد دەکـەین، بـا بـزانین مەوسـوعەی بـەریتانی چـۆن پێناسـەی جەنـدەر دەکـات، کاتێـك کـە باسـی هەویـەی جەنـدەری دەکـات، ئـەوە تەرجەمەکەیـەتی، مـن زیـاتر عەرەبیەکـەی ئەخوێنمـەوە ئـەڵێ(هـي شـعور الانسـان بنفسـه كـذكر او انثـى فالاعمل اغلب) یەعنی زۆربەی خەڵك (ان الهوية الجندرية تكون على اتفاق مع الخصائص العضوية) یـەعنی ڕێگایەك هەیە کە ئینسان بە مێ لە دایك دەبێت، هەویەی جەندەریشی هەر مێیـە، تـەوافقی هەیـە هەویـە جەندەریەکەی لەگەڵ خەسائسی عزوی خۆیا، (وهناك حالات) بەڵام حـالاتێکیش هەیـە (لايـرتبط فيها شعور الانسـان بخصـائص عضـوية)، یـەعنی ڕێگایـەك هەیـە نەفەرەکـە ئـافرەت بێـت، بـەڵام لەشـعوری زاتـی خۆیدا حەز بەدەوری پیاوانە بکات، جاکەواتە(ولايكون هناك توافق بين صفات عضوية ولا هويـة جندريـة) ئەم مەفهومە بەم پێناسەیە، ئێستا لە زۆربەی بوارەکانی گرنگی دان بەتنمیەو بە دانیشـتوان و بـە ئوسـرە، خەریکە بڵاو دەبێتەوە ئەمانە، تا ئەم حەدە مەسەلەن کێشە نیە، بەڵام هەندێك نەتائجی سوود بەخشیشی هەیە، ئەمە کاتێك کە جیاکاری نەکرێت لە بەینی ڕەگەزی نێرو مێدا، لـە بـواری ئـەك پێـدانا، فـەرمان پـێ سپاردن، وە مەسئولیەت پێدان، ئەمـە هـیچ کێشـەی نیـە، بـەڵام هەنـدێ نـەتائجی تریشـی هەیـە، کـە لێـرە ئاماژەی پێ دەکات ئەڵێ (يستخدم هذا المفهوم ادات في تقـارير مـؤتمرات الامـم المتحـدة للمـرأة لـيس لتحسـين

دورها في تنمية فحسب) یەعنی ئەوەی کەخوشك و برایان دیفاعی لێ دەکرد، لە ڕاستیدا بۆ ئەمەیە، بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی زیاتر بدەن، بە ئافرەتان، بە ژنان، بۆ ئەوەی ڕۆڵیان هەبێت لە پەرەپێدانی ولأتدا، بەشداری بکەن، بەشداری سیاسی و ئابووری و کۆمەلأیەتی پەروەردەیی، بە بێ هیچ جۆرەکۆت و بەندو کۆسپ و ئاستەمێك لەبەر دەمیان، بەلأم (ولكن ایضاً لفكرة حق انسان في تغير هويته)، یەعنی ئەم نەتائجە سلبیانەشی هەیە لە ڕوانگەی ئێمەو، لە ڕوانگەی موجتەمەعی ئێمەوە، کە موجتەمەعێك نییە لە کەوکەبێکی تر هاتبێت، ئێمە لە جەزیرەیەك، یان دەوروبەرمان هەمووی ولأتی ئیسلامی و، ولأتی (نمطي) خۆمانە، تەنانەت ئەمە نەتیجەیەکی تر و لە دوای (مترتبة عليها والاعتراف بالشذوذ الجنسي وفتح الباب على ادراج حقوق الشواذ من زواج المثيلين وتكوين الاسر غير النمطية واضعاف الاسر الشرعية)، ئەمە تێبینیەك، ئەمە بۆچوونێك، باشە، موصتەلەحێك بەو شێوەیە ئیشکالات دروست بکات، وە هەندێك ئیستینتاجی باشی لێ بکرێت، هەندێك کەس تەفسیری باشی لێ بکات، کە بگونجێت لەگەڵ ئێمەدا، بەلأم خۆ تەنها خەڵکی کوردستان نین، ئەو خوشك و برا بەڕێزانە نین کەتەفسیری ئەم قانونە دەکەن، چونکە کاتێك بووبە قانون، واتە مولکی ئێمە نیە، مولکی ئەو خەڵکەیە کە تەفسیر و تەحلیلی بۆ دەکات، بۆیە من پێشنیاز دەکەم، ئەم وشەیە چونکە ئەو ئیشکالاتەمان بۆ دروست دەکات، نەبێت لە دەقی یاساکەیا، وە ئەگەر زۆر موسیرن، ئەبێ ئەو پێناسەیەی کە خۆمان بۆی دەکەین، لە ناو قەوسێکا دابنرێت بۆ ئەوەی بە خراپ بەکارنەهێنرێت، وە کە سێك نەتوانێت ئیتیهامامان بکات، بەوەی کە ئێمە لە عورفی عامی عیراق و ولأتانی دەوروبەر، وە ئەم موجتەمەعەی ئیسلامی خۆمان دەرچووین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر کەرەمکە.

**بەڕێز د.کاوە محمود/(وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە تۆزێك تێکەڵ کرا لە مەفاهیم، پێشموایە ئەم تەعریفەی ئەخیر بە مەقصودی ئەو تێکەڵ کاریە کرا، تێکەڵ کاری هەبوو لە نێوان سیداو لەنێوان چەمکی جەندەر، ئەو تەحەفوزاتانەی کە باس دەکرێن لە سەر سیداوە، لەسەر مەفهومی جەندەر نیە، ئەوە جیایە، ئەمە یەك، ئەو پێناسەی کە ئەخیر کرا بۆ جەندەر، من تەحەدا دەکەم لە مەوسوعەی بەریتانی کە بەم شێوەیە پێناسەی جەندەر کرابێت، ئەوە ئاخیر شتی ئیتیحادی ئەوروپیە کە پیشانی جەنابتم دا سەبارەت بەو بابەتە، جگە لەوە جەندەر، ئەو پێناسەیەی کە موعتەمەدە ئێستا ئیعتیمادی لەسەر دەکەن، ئاماژەکردنە بەو جیاکارییەی کە لەنێوان ژن و پیاو، یان کەسانێکی نێو کۆمەڵدا هەیە، لەسەر بنەمای ڕۆڵی کۆمەلأیەتی، هیچ عیلاقەی بەگۆڕینی پیاو ژنێتیەوە نیە، ئەمە شێواندنی چەمکەکەیە، هەریەك لەو دووانە یان ئەو کەسانە کە ڕەنگدانەوەی نەریتە باوەکانە، من تەعامول لەگەڵ علمی ئیجتیماع دەکەم، تەعامول لەگەڵ شزوزو گۆڕین کردنی پیاو بە ژن و هۆم سێکس وێڵ وئەم شتانە ناکەم، ئەم شتانە لە ئەوروپاش قبوڵ نیە ئەم حاڵەتانە، حاڵەتێك ڕوو دەدات،

بەلاّم مەقبول نیە، بەلاّم جەندەر عیلاقەی بەم حالّەتانەوە نیە، وە سەبارەت بە مەسەلەی ژنانیش، جەندەر دەڕوانێتە جیاکاریەکان، بەو مانایەی نێرومێ، بە شێوەی بایەلۆجی جودان، ژن ژنەو، پیاو پیاوە، نەوەك پیاو ببێتە ژن و، ژن ببێتە پیاو، بەلّکو بەو سیفەتەی کە نێرو مێ، پیاو و ژن بوونەوەرێکی کۆمەلاّیەتین، ئەم بوونەوەرە کۆمەلاّیەتیە، کۆمەلّێك شت تەحەکومی تیا دەکات، دوور لەوەی کە ئەم وەزیفەیەکی بایەلۆجی هەیە، ئەم وەزیفەیەکی بایەلۆجی دیکەیە، جگە لەوە چەمکی جەندەر، فراوان ترە لە چەمکی مافەکانی ژن، بە مامەلە لەگەلّ جیاکاریەکانی تر، ناتەباییەکان، جگە لە ژنە توێژە پەڕاوێزخراوەکان دەگرێتەوە، کەمایەتیەکان دەگرێتەوە، وە ئەو جیاکاریانەی کە لەنێوان خودی ژن و، ژنیشا هەیە، لە چەمکی جەندەر ژن و ژن جیان، ژنێکی ئۆروستوقراتی جیایە لەگەلّ ژنێکی هەژار، ئەو چونکە دروست بوو لەوکاتەی، پەیوەندی ئەوە کرا کە چۆن ژن، یان هەژار بەشدار بێت، لە تەنمیە، سەیریان کرد ژنە هەژارەکە ئیشی بۆ دەدۆزنەوە، بەلاّم بەرهەمەکە زیاد ناکات، بۆ ڕۆلّە کۆمەلاّیەتیەکەی ئەو ڕۆلّە کۆمەلاّیەتیە نیە، ئەمە پەیوەندی بە جەندەرەوە هەیە، ئەمان دوور لەوە پێموایە ئێمە گوتارێکی وامان نەبێت، چەمکەکان بشێوێنین، ئەوە باش نیە، پێموایە شتێکی خراپ دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بەس نابێت بە کوردی بزانین چیە؟ بەڕێزان ئێستا زۆر وازح بوو، زۆر قسە کرا لەسەری، بە تەئکید ئەگەر بشنووسرێت بەرامبەری، دەبێت تەرجومەیەکی کوردی هەبێت، ئێستا کێ لەگەلّ ئەوەیە، دوو بۆچوون هەیە، بۆچوونێك ئەویە محتەوایەکە بمێنێت، یەکسانیەکە بمێنێت، بەلاّم ووشەکە لەبەر ئەوەی هەندێك بەڕێز، لایان نامۆیە، نەنووسرێت، بۆچوونێکیش هەیە، ئەلّێ نەخێر، زۆر تەبیعیە، چونکە یەك مانا دەگرێت، ئێستا کێ لەگەلّ ئەوەیە، وشەی جەندەر کەلە ئەسلّی پڕۆژەکە هەیە، بە کوردیەکە، کاك نەریمان نیزامیە، کەرەمکە.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کەمن ناردم سێ کەس تەبەنی کردووەو، تەوقیعی کردووە و ناردوویەتی، داوا دەکەم ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، تەسویتی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، لیژنەی ڕۆشنبیری، ئەوە توخوا ئیعادە بکەنەوە، بزانم چۆنە؟

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیازەی کاك نەریمان و دوو ئەندام پەرلەمانەکەی تر، جەندەر بۆ ئەوی مولابەسات دروست نەکات، بیکەینە کوردی، واتا جیاوازی جۆری کۆمەلاّیەتی، نێوان هەردوو ڕەگەز، ئەو مانایە دەبەخشێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ، زەحمەت نەبێت بیخوێنەوە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، جەندەر بە واتا كوردیەكەی، جۆری كۆمەڵایەتی نێوان هەردوو ڕەگەز، ئەو مانایە دەبەخشێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام چۆنە ئەوە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عەرەب كردیتیانە (النوع الاجتماعی)، بزەبت ماناكەی ئەكادیمیان هێناوە، نەلە مەعنا لۆغەوییەكەی، ماناكەی تەعامول لەگەڵ چی دەكات، جەنابی وەزیر زۆر زۆر بەڕێك و پێكی و بەجوانی، باسی مەفهومی جەندەری كرد، عەرەب كردیتیە نەوعی اجتماعی، واتا مقابیلی النوع البایلوجی، ئێستاش ئێمە واتێدەگەین، جەندەر یەعنی یەكسانی ژن و پیاو، ئێستاش من زۆر ئیستیمارەم دۆزیوەتەوە، نووسراوە، ناو، تەمەن، جەندەر، هەڵەیە، جەندەر عیلاقەی بەوە نیە كە ئەوە مێرە یان مێیە، بۆیە جۆری كۆمەڵایەتی مەعناكە دەدات، عیلاقەت نیە بڵێی لە بەینی هەردوو ڕەگەز.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نیزامیە كەرەمكە.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داواكارین ئەسڵی پڕۆژەكە بخرێتە دەنگدانەوە، پاشان ئەو ئیقتراحاتەی كە هاتووە لەلایەن ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەكانەوە، بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز لە ئەسڵی پڕۆژەكە وشەی جەندەر هاتووە، مەخالفی ئەڵێ لابچێت، لابچێتەكە دەدرێتە دەنگدانەوە، چونكە خۆی لەناو پڕۆژەكە هەیە، لە كوردیەكە هەیە، بەڵام ئێستا موقتەرەحێكی تر هاتووە، سێ بەڕێز ئیمزای كردووە، ئەیخەینە پێش ئێوەی بەڕێز، جارێ موساعەدە بكەن، كاك د.احمد، فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە پڕۆژە یاساكاندا، دایمەن عەرەبیەكەمان كردۆتە ئەساس، لە دەقی عەرەبیەكەدا نیە، ئەمە یەك، دووەم، ڕای لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندیەكان كە 11 ئەندامی هەیە، یەعنی بە نەزەری ئیعتبار وەرناگیرێت، بەڵام پێشنیاری یەك ئەندام بە نەزەری ئیعتبار وەردەگیرێت، ئەبێ ڕای لیژنەكە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دكتۆر، ئەوەلەن یەك ئەندام نیە، ئەوە یەك، دوو، ئەگەر لە ئەسڵی پڕۆژەكە قبوڵی نەكەی هێنەكەی ئەوانەوە دەخەینە دەنگدانەوە، چونكە ئەوان داوایان كردووە هەبێ، ئەمە هاوكاریەك بوو بۆ ئەو حەدە وەسەتە، باشە ئێستا لە ئەسڵی پڕۆژەكە نیە، بەلاّم ئیقتراحێك هەیە ئەڵێ، دایبنێین تەواو، كەرەمكە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری ئاماژەی بۆ كرد لەسەرەتای دانیشتنەكە، وتی ئێمە یاساكەمان بە كوردی نووسیوەو ناردوومانە، عەرەبیەكە لێرە تەرجەمە كراوە، یەعنی واتە ئەسڵی پڕۆژەكە كوردیە كە وشەكەی تیایە، ئینجا ئەمڕۆ هەر لەبەر خاتری ئەم وشەیە، ئەسڵەكە ئەكەین بە عەرەبی، بۆ ئەوەی ناوی ئەو وشەیە نەهێنین، هەتا ماوین ئێمە لەم وشەیە ڕادەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك شێروان كەرەمكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەردوو نوسخەی كە هاتووە، نوسخەی عەرەبیش لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، وە نوسخەی كوردیش لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، وە لەو پەرلەمانە ئێمە وەكو لیژنەی یاسای تەرجەمەمان نەكردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕاستە، زۆر سوپاس، گەشە خان كەرەمكە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر داواكارم پڕۆژە كوردیەكە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەمكە.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیاره ئەم وشەیە ئەوانەی کە دیفاعی لێ دەکەن، بۆ ئەوەی حەلی کێشەی ژنان بکەین، لەو پلە دووە ڕزگاری بکەین، لە ژێر زوڵم ڕزگاری بکەین، بەس من پێموایە وشەیەك کە ئێستا لە ناو پەرلەمان نیقاشی لەسەرە و هەریەکێکمان پێناسەی دەکەین، دواتر ئەوتریێ بزانین بە کوردی یانی چی، ئێمە چەند حاجەمان بەو وشەیە؟ ئەوەندە حاجەمان بە مەزموونە، ئایا ژنی داماوی ئەم کوردستانە، ئەوەندەی پێویستی بە ئەوەندەی کە ڕزگار بکرێت لە پلە دوویی و ڕزگاری بکرێت لە یەکسان نەبێت بە پیاو، دووان بە یەکێك حسێب نەکرێت، بە قسەی سووك ئەزیەت نەدرێت، لەکاتی مەحاکەماتا لەبەردەم دادوەرەکان ئەزیەت نەدرێن، یاخود پێویستیمان بە وشەیەکە کە ماناکەی نازانین، ئەمە یەك، دوو، ئێمە بۆ ئەوەندە ئەگەر وشەیەك لە دەرەوەی خۆمان بێت زۆر موعجبین پێی، زۆر تەمەسوکی پێوە دەکەین، لە کاتێکا ڕێکەوتننامەیەکی وەکو سیداو، 163 دەوڵەت مۆری دەکات، بەڵام ئەمریکا مۆری ناکات، ئەڵێ من ناچمە ناوی، یەعنی ئەم وشەیە ئەگەر زۆر موهیمەو، ژن ئەباتە کەش کەلانی فەلەك، دەبا ئێمە بێین مەزموونەکەی بنووسین، بنووسن یەکسانی تەواو لەنێوان ژن و پیاواندا، ئەم وشەیە مادام تەخەوف هەیە لەسەری، من جارێکی تر ئەیڵێمەوە، لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ جەنابی وەزیر، ڕاست دەکات ئەو ئەڵێت ئەم پێناسەیە نیە، منیش لەسەدان شوێن خوێندومەتەوە پێناسەی نوعی اجتماعی، واتە ئەم بیئە ئیجتیماعیە چۆن ئەم کەسە گەورە دەکات، دواتر وا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئێمە بۆ خۆمان بخەینە ژێر چەمکێك کە دواتر ئەوەندەی تر شیرازەی خێزانمان تێك بدات، ئێمە لە وڵاتێك نین زۆر تۆکمە بێت، هەرچی بنەماکانی دیموکراسیەت هەیە جێگەمان کردبێتەوە، بەس تەنها ئەم وشە مابێت، ڕەجائەن مەزموونەکەی، مەعناکەی، یەکسانیمان بدەنێ، واز بێنن لەم وشەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، تەواو ئەوەکە، بەسە ئیتر، وشەکە هاتە سەر ئەوەی وازح بوو، ئێستا لە ئەسڵی پڕۆژەکە هەیە، لە کوردیەکە ڕاستە، لە عەرەبیەکە پەڕیوە، پێشنیار هاتووە کە ئەو وشەیە لابچێت، زۆر لەو خوشك و برایانە ڕەئیان دا، مەعناکەشی لە بەرامبەری بنووسرێ بە زمانی خۆمان، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو وشەیە لابچێت؟ نەبێت وەکو جەندەرە چیە، بە هەقیقەت کێ لەگەڵ دایە لەناو قانونەکە نەبێت، مەعناکەی هەبێ، تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە؟ ئەڵێ وازح نیە، بەڕێزان وازحە، وشەی جەندەر لابچێت، یەکسانیەکە لە شوێنەکەی بمێنێت، وشەکە لابچێت، بەڵام یەکسانی بەینی نێرو مێ، ڕەگەزی نێرو مێ هەبێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ 27 بەڕێز لەگەڵ دایە لابچێت، سوپاس، کێ لەگەڵدایە وشەی جەندەر لە ناو یاسایەکە بمێنێتن لەگەڵ ماناکەی؟ بەڕێزان ئێستا وشەکە ئەنووسرێت، بەرامبەری یەکسانی کۆمەڵایەتی ئەنووسرێتن، ئێستا لیژنەی یاسایی پێشنیارەکانتان بخوێننەوە، بەس بە عەرەبی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**(مهام الوزارة)**

**المادة الثانية: تتولى الوزارة تحقيق المهام والاهداف التالية:**

**اولاً: الاهتمام ببناء البنية التحتية المطلوبة لتطوير مجالات الثقافة والفنون والرياضة وصقل طاقات الشباب في الاقليم.**

**ثانياً: نشر وتطوير الثقافة الكوردستانية بما يرسخ الاصالة والحفاظ على التراث، وينمي التقاليد المدنية والتقدمية، في مجال النشاطات الثقافية والفنية والرياضية والشبابية، واحترام التعدد الفكري الثقافي والقومي والاهتمام باللغة الكوردية ولغات القوميات الاخرى في الاقليم وبما يعزز روح المواطنة الكوردستانية، والانفتاح على مصادر الثقافة العالمية.**

**ثالثاً: تطوير العلاقات الثقافية والرياضية والنشاطات الشبابية مع المناطق الاخرى للعراق ومع كوردستانيي دول الجوار والعالم، وشعوب المنطقة.**

**رابعاً: دعم وتشجيع حركة التأليف والترجمة والنشر ، وتكريم الكتاب والادباء والفنانين والصحفيين والمبدعين عن طريق تعضيد نشاطاتهم وطبع نتاجاتهم المختلفة وفق ضوابط خاصة مع الحفاظ على حقوقهم المكتسبة.**

**خامساً: التنسيق مع الوزارات والجهات ذات العلاقة، ومنظمات المجتمع المدني في الاقليم، بما يحقق مستلزمات التنمية البشرية، ونشر ثقافة العمل المشترك والتطوعي داخل المجتمع.**

**سادساً: رسم الخطط المطلوبة لدعم الحركة الرياضية والنشاطات الشبابية، وتشجيع ورعاية وتكريم الرياضيين، من خلال التنسيق مع اللجنة الاولمبية الكوردستانية بهدف تطوير واقع الحركة الرياضية في الاقليم.**

**سابعاً: تأسيس المكتبة الوطنية ومركز التوثيق والارشفة الكوردستانية، والاهتمام بالمكتبات العامة، والنشاطات المتعلقة بمجالات ثقافة الطفل والفنون التشكيلية والسينما والمسرح والموسيقى والفلكلور والتراث الشعبي وصناعة السجاد، والصناعات اليدوية الشعبية، وتأمين قاعات للفن التشكيلي وللعروض المسرحية والسينمائية المعاصرة، واقامة معارض الكتب.**

**ثامناً: اقامة المهرجانات والندوات وورش العمل الثقافية والفنية والرياضية، والنشاطات الرياضية الخاصة بالشباب، وتشجيع ودعم نشاطات وفعاليات منظمات المجتمع المدني الخاصة بهذه المجالات.**

**تاسعاً: التنسيق مع الجهات ذات العلاقة فيما يخص عمل وكالات الانباء واصدار الصحف والمجلات والبث الاذاعي والتلفزيوني، بهدف ايصال سياسة حكومة اقليم كوردستان فيما يتعلق بالمجالات والفعاليات الثقافية والفنية والرياضية والنشاطات الشبابية، ومنح اجازات العمل الخاصة عبر التنسيق مع الجهات ذات العلاقة، للمؤسسات والمراكز الثقافية والاعلامية والاتحادات والفرق الفنية والاندية الرياضية الاهلية، والقاعات والمدارس والمعاهد الرياضية والفنية والملاعب.**

عاشراً: الاهتمام الخاص بمجالات الثقافة والفنون والرياضة النسوية، والعمل من اجل نشر ثقافة الجندر (النوع الاجتماعي).

الحادية عشرة: المشاركة مع الوزارات ذات العلاقة لرسم سياسة وطنية كوردستانية لتفعيل مشاركة الشباب في الشؤون العامة ومراكز القرار، والعمل من اجل معالجة مشاكل الشباب وتأهيلهم من خلال المشاركة في عملية التطوير السياسي والاقتصادي والاجتماعي.

الثانية عشرة: الدعم و الاهتمام بالشباب ذوي الاحتياجات الخاصة والعمل على رفع طاقاتهم وكفاءاتهم في المجالات المختلفة.

الثالثة عشرة: التوعية بمضار استخدام المواد المخدرة في المجتمع، ومنع استخدام المواد المنشطة والمحظورة دولياً في مجال الرياضة.

الرابعة عشرة: تشجيع القطاع الخاص في مجال النشاطات الثقافية والفنية والرياضية والشبابية وفق القانون.

الخامسة عشرة: الاهتمام بثقافة كوردية في الملاحق الثقافية في السفارات والقنصليات العراقية وكذلك في مكاتب وممثليات حكومة الاقليم في الخارج.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەی سێ، كەرەمكە.

**بەڕێز د.ثائر عبدالاحد اوغسطین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(تشكيلات الوزارة)

المادة الثالثة: تتألف الوزارة من التشكيلات التالية:

اولاً: الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن توجيه اعمالها وسياساتها، والاشراف والرقابة على نشاطاتها، ومسؤول عن جميع القرارات والاوامر والتعليمات التي تصدر منه وتنفذ باشرافه وفق احكام القانون، في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والاقتصادية والادارية والتنظيمية، ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه، وله تخويل بعض من صلاحياته لوكيل الوزارة او المدراء العامين او من يراه مناسباً في الوزارة.

ثانياً: مكتب الوزير: يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

ثالثاً: وكيل الوزارة للشؤون الثقافية: يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي توكل اليه من قبل الوزير على ان يكون على الاقل حاصلاً على شهادة جامعية اولية اختصاصية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

رابعاً: وكيل الوزارة للشؤون الرياضية: يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي توكل اليه من قبل الوزير على ان يكون على الاقل حاصلاً على شهادة جامعية اولية اختصاصية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

خامساً: مكتب وكيل الوزارة: يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

سادساً: المستشارون: لايزيد عددهم عن رابعة، على ان يكونوا على الاقل من حملة شهادات جامعية اولية اختصاصية، ومن ذوي الخبرة والممارسة، ويتم تحديد اختصاصاتهم من قبل الوزير.

سابعاً: المديرية العامة للديوان: يديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

ثامناً: المديرية العامة للمكتبات العامة: يديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

تاسعاً: المديرية العامة للاعلام والطباعة والنشر: يديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

عاشراً: المديرية العامة للشؤون الرياضة: مديرية عامة متخصصة، يديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

الحادية عشرة: المديرية العامة لشؤون الشباب: مديرية عامة متخصصة، يديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

الثانية عشرة: المديرية العامة لشؤون الثقافة والفنون التركمانية: يديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

الثالثة عشرة: المديرية العامة لشؤون الثقافة والفنون السريانية: يديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

الرابعة عشرة: المديريات العامة للثقافة والفنون والرياضة والشباب في محافظات الاقليم: يدير كل منها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

الخامسة عشرة: المديريات العامة للثقافة و الفنون و الرياضة و الشباب في محافظات الإقليم يدير كل منها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الممارسة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی ڕۆشنبیری ڕەئیتان.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێنجەم، ماددەی سێیەم، ئێمە بەو شكلەمان دارشتوتەوە: وەزارەت ئەو پێكهاتانەی هەیە: 1- وەزیر، دارشتنەكە وەكو خۆی بمێنێ، بەلام لە بری ئەوەی بنووسرێ، (وەزیر هەندێك لە دەسەلاتەكانی خۆی بە بریكاری وەزارەتدا بدات)، بكرێ بە (هەر یەك لە دوو بریكارەكەی وەزارەت)، چونكە دوو بریكاری هەیە.

2- دوو بریكاری وەزارەت:

أ- بریكاری وەزارەت بۆ كاروباری رۆشنبیری: یاریدەی وەزیر دەدات بۆ جێبەجێكردنی سیاسەتی وەزارەت و سەرپەرشتی كردنی كاروباری رۆشنبیری لە چوارچێوەی ئەو دەسەلاتانەی كە لەلایەن وەزیرەوە لە قەبەڵی دەكرێ ولایەنی كەم دەبێ هەڵگری بروانامەی بەرایی زانكۆ و شارەزا و پسپۆر بێت.

ب- بریكاری وەزارەت بۆ كاروباری وەرزش و لاوان: یاریدەی وەزیر دەدات بۆ جێبەجێ كردنی سیاسەتی وەزارەت و سەرپەرشتی كردنی كاروباری وەرزش و لاوان لە چوارچێوەی ئەو دەسەلاتانەی كە لە لایەن وەزیرەوە لە قەبەڵی دەكرێ و لایەنی كەم دەبێ هەڵگری بروانامەی بەرایی زانكۆ و شارەزا و پسپۆر بێت.

3-نووسینگەی وەزیر، هیچ تێبینیەكمان لەسەری نیە.

4-نووسینگەی هەر دوو بریكاری وەزارەت، هەر نووسینگەیەك لەلایەن فەرمانبەرێك كەوا بە پلەی بەرێوەبەر بەرێوەدەبرێت و دەبێ هەڵگری بروانامەی بەرایی زانكۆ بێت و ژمارەیەك كارمەند یاریدەی دەدەن.

5- راوێژكاران: ژمارەیان لە چوار راوێژكار زیاتر نەبێ و لایەنی كەم هەڵگری بروانامەی بەرایی زانكۆ بن، لەیەكێ لە پسپۆرێتی و كارەكانی وەزارەت شارەزا و كارامە بن.

6- بەرێوەبەرایەتی یە گشتیەكان: ئەو بەرێوەبەرایەتیە گشتیانە بە وەزارەت دەبەسترێنەوە و هەر یەكەیان لەلایەن بەرێوەبەرێكی گشتییەوە سەرۆكایەتی دەكرێ كە لایەنی كەم بروانامەیەكی بەرایی زانكۆی هەبێت و شارەزا و پسپۆر بێت:

1- بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان.

2- بەرێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتیەكان.

3- بەرێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و چاپ كردن و بلاوكردنەوە.

4- بەرێوەبەرایەتی گشتی كاروباری وەرزشی.

5- بەرێوەبەرایەتی گشتی كاروباری لاوان.

6- بەرێوەبەرایەتی گشتی كاروباری رۆشنبیری و هونەری توركمانی.

7- بەرێوەبەرایەتی گشتی كاروباری رۆشنبیری و هونەری سریانی.

8- بەرێوەبەرایەتیە گشتیەكانی رۆشنبیری و هونەری و وەرزش و لاوان لە پارێزگاكانی هەرێم و ئیدارەی تایبەتی گەرمیان.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی وەرزش و لاوان رەئیتان دەربارەی پرۆژەكە.

**بةريَز د. ثائر عبدالأحد أوغسطين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بالنسبة للمادة الثالثة تقترح اللجنة الآتي:

(أولاً و ثانيا) لاتوجد عليه أي ملاحظات، (ثالثاً) إضافة كلمة (الفنية) بالشكل الآتي: (وكيل الوزارة للشؤون الثقافية و الفنية)، (رابعاً) إضافة كلمة الشباب بالشكل الآتي: (وكيل الوزارة لشؤون الرياضة و الشباب)، (خامساً) لغاية (الثالث عشر) لاتوجد عليها أي ملاحظات، (رابع عشر) تقترح اللجنة صياغتها كالآتي: (المديرية العامة للثقافة و الفنون و الرياضة و الشباب في محافظات الإقليم و يدير كل منها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الممارسة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیش بخوێننەوە.

**بەڕێز د.تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم لیژنەکە پێشنیاز دەکات بەو شێوەیەی لێ بێت:

یەکەم و دووەم هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە، سەبارەت بە (سێیەم) وشەی هونەری بەو شێوەیەی لێ بێت: (بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری ڕۆشنبیری و هونەری)، (چوارەم) زیادکردنی وشەی لاوان بەو شێوەیەی لێ بێت: ( بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری وەرزش و لاوان)، لە (پێنجەم) تا (سێزدە) هیچ تێبینیەکمان نیە، لە (چواردەم) لیژنە پێشنیاز دەکات بەو جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە: (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزش و لاوانی پارێزگاکانی هەرێم هەر یەك لەوانە بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات، کە بڕوانامەی پسپۆڕی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ڕۆشنبیری نەتانخوێند بە کوردی، کەرەمکەن بە کوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز سۆزان یوسف خۆشابا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خامساً/ المادة الثالثة:

تتألف الوزارة من التشكيلات الآتية:

1- (الوزير) تبقى الصياغة نفسها إلا أنه نقترح بدلاً من (وله تخويل بعض من صلاحياته لوكيل الوزارة إلى أي من وكيلي الوزارة).

2- وكيلا الوزارة:

أ- وكيل الوزير للشؤون الثقافية يساعد الوزير في تنفيذ سياسة الوزارة و الإشراف على شؤونها الثقافية في إطار الصلاحيات التي توكل إليه من قبل الوزير على أن يكون حاصلاً على الأقل على شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الإختصاص.

ب- وكيل الوزير لشؤون الرياضة و الشباب يساعد الوزير في تنفيذ سياسة الوزارة و الإشراف على شؤون الرياضة و الشباب في إطار الصلاحيات التي توكل إليه من قبل الوزير على أن يكون حاصلاً على الأقل على شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الإختصاص.

3-مكتب الوزير: لا توجد لدينا أية ملاحظة حولها.

4- مكتبا وكيلي الوزارة يدار كل مكتب من قبل موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية و يعاونه عدد من الموظفين.

5- المستشارون لايزيد عددهم عن أربعة و أن يكونوا على الأقل من حملة شهادات جامعية أولية في إحدى إختصاصات أعمال الوزارة و من ذوي الخبرة و الإختصاص.

6- المديريات العامة: ترتبط بالوزارة المديريات العامة الآتية و يرأس كل منها مدير عام حاصل على الأقل على شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الإختصاص.

1- المديرية العامة للديوان.

2- المديرية العامة للمكتبات.

3- المديرية العامة للإعلام و الطباعة و النشر.

4- المديرية العامة لشؤون الرياضة.

5- المديرية العامة لشؤون الشباب.

6- المديرية العامة لشؤون الثقافة و الفنون التركمانية.

7- المديرية العامة لشؤون الثقافة و الفنون السريانية.

8- المديرية العامة للثقافة و الفنون و الرياضة و الشباب في محافظات الإقليم و إدارة گەرميان الخاصة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی بیخوێننەوە بە کوردی و بە عەرەبی.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لێژنەی یاسای سەبارەت بە ماددەی (سێیەم)

1- لێژنە پشگیری بڕگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم، پێنجەم، شەشەم) دەکات و هیچ تێبینیان لەسەر نیە.

2- دەربارەی بڕگەی چوارەم وشەی لاوان بخرێتە سەر ئەو بڕگەیە و بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری وەرزش و لاوان).

3- دەربارەی بڕگەی (حەوتەم) تا کۆتایی بڕگەی (چواردەم) پێشنیاز دەکەین لێك بدرێن و بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان، لەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیانەی خوارەوە پێك دێت و هەر یەکەیان بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ و خاوەن شارەزا و پسپۆر بەڕێوەی دەبات:

1 - بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان.

2 - بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان.

3 - بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە.

4 - بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری وەرزش.

5 - بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری لاوان.

6 - بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ڕۆشنبیری و هونەی تورکمانی.

7 - بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ڕۆشنبیری و هونەری سریانی.

8 - بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر و وەرزش و لاوان لە پارێزگاکانی هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبی، کەرەمکە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای لێژنە سەبارەت بە ماددەی سێیەم:

1- تؤيد اللجنة الفقرات (أولاً، ثانياً، ثالثاً، خامساً، سادساً) و لاتوجد عليها أية ملاحظة، بالنسبة للفقرة (رابعاً) نقترح إضافة كلمة الشباب إلى هذه الفقرة و يعاد صياغتها بالشكل الآتي:(وكيل الوزارة لشؤون الرياضة و الشباب)، بالنسبة للفقرة (سابعاً) و لغاية آخر فقرة (رابع عشر) تقترح اللجنة دمج الفقرات مع بعضها و يعاد صياغتها بالشكل الآتي:

سابعاً: المديريات العامة/ تتكون الوزارة من المديريات العامة الآتية و يدير كل منها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الممارسة:

1- المديرية العامة للديوان.

2- المديرية العامة للمكتبات العامة.

3- المديرية العامة للإعلام و الطباعة و النشر.

4- المديرية العامة لشؤون الرياضة.

5- المديرية العامة لشؤون الشباب.

6- المديرية العامة لشؤون الثقافة و الفنون التركمانية.

7- المديرية العامة لشؤون الثقافة و الفنون السريانية.

8- المديرية العامة للثقافة و الفنون و الرياضة و الشباب في محافظات الإقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر ڕەئیتان دەربارەی ئەو ماددەیە.

**بەڕێز د. كاوە محمود/ وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ تێکڕای ئەو تێبینیانەی کە هاتوون، هەموویشی نزیکە بە یەکتریەوە، لەگەڵ ئیزافەی ئەوەی ئیدارەی گەرمیانیشین، ئەوەی لەلایەن لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکانەوە ئیزافە کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ئەو ڕێزدارانە دەیانەوێ قسە بکەن: عمر عبدالعزیز، شێردڵ تحسین، هاژە سلیمان، د.حسن محمد سوورە، دانا سعید صوفی، سیوەیل عثمان، عمر هەورامی، عماد محمد، شەونم محمد، نەریمان عبداللە، د.ڕێباز فتاح، شوان كریم، د. سەروەر، ئەڤین عمر، کەسی تر ماوە؟ نیە، کەرەمکە ڕێزدار عمر عبدالعزیز.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (3) من دوو، سێ تێبینیم هەیە، یەکێکیان پەیوەندی بە خاڵی یەکەمەوە هەیە، کە وابزانم زۆر درێژە، زۆرێك لە عیبارەتەکان دووبارەبوونەوەی تیایە، مەسەلەن ئێمە کە وتمان وەزیر مەسئولە لە تەوجیهی ئەعمال و سیاساتی وەزارەت، ئیتر تەحصیل حاصلە ئەو بابەتانەی تر کە تیایەتی: (الإشراف و الرقابة على نشاطاتها و......)، من عیبارەتێکی ترم کورت کردۆتەوە، ئەگەر لێم وەرگرن لیژنە بۆیان دەنێرم: (الوزیر هو الرئیس الأعلى للوزارة و المسؤول عن أعمالها و سیاساتها)، ئەوە هەموو وردەکارییەکانی تری تیایە کە ئەوەی موتەعەلیقە بە مەهامی وەزارە و تەشکیلات و صەلاحیات و (الشؤون الفنیة و المالیة)، ئەوەی بۆ چیە؟ یەعنی کە دەڵێ (أعمال و سیاسات) هەمووی دەگرێتەوە، بەس یەك بەندی تێدابێت (و یکون مسؤولاً أمام مجلس الوزراء)، ئەوە نوقتەیەکی جەوهەرییە دەبێ تیایدا هەبێ، مەسەلەی تەخویلەکەش نوقتەیەکی جەوهەرییە (وله تخویل بعض من صلاحیاته لوكیلي الوزارة و غیرهما من المدراء أو من یراه مناسباً)، لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەو صیاغە بەو شێوەیە بێ لە تەقریبەن پێنج شەش دێرەوە بێ ببێتە دوو دێر فەقەت، (هو الرئیس الأعلى للوزارة و المسؤول عن أعمالها و سیاساتها و یکون مسؤولاً أمام مجلس الوزراء و له تخویل بعض من صلاحیاته لوكیلي الوزارة و غیرهما من المدراء)، بە نیسبەت بڕگەی شەشەوە، وەکو لە پرۆژە یاسای وەزارەتەکانی تریشدا قسەمان لێ کردووە، لێرە موستەشارەکان دیاری نەکرێن بۆ چ شئوونێکە؟ جەنابی وەزیر خۆی دەاتونێ بڵێ، ئێمە لە وەزارەتی شارەوانیش هەروامان کرد، ئەوە کە دەڵێ: (یتم تحدید إختصاصه من قبل الوزیر)، ئێستا بیخەینە دەنگدان بڵێین وەزارەت موستەشاری هەبێ بۆ شئوونی فلان و فلان و فلان، وابزانم بە قوەت ترە بۆ ئەوەی تەحدید

بكرێ لەلایەن پەرلەمانتارانەوە، بە ڕاوێژ لەگەڵ خودی وەزیر کە لێرەیە، تێبینیەکیشم هەیە کە ئەو عەدەدە بکەینە (3) کافیە، بۆ مەجالی ڕۆشنبیری موستەشارێك، بۆ مەجالی لاوان موستەشارێك، بۆ مەجالی وەرزشیش موستەشارێك، بۆچی هەمیشە وەکیلەکان بە جووت بن؟ لێرە با (3) کەس بێ، سێ مەجالی جیای وەزارەت دەگرێتەوە، بە نیسبەت خاڵی (7) تا (14) بەڕاستی من تێبینیم هەیە کە ئەو مودیر عامانە زۆرن ئەگەر وەزیر لێم قبوڵ بکات، بۆ نموونە، کە ئێمە مودیریەی عاممەی ئیعلام و تیباعە و نەشرمان هەیە، مودیریەی عاممەی مەکتەباتی عاممە مەسەلەن، ناکرێ مەکتە عاممە عایدی ئەو مودیریەتە بێ، ئێمە ئەگەر بمانەوێ مودیریە عاممەکان کەم بکەینەوە، چونکە لێرە (7) مودیر عام تەقریبەن شەش، حەوت مودیریاتی تێدایە، لەبەر ئەوە حەوت مودیریاتی تێدایە، من پێمباشە دوانیان دەمج بکرێن، بۆ ئەوەی بکرێنەوە بە پێنج تا شەش، دەکرێ مەکتەبات بکرێنە لە ئیعلام و تیباعە، ڕیازە و شەبابیش ببن بە یەك وەکو مودیریەتێك، دەکرێ بەشی هەبێ تەعلیمات لە لەوائیحی خۆیان دەتوانن تەرتیبی بکەن، چونکە بەڕاستی حەوت مودیریەت زۆر زۆرە بۆ وەزارەت، لە خاڵی (7) بۆ خاڵی (14) کە تەقریبەن (16) دێرە، ئەوە بە دەستخۆشییەوە من تەسنیەی لێژنەکان دەکەم کە کورتیان کردۆتەوە، من پێمباشە بەو صیغەی لێ بکرێ، ئەصڵەن ئەو (16) دێرە دەکرێ بە (4) دێر، هەموو موحتەوای ئەوەشی تێ دەکەوێ، یەعنی پێویست ناکات بەو هەموو تیکرارە بڵێین (ست مدیریات)، چونکە لە سەرەوە وتوومانە، ئەوەی ڕۆژان خان خوێندییەوە، پێویست ناکات عینوانی بۆ دابنێین، لە سەرەوە وتوومانە (تتألف الوزارة من التشكيلات الآتية: المستشارون فلان، فلان....)، لێرەش بڵێین (ست مديريات)، چونکە عەتفە بۆ سەر (المستشارون) و ئەو عینوانانە، (ست مديريات عامة لشؤون المكتبات و الإعلام و الرياضة و الشباب و شؤون الثقافة التركمانية و السريانية، يدير كلاً منها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الممارسة)، یەعنی تەنها (4) دێرە هەموو ناوەڕۆکی ئەو (16) دێرە ئەوی تر لە یاساکە، هیچیش حەزف نەبووە، موجەرەد هەر تەعدیل و صیاغەیەکی تازەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شێرداڵ تحسین، کەرەمکە.

**بەڕێز شێرداڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێك ئاراستەی بەڕێز وەزیر دەکەم، لە ماددەی (3) برگەی (10) و (11)، بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەتمەندییە، مەخصەدی لە تایبەتمەندییەکی چیە لێرە؟ ئێمە بەڕێوەبەرایەتی تریشمان هەیە، چوار بەڕێوەبەرایەتیشمان هەیە کە گشتییە ڕۆشنبیری و لاوان لە پارێزگاکان، ئایا ئەوە مەهامەکانی تێکەڵی یەکتر نابێت، چونکە لە وەزارەتی پێشوو دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان هەبوو تێکەڵی یەکتر بوو، هەتا ئێستا صاف نەبوونەوە لەگەڵ یەکتر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزشی یارییە میللییەکان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان، لەسەر یەك (و) هەتا ئێستا ئەو کێشەی وەرزشە هەر ماوە، ئەوەش

نابێته كێشه بۆیان له دوارۆژ، بۆیه من ئیقتیراح دەكەم، ئەو تایبەتمەندییە مەهامەكەی دیار بكرێت، بۆ چ ئەوە دەكرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار هاژە سلیمان، كەرەمكە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له پێكهاتەكانی وەزارەت ماددەی (3) یەكەم، من ئەوە پێشنیار دەكەم كە ئەو وشەیەی بۆ زیاد بكرێ: (وەزیر: سەرۆكی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە داڕشتن و ئاراستە كردنی كارو سیاسەتەكانی وەزارەت)، چونكە بەڕاستی وەزیر دەبێ سیاسەتی وەزارەتەكەی دابڕێژێ ئینجا ئاراستەی بكات، له بڕگەی سێیەم هەر پشتگیری له لێژنەی وەرزش و لاوان دەكەم بەوەی كە بریكاری وەزارەت بۆ كاروباری ڕۆشنبیری و هونەری زیاد بكرێت، له بڕگەكانی (7) تا (14) بەڕاستی منیش پشتگیری له هەردوو لێژنەی ڕۆشنبیری و یاسایی دەكەم كە بەو ئیقتیراحەی ئەوان كردبوویان، ئەو پێشنیارەی كە بكرێ، ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتیانە هەیە سەر بە وەزارەت بن و هەر یەكەیان بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات كە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانكۆ بێت و خاوەنی شارەزایی و كارامەیی بێت، ئینجا بەڕێوەبەرایەتییەكان بژمێردرێن و ڕێزبەند بكرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د.حسن، كەرەمكە.

**بەڕێز د.حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێموایە هەر یەكێك لەو مودیریاتانەی كە دروست بووە كۆمەڵێك نەشاتی جیا جیای تێدایە، بۆیە مەبدەئی جیاكردنەوەی لێپرسراوێتی تۆزێك زەحمەت دەبێ، هەر وەكو كاك شێرداڵ باسی كرد، بۆیە من ئیقتیراح دەكەم كە مەهام و ئەهدافی هەر مودیرییەتێك لەگەڵ مودیرییەتەكە خۆی بێت، بۆ ئەوەی ئەو مەبدەئە پەیڕەو بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سیوەیل عثمان، كەرەمكە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت (المادة الثالثة) هەمانە (ثالثاً): (وكيل الوزارة للشؤون الثقافية) ئەگەر (والفنية) بۆ زیاد بێ باشە، (رابعاً) (وكيل الوزارة للشؤون الرياضية) نووسراوە، ئەگەر بنووسرێ (وكيل الوزارة لشؤون الرياضة و

الشباب) پێم باشە، لەبەر ئەوەی (رياضة) زۆری لەو وەزارەتە پەیوەندی بە شەبابەوە هەیە، بە لاوانەوە هەیە، تەبعەن یەك، دوو جاری تر باسم کردووە، (خامساً) (مكتب وكيل الوزير: يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة دبلوم فما فوق) پێم باشە، لەبەر ئەوەی ئەدی شەهادەی دبلۆم بچێتە کوێ؟، (سادساً) (المستشارون: لايزيد عددهم عن أربعة على أن يكونوا على الأقل من حملة شهادات جامعية أولية إختصاصية و من ذوي الخبرة و الممارسة)، بەس دوایی نووسراوە، (و يتم تحديد إختصاصه من قبل الوزير) باشە ئەوە نووسراوە (من ذوي شهادة جامعية أولية إختصاصية)، یەعنی وەزیر چۆن دەتوانێ تەحدیدی ئیختیصاصەکانیان بکات؟ هەر وەك کاك عمر باسی کرد ئەگەر چوار موستەشارەکە دیار بێ، یەك، دوو، سێ، حەسەبی ئیختیصاصات، پێم باشترە، بە نیسبەت مودیریاتی عاممە، مودیریاتی عاممە بەڕای من زۆرە، (المديرية العامة للديوان)، (المديرية العامة للمكتبات)، (العامة) هەبێ، (المديرية العامة للإعلام و الطباعة و النشر)، بەڵام مودیریەی عاممە (لشؤون الرياضة) لەگەڵ شئوونی شەباب، وابزانم هەردووکیان یەك کار ئەنجام دەدەن، (رياضة) پەیوەندی بە شەبابەوە هەیە، ئەوە ڕەئی منە کاك ثائر دەنگی بۆ نادەن کەیفی خۆتانە، بە نیسبەت ئەو دووە پێم باشە یەك مودیریە عاممە بێ، بە نیسبەت (ثاني عشر) تەبعەن ڕێزێکی تایبەتیم بۆ خوشك و برایانی مەسیحی و تورکمان هەیە، نووسراوە (المديرية العامة لشؤون الثقافة و الفنون التركمانية)، (المديرية العامة لشؤون الثقافة و الفنون السريانية)، من پێم باشە یەك مودیریەی عاممە بێ، (المديرية العامة لشؤون الثقافة و الفنون) بەینی دوو قەوس بنووسرێ (التركمانية و السريانية) ئەگەر مەبەستمان لەوە بێ، ئەگەر یەکێکی مەسیحی بێ یان تورکمان بێ دایبمەزرێنین، دەتوانین لە (المديرية العامة للديوان) یەکێکی بە توانا بێ، دایبنێین، ئەگەر مەبەستەکە جێ پڕکردنەوە بێ، بە واقیعی بێ، بەڵام بۆ خۆی ئیش و کارەکان ئەوەندە زۆر نیە، ئەگەر مودیریە عاممەیەکی تایبەتی بۆ دابنێین، برادەران لێم عاجز نەبن، تورکمان و مەسیحیەکان، یەعنی ئەوە ڕەئیە من دەیدەم، تەقلیصی مودیریە عاممەکانە، ئەگەر ئەو مودیریە عاممەی تورکمانی و سریانی بمێنێتەوە، ئایا لە مودیریەی عاممەی پارێزگاکان لە کوێ جێیان دیارە؟ لە (رابع عشر) (المديريات العامة للثقافة و الفنون و الرياضة و الشباب في محافظات الإقليم و إدارة گەرميان) باشە، پێم باشە ئەگەر بنووسرێ، یەك وشەی نازانم لە کوردییەکەی هاتبوو لە (قەبەڵی بکرێ)، یەعنی نازانم ئەو وشەیە قەت نەمبیستیە، بە پەتی بیستیتم بەس لە نووسین نەمبیستیە، عەفوم بکەن، ئەگەر بنووسرێ: (دەکرێتە ئەستۆی یان دەیخاتە ئەستۆی وەزیر) پێم باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببوورە، دانا سعید صوفی، کەرەمکە.

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەللا من سەرەتا پشتگیری لەو دارشتنەوەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری دەکەم، لەبەر ئەوەی من پیمواییە مەجموعەیەك ئەوە هەیە، بە تایبەتیش لەو برگانەی کە پەیوەندی بە بەریوەبەرە گشتیەکانەوە هەیە، دووبارە بۆتەوە، پیویست بەو دووبارە کردنەوانە ناکات، تیبینیەکم لەسەر خالی سییەم هەیە، لەسەر ئەصلی پرۆژە یاساکە بە پیی صیاغەکە وا هاتووە کە بریکاری وەزارەت بۆ کاری رۆشنبیری، ئەو تەنها بلیین بریکارە ئەصلییەکە بی و ئەوی تریش بریکار نەبی، بە پیی دەقی ئەصلی پرۆژە یاساکە، بەلام بە پیی پیشنیاری لیژنەکان ئەوا راست کراوەتەوە، من پشتگیری لەو راست کردنەوەیە دەکەم، بە نیسبەت بەریوەبەرایەتییە گشتیەکان، منیش پیموایە هەندیکیان بەراستی هەمان ئیشیان هەیە، بۆیە دەتواندریت دەمج بکرین، بۆ نموونە: کتیبخانە گشتیەکان تەصەور دەکەم پیویست ناکات بە تەنیا بەریوەبەرایەتیەکی گشتی تایبەتیان هەبی، دەکری لەگەل ئەوەی بەریوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و چاپکردن لیك بدری، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئیشەکانیان بەراستی دەچیتەوە ناو یەك، هەروەها بە هەمان شیوەش بەریوەبەرایەتی گشتی کاروباری وەرزش لەگەل کاروباری لاوان، پیموایە ئەوەش لیك بدری، ئەوەش دیسان ئیش و کارەکانیان پەیوەندی بەیەکەوە هەیە، بەو شیوەیە ئیمە دەتوانین دوو بەریوەبەرایەتی گشتی کەم بکەینەوە، بەلام لە بەرامبەر ئەوەدا من پیشنیاری زیادکردنی بەریوەبەرایەتیەکی گشتی تایبەت دەکەم بۆ رۆشنبیری منداڵان، ئەویش لەبەر ئەوەی جەنابی وەزیر بۆ خۆی ئیشارەی بەوەدا کە ئیهتیمامیکی تایبەت بە رۆشنبیری منداڵان دەدەن، گۆڤار دەردەکەن، پرۆگرامی تایبەتیان هەیە، بۆیە پیم باشە ئەگەر جەنابی وەزیر پیی باش بی، یاخود بزانی کە ئیمکانی زیادکردنی ئەو بەریوەبەرایەتییە گشتییە هەیە بە پیی پیداویستی و بە پیی تایبەتمەندییەکانی وەزارەتەکەیان، من پیم باشە ئەو بەریوەبەرایەتییە گشتییە ئیزافە بکری، سوپاس.

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ریزدار عمر هەورامی، کەرەمکە.

**بەریز عمر صدیق محمد:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرنجم بە کورتی و بە پوختەیی تەنها لە ماددەی (3) لەسەر برگەی شەشەم، خالی (8) تایبەت بە بەریوەبەرایەتیە گشتییەکانی رۆشنبیری هونەری وەرزش و لاوان لە پاریزگاکانی هەریم و ئیدارەی تایبەتی گەرمیان، من پیشنیار دەکەم ئەو بەریوەبەرایەتیانە ببی بە بەریوەبەرایەتییە گشتیەکانی رۆشنبیری و لاوان، ئەو هامشە بهیلریتەوە بۆ وەزارەت، بە پیی خصوصییەتی هەر پاریزگایەك و ئیدارەی تایبەتی گەرمیان لەوی تەشکیلە و مەهامی ئەو بەریوەبەرایەتیانە دیاربکریت، چونکە لەوانەیە کاری وەزارەتیش تەنها بە پیی ئەو ناونیشانانە بیت لەناو پاریزگاکەدا، لە ناو هەر سی پاریزگای هەریمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان، بۆیە بەرفراوان تر بی، وەکو ناوەکە خۆی، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، لیرە دەتوانریت

بکرێت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری  و لاوان لە پارێزگای فلانە، لە ئیدارەی گەرمیانی فلانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عماد محمد، کەرەمکە.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم بڕگەی (3) و (4) پشتگیری پێشنیاری لێژنەی وەرزش و لاوان دەکەم، کە ببێتە (وكيل الوزارة لشؤون الثقافة و الفنون)، (وكيل الوزارة لشؤون الرياضة و الشباب)، دیسان پشتگیری پێشنیاری لێژنەی ڕۆشنبیری دەکەم کە بۆ دووبارە صیاغەکردنی ئەو ماددەیە، لەڕاستیدا ئەوەی تەماشای تەشکیلاتی وەزارەت دەکات، بەپێی ئەو پڕۆژە یاسایە جۆرە تەناقووزێك دەبینێت، لە نێوان تەشکیلاتی وەزارەت، تەشکیلاتی پارێزگاکان، لەو پڕۆژە یاسایەدا دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەخەصوصی پێشنیار کراوە، کە یەکێکیان تایبەتە بە کاروباری وەرزشی، دووەمیان بە کاروباری لاوان، کە لە بڕگەکانی (10) و (11)ی ئەو ماددەیەدا هاتوونە، لەبڕگەی چواردەدا دیسان پێشنیاری بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان و ڕۆشنبیری و هونەر و وەرزش و لاوانی پارێزگاکان کراوە، جگە لەوە دوو بریکاری تەخەصوصی بۆ وەزارەت پێشنیار کراوە، ئەگەر تەماشای هەیکەلی پارێزگاکان بکەین دەبینین بەو شێوەیەیە: بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوان هەیە، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری هەیە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەیە، لە قەزاکانیش دیسان بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری هەیە و فەرمانگەی وەرزش و لاوان هەیە، لێرەدا دەپرسم، ئەگەر بکرێت بەڕێوەبەرایەتییەکی تەخەصوصی وەرزش هەبێت، بۆ لاوانیش هەبێت، لە دیوانی وەزارەت دەبێت دیسان دوو بەڕێوەبەرایەتی تریش هەبێ، یەکێکیان بۆ کاروباری ڕۆشنبیری و دووەمیان بۆ کاروباری هونەری، بۆ ئەوەی تەشکیلاتی وەزارەت بگونجێت لەگەڵ تەشکیلاتەکانی پارێزگاکان، دیسان لە پارێزگاکان دەبێت بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوان ببێتە دوو بەڕێوەبەرایەتی، یەکێکیان بۆ وەرزش، دووەمیان بۆ لاوان، بۆ ئەوەی ئەو تەناقووزە نەمێنێت، من دوو پێشنیارم هەیە، یەکەمیان: ئەگەر وەزارەت بە باشی بزانێت کە بەو شێوەیە بمێنێت کە چۆن لەو پڕۆژە یاسایەدا هاتووە، پێشنیار دەکەم بڕگەی (10) و (11) بەو شێوەیە بێت، بڕگەی (10) ببێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری وەرزشی و لاوان، بڕگەی (11) ببێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ڕۆشنبیری و هونەری، پێشنیاری دووەمیان: پێشنیار دەکەم بڕگەی (10) و (11)ی ئەو ماددەیە لابردرێت، لەبەر ئەوە هۆیانە:

1-پێویستی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەخەصوصی لە دیوانی وەزارەت نیە، چونکە دوو بریکاری تەخەصوصی بۆ وەزارەت پێشنیار کراوە، ئەوەش کافیە، دووەم: بوونی ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتیە

تەخەصوصیانە لە دیوانی وەزارەت هیچ مانای نیە، چونکە لە پارێزگاکان پێشنیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتیەکان کراوە، دەبینین ئەوە ئەڵقەیەکی زیادە، تەنها ڕۆتین زیاد دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عماد بە نووسین بنێرە بۆ لێژنەی یاسایی، ڕێزدار شەونم محمد، کەرەمکە.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاشکرایە لای هەمووومان کە ڕۆشنبیری منداڵان لە ڕێگەی میدیاکانەوە، بەتایبەتی میدیاکان، کارێکی زۆر گرنگە کە لەسەر دروستبوونی شەخصیەتی منداڵ و پەروەردەکردنی منداڵان جگە لەوەی وەزارەتی پەروەردە لەلایەن خۆیەوە بە ڕێگایەکی تر منداڵان پەروەردە دەکات، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا بینیم، داواکارم لە بەڕێز جەنابی وەزیر لە یەکێك لە مودیریاتە عاممەکاندا، واتا بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکاندا مودیریەتێك بە ناوی مودیریەتێکی ڕۆشنبیری منداڵان هەبێ، بۆیە ئەوە تایبەت بێت بە داڕشتنی ڕۆشنبیری منداڵان بە تایبەتی لە میدیاکانەوە، چونکە ئەوە کاریگەریەکی زۆر گرنگی هەیە، هەروەها مۆزەخانە و شوێنەوارەکان لە ناو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکاندا جێگای بکرێتەوە و ناوبنرێت لەو پرۆژەیە ناوی بهێنرێ، چونکە بەڕاستی ئەوەش دوو جێگان کە پێویستە زۆر زۆر ئیهتیمامیان پێ بدرێ، برگەی سێیەم لە پێشنیارەکانم، چەند بەڕێوەربەرایەتی گشتی هەیە لە ناو مەرکەزی وەزارتدا؟ من ئیقتیراحێکم هەیە، پێم باشە چونکە بەڕێوەربەرایەتیە گشتیەکان لە شارەکاندا هەیە، بەڕێوەربەرایەتیە گشتیەکانیش لە مەرکەزی وەزارەتەکاندا هەیە، ئەگەر هاتو بەڕێوەربەرایەتیە گشتییەکان بخرێتە ناو شارەکانەوە، ئەوە ئاسانکارییەکی زۆر دروست دەکات، بۆ ئەوەی ئیش و کاری شارەکانی کوردستان زۆر بە باشتر بڕوات بەڕێوە، لەوەی جارێکی تر کە بگەڕێتەوە و بێتە مودیریەتێکی عاممە لە وەزارەت و بە هەمان دەسەڵات، بە هەمان فۆرمی ئیدارییەوە، لەبەر ئەوەی دوو وەکیل وەزیر هەیە لەو وەزارەتەدا دەتوانرێ ئەو بەڕێوەربەرایەتیە گشتیانە بە وەکیل وەزیرەکانەوە ببەسترێ، هەرچەند دانەیەك لە بەڕێوەربەرە گشتیەکان بە وەکیل وەزیرێکەوە ببەسترێتەوە، کاروبارەکان بە تەصەوری من بە باشتر و ئاسانتر دەڕوات بەڕێوە، بە مەرجێك دەسەڵاتی تەواو بدرێ بە بەڕێوەبەرە گشتیەکانی کە لە شارەکاندا کار دەکەن، جا ئەوە بە جێ دەهێڵم بۆ جەنابی وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار نەریمان، کەرەمکە.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەڕاستیدا دەمەوێ سەبارەت بە ماددەی (4) قسە بکەم، من لەوە پشتگیری لە بەڕێز کاك عماد دەکەم، کە وەکیلی وەزارەی سەقافە ، فنونیشی لەگەڵ بێ، لەبەر ئەوە هەر لە بەڕێوەربەرایەتیە گشتیەکان لە خاڵی

(10) و (11)دا (المديرية العامة لشؤون الثقافة و الفنون التركمانية)، هەروەها (المديرية العامة لشؤون الثقافة و الفنون السريانية)، ئەو کاتە ئێمە ئەو بەڕێوەربەرایەتیە گشتییانە وەکیل وەزیرەکەی خۆیان دەناسن، کاری سەقافە و فنونیش زۆر لە یەکەوە نزیکن، کاری وەکیل وەزیرەکانیش جیادەکرێتەوە لە یەك، لە تەداخول دوور دەکەوێتەوە، بۆیە یەکێ لە وەکیل وەزیرەکان، (وکیل وزارة للثقافة و الفنون)، (وکیل وزارة للریاضة و الشباب)ی بۆ زیاد بکرێت کە لە یەکێ لە هینەکاندا نەهاتووە، لە ئەصڵیەکەدا شەبابەکە نەهاتووە، بۆکەمکردنەوەی بەڕێوەربەرایەتیە گشتیەکان بەڕاستی، بۆ کەم کردنەوەی ئەرك و زیادە مەصرەف و ڕۆتینات، من پێموایە بڕگەی هەشتەم لەگەڵ بڕگەی نۆیەم ئەو دوو بەڕێوەربەرایەتیە گشتیە، (المديرية العامة للمكتبة العامة و الإعلام و الطباعة و النشر)، کە ئەوە نۆیەمە، بەڕاستی یەك بخرێ و بکرێ بە یەك بەڕێوەربەرایەتی و کاریشیان زۆر لەیەکەوە نزیکە، لەو خاڵەش پشتگیری لە هاوکارم شەونم خان دەکەم، بەڕێوەربەرایەتی ڕۆشنبیری منالان من بە زەرووری دەزانم کە لەلایەن وەزارەتەوە گرنگی پێ بدرێ و بکرێتەوە، هەروەها هەر دوو بەڕێوەربەرایەتی گشتی (10) و (11) بکرێت بە یەك بەڕێوەربەرایەتی، لەبەر ئەوە (المديرية العامة لشؤون الرياضة و الشباب) هەردووکیان یەك بخرێ و بکرێتە یەك بەڕێوەربەرایەتی پێموایە کافیە، ئەو کاتەش لەگەڵ وەکیل وەزیرەکەی خۆیاندا بە تەعامولی دیار کار دەکەن، بەرچاویان ڕوون تر دەبێ لەگەڵ وەکیل وەزیرەکەی خۆیاندا، خاڵێکی ترم هەیە، ئەوەی کە ماددەی (14)، بڕگەی (14) لە ماددەکە لەگەڵ ئەوەم ئیدارەتی گەرمیانی بۆ زیاد بکرێ، وەکو لە لێژنە موختەصەکاندا هاتووە، من یەك پرسیارم هەیە لە بەڕێز جەنابی وەزیر، لە ماددەی (14) لێرە کە دەڵێ: (المديرية العامة للثقافة و الفنون و الرياضة و الشباب في محافظات الإقليم و إدارة گەرمیان الخاصة)، لێرە مودیریات عاممە (للثقافة و الفنون و الرياضة و الشباب ...) هەر یەك لە (الثقافة و الفنون و الرياضة و الشباب) مودیریەتێکی عاممی جیایان هەیە، یان یەك بەڕێوەربەرایەتیە؟ لەو کاتەی ئەگەر یەك بەڕێوەربەرایەتی گشتیە، لە هەر سێ پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان، ئەو کاتە (الثقافة و الفنون و الرياضة و الشباب)چۆن تەوفیقێك بکەن لە تەعامولیان لەگەڵ چەند بەڕێوەبەرایەتیەکی جیاواز لە ناو وەزارەتدا؟ لە کاتێکدا خۆیان سەر بە یەك بەڕێوەبەرایەتی گشتین لە شوێنی خۆیان، کە کار دەکەن چەند بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی هەر یەکە لە (الثقافة و الفنون و الرياضة و الشباب) لە ناو وەزارەتەکەی وەزارەتی ڕۆشنبیریدا هەیە، من ئەو پرسیارەم ئاراستە دەکەم، من پێموایە بەڕێوەبەرایەتیش بۆ هەر یەکە لە (الثقافة و الفنون و الرياضة و الشباب) دیاری بکرێ لە موحافەزەکان و ئیدارەی گەرمیان، بۆ ئەوەی ئەو کات هەر یەك لەو بەڕێوەبەرایەتیانە بەشی خۆیشیان لە قەزاو لە ناحیەکان لە بنکە ئەگەر بێ بەش بێ، پاشان تەسەلسول و مەرجەعی ئیداریان بە وازحی دیارە و لەگەڵ وەکیل وەزیرەکەشیاندا کارەکانیان بە ڕوونی دەردەکەوێ، بۆیە من داوا دەکەم ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەش هەبێ، بە وازحیش دیار بێ کە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە عاممە ئایا هەر چواریان بەیەکەوە یەك بەڕێوەبەرایەتین، ئەگەر بە تاکیشن جەنابی وەزیر ئەو وەڵامەمان بداتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاك نەریمان بە نووسراو ئەو شتانەی وتت ئەگەر بنێری بۆ ئەوەی زووتر حەسم بكرێ، ڕێزدار ڕێباز، كەرەمكە.

**بەڕێز د. ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا قسەكانی من تەقریبەن هەر ئەو فیكرەیەی كاك عیماد لەگەڵ كاك نەریمانە، بەڵام من تۆزێ بە كورتی باسی دەكەم، لەسەر ئەو بنەمایەی كە وەزارەت كارەكانی زۆرە، بەشێوەیەك جیاكراوەتەوە كارەكانیان، دوو بریكار دانراون لە هەمان كاتدا لە سەنتەری پایتەختیش بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ هەر یەك لەو لایەنانە دروست كراوە، لە پارێزگاكانیشدا بەڕێوەبەرایەتی ترمان هەیە، تەصەور دەكەم لە پێناوی ئاسان كردنی كارەكاندا مەوزووعەكە ون بووە و ڕۆتینەكە زیادی كردووە، هەر وەكو كاك عیماد وتی، یەعنی سێ هەڵقە دروست كراوە، یەكەم جار وەزیرە دوایی بریكاری وەزارەت كە كراوە بە دوان، دواتریش بۆ هەر لایەنێك بەڕێوەبەرایەتیەك دروست كراوە، لە دواتر كە ئەڵقەی موهیمە لە پارێزگاكاندا هەموو لایەنەكان بەستراونەتەوە بە یەك بەڕێوەبەرایەتیەوە، یەعنی ئیشەكە زۆرتر بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاكە دەیكات، بەڵام لەوێ وەرزش، لاوان، ڕۆشنبیری، هونەر هەمووی بە یەكەوە بەستراوتەوە بە یەك كەسەوە، كە ئەوە ئیشەكەی قورستر كردووە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەكەم، یاخود بریكاری وەزارەتەكە هەر بكرێتەوە بە یەك كەس، بەڕێوەبەرایەتیەكان بمێننەوە، دواتر بەڕێوەبەرایەتی پارێزگاكان جیا بكرێتەوە ڕۆشنبیری و هونەر لەگەڵ وەرزش و لاوان، یاخود بریكاری وەزارەت بمێنێتەوە و بەڕێوەبەرایەتیەكان لابرێن و پارێزگاكان ببەسترێنەوە بە بریكاری وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شوان كەریم، كەرەمكە.

**بەڕێز شوان عبدالكریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرەنجم لەسەر خاڵی (8)ی ماددەی (3)یە لە ڕاپۆرتەكەی لیژنەی ڕۆشنبیری، یەكەم: ڕۆشنبیری و هونەر و وەرزش و لاوان لە یەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی كۆدەكرێتەوە لە پارێزگایەك، من پێموایە حەقی هەموو ئەو جۆرە چالاكی و ئەو جۆرە كەسانە دەخورێت كە لەو بوارانە چالاكی دەنوێنن، بەڕای من بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی لە یەك شار ناتوانێ فریای ئەو چالاكیانە بكەوێ لە بواری ڕۆشنبیریدا، لەبواری هونەردا، دواتر فریای وەرزشی و چالاكییەكانی لاوانیش بكەوێ، بەڕای من دەكرێت من پێشنیاری ئەوە دەكەم كە ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە، یەعنی هەر بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتیەك دانراوە بە حیساب لە شارێكدا، یان بە ئیدارەی گەرمیانیشەوە بۆ هەرچوار، بۆ ڕۆشنبیری و هونەر و وەرزش و لاوانیش بێ، یەكی بكرێ

بە دوو، ڕۆشنبیری و هونەر، وەرزش و لاوان، بۆ ئەوەی بەڕاستی فریای ئەوە بکەوێت ئەو ئەرکەی وەزارەت، کـە ئـەرکێکی قورسـە خسـتوویەتە ئەسـتۆی خـۆی، بتـوانێ بـە باشـترین شـێوە جێبـەجێی بکـات، وەکـو هاوکارەکانی تریشم وتیان، قورسی ئەو چالاکی و کارانە بەڕاستی لە پارێزگاکاندا هەیە زیـاتر، نـەك لـە نـاو خودی وەزارەتدا، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم کە لێرە ڕۆشنبیری و هونەر، بەڕێوەبەرایەتیە گشـتیەکانی ڕۆشنبیری و هونەر و وەرزش و لاوان وتراوە، دواتر لـە بەڕێوەبەرایەتیـە گشـتیەکانی نـاو وەزارەتـدا هونـەر مەرجەعی ئیداری نیە بەڕاستی، ئەو کارانەی کە پەیوەستە بە هونەرەوە مەرجـەعی ئیـداری نیـە بـە پێـی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان، ڕاستە بەڕێز وەزیر مەرجـەعی ئەعلایـە لـە وەزارەتـدا، بـەڵام پێموایـە نـاکرێ هەموو جارێ کە کارێکی هونەری هەبێ، کارێك پەیوەست بێ بە هونەرەوە هەموو جارێ ڕووبەڕووی بەڕێز وەزیر بکرێتەوە، ئایا نابێت بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی هەبێ؟ ئەگەر نەشـبوو، بڕیـاری لـێ نـەدرا، دەکرێـت ئەو پێشنیارەی کاك عیماد بوو کە وتی: بریکاری وەزارەت بـۆ کاروبـاری ڕۆشـنبیری، هونەرەکەشـی بـۆ زیـاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سەروەر، کەرەمکە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بـە تێبینیـەکانم بەشـێکی زۆری وتـرا، مـن لـەوە دەسـت پێدەکـەم، پشـتگیری کـاك عیمـاد دەکـەم سەبارەت بە خاڵی (10) و (11) هەروەها خاڵی (14) کە ببێت بە دوو بەڕێوەبەرایەتی، بـەڕێزانی تـریش پشـتگیریان لـێ کـرد، بـەڵام سـەبارەت بـە خـاڵی نۆیـەم: (بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی ڕاگەیانـدن و چـاپکردن و بلاوکردنەوە)، من پێم باشە کـە وشـەیەکی تـر هەیـە بـۆ ئێـرە زیـاد بکرێـت، چـونکە ئێمـە لـە بەیانییـەوە باسمان کرد لە گرنگییەکەی کە مەسەلەی بە ئەرشـیف کـردن و دانـانی ئەرشـیفخانەیەکی نیشـتمانی بـووە، ئـەو ئەرشـیفخانەیە کـە هـەموومان پێمـان وابـووە، یـان زۆربـەمان پێمـان وابـووە پێویسـتە دابنرێـت، لـە پارێزگایەك یاخود چەند پارێزگایەکدا، ئەوە لە کوێدا شوێنی دەکرێتەوە؟ بۆیە من پێشنیاری ئـەوە دەکـەم کە ناوی بەڕێوەبەرایەتیەکە بکرێت بـە بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی ڕاگەیانـدن و بـە ئەرشـیف کـردن و چـاپ و بلاوکردنەوە، خاڵێکی تر کـە شـەونم خـانیش باسـی کـرد، ئـەویش زیـادکردنی بەڕێوەبەرایەتیـەکی گشـتیە سەبارەت بە ڕۆشنبیری منداڵان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لە ئەرکەکانیشـدا ئـەرك و ئامانجەکانیشـدا هاتین لەو خاڵە دواین، بێگومانین کە ڕۆشنبیریەکی تایبەت نیە لە نێوان هـیچ کـام لـە چـین و توێژەکانـدا، بەڵام منداڵ بـە حـوکمی ئـەوەی کـەوا پێکهاتەکـەی پێکهاتەیـەکی تـازە پێدەگات و پێگەیشـتوو نیـە هێشـتا لەلایــەن کۆمەڵایەتییــەوە، لەلایــەنی جەســتەییەوە، لەلایــەنی نەفســییەوە، پێویســتی بەوەیــە کــەوا ڕۆشنبیرییەکی تایبـەتی هـەبێت، هـەر بۆیـە لێـرەدا ئێمـە سـەرباری ئـەو هـەموو وێرانکارییانـەی لەوانەیـە ڕژێمـە یـەك لـە دوای یەکـەکانی عێـراق لـە ڕابـردوودا بـە سـەریدا هێنـابین، پێویسـتمان بەوەیـە کـە

کۆمەڵگەکـەمان لـە کۆمـەڵێك لایەنــەوە پیایـدا بچینەوە، ئـەو پێداچـوونەوەیەش لـە هـەموو لایەنــەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و.....هتد. پێمولیە ئەوە بمانەوێ داهاتوویەکی ڕۆشنمان هەبێت، پێویستە لـەوەوە دەست پێ بکەین کەوا منداڵەکانمان بیریان ڕۆشن بێ، هەر بۆیـە پێویسـت بـەوە دەکـات کـەوا هـەوڵی زیـاتر بـدرێت، بەڕێوەبەرایەتیـەکی گشـتی تایبـەت بـە منـداڵان بکرێتـەوە، ئێمـە ئـەو تەجرووبەیـەشمان هـەبووە پێشتر، کۆمەڵێك بەڕێوەبەرایەتی هەبووە، کۆمەڵێك خانەی منداڵان هەبووە، کۆمـەڵێك دام و دەزگـای تـری تایبـەت بـە ڕۆشـنبیری منـداڵان، چـاپ و پـەخش هـەبووە، ئەوانـە پێویسـتە زیـاتر ڕێـك بخـرێن و لـە بەڕێوەبەرایەتیەکدا کۆبکرێنـەوە، خـاڵێکی تـر، مـن پرسـیارێکم هەیـە، ئێمـە لـە پـرۆژە یاسای شارەوانی و گەشت و گوزاریشدا کە قسەی لێوە کران مەسەلەی شـوێنەوار و مۆزەخانـەکان بـە کـوێ دەگـات، ئـاخۆ ئێمـە لێرەدا دەستەیەك پێـك دەهێـنین، ئەگـەر قسـە لەسـەر ئەوەیـە، ئەگـەرنا لەوەشـیاندا پێویسـت دەکـات کـەوا بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی هەبێت بە ناوی شوێنەوار و مۆزەخانـەکان، چونکە ئەوەشـیان دوو حاڵـەتی لێـك جیان، شـوێنەوارەکان زیـاتر مەبەسـتیان کارەکـەی پشـکنین و بەدواداچـوونە، زانسـتێکی تایبەتـە، هـەروەها مۆزەخانـەکانیش دیسـانەوە ئـەویش کـاری خـۆی جیایـە، ئـەوە پێمـوابێ لـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیریدا خـۆی دەبینێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ئەڤین عمر، کەرەمکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەنـدە بەڕێزان قسەی زۆریان لەسەر کـرد، باسـێکی زۆریـان کـرد، تێبینیـەکانی مـن زۆر کـرا، ئەوەنـدە قسەی زۆر لەسەر ناکەم، تەنها ئەوەنـدە نـەبێ، لـە خـاڵی یەکـەم مـن پشـتگیری لـە بـەڕێز کـاك عمـر دەکـەم سەبارەت بەوەی پێناسەی وەزیر، بەڕاستی لێرە تۆزێك دوور و درێژ کراوە پێناسەکە، منیش لەگەڵ ئـەودام کەوا پێناسەی وەزیر بەو شێوەیەی لێ بێت: (هـو الـرئیس الأعلـی للوزارة و المسؤول عـن توجیـه أعمالها و سیاساتها و یکون مسؤولاً أمام مجلس الوزراء بإعتباره عضواً متضامناً فیه و له تخویل بعـض مـن صـلاحیاته لوکیلي الوزارة أو المدراء العامین أو من یـراه مناسـباً في الـوزارة)، بەڕاسـتی منـیش سـەد لـە سـەد لەگـەڵ ئـەو ڕەئیەی بەڕێزیم، حەز دەکەم ئەو تەسبیت بکرێ زیاتر، پاشان من لێرە پرسیارێك لە بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەم، هەرچەنـدە ڕەئی منیش هەر پشتگیرییە بۆ قسەی بەڕێزان کە پێشووتر کردیان سـەبارەت بـە خـاڵی (10) و (11)، ئایا لێرەدا جەنابی وەزیر بە پراکتیکی یـاخود بـە عەمـەلی ئیزدیواجییـە دروسـت نـابێ لـە نێوان ئەو مودیریەتە عامە بۆ شئوونی شەباب و ڕیازە لەگەڵ ئەو مودیریە عاممانەی کەوا لە پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان دادەنرێ، هەروەها من تەئیدی لێژنەی ڕۆشنبیری دەکەم بۆ ئەوەی کەوا دەستخۆشیان لـێ دەکەم کە ئیدارەی گەرمیانیان ئیزافە کردووە بۆ ئەو مودیریـە عاممانـەی کـە لـە پارێزگاکـان دانـراون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ هەمووو ئێوەی بەڕێز تەواو بوو، ڕێزدار سكرتێری پەرلەمان موداخەلەی هەیە، كەرەمكە.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش مەجموعەی برادەران ئیسارەی ئەو نوقاتەیان كرد، كە مەجموعەی مودیریاتی عامی هەنە ناویان وەك یەكە، ئەگەر تەماشای ناحیەی ئیداری بكەین پلەی بەڕێوەبەریشیان وەك یەكە، بەڕەئی من بە تەئكید ئەوە نەوعە ئیزدیواجیەتێك پەدا دەكات، بە زەحمەت بتوانی دەسەڵاتیان لێك جیاواز بكەی، وەكی مودیر عاممەیەك ببینی لە موحافەزات ئیختیصاصی ڕیازەیە، یان لاوانە، نەفسی عینوان لە دیوانی وەزارەت ببینی، بە نەفسی پلە، نەفسی عینوانی هەیە، بە تەئكید ئیحتیمال هەیە جەنابی وەزیر بڵێت بە تەعلیمات دەتوانین ئەوی تر لێك جیاواز بكەین، بەس ئەگەر لە قانون نەفسی عینوانی هەبێت، نەفسی پلەی هەبێت، بە تەئكید ئیزدیواجیەتێك پەیدا دەكات، ئەوە لە ناحیەك، ڕەئیم ئەوەیە ئەو مودیریە عاممانە ئی موحافەزات لە جێگای خۆیان بمێنن، بەس شەبیهەكەیان لە دیوان نەمینێت، ناحیەی تریش مودیریەی عامی مەكتەبات لەگەڵ مودیریەی عامی ئیعلام و تیباعە و نەشر زۆر نزیكی یەكن، ئەگەر دەمج بكرێن تەحقیقی ئامانجێك دەكەین ئەویش ئیلغائی دوو وەزارەت و دەمجیان بە یەك وەزارەت، غایەت لێی بۆ تەقلیصی میلاكات، بۆ ئیقتیصاد بوو، دەتوانین ئەو ئامانجەش بەو شكلە پێك بینین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، كەرەمكەن لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها چەند ڕوونكردنەویەكم هەیە، وەڵامدانەوە نیە، سەبارەت بە ژمارەی بەڕێوەبەرە گشتیەكان، پێشتر لەوەزارەت چونكە ئەو وەزارەتە لەئەنجامی یەكگرتنەوەی دوو وەزارەت، وەزارەتی وەرزش و لاوان لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری، پێشتر لەوەزارەتی وەرزش و لاوان (5) بەڕێوەبەری گشتی هەبوو، وەزارەتی ڕۆشنبیری (8) بەڕێوەبەری گشتی هەبوو، هەردووكیان دەبێتە (13) بەڕێوەبەرایەتی گشتی، بەڵام لێرە كەم كراوەتەوە، كراوە بە (8) بەڕێەبەرایەتی گشتی، دەسەڵات و ئەركەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێویست ناكات لێرە باس بكرێ لە ناو دەقی ئەو ماددەیە، لەبەر ئەوەی لە پرۆژەكەدا هاتووە، لە مادده (5)ی برگەی (1)، (دەسەڵات و ئەركەكانی بەڕێوەبەرە گشتییەكان بە نیزامێك، پەیڕەوێك ڕێك دەخرێ)، لەوێ باس دەكرێ، ئێرە جێی نیە، ئیختیصاصاتی موستەشارەكان، ئایا پسپۆڕ بن لە چ بوارێك؟ ئێمە پێمان باش نیە كە لە ناو دەقی ئەو ماددەیە باس بكرێ، دەسەڵات بدرێتە وەزیر، خۆی بزانێ لە چ بوارێك پێویستی بە ڕاوێژكار هەیە؟ دایبمەزرێنی لەو بوارە، ئایا بواری یاسایە، بواری ئامارە، هەر بوارێك بە پێویستی بزانێ بۆ خزمەت كردنی وەزارەتەكە، لە ناو یاساكە ئەگەر باس بكرێت، لەو پسپۆڕیانە ڕاوێژكار دابنێت، ئەوە تەنها

وەزیر ناتوانێ لە بوارێکی تر پێویستی پێ بێت ڕاوێژکار دابنێت، بە تایبەتی کە ژمارەی ڕاوێژکارەکان دیاری کراوە لە (4) زیاتر نەبێت، بۆیە پێویست ناکات لێرە پسپۆڕی ڕاوێژکاران تەحدید بکرێ لە قانونەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارانەی کە هاتن بۆ دەمجی مودیریات، پێشنیارەکان بخوێننەوە ئەگەر بۆتان هاتبێت، کەرەمکە.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کۆمەڵێك تێبینی لەلایەن پەرلەمانتارانەوە هاتووە بۆمان، هەندێکیان دیارە داوای زیادکردنی هەندێك بەڕێوەبەرایەتی دەکەن، یان لێکدانی هەندێك بەڕێوەبەرایەتی، ئینجا گرنگترین شت ئەوەیە لەسەر ئەوانەی قسە دەکرێت، دوو بەڕێوەبەرایەتییە گشتیە ئەوانەی موتەخەصیصن، چ بۆ وەرزش، چ بۆ لاوان، لەسەر ئەوە زۆر قسە دەکرێت، داوای ڕوون کردنەوەش لە جەنابی وەزیر کرا، من پێم باشە پێش ئەوەی ئێمە ڕەئی خۆمان لەسەر ئەو پێشنیارانە بدەین، جەنابی وەزیر ڕوونکردنەوەی خۆی بدات لەسەری، چونکە هەندێك لەو پێشنیازانە پێویستیان بە ڕوون کردنەوە هەیە لەلایەن جەنابی وەزیرەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، کەرەمکە.

**بەڕێز د.کاوە محمود/ وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو لەسەرەتاوە بەڕێز لێژنەی قانونی ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوە دوو وەزارەتە گرێدراوە بە یەکترەوە، لە ئاکامی ئەو دابەش کردنە ئێمە مودیریاتمان کەم کردۆتەوە، ئەو مودیریاتە زۆرەی کە جاران هەبوو کەم کراوەتەوە، کە وامان لێ کردووە، بە نیسبەت چاپ و بڵاوکردنەوە، تۆزێ زەحمەتە دەمجی بکەین لەگەڵ کتێبخانە گشتیەکان، چونکە ئەگەر بزانین ئەرکەکانیان چیە؟ ئەو وەختە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەرکەکانیان زۆرە، دەتوانی تۆ کۆی بکەیتەوە و یەك بەڕێوەبەری گشتی بۆ دابنێی، بەڵام دەمێنێتەوەئەرکەکان هەر زۆرە، ئەرکەکان دەمێنێتەوە، بۆ نموونە، ئێمە (8) مجەلەمان هەیە، مجەلەی موتەخەصیص، هەروەها دەزگای تەرجەمەمان هەیە، ئێستا ئەوانە دەزگای تەرجەمە لە دهۆکیش دابنێین، خەریکی دەزگای تەرجەمەین لە کوردییەوە بۆ ئینگلیزی، ئەوانە هەر هەمووی پەیوەندی بە تیباعە و نەشرەوە هەیە، جگە لەو موجەلانەی کە هەیە، چاپخانەمان هەیە، لە کاتێکدا کتێبخانە گشتیەکان مورکێکی تایبەتی تری هەیە، بە تایبەتی ئەوڕۆ کتێبخانەی گشتی دەورێکی تری دەبینی لە عالەمدا، کتێبخانەی ڕەقەمی هەیە، ئیرتیباتاتی هەیە بە مەکتەباتی جیهانییەوە، (70) کتێبخانەی گشتیمان هەیە، یەعنی ئەگەر تەماشای ئەرکەکان بکەین، ئەو ئەرکانەی کە هەیە، سەیر دەکەین تۆزێ دەبێتە قورسایی بەسەر ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە کە بتوانێ ئیدارەی هەردوو ئەو مەرفەقە بکات، بە نسیبەت هەردوو ئەو

بەڕێوەبەرایەتییەی وەرزش و لاوان، ئەوانە بەڕێوەبەرایەتی موتەخەصیصن، ئەرکیان هەیە، ئەو ئەرکانەیان ئەرکێکی مەرکەزییە، جیایە لەو ئەرکانەی کە لە موحافەزات دا هەیە، ئێمە بیستوومانە لە هەر موحافەزەیەکدا بە پێی تایبەتمەندی ئەو موحافەزە وەزارەتێکی بچووك دەبێ، لەسەر ئەساسی فراوان کردنی دەسەلاتەکان پێیان، لەسەر ئەساسی لامەرکەزییەت و تەسهیل کردنی ئیش و کارەکان، کە ئەوە هەم سیاسەتی حکومەتە، هەم تەوەجوهی پەرلەمانیشە، بۆ ئەوەی هاوولاتییەك و ئیشەکان نەگەڕێنەوە هەمووی بۆ مەرکەز، هەر هەمووی لە موحافەزەی خۆی ئیش و کارەکان بکات، واتا وەزارەتێکی بچووك لەهەر پارێزگاکاندا هەبێت، ئەو ئیتیجاهە پێمواپە ئیتیجاهێکی ڕاستە، بەلام هەندێ کار هەیە، ئەو کارانە کارێکی مەرکەزییە، یەعنی بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری وەرزش، ئەو کاتە ئێمە سەد و قسور نادیمان هەیە، ئەو نادییانە لە سەرووی موحافەزاتەوەیە، موحافەزات ناتوانێ قیادەی بکات، بەس پارەکەی مانگێ (500) ملیۆنیان پێ دەدەین، (475) ملیۆنیان دەدەینێ، جگە لەوە نەشاتاتی مەرکەزییان هەیە کە هەموو کوردستان دەگرێتەوە، چالاکی و وەرزشی، ئەو چالاکی و وەرزشییە مەرکەزییانە موحافەزات پێیان ناکرێ لەو حالەتەدا، جگە لەوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان دیسانەوە کۆمەلێك ئیشی هەیە، یەکێك لەوانە فەرهەنگخانەکان، موتابەعە کردنی، یەکێ لەوانە موتابەعە کردنی ستراتیجی نیشتمانی لاوان کە ئەوە ئێستا لە عیراقیشدا ئەو ستراتیجیە نیشتمانییە کاری بۆ دەکرێ لەگەل ڕێکخراوە نێودەولەتیەکاندا، جگە لە دیراساتی مەیدانی لەسەر وەزعی گەنج، ئەو دیراساتانەی کە دەکرێ، جگە لەوە (الأمم المتحدة) ئێستا کارمان لەگەل دەکات بۆ پەرلەمانی لاوان، ئەو مەسەلانە، تەنسیق کردن لەگەل ڕێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی لاوان، ئەوە تێکڕای تایبەتمەندی هەیە، ئەو تایبەتمەندییانە کوردستانی گشتیە، بەلام ئەو شتانەی پەیوەندی بە پارێزگاکانەوە هەیە، خصوصیاتمان داوە بە پارێزگاکان، پاراستنی خصوصیاتی قەومی گرنگە، ئەوە یەکێکە لەو خالانەی کە زۆر شانازی پێوە دەکەین، یەعنی مودیریەتی گشتی ڕۆشنبیری سریانیمان هەیە، (و بالفعل) فعالە، ئیمسال (3) میهرەجان و کۆنفرانسی گەورەیان کردووە، ئەوە تایبەتمەندییەکەی جیایە لەگەل ڕۆشنبیری تورکمانی، من چوومە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری تورکمانی پێم وتن ئێوە لە کۆبوونەوەکە بە زمانی تورکمانی قسە بکەن، یەعنی هانیان دەدەم هەتا بە زمانی نەتەوایەتی خۆیان بەکار بێنن لە کۆبوونەوەکانیان دا، چۆن بایەخ بە کلتوورەکەیان بدەین، ئەوە بەشێکە لە ئەرکی ئێمە، یەعنی ئەو دەبێ بایەخی پێ بدەین، تایبەتمەندیەکەی، مەسەلەکە ژمارە نیە، ئایا ژمارەکە کەم بکەینەوە زۆر، یان زیادی بکەین بە نەوعێك، بە نیسبەت ڕۆشنبیری مندالان، ئێمە دەزگایەکی زۆری، بەڕێوەبەرایەتیەکی زۆری ڕۆشنبیری مندالانمان هەیە لە تێکڕای پارێزگاکان، بەلام لە هەر پارێزگا خصوصیاتی خۆی هەیە، تەنها لە ناحیەکان هەمانە، لە هەندێ شوێنیش بینایەی باشمان بۆ کردوون، کارێکی باشیان کردووە، لەبەر ئەوە ئەگەر خاص پەیوەندی بە خودی پارێزگاکانەوە هەبێ، نەك لێرە تۆ بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی بۆ دروست بکەیت دیسان بگەڕێتەوە بۆ دیوان، لە خودی پارێزگاکان ئیش و کارەکانیان بڕوات، ئەوە باشترە، بە نیسبەت قەزییەی شوێنەوار و مۆزەخانە، وەکو وتم باس کرا، ئێمە پەیوەندیمان بە توراسی شیفاهییەوە

هەیە، ڕێکەوتنامەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە کە یونسکۆ موتابەعەی دەکات هی ساڵی 1971 دا، (إتفاقية الموروث الثقافي)، (موروث الثقافي) دوو بەشە، بەشێکی (مورث الثقافي) ماددییە، ئەوە کە ئاسەوار دەگرێتەوە، سەرەکی، ئەوە عیلاقەی بە ئێمەوە نەماوە، لە هەندێ وەزارەت لە عالەمدا پەیوەندی بە وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، بۆ نموونە لە سوید پەیوەندی بە وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، لە فەرەنسا پەیوەندی بە وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، لە عیراق موئەسەسەیەکی خاصە بۆ نموونە، لێرەش پەیوەندی بە بەلەدیاتەوە هەبوو، ئێستا دەیەوێ بکرێت بە موئەسەسەیەکی خاص، بەڵام یۆنسکۆ، ئێستاش یۆنسکۆ تەعامول لەگەڵ من دەکات، یەعنی زۆرجار کە شتێکی توراس هەبێ، ببوورە، ئاسار هەبێ، جگە لەوان من بانگ دەکات بۆ موتابەعەکردنی ئەو مەسەلانە، لەبەر ئەوە ئێمە موراعاتی ئەوەمان کردووە لە پارێزگاکان خصوصیاتی هەبێ، وەزارەتێکی بچووك هەبێ، بەڵام هەندێ شتی ئیختیصاصیش هەیە کە لێرە تابعی ئێرەی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ئێستا لێژنەی ڕۆشنبیری کەرەمکەن ئەو موقتەرەحانە بخوێننەوە کە ئەندامانی بەڕێز، چەند دەنگێکی لەسەرە.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆمەڵێك موقتەرەحات هاتووە بە نیسبەت بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری ڕۆشنبیری، پێشنیارێك هەیە هونەریشی لەگەڵ ئیزافە بکرێ، لە ڕاستیدا دیارە لە لێژنەی لاوان و وەرزشیش ئەو پێشنیارە هاتووە، لەلایەن چەند بەڕێزێکیش ئەو پێشنیارە هاتوون ئێمەش وەکو لێژنە لەگەڵ ئەو پێشنیارەین، ئەوەیان یەك، دووەمیان: بە نیسبەت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان، پێشنیارێك هەیە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ کردن و بڵاوکردنەوە.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، یەك، یەك بۆ ئەوەی تەصویتی لەسەر بکەین، ئەوەی ئەوەڵ ساف بکەنەوە، بخوێندرێ، دوو بەڕێز لەگەڵی بێ، دوو بەڕێز موخالیفی بێ، بخرێتە دەنگدانەوە، کەرەمکە.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری ڕۆشنبیری، وشەی هونەریشی بۆ زێدە بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز پێشنیار هات بۆ دەمجی موديريات، ئەو پێشنيارانەی كە بە نووسـينيش بۆتـان هـاتووە بيخوێننـەوە، بۆ ئەوەی چەند كەسێك ديفاعی لێ بكات، چەند كەسێك موخاليفی بێ و بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز بكر كريم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنيازێك هەيە كە بۆ بريكاری وەزارەت بۆ كاروباری ڕۆشنبيری، وشەی هونەريش زێدە بكرێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا لە (ثالثاً) (وكيل الوزارة للشؤون الثقافية و الفنية)، باشە كێ لەگەڵ ئەوەيە، پێويست ناكات موناقەشە بكرێت، پێشنيارێك هاتووە بۆ وەكيلی وەزارە (للشؤون الثقافية والفنية)، فەنيەی بۆ زياد بكرێت، كێ لەگەڵ ئەوەيە (الفنية) ئيزافە بكات تكايە دەستی بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نيە؟ باشە ئێوە بۆ (الفنون)ە، بۆ (الفنية)ش دەستتان بەرز كرد سـەلامەت بـن، (وكيـل الـوزارة للشـؤون الثقافيـة و الفنـون)، نەك (والفنية)، توخوا لە جێی خۆت قسە مەكە، ڕجائەن، (وكيـل الـوزارة لشـؤون الثقافـة و الفنـون)، تكايـە كێ لەگەڵە دەستی بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نيە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، ئەو وشەيە ئيزافـە دەكرێ، بڕۆ ئەوی تر.

**بەڕێز بكر كريم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كۆمەڵێك پێشنيار هەيە سەبارەت بە بەڕێوەبەرايەتيە گشتيەكان، يەكـەمين شـت ئەوەيـە كـە شەشـەم ڕێـك بخرێتەوە بەو شێوەيەی لەلايەن لێژنەی ڕۆشنبيری و پەيوەندييەكان و........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕجائەن بە تەسەلسول، ئێستا (3)مان تەواو كرد، بڕۆ (4).

**بەڕێز بكر كريم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چوارەم: نووسينگەی هەردوو بريكاری...............

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنيارێك هەبوو كەوا كەليمـەی شـەباب بـۆ بڕگـەی چوارەمی ماددەكـە زيـاد بكرێـت، واتـا (وكيـل الـوزارة لشؤون الرياضة و الشباب).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێوه وەرتان گرت، چەند موقتەرەحێکیش هەبوو، بەڕێزان کێ لەگەڵە لە خاڵی چوار (وکیل الوزارة لشؤون الرياضة و الشباب)؟ زۆر سوپاس دەستتان بەرز کرد، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بڕۆ خاڵی (5).

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی (5) هیچ پێشنیارێکی لەسەر نەبوو، تەنها بەڕێوەبەرە گشتیەکان کە پێشنیارێك هەبوو بڕگە (7) تا بڕگەی (14) دەمج بکرێ، دەمج کردنی بڕگەی (7) تا بڕگەی (14)، بەڕێوەبەرە گشتیەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

صیاغەکەی چۆن بکەن؟ بزانم صیاغەکەتان چۆن بوو؟

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

المديريات العامه: تتكون الوزارة من المديريات العامة الآتية و يدير كل منها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الممارسة.

هەر هەشت مودیریە عامە:

1- المديرية العامة للديوان.

2- المديرية العامة للمكتبات العامة.

3- المديرية العامة للإعلام و الطباعة و النشر.

4- المديرية العامة لشؤون الرياضة.

5- المديرية العامة لشؤون الشباب.

6- المديرية العامة لشؤون الثقافة و الفنون التركمانية.

7- المديرية العامة لشؤون الثقافة و الفنون السريانية.

8- المديرية العامة للثقافة و الفنون و الرياضة و الشباب في محافظات الإقليم و إدارة گەرميان.

ئەوە بووە دوو پێشنیار، دەمج کردنی هەر حەوت بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکە و ئیدارەی گەرمیان زیاد بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو پێشنیارە بەو شێوەیە کە وای لێ بێت، پاشان دێینە سەری ئایا کەم بکرێتەوە یان زیاد بکرێت، یان دەمج بکرێت، ئێستا ئەو پێشنیارەی کە د.ڕۆژان خوێندییەوە، کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ ئیعادەی صیاغەکە دەکرێتەوە و پەسند کرا، ئێستا وەرنە سەر ئەو پێشنیارانەی کە پێشنیار کران بۆ مودیریاتی عام دەمج بکرێت، کەرەمکە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری ئەوە کرا بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوەی لە خاڵی دووەم و سێیەم هاتووە (المديرية العامة للمكتبات العامة، المديرية العامة للإعلام و الطباعة و النشر) ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتیە لە یەك بدرێ و لە یەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی، ئەوە پێشنیاری یەکەم بوو، پێشنیاری دووەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باجارێ لێرە بین، بەڕێزان ئێستا ئەو پێشنیارەی هاتووە کە ئەو دوو مودیریەی عاممە (ثامناً و تاسعاً) بکرێتە یەك، کێ لەگەڵە دەمج بکرێ و بکرێتە یەك مودیر عام، تکایە دەستی بەرز بکات؟ (33) بەڕێز لەگەڵە، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ وەك خۆی مایەوە، کەرەمکە.

**بەڕێز أحمد سليمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموانیە بە زۆرینەی دەنگ بێ، ئەگەر بیژمێری سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵە کە دەمج نەکرێ وەك خۆی بمێنێ؟ (46) دەنگ، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس، کەرەمکە، نیزامی.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا دەزانم من پێشنیارێکم کرد لەگەڵ کاك فرست، پێشنیارەکەمان لەگەڵ یەك دەڕۆیی، کە ئەویش ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە لە ناو وەزارەت نەبێ، بەڵکو لەسەر ئاستی پارێزگاکان بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە کەرەمکە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری تر هەبوو سەبارەت بە لێکدانی هەردوو بڕگەی (10) و (11)، دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی (المديرية العامة لشؤون الرياضة و المديرية العامة لشؤون الشباب)، هەردووکیان بکرێتە یەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی، ئەو پێشنیارەش پێشکەش کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان زۆر قسە لەسەریان کراوە، تکایە هەردووکی بخوێنەوە، بەڕێزان بۆ ئەو خاڵی (10) و (11) دوو موقتەرەح هەبوو، موقتەرەحێك هەبوو ئەوەیە کە لە دیوان ئیلغا بکرێ، بچێتە موحافەزە، لەوێ بێت، موقتەرەحێکیش هەیە کە دەمج بکرێ، ئێستا هەردوو فەقەرەکە دەخوێندرێتەوە، پاشان ئیلغایەکە یەکەم دەدەینە دەنگدان، کە لە دیوان ئیلغا بێت بچێتە موحافەزە، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوە تەواو، ئەگەر نا دەچینە خاڵەکەی تر، دەمج، ئەگەر نەیهێنا وەك خۆی دەمێنێ، کەرەمکە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موقتەرەحی یەکەم: ئیلغاکردنی بڕگەی دەیەم و یازدەم بوو، کە پێویست ناکات ئەو ڕەئیە دیفاعیان لێ کرد، پێویست ناکات لە ناو دیوانی وەزارەت ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتی یە هەبێ، تەنها ئەوەی لە پارێزگاکان، ئیلغا کردنەکە ڕەئی یەکەم بوو، ڕەئی دووەمیش ئەوەبوو کە دەمج بکرێ ببێتە (المديرية العامة لشؤون الرياضة و الشباب)، ڕەئی سێیەمیش وەکو پرۆژەکە هاتووە ئەوها بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جا ئێستا بیانخوێنەرەوە، بۆ ئەوەی بیاندەینە دەنگدان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی یەکەم ئیلغاکردنی دوو بڕگەکەیە، ئیلغا بکرێت هەر دوو بڕگەی (10) و (11).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، نا ئەصڵی ماددەکە بخوێنن بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، دەکاتە (10) لە پرۆژەکە لەگەڵ (11) لە پرۆژەکە، بۆ ئەوەی وازح بێ بۆ ئەو بەڕێزانە، پاشان بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لە دەقی پرۆژەکەدا هاتووە (10- المديرية العامة لشؤون الرياضة: مديرية عامة متخصصة يديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الممارسة).

المديرية العامة لشؤون الشباب.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ لەگەڵە ئەو دوو مودیریەتە لە دیوانی وەزارە لابچێ و بڕواتە موحافەزات، تکایە دەستی بەرز بکات؟ (22) کەس، خاوەنی موقتەرەحەکەش دەستی هەڵنەبڕی هەر بۆ ئاگاداریتان، کێ لەگەڵە لە شوێن خۆی بمێنێ؟ بە زۆرینەی دەنگ، باشە کەرەمکەن، ئێستا موقتەرەحێکی تر، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەمج بکرێ و ببێتە یەك مودیریەت تکایە دەستی بەرز بکات؟ بۆ دەمج ببێتە (ریاضة و الشباب)، (32) بەڕێز

لەگەڵ ئەوەیە دەمج بکرێ، کێ لەگەڵە وەك خۆی بمێنێ و دەمج نەکرێ؟ بە زۆرینەی دەنگ وەك خۆی مایەوە، کەرەمکە بۆ ئەوی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکی تر کرا بە زیادکردنی ئیدارەی گەرمیان بۆ (المديرية العامة للثقافة و الفنون و الرياضة و الشباب في محافظات الإقليم و إدارة گەرميان).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو پێشنیارەی کە ئیدارەی گەرمیان ئیزافە بکرێ، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ خاڵەکەی تر، ئێستا گشت ماددەکە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکمان بۆ هات، بەس نەمزانی کەس پشتگیری لێ کردووە، تەنها یەك باس لەوە کرا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری منداڵان زیاد بکرێ، ببێتە یەکێك لە بەڕێوەبەرایەتی یە گشتیەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە زیمنی ئەو تەسەلسولەی دامان نا نەبوو، ئینشاللا جارێکی تر ئەگەر داوایان کرد هەموار بکرێ، بەڕێزان ئێستا گشت ماددەکە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە و دەنگی بۆ درا، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ (1) کەس لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ ماددەکە پەسند کرا، بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە الرابعە:

للوزارە مجلس إستشاری یتألف من:

1 - الوزير: رئيساً.

2 - وكيلا الوزارة: أعضاء في حالة غياب الوزير يرأس المجلس الوكيل الأقدم في الوزارة.

3 - المستشارون: أعضاء.

4 - المدراء العامون في الوزارة: أعضاء.

5 - أي خبير أو إختصاصي من داخل الوزارة أو خارجها يختاره الوزير: عضواً.

6 - ممثلي الوزارات ذات العلاقة بدعوة من الوزير: أعضاء.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بە کوردیش بخوێنن.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

وەزارەت ئەنجومەنێكی ڕاوێژكاری دەبێت و لەمانە پێك دێت:

1 - وەزیر: سەرۆكە.

2 - هەردوو بریكاری وەزارەت ئەندامن و لە كاتی ئامادە نەبوونی وەزیر بە پێی پێشینەیی یەكێكیان سەرۆكایەتی ئەنجومەن دەكات,

3 - ڕاوێژكاران: ئەندامن.

4 - بەڕێوەبەرە گشتیەكانی وەزارەت: ئەندامن.

5 - هەر شارەزایەك یان پسپۆڕی شیاو لە ناو وەزارەت یان لە دەرەوەیدا كە وەزیر هەڵیدەبژێرێ: ئەندامە.

6 - نوێنەری وەزارەتەكانی پەیوەندیدار لەسەر بانگهێشتی وەزیر: ئەندامن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی ڕۆشنبیری ڕەئیتان، كەرەمكە.

**بەڕێز بكر كریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

شەشەم، ماددەی چوارەم، پێشنیاز دەكەین ئەو ماددەیە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، (وەزارەت ئەنجومەنێكی ڕاوێژكاری دەبێت كە پێك دێت لە:

1 - وەزیر: سەرۆك.

2 - هەردوو بریكاری وەزارەت لە كاتی ئامادە نەبوونی وەزیردا ئەوە بریكارە لە پێشترەكەی وەزارەت سەرۆكایەتی ئەنجومەن دەكات.

3 - ڕاوێژكارەكان.

4 - بەڕێوەبەرایەتی یە گشتیەكانی وەزارەت.

پێنجەم و شەشەم تەبعەن لێك بدرێن: (وەزیر بۆی هەیە كە نوێنەری وەزارەتی دیكەی پەیوەندیدار یان شارەزا و پسپۆڕ چ لە ناو وەزارەت و چ دەرەوەی وەزارەت لەبەر پێویستی بانگهێشت بكات بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش بخوێننەوە.

**بەڕێز سۆزان یوسف خۆشابا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سادساً: المادة الرابعة:

نقترح إعادة صياغة هذه المادة لتصبح كالآتي:

للوزارة مجلس إستشاري يتألف من:

1 - الوزير: رئيساً.

2 - وكيلي الوزارة: عضوان و في حالة غياب الوزير يرأس المجلس الوكيل الأقدم في الوزارة.

3 - المستشارين: أعضاء.

4 - المدراء العامين في الوزارة: أعضاء.

5 - للوزير إستضافة ممثلين عن الوزارات الأخرى ذات العلاقة أو خبراء و إختصاصيين من داخل الوزارة أو خارجها عند الضرورة من دون أن يكون لهم حق التصويت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وەرزش و لاوان ڕەئیتان، بە كوردی و بە عەرەبی.

**بەڕێز د. ثائر عبدالأحد أوغسطين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة: لاتوجد عليه أي ملاحظات.

سوپاس.

**بەڕێز د.تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێنجەم، سەبارەت بە ماددەی چوارەم هیچ تێبینیەكمان لەسەری نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددە ئێمە دوو تێبینیمان هەیە، یەكەمیان تایبەتە بە بڕگەی پێنجەم، ئەو عیبارە زیاد بكرێ، ڕستەیەك زیاد بكرێ بۆ كۆتایی بڕگەكەن كەوا مافی دەنگدانیان نەبێت، بڕگەی شەشەمیش داوا دەكەین ئیلغا بكرێ، لەبەر ئەوەی پێویست ناكات بڕگەی پێنجەم هەمان مەبەستی بڕگەی شەشەمی تێدایە، پێویست بە بڕگەی شەشەم ناكات، داوا دەكەین ئیلغا بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر کەرەمکە.

**بەڕێز د.کاوە محمود/ وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەجلیسەکە مەجلیسی ئیستیشارییە، مەجلیسی ئیستیشاری خۆی تەصویتی نیە، هەرچەندە من لە مومارەسە ئەگەر بپرسن لە مودیر عاممەکان تا ئێستا من تەصویتم بە کار هێناوە لە هەموو شتەکان، هەندێ قەرارم وەرگرتووە بە پێی ڕەئی گشتی کە بە پێچەوانەی ڕەئی خۆشم بووە، بەڵام مەجلیسەکە لە قانونیەن ئیستیشارییە، لەبەر ئەوە کەس حەقی تەصویتی نیە، بەڵام من مومارەسەی ئەو حەقەشم کردووە بۆیان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی دەیانەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکەن، کەرەمکە، یەك خانم دەیەوێ قسە بکات، ئەوە بوونە دوو، ئەوە بوونە سێ، ناوت بڵێ، ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن: سیوەیل عثمان، خورشید أحمد، د. أحمد، د. سەروەر، کەسی تر هەیە؟ تەواو، سیوەیل خان کەرەمکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت (المادة الرابعة) 1- الوزیر، 2- وکیلا الوزارة: أعضاء

لێرە نووسراوە (في حالة غیاب الوزیر یرأس المجلس الوکیل الأقدم في الوزارة)، هەر چەندە ئەوە صەلاحیەتی وەزیرییە، بۆ خۆی ئازادە، بەس پێموایە ئەو عیبارەتەی کە نووسراوە زیادە، دوو وەکیل وەزیر هەیە، دوو وەکیل وەزارە لەوانەیە ئەگەر وەزیر بڕوات هەر وەکیل ئەقدەمەکە هەبێ، حەساسیە پەیدا دەکات لە بەینی وەکیلە (أحدث)ەکەمان، نوێیەکە، وابزانم ئەگەر عیبارەتەکە نەبێ بۆ خۆی وەزیر ئازادە ئەوە کەیفی خۆیەتی، بە نیسبەت (خامساً) لەگەڵ (سادساً)، لەسەر ڕەئی د.ڕۆژان لێژنەی یاسایی کە باسی کرد، هەردووك یەك ئیشە، ئەگەر هەردووك بکرێتە یەك بڕگە، ئەوەش زیادە ئەو عیبارەتە (دون أن یکون لهم حق التصویت)ی بۆ زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار خورشید، کەرەمکە.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارەکا ژ جەنابێ وەزیرێ دکەم (الوکیل الاقدم فی الوزارة) یەعنی هەردوو وەکیلن یەعنی بە چ پێوەرەك ئەمە ئەقدەمە و ئەمە پاشترە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

كاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم علي:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا منيش ئەو ڕايەم هەيە كە لەسەر دوو وەكيلی وەزارەت (فی حالة غياب الوزير يرأس المجلس الوكيل الاقدم فی الوزارة) هەر نەبێ باشترە، ئەمە لە ئيختيياری وەزير بێ كێی دانا لە كاتی ئەوەی خۆی لەوێ نەبوو، ئەو دەتوانێ ئەو دوو وەكيلانە دابنێ، پێم وايە باشترە بۆ ئەوەی كە حەساسيەت دروست نەبێت لە نێوان دوو وەكيلەكە، بۆ خامسا و سادسا)يش كە هەردوو لێنە پێشنيارييان كردووە بە تايبەتی ليژنەی ياسايی كە دەڵێ ئەمە لابچێت، بەڵام پێموايە لێرە پێشنيارەكەی ليژنەی پەيوەنديەكان باشترە ئەگەر بكرێتە ئەسڵ لێرە، چونكە هەردووكيانی لێك داوە باشترە (للوزير استضافة عن الوزارات الاخرى ذات العلاقة وخبراء او اختصاصين من داخل الوزارة أو خارجها عند الضرورة من دون ان يكون لهم حق التصويت) يەعنی هەردوو بڕگەكەی لێك داوە، حەقی هەردووكيانی داوە بە بێ ئەوەی كە ئەندام بن مافی دەنگدانيان هەبێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ جەنابت، وەكيل ئەقدەمم هەبێت بۆ ئەوەی وەزير هين نەبێ دوايی نازانێ كاميان دابنێ، ڕێزدار سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی 5 دەربارەی دانانی شارەزا و پسپۆڕ بۆ ئەندامی ئەم ئەنجومەنە ڕاوێژكاريە ديارە لە وەزارەت دا ژمارەيەكی زۆر خەبير هەيە و شارەزا هەيە، عەفو بە چ پێوەرێك ئەمە دادەندرێ؟ بۆيە من پێشنياری ئەوە دەكەم تەنها وشەی ئەمە زياد بكرێت كەوا هەر شارەزايەك يان پسپۆڕی شياو لەناو وەزارەت يان لە دەرەوەی دا بە پێی تايبەتمەندی كۆبوونەوەكە دابندرێت، نەك ئێمە چەند خەبيرێك يان دوو خەبير بێ بەردەوام تەنها ئەمانە بن، بەڵكو لەلايەنی جيا جيا پێويستە بۆ ئەمە سوڕێك هەبێت هەموو ئەوانە بەشداری تيادا بكەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ئەوە ئيشی جەنابی وەزيرە، جەنابی وەزير كەرەمكە،موداخەلەت هەيە؟

**بەڕێز د.كاوە محمود/ وەزيری ڕۆشنبيری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابی سەرۆكی پەرلەمان:

نەخێر، من موداخەلەيەكم نيە، وازحە موستەڵەحەكان وابزانم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان لیژنـەی یاسایی و لیژنـەی ڕۆشـنبیری ئێستا ئەسڵی ماددەکـە بخوێننـەوە بـۆ ئـەوەی بیدەینە دەنگدان، تێبینیەك هەبوو فەقەرە 6 ئیلغا بکرێت، ئەوەش بیخوێننەوە و یەکێك دیفاعی لێ بکات و یەکێکیش لای بدات، کاك نەریمان کەرەمکە.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەی نیزامیەکەم لەسەر ئەوەیە لـە نوقتـەی 5 لـە مەجلسـەکە (المدراء العامون فی الوزارة) کـە تـۆ گوتت (فی الوزارة) کەواتە بەس تەنها مودیر عامـەکانی وزارەت ئـەعزان لـەو مەجلسـە، بـەڵام لـە کاتێـك دا ئەمان زیـاتر کـارە ئیداریەکـە دەکـەن، بـەڵام کـارە عەمـەلی و مەیدانیەکـە پارێزگاکـان و مـدیر عامـەکانیش دەگرێتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە (فی الوزارة)ەکە بکرێتە (المدراء العامون للوزارة).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناڵێت (فی دیوان الوزارة) دەڵێ (فی الوزارة)، یەعنی عامە و شاملە، نا، سوپاس، ئێستا ئـەو فەقەرەیـەی کـە بۆ ئیلغا پێشنیار کرا، بیخوێننەوە د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی 6 پێشنیارمان کردووە کەوا ئیلغا بکرێتەوە، لەبەرئەوەی هەمان مەبەست لە بڕگەی 5 هەیە.

بڕگەی 6

ممثلی الوزارات ذات العلاقة بدعوة من الوزیر/اعضاء.

پێشنیار دەکەین کەوا ئیلغا بکرێتەوە، لەبەرئەوەی هەمان مەبەست لە بڕگەی 5 داهاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە ئیلغا بکرێتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کـۆی دەنـگ ئیلغـا کـرا، ئێسـتا گشـت ماددەکە بخوێننەوە بە بێ ئەو ئیلغایە، بۆ ئەوەی بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 4

للوزارة مجلس استشاري یتألف من:

1- الوزیر/رئیسا.

2- وکیلا الوزارة/ اعضاء فی حالة غیاب الوزیر یرأس المجلس الوکیل الاقدم فی الوزارة.

3- المستشارون/ اعضاء.

4. المدراء العامون فى الوزارة/ اعضاء.

5. أى خبير أو اختصاصي من داخل الوزارة أو خارجها يختاره الوزير دون ان يكون لهم حق التصويت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

به كوردیەكەی بخوێننەوە، كاك فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 4

وەزارەت ئەنجومەنێكی ڕاوێژكاری دەبێت و لەمانە پێك دێت:

1. وەزیر/ سەرۆكە.

2. هەردوو بریكاری وەزارەت ئەندامن لە كاتی ئامادە نەبوونی وەزیر بە پێی پێشینەی یەكێكیان سەرۆكایەتی ئەنجومەن دەكات.

3. ڕاوێژكاران/ ئەندامن.

4. بەڕێوبەرە گشتیەكانی وەزارەت/ ئەندامن.

5. هەر شارەزایەك یان پسپۆڕێكی شیاو لەناو وەزارەت یان لە دەرەوەی وەزارەت كە هەڵی دەبژێرێت بە بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت ئەندامن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، ئێستا بۆ ماددەیەكی تر، كەرەمكە د.ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 5

1. مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة تحدد بنظام.

2. للوزير استحداث او دمج او الغاء مديريات او اقسام او شعب الوزارة عند الاقتضاء وبهدف تطوير عمل الوزارة.

3. للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

به كوردیەكەی بخوێننەوە، كاك فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 5

1- كارو پسپۆرايەتی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێی پەيڕەو دەست نيشان دەکرێن.

2- لە کاتی پێويست دا و بە مەبەستی پەرەپێدانی کاری وەزارەت وەزير بۆی هەيە بەڕێوبەراتی يان بەش يان هۆبەی وەزارەت لە نوێوە دابنێ يان لێکيان بدات، يان هەڵيانوەشێنێتەوە.

3- وەزير بۆی هەيە ڕێنمايی پێويست بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم ياسايە بڕيار بدات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ليژنەی وەرزش و لاوان ڕەئيتان لەسەری؟ کاك فەرموو.

**بەڕێز د. ثائر عبدالأحد أوغسطين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 5

لاتوجد عليها أي ملاحظة، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ليژنەی ڕۆشنبيری ڕەئيتان؟ کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بكر كريم محمد (ئاسۆ) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هيچ تێبينيەکمان لەسەر دەقە کورديەکە نيە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ليژنەی ياسايی ڕەئيتان، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها داڕشتنەوەی بڕگەی يەکەمە (تحدد بنظام ) بێتە پێشەوە، (تحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نيزامی، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بێينە سەر موناقەشەی ئەو ماددەيە و بەسەرماندا نەڕوات لە هەيکەليەی هەموو وەزارەتەکان پێش ئەوەی بێينە سەر ئەو دەسەڵاتەی کە بۆ وەزير و مديريەتەکان هەيە، دەسەڵاتێکمان بە وەزير دايەوە بە تايبەتی بۆ وەزارەتی ڕۆشنبيری و لاوان زۆر گرنگە ئەويش ئەوەيە بۆی هەيە عەقد بکات لەگەڵ کەسانی مەعنەوی و سروشتی بۆ ڕايی کردنی کارەکانی وەزارەت لەناو هەرێم و بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی

وەزیران بۆ دەرەوەی هەرێم، بۆیە ئەو ماددەیە بە زەروور دەزانم ئیزافە بکرێت پێش ئەوەی بێینە سەر ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

با ئەمە خەلاس بێت، جەنابی وەزیر ڕەئیت لەسەر ئەو ماددەیەی کە خوێندرایەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.کاوە محمود/ وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵێدام.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ دەیەوێ قسەی لەسەر بکات؟ زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕەئیا من خاڵەکا دی لڤێرێ ئەم زێدە بکەین، چونکو وەختێ ئەم دبێژین و بەحسێ هەڵوەشاندنێ دکەین، پێتڤیا ئەو مومتەلەکات و میلاکاتی وەزارەتا دی بێخینە سەر ڤێ وەزارەتێ کو دڤێرێ دا نەهاتیە و ئەڤە دی تشتەکی باشتر بیت، سپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش پاشان، رجائەن، بەڕێزان ئێتسا ئاخر جار بیخوێننەوە و دەدەینە دەنگدان، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 5

1- تحدد بنظام اختصاصات وتشكيلات الوزارة.

2- للوزير استحداث او دمج او الغاء مديريات او اقسام او شعب الوزارة عند الاقتضاء وبهدف تطوير عمل الوزارة.

3- للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ئەو پێشنیارەی کە کاك گۆران ئازاد کردی، ڕەئیتان لەسەری لیژنەکان، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە پێشنیارەکە دەکەین و ئێستا دای دەڕێژینەوە و بە ماددەیەکی سەربەخۆ و دەبێتە ماددەی 6 ئەگەر دەنگی هێنا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیاغەکەی بکەن ئێستا، کەرەمکە بیخوێنەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 6

للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل الاقليم للقيام بالمهام والواجبات التى توكل اليهم للمدة التي يراها مناسبة وذلك لغرض تحقيق اهداف الوزارة واستحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء اذا كانت خارج الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا ئێستا بۆ ماددەیەکی تر کەرەمکە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 6: يلغى قانون وزارة الثقافة ذات رقم 14 لسنة 2009 وقانون وزارة الرياضة والشباب ذات الرقم 8 لسنة 2009.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بووە ماددەی 7، بەس لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی 6، لیژنەی ڕۆشنبیری ڕەئیتان لەسەر ماددەی 6ی ئەسڵی پرۆژەکە، کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەکمان لەسەر ماددەی 6ی ئەسڵی پرۆژەکە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی وەرزش و لاوان ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز د.تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەکمان نیە لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە داوا دەكەین ماددەكە دووبارە دابڕێژرێتەوە و ببێتە دوو بڕگە، بڕگەی یەكەم ئەوەی كە لە ئەسڵی پرۆژەكە هاتووە، بەڵام بەشێوەیەكی تر دابڕێژرێتەوە، وە بڕگەی دووەم/ ئەو پێشنیارەی كە زەكیە خان كردی، بەو شێوەیە ماددەكە دادەڕێژینەوە:**

**المادة 7**

**1- يلغى قانون وزارة الثقافة رقم 14 لسنة 2007 وقانون وزارة الرياضة والشباب الرقم 8 لسنة 2007.**

**2- تؤول ممتلكات وموجودات وملاكات منتسبي وزارتي الثقافة والرياضة والشباب الى وزارة الثقافة والشباب.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان بۆ بڕگەی 1 ئیلغایە، بۆ ئەوەی كە خوێندرایەوە، كێ لەگەڵە ئەو دوو قانونە ئیلغا بكرێت، تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، بۆ بڕگەی 2 كە مومتەلەكاتەكەی ببێتە موڵكی وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەو شێوەیەی خوێندرایەوە، كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ ئێستا بۆ ماددەیەكی تر كەرەمكە.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ڕێزبەندەكە گۆڕا ببوورن.**

**المادة السابعة:**

**لايعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە كوردیش بخوێننەوە.**

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی حەوتەم:**

**كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێ ئەگەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەو یاسایە ناكۆك بێت.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لێژنەی ڕۆشنبیری ڕەئیتان.**

**بەڕێز بكر كريم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەكمان لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنەی وەرزش و لاوان.

**بەڕێز د.تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەكمان نیە لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە بیخوێنن لەگەڵ چاككردنی ژمارەی ماددەكە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

لایعمل بأي نص قانوني أو قرار یتعارض مع أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بخوێننەوە بە كوردیش.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێ ئەگەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەو یاسایە ناكۆك بێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستا بۆ ماددەی تر لە ئەصڵی پرۆژەكە (8)ە دەبێتە (9)، كەرەمكە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ئەصڵی پرۆژەكە ماددەی (8)ە دەبێتە (9):

المادة التاسعة:

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفیذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردی، كەرەمكە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (8) كە دەبێتە ماددەی (9)

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەو یاسایە جێبەجێ دەكەن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی ڕۆشنبیری ڕەئیتان.

**بەڕێز بكر كریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەكمان لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وەرزش و لاوان ڕەئیتان.

**بەڕێز د.تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەكمان نیە لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، ڕەئیت، كەرەمكە.

**بەڕێز د.كاوە محمود/ وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، كەس مولاحەزەی هەیە؟ كێ لەگەڵە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە، تكایە دەست بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستا بۆ ماددەكەی تر كە لە ئەصڵی پرۆژەكە (9)یە دەبێتە (10).

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (9) لە ئەصڵی پرۆژەكە دەبێتە (10):

المادة العاشرة:

ینفذ هذا القانون إعتباراً من تاریخ إصداره و ینشر في الجریدة الرسمیة (وقائع كوردستان).

وەك لە ئەصڵی پرۆژەكە هاتووە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (9) کە دەبێتە ماددەی (10):**

**ئەو یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕۆشنبیری ڕەئیتان.**

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هیچ تێبینیمان لەسەری نیە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لێژنەی وەرزش و لاوان ڕەئیتان.**

**بەڕێز د.تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هیچ تێبینیەکمان نیە لەسەر ئەو ماددەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر، کەرەمکە.**

**بەڕێز د.کاوە محمود/ وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تێبینیمان نیە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**یاسایی.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە پێشنیار دەکەین کەوا دووبارە ئەو ماددەیە دابڕێژرێتەوە بەو شێوەیە:**

**المادة العاشرة:**

**ينفذ هذا القانون إعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بەو شێوەیەی کە ئێستا خوێندرایەوە، لەلایەن لیژنەی یاسایی خوێندرایەوە،کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس بۆ گشتتان، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ئەسباب موجەبەکە، کەرەمکە.

**بەڕێز د.ثائر عبدالأحد أوغسطين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الأسباب الموجبة:

بهدف تطوير مجالات الثقافة و الفنون و الإعلام و الطباعة و الرياضة و الشباب و تفعيل دوره في المجتمع الكوردستاني و من أجل تنظيم عمل و شؤون المؤسسات و المراكز الثقافية و الرياضية و النشاطات الشبابية في إقليم كوردستان العراق إقتضى تشريع هذا القانون.

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆکانی دەرچوونی ئەو یاسایە:

بە مەبەستی پەرەپێدانی بوارەکانی ڕۆشنبیری، هونەری، ڕاگەیاندن، چاپەمەنی، وەرزش و لاوان و کارا کردنی ڕۆڵیان لە کۆمەڵگەی کوردستان و عیراق دا بۆ ڕێکخستنی کاروباری دەزگا و ناوەندە ڕۆشنبیری و وەرزشیەکان و چالاکی لاوان لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا ئەو یاسایە دەرچوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ڕۆشنبیری ڕەئیتان.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیمان لەسەر هۆکارەکانی دەرچوونی ئەو یاسایە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەرزش و لاوان ڕەئیتان.

**بەڕێز د.تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەکمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك تێبینیمان هەیە، تەنها ئەو ڕستەیە بگۆڕدرێ، ئەو دوو وشەیە (إقتضى تشريع) بکرێتە (فقد شرع هذا القانون) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کەس هەیە قسە بکات؟ ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن ڕێزداران:
د.دانا سعید صوفی، سیوەیل عثمان، صباح بیت الله، گەشە دارا، قادر حسن، کەرەمکە، دانا سعید صوفی.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە لە هەموو یاساکانی تر کە بۆ ئەو وەزارەتانەی کە دەمج کراوە، ئیشارەمان بەوە داوە لە ئەسبابی موجەبە لەبەر ئەوەی ئەو وەزارەتانە دوو وەزارەت دەمج کراوە، پێموایە لە ڕووی مێژووییەوە، هەم لە ڕووی صیاغەی قانونیشەوە لە فۆرمی یاساکانی تر ئیشارە بەوە دراوە لەبەر ئەوەی کە دوو وەزارەت دەمج کراوە یاخود لێکدراوە، پێم باشە لە ئەسبابی موجەبە ئیشارە بەوە بکرێت، هەر لەڕووی مێژووییشەوە پێویستە وابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سیوەیل عثمان، کەرەمکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕەئی کاك دانام هەیە لەبەر ئەوەی وەزارەتەکان دەمج کراوە، ئیشارەتی پێ بدەین، ئەگەر صیاغەکەش ئەوها دەیخوێنمەوە، لەبەر ئەوەی لە ئەسبابی موجەبە دووجار هاتووە، (مجالات الثقافة، فنون، إعلام، طباعة)، دیسان لە دوای (من أجل تنظيم عمل و شؤون المؤسسات و المراكز الثقافية و الرياضية و النشاطية)، من وام نووسیوە، ئەوە ڕەئی خۆمە، (الأسباب الموجبة: نظراً لدمج وزارتي الثقافة و الرياضة و الشباب و من أجل تنظيم و تطوير عمل و شؤون المؤسسات و المراكز الثقافية و الفنية و الإعلامية و الطباعة و الرياضية و النشاطات الشبابية و تفعيل دورهم في المجتمع فقد شرع هذا القانون)، ئیقلیم کوردستانم نەهێناوە لەبەر ئەوەی پرۆژە یاساکە هەر ناونیشانەکەی پرۆژە یاسای وەزارەتەکەیە بۆ هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بینووسە و بینێرە بۆ ئێرە، ڕێزدار صباح بیت الله، کەرەمکە.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئـەز دبێـژم ئەسـباب موجبـە ببیتـە دوو خـالێ، ئـەو خـالا کـاك دانـا و خوشـکە سـیوەیل بـەحس کـری، بـە حەقیەقەت، چونکو دوو خالا هاتیا دەمج کرن و ئیشارەتێ بێتە دان، یا دوویێ، مـن پـێ باشـە ئـەڤ ماددەی دیکە بڕەنگێ بێتە ئەو کرنـە (بهـدف تطـویر مجـالات الثقافـة و الفنـون و الإعـلام و الطباعـة و الرياضـة و الشباب و تفعيل دورهم في المجتمع الكوردستاني و لترسيخ الإنتماء القومي و الحفاظ على الهوية القومية).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، ڕێزدار گەشە خان، کەرەمکە.**

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**زۆر سوپاس، قسەکانم کرا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕێزدار قادر حسن، کەرەمکە.**

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە حوکمی ئەوەی هەموو پرۆژە یاساکان لـە ژێـر ڕۆشـنایی هۆکـارە پێویسـتیەکان دەردەچـن، بـە پێویسـتی دەزانم لێرە کە دەڵێ بە مەبەستی پەرەپێدانی بوارەکانی ڕۆشنبیری، هونەر، ڕاگەیاندن، چاپەمەنی، وەرزش و لاوان و بەهێزکردن و بەرزکردنەوەی ئاسـتی وەلای نیشـتمانی و پێناسـەی نەتـەوەیی) بـۆ زیـاد بکرێـت و .....هتد، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ جەنابت، لێژنەی یاسایی و ڕۆشنبیری و وەرزش لەسەر ئەو پێشنیارانەی کرا ڕەئیتان.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دوو، سێ پێشنیارمان بـۆ هـاتووە، ئێسـتا یـەکێکیان کورتکـەرەوەی ئـەو پێشـنیارانەیە، دەیخوێنمـەوە ئەگـەر ڕاتان لێ بوو، کامتان پێ باش بوو، ئەوی دادەنێین، یەعنی هۆیەکانی دەرکردنی ئەو یاسایە هەمووی هەمان مەبەستی تێدایە، ئەگەر زۆر بە کورتی بتانەوێ ئەسـباب موجەبەکـە بـاس بکـەین، (نظـراً لإسـتحداث وزارة الثقافة و الشباب بعد دمج وزارتي الثقافة و الرياضة و الشـباب في وزارة واحـدة و بغيـة تحديـد تشـكيلاتها و أهدافها و مهامها فقد شرع هذا القانون).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بـەڕێزان کـێ لەگەڵـە بـەو شـکڵەی کـە خوێندرایـەوە لەگـەڵ گشـت پـرۆژە یاسـاکە بەیەکـەوە دەیدەینـە دەنگدان،کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیـە؟ بـە زۆرینـەی دەنـگ پەسـند**

کرا، بەڕێزان زۆر زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، بۆ هەموو یەکە یەکەی ئێوەی بەڕێز زۆر هیلاك بوون، زۆر بە جیدی کارتان کرد، دەستتان خۆش بێت، ئێستاش وا (10)ی دەویَ بۆ (9)ی شەو تەحەمولتان کرد، ئەو یاسایە لە (9/21) ئێمە خوێندنەوەمان بۆی کردبوو لەو پەرلەمانە، تەحویلی لێژنەکان کرابوو، هەر سیَ لێژنەی ڕۆشنبیری و یاسایی و لاوان، ڕاپۆرتی ڕۆشنبیری لە (9/27) بۆمان هات، هی یاسایی لە (9/29) بۆمان هات، هی وەرزش و لاوان لە (10/10) بۆمان هات، خرایە بەرنامەی کار، ئەوڕۆ (11/10) وا تەواو دەبیَ، دەستخۆشیتان لیَ دەکەین، پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان و پەرلەمان و جەنابی وەزیر دەکەین، ئومێدەوارین جێگەی ڕەزامەندی بیَ، ئێستاش جەنابی وەزیر لەگەڵ وتارێکی پێشکەش بکات بۆ ئێوەی بەڕێز و خەڵکی کوردستان، کەرەمکە.

**بەڕێز د.کاوە محمود/ وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن سوپاسی هاوکاری هەموو برادەرانی پەرلەمان دەکەم، من وەکو وەزیرێك لە حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵەم لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان ئەوەیە کە هەموو ئەندامانی پەرلەمان لە ژێر یەك قوببەن لە خزمەتی هەموویانم سەرەڕای جیاوازی فراکسیۆن و ئەو مەسەلانەی تر، ئەرکی من ئەوەیە جێبەجیَ کردنی بڕیارەکانی پەرلەمانە و لە چوارچێوەی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکە دێنین ئەگەر کەیفتان لیَ بیَ جەژن دەکەینە نیوە، باقیەکەی تر دەکەینە دانیشتن، بەڵام لەگەڵتان مشاوەرە دەکەین، ئەگەر پێتان خۆش بوو، ڕۆژی یەکەم دەکەینە جەژن و دوایی ناوی خوای لیَ دێنین، چونکە پرۆژە یاسای زۆر هەنە لەبەر دەستمان، بە خێر بچن تا ئاگادارتان دەکەین بۆ دانیشتنی داهاتوو، خوا ئاگادارتان بیَ.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (15)**

**سێ شەممە رێكەوتی 23\11\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (15)

## سێ شەممە رێكەوتی 2010/11/23

**كاتژمێر (4)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2010/11/23 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز**

د.ارسلان بايز اسماعيل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (15)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (15)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (4)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2010/11/23 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای زانكۆ تایبەتیەكان لە هەرێمی كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای قەرەبووكردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە هەرێمی كوردستان - عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (15)، رۆژی دانیشتن (2010/11/23)، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی (1992)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (15)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (4)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێككەوتی (2010/11/23)دا بەو شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای زانكۆ تایبەتیەكان لە هەرێمی كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای قەرەبووكردنەوەی ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە هەرێمی كوردستان - عێراق.

ئێستا داوا لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو لیژنەی یاسایی دەكەین، كەرەم بكەن بۆ شوێنی خۆیان، بەڕێزان، رێزدار جێگری سەرۆكی پەرلەمان بەكاری تایبەت بۆ چاودێری دارایی سلێمانی چووە، لەگەڵ سەرۆكە تازەكە، لەبەر ئەوە ئەمڕۆ لێرە نییە، بۆ ئاگاداریتان، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا كەرەم بكەن بۆ فەقەرەی یەك/ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای زانكۆ تایبەتیەكان لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

پێش خوێندنەوەی دەقی یاساکەو راپۆرتی هاوبەشی لیژنەی یاسایی و لیژنـەی پـەروەردەو خوێنـدنی بـالاّ، دەمانەوێت ئەوە بخەینە پـێش چاوی بـەڕێزتان، کـە روون کردنەوەیـەك لەلایـەن وەزیـری خوێنـدنی بـالاّو توێژینــەوەی زانســتی هــاتووە بــۆ ســەرۆکایەتی پەرلــەمانی کوردســتان و بــۆ بەرچــاوی بــەڕێزتان، روون کردنەوەکە دوو خاڵە، بە کورتی و بە پوختی:

یەکەمیان/ ئەوەی کە ئەمڕۆ بەڕێزیان کۆبوونەوەی هەبووە لەگەڵ جـەنابی سـەرۆکی هـەرێم، بۆیـە ئامـادە نەبووە، بۆ ئەوەی لە پەرلەمان ئامادە بێت.

دووەمیش/ ئەوەی خستۆتە روو کە یاساکە دوا بخرێت، یەعنی گفتوگۆ لەسەر یاساکە دوا بخرێت.

ئێمە پێمانوایە کە دواخستنی گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاساکە باش نییـە، چونکە ئـەم پـرۆژە یاسـایە لەلایـەن ژمــارەی یاســایی ئەنــدامانی پەرلەمانــەوە پێشــکەش کــراوە، خوێندنــەوەی یەکــەمی بــۆ کــراوە، لیژنــە پەیوەندیدارەکان چەندین کۆبوونەوەیان کردووە، ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاّ هەوڵمانداوە گفتوگۆ لەگەڵ زانکۆ تایبەتیەکانیش بکەین و بیروبۆچوونی ئەوانیش بەشـێوەی راسـتەوخۆ و ناراسـتەوخۆ وەربگرین.

خاڵێکی تر/ ئەوەیە کە لە یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 2008 وەزارەتی خوێنـدنی بـالاّ لـە ماددەیەکدا بـاس لـەوە دەکـات، کـە دوای سـێ مـانگ لـە دەرچـوونی ئـەو یاسـایەو، جـێ بـەجێ کردنـی ئـەم یاسـایە، دەبێـت پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەت دەربکات، بۆ رێکخستنی هەموو ئـەو مـاف و ئەرکانـەو، هـەموو ئـەو پــرس و بابەتانــەی کــە دەکەوێتــە چوارچــێوەی زانکــۆ ئەهلیــەکان لــە هــەرێمی کوردســتان، کەواتــە دەبــوو زووتریش کار لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە بکرا بوایە، دەبوو زووتریش ئێمە پـرۆژە یاسـایەکی لـەم بابەتـەمان دەرچوواند بوایە لە پەرلەمانی کوردستان، هەروەها لە ماوەی رابردوودا بۆمان دەرکەوتووە، کە جۆرێـك لـە فەراغی یاسایی هەیە، بۆ چاکتر رێکخستن و باشتر رێکخستنی هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە زانکـۆ تایبەتیەکانەوە هەیە، دەشبینی لە ولاّتانی دەورو پشتمان چەندین ولاّتـی تـر، بەتایبـەتی لـە مـاوەی بیست ساڵی رابردوودا لە میسر، لە ئوردن، لـەولاّتانی دەورو پشت یاسـای لـەم بابەتـەیان دەرکـردووە، بۆیـە ئێمـە پێمانوایە، کە دەبێت بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ کردنی یاساکە تا لە داهاتوودا بتـوانین ئێمـە یاسـایەکمان هەبێت بەناوی یاسای زانکۆ تایبەتیـەکان، بـەلاّم سـەبارەت بـەوەی کـە جـەنابی وەزیـر ئـەمڕۆ کۆبوونـەوەی هەبووە، نەیتوانیوە خۆی ئامادە بکات، دەکرێت لە بەرنامەی کار ئێمە فەقەرەی دووەمی بخەینـە فەقـەرەی یەکەم و، فەقەرەی یەکەمیش بکەینە فەقەرەی دووەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسایە لە مانگی شەش خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، واتا ماوەیەکی زۆرە هەردوو لیژنە، لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاّ سەرقاڵی تاوتوێ کردنی برگەو بەندەکانی ئەو ماددەیەن، هەردوو لیژنە راپۆرتی هاوبەشیان ئامادە کردووەو سەرنج و تێبینی خۆیان لە راپۆرتەکە تۆمار کردووە، وەزارەتیش بە نووسراوێکی فەرمی، کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، نووسراوی ژمارە (616) سەرنج و تێبینیەکانیان دەربارەی ئەو پرۆژە یاسایە پێشکەش کردووە، زۆر لە تێبینیەکانیان لەلایەن هەردوو لیژنە بە هەند وەرگیراوەو پشتگیری لێ کراوە، بۆیە وەزارەت ئاگاداری وردەکاری پرۆژەکەیە، ئەو پرۆژەیەش ماوەیەکی زۆرە لە پەرلەمانە، هەروەکو سەرۆکی لیژنەی پەروەردەش ئاماژەی بەوە کرد، کە درەنگیشە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو پرۆژەیە، هەروەکو لە یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 2008 ئاماژەی پێ کراوە، لە واقیعیش زانکۆی ئەهلی ژمارەیان یەکجار زۆرە، لە کوردستان ژمارەیان لە دە زانکۆ زیاترە، ئەو زانکۆیانە چەندین کێشەیان هەبووە، کە ئەو کێشانە چەندین جار قوتابی و خوێندکاران هاتوونەتە بەردەم پەرلەمان و کێشەکان رووبەڕووی پەرلەمان بۆتەوە، بە پێویستی دەزانین ئەو پرۆژەیە گفتوگۆ بکرێت، لەوە زیاتر دوا نەخرێت، پێویستە چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ بوونی ئەو زانکۆ ئەهلیانە، کە تا ئێستا هیچ چوارچێوەیەکی قانونی نییە، بۆی دابنرێت و بەزووترین کات موناقەشە بکرێت، ئەو کێشانەی کە رووبەڕوومان دەبێتەوە ناتوانین لە رووی یاساییەوە وەلاّمێکی ئەو لایەنانە بدەینەوە، کەوا تووشی کێشە بووینە، لەئەنجامی بوونی زانکۆ ئەهلیەکان، بەبێ ئەوەی بنەمایەکی یاسایی هەبێت، یاخود یاسایەك کارەکانیان رێك بخات، لەبەر ئەوە زۆر بە پێویستی دەزانین، ئەگەر جەنابی وەزیریش لێرە ئامادە نەبووە، ئەو پرۆژە یاسایە پەیوەندی بە هەیکەلیەی وەزارەت نییە، تاکو بەپێویستی بزانین جەنابی وەزیر لێرە ئامادە بێت، ئێمە تێبینیەکانی لەبەرچاو دەگرین و دەتوانین لەلایەن لیژنەی پەروەردە پێشکەش کراوە، تێبینی وەزارەت گفتوگۆی لەسەر بکرێت و پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات، بەباشی دەزانین کەوا گفتوگۆیەکە لەسەر پرۆژەکە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی، بەڕێز عبداللە مەلا نوری، کەرەم بکە.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کاك عومەر نورەدینی ئاماژەی بەوەدا لە روون کردنەوەکەی جەنابی وەزیر، تەنها دوو خاڵی باس کرد بەکورتی و بە پوختی، بەس ئەوەندەی من بزانم لەو داوکارییە، یاخود لەو روون کردنەوە کۆمەڵێك پاساو هەیە، لەڕاستیدا یاخود پێویست دەکات خۆی ئەو پاساوانە بخوێنێتەوە، یاخود جەنابی کاك عومەر، یان یەکێك لەو ئەندامانە، پاساوەکان بۆ ئەندامانی پەرلەمان روون بکەنەوە، کە داوای دواخستنی گفتوگۆیەکان دەکات، هەروەکو چۆن جەنابیان کە دەڵێن با گفتوگۆیەکان بەردەوام بێت، پاساوی خۆیان هەیە، بۆیە داوا دەکەم بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك ڕەفیق كەرەم بكە.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو داوایەی وەزارەتی خوێندنی باڵا پێشكەشی كردووە، بەنووسراوێكی ڕەسمی بە ئێوە، چوار خاڵە، چوار پاساوە، لەبەر ئەوە تكای لە بەڕێزتان كردووە بخوێندرێتەوە لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی كە هاوكارم بەڕێز كاك عومەر كردی، بەڕاستی ئەمە نەخوێندنەوەی نامەكەیە، نە ڕەنگ پێدانی زانیارییەكی تەواوە لەبارەی ناوەڕۆكی ئەو داوایەی كە وەزارەتی خوێندنی باڵا داوای كردووە، لەبەر ئەوە من داوا دەكەم بفەرموون..

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك شێروان حەیدەری كەرەم بكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژەیە لە ساڵی (2008)وەیە، ئەو موهلەتەی كە درا بە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا لەسەر فشاری پەرلەمان بوو، كە گوتی پێویستە لە سێ مانگدا پرۆژەیەك پێشكەش بكرێت، بۆ ئەوەی تەنزیمی ئەو زانكۆ ئەهلیانە بكات لە هەرێمی كوردستان، پاشان وەزیری خوێندنی باڵا لە كابینەی پێنجەم بە ڕێگای حكومەتەوە ئەو پرۆژەیەی ناردووە، حكومەتیش موافیق بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەورەی پێشوو نەیتوانی ئەم پرۆژەیە گفتوگۆی لەسەر بكات سەرەڕای ئەوەی هەموو ئیش و كارەكانی لیژنەی ئەو سەردەمە كۆتایی پێ هاتبوو، بۆیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە ئەم پرۆژەیە دووبارە تەقدیم كراوە، پاشان جەنابی وەزیر خۆی بە ڕاپۆرتێك هەموو مولاحەزاتی خۆی لەسەر ئەو پرۆژەیە داوە، یەكە، یەكە، مولاحەزاتی جەنابی وەزیر بە نەزەر ئیعتیبار وەرگیراوە، جگە لەوەش ناكرێت ڕۆژێك پێشی موناقەشە جەنابی وەزیر كتاب بنێرێت، بڵێت ئەو پرۆژەیەم بۆ دوا بخەن، لەبەر ئەوەی من مولاحەزاتم هەیە، دەمەوێت قانونی ڕەقەم (10) تەعدیل بكەم، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم كە گفتوگۆ لەسەر ئەم پرۆژەیە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەم بكە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە کەسمان گومانمان لەوە نییە، کەوا گرنگە ئەو یاسایە دەربچێت، بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا لێرەدا روون کردنەوەکەی نارد، وەکو هاوکارانم باسیان کردو کۆمەڵێك شتی تری تیادایە، بەڵام یەکێك لە پاساوەکانی نەیتوانی ئامادە بێت، لەبەر ئەوەی لە کۆبوونەوەیەکی تر، کە پێشتر دانراوە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێمدا بەشداری دەکات، بۆیە من پێموایە ناکرێت پرۆژە یاسایەك لێرەدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت، کە وەزیری پەیوەندیدار لێرەدا ئامادە نەبێت، چونکە ئەو یاسایە بۆ ئەو وەزارەتە دەردەکرێت، ئەگەر بێتو لێرەدا لەکاتی گفتوگۆ کردندا بیرو راکانی جەنابی وەزیر وەرنەگیرێت، پێموایە ئەمە خەلەل دەکەوێتە نێو بەرنامەکەوە، هەر بۆیە من پێم باشە کەوا تەئجیل بکرێت، تا دەرفەتێکی زۆر، یان کەم، چەندتان پێ باشە ئێوە، ئەوەندە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا جەنابی وەزیر رەئی خۆی داوە لەو وەرەقەیەی کە هاتۆتە ئێرە، ئیحتیرام بۆ رەئیەکەی دەگرین، بەڵام خۆی لێرە نییە، کە دیفاعی لێ بکاتن، لەبەر ئەوە ئێستا ئەو دوو پێشنیارەی هاتووە، کە دەڵێت گفتوگۆ لەسەر فەقەرەی یەك دوا بخرێت، بکرێتە فەقەرەی دوو، ئێستا گفتوگۆ لەسەر فەقەرەی دوو بکەین، هەتا جەنابی وەزیر کە هاتە ئێرە، ئینجا دەیخوێنینەوە، ئینجا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، کە خۆی لێرە بوو، ئێستا خۆی لێرە نییە دیفاعی لێ بکاتن، بۆ ئەوەی بیخوێنینەوە هەم دیسان دەرواتن، ئێستا بۆ دواخستنی بڕگەی یەك و گفتوگۆ کردنی بڕگەی دووەم دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، چوار کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا بۆ شوێنی خۆتان کەرەم بکەن، خاڵی دووەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای قەرە بوو کردنەوەی راگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی دارایی و لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەین کەرەم بکەن بۆ سەر مەنصە، لیژننەی یاسایی کەرەم بکەن بۆ دەست بەکار بوونتان، بۆ جێ بەجێ کردنی بڕگەی دوو، کە بووە بڕگەی یەك/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای قەرەبوو کردنەوەی راگیراوانی بێ پاساوی یاسایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، کەرەم بکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی راپۆرتی لیژنەی هاوبەش دەخوێنمەوە، سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەی هاوبەش بەنیسبەت پرۆژە یاسای قەرەبوو کردنەوەی راگیراوانی بێ پاساو، کە لایەن هەردوو لیژنەوە داڕێژراوە، ئیعادەی نەزەری تێدا کراوە، بەم راپۆرتە، ئێستا بە زمانی عەرەبی دەیخوێنمەوە، پاشان هاوکارانم بە زمانی کوردی دەیخوێننەوە، بەڵام پێش ئەوەی راپۆرتەکە بخوێنمەوە، حەز دەکەم ئیشارەت بەوە بدەم کە ئەسڵی

پرۆژەکە بریتی بوو لە شەش ماددە، حاڵەتەکان زۆر زۆر بە لاوازی نووسرا بوو، هەندێك حاڵەت هەبوو ئەسڵەن برگەو ماددەی بۆ دانەنرا بوو، بۆیە ئێمە هەردوو لیژنە رێککەوتین لەسەر ئەوە، کە دوا دارشتنەوەی بۆ بکەین بەشێوەیەك، کە مەسەلەکە تەفسیلی بێت بەنیسبەت هەموو حاڵەتەکان، ئەو حاڵەتانەی کە ئێستا لە راپۆرتەکەدا هاتووە، ئێستا دەقی راپۆرتەکە دەخوێنمەوە بەزمانی عەرەبی.

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان _ العراق**

**م/ تقرير مشترك حول مشروع قانون تعويض الموقوفين والمحكومين دون حجج قانونية**

اجتمعت لجان الشؤون القانونية والشؤون الداخلية والأمن والمجالس المحلية والمالية والشؤون الاقتصادية بصورة مشتركة بتاريخ 30/گەلاًریزان/2710 كوردي المصادف ليوم الاثنين 2010/11/22 ميلادي، لدراسة مشروع قانون (تعويض الموقوفين والمحكومين دون حجج قانونية)، المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى اللجان بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (13) في 2009/12/29. وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجان الى اعادة صياغة المشروع بالشكل الآتي:

**مشروع قانون تعويض الموقوفين والمحكومين عند البراءة والافراج**

م (1):

أ- يحظر حجز او توقيف اي شخص الا وفقاً للقانون وبناء على قرار صادر من جهة قضائية مختصة، ولكل شخص الحق في محاكمة عادلة وسريعة امام المحاكم المختصة.

ب- لا يجوز التوقيف الا في الاماكن المخصصة لذلك وفق القانون وعلى ان يكون مشمولة بالرعاية الصحية والاجتماعية وخاضعة لسلطة الحكومة، ويجب احترام المعتقدات الدينية والمبادىء الاخلاقية للموقوف.

ج - ليست لاية جهة غير حكومية ان تمتلك مكانا لحجز الاشخاص او ان تحتجز شخصا معينا بحجة سياسية او امنية.

م (2):

كل من تم توقيفه تعسفيا او تجاوزت مدة موقوفيته الحد القانوني او حكم عليه بعقوبة سالبة للحرية من قبل الجهات القضائية المختصة دون سند قانوني، ثم صدر قرار برفض الشكوى او الافراج عنه وغلق الدعوى او الحكم ببرائته واكتسب القرار الدرجة القطعية بموجب القوانين النافذة، له حق المطالبة بالتعويض المادي والمعنوي عن الاضرار التي لحقته من جراء التوقيف او الحكم.

م (3):

تختص محكمة بداءة محل اقامة المدعي او محل التوقيف او الحكم بالنظر في دعوى طلب التعويض.

م (4):

يكون طلب التعويض وفق الضوابط الآتية:

1- تقام الدعوى على حكومة اقليم كوردستان – العراق ممثلة بوزارة المالية والاقتصاد وتتحمل الوزارة تبعات التعويض بعد اكتساب القرار الدرجة القطعية.

2- لا تسمع دعاوي التعويض بموجب هذا القانون بعد مضى ستة اشهر على اكتساب قرار الافراج او الحكم بالبراءة الدرجة القطعية.

3- ينتقل حق التعويض عند وفاة صاحب الحق الى الزوج والاولاد والوالدين فقط.

4- يتوجب حضور عضو الادعاء العام كممثل للحق العام في المرافعات وله حق الطعن وفقا لقانون الادعاء العام.

م (5):

1- يكون تقدير التعويض الادبي على اساس ما عاناه المتضرر من الم ومعاناة وما تأثرت به سمعته او مكانته الاجتماعية او الوظيفية.

2- يقدر التعويض المادي على اساس ما فاته من كسب وما اصابه من ضرر خلال فترة التوقيف او الحكم.

3- على مجلس القضاء نشر قرارات الحكم والبراءة لمن ثبتت براءتهم في صحيفتين يوميتين في الاقليم.

م (6):

لوزير المالية اضافة لوظيفته حق الرجوع على المشتكي او المخبر او الشاهد المتسبب لواقعة التوقيف او الحكم غير القانونية بما دفعه من تعويض اذا ثبت كيدية الشكوى او الاخبار الكاذب اوشهادة الزور.

م (7):

اذا وجد مجلس قضاء اقليم كوردستان من المعلومات المتوفرة لديها او بناء على توصية من رئيس محكمة استئناف المنطقة او رئيس محكمة الجنايات المختصة بأن خطأ في الاجراءات القضائية او خطأ صادرا من قاض ادى الى توقيف متهم دون وجه حق او الحكم عليه دون مسوغ قانوني، فعليه احالة القاضي المذكور الى لجنة شؤون القضاة وفق قانون السلطة القضائية في اقليم كوردستان رقم (23) لسنة 2007.

م (8):

لمجلس قضاء اقليم كوردستان اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

م (9):

تطبق احكام القانون المدنى وقانون المرافعات المدنية والاثبات بما لا يتعارض مع احكام هذا القانون.

م (10):

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

م (11):

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الاسباب الموجبة

من اولى الضمانات التي يتطلبها مبدأ سيادة القانون وحماية حقوق المواطنين المحافظة على الحرية الشخصية ولما كان الاصل ان الانسان برىء حتى تثبت ادانته بمحاكمة عادلة توفر له فيها كافة الضمانات لممارسة حق الدفاع و لما كان التوقيف اجراء قد تقتضيه الضرورة او يوجبه القانون في بعض الجرائم ولما كان استعمال

هذا الحق منوطا بالقضاة وبغية معالجة حالات تعويض الموقوفين والمحكومين دون سند قانوني ودفعا لكل تجاوز على حريته واستمرار عيشه بكرامة ولرفع الحيف عن المتضرر وبغية التعويض عما لحقته من الاضرار المادية والادبية من جراء هذا التجاوز على حريته، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کوردیەکەش کەرەم بکەن.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان _ عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش لە بارەی پڕۆژە یاسای قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراو و حوکمدار بەبێ بەڵگەی یاسایی**

لیژنەی کاروباری یاسایی و کاروباری ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجییەکان و دارایی و کاروباری ئابووری بەهاوبەش لە 1/سەرماوەز/2710ی کوردی بەرامبەر ڕۆژی دووشەممە 2010/11/22 زایینی کۆبوونەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە پڕۆژە یاسای (قەرەبوکردنەوەی ڕاگیراو و حوکمدارو بەبێ بەڵگەی یاسایی)، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (13)ی ڕۆژی 29 /2009/12 ڕەوانەی لیژنەکەمان کراوە. دوای گفتوگۆ و تاوتوێ کردن، لیژنەکان گەیشتنە ئەوەی کە داڕشتنەوەی پڕۆژەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

پڕۆژە یاسایی قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوان و حوکمدراوان لە کاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان

م (1):

أ- نابێ هیچ کەسێك حجز بکرێ، یان بگیرێ بەپێی یاسا نەبێ و، لەسەر بڕیارێك نەبێت، کە لایەنێکی دادوەریی تایبەت دەری چوواند بێت و، هەر کەسێکیش مافی ئەوەی هەیە، کە دادگا کردنی دادپەروەرانەو خێرا بکرێ لەبەردەم دادگای تایبەتمەند.

ب- نابێ گرتن ئەنجام بدرێ، تەنیا مەگەر شوێنی تەرخانکراو نەبێ بۆی، بەپێی یاساو دەبێت چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی بیگرێتەوەو ملکەچی دەسەڵات بێت و، دەبێ ڕێز لە باوەڕی ئایینی و پرنسیپە ڕەوشتیەکانی ڕاگیراوەکە بگرێت.

ج- هیچ لایەنێکی غەیرە حکومی بۆی نییە شوێنێکی هەبێ، بۆ حجزکردنی کەسەکان، یان کەسێکی دیاریکراو بەبیانوی سیاسی و ئاسایشی حجز بکات.

م (2):

هەر کەسێك بە نایاسایی ڕاگیرا بێ، یان ماوەی گرتنەکەی لە ڕادەی یاسایی ڕەت بووبێ، یان بە سزایەکی وا حوکم درابێ، کە ئازادییەکەی لێ سەندبێتەوە، لەلایەن لایەنە دادوەرییە تایبەتیەکانەوە، بەبێ بەڵگەی

یاسایی، له دواییدا بڕیارێك دەرچووە بە ڕەت کردنەوی سکالأکەی، یان بەردانەکەی و داواکارییەکەی داخرا، یاخود بە بەبێ تاوان حوکم دراو بڕیارەکەش ڕادەی قەتعی بەپێی یاسا جێبەجێ کراوەکان وەرگرتبێت، ئەوە ئەو کەسە بۆی هەیە داوای قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەوی بکات لە بارەی ئەو زەرەرو زیانەی لە ئەنجامی گرتن و حوکمدانی لێی کەوتووە.

م (3):

دادگایی بەرایی تایبەتمەندە بەشوێنی دانیشتنی داواکار، یان شوێنی گرتنەکە، یاخود حوکمەکە بۆ سەیرکردنی داواکاری داواکردنی قەرەبووکردنەوە.

م (4):

داوا کردنی قەرەبووکردنەوە بەپێی ئەم ڕێ و شوێن و مەرجانەی خوارەوە دەبێ:

1- داواکاری لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق پێشکەش دەکرێ، نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەت ئەنجامەکانی قەرەبووکردنەوەکە بەپێی یاسا دەگرێتە ئەستۆ، دوای وەرگرتنی پلەی کۆتایی.

2- گوێ لە داواکاری قەرەبووکردنەوە بەپێی ئەم یاسایە ناگیرێ، دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر وەرگرتنی پلەی قەتعی بڕیاری بەردانەکە، یاخود حوکمدان بە بەرائەت.

3- مافی قەرەبووکردنەوە لە کاتی مردنی خاوەن مافەکە، تەنیا بۆ هاوسەرو منداڵ و دایك و باوك دەگوازرێتەوە.

4- پێوسیتە ئەندامی داواکاری گشتی وەك نوێنەری مافی گشتی لە دادگایی کردنەکان ئامادەبێ و مافی تانە لێدانی هەیە، بەپێی یاسای داواکاری گشتی.

م (5):

1- خەملاندنی قەرەبووکردنەوەی ئەدەبی لەسەر بنچینەی ئازار چەشتن و زیان گەیاندن بە ئابڕوو، یان بە پایەی کۆمەلأیەتی، یان وەزیفی دەبێ.

2- خەملاندنی قەرەبووکردنەوەی ماددی لەسەر بنچینەی ئەوەی لە دەستی چووە لە کەسابەت و ئەو زیانەی لە ماوەی گرتنەکەدا، یان حوکمەکەی لێی کەوتووە.

3- پێویستە ئەنجومەنی دادوەریی بڕیارەکانی حوکم و بەرائەتی ئەو کەسانەی کە بێ تاوانییان ساغ بۆتەوە لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە هەرێمدا بلأو بکاتەوە.

م (6):

وەزیری دارایی لە پاڵ فرمانەکەیەوە مافی ئەوەی هەیە بگەڕێتەوە سەر شکایەتکار، یان خەبەردەر، یاخود شاهید کە بوونەتە هۆی گرتنەکە، یان حوکمە نایاساییەکە لە بارەی قەرەبووکردنەوەی کە داویەتی، ئەگەر ساغ بووەوە کە شکایەتەکە فێڵە، یان خەبەردانەکە درۆیە، یانە شایەدییەکە ناحەقە.

م (7):

ئەگەر ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستی دایە، یان لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە، یان سەرۆکی دادگای تایبەتی تاوانەکان بینی هەڵەیەك هەیە لە ڕێکارە دادوەرییەکان، یان هەڵەیەك لە دادوەر قەوماوەو بووتە هۆی گرتنی بەگومان، بەبێ ڕووی حەق، یاخود حوکمدانی بەبێ بەڵگەیەکی یاسایی، دەبێ ئەو دادوەرە ناوبراوە بنێردرێ بۆ لیژنەی کاروباری دادوەران، بەپێی یاسای دەسەڵاتی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (23)ی ساڵی 2007.

م (8):

ئەنجومەنی دادوەریی کوردستان بۆی هەیە، ڕێنمایی پێویست بۆ کارئاسانی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

م (9):

حوکمەکانی یاسای مەدەنی و یاسای دادگایی کردنی مەدەنی و ئیسپات کردن پیادە دەکرێن بەجۆرێك کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نەبن.

م (10):

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

م (11):

ئەم یاسایە لە مێژووی بلاّوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

**هۆیە پێویستیەکان**

لە یەکەمین بارمتەکانی کە سەروەریی یاساو پاراستنی مافی هاووڵاتیان پارێزگاری کردنە لە ئازادی کەسایەتی، کە لە بنچینەدا مرۆڤ بێ تاوانە تاکو بە دادگایی کردنێکی دادوەرانە تاوانی لەسەر دەچەسپێ و هەموو بارمتەیەکی بۆ فەراهەم دەکرێ بۆ بەکارهێنانی مافی پارێزگاریی لە خۆکردنی و لەبەرئەوەی گرتن ڕێکارێك بووە، لەوانەیە زەرورەت پێویستی بووە، یان یاسا لە هەندێ تاوان بە واجبی زانیوە. لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی ئەم مافە بە دادوەریی سپێردراوەو لە پێناوی چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی قەرەبووکردنەوەی ڕاگیراوەکان و حوکمدراوەکان بەبێ بەڵگەیەکی یاسایی و، بۆ لادانی هەموو زێدە ڕۆییەك، بۆ سەر ئازادی و بەردەوام بوونی ژیانی بە کەرامەت، بۆ لابردنی غەدر لە زیان لێکەوتووان و لە پێناوی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی ماددی و ئەدەبی، کە پێی گەیشتووە لە ئەنجامی ئەو زێدە ڕۆییە بۆ سەر ئازادییەکەی ، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایەی کە ئێستا خوێندرایەوە راپۆرتی موشتەرەکی لیژنەی یاسایی و ناوخۆ و داراییە، چونکە زۆر گۆڕانکاری بەسەر ئەسڵی پرۆژە یاساکەدا هات، بۆیە ئێستا دەیخەینە بەردەنگدانی ئێوەی بەڕێز، کە ئەمە ببێتە ئەسڵ، یان بگەڕێینەوە سەر پرۆژە ئەساسەکە، پاش ئەوەی لیژنەی ماڧ

مـرۆڤیش کـە راپـۆرتی خۆیـان هەیـە، راپۆرتەکـەیان بخوێننـەوە، ئینجـا خۆتـان حـازر بکـەن دەیخەینـە دەنگدانەوە، کەرەم بکەن.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو روون کردنەوەیەك لە دانیشتنەکانی پێشوودا پێمان سپێردرا کـە راپۆرتێك ئامـادە بکـەین، وەکـو مەبدەئ پرۆژەکەمان لەلا پەسند بووەو چەند خاڵێکیشمان ئیزافە کردووە، بەڵام پێش ئەوەی ئەم راپۆرتـە بخوێنمەوە هیوادارم ئیستیناد بکرێتە سەر راپۆرتی هاوبەشی لیژنەی یاسایی و ناوخۆ و دارایی، بەڵام تەنها دەیخوێنمەوە.

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**ب/ راپۆرتی لیژنە**

لیژنەی مافی مرۆڤ لـە رۆژانـی سـێ شـەمە 2010/11/2 و رۆژی یـەك شـەممە 2010/11/7 بـۆ گفتوگـۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسـای قـەرەبوو کردنـەوەی راگیراوانـی بـێ پاسـاوی یاسـایی کۆبـۆوە، پرۆژەکـە لەلایـەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە لە بەرواری 2010/10/26 ئاراستەی لیژنەکـەمان کـراوە، دوای دیراسـە کـردن و وتوێـژ کـردن، بۆچـوونی لیژنەکـەمان بـەم شـێوەیە دەخەینـە روو، کـۆی ئەندامانی لیژنە وەکو پرەنسیپ پرۆژە یاساکە بە پێویست دەزانن:

ماددەی یەکەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

یەکەم: قەرەبوو کردنەوەی هەر کەسێك بە گومان دەستگیر دەکرێت پتر لەماوەی یاسایی.

دووەم: هەر کەسێك پێش ئازاد کردنی کۆچی دوایی بکات، کە دواتر دەردەکەوێت بێ تاوان بووە.

سێیەم: هەر کەسێك حوکم دەدرێت دوای حوکم دانی بە ماوەیەك دەردەکەوێت، کە بێ تاوانە.

ماددەی دووەم/ لیژنە بە باشی دەزانێت کە ماددەکانی دوو و سێ و چوار یەك بخرێت بەم شێوەیە:

(قەرەبووی ماددی و مەعنەوی بکرێتەوە لەپێناو گەڕانەوەی کەسایەتی و ناوبانگی کۆمەڵایـەتی و مافـە لـە دەستچووەکانی کاتێك لە زیندان بووە.

مـاددەی سـێیەم/ دەبێـت لایەنـە پەیوەندیـدارەکان رێنمـایی پێویسـت بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی ئـەم یاسـایە دەربکات.

ماددەی چوارەم/ ئەم یاسایە لەدوای بلاَو بوونەوەی لە رۆژنامـەی فـەرمی (وەقـائیعی کوردسـتان) کـاری پـێ دەکرێت.

**هۆکارە پێویستیەکانی**

لەپێناو چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و گەڕانـەوەی ژیـانێکی شایسـتە بـۆ ئـەو کەسـانەی بـەبێ پاسـاوی یاسایی زیندانی کراون، تووشی زیـانی مـاددی و مەعنـەوی بـوون، بـۆ ئـەوەی کەرامـەتی مـرۆڤ بەتـەواوەتی پارێزراو بێت، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش بێت، بەڕێزان، ئێستا ئەو بەڕێزانەی كە لەگەڵ ئەوەن راپۆرتی هاوبەش ببێتە ئەساس لەجیاتی ئەسڵی پرۆژە یاساكە، كە بە ژمارەی یاسایی تەقدیم كرا بوو، دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستا ئەو راپۆرتە هاوبەشە بووە ئەساس، ماددەی یەكەم كەرەم بكەن.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

أ- يحظر حجز او توقيف اي شخص الا وفقاً للقانون وبناء على قرار صادر من جهة قضائية مختصة، ولكل شخص الحق في محاكمة عادلة وسريعة امام المحاكم المختصة.

ب- لا يجوز التوقيف الا في الاماكن المخصصة لذلك وفق القانون وعلى ان يكون مشمولة بالرعاية الصحية والاجتماعية وخاضعة لسلطة الحكومة، ويجب احترام المعتقدات الدينية والمبادىء الاخلاقية للموقوف.

ج - ليست لاية جهة غير حكومية ان تمتلك مكانا لحجز الاشخاص او ان تحتجز شخصا معينا بحجة سياسية او امنية.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش كەرەم بكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوی یاساكە:

**(یاسای قەرەبوو كردنەوەی راگیراوان و حوكمدراوان لەكاتی بێ تاوانی و دەرچوونیان)**

ماددەی یەكەم:

أ- نابێ هیچ كەسێك حجز بكرێ، یان بگیرێ بەپێی یاسا نەبێ و، لەسەر بڕیارێك نەبێت، كە لایەنێكی دادوەریی تایبەت دەری چوواند بێت و، هەر كەسێكیش مافی ئەوەی هەیە، كە دادگا كردنی دادپەروەرانەو خێرا بكرێ لەبەردەم دادگای تایبەتمەند.

ب- نابێ گرتن ئەنجام بدرێ، تەنیا مەگەر شوێنی تەرخانكراو نەبێ بۆی، بەپێی یاساو، دەبێت چاودێری تەندروستی و كۆمەڵایەتی بیگرێتەوەو ملكەچی دەسەڵات بێت و، دەبێ رێز لە باوەڕی ئایینی و پرنسیپە ڕەوشتیەكانی راگیراوەكە بگرێت.

ج- هیچ لایەنێكی غەیرە حكومی بۆی نییە شوێنێكی هەبێ، بۆ حجزكردنی كەسەكان، یان كەسێكی دیاریكراو بەبیانووی سیاسی و ئاسایشی حجز بكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ رەئیتان لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو دەنگیشی لەسەر درا، هیوادارم هەر ئیعتیماد بکرێتە سەر ئەم راپۆرتە، من لەگەڵ تەواوی بڕگەکانیم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ماددەی یەك قسە بکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ ئێستا ئەم رێزدارانە دەیانەوێت قسە بکەن، (پەیمان عزالدین، بورهان رشید، حمە سعید، تارا ئەسعەدی، بێریڤان سەرهەنگ، سیوەیل عثمان، جمال طاهر، سمیرە عبداللە، نەریمان عبداللە، رەفیق صابر)، کەسی تر هەیە قسە بکات؟ پەیمان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنیا تێبینیم لەسەر ناوی پرۆژە یاساکەیە، کە (مشروع قانون تعويض الموقوفين والمحكومين عند البراءة والافراج)، بە رەئی من ئەگەر ئێمە بمانەوێت با بڵێین حەقی ئەو کەسانەی کە تەوقیف دەکرێن بەبێ پاساوی یاسایی، حەقیان بۆ دابنێین، حەقیان بۆ دەستەبەر بکەین، مەفروزە ناوەکە هەر بەبێ پاساوی یاسایی بمێنێتەوە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی کاتێك دەگوترێت (عند البراءة والافراج)، ئەم دەسەڵاتە دەگەڕێتەوە بۆ مەحکەمە، ئەو تاوانبارە، یان ئەو مەوقوفە بۆی نییە تەعن بگرێت لە مەحکومیەتەکەی، لە گرتنەکەی هەتاکو دوای دەرچوونی قەراری مەحکەمە، کە بە بەرائەتە، یان بە بەرائەت نییە، ئێمەش و ئەوانەی سەردانی زیندانیەکانیان کرد بێت، دەزانین لە کاتی مەحکومیەتە، چونکە هەیە لە کاتی مەوقوفیەتە، هەیە دوو ساڵە مەوقوفە، کە مودەی قانونی خۆی تێ پەڕاندووە، لێرە ئەمە حەقی تەعن، یان حەقی دیفاع نادات بەو مەوقوفە (عند البراءة) بێت، چونکە ئەسڵەن سەیری قەزیەکەی نەکراوە، زۆرترین خەڵکیش لەوانەی کە دوایی بە بەرائە دەردەچن، ئەوانەیە کە مودەیەکی زۆر دوورو درێژ بەبێ پاساو لە تەوقیفدا ماونەتەوە، کەواتە بەپێی ناوی ئەو قانونە بێت، ئێمە حەقی دیفاع کردنی ئەو کەسانە وەردەگرینەوە، چونکە تەئجیل دەبێت بۆ دوای حوکمی مەحکەمەکە بە بەرائەتە، یان بە ئیفراجە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، کە ماوەکەی بەبێ پاساوی یاسایی بمێنێتەوە، نەك لەکاتی بەرائەتە، یان ئیفراجدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار کاك بورهان کەرەم بکە.

**بەڕێز برهان رشيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من له ماددەی یەكدا تەناقوزێكی قانونی دەبینم، كە لە بڕگەی (أ)ـەكە دەڵێت (یحظر حجز)، ئەگەر دەمجی بكەین (وبناءاً علی قرار صادر من جهة قضائیة مختصة)، هەندێ جار حجز لە قانونی عێراقی قەرارێكی قەزائی ناوێت، ئەگەر سەیری قانونی موحافەزاتی عێراقی بكەین، ئەو دەسەڵاتەی داوە بە مودیر ناحیە، قائیمقام، موحافز، هەندێ جار لە هەندێ حاڵەتەدا حەقی دەسەلاتی حجزی هەیە، لەكاتێكدا حكومەتی هەرێم ئیعتیراف بە جێ بەجێ كردنی یاسای ژمارە (21)ی موحافەزاتی عێراقی ناكات، بەڵكو لە تەتبیقاتی عەمەلیدا كار بە قانونی موحافەزاتی كۆن دەكات، ئەمە تەناقوزێك دروست دەكات لەگەڵ قانونی موحافەزاتی كۆندا، ئێمە نازانین قەصدی موشەریع لێرەدا ئەوەیە قانونی موحافەزاتی كۆن حاڵەتی حجز ئیلغا بكاتەوە، بەم نەصە كە نەصێكە دوای ئەوە دەیهێنێ، یان ئەوەیە مەبەستی لێی نییەو بەسەریدا تێپەڕیوە ئەم حاڵەتە، حاڵەتێكی تریش هەیە هەر لەم بڕگەی (أ)دا، برادەرانی یاسایی لە من دەگەن، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، حاڵەتێكی تر هەیە، حاڵەتمان هەیە لە تەجروبەی عەمەلیدا، لە مەحاكیمدا من خۆم دیومە، خەڵك هەبووە مەحكەمە خۆی قەراری ئیفراجی داوە، دادگا بڕیاری داوە، سەیری دەكەیت ئەو جیهەتە ئەمنیە، ئەو جیهەتە، ئەو جیهەتەی شورتە بەری نەداوە، هەتا وای لێ هاتووە، هەمان بووە لە دوای حوكم بە بەربوونی ئەو جیهەتە هەر گرتوویەتی، دەڵێ من قەناعەتم بە حوكمی مەحكەمە نییە، قەزیەمان هەبووە ئەگەر بە هەڵە نەچوو بم، پەستر پێرار جەمال ناوێك بوو دادگای جینایاتی سلێمانی بەریدا، ئەوە بوو ئەو جیهەتە هەر گرتییەوە، گوتی با دادگا بەریدا بێت، لە سجندا گیانی لە دەستدا، بڕگەی (أ) حاڵەتی ئەوەی عیلاج نەكردووە، ئەو حاڵەتانەش كە حاڵەتی دوای مانەوەی دادگا بە بەرائەت، یان بە ئیفراج، لەبەر ئەوەی حوكم بە بەرائەت و بە ئیفراج فەرقی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار حمە سەعید كەرەم بكە.

**بەڕێز حمه سعید حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تێبینی یەكەمم لەسەر ناوەكەیە، كە ناوەكەی هەر ڕاگیراوانی بێ پاساوی یاسایی بێت، نەك لەكاتی بەرائەت و ئیفراج، ئەوە خاڵێك، ئیتر زۆر درێژەی پێ نادەم.

خاڵێكی تر، لە بڕگەی (أ)دا باسی ئەوەی كردووە، كە لەبەردەم مەحكەمەیەكی عادل و خێرا، ئەو خێرایە مەتاتییە، ماوەی تەوقیفەكە لەوێ دیاری بكە، ئیتر باشتر دەبێت، ماوەیەك بۆ تەوقیف پازدە ڕۆژ، مانگێك دیاری بكات، چونكە سەریعەكە زۆر مەتاتییە، چەندێك دیاری دەكرێت؟ تەفسیر هەڵدەگرێت، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وابزانم دیاری كراوە لە قانون، ئەوانە هەمووی مەعلومە، دیارە، ڕێزدار تارا ئەسعەدی كەرەم بكە.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وای دەبینم خاڵی (أ) لەگەڵ خاڵی (ب) هەر هەمان شت ئەپێکێت، دەتوانین لەگەڵ یەکیان دابنێین (يحظر حجز او توقيف، لا يجوز التوقيف) هەردووکی بکرێت بە یەك و ماناکان بپێکێن.

دووەم/ شت زۆر لێرەدا دەڵێت (ولكل شخص الحق في محاكمة عادلة وسريعة امام المحاكم المختصة)، من خۆم یەکێك بووم لەو کەسانەی کە واژووم کرد لەسەر ئەوەی بێ پاساو، چونکە زۆر جار نەبۆتە دیاردە، بەڵام حاڵەتمان هەبووە شەش ساڵ و چوار ساڵ لەناو تەوقیفدا بووە، بەبێ ئەوەی مەحکەمە بکرێت، حاڵەتی کەمە، بەڵام مەوجود بوو، بە خۆشحاڵیشەوە ئیفراجیان بۆ دەرچووە، ئەوانە هەبووە، من لەبەر ئەو پاساو هێنانەوە بۆ ئەو کەسە، (المذنب بريء حتى يثبت ادانته)، لەبەر ئەوە بێ پاساوی زۆر زۆر گرنگە هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو کەسەی کە دەگیرێت داوا بکات، بڵێت من بۆ گیراوم، ئایا (بأي ذنب قتلت)، ئەوەندە ساڵە ماوم، راستە، هەتا ئێستا ئەدلە تەواو نەبووە، بۆ ئەوەی پێی بگات، بەڵام هەتا ئەو ئەدیلەیە دەبێ و بەرائە دەبێت، وابزانم ئەویش تەمەنێکی بردۆتە سەر، لەبەر ئەوە هەرێمی کوردستان زۆر دوورە لەو مەوزوعاتانە، بەڵام چەند حاڵەتێکمان هەیە، دەمانەوێت چۆن ئیمانمان بە دیموکراسیەت و بە مافی مرۆڤ هەیە، هەروەکو ئەوەی کە خۆشم ئەندامم لە لیژنەی مافی مرۆڤەوە داوا دەکەم، کە بەبێ پاساو جێی بکرێتەوە، کە لە مەشروعی قانونی مەوقوفین و مەحکومینی بێ پاساو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار بێریڤان کەرەم بکە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعيل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی یاساکە لەگەڵ ماددەی یەکەم ناگونجێت، بۆیە بە رەئی من ماددەی یەکەم نەبێت، چونکە یاساکە کە ناوت داناوە، یەعنی ئەو کەسانە گیراون، بۆیە تۆ تەعویزیان دەکەیتەوە، بۆیە ماددەی یەکەم، ئەوە یاسایە پەیوەندی هەیە بە وەزارەتی ناوخۆ، دەبێت وەزارەتی ناوخۆ بزانێت، کە خەڵك نەگرێت بێ تاوان بێت، دوایی بگەڕێتەوە سەر ئەو یاسایە.

دووەمیش/ هەر پەیوەندی هەیە بە وەزارەتی ناوخۆ (أ و ب)، خاڵی (ج) ئەوە پەیوەندی هەیە بە یاسای حزبەکان، حزبەکان دەبێت ئاگادار بکرێنەوە بەپێی یاسا نابێت جێگایان هەبێت بۆ خەڵك گرتن، بۆیە ماددەی یەکەم زیادە، چونکە تەعریفی ئەوە دەکات، هێشتا کەسەکە هەر نەگیراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سیوەیل عثمان کەرەم بکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ناوی پرۆژەکە هەمان رەئی پەیمان خان و کاك حمە سەعیدم هەیە، نـاوی پرۆژەکـە وەکـو خـۆی بمێنێتەوە.

بەنیسبەت فەقەرەی (ج- لیست لاية جهة غير)، حەقە لە بەینی (حزبية) بنووسرێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری، یان حزبەکان خەڵکی دەگرن، یان ئەگـەر مەحکەمـە بـێتن، ئەگـەر غـەیر حکومیـە بنووسـرێت حزبیە پێم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەمال طاهر کەرەم بکە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من لەسەر خاڵە (ب و ج)ـە، پێشنیار دەکەم (ب) بەو شێوەیە بێتە نووسین (لا يجوز التوقيـف الا في الاماكن المخصصة لذلك من قبل الحكومـة وفـق القـانون..............)، (ج) دووبـارە دەبێتـەوە، بۆیـە پێشـنیار دەکەم، خـاڵی (ج) بکرێـت بـە (لا يجـوز لاي جهـة غـير حكوميـة ان تحتجـز شخصاً معينـاً بحجـة سياسـية او امنية)، لێرە مەکان رۆیشتە سەرێ، تەنیا لێرە مافی حجز کردن دەمێنێت بە تەنیا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سمیرە عبداللە کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەکەم، من لەسەر قەرەبوو کردنەوەی هاووڵاتیان مولاحەزەم هەیە، ئایا ئەو هاووڵاتیانەی تـەنها لەناو هەرێم دەگیرێن، کە کوردن؟ یـان ئەوانـەی لـە دەرەوەی هـەرێم دەگیرێـن؟ بـەڵام دەزگایـەکانی هـەرێم دەیگرن، قەرەبوو دەیانگرێتەوە، یان نا.

ئەویتریش لەسەر ماوەی یاسایی چەندە؟ چونکە لێرە پێویستە روون بکرێتەوە، واتـا مـاوەی یاسـایی دیـاری بکرێـت، ئەگـەر هـاتو ئـەو کەسـەی گیرا، بـێ تـاوان بـوو، بـەڵام مـاوەی یاسـایی تـەواو نـەبوو، دەرچـوو، ئایـا قەرەبوو دەیگرێتەوە؟ یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار نەریمان عبداللە کەرەم بکە.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن تێبینـیم هەیـە لەسـەر ئەسـڵی نـاوی پرۆژەکـە، لەبـەر ئـەوە هەنـدێك کـەموکوڕی تێدایـە، دیـارە ئـەو مەوزوعەی ئێمە باسی دەکەین لە هەرێمی کوردستاندا هەست بە بوونی دەکەین و بوونی هەیە، لە هەردوو حاڵەتەکە هەیە، هەندێك گرتن هەیە بەپێی قانونـە، حوکمیشـە بـەپێی قانونـە، بـەپێی محاکم رۆیشـتووە،

بەڵام هەندێکی تریش هەیە بەبێ محاکم بەشێوەیەکی نایاسایی ڕۆیشتووە، بۆیە من پێم باشە (بدون حجج قانونية)یەکە بمێنێتەوە بەم شێوەیە، وەکو بەڕێزانیش لیژنەی یاسایی تێبینی بکەن، بۆ ئەوەی هەردوو حاڵەتەکە بگرێتەوە، هەم ئەوانەی کە لە ڕووی یاساییەوە دەگیرێن، دوایی بێ تاوان دەردەچن، هەندێك ئەوانەش کە لە دەرەوەی یاسا دەگیرێن، بۆ ئەوەی ئەوانەش بگرێتەوە، ناوی پڕۆژەکە بکرێت بە (مشروع قانون تعويض المحجوزين) واتا مەحوزینیشی بۆ زیاد بکرێت (والموقوفين والمحكومين بدون حجج قانونية او عند البراءة والافراج)، ئەمە لێرە هەموو حاڵەتەکان حەصر دەکەین لەناو یاساکە، بۆ ئەوەی ئەوەی بەبێ یاسا دەگیرێت، یان حجز دەکرێت، هەر ئەوانەش کە بە یاسا دەگیرێن و حجز دەکرێن و مەحکوم دەبن، دواییش بێ تاوان دەردەچن هەردووکیان حەصر دەکەین، بۆیە ناوی یاساکە هەمووی دەگرێتەوە، ئەگەر چی درێژ دەبێت، بەڵام پێویست دەکات شامل بێت.

لە ماددەی یەکەم (أ)، ئەگەر لە کۆتاییەکەیدا سەیری (وسريعة امام المحكمة المختصة) بکرێت بە (امام القضاء)، ئیتر کاتیە مەحکەمەی موختەصە.

بۆ بڕگەی (ب- لا يجوز التوقيف او الحجز)، لێرە حجزەکە دەرهێنراوە، کەواتە ئێمە ڕێگا دەدەین ئەگەر حجزێك بکرێت، بۆیە (التوقيف او الحجز)، پێویستە بە یەکەوە بن، یان (التوقيف او الحجز)، لە کۆتایی بڕگەی (ب- لا يجوز التوقيف او الحجز الا في الاماكن المخصصة لذلك وفق القانون وعلى ان يكون مشمولة بالرعاية الصحية والاجتماعية وخاضعة لسلطة الحكومة، ويجب احترام المعتقدات الدينية والمبادىء الاخلاقية للموقوف ويعامل معاملة انسانية)، (یعامل معامله انسانیه) ئەوە زۆر زەرورییە لەو فەترەیەی ئیش دەکات، بەپێی قانونیش بێت، شوێنی موختەسیشی هەبێت، صحی هەبێت و موعتەقەداتی دینی و ئەوانەش مومارەسە بکرێت، پێویست دەکات موعامەلەی ئینسانیشی لەگەڵدا بکرێت، ئەوە بەزەروری دەزانم بۆی زیاد بکرێت.

بۆ بڕگەی (ج- ليست لاية جهة غير حكومية)، لێرە گوتمان (ليست لاية جهة غير حكومية مختصة)ی بۆ زیاد بکرێت، لەبەر ئەوەی زۆر جیهە هەیە حکومیە، بەڵام موختەص نییە، کەواتە ئێمە ڕێگامانـدا ئەگەر حکومی بێت شوێنێك بۆ خۆی دروست بکات، دەبێت لە حکومەتیشدا جیهە ڕەسمیەکانی حکومەت موختەصەی بۆ زیاد بکرێت، بکرێتە (ليست لاية جهة غير حكومية مختصة ان تمتلك مكانا............ ) ،(بحجة سياسية او امنية) لا ببرێت، لەبەر ئەوەی تەنها حوجەکانی سیاسی و ئەمنی نییە، بکرێتە (بأي ذريعة)، یەعنی ئیتر هەموو بیانووەکان دەگرێتەوە، کە بەهیچ بیانوویەك نابێت بگیرێت، کە گوتمان (بحجة سياسية او امنية)، کەواتە لەوانەیە بە حوجەیەکی پارە، بە حوجەیەکی کێشەی شەخصی بتوانێت شتێك بکات، ئەو سیاسی و ئەمنیە لاببرێت، بکرێت بە (بأي ذريعة)، من لەگەڵ ئەوەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوەی بەڕێزت دەڵێی (ليست لاي جهة غير حكومية مختصة)، ئەوە غەڵەتە، (ليست لأي جهة حكومية غير مختصة)، ئەوە باشترە، ڕێزدار ڕەفیق صابر کەرەم بکە.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەرچوواندنی ئەم پـرۆژە قانونـە، مـن بەهـەنگاوێکی گرنگـی دەزانم، بـۆ پاراسـتنی مـافی مـرۆڤ لـە هـەرێمی کوردستان، بەڕاستی ئەمە جێگەی خۆشحاڵیە، ئێمە لێـرە دانیشـتووین موناقەشـەی پرۆژەیـەکی لـەو جـۆرە دەکەین، من پێموایەو پێم باشە لە بڕگەی (ب) لەم پـرۆژە یاسایەدا لـە مـاددەی یەکـەم لـە پـاڵ ئـەوەی کـە دەڵێت (ويجب احترام المعتقدات الدينية و المبادیء الاخلاقية للموقوف)، بکرێتـە (احـترام المعتقـدات الدينيـة والسياسـية والمبـادیء الاخلاقيـة للموقـوف)، لەبـەر ئـەوە بـاوەڕ ناکـەم هـاووڵاتی کوردسـتان هـەبێت، کـە موعتەقەداتێکی سیاسی نەبێت، ئەگەر تەنانەت ئەندامی حزبێکیش نەبێت.

حاڵەتی دووەمیان/ ئەو بڕگەی (ج- ليست لاية جهة غير حكومية)، من لەبەر ئەوەی دوا کەسم پشتگیری لە کاك نەریمان دەکەم لەو پێشنیارەی کردی بەو فۆرمەی کە جەنابت داتڕێشتەوە (غير مختصه) زیاد بکرێت، لە هەمان کاتدا پرسیارەکە ئەوەیە، ئەی ئەگەر کرا، چی بکرێت؟ یەعنی (ليست لاية جهة غـير حكوميـة ان تمتلك مكانا لحجز الاشخاص)، بەڵام ئەگەر هەیبوو؟ ئەگەر گرتی؟ ئەگەر خەڵکی زینـدانی کـرد؟ لـە پـرۆژە کۆنەکەدا بەشێوەیەك نیوەی ئەو مەسەلەیە چارەسەر کراوە، کە دەڵێت حەقی تەعویز دەبێـت ئـەو لایەنـە بیداتەوە، کە ناحکومیەو کـارێکی لـەو جـۆرە دەکـات، ئەمـە حـەقی تایبـەتی گیراوەکەیـە، ئـەی مـافی گشـتی؟ کەسـێك دەبێتـە شـەقاوەیەك، یـان لایـەنێك دێـت کۆمـەڵێك خـەڵك دەخاتـە زیندانـەوە، جگـە لـە قـەرەبوو کردنەوە، بەڕاستی زۆر گرنگە کە ئەو کەسـە، یـەعنی ئیجرائـاتی، یـان رێ و شـوێنی تـری یاسایی بەرامبـەر بگیرێت.

هاوکـارم سـەمیرە خـان مەلەسـەیەکی بـاس کـرد، ئـەویش مەسـەلەی ئەوانەیـە کـە لـە دەرەوەی هـەرێمی کوردسـتانن و هـاووڵاتی هـەرێمی کوردسـتان نـین، دەگیرێـن، ئـەم پـرۆژە قانونـە لـە بنەڕەتـدا بـۆ ئینسـانە، لەوەش گرنگتر بۆ هەست پـێ کردنـی لایـەنی بەرپرسیار، کـە زیـاتر هەسـت بـە بەرپرسـیاریەتی بکـەن لـە بەرامبەر گـرتنی خـەڵك، یـان حجـز کردنـی خـەڵك، ئینسـان، ئـەو ئینسـانە هـاووڵاتی هـەرێم بێـت، یـان لـە دەرەوەی هەرێم بێت، ئینسان، هەر ئینسانە، لەبەر ئەوەی من پێم باشە ئەم پرۆژە قانونە هەر هاووڵاتیەك بگرێتەوە، هەر کەسێك بگرێتەوە، کە هین بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئەو بۆچوونانەی هاتن جێگای رێزن، بەڵام قەرەبوو کردنەوەی ئەو گیراوە بە عینوان ناکرێت، لە ناوەڕۆکی ماددەکە دیـاری کـردووە، مـاددە بـە مـاددە، ئەگـەر وا بێـت وا دەکرێـت، دوایـی دەڵێـت (شخصاً معيناً بحجة سياسية) هەر شەخصـێك، یـەعنی بـە عامـە، هـی دەرەوە بێـت، نـاوەوە بێـت، ئـەوە زۆر شتە، لیژنەی یاسایی رەئیتان، ئێستا بۆ وەرگرتنی ئەو مولاحەزاتانە، فەقەرە بە فەقەرە، بەس پێشـنیارێکی سەرۆکایەتی ئەگەر لەجیاتی (أ و ب و ج) بکرێتە (اولاً، ثانياً، ثالثاً) باشتر نابێت؟ فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لە ئەسڵی پرۆژەکەدا هاتووە، تەنها حاڵەتی مەوقوفین عیلاج دەکرد، مەحکومینی لەگەڵدا نەبوو، ئێمە دوای ئەوەی کە لەگەڵ برادەرانی مەحکەمەی تەمییزو ئەو حاکمانەی کە پەیوەندیدارن چەند کۆبوونەوەیەکمان کرد، ئێمە پێمان باش بوو، کە مەحکومینیش ئیزافە بکرێت، چونکە هەندێك حاڵەت هەیە مەشموله بە بەرائە محکومەکە ئیستیفادەی لێ دەکات، بۆیە عینوانی قانونەکەشمان بەو شێوەیە هێنا، مەوقوفین ئەوە دەگرێتەوە، کە هەندێك دەلیل هەیە لەسەری، بەڵام دەلیلەکان زۆر لاوازن لە نەتیجەدا ئیفراج دەبێت ئەمە، بەڵام ئەوەی کە بە بەرائە دەردەچێت ئەسڵەن هەر هیچی لەسەر نییە، دەلیلیش نییە، هیچ شتێکی وای لەسەر نییە، بۆیە فەرق لەنێوان ئیفراج و حوکمی بەرائە، ئەو مەسەلەیە، ئەوە لەلایەك.

لەلای دووەمەوە، ئێمە کە فەقەرەی (أ وب)مان داناوە، ئێمە زۆر باش دەزانین ئەو مەبدائانە لە هەندێك قانون هاتووە، بەڵام بۆ بەهێز کردنی ئەو قانونە، بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو قانونە، بۆ بایەخدان بەو قانونە، کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕەنگە سێیەم، یان چوارەم وڵات بێت، ئێستا ئێمە دەریدەکەین لەسەرتانسەری عێراقیش تا ئێستا شتی وا نەبووە، بەڵام بۆ بایەخدان بەو مەسەلەیە، ئێمە ئەو سێ بڕگەیە وەکو مەبادئی قانونی داخیلمان کرد، تا دێینە سەر قانونە ئەسڵەکە.

سەبارەت بەو مەسەلەیەی کە ئیشارەتی پێدرا، عەجەبە ئەوە تەعاروز دەکات لەگەڵ قانونی موحافەزات، یان تەعاروز ناکات؟ قانونی موحافەزات مەعلومی جەنابتانە چەند حاڵەتێك هەیە دەسەڵاتی داوەتە موحافز، یان دەسەڵاتی داوەتە قائیمقام، یان دەسەڵاتی داوەتە مودیر ناحیە، حەوت ڕۆژ، بە پێنج ڕۆژ، بە سێ ڕۆژ، بۆ ئەوەی بۆ حاڵاتی ئەمنیە مەسەلەی حجز دەسەڵاتیان هەیە، ئەو مەسائیلانە حجزێکی ئیدارییەو نافیزی مەفعولەو ئێستاش، بەڵام ڕەنگە (أ)ـەکە لە فەقەرەی یەك پەڕی بێ دەڵێت (وبناء على قرار صادر من جهة قضائية مختصة)، ڕاستیەکەی (أو بناءً على قرار صادر من جهة قضائية مختصة)، هەردوو لایەن دەگرێتەوە، هەم جانیبە ئیدارییەکە دەگرێتەوە، هەمیش جانیبە قەزائیەکە دەگرێتەوە.

باس لەوە کرا لەسەر ئەساسی ئەوەی هاووڵاتی هەرێم، ئەوانەی لە دەرەوەن، لێرە ئیختیصاصی مەکانی هەیە، ئەو قانونە تەنها لە هەرێمی کوردستان نافیزە، بەڵام ئەو قەراراتانەی لێرە دەردەچێت، مەسەلەن بەنیسبەت تەوقیف و بەنیسبەت ئەو بابەتانە، ئەکیدەن لە موقابیل تەنفیز دەکرێت، ئەگەر هاتو موتەهەمێك لەوێ بوو، بەڵام ئیختیصاصی مەکانی لێرە بەنەزەری ئیعتیبار وەردەگیرێت بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پەرلەمانتارانی کوردستانی بەڕێز.**

سەبارەت بە تەحدید کردنی مودە، مودەی ئیجرائاتی تەحقیق، یان موحاکمە تەحدید کراوە بەپێی قەرارێکی بەرکار لە هەرێمی کوردستان، کە ژمارەکەی (669)ـە لە 1987/8/23 دەرچووە، بۆ محاکمی مەدەنی، جەزائی، مەراحیلی تەحقیق، هەتا موحاکمە دەکرێت لە مەحکەمەی جینایات، یان جنح، یان لە مەحکەمەی تەمییز سەقفی زەمنی هەیە، محاکم دەبێت ئیلتیزام بەو سەقفە زەمنیە بکات، بۆ حەسمی دەعوا، چ لە مەرحەلەی تەحقیق، هەتا کۆتایی هاتنی و دیتنەوەی لەلایەن مەحکەمەی تەمییزەوە، ئەگەر پێتان باشە بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیا بوون لە ئیجرائاتەکان بۆتان بیخوێنمەوە، زۆر ئیعتیادیشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێویست ناکات خۆیان دەیخوێننەوە، بەڕێزان، فەقەرەی (ج) ئەگەر وای لێ بکرێت (لیست لأي جهة غير حكومية او حكومية غير مختصة)، ئەگەر ئەمە وای لێ بکرێت، ئێستا بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی مافی مرۆڤ مولاحەزەتان نییە، کەرەم بکە، بیخوێنن لەگەڵ صیاغەکەی، ئەو فەقەرەی (ج)، هەرسێکی بێخوێننەوەو فەقەرەی (ج) چاك بکەن، فەرموو، نوقتەی نیزامیە، کەرەم بکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من تێبینیم کرد، هەندێك لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەگەڵ ئەوەش نەبوون کە لە خاڵی (ج) ئەو بەحوجەی سیاسی و ئەمنیە لابرێت، جا ئەگەر ئەوەش چاك بکرێت، لە ئەخیری بڕگەی (ج) (بحجة سياسية او امنية).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بوونەکەی باشترە، زیاتر زەخت دەکاتە سەر ئەو تەرەفە نەکرێت، کەرەم بکەن تکایە صیاغەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

اولاً: يحظر حجز او توقيف اي شخص الا وفقاً للقانون أو بناءاً على قرار صادر من جهة قضائية مختصة، ولكل شخص الحق في محاكمة عادلة وسريعة امام المحكمة المختصة.

ثانياً: لايجوز التوقيف الا في الاماكن المخصصة لذلك وفق القانون وعلى ان يكون مشمولة بالرعاية الصحية والاجتماعية وخاضعة لسلطة الحكومة، ويجب احترام المعتقدات الدينية والمبادىء الاخلاقية للموقوف.

ثالثاً: ليست لاية جهة غير حكومية أو حكومية غير مختصة ان تمتلك مكانا لحجز الاشخاص او ان تحتجز شخصا معينا بأية ذريعة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئـەو (معينـاً بحجـة سياسـية او امنيـة)، (بأيـة ذريعـة)، ئـەوە زۆر زۆر دروسـتە، بـەڕێزان، ئێسـتا دەيخەمـە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدايە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نييە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سوپاس، يەك کەس لەگەڵدا نييە، بەزۆرينەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەکەی تر تکايە.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

كل من تم توقيفه تعسفيا، او تجاوزت مدة موقوفيته الحد القانوني، او حكم عليه بعقوبة سالبة للحرية من قبل الجهات القضائية المختصة دون سند قانوني، ثم صدر قرار برفض الشكوى او الافراج عنه وغلق الدعوى، او الحكم ببرائته واكتسب القرار الدرجة القطعية بموجب القوانين النافذة، له حق المطالبـة بـالتعويض المـادي والمعنوي عن الاضرار التي لحقته من جراء التوقيف او الحكم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکورديش کەرەم بکەن.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

هەر کەسێك بە نایاسایی راگیرا بێ، يان ماوەی گرتنەکەی لە ڕادەی ياسايی ڕەت بووبێ، يان بـە سـزايەکی وا حوکم درابێ، کـە ئازادييەکـەی لێ سـەندبێتەوە، لەلايـەن لايەنـە دادوەرييـە تايبەتيەکانـەوە، بـەبێ بەڵگـەی ياسايی، لە دواييدا بڕيارێك دەرچووە بەڕەت کردنەوی سکاڵاکەی، يان بەردانەکەی و داواکارييەکـەی داخـرا، ياخود بەبێ تاوان حوکم دراو، بڕيارەکەش ڕادەی قەتعی بەپێ ياسا جێبـەجێ کراوەکـان وەرگرتبێـت، ئـەوە ئەو کەسە بۆی هەيە داوای قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنـەوی بکـات لـە بـارەی ئـەو زەرەرو زيانـەی لـە ئەنجامی گرتن و حوکمدانی لێی کەوتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ليژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هاوڕاين و لەگەڵ دەقی ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێز، کێ دەیەوێت قسە بکات؟ ، کاك فرسەت موداخەلەیەکی هەیە، پێش ئەوەی ناوەکان بخوێنمەوە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من راست کردنەوەیەکم هەیە، دەرەجەی قەتعی ئەوە بیست ساڵ زیاترە لە قەوانینی عێراقی و هی ئێمە نەماوە، لەجیاتی دەرەجەی قەتعیە، دەرەجەی بەتاتە، نازانم لیژنەی قانونی دوور نییە لەسەریان تێپەڕی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن، ڕێزدار (د.احمد، د.زانا رەئوف، بورهان رشید، پەروین عبدالرحمن، شاهۆ سەعید، عبدالله مەلا نوری، سمیرە عبدالله، عبدالسلام بەرواری، نەریمان عبدالله، کاردۆ محمد)، کەسی تر هەیە ناوی نەنووسرا بێت؟ هەردوو ڕێزدار ئیزافە بوون، تارا ئەسعەدی، سیوەیل عثمان، ڕێزدار دکتۆر ئەحمەد کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەو یاسایە، یاسایەکی زۆر گرنگە، جێگای شانازییە لە هەرێمی کوردستان، کە یاسایەکی لەو جۆرە دەردەچێت، بەڕاستی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و مافی بەندکراوان و مافی مەوقوفان، من تێبینیەکم لەسەر ماددەی دووەم هەیە، سەبارەت بەوانەی کە بەشێوەیەکی تەعەسوفی دەگیرێن، کە ماددەکە ئاماژەی پێداوە، بەڵام دواتر کە باس لەو دەکات، کە قەرارێك دەرچوو بێت، یاخود حوکمی بەرائەتی درا بێت، قەرارەکە دەرەجەی قەتعی وەرگرتبێت، حەقی تەعویزی هەیە، بەڵام ئەگەر لە دەرەوەی جیهاتی قەزائی کەسێك تەوقیف کرا بێت، پاشان حوکم نەدرا بێت، یاخود ئازاد بووە بەشێوەی بەرائەت نەبووە، یاخود ئەسڵەن ئەوراقی نەبووە، ئایا حەقی قەرەبووی هەیە؟ یان نییە؟

بەڕاستی من لەکاتی موناقەشە کردنی راپۆرتەکەش، ئەو سەرنجەم هەبوو لەسەر ئەو ماددەیە، خەڵکانێك هەیە لەکاتی مەوقوفیەتیاندا حوکم نەدراون و ئەوراقیان نەبووە، کە ئازاد کراون بەپێی ئەو یاسایە حەقی ئەوەیان نییە تەعویز بکرێنەوە، بۆ نموونە لە لێبوردنەکەی سەرۆکی هەرێم بەبۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە کەسانێك هەیە بەربووە، کە ئێمە بینومانە زیاتر لە پێنج ساڵ گیراوە........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز، ئێمە لێرە ناتوانین ئەوە تەحقیق بکەین، دروستە، یان دروست نییە، تکایە، رجائەن وەرە سەر ماددەکە، مەچوە سەر شتی تر، ئەوە دەتوانیت راپۆرتی خۆت بنووسی و بیهێنیتە لیژنەی مافی مرۆڤ، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی یاسایی، شکایەتی خۆت بکەیت، بەس لە ئێستاوە ئیتیهامی حکومەت بکەین بەوەی کە ئەمەی کردووە، وا نییە، ئەمە لێرە جێگاکەی ئەمڕۆ نییە، دەتوانیت بە راپۆرتێکی رێك و پێك ئەو

بـەڕێزەی بـەربووە بیهێنیـت، بەسەرچـاو، بـەڵام ئێسـتا مەوزوعەکـە مـاددەی دووە، تکایـە لـە ماددەکـە دەرمەچوون، رجات لێ دەکەم وەرە سەر ماددەکەو ڕەئی خۆت دەربڕە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەکەیە، بێگومان ئێمە باس لە مافی مرۆڤ دەکەین، باس لە مافی ئینسان دەکـەین، مـافی ئـەوەشمان هەیە قسە لەسەر ئەوە بکەین، ئێمە گوتمان کەسانێك کە بەر دەبێت، کە حوکم نەدراوەو ئـەوڕاقی نـەبووە، حەقی تەعویزی هەیە؟ یان حەقی تەعویزی نییە؟ یەعنی خـەڵکانێك کـە بـەربووە بـە لێبـوردن بـەربووەو قـەراری هەیـە، ئەمـە شـتێکی ڕەسمییـە، خـۆ ئیتیهامی حکومـەت نییـە، بـەڵام ئایـا مـافی ئەوانـە نییـە لـەو حاڵەتەدا قەرەبوو بکرێنەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس کاك دکتۆر ئەحمەد جەنابت لەسەر ڕاپۆرتەکە ئیمزات کردووە، ئـەو ڕاپۆرتـەی هـاتووە، ئـەم مـاددەی دووی تیایەو بەم شێوەیەی کە نووسراوە، جەنابت ئیمزات کردووە، زۆر سوپاس، ڕێـزدار دکتـۆر زانـا کـەرەم بکە.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێشـنیاز دەکـەم بـۆ ئـەم ماددەیـە بڕگەیـەك زیـاد بکرێـت، ئەگـەر مـەفهومی عەکسی مـاددەی یەکـەم وەربگرین، کە دەڵێت (لیست لایة جهة غیر حکومیـة ان تمتلـك مکانـا لحجـز الاشـخاص او ان تحتجـز شخصا معینا بحجة سیاسیة أو امنیة)، دەکرێت لێرە ئیزافەی بۆ بکـەین لـە دوای بڕگـەی کـە نووسـراوە (ثـم صـدر قرار برفض الشکوی او الافراج عنە وغلق الدعوی، او الحکم ببرائتە واکتسب القرار الدرجة القطعیة بموجب القوانین النافذة، والشخص الذي تم حجزە خلافاً للقانون من قبل الجهات غیر القضائیة)، یەعنی ئـەم قانونـە لە بڕگەی سێیەمی ماددەی یەکدا، دەڵێت ئـەو جیهاتانـەی کـە غـەیری قـەزائین مافیـان نییـە کـەس حجـز بکەن، بەڵام ئەگەر مەفهومی عەکسی ئەم عیبارەتـە وەربگـرین، لەوانەیـە تەسـەوری ئـەوە بکرێـت جیهـاتی قەزائیمان هەبێت خەڵك گل بداتەوە، حجزی بکات، با ئـەو حەقـەش لـەوان زەوت نەکـەین، وەك (الشـخص الـذي تم حجـزە خلافـاً للقـانون مـن قبـل الجهات غـیر القضـائیة)، ئـەویش مـافی ئـەوەی هـەبێت موتاڵەبـەی تەعویز بکات، بە هەمان ئیجرائات دەتوانێت لە تەفسیلەکەشیدا سوودی لێ وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار بورهان کەرەم بکە.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی دوو، من چەند تەحەفوزێکی قانونیم هەیە، ئەگەر بەڕێز لیژنەی یاسایی لەلای خۆی ئیشارەت بکات، کاك شێروان لەلای خۆی بۆ موراجەعەی ئەو تەحەفوزانەی من، سەرەتای ماددەکە کە دەڵێت (کل من تم توقیفه تعسفیا)، بە رەئی من (کل من تم توقیفه أو حجزه تعسفیا)، ئەمە ئەگەر لیژنەی یاسایی لەلای خۆی ئیشارەتی پێ بدا، لە شوێنێکی تردا دەڵێت (او حكم عليه بعقوبة سالبة للحرية من قبل الجهات القضائية المختصة دون سند قانوني)، من حەز دەکەم لیژنەی قانونی بەڕێز کە لەوێدا بۆمان روون بکاتەوە، مەبەستی لە حالاتی ئیلغای عقوبەیە، کە لە ماددەی (270 و 276)ی قانونی ئوسولی موحاکەماتی جەزائیدا هاتووە، لە (دون سند قانونی)، یان مەبەستی ئەوە نییە، ئەگەر مەبەستی ئەوە نییە، یاسای ئوسولی موحاکەماتی جەزائی لە ماددەی (270) تەقریب شەش، حەوت حاڵەتی دیاری کردووە، بە (276)ش حوکمەکەی داناوە، کە حوکم دەدرێت بە ئیلغا، ئەگەر ئەو حاڵەتانە روویدات، ئەگەر مەبەستی ئەوە نییە، حەقە حوکم بە ئیلغای عقوبەش دابنرێت، لەبەر ئەوەی یاسا چەند حاڵەتێکی ناساندووە، بۆ نموونە حاڵەتی قەزائی هەبووە لە سلێمانی من لە مەحاکم دیومە تەتبیقاتی قەزائی هەبووە، خەڵك ئیتیهامی خەڵکێکی تری کردووە، کە فلانە کەسی کوشتووە، دادگا لەسەر ئەساسی شەهادەی زورو و ئەم شتانە حوکمی ئەو شەخصەی داوە، دوایی دەرچووە ئەو کەسە زیندووە، دوای ماوەیەك پەیدا بۆتەوە لە ولاتێکی تر بووەو هاتۆتەوە، یەعنی ئەم حاڵەتانە لە ماددەی (270)دا عیلاج کراوە، بە حالاتی ئیلغای عقوبە، بۆیە من رەئیم وایە حاڵەتی یەکەم حجزەکە کە (تم توقيفه تعسفياً او حجزه)، لەگەڵ دووەم حاڵەتی ئیلغای عقوبە، کە لە ماددەی (270ت و 276)دا لە ئوسولی موحاکەماتدا باس کراوەو ئیزافە بکرێت، کاك شێروان لەلای خۆی ئیشارەتی پێ بدات، هەروەها حاڵەتی تر هەیە، حاڵەتێکی تریش ئیزافە بکرێت، (او عدم اخلاء سبيله بعد الحكم عليه بالافراج او التبرءة او اكمل مدة عقوبته)، وەکو عەرزی جەنابتانم کرد، موتەهەم هەیە کە مەحکەمە کراوە، حوکمی بەرائە، یاخود حوکمی ئیفراجی وەرگرتووە، دوایێ ئەو جیهەتەی کە لەلای بووە ئازادی نەکردووە، گلی داوەتەوە، حاڵەتمان هەبووە هەر مردووە لە دوای بەردانەکەی، ئەوە دەتوانرێت ئەوەشی بۆ ئیزافە بکرێت (او عدم اخلاء سبيله بعد الحكم عليه بالافراج او التبريئة او اكمل مدة عقوبته)، شتێکی تریش من پێم باشە لیژنەی یاسایی بەڕێز (الحكم ببراءة المتهم لعدم وجود الادلة) ئەدیلە جیا بکاتەوە لەو ماددەیە لە (الحكم بالافراج لعدم كفاية الادلة)، ئەو دوو حاڵەتە جیا بکاتەوە، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار پەروین عبدالرحمن کەرەم بکە.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی دووەم، من پێم باشە قەرەبووە ماددیەکە دیاری بکرێت، بەلایەنی کەم رۆژێك، چونکە هەمانە زۆر دەگیرێت، هەشمانە کەم دەگیرێت، ئینجا ئەگەر ئێستا لێرە دیاری بکرێت قەرەبوو کردنەوەکە بەپێی ئەو رۆژانەی کە دەگیرێت، ئەو کاتە حەقی هیچ کەس نافەوتێ و دیاری دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شاهۆ سەعید کەرەم بکە.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو لەماددەی یەکەمدا جێگیر کرا، سێ حاڵەتی دەستگیر کردن و زیندانی کردنی نایاسایی هەیە:

حاڵەتی یەکەمیان/ ئەو لایەنە قەزائیانەی کەبەبێ سەندێکی یاسایی خەڵك دەگرن.

حاڵەتی دووەمیان/ ئەو لایەنە حوکمیانەی کە موختەس نین بە گرتنی خەڵك.

حاڵەتی سێیەمیان/ ئەو لایەنە غەیرە حوکمیانەی کە بە سەند، یاخود خەڵك دەگرن، ئەو مافەیان نییە خەڵك بگرن.

بۆیە لە هەرسێ حاڵەتەکان تەعویز موتەرەتیب دەبێت لەسەر ئەو لایەنەی، کە زیندانییە، یاخود هاوولاتییەك دەگرن، بۆیە من هاوڕای بۆچوونەکەی بەڕێز دکتۆر ئەحمەد و دکتۆر زانام، سەبارەت بەوەی کە هەر کەسێك بگیرێت، (کل من تم توقیفە او حجزە خلافاً للقانون او بناءاً علی اوامر صادرة من غیر جهات قضائیة یترتب علیه التعویض)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالله مەلا نوری کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من سەرنجی یەك شتم داوە، پێموایە کاتی خۆی ئامانج لە هێنانی ئەم یاسایە بۆ پەرلەمان، لەڕاستیدا هێندەی بۆ ئەوە بوو، کە ببێتە لەمپەرێك، یاخود ڕێگرێك لەبەردەم ئەو لایەنانەی لە دەرەوەی یاساوە خەڵك دەگرن، هێندە بۆ ئەوە نەبو، کە بابڵێین قەرەبووی ئەو کەسانە بکرێتەوە، کە لە ڕێگای دادگاو بە ئیجرائاتە ئوسولی و یاساکاندا دەڕۆن، چونکە پێموایە لە یاسا ئەمە موعالەجە کراوە، وەکو برادەرانی یاسایی دەیزانن، بۆیە من پێموایە وردە وردە ئەو یاسایە، ئەمە بە ڕەئی شەخسی خۆم ئەو یاسایە لە ئامانجە سەرەکیەکەی خۆی دوور دەخرێتەوە، من بە پێویستی دەزانم ئەو یاسایە بەشێوەیەك دابڕێژرێتەوە، بەتایبەتی ئەم ماددەیە کە هێڵی سوور دابنێت بۆ ئەو لایەنانەی، کە لە دەرەوەی یاسا پەنا بۆ گرتنی خەڵك دەبەن، یەعنی ئێمە خەڵکانێك دەناسین، بۆ نموونە دوێنێ شەو من لەگەڵ برادەرێکی خەڵکی کفری قسەم کرد، برایەکی هەشت ساڵە............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تكايه، رجائەن وەرەوە سەر ماددەكە، رجائەن دەرمەچوو، كەسیش ئیتیهام مەكە، تكایـە، رجـات لـێ دەكـەم، بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، شـتێكتان هەیـە بەنووسـراو، بـە دیكۆمێنـت بیهێـنن لـە لیژنەكـەی خۆتـان موناقەشـەی بكـەن، داوای لـێ بكـەن و ئینجـا بـێن لەسـەری موناقەشـەی بكـەن، بـەڵام ئێسـتا ئێمـە باسـی ماددەكەیەك دەكەین، ئیتیهامی لایەنێك دەكەیت، ئەوە عیقابی لەسەرە، كەرەم بكە.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـۆ موعالەجـە كردنـی هەنـدێك كێشـە، كـە لـەناو كۆمـەڵگادا هەیـە، بۆیـە پێویسـت دەكـات هەنـدێك جـار ئاماژەیان پێ بدەین، ببوورە، بۆیە من داوا دەكەم لە قەرەبووەكە، مافی ئەوەی هەیە پەنا بۆ قەرەبوو ببات؟ مافی ئەوەی هەبێت داوای قەرەبوو لەو كەسە وەربگیرێتەوە، كە تاوانەكەی ئـەنجام داوە، یـەعنی وەكـو گـوتم ئـەوەی كـە پەیوەنـدی بـە دادگـاوە هەیـە، ئـەوەی پەیوەنـدی بـە ئیجرائـاتی ئوسـولیەوە هەیـە، لـە ڕێگـەی پۆلیسەوە دەگیرێت،یاخود لە ڕێگەی دەزگایەكی یاساییەوە دەگیرێت، ئەمانە قانون موعالجەی كردووە، بەس لە قانوندا ئەوە نییە كە حزبێك كەسێك دەگرێت، كە دەزگایەكی نایاسایی كەسێك دەگرێت، بۆیـە داواكـارم بەشـێوەیەك قەرەبووەكـە دابڕێژرێتـەوە، ئـەو ماددەیـە بەشـێوەیەك دابڕێژرێتـەوە، كـە هێنـدە تونـد بێـت جارێكی تر هیچ حزب و لایەنێك زاتی ئەوە نەكەن لە دەرەوەی یاساوە پەنا بۆ گـرتنی خـەڵك ببـەن، ئەمـە یەك.

دوو/ من یەك پرسـیارم لـە برادەرانـی یاسـایی هەیـە، ئەوەیـە لەڕاسـتیدا لەبەرچـاوی مـن روون نییـە، ئـەم یاسایە بە چ جۆرێك موعالەجەی ئەو كەسـانەی كـردووە كـە زیـاتر لـە دە سـاڵە، دوازدە سـاڵە گـیراون بـەبێ ئەوەی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بكرێت، ئەوەش خاڵێكی زۆر گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سمیرە عبدالله كەرەم بكە.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ بۆچوونی پەروین خان، كە قەرەبووی ماددی دیاری بكرێت، بەڵام مولاحەزەیەكی تریشـم هەیە، ئەگەر ئەو كەسە بێ تاوان بوو، بەڵام ئازاد كرا لەماوەی یاساییدا، ئایا قەرەبوو دەیگرێتەوە؟ یـان نـا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری كەرەم بكە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا من پێموایە ئەم ماددەیە یەك ئەركی هەیـە، ئـەویش پێناسـە كردنـی ئـەو كەسـەی كـە مـافی ئـەوەی هەیە داوای قەرەبووكردنـەوە بكات، بۆیـە تەسـەور دەكـەم ئێمـە شـتی تـر داوا دەكـەین، كـە تـەحمیلی ئـەو ماددەیە بكەین، ئەم ماددەیە تەنها تەعریفی ئەوە دەكات، كێ حەقی قەرەبوو كردنی هەیە؟ ئەوە یەك.

دوو/ من تەسەور دەكەم نەصەكە (تم توقیفه تعسفیاً)، ئەمە هەموو ئەو حاڵەتانەو نموونانەو ئیمكانیاتانـە بەخۆ دەگرێت، بە ماددەی یەكەم و بە ئەوانەی تریش، بۆیە بە تەسەوری من ئەم نەصە كافیە، ئەمە دوو.

سێ/ من وەكو دەزانم هـەر چ نـەبێت، ئینسان لـە فـیلم دەبینێـت هـەر حوكمێك لـە مەحكەمـە دەربچێت، دەڵێت بەپێی ماددەی فلان ئەمە سزا دەدرا، بۆیە من لەو جوملەیە تێ ناگەم لە نەصە عەرەبییەكەی (حكم علیه بعقوبة سالبة للحریة من قبل الجهات القضائیة المختصة دون سند قانوني)، هیچ حوكمێك دەرناچێت، ئەگەر نەڵێت بـەپێی فلان مـاددە حـوكم كـرا، لێكدانـەوەی مـن چیە، ئـەو سـەند قانونیـە جێگـای هەیـە و گرنگیشە، بە تەسەوری من بێت پاش مودەی مەوقوفیەی حەددی قانونی، یەعنی ئەگەر لیژنەی قانونی لـە من بگەن (او تجاوزت مدة موقوفیته الحد القانوني دون سند قانوني او حكم علیه.........)، چونكە مـودەی مەوقوفیە هەندێك جار درێژ دەكرێت، بەڵام بە بڕیارێك، ئەگەر بـەبێ بڕیـار درێـژ كـرا، ئەگـەر بتانـەوێت وشەی سەند قانونی ببینن، تەبعەن تێبینیەكانی كاك بورهان من ئەوە لێی نـازانم باسـی هەنـدێك مـاددەی كرد، یەعنی كورت و موختەسەر من دەمەوێت بڵێم ئەو كەلیمـەی سـەند قانونیـە، ئەگـەر مەبەسـت (حكم علیه بدون سند قانوني)، من تەسەور دەكەم هیچ حوكمێك دەرناچێت، ئەگەر نەڵێیت بەپێی ماددە.

دووەمیان/ ئیقتیراح دەكەم، ئەگەر بۆ تەقویەی (تجاوزت مدة موقوفیته دون سند قانوني) بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار نەریمان كەرەم بكە.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئـەوەم لـە هـەر شـوێنێك، لەبـەر ئـەوەی لـە یاساكەشمان وەها لـە چـەند ماددەیـەكی سـەرەتا لـە بڕگەكانی ئاماژەی پێ كـردووە، لـە هـەر كوێ وشـەی تـەوقیف هـاتووە، دەبێـت حجزیشـی لەتەنیشـت بێـت، لەبەر ئەوە حجزیش ناقانونی هەیەو، تەجاوزی دەسەڵاتی خۆی دەكات، بۆیە من پـێم باشـە مـاددەی دووەم سەرەتایەكەی بكرێـت بـە (كل مـن تم توقیفـه او حجـزه تعسفیاً او غـیر قـانوني)، دوای تەعەسـفی غـەیرە قانونیەكەشی بۆ زیاد بكرێت، لەبەر ئەوە ئەسڵی داڕێژەرانی ئەو پرۆژەیـە، مـن لەگـەڵ بۆچـوونەكەی كـاك عبدالله مەلا نوریم بەڕاستی، ئەم یاسایە بە تەواوەتی دوور كەوتۆتەوە لە مـەغزاو مانـای پێشكەش كردنـی پرۆژەكە لە ئەساسدا، لەبـەر ئـەوە ئەوەنـدەی بـەبێ سـەندی قـانونی، بـەبێ حوجـەجی دوور لـە یاساییەوە خەڵك دەگیرێن و سزا دراون و حجز كـراون، ئەوەنـدە بـەپێی قـانون كـەمتر خـەڵك ئـەوە كـراوەو، هـەروەها لێرەش ئیجرائات كردن تـەنها و تـەنها حـەق دراوە بـەو كەسـانەی بـەپێی قـانون دەگیرێـن لـە مەركـەزەكان، بەپێی بڕیاری دادگا، پاشان بەبڕیاری مەحكەمە، پاشان مەحكەمە بەرائەت و ئیغلاقی قەزیەكەو ئیفـراج و

ئەوانە دەكات، پاش ئەوە حەقی دەداتێ بڕوا داوای مافی خۆی بكات، پێشووتریش ئێمە هێناومانە نابێت هیچ جیهەتێك، هیچ كەسێك بۆی هەبێت كەس بگرێت، بەلآم سزامان بۆ دانەناوە، لێرەش ئەركەكەمان خستۆتە سەر حكومەت، ئەگەر تەعویزیدا حكومەت و وەزارەتی مالیە دەبێت تەعویزەكە بدات، ئەمە حەقی خۆیەتی لە كاتێكدا ئەگەر محاكم و دەزگا رەسمیەكانی حكومی دەركەوت بە ناحەق ئەم كەسەیان گرتووەو بەرائەتی بەدەست هێناوەو ئیفراج كرا، بەلآم لەلایەكی ترەوە عقوبەی ئەو كەسانەمان دانەناوە، ئەگەر بەبێ حوجەجی قانونی، كە لەسەرەتاوە بە داخەوە، یەعنی سێ پەرلەمانتار زیاتر داوایان كرد، كە (بدون حجج قانوني)یەكە لەسەر ناوەكە، بەداخەوە نەخرایە دەنگدانەوە، بە داخەوە تێپەڕی، بۆیە ئەسڵی پرۆژەكە خۆی لەسەر (بدون حجج قانون)ی نییە كێشەكان، نەك قانونی، قانونیەكەش كارێكی باشە، ئەگەر هاتو خەڵكێك كە غەدری لێ كرا، تەعویز بكرێتەوەو حكومەتیش بیكاتەوە، بەلآم ئەو كەسانەی بەبێ وجهەی یاسایی، ئەگەر هاتو سزای خەڵكیاندا، تەوقیفیان كرد، حجزیان كرد، ونیان كرد، ئەوانە سزاكان و ئەو كەسە بۆی هەبێت شكات بكاتەوە لەو كەسانە، تەعویزەكەش ئەو كەسانە دەبێت بیدەن، ئەگەر جەزائی كەوتە سەریان حوكمی جەزائی و تەوقیفیان بۆ ببڕێتەوە، كە ئەو نەحەقیەیان كردووە، ئەگەر ماددیش بوو، ئەو كاتەش تەعویزە ماددییەكە، ئەو كەسانە بیدەنە، بۆ حكومەت بیداتەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئێمە لە ئەسڵی فەلسەفەی دانان و چارەسەری كێشەی قانونەكە كە لەسەرەتاوە هاتووە نەچینە دەرەوە، بۆیە هەردوو حاڵەتەكە زەرورییە، ئێستا ئەوەی كە ئێمە دامانناوە، ئەگەر سەیری ماددەكان هەر هەموویان بكەین، دەڵێت (بعد اكتساب الدرجة القطعية)، ئەوە لە ماددەی چوار لە یەكەمدا هاتووە، پاشان دەڵێت پاش شەش مانگ (اكتساب قرار الافراج او الحكم بالبراءة)، پاشان لێرەوە دەڵێت تەوقیف وەزیری مالیە دێتەوە سەر شكایەتكەرو مودەعی و ئەوانە، بۆیە تەنها یەك جیهەت، یەك مەوزوع چارەسەر كراوە، ئەویش ئەوانەی كە بە قانونی دەگیرێن لەكاتێكدا ئەوانە بە قانونی دەگیرێن دەردەكەوێت كە بەرائەیە، بەلآم ئەوانەی كە بە ناقانونی دەگیرێن و حجز دەكرێن و تەوقیف دەكرێن لە جیهەتی غەیر موختەسە، بۆیە من داوا دەكەم ماددەیەكی تر زیاد بكرێت، بۆ عقوبە دانی ئەوانەو، سكالآكەریش بۆی هەبێت داوای تەعویزو ئیجرائاتی جەزائیش لەوانە بكات، كە بەرامبەری ئیجرائاتیان كردووە، بۆ حكومەت تەعویزی ئەوانە بدات، ئەو كەسانەی كە موخالەفەیان كردووە، ئەوانە خۆیان تەعویز بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار كاردۆ كەرەم بكە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە ماددەی دوو دەكەم، بەلآم دوای سەرنجی هاوكارانم، من پێموایە بۆ ئەوەی ماددەی دوو بتوانێت لەگەڵ ئەم دەقە گشتییانەی كە لە ماددەی یەك هاتووە بێتەوە، ئەم بڕگەیەی بۆ زیاد بكەین، كە

زۆربەی برادەران تەئکیدیان لێ کردەوە، ئەویش ئەوانە بگرێتەوە کە لە جیهاتی غەیری قەزائی موختەس دەگیرێن و بەرپرسیاریەتی قانونی بکەوێتە سەر ئەم جیهەتە بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمە ئیزافە بکەین، پێموایە چارەسەری ئەم دەقە دەکات، دەقێکی زۆر باش دێتەوە لەگەڵ بۆچوون و سەرنجی برادەران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار تارا ئەسعەدی کەرەم بکە.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانیەکی تەواو لە ماددەی دوو دەکەم، چونکە روحی ئەو قانونە لێرە دایە، لە هەمان کاتدا هەر ئەو قانونە بوو، کە یەکەم جار بۆی پێشکەش کرا، روحەکەی لێرەدا دەبینینەوە کە بۆ مەوقوفە، چونکە ئێمە ئەگەر بێتو بۆ مەوقوفەکە ئەو بێ پاساویەی تیا نەبێت و شێوە قانونیەکەی بدرێتەوە، هەڵبەتە کە دەبێتە مەحکوم، ئەو شتی خۆی هەیە، سەندی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە لێرەدا زۆر زۆر گرنگە ئەم ماددەیە.

دووەم/ شت پشتگیری لە کاك عبدالسلام بەرواری دەکەم، بەڕاستی لێرەدا هیچ کەسێك مەوقوف ناکرێت بەبێ سەندی قانونی بخرێتە پاڵ مەوقوفیەتەکەی، کە هەر هەمان مانا دەگرێتەوە، بەلاّم مودەی مەوقوفیەتی حەددی قانونی، زۆر کەس هەیە کە قانونەکە دەخوێنێ، یان موتەلیع نییە لەسەر قانونەکە، یان دەبێت ماندوبوونێکی تیا هەبێت، تا بگەڕێتەوە بزانێت چەندە حەددی قانونی تەوقیف؟ ئێستا زۆر جار هەیە دەچیت تۆ سەردانی سجنەکان دەکەیت و تەماشا دەکەیت، مومکینە ئێمە وەکو پەرلەمانتار واجیبمانە بزانین و قانونەکە دەزانین، بەلاّم ئەوەی دێت قانون دەخوێنێتەوە، ئەگەر بێتو مودەتەکە دابنرێت، وابزانم زیاتر ئەم خاڵە بەهێز دەکات، بە تەسەوری من بە چەند مانگێك مودەی مەوقوفیەت زیاتر نییە، ناگاتە ساڵەکان بمێننەوە بەبێ مەحکەمە کردن، کە ئەوەش زۆر کەمە.

سێیەم/ شت لێرەدا لە عەرەبیەکەی دەڵێت (له حق المطالبة بالتعويض المادي والمعنوي عن الاضرار)، وابزانم ئەوە هەر لەناو قانوندا هەیە، ئەوانەی قەوانینی نافیزن، هەر کەسێك حەقی هەیە موتاڵەبە بە تەعویز بکات، بەلاّم چی تازە دەکەین ئێمە لەم قانونە، ئەگەر ئێمە هەمان شت بکەین (له حق المطالبة)، کلتووری ئێمە مومکینە هەندێ کەسانێك هەیە، کە ئاستی رۆشنبیریان، یانیش ترسیان لەناو سجندا تازە هاتوونەتە دەرێ، ئایا دەتوانن بچن بڵێن ئێمە دەمانەوێت تەعویز بکرێین، راستە ئیمانمان بە دیموکراسیەتەو بوونیشە، بەلاّم ئەگەر بێتو یەکسەر خۆی تەعویز بکرێتەوە، ئەو کەسانەی کە دەزانن لە تەوقیفدا بێ پاساو، یان بەبێ سەندێك بەرائەتی دەرچوو، ئەگەر یەکسەر (تعويضه مادياً ومعنوياً) خراپ نییەو زیاتر بەهێزی دەکات، (عن الاضرار التي لحقت به من جراء التوقيف او الحكم)، نەك (لحقته)، لە عەرەبیەکە، ئەگەر زەحمەت نەبێ ئەوەش چاك بکرێتەوە باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سیوەیل عثمان کەرەم بکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکی بچووکم هەیە لەسەر صیاغەی عەرەبی و کوردیەکەی، ئەگەر بە هەڵەدا نەچوو بم لە عەرەبیەکەی خوێندییەوە (کل من تم توقیفە تعسفیاً)، ئەوە لە عەرەبیەکە لەلامانە، بەس کوردیەکە لەلامان نییە، وابزانم کاك صباح خوێندییەوە، هەر کەسێك بە نایاسایی گیراوە، ئەگەر وا بێتن مانای وایە مانایەکەی تەواو نییە، لێرە عەرەبی و کوردیەکە زۆر فەرقیان هەیە، ئەگەر تەماشایەکی بکەن، چونکە کوردیەکە لەلامان نییە، ناتوانین موتابەقەی بکەین، بەس ئەوەندەی بە سەریعی خوێندییەوە وابزانم هەندێك لەبەرم کرد ئەو عیبارەتەی، ئەگەر وایە مانای یەك ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی مافی مرۆڤ ڕەئیتان، لیژنەی یاسایی و دارایی هەرسێ لا، ئەو شتانەی کە حازرن بۆ دەنگدان لەسەری، بۆیە ئەوانە بخرێنە بەر موناقەشەوەو دیاری بکرێت، ئینجا چەند کەسێك دیفاعی لێ بکات، چەند کەسێکیش لە دژی بێتن، کاك شێروان کەرەم بکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند خاڵێك هەیە لێرە من دەمەوێت ڕوونی بکەمەوە:

یەکەم/ ئەوەیە بەنیسبەت سقوفی زەمەنی، بەنیسبەت مەوقوفین لە مەراحیلی تەحقیقی سقوفی زەمەنی هەیە، شەش مانگە، قابیلی تەجدیدە بە موافەقەتی مەحکەمەی جینایات، ڕەنگە ئەو ماوەیە هەندێ لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتی ئەوە بکەن کە زۆر بێت، ئێمەش لەگەڵ ئەوەینە، کە ئەو ماوەیە زۆرە، بە حەقیقەت پێویست بەوە دەکات ئێمە ئیعادەی نەزەر بکەینەوە لەو قەوانینەی کە دەسەڵاتێکی زۆری داوەتە حاکمەکان سەبارەت بە مەسەلەی تەوقیف، واتا لێرەدا ئەو مەسەلەیە چارەسەر ناکرێت.

خاڵی دووەم/ ئێمە بە قەراری قەتعی دەستکاری بڕگە جەزائیەکانمان نەکردووە، چ بەنیسبەت قانونی ئوسول موحاکەماتی جەزائی، چ بەنیسبەت قانونی عقوبات.

سێیەم/ ئێمە تەنها لەو قانونە دەمانەوێت تەعویز بدەینە ئەو خەڵکانەی کە شعور دەکەن غوبنیان لەسەرە، مەسەلەن کێ غوبنی لەسەرە؟ (یعتبر توقیفاً تعسفیاً) کە دەڵێین مەسەلەن، لە موخالەفات ئەسڵەن حاکم تەحقیق حەقی تەوقیفی نییە، ئیلا ئەگەر هاتو جێگایەکی سوکنای موعیەنی نەبوو، تەنیا لەو حاڵەتەدا حەقی تەوقیفی هەیە، بەقیەی حاڵەتەکان لە هیچ حاڵەتێکی موخالەفە حاکم تەحقیق حەقی تەوقیفی نییە، ئەگەر هاتو هەر کەسێکی تەوقیف کرد بە موخالەفە غەیری ئەو بڕگەیەی کە گوتم، ئەوە ئیعتیبار دەکرێت بە تەعەسوف، لێرەدا مەسەلەی تەعویز دێتە گۆڕێ، ئەگەر چەند ڕۆژ تەوقیف کرا بێت

تەعەسوفەن، حەقی ئەوەی هەیە داوای لە دەوڵەت بکات بە تەعویز، هەروەها بەنیسبەت حاڵەتی تریش ئەوەی جونحە بێت، ئەوەی غەیری جونحەش بێت.

چوارەم/ کە ئیشارەتی پێ دەدەم (دون سند قانونی)، یەعنی ئەوانەی کە خارجی ئەوە دەگیرێن، بەڕێزان، من حەز دەکەم ماددەیەك هەیە، ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان ئیجازەم پێ بدات زۆر ئیسارەی ئەو مەسەلەیە کرا، کە ئەوانەی لە خارجی موئەسەسات دەگیرێن، ئێمە ماددەیەکی سەریحمان هەیە دەیخوێنمەوە بۆتان، کە پەیوەندی بە ئازادی ئینسان و ئازادی مرۆڤ و حورمەتی مرۆڤیە، ئەویش ماددەی 421 لە قانونی عقوبات دەڵێت (يعاقب بالحبس من قبض على شخص او حجزه او حرمه من حريته باية وسيلة كانت بدون امر من السلطة المختصة في غير الاحوال التي تصرح فيها القوانين والانظمة بذلك، وتكون العقوبة السجن مدة لاتزيد على عشر سنين في الاحوال التالية)، حاڵەتەکان هاتووە، یەکە، یەکە دەست نیشان کراوە، کەواتە وەختی خۆی کە ئێمە راپۆرتمان نووسی بۆ ئەو بابەتە، گوتمان هەندێ قەزایە موعالەجن لەم بابەتە، ئەمە ئەم قەزایانەیە کە موعالەجن لە قانونەکە، بۆ ئێمە دووبارە بێینەوە دایبڕژینەوە، ئێستا ئەوەی ئێمە دەمانەوێت دایبڕێژینەوە، تەنها ئەو حاڵەتانەیە کە تەعویز دەگرێتەوە.

پێنجەم شتیش کاك بورهان باسی لە مەسەلەی ئیفراجی شەکوا کرد، ئەگەر ماددەی (109) بخوێنێتەوە، ئەم حاڵەتانەی هەمووی جیانە، لە ئوسول موحاکەماتی جەزائی ماددەی (109) بخوێنەوە، حاڵەتی رەفزی شەکوای تێدایە، حاڵەتێکی موعیەنە، غەلقی شەکوای تێدایە، حاڵەتێکی موعیەنە، غەلقی دەعوای موئەقەتەن، حاڵەتێکی موعیەنە، ئەمانە هەمووی بابەتی جیا جیانە لە قانونی ئوسول موحاکەماتی جەزائیدا هاتووە، ئەو تەعویزەی کە دانراوە، هەموو ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە لە ماددەی (109)دا هاتووە لە قانونی ئوسول موحاکەماتی جەزائی، مەسەلەی حجزەکە، من تەئیدی کاك زانا دەکەم، ئەگەر ئیمکان بێت هەرچەندە مەسائیلی حجزەکان مەسەلەیەکی کەمە، من هەر هی سوڵتاتی ئیداری دەزانم، لەو بابەتانە زیاتر نازانم، بەڵام ئیمکان هەیە، ئەگەر هاتو حجزەکەش تەعەسوفی بوو، ئیمکان هەیە ئێمە لە پاڵ مەوقوفیەتەکە ئەو قانونە داخیلی بکەین، ئەو کەسەش حەقی بکەوێت، ئەگەر هاتو حجزێکی تەعەسوفی هەبێت، ئەوە زۆر ئیمکان هەیە داخیلی بکەین، بەڵام حەق وا بوو ئەو بابەتانەو ئەو بابەتانەی کە کاك بورهانیش گوتی دەبوایە لە لیژنەی قانونی ئەوانەیان بە تەفسیل بە ئێمە گوتبا، تا ئیشمان لەسەر کرد بوایەو داخیلی پرۆژەکەمان کرد بوایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی کەرەم بکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك شێروان تەوزیحێکی باشیدا سەبارەت بەو خاڵانەی کە برادەران ئیسارەیان کرد، بەڵام بۆ زیاتر مەعلومات، تەبیعی بەپێی قانونی کارپێکراو لە کوردستان حاکم بۆی هەیە خەڵکی بگرێت، ئەگەر ئەو

ماددەی پێی ئیتیهام کرا عقوبەکەی سجنی موئەبەد بوو، یان ئیعدام بوو، واتا ئیلزامیە حاکم خەڵکی بگرێتن، ناکرێت حاکم دەستی ببەستین بڵێین خەڵکی مەگرە، چیە، بە حوجەی ئەوەی ماڤی مرۆڤە، یان جەریمەی کردووە، هەتا جەریمەکە لەسەری سابت نەبێت، بۆ تەحقیق، بۆ بەرژەوەندی تەحقیق، دەبێت حاکم ئیجرائاتی خۆی بکات، بەلاّم وەکو دیار کرا بۆ ماوەیەکی کەم بێت بەپێی قانون، ماوەکانیش دیاری کراوە، ئەگەر حاکم هاتو تەجاوزی ئەو ماوانەی کرد، واتا تەعەسوڤی کرد لە تەوقیفەکە، یان خەتەئێکی قەزائی کرد، ئەو وەختی ئیجرائات لەگەڵ حاکمەکەش دەکرێت، بەپێی ئەو پرۆژەیەی کە لە ماددەکانی ئەخیری، وابزانم لە ماددەی حەوتە ئیشارەتی پێ دراوە.

دووەم/ پەروین خان ئاماژەی بەوەدا، کە هەندێك ئەندامانی پەرلەمانی تریش کەوا تەعویز تەحدید بکرێت لە قانونەکە، تەعویز لە قانون تەحدید ناکرێت، مەحکەمەی مەعنی خۆی بەپێی ئەحکامی ماددەی (202) لە قانونی مەدەنی هەتا (236) تەعویز چۆن دەدرێت؟ مەحکەمە چۆن تەقدیم دەکات؟ حالاّت جیاوازە، ناکرێت لە قانونێکی موعیەن مەبلەغێکی موعیەن دابنێین بڵێین تەعویزە بۆ ئەو کەسانەی کە دەگیرێن، یان حوکمدراون، ئەوە دەسەلاّتی مەحکەمەی مەعنییە، مەحکەمەی مەعنی بە رێگای خەبیر ئەوانە تەقدیر دەکات، تەعویزیش بەگوێرەی حالاّتی دەعواکان تەقدیر دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان کەرەم بکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو خاڵ مابوو بەڕاستی لەبیرم چوو، یەکەمیان/ ئەوەیە لە هەموو حاڵەتەکان حاکم تەحقیق ناتوانێت مەوقوفیەتی هەر موتەهەمێك لە روبعی عقوبەی لە تەوقیف زیاتر بەجێ بێڵێتەوە عەدا ئیعدام نەبێت، ئەمە مەبدەئێکە لە قانونی ئوسول موحاکەماتی جەزائیدا هاتووە.

دوو/ ئەوەی کاك عبدالسلام لەبیرم چوو جوابی بدەمەوە، بەڕاستی مەسەلەی بەرائەتەکە چیە؟ مەسەلەی ئەو مادده قانونیە چیە کە لە مەحکەمە دەردەچێت؟ راستە، لە مەحکەمە زۆر جار موتەهەم حوکم دەدرێت، مادده قانونیەکانیش بۆی دیاری دەکرێت، بەلاّم دوای تورقی تەعن، دوای ئیعادەی موحاکەمە، یاخود دوای مەحکەمەی تەمییز، ئەو کابرایە بە بەرائەت دێتەوە، ئەسڵەن هیچ توهمە لەسەری نامێنێ، ئێمە مەقصودمان لەو قانونە تەعویزی ئەو حوکمدراوە بکەین، کە حوکمی بەرائەتی دەرچووە لە جینایات، یاخود لە تورقی تەعنی قانونی ئەو حەقەی بۆ ئیعادە کراوە، حەقی بەرائەتەکەی بۆ ئیعادە بۆتەوە، لە دوای ئەوەی کە لەلایەن جینایاتەوە حوکم کرا، ئێمە مەبەستمان تەنها ئەو حاڵەتانەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەو شتانەو ئەو موداخەلانەی ئەندامانی بەڕێز هەمووی دروستە، بەلاّم زۆربەی هەرە زۆری بە قانون عیلاج کراوە، خۆی موعالەجە کراوەو یاسای پێ دەرچووە، هەموو یاساکان ناکرێت لە ماددەیەك لەناو ئەم یاسایە جێی بکرێتەوە، ئەمە نوقتەیەك.

ئەوەی حجز بزەبت ئیزافە بکرێت، مەسەلەن ئەو کەسەی کە دەڵێت ئەوەی کە خەڵك دەگرێت، خەڵك ئەوە خۆی تاوانە، یەعنی ئەوەی خەڵکێکە غەیرە موختەسە، بەبێ ئەمری قازی دەچێت خەڵکێك دەگرێت، ئەوە خۆی بۆخۆی جەریمەکەیە، ئەو تەعویز دەکرێتن، پێویستە ئێمە ئەو یاسایانەی هەمانە بیخەینە بواری کارکردنەوە، شوێنی غەیری موختەس، تۆ خۆت لێرە دەڵێی غەیری موختەس، مانای وایە تاوانی کردووە، موخالەفەی قانونی کردووە، پێویستە عقاب بدرێت، زابتێك، پۆلیس لە بازاڕ یەکێك دەگرێت، ئەوە موخالەفەیە، رەنگە رقی لە یەکێك بێت، یان تووشی موشکیلە بێت عیقاب دەدرێت، ئەوانە هەمووی قانون عیلاجی کردووە، ئەگەر باشتر بیخوێنن، من تەمەنام دەکرد، ئەو بەڕێزانەی کە زیاتر لە ئێمە سەریان لە یاسا دەردەچێت، ئەوان موداخەلەیان بکردایە، زۆر وازیحتر دەبوو، بۆیە ئێستا حجزی کاك زانا ئیشارەتی پێ کرد ئیزافەی بکرێتن، ئەوەی کە دەڵێت غەیری موختەس یەکێك دەگرێت، ئەو قەرەبووی دەکاتەوە، هەم عیقاب دەکرێت، هەمیش قەرەبوو دەکرێتەوە، نوقتەی نیزامی، کاك نەریمان کەرەم بکە.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە جەنابت دەفەرمووی و کاك شێروان فەرمووی، راستە، بەلاّم ئەوە حەقی دەعوای جەزائی هەیە، حەقی دەعوای تەعویزو مەدەنی نییە، بۆیە ئێمە داوامان کردووە....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دانیشە، ئەوەی جەزائی بێت مەدەنیشی هەیە، ئەوە زۆر وازیحە، تکایە جەنابیشت قانونیت بڕۆ منیش ناقانونیم هەردووکمان بڕۆینە لای حاکمێك بزانین هەیە، یان نییە، تکایە ئێستا صیاغەکەی بخوێننەوە بە ئیزافەی ئەوەی حجز بخرێتە سەری و بدرێتە دەنگدانەوە، کەرەم بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

كل من تم حجزه أو توقيفه تعسفيا، او تجاوزت مدة موقوفيته الحد القانوني، او حكم عليه بعقوبة سالبة للحرية من قبل الجهات القضائية المختصة دون سند قانوني، ثم صدر قرار برفض الشكوى او الافراج عنه وغلق الدعوى، او الحكم ببرائته واكتسب القرار الدرجة القطعية بموجب القوانين النافذة، له حق المطالبة بالتعويض المادي والمعنوي عن الاضرار التي لحقت به من جراء الحجز أو التوقيف او الحكم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی سێ کەرەم بکەن.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

تختص محكمة بداءة محل اقامة المدعي او محل التوقيف او الحكم  بالنظر في دعوى طلب التعويض.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکەن بە کوردیش

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

ماددەی سێیەم:

دادگای بەرایی تایبەتمەند بەشوێنی دانیشتنی داواکار، یان شوێنی گرتنەکە، یاخود حوکمەکە، بۆ سەیرکردنی داواکاری داواکردنی قەرەبووکردنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی مرۆڤ رەئیتان.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەو دەقەین کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەزانن ئەمە یەعنی لە لوبی قانونە، وابزانم پێویست بە موناقەشە ناکات، بەس کەرەم بکە کاك زانا.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ هاوکارانیشم، لەگەڵ لیژنەی قانونی موناقەشەی ئەم فیکرەیە کرا، تەبیعی ئەمە جۆرێکە لە خیلاف لە بەینی قانونێکی تونسی و قانونێکی جەزائی و فەرەنسی لەسەر ئەم تەوەرەیەدا، ئایا چ مەحکەمەیەك موختەس بێت بە سەیر کردنی ئەم دەعوایە؟ ئەوەی کە بە نموونە هاتۆتەوە لە قانونی جەزائیریدا لە فەرەنسی وەرگرتووە، لیژنەیەك دروست کراوە بەناوی لیژنەی تەعویزاتەوە، لیژنەکە لیژنەیەکی قەزائییە، ئەم لیژنەیە سەرۆکایەتیەکەی لەلایەن سەرۆکی مەحکەمەی عولیاوە سەرپەرشتی دەکرێت، بۆ دیاری کردنی بڕی قەرەبووەکە بە ئامادە بوونی دوو دادوەر، هەروەها داواکاری گشتی، نیابە عامەشی تێدا تەواجودی هەیە، مەبەستەکەش، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەمە ببێتە لیژنە، چونکە ئەگەر قەزیەکە بچێتە مەحکەمەی بەدائە، تەسەور دەکەم ئەم موماتەلەو تەئجیل کردن و تەعتیل کردنەکە،

لەوانەیە کەسێکمان لە نەتیجە دروست ببێت نیوەی ژیانی لە سجندا بەسەر بردووە، نیوەکەی تریشی بەدوای مەحکەمەیە، بەدوای حەقەکەی خۆیدا دەگەڕێت لە مەحکەمە، یەعنی بەردەوام وەرەقەیەکی بەدەستەوەیە، جاری وا هەیە بە گیراوی، جاری وا هەیە بە بەردراوی، یەعنی بەردەوام لە یەك حاڵەت دایە، ئەگەر فەرەزەن وەکو خۆی مایەوە، بەلاّم من پێشنیاز دەکەم لیژنەیەکی قەزائی بێت، بۆ ئەوەی کە سورعەتێك هەبێت لە وەرگرتنی تەعویزدا، نەك هەر بۆ ئەوەندە بێت، کە تۆ شکایەت بکەیت و ئیتر بەردەوام خەریکی موراجەعات بێت، ئەگەر بەم شێوەیەش کرا، من پێشنیاز دەکەم لەسەر ئەم ماددەیە بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت، واتا بەو شێوەیەی کەخۆی هەیە (تختص محكمة بداءة محل اقامة المدعي او محل التوقيف او الحكم بالنظر في دعوى طلب التعويض دون الاخلال بحق المتضرر في اللجؤ الى محكمة استئناف المنطقة وفق احكام المادة (286) من قانون المرافعات المدنية للشكوى من القضاة)، لە هەمان کاتدا با شکایەتی خۆی بکات، دەعواکە بکات، دوایی لەسەر وەزارەتی مالییە، بەلاّم لە هەمان کاتدا ئیخلالیش بە حەقی خۆی نەکات، کە بچێت شکایەتیش بکات لە دادوەر، لە قانونی موڕافەعاتی مەدەنی لە ماددەی (286)دا ئاماژە بەوە دەدات، ئەگەر زانی قازیەکە لەبەر هەر سەبەبێك، کە حاڵەتەکانی تیایە تەحدید کردووە، سەرەڕای داوا کردنی تەعویزەکە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو قانونە من دەزانم ئاماژە دراوە بەوەی کە پێویستە لە مەجلیسی قەزا لیژنەیەك دروست بکرێت، بۆ ئیحالە کردنی ئەو قازیەی کە موخالیفە، بەلاّم لە هەمان کاتدا ئەو ماددەی (286)یش موختەسە بە داوا کردنی تەعویز بۆ ئەو شەخصە، یەعنی راستە بەپێی قانونەکە، ئەم قانونە پاشان دیاری کراوە، کە وەزارەتی دارایی دەگەڕێتەوە سەر موشتەکی، یان موخبیر، بۆ ئەو حاڵەتانە، بەلاّم مافی ئەوەشی هەبێت سکالاّ تۆمار بکات، هەتا ئەو ماددەیەی لێرەدا هەیە نەبێتە بەدیلێك، بۆ ئەوەی نەتوانێت پەنا بەرێتە بەر ماددەی (286) لە قانونی موڕافەعات، بۆ ئەوەی سکالاّ تۆمار بکات لەسەر دادوەرەکە، داوای تەعویزیش لەوان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار کاك عبدالسلام کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها دەمەوێت لەنەصە کوردی و عەرەبیەکە حەز دەکەم بیخوێنن، دوو شتی زۆر سەیرو عەنتیکە لە یەکتر دوورن، لێرە لەکوردیەکە دەڵێت (دادگای بەرایی)، یەعنی هەموو دادگا بەراییەکان تایبەتمەندە بەچی؟ بە شوێنی دانیشتن و، یان شوێنی گرتن، دادگاکە تایبەتمەند نییە بە شوێنەکە، دادگای بەرایی لەو شوێنی کارو شوێنی ئەو موختەسە بە سەیر کردن، وایە، یان نا؟ واتا نەصەکە سەرو بن کراوە، سەرەڕای لاوازی من لە زمانی کوردی پێشنیاری ئەم صیاغەیەی خوارەوە دەکەم دەڵێم (تایبەتمەند بە سەیر کردنی داواکاری داوا کردنی قەرەبوو کردنەوە، دادگای بەراییە لە شوێنی دانیشتنی داواکار، یان شوێنی گرتنەوەکانیان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار كاردۆ كەرەم بكە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە پڕ هاتە سەر ماددەی دوو، دەنا خۆی تێبینیەكی قانونیم هەبوو لەسەر ماددەی یەك.......

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، رجائەن وەرە سەر ماددەی سێ، هیچ باس مەكە، ئەوە (لایجوز)ـە، تكایە وەرە سەر ماددەی سێ، ئەگەر شتێكت هەیە، باشە، ئەو تەواو رۆیی، ڕێزدار عبدالله مەلا نوری كەرەم بكە، سوپاس، لیژنەی یاسایی دووبارە رەئیتان، بە حەقیقەت ئەوەی كاك زانا باسی كرد وجهە نەزەرێكی تیایە، بۆ ئەوەی زۆر تەئخیر نەبێتن، ئینجا ئەگەر یەكێك ماوەی دوو ساڵ، لەوە چەند وەختێك ببات هەتاكو ئەوە قەرەبوو دەكرێتەوە، لەوەی ئەگەر وەفاتیش بكات، ئەگەر ڕێگایەكی زووتر هەبێت بۆی زۆر باشترە، كەرەم بكەن كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دەزانین كە مەحاكمی ولایەی عامەی هەیە لەسەر هەموو كێشەكان، بۆیە یەك لەو كێشانەیە كە ئاراستەی مەحاكم دەكرێت، ئەمە لەلایەك.

لە لایەكی تریش هەیە، هەموو هاووڵاتیان یەكسانن بەرامبەر بە یاسا، كەواتە ئەوەی موتالەبە دەكات بە تەعویز، یان ئەوەی قەرزیشی هەیە، لە یەك موستەوانە لەو موتاڵەبەیە بە تەعویز.

نوقتەی سێیەمیش/ ئەوەیە، راستە هەندێك وڵات بە لیژنە وەریگرتووە، پێمانوایە هەمان تورقی تەعنی داناوە، كە ئەو تورقی تەعنانەی كە لێرە هەیە، بۆیە بەنیسبەت ئەوەی ئێستا ئێمە دەیبینین لەو قۆناغەدا محاكم سەرپەرشتی بكات باشترە، راستە ئەو ئەندامانە، مومكینە ئەندامی قازینە هەمووی، بەڵام ئێمە كە مەحكەمەیەكمان هەیە، كە حوكم بتوانێت بدات، كە تورقی تەعنی خۆی هەبێت، كە هاووڵاتی بتوانێت موراجەعە بكات، بۆ ئەو وەزعە تێك بدەین، دەتوانێت بچێت لە هەمان مەحكەمە، لە مەحكەمەی بیدائی ئەو شوێنە، كە رووداوەكەی لێیە، یان بەو زەوابتەی كە تێدا هاتووە داوای حەقی خۆی بكات، ئەو وەختە دەتوانێت هەردوولا تورقی تەعنی خۆشیان ئیستیعمال بكەن، دوا رەئیش رەئی مەحكەمە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەم بكە كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (30) لە یاسای موڕافەعات تەحدیدی کردووە (لايجوز لاي محكمة ان تمتنع عن الحكم بحجة غموض القانون او فقدان النص او نقصه والا عد القاضي ممتنعاً عن احقاق الحق ويعد ايضاً ان التأخر غير المشروع عن اصدار الحكم امتناعاً عن احقاق الحق)، واتا نابێت حاكم تاخیری حەسمی دەعوا بكات و سەقفی زەمەنیشمان هەیە، مەحاكم مولتەزیمە پێی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەو پێشنیارەی كاك زانا، من و كاك فرسەتیش هاوڕاین دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە بۆ ئەو مەبەستە لیژنە دابنرێت، هەیئەتێكی قەزائی موختەسە دابنرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ (49) كەس لەگەڵە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ نەصی ماددەكەیە وەكو خۆی هاتووە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (27)، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، لیژنەیەكی قەزائی بۆی دادەنرێت، زۆر سوپاس، ئێستا دەچینە ماددەی چوار، پاشان ئەو لیژنەیە لەكێ پێك دێت؟ ئەو هەیئەتە كە دادەنرێت، ئێستا ماددەی چوار، كەرەم بكەن.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

يكون طلب التعويض وفق الضوابط الآتية:

1- تقام الدعوى على حكومة اقليم كوردستان – العراق ممثلة بوزارة المالية والاقتصاد وتتحمل الوزارة تبعات التعويض بعد اكتساب القرار الدرجة القطعية.

2- لا تسمع دعاوي التعويض بموجب هذا القانون بعد مضي ستة اشهر على اكتساب قرار الافراج او الحكم بالبراءة الدرجة القطعية.

3- ينتقل حق التعويض عند وفاة صاحب الحق الى الزوج والاولاد والوالدين فقط.

4- يتوجب حضور عضو الادعاء العام كممثل للحق العام في المرافعات وله حق الطعن وفقا لقانون الادعاء العام.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش كەرەم بكەن.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

داوا كردنی قەرەبووكردنەوە ئەم ڕێكارانەی خوارەوەی دەبێ:

1- داوا لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق پێشکەش دەکرێ، کە وەزارەتی دارایی و ئابووری نوێنەرایەتی دەکات و وەزارەت قەرەبووکردنەوەکەی بەپێی یاسا دەگرێتە ئەستۆ، دوای وەرگرتنی پلەی کۆتایی.

2- گوێ لە داواکاری قەرەبووکردنەوە بەپێی ئەم یاسایە ناگیرێ، دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر وەرگرتنی پلەی کۆتایی بڕیاری بەردانەکە، یاخود حوکمدان بە بەرائەت.

3- مافی قەرەبووکردنەوە لە کاتی مردنی خاوەن مافەکە، تەنیا بۆ هاوسەرو منداڵ، یان دایك و باوك دەگوازرێتەوە.

4- پێویستە ئەندامی داواکاری گشتی وەك نوێنەری مافی گشتی لەکاتی دادگایی کردن ئامادە بێ و مافی تانە لێدانی هەیە، بەپێی یاسای داواکاری گشتی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە؟ ئەو بەڕێزانەی کە داوایان کردووە قسە بکەن، ڕێزداران (شێرزاد حافز، نەریمان عبداللە، کاروان صالح، کاردۆ محمد، عمر عبدالعزیز، هاژە سلیمان، برهان رشید)، ئەم سێ ڕێزدارە سۆزان شهاب، پەیمان عزالدین، تارا ئەسعەدی ئیزافە بوو، کەسی تر نییە؟ کاك شێرزاد کەرەم بکە.

**بەڕێز شێرزاد عبالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەکەمدا (تقام الدعوى على حكومة اقليم كوردستان – العراق ممثلة بوزارة المالية والاقتصاد وتتحمل الوزارة تبعات التعويض بعد اكتساب القرار الدرجة القطعية)، من لێرە پێموایە ئەم خاڵە هەمووی هەر نابێت حکومەتی هەرێم ئەو تەعویزە بداتەوە، یان وەزارەتی مالیە، چونکە زۆر شتی تر هەیە لە فڕاندن و کوشتن و ئەو شتانە هەیە، کە ئەمە گرووپێك وا دەکات، مەسەلەن حزبێك دەیکات، یان شتێکی تر دەیکات، ئەوە وا بکرێت کە ئەم تەعویزە، ئەو کەسە بیداتەوەو تەحەمولی ئەوە بکات، کە ئەو کەسە بە کارەکە هەڵستاوە.

دووەم/ ئەوەی شەش مانگەکە، من شەش مانگەکەم پێ کەمە، ئەگەر بکرێت زیاد بکرێت بیری لێ بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار نەریمان کەرەم بکە.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار لە بڕگەی دوو، من تێبینیم هەیە، دەڵێت (لا تسمع دعاوي التعويض بموجب هذا القانون بعد مضي ستة اشهر)، لێرە پێویست دەکات (بدون عذر شرعي) بۆ زیاد بکرێت، لەبەر ئەوە هەندێ

جار هەیە کەسێك توانای نییە لەو مودە عوزری شەرعیشی هەیەو لە قانونیشدا ئەم عوزرە شەرعیە لە هەموو شوێنێکدا هاتووە، بۆ ئەم حاڵەتانە، بۆیە (بدون عذر شرعي)ـەکە پێویست دەکات بۆی زیاد بکرێت. بڕگەی سێ (ینتقل حق التعويض عند وفاة صاحب الحق) لێرە نووسراوە (ینتقل حق التعويض عند وفاة صاحب الحق الى الزوج والاولاد والوالدين فقط)، بۆیە من داوا دەکەم ئەمە لابرێت، لە قانوندا ئەصحابی حەقی شەخصی هاتووەو دیاری کراوە، بەڕێزانی لیژنەی یاسایی دەزانن ئەصحابی حەقی شەخصی کێیە، فراوانترە لەوە، بۆیە بۆ ئەوەی ئەو حەقە نەفەوتێ، بکرێتە (اصحاب الحق الشخصي)، (بدون عذر مشروع)ـەکەش بۆ شەش مانگەکە زیاد بکرێت، لەبەر ئەوە هەندێ جار عوزر هەیە، کە ناتوانێت شکایەت بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار کاروان صالح کەرەم بکە.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە داوا کردنی قەرەبوو کردنەوە بەپێی ئەو رێ و شوێن و ئەو مەرجانەی کە دانراوە، مافی کۆمەڵێك خەڵك لەو بڕگانە پێشێل دەکات، بۆیە ئەو یاسایە حەق وایە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو یاسایە ئەسەری رەجعی هەبێت، چونکە ئێمە پێمان خۆش بێت، یان پێمان ناخۆش بێت، بەپێی زورفێکی نائاسایی لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی 1991ـەوە، ئەو بیست ساڵە تاکو ئێستا دەیان کەس ئەو مافی قەرەبوو کردنەوەیان هەیە، لەکوێ داوا بکات؟ لەکوێ شوێنی بۆ دەکەیتەوە؟ کە خەڵکێك ماددی و مەعنەوی زەرەرمەند بوو بێت، یان ئەندامێکی لەشی لەدەست دابێت، یان خانەوادەیەك، خێزانێك، تاکێکی ئەو خێزانەی لە دەستدا بێت، کێ قەرەبووی دەکاتەوە؟ بەپێی چ یاسایەك، ئەگەر ئەسەری رەجعی نەبێت، ئەگەر بڕگەیەکی بۆ زیاد نەکرێت لەو یاسایە، پێموایە ئێمە نابێت لەوە بترسین حاڵەتێك بووەو روویداوە، هەر هەمووومان تێدا بەرپرسیارین، دەبێ ئەو لایەنە، ئەو کەسە، هەر کێ، ئەو قەرەبوو کردنەوەیەش شمول بکات، دەبێت دەفعی بکات، بەپێی یاساش شوێنی بۆ بکرێتەوە، نەك ئیلا ئەوانەی لە قەزا، لە دادگا داوای قەرەبوو کردنەوەیان بۆ بکرێت، ئەوانەی ئیلا لە دادگا شتیان تۆمار کردووە، چونکە زۆر کەسیش هەیە لە دەرەوەی دادگا ئیجرائاتی لەگەڵ کراوە، لە دەرەوەی دادگا گیراوە، لە دەرەوەی دادگا............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە رجائەن، وەرەوە سەر ماددەکە، رجائەن، خەڵك ئیتیهام مەکەن لە بەلاش، پێشتر گوتمان بەبێ بەڵگە، بەبێ ئەوەی لەناو لیژنەکەت کۆبوونەوەت کرد بێت، راپۆرتت هەبێتن لە خۆڕایی ئیتیهامی خەڵك مەکە، ئەوە پەرلەمانی کوردستانە، تکایە، رجائەن وەرەوە سەر ماددەکەی خۆت، کەرەم بکە.

**بەڕێز كاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە ئیتیهام نییە، ئەوە حەقیقەتە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئیتیهامە، دانیشە رجائەن، تكایە دانیشە، كاك كاردۆ كەرەم بكە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە لە ماددەی چوار بڵێین حكومەت تەحەمولی تەبیعاتەكە دەكات، نەك وەزارەت لەم ماددەیەدا، چونكە راستە وەزارەت نوێنەرایەتی دەكات، بەڵام تەحەمول كردنەكە دەكەوێتە ئەستۆی حكومەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عمر عبدالرحمن كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی چوارەوە، من پێموایە بەو پێیەی كە سێ، چوار حاڵەتمان لەم یاسایە ئیقرار كردووە، وەكو ئیحتیمالات نموونەشی فیعلەن هەیە، مەسەلەی دەستگیر كردنی تەعەسوفی، یان تێپەڕینی ماوەی یاسایی دەستگیر كراو، یان حوكم كراو، یان تەنانەت سزای نایاسایی بۆ دەستگیراوان، كە سەلبی ئازادی لە خیلالی ئەو سزایەوە، ئەوە لە ماددەی دوو ئیقرارمان كرد، من بۆ ئەم مەسەلەیە ئاماژە بەوە دەكەم، كە ئەم حاڵەتانە، ئەگەر نادریش بن، زۆری حاڵەتەكان و ئەگەرەكان، دووبارە بوونەوەی ئەگەرەكان وا دەكات، كە ئێمە باسی میزانیەیەك بكەین بۆ ئەو مەوزوعە، كە وابزانم جێگەكەی لێرەیە، ئەگەر كاك شێروان و كاك عەونیش لەبیریان بێت لە كۆبوونەوەیەكی تایبەت باسی سندوقێكمان كرد، كە مەجلیسێك لە مەجلیسی قەزا بێت، یان لە كوێ بێت موناقەشەمان كرد هەندێ بە سوپاسەوە ئێمەش بەشداریمان تیا كرد بوو، لەبەر ئەوە پێم باشە لەم بڕگەیە، لەم ماددەیە فەقەرەیەك بەم عینوانە، یان بەم عیبارەتە زیاد بكەین (تخصص میزانیة لهذا الغرض من المیزانیة العامة للاقلیم)، چونكە لەوێش باسمان لێ كرد، كە مەجلیسی قەزا سندوقێكی لەبەردەست بێت، دوایی بە ئالیەتێك لە بەینی وەزارەتی دارایی و مەجلیسی قەزا، ئەوە من بە سەغرەیەكی دەزانم، كە لە یاسایەكە باسی نییە، چونكە دەبێت زەمانێك هەبێت، یان كێشە بۆ دارایی دروست نەبێت.

نوقتەی دووەم/ منیش وا دەزانم بەنیسبەت خاڵی دووەوە، كە تەسك كردنەوەی سەقفی زەمەنی دەستگیر كراوان و قەرەبوو كراوانی بێ پاساوی یاسایی، یان هەرچی ناوی دەنێی، تەسك كردنەوەی ئەو سەقفە زەمەنیە لە شەش مانگە ئیجحافە بە حەقی زۆرێك لە هاووڵاتیان، كە وا نازانم لە رێگاكانی تری یاسایی،

چونكە هەموو جارە بە زەریعەی قەوانینی تر هەیە، دەكرێت دەعواو شەكوا قەید بكەن، ئێمەش ئەگەر تێدەپەڕێنین، بەڵام بە فیعلی حاڵات هەیە، من وا دەزانم ئیعادەی نەزەری ئەو سەقفە زەمنیە بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار هاژە كەرەم بكە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی چوارەم، بڕگەی یەكەم، منیش وەكو ئەو هاوكارانەی لەپێشم باسیان كرد (تقام الدعوى على حكومة اقليم كوردستان)، وابزانم ئەوە نابێت، چونكە دەبێت لەسەر (تقام الدعوى على الجهة المنفذة)، یەعنی ئەو كاتە بە ئیجرائاتەكەی دێتە خوارەوە، ئەو كاتە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە موازەنەكەی بلێین لە وەزارەتی مالیە پارەكە تەخصیص دەكرێت.

دوایی خاڵی دووەم (لا تسمع دعاوي التعويض بموجب هذا القانون بعد مضي ستة اشهر)، من پێموایە بكرێتە (سنة)، چونكە وەكو ئەوەی مامۆستا عمریش باسی كرد، لەوانەیە هەندێ كەس نەتوانێت لەو ماوەیە ئەو تەعویزە داوا بكات، بۆیە من پێشنیار دەكەم بكرێت بە یەك ساڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار برهان كەرەم بكە.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی چوار لە یاساكە، من حەز دەكەم تەوزیحێك بدەم لە دوو خاڵی یاسایی:

یەكەمیان/ بۆ داواكردنی تەعویز تەتبیقاتی قەزائی لە دادگاكانی هەرێمی كوردستاندا، تەتبیقاتی مەیدانی، لە حاڵەتی وجودی ئیتیهامی كەیدیە دادگاكانی بەدائە دەعوای تەعویز وەردەگرن، هەر چ كەسێك، من بە ناحەق گیرا بم، ئیتیهامێكی كەیدی كرابم لەلایەن كەسێكەوە، داوای تەعویز لەو كەسە بكەم، بەڕاستی حەق نییە لە مەوزوعی ئیتیهامی كەیدیە، كە لە تەتبیقاتی قەزائی خۆماندا وجودی هەیە، تۆ حەقت هەیە شەكوا بكەیت لەو كەسەی بسەنی كە ئیتیهامە كەیدیەكەی پێ كردووی، تۆ لێرە بێیتەوە هەر دەمجی بكەیتەوە لەگەڵ وەزارەتی مالیە، ئەمە بەڕێز كاك شێروان لەلایان وازیحە.

حاڵەتی دووەم هەیە، لە حاڵەتی دووەم خۆمان باش دەزانین لە ئیتلاقی سەراح، لە ئازاد كردندا دوو حاڵەت هەیە (الحكم بالبراءة لعدم وجود الادلة)، (الحكم بالافراج لعدم كفاية الادلة)، حوكمدان بە بەرائەت وجودی ئەدلە هەر وجودی نییە لە ئەساسدا، ئەمە ئەم كەسە حەقی خۆیەتی داوای تەعویز بكات، بەڵام حوكمدان بە ئیفراج، لەبەر تەواو نەبوونی ئەدیلە، كیفایەت نییە، ئەدیلە هەیە، بەڵام كیفایەت نییە بۆ حوكم، قەرینەیەك هەیە، یاخود شایەتێك هەیە، یاخود سەیری دەكەیت دوو شایەت هەیە، دەبێت دادگا حوكمی

ئەو کەسە بدات، حوکمی زیندانی بۆ دەربکات، بەڵام سەیر دەکات شایەتەکە ژنن لەسەر مێردەکەی، یان مێردەکە لەسەر ژنەکەی بووە مەسەلەن، کە بەپێی یاسا پێویستە ئیهداری شایەتی ژن لەسەر مێردەکەی، یان مێرد لەسەر ژنەکەی بکات، لەو حاڵەتە، بۆیە مەحکەمە حوکمی نەداوە، ئەدیلە هەبووە، بەڵام کیفایەت نەبووە، لەوە بە رەئی من حەق نییە لەوە، ئەو کەسە حەق حەقی تەعویزی هەبێت، لەبەر حاڵەتی یەکەم گوتم ئیتیهامی دی، ئیتیهامی تر دادگا حەقی داوەتە تەتبیقاتی قەزائی، یان ئەوەی کە ئیتیهامی کردووین داوای تەعویزی لێ دەکەیت، حاڵەتی دووەم/ حاڵەتی ئیفراج لەبەر نەبوونی کیفایەتی ئەدیلە، ئەوە ئەدیلە هەیە، بەڵام موتەکامیل نییە، یان نیوەی ئیهدار کراوە، ئەوە برادەرانی قانونی و ئەو بەڕێزانەی لە دادوەری ئیشیان کردووە، ئەوان باشتر دەزانن.

حاڵەتی سێیەم/ بەڕاستی (بدون ایه تعلیق)، حاڵەتێك باس کرا، کە قانونەکە ئەسەری رەجعی هەبێت، بەڕاستی سەرۆکی پەرلەمان، حەقە ئەسەری رەجعی هەبێت، گیراوی سیاسی لەگەڵ رێزمان هەبووە، من خۆم یەکێك بووم لەوانە، کە لە سجنی گرتووخانەی حزبیدا سجن بووم، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سۆزان شهاب کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار، لەبەر ئەوەی زۆر باس لەوە کرا، کە جیهاتێکیش هەیە، یاخود بڵێین ئەو شوێنانەی کە ناقانونین، یاخود غەیر موختەسن، هەڵدەستن بەم کارە، بۆیە لێرە ناکرێت تۆ تەنها دەعوای تەعویزەکە بەرز بکەیتەوە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی وەزارەتی دارایی، بۆیە من دەڵێم (تقام الدعوى على حكومة اقليم كوردستان – العراق ممثلة بوزارة المالية والاقتصاد أو الجهة التي قامت بالحجز)، چونکە ئەوە دەتوانێت تەعویز بداتەوە، کە بڵێین ئەو لایەنانەی هەڵستاوە بە حجز کردنەکە.

یەك خاڵی تر هەیە لێرەیە، من دەمەوێت پرسیاری لەسەر بکەم، دەزانین تەعویزی ئێمە زیاتر دائیمەن لایەنە ماددیەکە دەگرێتەوە، بێ لەوەی کە لە ماددەی پێنجەمدا هاتووە لایەنە ئەدەبیەکەش چۆن چارەسەر دەکرێت، بەڵام حاڵەتێك هەیە دوورو درێژی ئەو ماوە حجزە کارێك دەکات لەسەر ئەوەی ئەو کەسە، ئەگەر وەزیفەیەکیشی هەبێت فەسل دەکرێت لە وەزیفەکەی، ئەگەر بگوترێت دەگەڕێتەوە بۆ وەزیفەکەی پاش بەرائەتەکەی، ئەویش حاڵەتێکە زۆر زۆر بە زەحمەتی دەکرێت، من خۆم لە گەڕاندنەوەی چەند کەسێکدا بەشدار بووم، بەڵام ئەو کارە زۆر بە زەحمەت کراوە، بۆیە لێرەدا جێگەی خۆیەتی باس بکرێت، چونکە ئەگەر تەجاوزی مودەیەك بکات ئەمری فەسلی بۆ دەردەچێت، گەڕاندنەوەی زۆر زەحمەتترە لەوە، یەعنی دەبێت ئیعادەی تەعین بکرێتەوە جارێکی تر، حاڵەتی دیکەی وا روویداوە، بۆیە من ئەو قسەیە لە بەلاش ناکەم، بۆیە حاڵەتی وا هەیە، لەبەر ئەوە من داواکارم تەنانەت رەچاوی ئەو

فەترەیـەش بکرێـت، کـە هەشـت سـاڵ کـابرا لـە حجـزدا بـووە بـۆ نموونـە، کـێ تـەعویزی ئـەو هەشـت سـاڵە دەداتـەوە وەکـو خدمـە؟ ئـەی باشـە ئـەو تەعەسـوف بـووە، لـە دواییـدا دێتـە دەرەوە حـەقی ئـەوەی هەیـە تەعویزی ماددی بکرێت، بەڵام ئەی ئەو مودەیـەی بـە ناحـەق لـە ژوورەوە بـووەو لـە خزمـەتی دەوامەکـەو وەزیفەکەیدا رۆیشتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار پەیمان کەرەم بکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەم ماددەیە قسەم لەسەر بڕگەی یەك و دووی هەیە، چونکە بڕگەی یەك لەگـەڵ مـاددەی دوودا نـاکۆك دەبێت، ئەگەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ئێمە لە ماددەی دوودا کە تەصویتمان لەسەر کـرد، هـەموو ئەوانـەی کە تەوقیفی تەعەسوف کراون، یان با بڵێین مودەی مەوقوفیەتیان تەجاوزی کـردووە، بـەڵام هـاتووین لێـرە ئەوانەی کە دەتوانن تەلەبی تەعویز بکەن، ئەوانەنن لە دوای (بعد اکتساب القرار الدرجة القطعیة)، یەعنی ئێمە دەزانین لە کاتی گرتنی کەسێکەوە هەتا دەچێتە بەردەمی مەحکەمەی موختەس، کۆمەڵێك مـەراحیل هەیە، یەکێك لەو مەرحەلانە مەحکەمەی تەحقیقە، کە جائیزەو دەکرێت، زۆر حاڵـەتی واش هەیـە، ئێسـتا لە مەحاکیمەکانی هەرێمی کوردستاندا، ئەوانە پێش ئەوەی ئیحالە بکرێن حاکمی تەحقیق لەبەر نـەبوونی ئەدیلە ئیفراجیان دەکات، یان بەرائەیان دەکات، کە ئەمە پێویستی بـە ئیکتیسـابی دەرەجـەی قـەتعی نییـە، لەبەر ئەوەی ئەسڵەن نەچۆتە بەردەم مەحکەمەی موختـەس، ئەمانـە لـەکوێ تـەعویز وەردەگـرن؟ یـەعنی ئەمە پرسیارە بـۆ لیژنـەی یاسـا، ئەمانـە چـۆن داوای تەلـەبی تـەعویز دەکـەن، لەکاتێکـدا ئەسـڵەن نەچـۆتە خانەی ئیکتیسابی دەرەجەی قەتعی، چونکە گرتنەکەیان بە تەعەسوف بووە، حاکمی تەحقیق هـەر رێگـەی نەداوەو زۆر حاڵەتی لەوانەش هەیە، یەکێك لەوانە حاکمی هەڵەبجە بوو لەو ئەخیرانەوە، ئێمـە بـۆ خۆمـان لیژنەی مافی مرۆڤ سەردانمان کرد، کە کەسێك سەرەتا بـەبێ ئـەمری حـاکم گیـرا بـوو، دواتـر لەبـەر ئـەوەی ئەمری حاکم نەبوو بەردرا بوو، دوایی حاکم ئەمرێکی دەرکرد بوو لە حاکمی تەحقیقی دوای ئەو گۆڕا بوو بە حاکمی تەحقیقێکی تر، لەبەر عەدەم کیفایەتی ئەدیلە، لەبەر ناڕاستی ئەدیلەکان ئیفراج کرا، ئەم کەسە ئیکتیسابی دەرەجـەی قـەتعی ناکات، لەبـەر ئـەوەی مەحکەمـەی موختەسـی نییـە، لـە کـوێ داوای تـەعویز دەکات؟ کە زۆرینەی خەڵکەکانی ئێمە، بەشێکی هەرە زۆریان لەوانەن، کـە ناچـێتە مەحکەمـەی موختـەس، لە ئەسنای تەحقیقدا ئیفراج دەبن، یان بەرائەیان بۆ دەکرێت.

سەبارەت بە بڕگەی دووش، من قسەم لەسەر ماوەی شەش مانگەکە هەیە، پێموایـە ئەگـەر زیـاد کردنـی بـە (نەبوونی عوزرێکی مەشروع)، یەعنی عوزری مەشروعی بۆ زیاد نەکرێت، بـۆ ئـەو بڕگەیـە، دەبێـت شـەش مانگەکە زیاد بکرێت، چونکە ئـەو شـەش مانگـە کەمـە بـۆ رەفعـی دەعـوا، لـە زۆربـەی حاڵەتەکانیشـدا سـاڵ هەیە، سێ سـاڵ هەیـە، لەگەڵێشـیدا دان بـەوەدا دەنرێـت، کـە ئەگـەر عوزرێـك هـەبوو، یـان زروفێکـی قـاهیر

هەبوو، نەیهێشت ئەو کەسە رەفعی دەعوا بکات، ناچێتە ئەو مودە زەمنیەوە، لەبەر ئەوە بەو نەوعە عیلاج بکرێت، یان شەش مانگەکە بکرێت بە ساڵێك، یان ئەو عوزرە مەشروعەی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار تارا ئەسعەدی کەرەم بکە.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بڕگەی یەکەم وا دەبینم، (تقام الدعوى على حكومة اقليم كوردستان – العراق ممثلة بوزارة المالية والاقتصاد وتتحمل الوزارة تبعات التعويض أو اخذ التعويض في مدة اقصاها شهر واحد)، یەعنی تەحدید بکرێت (بعد اكتساب القرار الدرجة القطعية)، لێرەدا ئەهمیەتی ئەوە پیشان دەدرێت، کاتێك وەردەگرێتەوە چۆن ئەو شەش، حەوت ساڵ رۆیشتووەو لە تەوقیفدا بووە، هاتۆتە دەرێ، یان حوکم بووە، دوایی بەرائە دەرچووە، دەبێت بەلای کەمی مودەکەی بۆ دابنرێت، ئەگەر مانگێکیش نەبێت، مودەیەکی تایبەتی بۆ دابنرێت، تاکو ئەویش دڵنیا بێت لە وەرگرتنەوەی بە زووترین کات.

پشتگیریش لە سۆزان خان دەکەم بەڕاستی، لە جیهەتی ئەو کەسە تەنها بەس مەحکەمەکە نەبێت تەعویزی بکاتەوە، بەڵکو جیهەی تریش هەبێت، سنینی خزمەت بۆی حیساب بکرێت لەو کاتانەی لە کارەکەی خۆی خراوەتە سجن و سەلبی حوریەتی لێ کراوە، ساڵانی خزمەتی بۆ حیساب بکرێت، کە بگەڕێتەوە بۆ کار کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئێستا لیژنەی یاسایی ئەگەر ئەو موداخەلانەی کران، کامەیان وەردەگرن؟ کامەشی بۆ دەنگدان، کەرەم بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو موداخەلانەی کە کران، دەتوانم بەچەند خاڵێك روونی بکەمەوە، سەبارەت بە مەوزوعی حەقی شەخصی موتاڵەبە بە تەعویز، حەز دەکەم برای بەڕێزم کاك نەریمان بزانێت حەقی شەخصی شتێکە، موتاڵەبە بە تەعویز شتێکی ترە، ئەوە عادەتەن حەقی شەخصی لە دەعوایەکەوە بۆ دەعوایەکی تر، مومکینە گۆڕانی بەسەردا بێت، چونکە مودەعی بە حەقی شەخصی تەعریفی کراوە لەقانونەکان، کێیەو کێ نییە، غەرز لێرە موتاڵەبەی تەعویز ئینتیقال ناکات، تەماشای زۆر قەوانینمان کرد، لەو حدودەی تەجاوزی نەکردووە، کە ئێمە دیاریمان کردووە، بۆیە بەنیسبەت تەعویزەکە ئێمە حەصرەن ئەو حدودەمان پێ باش بوو، کە لە زەوج و ئەولادو والیدەین زیاتر نەڕوات، ئەمە خاڵی یەکەم.

بەنیسبەت ئەسەر رەجعی، زۆر لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، باسی ئەسەری رەجعیان کرد، بەڕێزان، ئێمە ئەگەر ئەسەر رەجعیەکەی دابنێین، بەڕاستی ئێمە حکومەتی هەرێمی کوردستان تووشی قەیرانێك دەکەین، رەنگە هەر لەبنی دەرنەچێت، ئەمە خاڵی یەکەم.

دوو/ ئەسەر رەجعیمان دانا، لە چ تاریخێك دابنێین؟ لە ئینتیفازەوە دابنێین، لە ساڵی 2003ـەوە دابنێین، لەو رووداوانە دابنێین بەسەر هەرێمی کوردستان داهات، ئیمکان نییە ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەحەمولی ئەو تەعویزاتانە بکات، ئەوە خاڵی دوو.

خاڵی سێیەم/ بەحەقیقەت ئێمە برگە یەکمان هەیە لەنیزامی داخیلی خۆمان، دەڵێت ناکرێت ئێمە هیچ نەفەقاتێك زیاد بکەین، کە تەحمیلی ئەرکی حکومەتی هەرێم بکەین و باری قورس بکەین، باشە ئایا ئەمە بار قورس کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە؟ بۆیە حەق وایە ئێمە ئەوەلەن شانازی بەو یاسایە بکەین، کە یاسایەکی نەموزەجیە، یاسایەکی حەزارییە، یاسایەکە رەنگە لە جیهاتی نێودەوڵەتی و رێکخراوەکان تەقیم دەکرێتن، بۆیە نەفازەکەی دامانناوە لەسەر نەفازەتی، کەی ئەو قانونە تەنفیز کرا، ئەو وەختە جێ بەجێ دەکرێت، لەبەر ئەو سەبەبانەی ئیشارەتمان پێدا، ئێمە لەگەڵ ئەسەر رەجعی دانەبووین، رەنگە هەندێ لە بەڕێزان لەگەڵ ئەسەر رەجعی دابوون، بەلاَم داوای ئامارێکمان کرد، هەتا نەتوانرا ئامارێکمان بدەنێ، بڵێین ئەگەر هاتو پاش ساڵی 2003ـەوە بوو، ئامارێکیش نییە، کەواتە حاڵەتێك لێرەو لەوێ هەیە، ئێمە ناڵێین نییە، رەنگە ئەو حاڵەتانە هەبێت، بەلاَم ناکرێت ئێمە ئەم قورساییانە بخەینە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە موخالیفی نیزامی داخیلی خۆمانە، لەبەر ئەو ئەسبابانەی دیاریمان کرد.

مەسەلەی حکومەتە، یان وەزارەتی دارایی، بەڕاستی وەزارەتی مالیە ئەو جیهەتەیە، کە واریداتی حکومەتی لەلایە، بۆیە ئەوەمان کردە تەرەف، خەصم لە دەعوا، حکومەتیش بێت هەر دەچێتە وەزارەتی مالیە، فەرق ناکات، عادەتەن لە تەخصیصاتی سەنەوی، دەبێت رەچاوی ئەو مەسەلانە بکات، کە کاك عومەر ئیشارەتی پێدا، لەمەودوا دەبێت لە تەخصیصاتی مالی، ئینجا وەزارەتی مالیە تەحەمولی کرد، دەبێت ئێمە لە موازەنە ئەوە ئیسارە بکەین، کە ئەو بابەتە هاتۆتە ئاراوە، پێویستە حیسابی ئەم تەعویزە بکەین، بەگوێرەی فلان یاسا لە پەرلەمانی کوردستان پەسند کراوە.

بەنیسبەت ئەوەی مودەتی تەقادومەکە ببێتە ساڵێك، ئێمە هیچ مانیعمان نییە، وەکو لیژنەی یاسایی ببێتە ساڵێك، خاسەتەن دوای ئەوەی بووە لیژنە، رەنگە مەوزوعەکە بە ئاراستەیەکی دیکە بڕواتن، ئەگەر ساڵێك بێت، ئێمە مانیعمان نییە، شەش مانگەکە بکرێتە ساڵێك، بەلاَم نەك مانگێك، هەروەکو تارا خان گوتی، چونکە بە مانگێك ئێمە حەقی مواتینەکە دەخۆین، رەنگە هەر عیلمیشی لێ نەبێت، جگە لەوەش حەز دەکەم بە پەیمان خان بڵێم، قەراراتی حاکمی تەحقیق هەر هەموویان چ بە ئیفراج بوو، یان بە رەفزی شەکوا بوو، یان بە غەلقی تەحقیق بوو، هەمووی پاشی یەك مانگ ئیکتیسابی دەرەجەی قەتعی دەکات، واتا سەقفی زەمەنی بۆ ئیفراج و رەفزی شەکواو غەلقی شەکوا دانراوە، ئەویش مانگێکە، کە حاکم تەحقیق

قەراریـدا ئیفراجـی ئـەو شەخصـە بكـات، هـەتا مانگێـك ئـەو شەخصـە هیچـی پـێ ناكرێـت، دوای مانگێـك قەرارەكـە ئیكتیسـابی دەرەجـەی قـەتعی دەكـات، ئینجـا دەتوانێـت موتالەبـەی تـەعویز بكـات، لـە رۆژی ئیكتیسابی قەراری ئیفراج ئیكتیسابی دەرەجەی قـەتعی كـرد، لـەو رۆژەوە ئـەو سـەقفە زەمنیـە دەست پـێ دەكات، ئینجا ئەو شەش مانگەی كە موقتەرەح بوو، ئێمەش مانیعمان نییە ببێتە ساڵێك.

بەنیسبەت ئەوەی سۆزان خان كە ئیشارەتی پێدا رەدی ئیعتیبار، ئێمە لەگەڵ بۆچوونەكەی سـۆزان خـانین، بەلاَم بەداخەوە قانونی رەدی ئیعتیبـار زیـاتر لـە بیست و پێـنج، سـی سـاڵە لـەغو كراوەتـەوە لـە عێراقـدا، لێرەش پیادە ناكرێت، پێویستە ئەو قانونە ئیعادەی نـەزەری تێـدا بكرێتـەوە، قـانونی رەدی ئیعتیبـاری پـێ دەربێنن، ئەو حاڵەتانەی كە ئێمە ئیشارەتمان پێداوە، روویدا بوایە، ئۆتۆماتیكیەن ئێمە ئیعـادەی وەزیفـەی خۆی دەبۆوە، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ هیچ لایەك ببات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، هەندێك لە موداخەلەی ئەندامانی بەڕێز هات، ئەسەر رەجعی هەبێت، زیاتر لە ئەندامێك، لەبـەر ئەوە پێویستە ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، شەرح كرا، ئەوانـە دیفـاعی خۆیـان كـرد لەسـەر ئەسـەری رەجعـی، كەرەم بكە نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەكەم، نەمدەویست لە قسەكردنی جەنابت ببڕم، بەس مادام ئەوە ماددەیەكە بۆ زیاد كردنە، پێویستە چەند كەسێك دیفاعی لـێ بكـات، و چـەند كەسـێكیش دژی بوەسـتێت، ئەگـەر كەسـێك هەیـە دژی بوەستێت؟ من پێشنیار دەكەم.....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دیفاعیان لێ كرد، جوابیشیان دایەوە، من مولاحەزەی هەردوولام كـرد، ئـەو بەڕێزانـەی باسـیان كـرد جـوان دیفاعیان لە ئەسەری رەجعـی كـرد، لیژنـەی یاساییش دوانیـان قسـەیان كـردو وەلاَمیـان دایـەوە، شـتەكەش وازیحە، ئەسەر رەجعی هەبێت، یان نا، ئێستا ئەو نوقتەیە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیـە ئەسـەر رەجعی هەبێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ (31) كەس لەگەڵ ئەوەیە ئەسەر رەجعـی هـەبێت، زۆر سـوپاس، كـێ لەگـەڵ ئەوەیـە لـە تـاریخی دەرچـوونی یاسـاكەوە دەسـت بـەكار بێـت دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ (49) كـەس لەگەڵدایە، سوپاس، بۆیە لە تاریخی دەرچوونیەوە دەبێت، خـاڵێكی تـر هـەبوو، بكرێتـە یـەك سـاڵ، مـودەی تەقادوم بكرێتە یەك ساڵ، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەسـتی بـەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ كرایە یەك ساڵ، ئێستا تكایە ماددەكە بخوێنەوە، بە وەرگرتنی ئەو دوو تەعدیلەی كە كرا، بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە، لیژنەی یاسایی كەرەم بكەن.

بـەڕێزان، مـاددەی چـوار پەیوەنـدی بـە مـاددەی سـێیەوە هەیـە، كـە هەیئەكـە دادەنرێـت، موناقەشـە كـراو دیفاعی لێ كرا، تەنیا بۆ دەنگدان ماوە، ئیعادەی صیاغەی بەشێوەیەكی رێك و پێك بكرێت، ئـەویش ئێسـتا

رەکیك دەردەچێت، دەیهێڵینە سبەی، ئێستا دەچینە سەر ماددەی پێنجەم، لەبیرتان نەچێت ماددەکە موناقەشەی کرا، کەس موداخەلەی نەماوە، تەنیا صیاغەکەی دەمێنێت و سبەی تەصویتی لەسەر دەکەین، ئێستا بۆ ماددەی پێنجەم کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

1- يكون تقدير التعويض الادبي على اساس ماعاناه المتضرر من الم ومعاناة وما تأثرت به سمعته او مكانته الاجتماعية او الوظيفية.

2- يقدر التعويض المادي على اساس مافاته من كسب وما اصابه من ضرر خلال فترة التوقيف او الحكم.

3- على مجلس القضاء نشر قرارات الحكم والبراءة لمن ثبتت براءتهم في صحيفتين يوميتين في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەش کەرەم بکەن.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

1- خەملاَندنی قەرەبووکردنەوەی ئەدەبی لەسەر بنچینەی ئازار چەشتن و زیان گەیاندن بە ئابروو، یان بە پایەی کۆمەڵایەتی، یان وەزیفی دەبێ.

2- خەملاَندنی قەرەبووکردنەوەی ماددی لەسەر بنچینەی ئەوەی لە دەستی چووە لە کەسابەت و ئەو زیانەی لە ماوەی گرتنەکەدا، یان حوکمەکەی لێی کەوتووە.

3- پێویستە ئەنجومەنی دادوەریی بڕیارەکانی حوکم و بەرائەتی ئەو کەسانەی کە بێ تاوانییان ساغ بۆتەوە لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەدا لە هەرێمدا بلاَو بکاتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات کەرەم بکە؟ بۆ ئەم ماددەیە سێ ڕێزدار دەیەوێت قسە بکەن، ئەویش (برهان رشید، بێریڤان سەرهەنگ، عمر عبدالرحمن)، کەسی تر دەیەوێت قسە بکات؟ کەرەم بکە کاك بورهان.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم لەسەر بڕگەی دووی ماددەی پێنجە، کە دەڵێت (يقدر التعويض المادي على اساس مافاته من كسب وما اصابه من ضرر خلال فترة التوقيف او الحكم)، شەرت نییە ئەو زەرەرە ماددیە بەر ئەو شەخصە کەوتووە، تەنها (كسب وما اصابه من ضرر خلال فترة التوقيف)، ڕەنگە ئەو کەسە لە ئەسنای تەوقیف

کردنیدا شەڕ روویدا بێت، یان شتێك روویدا بێت تووشی دەرەجەیەکی عەجز هات بێت، تووشی ئەوە بێت ئەندامێکی تووشی دەرەجەی عەجزی لە 15٪ بووە، یان لە 60٪، 70٪ بۆی دروست بوو بێت، بۆیە حەقە تەنها حەصر نەکرێت بەو شەرحەی کە لە بڕگەی یەك و دوودا کراوە، هەندێك حاڵەتی تریشی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر لە بڕگەی دوو (وما اصابه من ضرر خلال فترة التوقیف)، هەموو شتێکە، زۆر سوپاس، ڕێزدار بێریڤان کەرەم بکە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی پێنجەمدا باسی قەرەبوو کردنەوەی ماددی و مەعنەوی کراوە، مەعنەویەکە دیاری کراوە، کە بگەڕێتەوە سەر وەزیفەی خۆی و ناویشی لە کۆمەڵ چاك بکرێتەوە، بەلاّم بۆ من زۆر گرنگ ئەوەیە قەرەبوو کردنەوەی چارەسەر کردنی تەندروستی، چونکە لە کاتی گرتنی لەناو سجن تووشی نەخۆشی دەبێت، هەروەها بەتایبەتی تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت، زۆر پێویستەو ئەرکی حکومەتە ئەوە چارەسەر بکات لە سەنتەرەکان، سەنتەری چارەسەر کردنی نەخۆشی دەروونی، ئێمە کوردەکان لە ئەوروپا زۆربەیان کە بێ تاوان لە ژێر ئەوەی سەددام حوسین گیرا بوون لەسەر کوردایەتی، لەسەر رەئی جیاواز بێت، کە دەچیە دەرەوەی وڵات پێش هەموو شتێك چارەسەر کردنی باری تەندروستی دەروونیت بۆ دەکەن، ئەگەر رۆژێکیش گیرا بێت، یان دوو رۆژیش گیرا بێت، یان مانگێك گیرا بێت، هەر بێ تاوانی، بەلاّم دەروونیت نەخۆش دەکەوێت، بۆیە زۆر پێویستە لەگەڵ مەعنەویەکەی دیاری بکرێت و تەحویل بکرێت بۆ نەخۆشخانەکان، لەوانەیە تووشی نەخۆشیش بووە لەو ماوەیەدا، نەخۆشی جەستەیی، یان دەروونی، بۆ ماوەیەکی دیاری کرا ساڵێك لە ژێر چاودێری چارەسەر کردنی تەندروستی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لە دەرەوە بە هەزارانیان شێتیش کردووە، یەعنی بە حەقیقەت چارەسەریان ناکەن، ئەوانەی تەقدیمی دەکەن زۆربەی لەبەر مەحارەبەی عەصەبی لەگەڵیان تووشی ئەعصاب بووینە، ڕێزدار عمر عبدالرحمن کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من خۆم لە راپۆرتەکەدا موشارەکەم کردووە، بەلاّم ئێستا شتێکم دیت لە ماددەی پێنج، ئەلم بکرێتە ئالام، فەقەرەی سێشی (علی مجلس القضاء نشر قرارات الحکم والبراءة)، ئەگەر بڵێین (قرارات الحکم والبراءة)، قەراری حوکم جائیزە بە ئیدانەش بێت، جائیزە بە بەرائەش بێت، لەبەر ئەوەی پێویستە بکرێتە (قرارات الحکم بالبراءة والافراج)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی بۆ ئەو موداخەلانەی کە کران.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانەی کە پێشکەش کران، پێشنیاری چاکن، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لاریمان نییە ئەوانە ئیزافە بکرێت لەسەر ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئیعادەی صیاغەی ماددەکە بکەنەوە، بۆ ئەوەی بخوێندرێتەوەو بدرێتە دەنگدانەوە، بەس ئیزافەکان ئەوانەی وەرتانگرت پێمان بڵێن رجائەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە وای لێ دێت:

المادة الخامسة:

1- يكون تقدير التعويض الادبي على اساس ماعاناه المتضرر من آلام ومعاناة وما تأثرت به سمعته او مكانته الاجتماعية او الوظيفية.

2- يقدر التعويض المادي على اساس مافاته من كسب وما اصابه من ضرر خلال فترة التوقيف او الحكم.

3- على مجلس القضاء نشر قرارات الحكم بالبراءة والافراج لمن ثبتت براءتهم في صحيفتين يوميتين في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

1- يكون تقدير التعويض الادبي على اساس ماعاناه المتضرر من آلام ومعاناة وما تأثرت به سمعته او مكانته الاجتماعية او الوظيفية.

2- يقدر التعويض المادي على اساس مافاته من كسب وما اصابه من ضرر خلال فترة الحجز أو التوقيف او الحكم.

3- على مجلس القضاء نشر قرارات الحكم بالبراءة والافراج لمن ثبتت براءتهم أو افرجت عنهم في صحيفتين يوميتين في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەم سێ بارە دەخوێنمەوە:

3- على مجلس القضاء نشر قرارات الحكم بـالبراءة والافـراج لـمن ثبتـت براءتـه أو افرجـت عنـه في صحيفتين يوميتين في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئاخیر جار بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان بەو شێوەیەی كە صیاغەتان كرد.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

1- يكون تقدير التعويض الادبي على اساس ماعاناه المتضرر من آلام ومعاناة وما تأثرت به سمعته او مكانتـه الاجتماعية او الوظيفية.

2- يقدر التعويض المادي على اساس مافاته من كسب وما اصابه مـن ضـرر خـلال فـترة الحجـز أو التوقيـف او الحكم.

3- على مجلس القضاء نشر قرارات الحكم بالبراءة أو الافراج لمن ثبتـت براءتـه أو افرجـت عنـه في صحيفتين يوميتين في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵـدا نییـە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەی شەش كەرەم بكە.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

لوزير المالية اضافة لوظيفته حق الرجوع على المشتكي او المخبر او الشاهد المتسبب لواقعة التوقيـف او الحكـم غير القانونية بما دفعه من تعويض اذا ثبت كيدية الشكوى او الاخبار الكاذب اوشهادة الزور.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش كەرەم بكەن.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی شەشەم:**

**وەزیری دارایی لە پاڵ فرمانەکەیەوە مافی ئەوەی هەیە بگەڕێتەوە سەر شکایەتکار، یان خەبەردەر، یاخود شاهێد کە بوونەتە هۆی گرتنەکە، یان حوکمە نایاساییەکە لە بارەی قەرەبووکردنەوەی کە داویەتی، ئەگەر ساغ بووەوە کە شکایەتەکە فێڵە، یان خەبەردانەکە درۆیە، یانە شایەدییەکە ناحەقە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەڕێزان، کێ دەیەوێت قسە بکات؟ ئەم بەڕێزانەی ناویان تۆمار کردووە، دەیانەوێت قسە بکەن، ڕێزداران (عمر عبدالرحمن، برهان رشید، پەروین عبدالرحمن، سیوەیل عثمان، سەرهەنگ فەرەج، کاردۆ محمد، ڤیان عبدالرحیم)، کەسی تر هەیە بیەوێت قسە بکات؟ کەرەم بکە.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من دەقاو دەق لەگەڵ ماددەکەم، بەلاَم یەك شت ئیزافە بکرێت، لەبەر ئەوەی لە ماددەی پێنج باس لەتەعویز کرا بۆ فەترەی حجز، بە واتا دەبێت بۆ حاڵەتی رجوعیش (لواقعة الحجز والتوقيف)ی بۆ ئیزافە بکرێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار بورهان کەرەم بکە.**

**بەڕێز برهان رشيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تەئیدی ئەو ڕەئیەی کاك عومەر دەکەم، پێش من ئەو قسەی کرد ئەو حجزەی بۆ ئیزافە بکرێت.**

**دووەم/ ئەوەیە (کیدیة الشکوی) نووسراوە لە دێری دووەمدا، زۆر جار ئیتیهامیش کەیدی هەیە، نەك هەر شەکوا، ئیتیهامی کەیدی، هەروەها تۆ کە حەصرت کردووە بە ئیخباری کازب و شەهادەی زور، حەقە یەمینی کازیبە لە ماددەی (258)و، تەزلیلی قەزاش بۆی ئیزافە بکرێت، یەمینی کازیبەو تەزلیلی قەزا، کە هەر لەو مەوادانە لە پاڵیان هەڵواسراوە، ئیتیهامی کەیدیشی بۆ ئیزافە بکرێت، من زۆر سوپاستان دەکەم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار پەروین کەرەم بکە.**

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نازانم وەزیری مالیە چ پەیوەندییەکی بەوە هەیە کە ئیجرائات لەگەڵ کەسی موخبیر بکات، چونکە ئەمە ئیشی دادگایە، پێویستە دادگا لەکاتی ئاشکرا بوونی خەبەری کازیب خۆی هەستێت ئیجرائات لەگەڵ کەسی موخبیر بکات، چونکە کە دەعوا رەفع دەکرێت هەر بۆلایەنی مەحکەمەو قەزایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سیوەیل کەرەم بکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کاك عومەر کردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سەرهەنگ کەرەم بکە.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی من گوترا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاردۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرپرسیارەتەکە بگرێتە ئەستۆ، ئێستا لێرە وەزیری دارایی لەپاڵ فرمانەکەی مافی ئەوەی بگەڕێتەوە، حکومەت مافی ئەوەی هەیە، یەعنی وەزیری دارایی هی پارەکەیە بەڕاستی، ئەمە بەرپرسیاریەتی قانونییە، یەعنی حکومەت مافی ئەوەیە بچێتەوە سەر ئەو شکایەتکارییە، یان خەبەرداریی، یان شاهێد، یان هەر کەسێك کە دەبێتە هۆی گرتنی ئەو ئینسانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ڤیان کەرەم بکە.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکانی من کاك کاردۆ کردی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی کەرەم بکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت کەیدیەتی شەکواو ئەخباری ئەکازیب و شەهادەی زور، ئەمانەی هەمووی دەستەواژەی موتەرادیفی یەکن بەڕاستی، ئینجا من نازانم ئیتیهام بە کەیدیەت هەر داخیلی زیمنی شەکوایەکە نابێتن، شەکوا کەیدیەکە، یاخود تەزلیلی قەزا داخیلی ئەخبار کازیبە نابێتەوە، من پێموایە ئەوانە هەموو دەستەواژەنەو لە خۆشمان نەهێناوە، لەگەڵ برادەرانی مەحکەمەی تەمییز راوێژمان کردووەو، لە قوانینی موماسیلیش ئەم دەستەواژانە هاتووە، ئێمەش پێمان باش بوو، لەبەر ئەوەی دەستەواژەی شاملن.

بەنیسبەت حکومەت، ئێمە ئەوەمان موناقەشە کرد، لێرە تەصویتمان بۆ کرد، دەڵێت حکومەت مومەسیلی وەزارەتی مالییە، یەعنی تەبیعاتەکە وەزارەتی مالیە تەداخول دەکات، زۆر تەبیعییە وەزارەتی مالیە (نیابة عن الحكومة واضافة لوظيفته) ببێتە خەصم لەجیاتی حکومەت، بۆ ئەوەی ببێتە مایەی ئەوەی هەم خەصم بێت لە دەعوا، هەمیش تەبیعاتی تەعویزەکە دەفع بکاتن، ئەوە تەسهیلاتە بۆ هاووڵاتی، بەڵام لەبەر ئەوەی هەم جیهەتی دەعوا شەخصێکە، هەم لایەنی دەفعی تەعویزەکەش دەکات، عەینی لایەنە، بۆیە ئێمە پێمان باش بوو ئەم دەستەواژەیە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە.

بەنیسبەت حجز ئێمە داخیلیمان کردووە، ئێستا داخیلی دەکەین، ئەوەش راستە، ئەو برادەرانەی کە ئیشارەتیان پێدا، ئەوە بوو مولاحەزەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرسەتیش موداخەلەیەکی هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە، کەرەم بکە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هی من هەر بۆ روون کردنەوەیە، ناحیەی خصومە لە ئیقامەی دەعوا، هەر کە گوتیان حکومەت، ناوی هیچ جیهەتێکی تری نەهێنا، یەعنی وەزارەتی مالیە، جا چ ناوی وەزارەتی مالیە لە قانونەکە هات، یان نەهات، ئەگەر گوتیان حکومەت، یەعنی وەزارەتی مالیە، ناحیەی خصومە بوو لە ئیقامەی دەعوا، نەبوو شتی تر، بەڵام ئەگەر ناوی لەلایەنێکی حکومی هێنا، دەعواکە لەسەر ئەو لایەنانە ئیقامە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بدەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

لوزير المالية اضافة لوظيفته حق الرجوع على المشتكي او المخبر او الشاهد المتسبب لواقعة الحجز أو التوقيف او الحكم غير القانونية بما دفعه من تعويض اذا ثبت كيدية الشكوى او الاخبار الكاذب اوشهادة الزور.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا گوێتان لێ بوو، نوقتەی نیزامی کاك بورهان کەرەم بکە.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، بە داوای لێبوردنی زۆرەوە، لە قانونی عقوباتدا بەسەربەخۆیی ئیخباری کازیب، تەزلیلی قەزا، یەمینی کازیبە باس کراوە، بە رەئی من بۆ موکەمیلەی ماددەکە، با نەبێت بە مەوزوعی ئیحالە لە بەدائەوە بۆ تەحقیق، هەندێکی تر موافەقەی پێویستە، قانونیەکان تێ دەگەن، ئەمەش هەر حەصر بکرێت بەوانە بە رەئی من، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کەس تەئیدی نەکردی، ئەگەر لیژنەی یاسایی وەریبگرن، ئیزافەی دەکەین، ئینجا لیژنەی یاسایی رەئیتان دەربارەی ئەو موداخەلەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەقی ماددەکە وەکو خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی تر کەرەم بکەن.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

اذا وجد مجلس قضاء اقليم كوردستان من المعلومات المتوفرة لديها، او بناء على توصية من رئيس محكمة استئناف المنطقة، او رئيس محكمة الجنايات المختصة بأن خطأ في الاجراءات القضائية، او خطأ صادرا من قاض ادى الى توقيف متهم دون وجه حق، او الحكم عليه دون مسوغ قانوني، فعليه احالة القاضي المذكور الى لجنة شؤون القضاة وفق قانون السلطة القضائية في اقليم كوردستان رقم (23) لسنة 2007.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەکوردیش کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

ئەگەر ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەلایەتی، یان لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە، یان سەرۆکی دادگای تاوانەکانی تایبەتمەند، بینی هەڵەیەك هەیە لە ڕێکارە دادوەریەکان، یان هەڵەیەك لەلایەن دادوەر بۆتە هۆی گرتنی تۆمەتبار، بەبێ حەق، یاخود حوکمدانی بەبێ بەڵگەیەکی یاسایی، دەبێ ئەو دادوەرە ناوبراوە بنێردرێ بۆ لیژنەی کاروباری دادوەران، بەپێی یاسای دەسەڵاتی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (23)ی ساڵی 2007.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ماددەی حەوت قسە بکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ ئەم چوار ڕێزدارە ناویان تۆمار کردووە، (زانا ڕەئوف، نەریمان عبدلله، کوێستان محمد، سەرگوڵ ڕضا)، کەسی تر هەیە بیەوێت قسە بکات؟ دکتۆر زانا کەرەم بکە.

**بەڕێز د.زانا ڕؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ دەقی ماددەکەم، بەس پێشنیاز دەکەم دوو بڕگەی تری بۆ ئیزافە بکرێت، ئەگەر بە خاڵ بێت، یان وەکو خۆی بێت، یەعنی دەبێت ئیقرار بکرێت، ڕاستە لەوانە قەزائیش خەتێ بکات بە شاهێد، بەلاّم لە هەمان کاتدا ئێمە بەشێکمان لەبیر چووە، ئەویش بریتیە لە عوزوی ئیدیعای عام، لەم حاڵەتدا ئەگەر ئیسپاتی خەتەئی ئەو کرا لەوەیە نەهاتۆتەوە، بڵێین نەچووە سەردانی مەراکزی تەوقیف بکات، یان وەکو پێویست موراجەعەی نەکردووە، ئەگەر ئیهمالی ئەویش هەبوو لەم قەزییە، ئەویش داوا بکرێت وەزارەتی عەدل ئیحالەی ئەو عوزوە بکات، ئەگەر ئیسپات بوو تەقصیری کردووە لە هەندێ حاڵەتدا لە ڕێی وەزارەتی عەدلەوە لیژنەیەکی لەسەر دروست کرد، یان ئینزیباتی بێت، بە هەرچ مانایەك وەزارەتی داد هەیە.

دوو/ پێشنیاز دەکەم بۆ هاوکاری کردنی لە هەمان کاتیشدا پێشنیاز دەکەم سندوقێك دروست بکرێت بەناوی (صندوق ضحایا ا لخطئ القضائي)، سندوقێك دروست بکرێت بە ناوی قوربانیانی هەڵەی دادوەری، یەعنی قەزائی، ئەگەر سوڵتەی قەزائی لە هەندێ حاڵەتدا لە غەراماتەوە پارەی دەست دەکەوێت، لەوێ ئیداعی بکات، لە هەمان کاتدا سندوقێك دەکرێت هاوکاریەکیش بێت وەزارەتی دارایی، بۆ ئەوەی بتوانێت بۆ هاوکاری کردنی قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەسانەی، کە بەپێی ئەم یاسایە مافی وەرگرتنی قەرەبوویان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار نەریمان کەرەم بکە.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ نەصی ماددەکەم، بەلاّم ئێمە چەند جۆرێك محاکمان هەیە بۆ حوکمدان و، تەوقیف و حجز کردنی تۆمەتباران، بۆیە لێرە لە حەلەقەیەکدا یەکێك لە مەحکەمەکان ونە، (محكمة إستئناف المنطقة، او

رئيس محكمة الجنايات، او الجنح)، لەبەر ئەوەی مەحاکمی جونحیش هەندێ جار حوکم دەردەکات، بۆیە لێرە جینایات تایبەتە بە حەقی عام، جونحیش حوکمە موخففەکانی تر دەردەکات، بۆیە مەحکەمەی جونحیش پێویستە لێرە ئیزافەی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کوێستان کەرەم بکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە زۆربەی ماددەکانی پێشوو لەگەڵ تەوقیف مەحجوزیشمان دانا، بۆیە بە ڕەئی من لە دێری سێیەم، کە دەڵێت (ادی الی حجز أو توقیف متهم)ی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سەرگوڵ کەرەم بکە.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە ماددەیەکی زۆر گرنگە، بەڵام ئێمە دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت، ئەو تەوصیەی لەم ماددەیە باس کراوە، رئیسی مەحکەمەی ئیستئناف، یان ڕەئیسی جینایات، ئەوان تەوصیە بکەن بەوەی کە خەتەئێکی قەزائی ڕوویداوە، زۆر جار ئەگەر ئەمە خۆیان بوون خەتەئەکەیان کرد بوو، من لێرە پێم باشە دەوری داواکاری گشتی ئێمە لە یاد نەکەین، کە ئەوان لە محاکمدا ڕۆڵی ئەوەیان هەیە چاودێری قەرارەکانی حاکمەکان بکەن، یان مەحاکم بکەن، ئەگەر غەڵەتی تیا بێت، زۆر جار بەپێی قانونی ئیدیعای عام، ئەوان بۆیان هەیە تەعن بکەن، یان ئەو قەرارانە تەمییز بکەن، بەڵام با لێرەش هەر مەجالێکیان هەبێت، ئەوانیش تەوصیە بن بە مەجلیسی قەزا بەو مەعلوماتەی کە هەیانە، لە قەرارێك، یان لە شوێنێك، ئەگەر غەڵەتی هەبێت لەسەر ئەساسی ئەو مەعلوماتەی ئەوان با ئیجرائات بکرێت لەگەڵ حاکمەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاك فرسەت ڕوون کردنەوەی هەیە، کەرەم بکە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برادەرێك پرسیاری کرد بۆ مەحکەمەی جونحی تێدا نەبێت، ڕەئیسی مەحکەمەی ئیستئناف مەسئوولی مەجموعەی مەحاکمی مەنتیقەکەیە، ڕەئیسی مەحکەمەی جینایاتیش هەروا مەسئوولە لە مەجموعەی مەحاکم، بەڵام حاکمی جونح هەر مەسئوولی خۆیەتی، خۆ بەخۆی تەقریر لەسەر خۆی نانووسێت، چونکە حاکمێکی مونفەریدە، بە تەنیا ئیش دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت مەحكەمەی جونح كاك فرسەت ئیشارەتی پێدا، ئێمەش هەر هەمان ڕەئیمان هەیە، مەحكەمەی جونح عادەتەن حاكمێك بەڕێوەی دەبات، مەعقولیش نییە مەنتیقش نییە لەسەرخۆی بنووسی، بەلاّم مەحكەمەی جینایات سێ حاكم بەڕێوەی دەبات، مەحكەمەی ئیستئناف سێ حاكم بەڕێوەی دەبات، ئەوانە مەسئوولن لە مەحاكیمەكانی دیكە، ئەمە خالێك.

خالّی دووەم/ بەنیسبەت ئیدیعای عام، ئەگەر هاتو موقەصیر بوو، ئیدیعای عام هەر تەماشا، یان هەر ئیشتیراك لەو مەسەلانە ناكات، یان لەو لیژنەیە، یان لەو مەحكەمەیە ناكات، لە هەموو بەشەكانی مەحاكم ئەوەی پەیوەندی هەیە بە حەقی عام ئیشتیراكی تێ دەكات، قانونێكی تایبەتیشی هەیە، ئەگەر هاتو موقەصیر بوو، بەگوێرەی قانونەكە تەعامول دەكرێت، بەهەمان شێوەش بەنیسبەت سولّتەی قەزائی، بەلاّم ئێمە لەبەر ئەوەی مەسائیلی قەزائیمان داخیلی ئێرە كرد، گوتمان لەناو قانونەكە وەبیرهێنانەوەیەك هەبێت، كە تەئسیر بكاتن، تەئسیری خۆی هەبێت و، لەناو قانونەكە رەنگدانەوەی هەبێت، بزانن كە قەرارات دەردەكەن، دەبێت قەرارەكان ئەو مەسەلانە بێننە پێش، بۆ ئەوەی تووشی هەلّەیەكی فاحیش نەبن، ئیلا قانونی سولّتەی قەزائی قانونێكی موتەكامیلە، لیژنەی كاروباری حوكامی تێدایە، حەقی عقوباتی ئینزیباتی هەیە، حەقی عقوباتی تریشی هەیە، كە عیلاقەی بە عقوبەی ئیدارییەوە هەیە، دەتوانێت بیداتن، بەلاّم ئەوە كە زەقمان كردۆتەوە لێرە، بەڕاستی وەبیرهێنانەوەیە، كە قانونەكە گرنگی خۆی هەیە، بۆیە لێرە زەقمان كردۆتەوە.

بەنیسبەت حجز، ئەوە كوێستان خان گوتی حجز تەوقیف نییە، مەحكمەش نایكات، ئەو حجزانەیە كە جیهاتی ئیداری دەیكەن، بۆیە داخیلی كاروباری قەزامان نەكردووە، بەڕاستی مەسەلەكە بەو شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باسی سندوق كرا، وەك پێشنیار وەریدەگرن؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو مەوزوعەمان موناقەشە كرد لە هەرسێ لیژنە، زۆربەی زۆری لەگەلّ سندوق نییە، باشە من ئینتیزار بكەم مەسەلەن تەخصیصاتی سولّتەی قەزا وەربگرم، كە لە وەزارەتی مالیە وەردەگرێت، یان موباشەرەتەن لە وەزارەتی مالیە وەربگرم، بە تەئكید موباشرەتەن لە وەزارەتی مالیە وەردەگرم، ئەوە سەهلترەو سووكتریشە بۆ هاوولاّتی، بۆیە ئێمە لەگەلّ سندوقەكە نینە، هەندێ ولاّت هەیە، نالّێم نییە،

وەزارەتی عەدل وەریگرتووە، جیهەتی قەزائی وەریگرتووە، بەلاَم ئێمە ئەو سیستەمەمان پێ باش بوو، کە وەزارەتی مالیە وەریبگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، کەرەم بکە نوقتەی نیزامییە.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی حەوت، ئێمە لە قانوندا شتێکمان هەیە پێی دەڵێن (الشکوی من القضاة)، هەروەها لە قانونی تەنزیمی قەزائی، کە قانونی مەجلیسی قەزایە، بابێك هەیە بۆ شەکوا لە حاکمەکان و لیژنەی ئینزیباتیان هەیە، ئایا ئەمە تەناقوز دروست ناکات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تەناقوزێك نییە، (شکوی من الحکام) هەیە، هەمان عقوباتی ئینزیباتیش ماقی ئەوەی هەیە هەمان عقوباتی ئینزیباتی بدات، ماقی ئەوەی هەیە هەمان عقوباتی ئیداریشی بدات، هەمان لیژنەی شەکوا لە قوزاتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بدەینە دەنگدانەوە، کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

اذا وجد مجلس قضاء اقليم كوردستان من المعلومات المتوفرة لديها، او بناء على توصية من رئيس محكمة استئناف المنطقة، او رئيس محكمة الجنايات المختصة بأن خطأ في الاجراءات القضائية، او خطأ صادرا من قاض ادى الى توقيف متهم دون وجه حق، او الحكم عليه دون مسوغ قانوني، فعليه احالة القاضي المذكور الى لجنة شؤون القضاة وفق قانون السلطة القضائية في اقليم كوردستان رقم (23) لسنة 2007.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی هەشت تکایە.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

لرئيس مجلس قضاء اقليم كوردستان اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكورديش كەرەم بكەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەريی هەرێمی كوردستان بۆی هەيە، رێنمايی پێويست بۆ كارئاسانی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم ياسايە دەربچوێنێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزانن كەس دەيەوێت قسە بكات لەسەر ئەو ماددەيە؟ نييە، بەڕێزان، ئێستا دەيخەينە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدايە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەی نۆ تكايە.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

تطبق احكام القانون المدني  قانون المرافعات المدنية والاثبات بما لا يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكورديش كەرەم بكەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی نۆيەم:

حوكمەكانی ياسای شارستانی و ياسای داد بينی شارستانی سەلماندن جێ بەجێ دەكرێت، بەجۆرێك كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم ياسايە ناكۆك نەبن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، كەس موداخەلەی هەيە لەسەر ئەو ماددەيە؟ نييە، ئێستا دەيخەينە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدايە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەی دە تكايە.

**بەڕێز صباح بيت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش كەرەم بكەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، پێش ماددەی یازدە، ماددەی سێ و چوار كە دەنگدانمان لەسەری راگرت، تكایە صیاغەكەی بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، كەرەم بكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

اولاً: تشكل لجنة في محاكم الاستئناف الواردة في المادة (14) من قانون السلطة القضائية رقم (23) لسنة 2007 للرئيس محكمة الاستئناف وعضوية قاضيين من قضاتها لكل محكمة من محاكم الاستئناف للنظر في طلبات التعويض وتكون قراراتها قابلة للطعن امام الهيئة العامة لمحكمة التمييز.

ثانياً: تختص محاكم إستئناف محل اقامة طالب التعويض او محل الحجز أو التوقيف او الحكم بالنظر في طلبات التعويض.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، وەكو خوێندرایەوە، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، شەش كەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەی چوارەم تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

**يكون طلب التعويض وفق الضوابط الآتية:**

**1- تقدم طلبات التعويض ا لى اللجنة المشكلة في محاكم الاستئناف وتتحمل الحكومة تبعات التعويض بعد اكتساب قرار اللجان الدرجة البتات.**

**2- لا تسمع طلبات التعويض بموجب هذا القانون بعد مضي سنة واحدة على اكتساب قرار الافراج او الحكم بالبراءة درجة البتات.**

**3- ينتقل حق التعويض عند وفاة صاحب الحق الى الزوج والاولاد والوالدين فقط.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەی یازدە تكایە.**

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الحادية عشرة:**

**ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەكوردیش كەرەم بكەن.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی یازدەم:**

**ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێ.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، كەس موداخەلەی هەیە؟ نییە، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، دوو كەس لەگەڵدا نییە، ئەسباب موجیبە تكایە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**من اولى الضمانات التي يتطلبها مبدأ سيادة القانون وحماية حقوق المواطنين المحافظة على الحرية الشخصية، ولما كان الاصل ان الانسان برىء حتى تثبت ادانته بمحاكمة عادلة توفر له فيها كافة الضمانات لممارسة حق الدفاع، ولما كان التوقيف اجراء قد تقتضيه الضرورة او يوجبه القانون في بعض الجرائم ولما كان استعمال هذا الحق منوطا بالقضاة وبغية معالجة حالات تعويض المحجوزين والموقوفين والمحكومين دون سند قانوني، ودفعا**

**لكل تجاوز على حريته واستمرار عيشه بكرامة، ولرفع الحيف عن المتضرر، وبغية التعويض عما لحقته من الاضرار المادية والادبية من جراء هذا التجاوز على حريته، فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، کێ دەیەوێت موداخەلە بکات؟ بەڕێزان، ئەم ڕێزدارانە ناویان تۆمار کردووە، (سۆزان شهاب، هاژە سلیمان، احمد وەرتێ، دانا سعید، نەریمان عبدالله)، کەسی تر دەیەوێت قسە بکات؟ (عبدالسلام بەرواری) ئیزافەم کرد، سۆزان خان کەرەم بکە.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من یەك تەصحیحی لوغەویە، لە ریزی ئەخیردا، کە دەڵێت (وبغية التعويض عما لحقته من الاضرار المادية والادبية)، (لحقته)، نابێت لەوێ دابنرێت، بەس (لحقته)، چونکە باسی ئینسان دەکات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار هاژە کەرەم بکە.**

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕاستی خۆی ئەو یاسایە بۆ ئەوە دانراوە، کە ئەو کەسانەی مافەکانیان پێشێل کراوە، مافەکانیان بۆ بگەڕێتەوە، ئێمە لە لیژنەی مافی مرۆڤ هۆکارە پێویستیەکانمان وا دانا بوو، ئەگەر وا دابنرێت، (لە پێناو چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و گێڕانەوەی ژیانێکی شایستە، بۆ ئەو کەسانەی بەبێ پاساوی یاسایی زیندانی کراون، تووشی زیانی ماددی و مەعنەوی بوون، بۆ ئەوەی کەرامەتی مرۆڤ بە تەواوەتی پارێزراو بێت، ئەم یاسایە دەرچووێنرا)، کە زۆر کورت و موختەسەرە، وابزانم ئامانجەکەشی دیارە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر احمد کەرەم بکە.**

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من دوو تێبینیم هەیە لە ئەسباب موجیبە، یەکەمیان/ (ولما كان الاصل ان الانسان برئ)، وابزانم ئەسڵ ئەوەیە (ان المتهم برئ حتى تثبت ادانته).**

**دووەم/ تێبینیەکی لوغەوییە، دوایی دەڵێت (وبغية معالجة حالات التعويض والموقوفين والمحكومين دون سند قانوني، ودفعا لكل تجاوز على حريته)، لەبەر ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەوقوفین و مەحکومین، کە جەمعە، باشتر وایە بڵێن (لكل تجاوز على حريتهم واستمرار عيشهم بكرامة.........)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار دانا سەعید کەرەم بکە.**

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیەکەی دکتۆر احمدم هەیە، من پێموایە بە هەڵە هاتووە، کە دەڵێت (انسان بريء)، مەبەست ئەوەیە تۆمەتبار بەریئە تا تاوانەکەی ئیسپات دەبێت، تەنیا ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار نەریمان کەرەم بکە.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو کە کاك دکتۆر احمدو دانا کردیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکەم کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزداران، لیژنەی یاسایی ئەو موداخەلانەی لەسەر ئەسباب موجیبە کرا، کامەی وەردەگرن؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی زۆری موداخەلەکان لەسەر کەلیمەی (الانسان) بوو، دوو، یان سێ موداخەلە بوو، خۆی هەردوو وشە ئێمە تەماشامان کرد بەڕاستی لە مەصادر، هەردوو وشە ئیستیعمال کراوە، ئەسڵ لە ئینسان، ئینسانیش هەر بەریئە، حالاَتی ئیتیهام حاڵەتێکی ئیستیسنائیە، لە هەندێك حالاَتیش وشەی موتەهەم ئیستیعمال کراوە، بەلاَم ئێمە پێمانوایە ئینسان ئەعەم ترەو زیاترە بەڕاستی، ئەسڵ لە ئینسان خۆی بەرائەتە بەڕاستی، نەك ئەسڵ تەنها لە موتەهەم، ئەوانی تر مەحجوزینە هینێکمان بۆ هات ئیزافەمان کردووە، ئەوانی تر مولاحەزەیەکی وا نەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، ئەسباب موجیبە لەگەڵ گشت پرۆژە یاساکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

من اولى الضمانات التي يتطلبها مبدأ سيادة القانون وحماية حقوق المواطنين المحافظة على الحرية الشخصية، والاصل ان الانسان برىء حتى تثبت ادانته بمحاكمة عادلة توفر له فيها كافة الضمانات لممارسة حق الدفاع، ولما كان التوقيف اجراء قد تقتضيه الضرورة او يوجبه القانون في بعض الجرائم، ولما كان استعمال هذا الحق منوطا بالقضاة، وبغية معالجة حالات تعويض المحجوزين والموقوفين والمحكومين دون سند قانوني، ودفعا لكل تجاوز على حريته واستمرار عيشه بكرامة، ولرفع الحيف عن المتضرر، وبغية التعويض عما لحقه من الاضرار المادية والادبية من جراء هذا التجاوز على حريته، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کەرەم بکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر پێشنیارێك کە سێ ئەندام پەرلەمان پێشنیاریان کرد، مەرج نییە لیژنەی یاسایی وەریبگرێت، یان وەرینەگرێت، ئەگەر وابێت، لیژنەی یاسا.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەبووە، نا، نا، دروستە، شتێکی قانونی کە دروست بێت، پێویست دەکاتن جارێکی تر بیخەینە دەنگدانەوە، کە هەردووکی عەینەن ئینسان بەریئە، یان موتەهەم بەریئە، زۆر زۆر تەبیعییە، ئێستا پرۆژە یاساکە لەگەڵ ئەسباب موجیبە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، تەنها دوو کەس لەگەڵدا نییە، ئێستا پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان دەکەین، سوپاس بۆ ئێوەی پەرلەمانتاران، کە زۆر بە رێك و پێکی موداخەلەتان کرد، هیلاك بوون و کارتان لەسەر کرد، ئەمڕۆ یاسایەکی بەهێز هەیە بۆ خەڵکی کوردستان بیپارێزێت، دەستخۆشی لەوانە دەکەین، کە پرۆژە یاساکەیان داڕێشت، ئەوانەی دەوڵەمەندیان کرد، ئەوانەی دەنگیان بۆدا، ئەوانەی موناقەشەیان لەسەر کرد، دەستتان خۆش بێت، دانیشتنی داهاتوومان رۆژی دوو شەممە سەعات (11)ی بەیانی دەبێتن، خوا ئاگادارتان بێت، تا ئەوکات.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16)**

**دووشەممە ڕێکەوتی 29\11\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (16)

## دووشەممە ڕێكەوتی 2010/11/29

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2010/11/29 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (16)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2010/11/29 دا بەم شێوەیە بێت:

1 -خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای زانكۆ تایبەتیەكان لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (16)، ڕۆژی دانیشتن (2010/11/29)، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی (1992)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (16)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێككەوتی (2010/11/29)دا بەو شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای زانكۆ تایبەتیەكان لە هەرێمی كوردستان.

ئێستاش داوا لە لیژنەی یاسایی و پەروەردەو خوێندنی باڵا دەكەم كەرەم بكەن بۆ شوێنی خۆیان، بەخێرهاتنی وەزیری خوێندنی باڵا ڕێزدار پرۆفیسۆز دكتۆر دلاوەر عەلائەدین دەكەین، زۆر بەخێرهاتن، هەروەها بەخێرهاتنی ڕێزدار مامۆستا سەعد مونەسیقی نێوان پەرلەمانی كوردستان و ئەنجومەنی وەزیران دەكەین، دووبارە بەخێر بێن، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێش چەند جارێك باسمان كردووە، ماددەی (71) و (72) لە پەیڕەوی ناوخۆ زۆر وازیحە، كە هەموو پرۆژەیەك دەبێت بە تەسەلسولی تاریخی دابنرێت، وابزانم كۆمەڵێك پرۆژە هەیە............

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

توخوا رجائەن دانیشە، رجائەن دانیشە، دانیشە، نیزامی نییە، رجائەن دانیشە، برام دانیشە، بەڕێز جەنابی سكرتێر موداخەلەیەكی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نە لە ماددەی (71)، نە لە ماددەی (72)، ئەو مەرجەی تێدا نییە، كو پرۆژەكان بە تەسەلسول بێنە ناو بەرنامەی كار، ئەوە پەیڕەوی ناوخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاْ كەرەم بكەن بۆ كارەكانتان.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرۆژە یاسای زانكۆ تایبەتیەكان، لە ماوەی رابردوودا بەشێوەی رێكاری یاسایی مامەڵە لەگەڵ ئەم یاسایە كراوە، خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، لەلایەن لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاْو لیژنەی یاساییەوە كۆبوونەوەی هاوبەشی لەسەر ئەنجام دراوە، راپۆرتی هاوبەش ئامادە كراوەو لەبەردەمی بەڕێزتانە، ئێمە وەكو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاْ دەرگای گفتوگۆ و پەیوەندی و هەماهەنگیمان وەگەڕخست، بۆ ئەوەی كە بیرو بۆچوونەكانی وەزارەتی خوێندنی بالاْش لە شێوەی پرۆژەیەكی تایبەتدا بێن و، ئێمە هەڵمانسەنگاندو بەشێكی زۆر لەوانە خراوەتە ناو راپۆرتی هاوبەشەوە، هەروەها بەشێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ زانكۆ تایبەتەكانیشدا گفتوگۆمان كردووەو بیرو بۆچوون و سەرنج و پێشنیاری ئەوانیش بۆ ئێمە هاتووە، بەلاْم ئەم یاسایە، یاسایەكی گرنگەو بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، پێشتریش لە هەرێمی كوردستاندا هەم دیاردەی زانكۆ تایبەتیەكان دیاردەیەكی تازەیە، هەم مامەڵەی یاسایی و رێكخستنی یاساییشی لە هەرێمەكەماندا تازەیە، دوایی گفتوگۆی زیاترمان راستەوخۆ لەگەڵ بەڕێز وەزیری خوێندنی بالاْ، هەروەها لەگەڵ لیژنەی خۆمان كرد، دوێنێ گەیشتین بەو ئاكامەی كە ئەم یاسایە هەم وەزارەتی خوێندنی بالاْو، بەڕێز وەزیری خوێندنی بالاْ، كۆمەڵێك بیرو بۆچوون و پێشنیاری تازەی خستۆتە روو، هەمیش ئێمە پێمانوایە كە هێشتنەوەی دەرگای گفتوگۆ و زیاتر دەوڵەمەند كردنی ئەم پرۆژە یاسایە بە كراوەیی مەسەلەیەكە، كە لە داهاتوودا دەمانخاتە بەردەم پرۆسەی كامل بوونی یاسای رێكخستنی ئەم بوارە گرنگە، بۆیە بۆچوونێكی هاوبەشمان هەیە، هەم ئێمەو هەم وەزارەتی خوێندنی بالاْو بەڕێز وەزیری خوێندنی بالاْ، ئەم پرۆژە یاسایە بۆ ماوەیەك دوا بخەین، كە لە داهاتوودا بتوانین چاكترو

باشتر ئەم پرۆژە یاسایە دەوڵەمەند بکەین، ئەوەش دەمێنێتەوە بۆ بەردەم ئێوەی بەڕێزو بڕیاردانی ئێوەی بەڕێز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایە ماوەیەکی زۆر دوورو درێژە، لە دەورەی پێشووش تەئجیل کراوە بۆ ئێستا، دوێنێ ئێوارەش سەرۆکی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەلای ئێمە بوو، ئامادەییان نیشاندا کە ئەمڕۆ موناقەشە بکرێت، بۆیە ئێمە ئەمڕۆ ئەم جەلسەیەمان دانا، تا ئەو بڕگەیە لە ماددەکە هەیە تەواو بکرێ، بۆیە ئێمە لە سەرۆکایەتی داوا دەکەین موناقەشە بکرێت لەسەر ئەمە، چونکە ئەمە ماوەیەکی زۆر دوورو درێژە لەبەردەستە، دەتوانرێت زۆر بە رێك و پێکی موناقەشە بکرێت، بۆیە ئێمە رێزمان هەیە بۆ رەئی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، بەلاَم ئێمە لە سەرۆکایەتی دەمانەوێت بەردەوام بێت، لەبەر ئەوە دەیخەینە بەر دەنگدانی ئێوە، ئێستا پێشنیارێك هەیە، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەی یاسایە دوابخرێت، بەلاَم ئێمە بە گرنگی دەزانین بەردەوام بین لەسەری، دەتانەوێت قسە بکەن، باشە، دوو کەس قسە بکات، کاك دکتۆر زاناو دکتۆرە رۆژان، کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

بێگومان ئێمە کاتی خۆی هەردوو لیژنە، لیژنەی یاسایی و پەروەردەو خوێندنی باڵا راپۆرتی هاوبەشمان ئامادە کردووە، بەڵێ هەموومان ئاگادارین، کە ئەم پرۆژەیە پێشتر پێشکەش کراوەو هەر یەکەشمان پابەندین بە ئیمزای خۆمان کە لەسەر راپۆرتەکە کردوومانە، بەلاَم لەهەموو حاڵەتێکدا کە شتێکی تازە دێتە ئاراوە، گرنگە بەهەند وەربگیرێت، لەم حاڵەتەدا ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ئەفکارەکان، چونکە من بەش بە حاڵی خۆم ئەم یاداشتەی ئەمڕۆ کە بە دەستم گەیشتووە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە بە هەند وەرگیراوە، من پێشنیاز دەکەم پێش ئەوەی بڕیار بدەین لەسەر ئەوەی بابەتێك بخەینە دەنگدانەوە، سەرەتا بە حوکمی ئەوەی وەزیری پەیوەندیدار بریتییە لە وەزیری خوێندنی باڵا لەسەر ئەم بابەتە، ئەو پاساوانەمان بخرێتە بەردەم، بزانین ئەو پاساوانە چین؟ واتا بە هەند وەرگرتنی ئەو پاساوانە، چونکە بە نەتیجەو لایەنێکی دیکە، ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکات، بریتییە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەو بیرو رایانەی کە هەن، بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم بابەتە لە هەر حاڵەتێکدا بێت، پێشنیاز دەکەم سەرەتا داوا لە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا بکرێت رەئی خۆی بدات لەسەر ئەم بابەتە، ئایا بە هەموار کردن بێت، یان بە تەئجیل کردن بێت؟ بۆ چ مەبەستێکەوە چۆن دەبێت؟ پاشان بێینە سەر قۆناغی دووەم، ئایا ئەم بابەتە تەئجیل دەکرێت؟ تەئجیل کردنەکە بە کۆت و بەند دەبێت، واتا بە شروت دەبێت، وادەی زەمەنی بۆ دادەنێین لەو بەینەدا، بۆ نموونە ئەگەر بڕیار درا تەئجیل بکرێت، ئایا لەو ماوەیەدا هیچ دەستکارییەکی

دەكرێت بۆ كاروباری زانكۆ تایبەتیەكان؟ واتا موقەیەدی بكەین لە حاڵەتێكدا، بەلاّم پێشتر بەلای منەوە پێشنیاز دەكەم بەڕێز رەئی وەزیری خوێندنی بالاّ لەسەر ئەم بابەتە وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دكتۆر رۆژان كەرەم بكە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دواخستنی گفتوگۆ كردنی ئەم پرۆژە یاسایە نین، لەبەر چەند هۆیەك:

یەكەمیان/ فەراغێكی قانونی لە كوردستان هەیە، كە تا ئێستا چەندین زانكۆی تایبەت لە كوردستان دامەزراوە بەبێ ئەوەی لە رووی یاساییەوە رێكخرا بێت، رۆژانە رووبەڕووی كێشەو گرفتی قوتابی و خوێندكاران دەبین، كە چەندین كێشەیان هەیە لەو زانكۆیانە لە زۆر رووەوە، رۆژانە دەرگای وەزارەت و پەرلەمان دەگرن، كێشەكانیان دەهێننە بەردەم ئێمە، ئێمەش هیچ یاسایەكمان لەبەردەست نییە، تا بتوانین ئەو كێشانەیان بۆ چارەسەر بكەین، هەروەها لە یاسای وەزارەتی خوێندنی بالاّ ژمارە (10) ساڵی 2008 ماوەیەك دانرا بوو، بۆ پێشكەش كردنی پرۆژە یاسا، بۆیە باس لە ماوە دەكەم، لەو ماوەیە دەكەم، چونكە خۆی دوا خراوە، ئەو پرۆژەیە تاخیر گەیشتە پەرلەمان، دووبارە ئێمە دیسان دوای بخەین، ئەوە بەڕاستی بەردەوام لەو فەراغە قانونیە دەبین، كێشەكانیش زیاتر ئالۆزتر دەبن، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین كەوا گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بكرێت و، وەزارەتیش، جەنابی وەزیر ئەگەر چ تێبینی هەیە، ئێمە دەتوانین تەبەنای بكەین، لێرە پێمان باش بوو گفتوگۆی لەسەر بكەین و تێبینیەكانی كە بە راپۆرت، بە نووسراوی فەرمی ئاراستەی پەرلەمان كراوە، پشتگیریمان لە بۆچوونەكانی كردووە، ئێمەش لەگەڵ جەنابی وەزیر لەو پرۆژەو پێشنیارانەی كەوا بۆ پێشكەوتنی ئەو دامودەزگایانە، كە بەرێزیان بەرپرسی یەكەمن، بۆ بەڕێوەبردن و تەتویری ئەو موئەسەساتەو ئەو دامودەزگا زانستیانە، ئێمە لە هەموو ئەو بۆچوونانە پشتگیری دەكەین، بۆیە سوورین لەسەر رای خۆمان، كە لە گفتوگۆ كردن بەردەوام بین، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ دواخستنی ئەو پرۆژە یاسایە نین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دكتۆر ئەرسەلان كەرەم بكە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تەبریراتانەی كە سەرۆكی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاّ لە پەرلەمانی كوردستان خستیە بەرچاو، پێموایە هەر بەپێی نەریتێكیش ئەگەر وەزارەتی مەعنی لە حكومەت بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی مەعنی ناو پەرلەمان موتەفیق بوون لەسەر موناقەشە كردنی، یان تەئجیل كردنی هەر پرۆژەیەك، حەقە ئیعتیبار بۆ ئەو مەسەلانە بكرێت، من تەئیدی رەئیەكەی ئەوان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دلاوەر كەرەم بكە.

**بەڕێز د.دلاوەر عبدالعزیز علاوالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

من لەسەرەتا هەروەکو دوێنێ لەگەڵ بەڕێزان لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاش دانیشتین، ئەو باسانەمان بە تێرو تەسەلی کرد، ئێمە دەستخۆشیمان لێ کردوون، لەوەی کە دوو، سێ ساڵە ئەرکیان کێشاوەو، بەڕاستی زۆر بە دڵسۆزانە کاریان لەسەر پرۆژە یاسایەك کردووە، فیعلەن فەراغێکی قانونیشمان بۆ پڕ دەکاتەوە، وردە وردە دەبێت ئەو فەراغانە پڕ بکەینەوە، چونکە شاراوە نییە لە کەس، لە ماوەی رابردوودا کێشەو بگرە قەیرانیش دروست ببوو، بەلاّم کە ئێمە باس لە یاسا دەکەین، باس لە پرۆسەیەکی درێژخایەن بۆ جیل و نەوەکانی داهاتوو دەکەین، ئێستا حاڵی حازر بۆشایی قانونیمان نییە، لەوەی کە رێنماییەکانی هەیەو خەریکین و دایدەڕێژین، رۆژانە ئەو بۆشاییەمان پڕ کردۆتەوەو کارمان لەسەر کردووە، تیپەڕاندنی یاسا بەخێرایی، بە ماوەی ئەمڕۆ بێت، یان سبەی، یان مانگێکی تر، یان دوو مانگی تر، لەو کێشەو قەیرانانە رزگار نابین، بەلاّم یەك لە هۆکارە سەرەکیەکان، من لە کۆبوونەوەی دوێنێش عەرزی جەنابی کاك عومەرو بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی پەروەردەم کرد، گوتم ئێوە وەکو پەرلەمان موخەیەرن لەوەی بتانەوێت ئەو موداوەلەو ئەو قسە کردن و دەنگدانە بەردەوام بێت، یان نا، لە هەردوو حاڵەتدا ئێمە پشتتان دەگرین، لە هەردوو حاڵەتدا تەعامولتان لەگەڵدا دەکەین، ویستان دەنگی لەسەر بدەن و باسی بکەین بڕگە بە بڕگە بەسەر چاو، ئێمە تەعاون دەکەین، چونکە روحەن ئەو پرۆژە یاسایە بۆ خاتری خزمەتی گشتییەو بۆ هاوکاری ئێمەو ئێوەیە، بەلاّم نەصەن ئێمە ئیختیلافمان هەیە، خیلافمان نییە، بەڵکو ئیختیلافمان هەیە، جیاوازی لە بڕگە هەیە، لە زۆر شتی تردا هەیە، داوای ئێمە ئەوە بوو، تەفزیلی ئێمە ئەوە بوو، کە تەئجیل بکرێت لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی خۆی ئەو پرۆژە یاسایە وەکو سۆزان خان دوێنێ ئیشارەتی پێ کرد، گوتی دوو ساڵە، سێ ساڵە خەریکین و موتەزامینە لەگەڵ ئەو پرۆژە یاسایەی، یان یاسای ژمارە (10) ساڵی 2008 خۆی ئیقرار کراوە، ساڵی 2008 یاسای ژمارە (10) کە دانرا، ئێستا بەڕێزان ئەندامانی لیژنەش و ئێمەش و ئێوەش هەموو کۆکین لەسەر ئەوەی کە یاساکە پڕیەتی لە کون و کەلەبەر، هەماهەنگ نییە لەگەڵ رەوتی پێشکەوتنی هەرێم، لەگەڵ وەبەرهێنان لە هەرێم، گۆڕانکاییەکان و پێشکەوتنی بازاڕی هەرێم و دیموکراسیەتی هەرێم، هەماهەنگ نییە لەگەڵ روانگەی کارگێری و بەڕێوەبردنی موئەسەسەکانی دەزگاکانی هەرێم، چونکە ئێمە زیاتر بەرەو شێوازێك لە کارگێری و لە بڕیاردان و دابەش کردنی دەسەلاّت دەڕۆین، کە لامەرکەزیەت دروست بێت، هەر دەزگایەك جۆرێك لە سەربەخۆیی خۆی دەست بکەوێت، ئالیەتی بۆ دابنرێت، کە بڕیار لەسەر ئەرز لە مستەوای جێ بەجێ

کردندا بدرێت، ئەو پرۆژە یاسایە، کە لە رۆژی یەکەمەوە کاری لەسەر کراوە، لە رۆژی یەکەمەوە هەوڵ دراوە هەماهەنگ بێت لەگەڵ یاسای ژمارە (10)، کە خۆی پێویستی بە گۆڕانە، یاسای ژمارە (10) لە ماوەی ساڵی رابردوودا، بۆمان دەرکەوتووە کە لە زۆر لایەنەوە رێگرە لە رەوتی گۆڕانکاری و چاکسازی بەرەو پێشەوە، لە ساڵی رابردوودا لە چەندین تەوەرەوە، وەك بەڕێزتان ئاگادارن گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیستەمی خوێندنی باڵا ئەنجامدراوە، لە ئایندەی نزیك زیاتریش دەبێت، لە پرەنسیپەوە، لە عێراقی کۆن ئێمە وا دەترازێین، لە پرەنسیپەوە لە شێوازی هەیکەلی هەرەمی ئیدارە کردنی زانکۆیەکانی هەرێم وا دەترازێین، زانکۆیەکانی عێراقی، کە کلاسیکی ئەوانەی هەرێمیشیان لەسەر دروست کراوە، بەشێوازێك ئیدارە دەکرێن، کە زۆر مەرکەزییانەیە، زۆر بە وردەکارییە، زۆر بە تەدەخولە، ئەو پرۆژە یاسایەی ئەمرۆ، ئەو پرۆژە یاسایەی خوێندنی ئەهلی لەسەر هەمان شێوازو بنەمای کلاسیکی کۆنی عێراق دروست کراوە، لەسەر هەمان بنەماو چوارچێوەی یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 2008 دروست بووە، ئێستا لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا کۆکین لەسەر ئەوەی کە یاسای ژمارە (10) پێویستی بە گۆڕانکاری بنەڕەتی هەیە، لە ئایندەیەکی نزیکدا، لە ماوەی دوو مانگ، تا سێ مانگ، دەبێت پرۆژە یاسایەك لە ئێمەوە داوایان کردووە، لە ئێمەوە بۆیان بێت، ئێمەش خەریکی داڕشتنی ئەوە دەبین، لەو دوو، سێ مانگەی داهاتوو، لەو دەقیقەی کە یاسای ژمارە (10) دەستکاری دەکرێت، بە خستنەبەری و راستەوخۆیی دەبێت ئەو پرۆژە یاسایە، ئەگەر ئیقراریش بکرێت، دەبێت دەست تێوەگرین، لێرەدا ئەگەر یاسایەك ئێمە ئیقرار بکەین، کە تەمەنی تەنها سێ، چوار مانگ بێت، بۆ خۆشمان باش نییە، چونکە دەبێت ئێمە یاسایەك دابڕێژین تەمەنی پەنجا ساڵ بێت، سەد ساڵ تەمەنی بێت، جا بۆیە تا ئیشمان نەبێتە دوو ئیش، ئێمە حەز دەکەین بە بیرتان بێنینەوە، کەوا رەوتی ریفۆرم بەشێوازێك دەڕوات، زانکۆ حکومیەکان بە هەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت لە ئایندەدا، وەك زانکۆ ئەهلیەکان، جیاوازییەك نابێت لە هەرێمدا لە بەینی زانکۆی حکومی و زانکۆی ئەهلی، هەردووکیان بەهەمان شێواز تەقیم دەکرێن و مۆڵەتیان پێ دەدرێت و ئیعتیمادیان دەدرێتێ، ئەمە لە ئایندە، جا بۆیە دەکرێت هەردوو زانکۆی حکومی و ئەهلی لە یەك یاسادا جێگایان بکرێتەوە، ئەگەر ئێمە تۆزێك سەبر بگرین، روانگەو پێشکەوتنی رووداوەکان و باسی ریفۆرمی ئایندەتان لەگەڵ بەڕێزان لیژنەی پەروەردە بەوردەکارییەوە بکەین، ئەو وەختە ئەگەر ویستتان پرۆژە یاساکەی ئێستا بەرەو پێشەوە بچێت، با لە هەمان چوارچێوە دابێت، کە ئەو وەختەی یاسای ژمارە (10) دەستکاری دەکەین، پێویست ناکات دەستکاری ئەوە بکەین، یان هەردووکی تێکەڵ بکەینەوە، ئێوەش لە ئەمرۆدا هەر بڕیارێك دەدەن، ئێمە زۆر بە سنگ فراوانییەوە پێشوازی لێ دەکەین و تەعاونتان لەگەڵ دەکەین و پشتگیریتان دەکەین، چونکە وەك گوتم لە روحن ئەوە بۆ خزمەتی بەرژەوەندی گشتی هەموو لایەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان، ئێستا وازیح بوو، تکایە ئێستا بۆ دەنگدانە، جەنابی وەزیر رەئی خۆی روون کردەوە، بەڵام من ئێستاش بەردەوامم لەسەر ئەوەی موناقەشە کردن لەسەری لە سوودی پەرلەمانە، چونکە ئەگەر نەواقص هەبێت لە یاسای ژمارە (10) دەرچوو، پاشان ئەوجا دەتوانیت هەمواری بکەیتەوە، ئێستا هەرێمی کوردستان پێویستی بەو یاسایە لەگەڵ ئەوە ئێستا ئیحتیرامم بۆ رەئی هەموو ئەو خوشك و برایانەی قسەیان کرد، ئیحتیرامم بۆ رەئی جەنابی وەزیرو لیژنەکان، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە تەئجیل و دوابخرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (64) دەنگ، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ تەئجیل کرا، تا ئیعلانی جەلسە دەکەین، ئەمڕۆ بۆ بەرنامەی داهاتوو لە رۆژی پێنج شەممە، ببوورن چوارشەممە، خوا ئاگادارتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بايز اسماعيل | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (17)**

**چوارشەممە رێكەوتی 1\12\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17)

## چوارشەممە ڕێکەوتی 2010/12/1

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2010/12/1 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (17)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (17)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2010/12/1 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

2. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای دادگە لە هەرێمی کوردستان.

3. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.

4. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (9)ی ساڵی 2008ی یاسای هەموارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979.

5. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی خشتەی بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی 2010.

6. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی.

7. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای وانەبێژی مامۆستایان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان.

8. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پشتگیری دارایی حزب و قەوارە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان.

9. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بووژاندنەوەی پێشخستنی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان.

10ـ خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای کاروباری شارستانی ژمارە (65) لە ساڵی 1972ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.

11. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پێشینەی هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستان.

12. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.

13. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای چاککردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان.

14ـ خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بەخاوەن کردنی خانووە بێ تۆمارەکان لە هەرێمی کوردستان.

15. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای دەستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (17)، ڕۆژی دانیشتن (2010/12/1)، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمووارکراوی ساڵی (1992)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (17)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێککەوتی (2010/12/1)دا بەو شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

2. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای داینگە لە هەرێمی کوردستان.

3. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.

4. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (9)ی ساڵی 2008ی یاسای هەموارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979.

5. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پڕۆژەی خشتەی بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی 2010.

6. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی.

7. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای وانەبێژی مامۆستایان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان.

8. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پشتگیری دارایی حزب و قەوارە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان.

9. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بووژاندنەوەی پێشخستنی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان.

10ـ خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای کاروباری شارستانی ژمارە (65) لە ساڵی 1972ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.

11. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پێشینەی هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستان.

12. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.

13. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای چاککردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان.

14ـ خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بەخاوەن کردنی خانووە بێ تۆمارەکان لە هەرێمی کوردستان.

15. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای دەستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان.

ئێستاش خاڵ بە خاڵی بەرنامەی کار، خاڵی یەکەم/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

ئێستا لیژنەی یاسایی با بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان، بۆ ئەوەی پرۆژە یاساکەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموو بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم، لە دوو بڕگە پێك هاتووە، خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش کراوە، بەنووسراوی ژمارە (2937) لە 2010/11/25، ئێستا لەلایەن ئەندامانی لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی و کوردی دەخوێندرێتەوە، فەرمووون.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسایە لە پێنج ماددە پێك دێت:

**پرۆژە یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان – عێراق**

ماددەی یەکەم:

مەبەست لە زاراوەکانی خوارەوە بەو شێوەیەی لە بەرامبەریان روونکراوەتەوە:

1- هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- سەرۆکی هەرێم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق.

3- ئەنجومەن: ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان – عێراق.

4- راوێژكار: راوێژكاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی كوردستان – عێراق.

5- ئاسایشی هەرێم: پاراستنی هەرێمی كوردستان – عێراق لە هەڕەشەی دەرەكی و ناوەكی.

ماددەی دووەم:

یەكەم: ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی كوردستان پێكدێت لە:

1- دەزگای ئاسایشی هەرێم.

2- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری سەربازیی.

3- ئاژانسی پاراستن و زانیاری.

دووەم: ئەنجومەن لە رێی رێكخستن و پلاندانانی سیاسەتێكی یەكخراوەیی تەناهییەوە هەماهەنگی لەنێوان سەرجەم دەزگا پەیوەندیدارەكان ساز دەكات و پەیوەست دەبێت بە سەرۆكی هەرێمەوە.

ماددەی سێیەم:

ئامانج لەم یاسایە بریتییە لە بنیاتنان و داڕشتنی بنچینەكانی ئاسایشی هەرێم لە رێگای:

1- دابین كردنی ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێم.

2- پاراستنی بنچینەو پرنسیپە دەستووری و یاساییەكانی هەرێم.

3- كۆكردنەوەو شیكردنەوەی زانیاری و هەڵسەنگاندنی هەر هەڕەشەیەك لەسەر ئاسایشی هەرێم.

4- گۆڕینەوەی زانیاری لەنێوان دەزگای تایبەتمەند لە هەرێم و حكومەتی فیدراڵ.

5- ئاڵوگۆڕی تۆمەتبارو تاوانباران و رادەستكردنی دۆزەكانیان لە نێوان دەزگا تەناهییەكانی فیدراڵی و هەرێم بەگوێرەی میكانیزمێك كەبە پەیڕەو (نظام) دیاری دەكرێت.

6- پاراستنی ئاسایشی ئابووری هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان.

7- پاراستنی ئاسایشی هەرێم لە بواری تاوانی سەخت، تاوانی رێكخراو، ماددەی هۆشبەر، ساختەكاری لە دراودا، گەندەڵی كارگێڕیی و دارایی، شتنەوەی پارە بەگوێرەی یاسا كارپێكراوەكانی هەرێم.

8- پاراستنی سیستمی زانیاری هەرێم.

9- نەهێشتنی تیرۆریزم بەگوێرەی یاسا كارپێكراوەكانی هەرێم.

10- نەهێشتنی سیخوری بەگوێرەی یاسا كارپێكراوەكانی هەرێم.

11- پاراستنی ئاسایشی گەیاندن.

12- پاراستنی ئاسایشی فڕۆكەخانەكان و دەروازە سنوورییەكانی هەرێم.

13- هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەكان بۆ پاراستنی ئاسایشی كەسانی فەرمی لەكاتی پێویستیدا.

14- بەدواداچوونی كاروباری پەنابەرو ئاوارەو ئەو بیانیانەی لە هەرێم نیشتەجێن بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان.

15- پاراستنی ئاسایشی خۆراكی و تەندروستی لەهەرێمدا بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان.

16- پاراستنی ئاسایشی وزەو دەزگا ژیارییەكان.

17- هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و نێردە دیبلۆماسیەکان و کۆنسلگەرییەکان لە هەرێم.

18- دابین کردنی ئاسایشی بارەگاو پێکهاتەکانی پێشمەرگەو کۆکردنەوەی زانیارییەکانی هەواڵگری و مەیدانی و ستیراتیجی و هەڵسەنگاندنیان.

ماددەی چوارەم:

1- ئەنجومەن راوێژکارێکی هەیە، کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە بەپلەی وەزیر دادەمەزرێت و، سەرپەرشتی و بەڕێوەبردن و هەماهەنگی نێوان دەزگاکانی سەر بە ئەنجومەنەکە ئەنجام دەدات و، هەروەها راوێژکار جێگرێکی دەبێت، بۆ هاوکاری و راپەڕاندنی کارەکانی، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی پێی دەدرێت.

2- بەرپرسی دەزگاکانی ماددەی دووەمی ئەم یاسایە ئەندامن لە ئەنجومەنەکەدا، سەرۆکی هەرێم دەتوانێت کەس، یان دەزگای تر، بەگوێرەی پێداویستیەکانی تەناهی بۆ ئەنجومەن زیاد بکات، یان بانگهێشت بکات.

3- دابین کردنی بودجەیەك لە بودجەی گشتی هەرێم بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم.

ماددەی پێنجەم:

1- ئەنجومەن رێ و شوێن و رێساکانی رەفتاری تەناهیی، مەشقی پسپۆری بۆ کادیرەکانی دادەڕێژێت.

2- کارو پەیکەربەندی ئەو دەزگایانەی لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا ناویان هاتووە بە پەیڕەوێك، یان یاسایەك، بەگوێرەی پەیوەندی دەزگاکە بە لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە رێك دەخرێت.

3- ئەرك و ماف و دیسپلینی ئەفسەرو کارمەندانی، کە لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا ناویان هاتووە، بە یاسایەکی تایبەت رێك دەخرێن.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، داوا لە بەڕێزتان دەکەین، کەوا ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکان بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، فەرموون بۆ بڕگەی دووەم.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەمی خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار/ یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە دوازدە ماددە پێکهاتووە، بەزمانی عەرەبی پێشکەشتان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشتر وامزانی ئەم پرۆژە یاسایە کە یەکەم جار خوێندرایەوە، ئەم پرۆژە یاسایەی پێشتر کە ئێمە پێشکەشمان کردووە لە تاریخی 2010/4/20، ئەمە پرۆژە یاساکەیە لەبەردەستمە، وامزانی هەر هەمان پرۆژەیە، بەس دیارە دەرکەوت دوای خوێندنەوەی ئەم پرۆژە یاسایە نییە، لەکاتێکدا ئێمە لە 2010/4/20 پرۆژە یاساکەمان پێشکەش کردووە، ئەم پرۆژە یاسایە لە 11/25 چەند رۆژێك پێش ئێستا پێشکەش کراوە، خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، ئەوەی ئێمە بۆی نەکراوە، تکایە ئەگەر روون کردنەوەیەکمان بدەنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دامەزراندنی دەزگای ئاسایش، یان هەر دەزگایەکی تر، ئەوە ئیشی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان نییە، ئەوە کاری حکومەتە، حکومەت پرۆژەکەی ناردووە، لەبەر ئەوە ناکرێت داخیلی بەرنامەی کار بکرێت، پرۆژەیەك کە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش دەکەن، چونکە حکومەت خۆی دەزانێت ئیحتیاجی بە چ دەزگایەك هەیە؟ ئەوە دامودەزگای دەوڵەتە، چۆن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن دەزگایەکی وا بەرزو باڵا دروست بکەن لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، حکومەت ئاگای لێ نییە، ناکرێت و نابێت بەو شێوەیە تەعامول بکرێت، لە نیزامی داخیلی پەرلەمانیش شتی وا قەبول ناکات، تەبعەن پرۆژەکانی حکومەتیش ئەولەویەتی هەیە، یەکەم جار پرۆژەی حکومەت دەخوێندرێتەوەو دەخرێتە بەرنامەی کارو گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئینجا پرۆژەکانی تر، ئەگەر هاتو لەناحیەی دەستووری و یاسایی مەجالی هەبوو گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سکرتێری پەرلەمان موداخەلەیەکی هەیە، با بفەرموێت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگوێرەی نیزامی داخیلی مەوزوعەکە ئەگەر ئێمە رابکێشێتە نیقاش، مەفروزە باس نەکەین، خارجی جەلسە دەتوانن لە دەستەی سەرۆکایەتی باس بکرێت، ئەوە یەك.

دوو/ بەنیسبەت ئەو پرۆژەیەی برای بەڕێزم باسی کرد، دروست کردنی وەزارەتێکی تازە، یان بەناوی وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی ناوخۆ، ئەو پرۆژەیە، ئەوەلەن/ وەزارەتێکی تازە دروست دەکات.

دوو/ لازمە قانونی مەجلیسی وەزیرانیش بێتەگۆڕین، لەبەر ئەوە دواکەوت، چونکە مەوزوعەکە عیلاقەی لەگەڵ ئەو مەوزوعەی ئێستا نییە.

هی ئێستا دەزگایەکان مەوجودن، بەس دوور نییە قانونیان نەبێت، یان قانونەکەیان کەموکورتی تیا بێت، بۆ تەواو کردنی ئەو کەموکورتیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك کەسی تر وەردەگرین، فەرموو کاك عدنان.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ، دە ئەندام پەرلەمان بۆی هەیە هەموو پرۆژە یاسایەك پێشکەش بە پەرلەمان بکات، لە پەیڕەوی ناوخۆ، لە عورفی پەرلەمان، تا ئێستا دەست نیشان نەکراوە، کە ئەندامی پەرلەمان بۆی نەبێت پرۆژە یاسایەك لەسەر مەسەلەی ئاسایش، یان پرۆژە یاسایەك لەسەر مەسەلەی عەسکەری، یان لەسەر هەر مەسەلەیەکی تر بکات، کە ئەندامی پەرلەمان دەتوانێت هەموو پرۆژە یاسایەك، کە هەر بنەمایەکی یاسایی هەبێت پێشکەش بە پەرلەمان بکات، من پێموایە قسەی لیژنەی یاسایی کەم کردنەوەی دەسەلأتەکان و مافەکانی ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو قسەی جەنابت راستە، دە ئەندام پەرلەمان دەتوانن پرۆژە یاسا تەقدیم بکەن، بەلأم ئێستا داخیلی بەرنامەی کاری ئێمە نییە، بۆ ئایندە، لە سەرۆکایەتی موناقەشەی دەکەین، یان دوایی کە هاتینە سەری قسەی لەسەر دەکەین، فەرموو خاڵی دووەم بەردەوام بن لەسەری.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامە بەڕێزەکان.

بەشی دووەمی خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار/ یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە دوازدە مادده پێکهاتووە، بەزمانی عەرەبی پێشکەشتان دەکەم.

**مشروع قانون جهاز آسايش اقليم كوردستان – العراق**

المادة الاولى: التعاريف

يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

1- الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

2- رئيس الاقليم: رئيس اقليم كوردستان – العراق.

3- رئاسة الوزراء: رئاسة مجلس الوزراء اقليم كوردستان – العراق.

4- الجهاز: جهاز آسايش اقليم كوردستان – العراق.

5- رئيس الجهاز: رئيس جهاز آسايش اقليم كوردستان - العراق

**6- نائب رئيس الجهاز: نائب رئيس جهاز آسايش اقليم كوردستان – العراق.**

**المادة الثانية: المهام والاهداف**

**يختص الجهاز بالامن الداخلي للاقليم، وعلى وجه الخصوص بمايلي:**

**اولاً: حماية الحريات العامة والخاصة ومباديء الديمقراطية وحقوق الانسان.**

**ثانياً: أمن المؤسسات الدستورية والقانونية (البرلمان، الحكومة، القضاء) في الاقليم، والشخصيات والمؤسسات وغيرها.**

**ثالثاً: أمن العمل السياسي (الاحزاب) والمهني (الجمعيات والنقابات ومنظمات المجتمع المدني).**

**رابعاً: أمن الاقتصاد الوطني (الغذاء، الطاقة) بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.**

**خامساً: أمن المطارات والمنافذ الحدودية.**

**سادساً: الامن الثقافي وتراث شعب كوردستان – العراق بكافة مكوناته القومية والدينية والمذهبية وقيمه الاصلية.**

**سابعا: جمع المعلومات عن التهديدات الداخلية الموجهة للأمن الوطني في الاقليم وتقييمها ومواجهتها.**

**ثامناً: أمن المواصلات (نقاط السيطرة الخارجية للمحافظات داخل الاقليم).**

**تاسعاً: أمن اماكن العبادة والمواقع الدينية.**

**عاشراً: أمن المنظمات الدولية والبعثات الدبلوماسية والقنصلية بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.**

**حادي عشر: حماية أمن الاقليم في مجال الجرائم الخطرة، الجرائم المنظمة، مواد المخدرات، تزوير العملات، الفساد الاداري والمالي، غسيل الاموال، وذلك وفق احكام القوانين النافذة في الاقليم.**

**ثاني عشر: حماية أمن الاثار والمواقع التاريخية.**

**ثالث عشر: متابعة قضايا اللاجئين والمهاجرين والمقيمين الاجانب في الاقليم بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.**

**رابع عشر: تبادل المتهمين والمجرمين، واحالة قضاياهم فيما بين الاجهزة الامنية الاتحادية والاقليمية وفق الالية التي تحددها القوانين.**

**خامس عشر: حماية الامن الغذائي والصحي في الاقليم من الامراض المعدية الخطيرة بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.**

**المادة الثالثة:**

**جهاز آسايش اقليم كوردستان – العراق جهاز خاص لحماية الامن الداخلي في الاقليم ويتمتع بالشخصية المعنوية والاستقلال المالي و الاداري وله ميزانية خاصة.**

**المادة الرابعة: رئاسة الجهاز**

**اولاً: يرتبط الجهاز برئاسة وزراء الاقليم.**

**ثانياً: رئيس الجهاز:**

**يعتبر الرئيس الاعلى للجهاز ويتمتع بالصلاحيات الادارية والمالية والقانونية اللازمة لادارة الجهاز وهو بدرجة وزير ويعين من قبل رئاسة مجلس الوزراء.**

**ثالثاً: نائب رئيس الجهاز:**

**ينوب عن رئيس الجهاز فيما يفوض اليه من صلاحيات، وهو بدرجة وكيل وزارة ويعين من قبل رئاسة مجلس الوزراء.**

**رابعاً: يتولى نائب الرئيس مهام الرئيس في حالة غيابه.**

**المادة الخامسة: مجلس الجهاز**

**يتألف المجلس من رئيس ونائب للرئيس والمدراء العامون واي عضو اخر ذو اختصاص يضاف من قبل مجلس الجهاز.**

**المادة السادسة: تشكيلات الجهاز**

**يتكون الجهاز من المديريات العامة الاتية:**

1- **المديرية العامة للديوان.**

2- **المديريات العامة للآسايش.**

3- **المديرية العامة للأمن السياسي.**

4- **المديرية العامة لمكافحة المخدرات.**

5- **المديرية العامة لأمن المطارات والمنافذ الحدودية.**

6- **معهد تطوير الآسايش: يرأسه ضابط لا تقل رتبته عن رتبة عميد وان يكون حاصلاً على شهادة بكالوريوس.**

**المادة السابعة: مهام مجلس الجهاز**

1- **يعقد المجلس اجتماعات دورية وعند الاقتضاء اجتماعات استثنائية.**

2- **الاشراف على سير الاعمال واتخاذ القرارات اللازمة بهذا الصدد.**

3- **اعداد ميزانية الجهاز.**

4- **اقرار اي استحداث او الغاء او تعديل للمديريات العامة والاقسام والشعب المرتبطة بالجهاز.**

**المادة الثامنة: شؤون الجهاز**

1- **يتم تعيين المدراء العامون في الجهاز من قبل رئاسة مجلس الوزراء وفق القوانين النافذة مع مراعاة الخبرة والاختصاص وسنوات الخدمة والنزاهة وان لا تقل رتبتهم عن رتبة عميد.**

2- **يتم تعيين المدراء في الجهاز من قبل رئيسه بتوصية من مجلس الجهاز ويراعى في الاختيار الخبرة والاختصاص وسنوات الخدمة والنزاهة وان لاتقل رتبهم عن رتبة مقدم.**

3- **يعد مجلس الجهاز نظاماً خاصاً للخدمة والتقاعد والواجبات والعقوبات والمكافاءات.**

4- **تخضع حسابات الجهاز للتدقيق والرقابة من قبل لجنة خاصة تشكل لهذا الغرض من قبل رئاسة الوزراء.**

5- تطبيق جميع القوانين التي تسري على قوى الامن الداخلي وعلى ضباط ومنتسبي جهاز آسايش اقليم كوردستان، ريثما يصدر قانون خاص بالجهاز كما جاء بالفقرة (3) اعلاه.

المادة التاسعة:

لرئيس الجهاز اصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ احكام هذا القانون والنظام الداخلي الخاص بالجهاز.

المادة العاشرة:

لايعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة الحادية عشرة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثانية عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

الاسباب الموجبة

انسجاماً مع التوجهات الديمقراطية والمؤسسات التي يؤمن بها الشعب الكوردستاني واستجابة لكل تطلعات مواطني الاقليم في التمتع بالامن والاستقرار والحريات والرخاء، وتنظيماً لواجبات وصلاحيات واختصاصات وتشكيلات الاجهزة الامنية في اقليم كوردستان ولإرساء دعائم نظام أمن وطني فعال ومنظم ومنسق مواكب للتحديات الامنية الداخلية والخارجية وفقاً للمبادئ الدستورية والقانونية والديمقراطية ومواثيق حقوق الانسان العالمية التي تؤمن بها حكومة اقليم كوردستان، تم تشريع هذا القانون.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان. تكایە ئەو پرۆژەیە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەكان و ئەندامە بەڕێزەكان بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژە یاسایەش بەس بە زمانی عەرەبی هاتووە، بۆیە تەحویلی دەكەین بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و سەرجەم ئەندامەكان، فەرموو بۆ خاڵی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم/ خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای داینگە لە هەرێمی كوردستان.

ئەم پرۆژەیەش بەزمانی عەرەبی پێشكەش كراوە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە، كە واژووی لەسەر كردووە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە واژوویان كردووە، ئەمانەن:

1- سۆزان شهاب نوری.
2- عمر حمد امین خدر(نورەدینی).
3- عبدالسلام مصطفى صدیق.
4- شێروان ناصح حەیدەری.

5- عمر عبدالرحمن على.

6- د.سەرودر عبدالرحمن.

7- محمد شارەزووری.

8- شلێر محی الدين.

9- د.رۆژان عبدالقادر دزەيی.

10- گەشە دارا جلال.

## مشروع قانون دور الحضانة في الاقليم

المادة (1):

تقوم دور الحضانة بقبول الاطفال ممن تتوفر فيهم الشروط المنصوص عليها في هذا القانون وتعمل على تهيئة الظروف والاجواء المناسبة لتنشأتهم يكفل نموهم نمواً طبيعياً وسليماً، كما تقوم بتقويم اتجاهات سلوكهم وتنظيم عاداتهم وذلك عن طريق تطبيق البرامج التربوية والاجتماعية الحديثة في مجالات العلاج والترويح والثقافة.

المادة (2):

تتولى وزارة العدل والشؤون الاجتماعية المهام التالية:

اولاً/ فتح وادارة دور الحضانة في محافظات الاقليم.

ثانياً/ فتح وادارة دور الحضانة الخاصة بالاطفال اللقطاء والايتام واطفال السجناء.

ثالثاً/ منح الاجازة لفتح دور الحضانة للمؤسسات الرسمية وشبهة الرسمية والنقابات والمنظمات والجمعيات والافراد واية جهة اخرى تقتضي طبيعة عملها او ظروف العاملين فيها وجود دار الحضانة فيها طبقاً للشروط المنصوص عليها في هذا القانون وصلاحية منح الاجازة مناط بالوزير او من يخوله.

رابعاً/ الاشراف المباشر على جميع دور الحضانة الوارد ذكرها في الفقرات (اولاً وثانياً وثالثاً) من هذه المادة، بما يضمن تطبيق احكام هذا القانون.

خامساً/ تحديد اجور القبول في دور الحضانة المشار اليها في الفقرتين (الاولى والثالثة) من هذه المادة بتعليمات تصدر من قبل الوزير.

سادساً:

أ- استيفاء رسم منح الاجازة لفتح دار الحضانة الاهلية مقداره (250000) مائتان وخمسون الف دينار.

ب- استيفاء رسم منح الاجازة لفتح دار الحضانة للمؤسسات شبه الرسمية والنقابات والمنظمات والجمعيات مقداره (100000) مائة الف دينار.

المادة (3):

تشكل بقرار من مدير عام الرعاية والتنمية الاجتماعية في مركز كل محافظة لجنة او اكثر برئاسة ممثل عن الدائرة ومن ذوي الاختصاص وعضوية ممثل ذات اختصاص عن كل من وزارتي التربية والصحة والمحافظة، وتتولى المهام التالية:

أ- وضع القواعد والاسس والخطط لدور الحضانة ضمن الاطر الخاصة بمهام الجهات ذات العلاقة.

ب- دراسة طلبات منح الاجازة لفتح وادارة دور الحضانة وتقديم التوصيات بشأنها.

ج- الاشراف التربوي والصحي والاجتماعي على دور الحضانة وتقديم سير العمل فيها وتقديم التوصيات والاقتراحات لرفع مستواها عن طريق التفتيش الفني.

د- قبول الاطفال اللقطاء والايتام واطفال السجناء في الحضانات الخاصة بهم.

المادة (4):

شروط منح الاجازة:

اولاً: وجود بناية تتوفر فيها جميع الشروط الفنية والصحية وتضم المرافق التالية:

أ- غرف النوم تخصص كل منها لمجموعة من الاطفال تتناسب وتسلسل اعمارهم من سن الرضاعة وحتى نهاية السنة الرابعة، على ان تتوفر فيها الاضاءة الكافية، التهوية، التدفئة، التبريد، الماء الحار، كذلك المفروشات والاسرة الملائمة لاعمار الاطفال.

ب- قاعات لعب الاطفال تتوفر فيها نفس الشروط الخاصة بغرف النوم من الناحية الصحية وتحتوي على مجموعة من الادوات والالعاب الخاصة بالاطفال تتناسب مع اعمارهم.

ج- قاعة للطعام تكون مزودة بالاثاث والادوات الضرورية بما يتناسب مع عدد الاطفال واعمارهم.

د- مطبخاً ملائماً لاعداد الطعام ومزوداً باجهزة التخزين والتبريد، اضافة الى الادوات الخاصة بتعقيم قناني الحليب.

هـ- مرافق صحية وملائمة لعدد واعمار اطفال الدار.

و- وجود غرفة او مكان او حيز مناسب للتمريض تتوفر فيها الشروط الصحية وتحتوي على دولاب مجهز بمواد الاسعافات الاولية.

ز- غرفة خاصة بالادارة والباحث الاجتماعي.

ح- مكاناً مناسباً للاستعلامات عند مدخل البناية لاستقبال الاطفال واهاليهم.

ثانياً:

في حالة تأمين وسائط لنقل الاطفال ملائمة (محورية) قدر الامكان ينبغي تأمين المراقبة للمحافظة على سلامة الاطفال.

ثالثاً:

لا تمنح اجازة فتح الدار للحضانة ما لم يحصل ذوي العلاقة او الجهات المعنية على الاجازة الصحية من وزارة الصحة بموجب شروط صحية تضعها الوزارة المذكورة، وتتضمن تحديداً لعدد الاطفال الذين تستوعبهم دار الحضانة.

المادة (5):

تسحب الاجازة من قبل مدير عام الرعاية والتنمية الاجتماعية عن دور الحضانة العائدة للنقابات والمنظمات والافراد عند مخالفة صاحبها الاحكام الواردة في هذا القانون او التعليمات الصادرة بموجبه بعد انذاره لمرتين وبناء على توصية من اللجنة المنصوص عليها في المادة (الثالثة) من هذا القانون ولصاحب الدار الاعتراض على قرار السحب لدى وزير العمل والشؤون الاجتماعية خلال مدة سبعة ايام بعد دفع رسم قدره (50000) خمسون الف دينار ويكون قرار الوزير قطعياً.

المادة (6):

يتألف ملاك دار الحضانة من:

اولاً: مديرة الدار: يشترط ان تكون حاصلة على شهادة جامعية اولية، ذات اختصاص او خريج احد المعاهد ويكون لها خبرة كافية في هذا المجال وتتولى قبول الاطفال والاشراف والمراقبة على تنفيذ البرامج وتوجيه العاملين في الدار والاشراف على تنظيم السجلات والاضابير الشخصية للاطفال واجراء المقابلات مع اولياء امورهم ووضع التقارير دورياً عن سير العمل في الدار كل ثلاثة اشهر.

ثانياً: الباحثة الاجتماعية: يشترط ان تكون حاصلة على شهادة جامعية اولية في علم الاجتماع او التربية وعلم النفس او فرع رياض الاطفال، وتتولى مهمة البحث الاجتماعي والاشراف على الطلاب بالتنسيق مع المعلمات المرشدات وتوجيهه وتوعية المربيات ومساعدتهن على تطبيق المناهج اليومية، وتقوم بدراسة حالة كل طفل واعداد تقرير دوري عنه كل ثلاثة اشهر على ان تحفظ نسخة منه في اضبارته الشخصية وترسل نسخة اخرى الى ذويه للاطلاع عليها.

ثالثاً: المعلمة: يشترط ان تكون من خريجات احد معاهد المعلمات او معهد الفنون التطبيقية او احد معاهد او دور المعلمات فرع رياض الاطفال، وتتولى الاشراف على مجموعة من الاطفال الذين تتراوح اعمارهم بين (3 – 4) سنوات لايقل عددهم عن (20) ولايزيد عن (25) طفلاً، كما تتولى تطبيق المناهج اليومية والاهتمام بالاطفال صحياً وتربوياً وتنمي فيهم العادات الخلقية الحميدة.

رابعاً: المرشدة: يشترط ان تكون من خريجات الدراسة الاعدادية في الاقل على ان تجتاز احدى الدورات التأهيلية بعد تعيينها والتي تتراوح مدتها بين (3 – 6) اشهر ويجري تعيينها في حالة عدم وجود العدد الكافي من المعلمات في الدار حسب الحاجة وتتولى مهام المعلمة المشار اليها في الفقرة (ثالثاً) من هذه المادة.

خامساً: المربية: يشترط ان تكون من خريجات الدراسة المتوسطة في الاقل على ان تجتاز احدى الدورات التأهيلية لهذا العمل بتعيينها والتي تتراوح مدتها بين (3 – 6) اشهر وتتولى العناية بالاطفال الذين لاتتجاوز اعمارهم ثلاث سنوات وتكون نسبتهم في الدار كالاتي:

مربية واحدة لكل (6) اطفال تتراوح اعمارهم بين (1 – 12) شهراً.

مربية واحدة لكل (6) اطفال تتراوح اعمارهم بين (12 – 24) شهراً.

مربية واحدة لكل (7) اطفال تتراوح اعمارهم بين (24 – 36) شهراً.

سادساً: مشرفة تغذية: يشترط ان تكون حاصلة على الدبلوم في التغذية او الصحة او اعدادية التمريض، ويكون لها خبرة في هذا المجال، وتتولى الاشراف على اعمال الطبخ واعداد الوجبات الغذائية للاطفال على اختلاف مستويات اعمارهم وحسب النسب الواردة في جداول التغذية المعدة لهذا الغرض.

سابعاً: المرضة: يشترط ان تكون من خريجات احدى مدارس التمريض التابعة لوزارة الصحة، وتتولى مهمة الاشراف الصحي على الاطفال في الدار.

ثامناً: تضم دار الحضانة عدداً من العمال وهم كل من: المراقبة، الطاهية، الغسالة، المعينة، الفلاح، السائق، الحارس.

تاسعاً: يقتصر التعيين في دور الحضانة على النساء باستثناء السائق والفلاح، فيجوز ان تكون من الرجال او النساء ويكون الحارس من الرجال فقط.

المادة (7):

اولاً: تمنح المربية في دور الحضانة مخصصات خاصة شهرية مقدارها (   ) الف دينار وتمنح كل من المرشدة والعاملة في دور الحضانة مخصصات شهرية مقدارها (   ) الف دينار.

ثانياً: تمنح العاملات والمربيات والطباخات في دور الحضانة وجبة غذاء مجاناً.

المادة (8):

شروط قبول الاطفال:

اولاً: تقبل دور الحضانة الاطفال الذين تتراوح اعمارهم (بين سن الرضاعة وحتى نهاية السن الرابعة).

ثانياً: ان يكون الطفل سالماً من الامراض السارية المعدية ومطعماً باللقاحات المقررة من قبل وزارة الصحة.

ثالثاً:

أ- يشترط في الطفل الذي يقبل في دار الحضانة الخاصة بالاطفال اللقطاء والايتام والاطفال السجناء ان لايكون له معيل قادر على اعالته شرعاً ولا مال يتعيش منه.

ب- ينقل الاطفال عند اكمالهم الرابعة من العمر الى رياض الاطفال والمراكز الاجتماعية المدنية.

ج- يجوز قطع علاقة الطفل من دور الحضانة هذه بطلب تحريري يقدم من اولياء امورهم او ذويهم بموافقة وزير العمل والشؤون الاجتماعية او من يخوله.

المادة (9):

تنظم الدار اضبارة خاصة لكل طفل تحتوي على كافة المعلومات المتعلقة بصحة وشخصية وسلوك الطفل ونموه الجسدي والفكري، على ان تتولى مديرة دار الحضانة رفع تقارير منتظمة بذلك الى الجهات ذات العلاقة.

المادة (10):

التنسيق مع وزارة الصحة لتنسيب طبيب اطفال او طبيب صحة عامة يشرف على النواحي الصحية المطلوبة والنظافة وتغذية الاطفال في الدار.

المادة (11):

اولاً: تخصص للاطفال في دور الحضانة الحكومية الارزاق واللوازم الضرورية ويتم تجهيزهم بها وفقاً للجداول الخاصة.

ثانياً: تلزم دور الحضانة الاهلية بتخصيص الارزاق المناسبة لاطفال الدار وفقاً للجداول الخاصة.

ثالثاً: لمديرة الدار الموافقة على صرف اغذية خاصة للاطفال من غير الارزاق المدرجة في جدول الارزاق بناء على توصية تحريرية من الطبيب.

رابعاً: لوزير العمل والشؤون الاجتماعية تعديل الجداول الخاصة بموجب التعليمات تصدر وفقاً لمقتضيات الحاجة.

المادة (12):

بناء على توصيات اللجنة وعلى ان تراعي فيها مصلحة الطفل وحاجة اولياء امور الطفل:

اولاً: يتم تحديد اوقات ساعات عمل الدار الرسمية في دور الحضانة الحكومية بتعليمات تصدر من الوزير المختص.

ثانياً: اما في دور الحضانة الاهلية فيتم تحديد تلك الاوقات والمواعيد حسب مقتضيات وظروف الجهة التابعة لها الدار واولياء امور الطفل وبمصادقة اللجنة المختصة.

المادة (13):

اولاً: لايجوز تغيير اسم دار الحضانة او نقل مبنى الدار الا بموافقة وزير العمل والشؤون الاجتماعية.

ثانياً: لايجوز التنازل عن دار الحضانة او نقل ملكيته للغير الا بترخيص جديد وفقاً لاحكام هذا القانون.

المادة (14):

اولاً: تسجل رسوم منح الاجازة المنصوص عليها في المادة (2) سادساً ايراداً نهائياً للخزينة.

ثانياً: تقسم مبالغ اجور القبول في دور الحضانة الحكومية على النحو الاتي:

أ- نسبة 40٪ لتطوير الحضانة.

ب- نسبة 40٪ حوافز للعاملين في الدور.

ج- نسبة 20٪ تسجل ايراداً للخزينة.

المادة (15):

تعفى جمع التجهيزات ومستلزمات دور الحضانة المستوردة من جميع الرسوم الحكومية، على ان تعود منفعتها للاطفال وان لا تستغل المتاجرة بها.

المادة (16):

**اولاً: يطبق هذا القانون على كافة دور الحضانة.**

**ثانياً: على دور الحضانة القائمة حالياً تكييف وضعها وفقاً لاحكام هذا النظام خلال مدة اربعة اشهر من تاريخ نفاذه.**

**المادة (17):**

**لوزير العمل والشؤون الاجتماعية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة (18):**

**يلغى نظام دور الحضانة رقم 42 لسنة 1977 وكافة تعديلاته.**

**المادة (19):**

**لايعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.**

**المادة (20):**

**ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في وقائع كوردستان.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك شێرزاد نوقتەی نیزامت هەبوو؟ فەرموو.**

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لە ئەوەلەوە ویستم ئەو قسەیە بکەم، چونکە بەڕاستی زۆر تاخیری کرد، من پێموایە لە پەرلەمانی ئێمە موتەبەع وایە بۆ خوێندنەوەی پرۆژە یاسا، لیژنەی یاسایی بەس ئەوەندە دەڵێت ئەوەندە ئەندامی یاسایی ئەم پرۆژەیان تەقدیم کردووەو، ئیتر دەدرێتە ئێوە بۆ ئەوەی ئاراستەی لیژنەکانی بکەن، بۆ خوێندنەوەی ئێمە هیچمان لەلا نییە، بەڕاستی سەرنجی ئەندامان ڕاناکێشێت، باشترین نموونەش جەنابی خۆت بە مێزەکەتدا کێشا ، بۆ ئەوەی سەرنجی بدەیت، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**خۆی بە هەردوو شێوە دەبێت، لیژنەی یاسایی خۆیان موخەوەل دەکەن بەو شێوەیە بیخوێننەوە، فەرموو کاك عەونی.**

**بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان بکەن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەو لیژنەی کۆمەڵایەتی و سەرجەم ئەندامە بەڕێزەکان دەکەین، دەبێت وێنەیەکیش بنێرین بۆ حکومەت، چونکە ئەوە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، فەرموون بۆ خاڵی تر.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرۆژەی یاسای تەئمینی صحی کەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامان پێشکەش کراوە:**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**ب/ پرۆژە یاسای (التأمین الصحي الالزامي في اقلیم کوردستان - العراق)**

**بە زمانی عەرەبی پێشکەش کراوە، لە دە مادده پێك دێت، بەڕێزان ئێمە ئەندامانی پەرلەمان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، پرۆژەی یاسای (التأمین الصحي الالزامي في اقلیم کوردستان - العراق) ئامادە کردووە، داوا دەکەین بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی کەوا خاوەن پرۆژەکەن، یان پرۆژەکەیان پێشکەش کردووە:**

1- **د.پەریهان قوبلای محمد.**

2- **د.زانا ڕۆوف حمه کریم.**

3- **پەیمان عبدالکریم عبدالقادر.**

4- **کوێستان محمد عبدالله.**

5- **نەریمان عبدالله قادر.**

6- **عبدالرحمن حسین ابابکر.**

7- **عبدالله مەلا نوری.**

8- **شەونم محمد غریب.**

9- **ناسك تۆفیق عبدالکریم.**

10- **د.جعفر رسول علی.**

11- **گەشە دارا جلال.**

12- **سۆزان شهاب نوری.**

13- **سەردار رشید محمد.**

14- **پێشەوا تۆفیق مغدید.**

15- **امینە ذکری سعید.**

16- **امیر گوگە یوسف.**

17- **عبدالله مام علی.**

18- **عبدالقادر بازرگان.**

19- ڤيان عبدالرحيم عبدالله.
20- محمد شارەزووری.
21- جلال علی عبدالله.
22- محمد دلێر محمود.
23- شێردل تحسين محمد.
24- سالم تۆما كاكۆ.
25- عدنان عثمان محمد.
26- اسماعيل سعيد محمد.
27- د.رفيق صابر قادر.
28- د.دانا سعيد صۆفی.
29- د.احمد ابراهيم علی.
30- نەسرين جمال مصطفی.
31- هاوڕاز شێخ احمد.
32- ژيان عمر شريف.
33- سميره عبدالله اسماعيل.
34- ئەڤين عمر احمد.
35- د.ئاراس حسين محمود.
36- د.شاهۆ سعيد فتح الله.
37- پەيام احمد حمد.
38- زكيه صالح عبدالخالق.
39- بەيان احمد حسن.
40- سەرگوڵ رضا حسن.
41- د.صباح محمد نجيب.
42- حمه سعيد حمه علی.
43- هاژه سليمان مصطفی.
44- كاردۆ محمد پيرداود.

اقليم كوردستان – العراق

**المادة الاولى:**

**تكون للكلمات والعبارات الاتية المعاني المبينة ازائها:**

**الوزير: وزير الصحة في اقليم كوردستان – العراق.**

**المواطن الغير المقتدر: كل شخص له دخل مادي لا يكفيه.**

**الموظف: كل شخص عهدت اليه وظيفة داخل ملاك الحكومة وخاضع لاحكام قانون التقاعد.**

**المواطن: كل شخص مقيم في اقليم كوردستان – العراق.**

**الادارة: ادارة التأمين الصحي الالزامي في الوزارة.**

**العامل اليومي: الشخص العامل في الدائرة ويتقاضى اجراً يومياً.**

**الصندوق: صندوق التأمين الصحي الالزامي.**

**النقابة: نقابة اطباء كوردستان – العراق.**

**المستشفى: اي مستشفى تابع لوزارة الصحة.**

**المستشفى الخاص: اي مستشفى تابع للقطاع الخاص.**

**المركز: اي مركز او عيادة صحية تابعة للوزارة.**

**بطاقة التأمين الصحي: البطاقة التي يحصل عليها المواطن للتمتع بخدمات التأمين الصحي.**

**اللجنة: لجنة التأمين الصحي التابعة للوزارة.**

**المعالجة: الخدمة الطبية وتشمل الفحص السريري والمختبري والشعائي والمعالجة الفيزيائية والجراحة والولادة والادوية وغيرها من احتياجات المعالجة.**

**الحالة الطارئة: الحالة التي تستدعي الادخال الفوري للمريض لاي مستشفى سواء كان عاماً او خاصاً او خيرياً.**

**اجور المعالجة: اي بدل او اجر يستوفى من المريض مقابل حصوله على المعالجة الطبية.**

**المادة الثانية:**

1- **ينشأ في الوزارة صندوق يسمى بـ(صندوق التأمين) ويودع فيه ميزانية مستقلة في بداية كل سنة مالية ويكون تحت اشراف الوزارة.**

2- **يهدف الصندوق الى تقديم المعالجة للفئات الواردة ذكرهم وفق احكام هذا القانون ولاي شخص غير وارد ذكرهم، ويكون مشمولاً بناء على قرار مسبب من الوزير.**

3- **موارد الصندوق:**

**أ- الموارد المالية التي تخصص من الموازنة المالية العامة لحكومة اقليم كوردستان.**

**ب- اقتطاعات بدل الاشتراك التي ستقرر نسبتها بموجب تعليمات صادرة من الوزارة بعد المشاورة مع النقابة.**

**ج- اجور العلاج في المستشفيات والمراكز الصحية ومن ضمنها أثمان الادوية.**

**د- التبرعات والهبات التي تمنح للصندوق.**

**هـ- اي ايراد يمنح للصندوق بموافقة الوزارة.**

و- استقطاعات من الشركات التجارية بنسبة معينة تقرر من قبل مجلس الوزراء.

المادة الثالثة:

يشمل احكام هذا القانون الفئات الاتية:

اولاً: يكون الاشتراك في الصندوق الزامياً للفئات المذكورة ادناه:

1- اعضاء البرلمان.

2- الوزراء.

3- اعضاء منتسبي السلطة القضائية.

4- اصحاب الدرجات الخاصة والموظفين العامين ذو الدخل العالي.

ثانياً: يكون الاشتراك في الصندوق اختيارياً للفئات الاتية:

1- المواطنون العموميون ذو الراتب المحدودة ويحدد ذلك بنظام.

2- العاملون في المؤسسات والهيئات الاهلية الخاصة ومنظمات المجتمع المدني.

3- المحالون على التقاعد من الموظفين.

4- العامل اليومي (الغير موظف) الذي يتقاضى اجراً يومياً او اجراً بشكل دوري او غير العامل والفئات الدنيا ذو الدخل المحدود او معدومي الدخل، ويحدد اصنافهم بنظام صادر من مجلس الوزراء.

المادة الرابعة:

يشمل المنتفعون من صندوق التأمين الالزامي:

1- الافراد المنتفعون ببدل الاشتراك المدفوع من قبل الشخص.

أ- زوجة المنتفع.

ب- الزوج المنتفع.

ج- الاولاد دون سن الثامنة عشرة للمنتفع.

ت- الاولاد الذين هم في الجامعات والمدارس داخل الاقليم والعراق وفق تأييد رسمي.

د- والدا المشترك.

هـ- كلما زاد عدد المنتفعين في بطاقة تأمين واحدة زادت الرسوم المستحصلة من التأمين بنسبة معينة.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

1- تتولى وزارة الصحة اصدار بطاقة تأمين صحي مرفقة بالصورة الشخصية للمواطن.

2- يقسم المنتفعون من الصندوق جميع المشمولين باحكام هذا القانون.

3- اذا توفى المنتفع المشترك فعلى المنتفعين من بطاقة التأمين الصحي اعادة البطاقة وابلاغ الجهات المعنية لكي تكون البطاقة سارية المفعول للافراد الراغبين بالاستمرار بالتأمين او التخلي عنها.

**المادة السادسة:**

**لا تستوفي اجور المعالجة وأثمان الادوية في اي من الحالات التالية:**

1- **اذا كان المريض مصاباً بمرض سار يستوجب العزل الصحي.**

2- **اذا كان المريض محجوز عليه صحياً.**

3- **اذا تمت المعالجة نتيجة حوادث ناجمة عن كوارث طبيعية او اوبئة لامراض سارية او تسمم جماعي او حوادث جماعية لم يتسبب بها طرف مباشر.**

4- **المصابين بالامراض النفسية والعقلية المزمنة.**

5- **المصابين بعدوى فيروس العوز المناعي المكتسب ايدز.**

6- **المصابين بالامراض السرطانية ومضاعفاتها.**

7- **الكشف المبكر عن سرطان الثدي.**

8- **المصابين بامراض الدم المزمنة.**

**أ- مرض الناعور.**

**ب- الثالاسيميا.**

**ج- فقر الدم المنجلي.**

**د- فقر الدم النسيجي.**

**ت- العوز المناعي الوراثي.**

**هـ- نقص العامل الوراثي (غاما).**

**و- المصابين بالتلف الكيسي.**

**المادة السابعة:**

**تقدم الوزارة من خلال المستشفيات والمراكز الصحية التابعة الخدمات الاتية مجاناً:**

1- **الامصال والمطاعيم بقصد الوقاية والمعالجة من الامراض السارية.**

2- **خدمات رعاية الامومة والطفولة.**

3- **خدمات الصحة المدرسية.**

4- **اي حالة يقرها الوزير للحفاظ على الصحة العامة.**

**المادة الثامنة:**

**لا يشمل التأمين الصحي خدمات العلاج الاتية:**

1- **الجراحة التجملية الا اذا استدعتها اصابة عرضية جسيمة.**

2- **الفحوصات الدورية الشاملة التي تجري من دون وصفة طبية.**

3- **معالجة الامراض التناسلية التي تنتقل بالاتصال الجنسي.**

4- **اختبارات تصحيح النظر والسمع والوسائل البصرية والسمعية المساعدة مالم تكن بأمر الطبيب المعالج.**

5- الادوية المكتوبة بدون وصفة طبية.

**المادة التاسعة:**

1- اذا لم يتوافر العلاج في المستشفيات والمراكز الصحية التابعة لوزارة الصحة، فتتم معالجته داخل الاقليم في المستشفيات والمراكز غير التابعة للوزارة بموافقة مسبقة من الوزير او من يفوض اليه هذه الصلاحية ويتحمل الصندوق في هذه الحالة دفع تكاليف العلاج الى المراكز والمستشفيات الاهلية.

2- اذا لم يتوافر الاجراء التشخيصي اللازم في المستشفيات والمراكز التابعة للوزارة فيحول الى المستشفيات والمراكز الاهلية المتعاقدة معها وزارة الصحة.

3- اذا لم يتوافر في المستشفيات والمراكز التابعة للوزارة فيتم توفيره للمريض وفقاً للتعليمات التي يصدرها الوزير لهذه الغاية.

**المادة العاشرة:**

أ- اذا ادخل المريض الى مستشفى اهلية تابعة للوزارة والمشمولة بالتأمين الصحي فعلى ذوي المريض تبليغ الجهة التي يحددها الوزير لهذه الغاية خلال مدة (48) ساعة من ادخال المريض الى المستشفى.

ب- اذا تم وفقاً لاحكام والتعليمات الصادرة من قبل وزارة الصحة بمقتضاه اعتماد حالة المريض حالة طارئة فيتحمل الصندوق تكاليف العلاج بنسبة تقررها وزارة الصحة.

**المادة الحادية عشرة:**

على الوزارة تشكيل لجنة تسمى بلجنة التأمين الصحي يحدد اعضاء اللجنة بتعليمات صادرة من الوزارة.

تختص اللجنة بالامور الاتية:

1- بوضع السياسة العامة لغرض تطبيق قانون التأمين الصحي في الاقليم بعد التشاور مع الوزارة.

2- اقرار الموازنة العامة للصندوق.

3- وضع الاسس للحوافز والمخصصات للاطباء والكوادر الطبية او اي فئة اخرى تحددها اللجنة بعد التشاور مع الجهات المعنية.

4- تنفيذ التعليمات المتعلقة بالتصنيف الطبي للاطباء والصيادلة والمرضين وجميع المهن الطبية المساعدة من حيث تصنيف العمل في المستشفيات التابعة للوزارة والمستشفيات الخاصة.

5- وضع الاسس لغرض تطبيق نظام التمويل الذاتي في المستشفيات والمراكز الصحية.

6- اصدار بطاقة التأمين الصحي وتجديدها واصدار بدل الفاقد منها.

7- قبول الهبات والتبرعات شريطة ان تكون للمعالجة الطبية وبموافقة من الوزارة.

8- النظر في اي موضوع يتعلق بمهام اللجنة.

9- النظر في ادخال امراض اخرى تشملها التأمين.

**المادة الثانية عشرة:**

يحدد تشكيلة الهيئة ومهامها بنظام.

المادة الثالثة عشرة:

للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القانون.

المادة الرابعة عشرة:

يطبق هذا القانون خلال ستة اشهر من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الاسباب الموجبة**

تماشياً مع المادة (30 و 31) من الدستور العراقي وبغية تمتع كل مواطن في اقليم كوردستان من الحصول على افضل الخدمات الصحية وضمان تأمينه الصحي او عند تعرضه لازمة صحية او يتلقى العلاج اللازم من دون تعرضه لازمة مالية والرفع من المستوى الاقتصادي والعلمي للكوادر الصحية والاطباء كافة وبغية تطوير البنية التحتية للمستشفيات والمراكز الصحية في اقليم كوردستان.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

زۆر سوپاس، تكایە ئەو پڕۆژەیە ڕووبەڕووی لیژنە تایبەتمەندەكان و ئەندامە بەڕێزەكان بكرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

پڕۆژە یاسای بیمەی تەندروستی لە هەرێمی كوردستان ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و لیژنەی دارایی و لیژنەی كۆمەڵایەتی و سەرجەم ئەندامە بەڕێزەكان دەكەین، وێنەیەكیش بۆ حكومەت دەنێرین، فەرموون بۆ خاڵێكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی چوارەم لە بەرنامەی كار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژە یاسای هەموار كردنی یاسای بەكرێدانی خانووبەرە ژمارە (9)ی ساڵی 2008 یاسای هەموار كردنی جێ بەجێ كردنی یاسای بەكرێدانی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی 1979.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی بفەرموون بۆ ئێرە، فەرموون بۆ خوێندنەوەی پڕۆژەكە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم پڕۆژەیە لەلایەن حكومەتەوە پێشكەش كراوە، ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابووری ڕاپۆرتێكی هاوبەشمان ئامادە كردووە، پشتگیری لە پڕۆژەكە دەكەین، بەڵام تێبینی ئەوەمان هەیە لە پڕۆژەكە حكومەت داوای ساڵێكی كردووە بۆ جێ بەجێ كردنی یاساكە، بەڵام لەكاتی گفتوگۆ كردنی هەردوو لیژنە، زۆرینەی ئەندامانی هەردوو لیژنە كۆك بوون لەسەر ئەوەی كەوا پڕۆژەكە بۆ ماوەی دوو ساڵ بێت بۆ

دواخستنی جێ بەجێ كردنی یاساكە، ئێستا راپۆرتەكە لەلایەن لیژنەی دارایی و ئابووری بە زمانی عەرەبی دەخوێندرێتەوە.

بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان_العراق**

**م/ تقرير مشترك**

اجتمعت لجنتنا الشؤون القانونية ولجنة المالية والاقتصاد وبصورة مشتركة بتأريخ 12/ گەلاڕێزان/2710 كوردي المصادف ليوم 2010/11/3 ميلادي لدراسة مشروع قانون التعديل الاول لقانون إيجار العقار المرقم (9) لسنة 2008 المقدم من قبل مجلس وزراء اقليم كوردستان، والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (9) في 2010/11/1، وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنتان الى مايلي:-

1- تأييد المشروع.

2- اعادة صياغة المشروع بالشكل الآتي:-

**مشروع قانون رقم (   ) لسنة 2010**

**قانون التعديل الاول لقانون إيجار العقار رقم (9) لسنة 2008**

المادة (1):

تعدل الفقرة (ثانياً) من المادة (الثالثة) من القانون رقم (9) لسنة 2008 وتقرأ كالآتي:-

(تمتد عقود ايجار العقار المؤجر لغير اغراض السكن المبرمة قبل نفاذ هذا القانون لغاية 2012/7/15 اعتباراً من تأريخ نفاذ القانون رقم (9) لسنة 2008 وتخضع بعد مضي المدة المذكورة لأحكام القانون المدني رقم (40) لسنة 1951 المعدل النافذ في الاقليم).

المادة (2):

تسري احكام هذا القانون على الدعاوى المنظورة امام المحاكم المختصة وفقاً للقانون اعلاه والتي لم يصدر فيها قرار مكتسب الدرجة القطعية.

المادة (3): على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة (4): ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

الاسباب الموجبة

بغية منح المستأجر فترة اخرى ليكون على دراية بالاوضاع القانونية الجديدة للمأجور لتدبير اموره وإعطاء المهلة الكافية لوسائل الاعلام لنشر الوعي القانوني في هذا المجال، شرع هذا القانون.
راجين التفضل بالاطلاع وعرض أصل المشروع ورأي اللجنتين بشأنه على البرلمان للمناقشة وابداء الرأى المناسب والتصويت.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامە بەڕێزەکان.

ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش بە زمانی کوردی پێشکەش دەکەین:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان _ عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش**

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی وئابووری بەشێوەیەکی هاوبەش لە رۆژی 12/گەلاڕێزان/2710ی کوردی بەرامبەر بە رۆژی 2010/11/3ی زاینی کۆبوونەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسایی بەکرێدانی خانووبەرەی ژمارە (9)ی ساڵی 2008، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە (9)ی رۆژی 2010/11/1دا بۆ لیژنەکەمان هاتووەو، دوای وتووێژ کردنی ،هەردوو لیژنەکە گەیشتنە ئامانەی خوارەوە:

1- پشتگیریی پرۆژەکە دەکرێ.

2- داڕشتنەوەی پرۆژەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت.

**یاسایی ژمارە ( )ی ساڵی 2010**

**یاسایی هەموارکردنی یەکەمی یاسایی بەکرێدانی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ژمارە (9)ی ساڵی 2008**

ماددەی یەکەم:

بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (سێیەم ) لە یاسای ژمارە (9)ی ساڵێ 2008دا هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(گرێبەستی بەکرێدانی خانووبەرەی بەکرێدراو جگە لە مەبەستی نیشتەجێ بوون، کە پێش جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە تاکو 2012/7/15 بەستراوە درێژ دەبێتەوە لە رۆژی جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی (2008)ەوەو، دوای تێپەر بوونی ماوەی ناوبراو دەکەوێتە ژێر حوکمە کانی یاسای مەدەنی ژمارە (40)ی ساڵێ 1951ی هەموار کراو لە هەرێمدا).

**ماددەی دووەم:**

**حوکمە کانی ئەم یاسایە ئەو داوایانە دەگرنەوە، کە لەبەردەم دادگا تایبەتیەکان بەپێی یاسای سەرەوە بینراون و بڕیاری یەکلاکەرەوەیان لەبارەوە دەرنەچووە.**

**ماددەی سێیەم:**

**پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمە  کانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.**

**ماددەی چوارەم:**

**ئەم یاسایە لەرۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان)دا جێ بەجێ دەکرێت.**

**(هۆیە پێویستیەکانی دەرچوواندنی)**

**لەپێناوی پێدانی ماوەیەکی تر بە کرێچی تاکو لەبارە یاساییە نوێکانی بەکرێدراو ئاگاداربن تا کاروباری خۆیان رێك دەخات و ماوەیەکی تەواو بەهۆیەکانی راگەیاندن دەدات بۆ بلاوکردنەوەی هۆشیاریی یاسایی لەم بوارەدا، بۆیە ئەم یاسایە دەرچووێندرا.**

**تکایە ئەسڵی پرۆژەکەو ڕای هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی ودارایی و کاروباری ئابووری لەبارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بۆ گفتوگۆ لەسەرکردنی و دەربڕینی ڕای گونجاو، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەخێرهاتنی میوانەکان و وەزیری دارایی و جێگری وەزیری دارایی و مونەسیقی نێوان حکومەت و پەرلەمان دەکەین، بەخێر بێن، ئێستا ئەو پرۆژەیە خوێندرایەوە، راپۆرتەکانیش خوێندرانەوە، ئێستا بەپێی ئەو پرۆژە داوا کراوە ساڵێك دوا بخرێت جێ بەجێ کردنی، یان تەمدید بکرێت بەپێی ئەو قەرارەی تەمدید بکرێتەوە بۆ ساڵێکی تر، چ پەرلەمانتارێکی بەڕێز دەیەوێت قسە بکات لەو بارەیەوە با بفەرمووێت ناوی خۆی بنووسێت؟ ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی ناوەکانیان نووسراوە، ڕێزداران (عبدالرحمن حسین، کاردۆ محمد، کاروان صالح، نەسرین جمال، محمد دلێر محمود، ژیان عمر شریف، زکیە سید صالح، حمە سعید حمە علی، شلێر محمد نجیب، شێردڵ تحسین، شوان کابان، تارا ئەسعەدی، پەروین عبدالرحمن، سۆزان شهاب، د.زانا رۆوف، برهان رشید، اسماعیل سعید، کوێستان محمد، اسماعیل محمود، د.صباح محمد نجیب، د.احمد وەرتێ)، کەسی تر هەیە ناوی نەنووسرا بێت؟ فەرموو کاك عبدالرحمن قسە بکە.**

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕاستی وەکو ئێمە هەموو ئەزانین لەوەی ئەو پرۆژەیە دەرچووە، کێشەو مەشاکیلی زۆر دروست بووە لەناو هەرێمی کوردستاندا، لەم دواییدا لەوانەیە خەڵکەکە بەگژی یەکتر بچنەوە، کە کوشتنی تێ بکەوێتەوە، یان شتی خراپتری لێ دەربچێت، لەبەر ئەوە ئەم پرۆژەیە کە هاتۆتە ناو پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، یەك دەقە كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامیە، ئەوە دەرچوونە لە بابەتەكە، بابەتەكە تەنها حكومەت پڕۆژەیەكی تەقدیم كردووە، دەیەوێت ئەو قانونە بۆ ماوەیەكی دیاری كراو دوابخات، ئایا لەگەڵیتی یان نا؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێوە پڕۆژەكە ئامادەیە لەبەردەستان، بزانین ئەو پڕۆژەیە باشە یان باش نیە؟، موناقەشەی ئەوە بكەن، كێ تەئید دەكات، كێ تەئید ناكات؟، دەیەوێت ساڵێك تەئجیل بێت، فەرموو قسەكانت بكە.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر ئەو پڕۆژەیە لەبەر چی پێكهاتووە، حەدەسێك بووە، شتێك ڕوویداوە لەناو هەرێمی كوردستان دەبێت ئێمە بێینەوە، قسە لەسەری بكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر لەسەر ئەوە هاتووە، دیارە مەشاكلەكە بە سەبەبێكە، بۆیە ئەو پڕۆژەیە هاتووە بۆتەئجیل كردنی.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

منیش هەروا پشتگیری پڕۆژەكە دەكەم كە دوا بخرێت، بۆماوەی دوو ساڵ، نەك ساڵێك بێت، بەڵام لەم ماوە دوو ساڵەیە دەبێت هەموار بكرێت، یەعنی تەعدیل بكرێت، بچێتە جێبەجێ كردن، تاوەكو ئەو مەشاكیلانەو، ئەو كێشانەی لە ناوەوەی هەرێم هەیە، چارەسەر بكرێت، گەورەتر نەبێت و زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی پڕۆژەكە دەكەم بۆ دواخستنی، بەڵام دەمەوێ ئەو پاساوە بێنمەوە كە بۆ پشتیوانی دەكەین، وە بە چ شێوەیەك، خۆی ئەم یاسایەی بەكرێدانی خانوو بەرە، هەموار كراوە، بەڵام لە جێبەجێ كردنی لە 7/15، دەتوانم بڵێم جێبەجێ كردنەكە لە خێراییەكی زۆر دیارە، كێشەو گرفتەكی زۆری دروست كرد، لەبەر ئەوە، ئەوە دەڵێم چونكە ئەم تاخیر كردنانەیان، ئەم دوا خستنەیان، دەبێتە مایەی نیگەرانی دروست

کردن، بۆ جێگیر کردنی ئابووری و بازاڕو، هەتا ئارامی کۆمەڵایەتی، بۆیە ئەم دواخستنە، دواخستنێکە کە دەبێتە مایەی، یەعنی دەتوانم بڵێم موسەکینێکی کاتیە، ئەم نیگەرانیە بۆ بازاڕ هەر بەردەوام دەبێت، لەکاتێکدا پڕۆژەیەکی تر هەیە، بۆ هەموار کردنی، وە پاساوەکەش ئەوەبوو، ئەگەر یاسایەك جێبەجێ نەکرێت، تۆ چۆن هەمواری دەکەی؟، بەڵام ئەمە پێش جێبەجێ کردنی نیگەرانیەکەی زۆر کردووە و کاریگەری لەسەر بازاڕ و باری کۆمەڵایەتی کرد، لەبەر ئەوە پشتیوانی دەکەم، بەڵام بەو مەرجەی کە پێویستە هەموار کردنەکە بکرێت لە ماوەیەکی دیاریکراو، ئەمە یەکیان، خاڵێکی تر، لە ماووەی 7/15 بۆ ئێستا، زۆر داوا چۆتە دادگا و کێشەی دروست کردووە، هەندێك داواش دەرەجەی یەکلا کەرەوەی بینیوە، هەڤە موناقەشەیەك لەسەر ئەوە بکەین، ناکرێت ئەوانە ببنە قوربانی عەدالەت کە یاسایان جێبەجێ کردووە، وە بۆ ئەوانی تریش ئاسایی بێت، بۆیە لەبەر ئەم مەسەلەیە، من پێموایە دەبێت تەرکیز بکەینە سەر ئەوە، ئایا ئەم یاسایە تەئجیلەکەی، شوێنەوارەکەی نەگەڕێتەوە ئەسەرە رەجعیەکەی بۆ 7/15 لەوێوە تەئجیل بکرێت، چونکە ئەوانەی یاسایان جێبەجێ کردووە، زەرەرمەند بوون، ناکرێت بڵێین ئاساییە، لەبەر ئەوەی ئێمە بەرپرسیارین لە دەرکردنی ئەم یاسایە و جێبەجێ کردنی و بەم شێوازە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان نوقتەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕوون کردنەوەیەکم دەوێت، ئایا کە ئێمە قسە دەکەین، هەریەکسەر لەسەر مەشروعەکە هەمووی؟، یان ماددە ماددە قسە دەکەین، چونکە ئەو ڕاپۆرتە موشتەرەکەکە، سیاغەی بڕیاری حکومەتی کردۆتەوە، کردوویەتی بە چوار ماددەو هۆو پێداویستیەکانی، ئایا ئێستا چۆن قسە دەکەین؟، ماددە ماددە قسە بکەین، یان لەسەر هەرچوار ماددەکەو هۆیەکانی قسە بکەین بەیەکجار؟، ئەوەمان بۆ ڕوون بکەنەوە، چونکە مولاحەزە هەیە لەسەر یەك دوو ماددەو، لەسەر هۆیەکانی دەرچوونیشی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی پرۆژەکە بە کەم و کورتی لە لایەن حکومەتەوە پێشکەش کرابوو، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی دارایی، ئەو کەم و کورتیانەی کەلە پرۆژەکەدا هەبوو چاکمان کردەوە، ماددەیەکمان زیاد کرد، بابەتەکە هیچ جیاوازی نیە، واتە ئێستا ئیمکانە کۆی ئەو ماددانە بە جارەکی موناقەشەی لەسەر بکات، چونکە بابەتی ئەساس ئەوەیە، ئایا ئەو قانونە جێبەجێ کرێت یان دوا بخرێت، یەعنی هەدەفی موشەریع

لەو نوقتەیەی ڕادەوەستێت، ئەگەر ئەوە یەكلا كراوەتـەوە ئیعتیادیـە، وەجائزیشـە مـاددە مـاددە موناقەشـە بكەین، هیچ جیاوازی نیەو زۆر تەبیعیشە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی ڕاستە هەندێك ماددەی زیاد كراوە لەلایەن لیژنەی قانونیەوە، بەلاَم مەقسەدی ئەساسی، ئەم تـەئجیل بكرێت بۆ ماوەی ساڵێك، مەقسەدە ئەساسیەكەی، بەلاَم بۆ هەموار كردنی ئەو ماددیەو، ئەو پڕۆژە یاساییە، لەو كاتەی كە ئێمە پـڕۆژە یاسـامان خسـتە بەرنامـەی كـارو مناقەشـەمان كـرد، دەكـرێ لـەوەی موناقەشـەی چۆنیەتی هەموار كردنەكەی بەسەر دابێت، كاروان صالح، فەرموو.

**بەڕێز كاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە پڕۆژە یاسای ژمارە 9، كـە بـواری جێبـەجێ كردنـی لـەو هەرێمـەدا ئاسـتەنگە، بۆیـە حكومـەت داوای ئەوە دەكات كە دوا بخرێت، پێموابێـت دوا خستنەكەشـی چارەسـەرێكی یـەكجارەكی بنـەڕەتی بـۆ ئـەو كێشـەیە ناكـات، بۆیـە بـۆ ئـەوەی بتـوانین لـەو ماوەیـەی كـە ئـەو تەئجیلـە دەكرێـت یـان ئـەو دواخسـتنەیە دەكرێت، پڕۆژە یاسایەك دەربكرێت، یان ئەو یاسایە هـەموار بكرێتـەوە، هاوسـەنگیەك لـە نێـوان كرێچـی و خاوەن موڵك دەربكات، كە خۆتان دەزانن ئێستا جۆرێك لە گرفتـی زۆری كۆمەلاَیـەتی دروسـت كـردووە لـەو هەرێمەدا، بۆیە پێموایە سەقفێكی زەمەنی دابنرێت، لەوتەئجیلە، لەو دواخستنە، كـە یاسـایەك بـۆ هـەموار كردنەوەی ئەو یاسایە، بۆ دروست كردنـەوەی ئـەو هاوسـەنگیە، خـاڵی دووەمیشـیان، تەئیـدی هاوكـارم كـاك كاردۆ دەكەم، لەوەی كە ئـەوەی كـە لـە 7/15 تـا ئێسـتا، بڕیـاری یـەكلا كـەرەوەی لـە دادگاكـان وەرگرتـووە، بەڕاستی هەق وایە بە پێی یاسا، پێداچوونەوەیەكی بۆ بكرێت، چونكە عەدالەت نیە لەوەی تۆ یاسایەك لـە چەند هەفتەیەك پێش ئێستا خەڵكێك مافی پێشێلكراو، یـان مـافی لێ سـەندراوەتەو، یـان ئـەو هەقـەی كـە هـەیبووە، لێـی سـەندۆتەوە، ئێسـتاكە یاسـایەك دەردەكـەی بـۆ خـەڵكێكی تـر، شمـولی هەنـدێك بكـات و هەندێكیشی تێدا بێ بەری بێت، پێموایە ئەوە ناهەقیەكی گەورەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دیارە پشتیوانی بیرو بۆچوونەكانی هـەردوو هاوكـارم كـاك كـاروان و كـاك كـاردۆ دەكـەم، بەڕاسـتی ئـەم بڕیـارە بڕیـارێكی زۆر سـەختە، وە لای هـەمووشمان ئاشـكراو ڕوونـە كـە وردە وردە سـەرەتای كێشـەكان دەركەوتووە، وە تەئسیراتێكی زۆر خراپی هەیە لەسەر هـەم كرێچیەكان، وەلەسـەر هـەم خـاوەن موڵكەكان، بۆیە پێویست بەوە دەكات، ئێمە بۆ دوو سـاڵ تـەئجیلی بكـەین، بـەلاَم لـە مـاوەی ئـەو دووسـاڵە، پـێ داگـری

بکەین لەسەر هەموار کردنێك کە لە سالحی هەردوو لا بێت، هەم کرێ نشینەکانیش ئیستیفادەی لێ بکەن، وە هەم خاوەن موڵکەکانیش ئیستیفادەی لێ بکەن، دیارە لە مەسەلەی تەنفیز کردنی بڕیارەکان، زۆر زوو دەستیان کردووە بە تەنفیزی ئەو قەرارە، لە سلێمانی ئێستا 150 کەس لە کرێ نشینەکان سەردانی مەحکەمەیان کردووە، جەلسەی یەکەمیان تەواو بووە، جەلسەی دووەمیان کە بۆ کۆتایی هێنانی قەرارەکەیە 12/12 یە، بۆیە ئەگەر دەست و بردێك بکەین لەوەی کە پێشنیارەکەمان وەهابێت، هەم تەئجیل بکرێت بۆ دوو ساڵ، وە لەماوەی ئەو دوو ساڵەشدا بتوانین باشترین هەموارکردن هەمواری بکەین، بۆ ئەوەی سەرجەمیان سوود مەندبن لێی، ئەو پێشنیارەی کە حکومەتی هەرێم ئەڵێت بۆ ساڵێك، من نازانم تەسەور دەکەم لە ماوەی ئەو ساڵەدا ئێمە نەتوانینن هەموار کردنێکی وەها دابنێین، کەلە ماوەی ئەو ساڵە بتوانین ئەو هەموار کردنە تەئسیری هەبێت بۆ هەموو ئەو چین و توێژانەی کە هەم خاوەن موڵکن، وەهەم کرێچین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە ڕابگیرێت بۆ ماوەی دوو ساڵ، لە هەمان کاتدا ڕاگرتنەکەش ئەسبابی خۆی هەیە، خۆی لە خۆیدا کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێنا، وە بووە هۆی ڕاگرتنی چالاکی بازرگانیش، لەهەمان کاتدا ناهاوسەنگی لە لایەن خاوەن موڵك و کرێچیەوە، خۆی پێویستە هەموو یاسایەك بۆ تەنزیمی ژیانی کۆمەڵ هاوسەنگی لە بەینی هەردوو تەرەفدا دروست بکات، ئەمە خاڵێك، خاڵی دووەم، بە گوێرەی ئەو کۆمەڵە داواکاریەی کە گەیشتۆتە دادگاکان، ئەو داواکاریە لە لایەن خاوەن موڵکەوە زیاتر، کە ئێستا لەبەردەمی دادگان، هەشیانە کە دەرەجەی یەکلایی کەرەوەی وەرگرتۆتەوە، من داوا دەکەم لە لیژنەی یاسایی بەڕێز، شێوازێکی وا بدۆزنەوە ئەوانەی کە دەرەجەی یەکلا کەرەوەشی وەرگرتووە، ئەوانیش هەر ڕابوەستێندرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر بە بۆنەی ئەو یاسایە نەبوایە، پشت بەستوو بە یاسای ژمارە (9) ساڵی 2008نەبوایە، هەڵبەتە لەو کاتەشدا ئەو شتە ڕووی نەئەدا، وە لە هەمان کاتیشدا من وای بەباش دەزانم، هەر لە ئێستاکەوە بڕیاری ئەوە بدرێت کە هەموار بکرێتەوە، وابزانم هەمووومان پێمان چاکە کە هەموار بکرێتەوە، شتێکیش بێت کە لە بەرژەوەندی هەردوو لابێت، هاوسەنگیەك لەنێوان کرێچی و خاوەن موڵك دروست بکات، وە ببێتە هۆی گەشە پێدانی ئابووری و بازرگانی، کە ئابووری و بازرگانیش بەرەو پێشەوە ڕۆیشتن، هەڵبەتە ئیقتیصادی ولاتیش بەرەو پێشەوە دەڕوات، پشێوی و دڵ سارد بوونەوە لەلای خەڵك ڕوونەداو، بۆ ئەوەی خەڵك زیاتر ڕوو لە کەرتی بازرگانی و، کەرتی تایبەت بکات، لەجیاتی ئەوەی بێتە ناو کەرتی گشتیەوە داوای تەعین بوون بکات، وەلە هەمان کاتیشدا من وای بەباش دەزانم دوای ئەوەی کە ڕاوەستێندرا ئەو یاسایە، جێبەجێ کردنەکەی وەستێندرا بۆ

ماوەی دوو ساڵ، شتێکی واش هین بکرێت، هەرچی پڕۆژەیەکی نوێ کە لە مەودوا دروست دەکرێت، وە ئەو گرێ بەستانەی کە دەکرێت لەنێوان کرێچی و خاوەن موڵکدا، خۆیان ئازاد بن، بە پێی یاسای مەدەنی گرێ بەستەکانی خۆیان بکەن و، ئەو یاسایەی تیا جێبەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو هاوڕێیان لەگەڵ وەقفی تەنفیزی ئەو یاسایەم، بەلاّم لەماوەیەکی کورتدا ئەبێت هەموار کردنی ئەم یاسایە پێشکەش بکرێت، بە ئامادەبوونی کرێچی و خاوەن موڵك، وە ئەبێت حەرەکەی عومرانی و ئیقتصادی ئەم ولاّتەش رەچاو بکرێت، لەبەر چاو بگیرێت، چونکە وەکو کاك دلێر وتی، ئەمە تەئسیری لە بازاریش کردووە، وە بۆتە هۆی ئەوەی خەریکە گرانیش دروست دەبێت، وەناکۆکیەکی گەورە چۆتە بەینی کرێچی و خاوەن موڵك، لەبەر ئەوە داوا لە جەنابتان دەکەم، وە من پشتگیری ئەوەش دەکەم، کە ئەو دوو ساڵە وەقفی تەنفیزی ئەو یاسایە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زەکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ڕاستی ڤێ ماوەیێ چووی مەدیت کو گەلەك گلەیی و گازندەیێت هەن، لسەر ئەڤ یاسایە دەرکەتیە تەعدیلا هەی، سالا 2008 ژمارە 9، مابەینا کرێچی و خودانێت مولکی، ئەم بێژم بۆ ماوەی دوو سالا کۆتایی ڕاپۆرتا یا یاسایی و دارایی، ئاماژە دداتن هەندێ کو دوو سالا بیت، بەس ل ڤێرێ ئیشکالەك پەیدا دبیتن، چونکو خودانێت مولکی ژی یێ داخاز دکەتن کو هەقێ وی ژی دێتە بەرزە کرن، هەرچەندە ژبەر هندێ ژی ئەز بێژم ماوەی دوو سالا دێ زۆر بیتن بۆ هەندێ، کو ئەڤ ئیقافە یا تەنفیزێ یاسایێ بهێتە کرن، ئەگەر ماوێ سالەکێ بیت، بەس ڤی ماوەی سالەکێدا، ئەم هەوڵ بدەین بۆ وێ کو تەعدیلەکێ بێخینە ڤێ یاسایێ، بۆ هەندێ تەوازنەکی چێ بکەین، مابەینێت یێت بەرژەوەندی خودانێت مولکی و هەروەسایە دوکانداری ژی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید فەرموو

**بەڕێز حەمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ئەوە دەکەم کە قانونەکە ڕابگیرێت، وە دوا بخرێت، وە پشتگیری ئەوە دەکەم ئەگەر یەك ساڵ دوا بخرێت، ئەگەر ماوەیەکی سەقفی زەمەنی بۆ دیاری بکرێت، بۆ سێ، چوار مانگ ئەبێ یاسایەکە هەموار بکرێت، ئەگینا ئەگەر هەمواری نەکەین، مودەکە هەر چەند بێت ئیستیفادەی نیە، چونکە بۆشایی زۆر لە قانونەکەدا هەیە، بۆ نموونە باسی سەرقفلەی نەکردووە، باسی ئەو مەعیارو پێوەرانەی نەکردووە کە کرێ دیاری دەکرێ، چ بۆ دوکان بێت، چ خانووی نیشتەجێ بوون بێت، وە باسی موقەدیمەو ئەوانەی نەکردووە، کە ئەوانە ئیشکالێکن، بۆ پێوەرەکان پێویستە دیاری بکرێت، وە من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو قەزیانەشی کە قەراری تیا دەرچووە، قەراری موکتەسەب تیایا دەرچووە، لەگەڵ ڕاکەی لیژنەی یاسایی نیم، چونکە ئەوەش کێشە دروست دەکات، ئێستا لە 7/15ـەوە خاوەن موڵك دەعوای قەید کردووە لەسەر کرێچی، هەندێك قەزیە تەسەروعی تیا کراوەو قەراری تیا دراوە، هەندێك تەئخیر بووە بۆ ئێستا، بۆ 12/20، 12/12 تیایە، وەکو هاووڵاتیان هاتنە لامان، بۆیە پێم باشە ئەوانەی کە قەراری تیا دەرچووە، ئەوانەش هەر تەئجیل بکرێتەوەو نەیگرێتەوە، تا هەموار دەکرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەست خۆشی لە لیژنەی یاسایی دەکەم، وە بەڕاستی ئەو بڕیارەش زۆر بڕیارێکی چاکە، هەر چەندە لە 7/15 تەوە تا ئێستا وابزانم خەڵکێك هەیە زەرەرمەند بوون، وە حەوت مانگی ماوە بۆ ساڵەکە، لەبەر ئەوە هەر دەبێت دوو ساڵ بێت، بە مەرجێك لەو کاتەدا ئێمە کارێك بکەین، وە ئەبێت بەڕاستی زۆر بەرچاو ڕوون بین، بزانین ئەو خەڵکە بە ژمارە چ لە کرێچی چ لە ساحێب موڵك، چەندێکی زەرەرمەندە، چونکە ساحێب موڵکی واش هەیە، مەسەلەن ئێستا وەرەسەیە، تەماشا ئەکەی یەعنی هیچ ئیستیفادەیەکی نەکردووە ناتوانێت هیچ ئیجرائێك بکات، ئەویش هەر زەرەرمەند دەبێت، لەبەر ئەوە دوو ساڵەکە باشە بە مەرجێك بەپێی پێوەرێکی زۆر باش و خەڵکێکی پسپۆر موشارەکە بکەن لە هەموو لایەك، بۆ ئەوەی یاسایەك بێت، کە لە بەرژەوەندی هەموو لایەك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان کابان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ساڵی پار کە مانگی 11 دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە کە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، بەڕاستی کێشە دەنێتەوە، لە نێوان خاوەن موڵك و کرێچی، وەکو پێویست بابڵێین روون کردنەوەی ئەو ڕۆشنبیریە پێویستە نیە لە نێوان کرێچی و هاووڵاتی، کە بتوانن هاوسەنگیەك دروست بکەن، لەوەی کە چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکدا بکەن، هەم کرێچی زەرەرمەند نەبێت، هەم خاوەن موڵکیش کە پارەیەکی زۆری خەرج کردووە، لەوەی دوکان دروست دەکات، یان لە هەر موڵکێکی کە دروست دەکات، بۆ کرێ بێت، بەڕاستی تا مانگی 11 ئەم مەسەلەیە هاتە نێو باسەوە، یەعنی ئێمە هەر پار لە هەمان مانگدا داواکاریەکمان پێشکەش کرد، بە سوپاسەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو داواکاریەی پێشکەش بە حکومەت کرد، کە چارەسەرێکی بۆ ئەو یاسایە بدۆزنەوە، ئەویش بە ڕاگرتنی، یاخود درێژ کردنەوەی ڕاگرتنی جێبەجێ کردنەکەی، یاخود تەعدیلێك بۆ پەرلەمان، بۆ لێرە دەنگی لەسەر بدرێت، وە رێ گری لەوە بکرێت کە هیچ لایەنێك زەرەرمەند نەبێت، وەکێشەش دروست نەبێت، وە بەداخەوە ئەو تەعدیلەی حکومەت کە ئێستا زۆر ترە یان کەمترە ناردوویەتی، زۆر درەنگ هاتووە، وە ئێستاش نەچووە بچێت، کە قسەی لەسەر دەکەین، یەکەم پێویستە دەنگ بدەین بۆ تەعدیلەکە، وە لە ساڵێکەوە بەڕای من بکرێت بەدوو ساڵ، وە ئەو دوو ساڵەش بەڕاستی مەعنای ئەوە نیە کە ئێمەدوو ساڵ چاوەڕێ بکەین، دوای دوو مانگی تری بمێنێت هەم دیسان بێینەوە قسەی لەسەری بکەین، چی لێ بکەین و چی لێنەکەین، ئێمە لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا، پێشتر تەئکید کە ئەو یاسایە دەرچووە، هەرەمەکی دەرنەچووە، ڕای خەڵکی پسپۆڕ وەرگیراوە، ڕای قانونیەکانی تری دەرەوەی پەرلەمانش وەرگیراوە، ئێستاش هەمان پرۆسە، من پێموایە دەبێت جارێکی تر دوو بارە ببێتەوە، هەموو لایەنەکان لەو پرۆسەی گفتوگۆیەدا، بۆ ئەوەی ئێمە بە تەعدیلێکی وا دەربچین کە بە پلەی یەکەم کە زۆرینە زەرەرمەند نەبێت، کە ئەویش کرێچیە، دواتر بەڕاستی لایەنی بەرامبەرە کە خاوەن موڵکە، نابێ مافی بفەوتێ، ئێمە بە تەئکید کە ئەڵێین زۆرینە کە کرێچیە دەبێت هەقی نەفەوتێ، دەبێت لایەنی بەرامبەریش لەبەر چاو بگیرێت، ئەویش نابێت کە مافی خۆیەتی، ئێمە مەبەستی یەکەممان کە زۆرینەی خەڵکە، کە زۆرینەی کرێچیەکانن، هەم ئەوانەی لەناو دوکانن موڵکی تجاریان هەیە، هەم ئەوانەی کە لە خانوو دان، دواتر دیارە ئەو یاسایە ئەوانیش دەگرێتەوە، دەبێت ئەوان لە پێش وەقت لە هەموو کەسێك ڕەچاوی بارودۆخی ئەوانە بکرێت، وە من پێموایە دەبێت ئەو یاسایە تەعدیلی هەموار کردنێکی شیاوی بۆ بدۆزرێتەوە، وەکو ئەوەی کە وتم، خاڵی سێیەم ئەوەیە، وەکو زۆربەی خوشك و برایان وتیان، لە 15 مانگەوە هەندێك داواکاری لە حوکمەکان ئیشی لەسەر دەکرێت، کە هینی خاوەن موڵکەکانە، منیش وەکو ئەو هاوکارانەم داواکارم کە بە برگەیك، یاخود ماددەیەك، لەناو تەعدیلەکە، چارەسەرێکیش بۆ ئەوە بدۆزینەوە، چونکە وەکو ئەوە هاوکارم کە کاك کاردۆ گوتی، ئەوانە پابەندی یاسای وڵاتەکەمان بوون، ئێمە مافیان بخۆین، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەوەش دەبێت چارەسەر بکرێت، لە تەعدیلەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرمووو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ برادەرەکانم کە دوو ساڵ تەئجیل بکرێت، بەڵام لێرە شتێك هەیە کە دوو ساڵ تەئجیلی دەکەن کێشەکە هەر دەمێنێتەوە، کە کێشەکە مایەوە، دوو ساڵی تر کێشەکە دێتەوە پەرلەمان، ئێمە لێرە ئەگەر حکومەت ئیلزام بکەین خیلالی دوو ساڵ، خیلالی ئەو دوو ساڵە، پڕۆژەیەکمان بۆ بنێرێت، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشەیە بکاتن، چ شیش بسوتێ چ کەباب، هەردوو لا مەغدور نەبن، بۆیە پێم باشە تعدیلەك بکرێتن، لە پڕۆژە یاسایەکە بە زووترین کات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا ئەسعدی فەرمووو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم فەقەرەی بۆ تەعدیل کردنی یا هەموار کردنی ئەم یاسایە زۆر بە گرنگی دەزانم، من لەگەڵ ئەوەم لەگەڵ هاوکارەکانم بۆ تەئجیل کردنی نەوەك بە مەبەستی ئەوەی، گوێ نەخستنی ئەم کێشەیەی کە ئێستا بۆتە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، هەر یەکێ لە ئێمە بەش بەحاڵی خۆم، چەندەها تەلەفۆن و چەندەها خەڵکی کرێچی هاتووە، پیشاندانی جۆرە شێوەیەکی داوە کە زۆریان بە تەمەن گەورەو لە کرێدان، ئێمە لەبەر ئەوەی نوێنەری ئەو خەڵکەین، هەڵبەتە گوێ گرتنمان واجبە لەسەرمان، چیان بۆ بکەین بۆ ئەوەی ئەو کرێچیە بگاتە مەبەستێك کەبە شکلێکی مەعقول کرێکانی لێ وەربگیرێت، لە هەمان کاتدا کە ئەو کەسانەی خاوەن کرێ دەبینین، یان ئەوانەی دەبینین کەخاوەن موڵکن، دەبینین زۆر جار هەیە لە ساڵێکدا 100 دۆلار، 120 دۆلارێك وەردەگرێت، ئەوەندە بە کۆن ماوەتەوە کرێکەی، هەتا ئێستا شتێکی بەسەردا نەکراوە، لەبەر ئەوە بۆ ئەوە پرێنسیپی مافی مرۆڤ دابنێین لەسەر هەموار کردنی ئەم یاسایە، دەبێت هاوسەنگیەکە وەکو هاوکارەکانم وتیان، پشتگیریان لێ دەکەم لە هەردوو لا، بەڵام کێ زۆرینەیە؟ کرێچی زۆرینەیە، گوێ گرتن لێیان و تەماشا کردنیان بە شێوەیەك، لە هەمان کات، تەشجیعی موستەسمیر بۆ ئەوەی کە ئەوانە بکات، بۆ بەرژەوەندی میللەتەکەیە، هەر لایەك ئاگا لێ بوون لێیان، ئەوە بە ئەرکی پەرلەمانتار دادەنرێت، بەڵام ئەوەی ئەمەوێ بیڵێم، بەڕاستی زۆر یەعنی بڕیار هەیە کە دەرکراوە، لە زۆر شوێن کە دەرەجەی قەتعی وەرگرتووە، لێرەدا هەرچەندە بە ئەنجومەنی قەزا ڕاگیراوە، بەڵام کە دەبێت تۆزێك ڕابگیرێت، یان تەنفیزەکەی تۆزێك دوا بخرێت، وابزانم ئەو کارە باشە ئەگەر بکرێت، لە ئێستا هەتا وەکو دێتە ئەوە کە هەموار کردنی ئەو بڕیارە دەبێت، بەباشی دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروین خان فەرمووو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبداللە:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەو کێشەیەی ئەمڕۆ لە ئارادایە، کێشەیەکی زۆر گەورەیەو، هەروەها مشتومڕو شەڕێکی زۆری ناوەتەوە لە نێوان کرێچی و خاوەن موڵکدا، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە ئەو یاسایە هەموار بکرێتەوە بە زووترین کات، بۆ ئەوەی یاسایەك دەربچێت، کە لەبەرژەوەندی هەردوو لابێت، هەم کرێچی هەم خاوەن موڵك، وە یاسایەك لە بەرژەوەندی هەردوو لا بێت، وەکو تاراخان فەرمووی دیارە زۆر بڕیار دەرچووە لە دادگا، کە درەجەی قەتعی وەرگرتووە، وەلەو داواش کرا لە ئەنجومەنی قەزا کە تەوقیف بکرێت، بۆیە من داوا دەکەم کە تەوقیفی تەنفیزی ئەو بڕیارە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خراپی ئەوەیە کە دایمەن لە ئەخیرا هەڵدەستی، هەرچی قسە هەیە لە دڵتایە کردوویانە، ئەگەر بیکەیتەوە، پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت، ئەگەر نەشی کەیتەوە، هەست بە مورتاحی ناکەی، من پشتگیری لەو هەموار کردنە دەکەم بۆ ماوەی دوو ساڵ، هەندێ لە برادەرانمان باسی ساڵێکیان کرد، بەڵام لەم ماوەی هەشت مانگە، فریا ناکەوین ئەو هەموار کردنەی کەباسی لێوە دەکەین، جارێکی تر بیخەینە بەردەمی پەرلەمان، هەرچەندە هەمورا کردنێك پێشکەش کراوە، بەڵام من پێموایە ئەو یاسایە دەبێت بچینەوە سەرلەبەریا، زۆر ئاسایشە، زۆر یاسا هەیە لەکاتی جێبەجێ کردنیدا هەندێ خاڵی کەم و کورتیەکانمان بۆ دەردەکەوێت، من لێرەدا پرسیارێك ئاراستەی لێژنەی یاسایی دەکەم، وە هیوادارم هەوڵێك بدەن بۆ ئەوەی وەڵامێکمان بۆ بدۆزنەوە، کە وەڵامیشیان داینەوە، ببێتە بابەتێك لە ناو یاسایەکەدا، چونکە ئەو بڕیارانەی کە دەرەجەی قەتعیەکەی وەرگرتووە، وەکو هاوکارانم باسیان کرد، ئەگەر ئێمە دەتوانین وەقفی تەنفیزی بکەین، هەر لێرەوە من پێشنیار دەکەم، بکرێتە ماددەیەکی ئیزافی، وەقفی تەنفیزەکەی بکرێت، چونکەبە حەیاتی نەم بینیوە مەحاکمی هەرێمی کوردستان بە دەرەجەی ئەم فەترەیە، ئەوەندە سەریع بووبێ ئیتر لە دەرکردنی بڕیارەکان، ئەوە جێگەی خۆشحاڵی هەموو لایەکمانە، کە ئیشەکان ئاوا ئەڕوات، بەڵام بە تایبەتی بۆ ئەو قەزییە داوایان لێ کرا، لە لایەن سەرۆکی حکومەتەوە کە تەرەیوس(تریث) بکەن، بەڵام دیار بوو کە ئەوان تەرەیوسیان نەکردووە، کۆمەڵێك خەڵك هەیە ئێستا زەرەرمەند بووە، دەرەجەی قەتعی وەرگرتووە، بۆیە ئەو پێشنیارە دەکەم کە بکرێتە بڕگەیەك و ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سەرەتا منیش پشتگیری دەکەم لەگەڵ هاوڕێیانم لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی، تەئجیل کردنی جێبەجێ کردنی یاسایەکە، بەڵام بۆ 2011/7/15، هەندێك شت هەیە بەڕاستی ئێمە دەبێت یەکلایی بکەینەوە، یەعنی ئایا ئەمەی کە ئێستاکە لەبەردەستدایە، پڕۆژەیە بۆ تەعدیلی یاسایەکە؟، یاخود پڕۆژەیە بۆ جێبەجێ کردنی یاسایەکە؟ چونکە ئەمەی کە ئێستا لەبەر دەستدایە، پڕۆژەیە بۆ تەعدیلی یاسایەکە؟، یاخود پڕۆژەیە بۆ تەئجیل کردنی جێبەجێ کردنی یاسایەکە، چونکە ئەوەی کە ئێستا لەبەر دەستدایە، ڕاستە بەناوی هەموار کردنی یەکەم هاتووە، بەڵام فکرەکە بە مەبەستی یەکەم، بریتی یە لە تەئجیل کردنی جێبەجێ کردن، هیوادارم لەم کۆبوونەوەیە ئەمەش یەکلا بکەینەوە، بەڕاستی زۆرجار ئەم قسەیە ئەبیستی، ئەگەر یاسایەك نەکەوتبێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئایا هەموار کردن و هەموار نەکردنەکەی، ئەبێ ئەم مەوزوعە بە تەواوەتی یەکلا بکرێتەوە، زۆر ئاساییە یاسایەك کە دەرکرا لە پەرلەمانەوە، دوایی دەرکەوت کە خەلەلێکی تیا هەیە، زۆر ئاساییە تۆ تەعدیلی بکەیتەوە، بەبێ ئەوەی باس بکەی گرفتێکە، بڵێی وەڵڵا قانونەکە هێشتا جێبەجێم نەکردووە، بۆیە ئەستەمە بتوانم تەعدیلی بکەم، بۆیە گرنگە ئەم شتە یەکلا بکەینەوە، لەسەر ئەو بابەتەش، ئەوە سەرەڕای ئەوەی ئایا ناوی بنێین قانونی تەعدیل، ئەمە پڕۆژەیەکە بۆ تەئجیل کردنی جێبەجێ کردنی یاسایەکە، ئەگەر ناویشمان نا بە تەئجیل کردن، ئەبێ تەئریخ بنووسین بەڕاستی، ڕاستە ئەڵێی قانونەکە نافز ئەبێت، لە دەرچوونی لە وەقایعی کوردستان، بەڵام تۆ لە بیدایەتی یاسایەکە نووسیوتە( تمتد عقود الایجار عقار مؤجل لغیراغراض السکن حتی 7/15)، یەعنی تۆ ئەو فەترەیە، ئەو فەترە فەراغەی کە لە 7/15 تدا هەیە، تا مانگی 11، مانگی 12 نازانم ئیتر لە کەیەوە ئەم یاسایە پەسەند دەکرێت، ئەو فەترەیە ئەبێت بە بڕگەیەکی تر بە شێوەك لە شێوەکانی موعالەجەی بکەی، ئەوەش فەراغێکی ترە لێرەدا ئەبێت چارەسەر بکرێت، سێهەم خاڵ، بەڕاستی هەمووومان کەم و یا زۆر قەرار بدەین، کە ئەمە خۆی تەئجیل کردنی کێشەیە، نەوەك حەل کردنی کێشەکە، چونکە ئەگەر ئەو وادەیەش وەربگرین کە 2012/7/15 یە کە ئەخیر وادەیە، یەعنی هەر ئەو خولی سێیەمی پەرلەمانەیە کە ئەکرێت، بۆیە من پێشنیاز دەکەم وەکو فکریەکی پرۆتۆکۆلی لێرە بۆخۆمان تەبەنی بکەین، لەگەڵ پەسەند کردنی تەئجیل کردنی ئەم یاسایە، ئەوە پەسەند بکرێت، بۆ ئەوەی دەست بە گفتوگۆکان بکەین بۆ ئەوەی هەمواری بکەینەوە، بە شێوەیەکی عادیلانە هاوسەنگی بپارێزین لە نێوان خاوەن موڵك و کرێچیەکە، لە هەمان کاتدا حکومەتیش ڕابسپێرین بۆ ئەوەی کە هەندێك ئیجرائات بکات، بۆ ئەوەی ئێستاش کۆمەڵێك مونازەعات وەکو هاوکارانم ئاماژەیان پێ کرد، کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی دروست بووە، ڕەنگە بۆ ئاستی کارکردنی دوکانداڕەکان، یاخود کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لێ کەوتبێتەوە، حکومەتیش ڕابسپێرین بۆ هەماهەنگی هەردوولا ئەو پڕۆژەیە بە شێوەیەك

هاوسەنگ بکەینەوە، بەڕاستی ئەم تەئجیل کردنە، تەئجیل کردنێك بێ بۆ حەل کردنی کێشەکە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بورهان فەرمووو.

**بەڕێز بورهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من تەعقیبم لەسەر دوو خاڵ هەیە، یەکەمیان، ماددەی دووی ئەم پڕۆژەی تەعدیلی قانونی ئیجاری ژمارە 9 ساڵی 2008 ە، ماددەی دوو تیایدا هاتووە، ئەڵێ تەنها ئەو قەزیانە ئەگرێتەوە تا ئێستا لەبەر دەمی دادگاکانن، ئەو قەزیانە ناگرێتەوە کە بەهۆی تەنفیزی یاسای ژمارە 9 ساڵی 2008ەوە، ئیکتیسابی دەرەجەی قەتعی کردووە، قەراری داوە پێشتر، بەڕاستی ئەمە ناعەدالەتیەکی تیایە، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و لە ڕووی یاساوە، یەعنی ناکرێت، چەند کەسێك قەرار دەرچوووەبە تەخلیە ئەوە جێبەجێ بکرێتن دەربکرێن بۆ ئەوانی تر کە قەزیەیان هەیە لە دادگایا، یا دەعوایان لەسەر قەید نەکراوە هێشتا، تەئخیر بکرێت جێبەجێ کردنی یاسایەکە بۆ 2012/7/15، بەڕاستی هەقە ئەو یاسایە شمولی ئەو کەسانەش بکات کە بڕیار بە پێی یاسای ژمارە 9ی 2008 لە دژیان دەرچووە، بڕیار بدات بە ئیبتاڵی ئەو قەرارانەی کە لە دادگا دەرچووە، ئەمە پەرلەمانە ئەتوانێت ئەو بڕیارە بدات، واتە بە نەسێکی قانونی ئەم تەعدیلە ئەسەرێکی رەجعی هەبێت، شمولی ئەو قەزیانەش بکات کە بڕیاری تیا دەرچووە، قسەی دووەمم لەسەر نەصی ئەو یاسایەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لەگەڵ تەئخیر کردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەین، کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری کێشەیەکی ئینسانی، لە کوڵ دەیەها خێزانی ئەم وڵاتە ئەکاتەوە، کەبەرۆکی پێ گرتوون، بەهۆی جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە 9 ی 2008 کە وەجبەی پێشووی پەرلەمان دەری کردووە، بەڵام ئێمە لە 18/ 11/ 2009 دا، پڕۆژەیەکمان پێشکەشی سەرۆکایەتی بەرێزی پەرلەمان کردووە، کە لە مودەی رابردوو لەسەرەتای مانگی 11یە، خراوەتە بەرنامەی کارەوە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئەگەر من بەهەڵەدا نەچوبێتم، ئەو پڕۆژەی ئێمە ناوی پڕۆژە یاسای گۆڕانکاریە لە یاسای ژمارە 9ی ساڵی 2008ی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە، بە ژمارەی 32 لە 2009/11/18دا، ئەم پڕۆژەیەی حکومەت لە مانگی 9و 10ی ئەم ساڵە 2010 هاتووە، کە بەمەرجێك بە پێی ماددەی 71 و72لە پەیڕەوی ناوخۆ، پێویست بوو بە تەسەلسولی زەمەنی بخرێتە بەرنامەی کارەوە، لەکاتێکدا ئێمە بڕوامان وایە ئەو یاسایە دەرزیەکی ئازارشکێنە لە خەڵکی ئەدەی، ئازارەکەیان ئەشکێنێت بۆ ماوەی دوو ساڵ، دوای دوو ساڵەکە لە 2012/7/15 ەوە، هەمان ئازار دەستی پێ دەکاتەوە، ئەمە چارەسەری ڕەگ و ڕیشەیی ئەم کێشەیە نیە کە خەڵکی کوردستان ئەمڕۆ پێیەوە ئەناڵێنێت، ئەمە چارەسەرێکی جوزئیە بۆ مودەی دوو ساڵ، درێژ کردنەوەی نەخۆشیەکەیە، ئێمە بڕوامان وایە پێویستە ئەم یاسایە تەعدیل بکرێت وئەمەش بخرێتە بەرنامەی کارەوە، کە ئەبوایە بکرایە لەو پڕۆژە یاسایەدا، بە هەمان شێوە ئەگەر ڕەئیەك هەبێ

لەناو پەرلەمانی بەڕێزدا، بڵێت ناکرێت یاسا جێبەجێ نەکراوە، تۆ بێیت داوای تەعدیل کردنی بکەی، بەڕێز لە یاسادا تەحەدا دەکەین، هیچ نەصێکی مەعنی نیە، ڕێ گری بکات لەوەی کە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، بڵێیت نابێت تەعدیل بکرێت، من زۆر زۆر سوپاسی جەنابتان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان:**

فەرموو نوقتەی نیزامی لیژنەی قانونی، تەواو بوو؟، باشە، کاك اسماعیل گەلاڵی، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید گەلاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەڕێز، حەتمەن قسەکانی من تکراری تێ دەکەوێ، دیارە تکرار بۆ هەندێك حاڵەتی ئیجابی خراپ نیە، من لەگەڵ ئەو تەعدیلەدا نیم کە لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، ئەگەر گوێ لە ئەسباب موجیبەکەی بگرین، ئەڵێ ئەم یاسایە تەئجیل دەکرێت بۆ دوو ساڵ، بۆ مەبەستی بلاّو کردنەوەی هۆشیاری یاسایی لەسەر یاسایەکە، کەواتە لەو تەعدیلە نیەتی نیە ئەو قانونە کە دەرچووە تەعدیلی بکات، یەعنی تەجمیدی ئەکات بۆ دوو ساڵ، کەواتە ئێمە کێشەکەمان تەئجیل کرد، وەکو هاوڕێم کاك بورهان و زۆربەی هاوڕێیان گوتیان، کێشەکەمان تەئجیل کرد بۆ دوو ساڵ، چارەسەری کێشەکەمان نەکرد، دیارە من لەگەڵ تەئجیلی ئەم دوو ساڵە نیم، خوشك و برایانی بەڕێز، ئەبێ ئێمە بزانین، ئێمە ئێستا لە قۆناغێکی زەمەنی جیاوازدا دەژین، وەك پێش ساڵی 2004 نیە، یەعنی یاسایەکمان هەیە، یاسای ئەوەی ساڵی 1979، یاسایەکە لە ژێر سێبەری فکرەی نیزامی ئیشتیراکیا دەرچووە، کەلەژێر ئەو یاسایە، ئێمە میراتێکمان مەشاکیل بۆ دروست بوو، بەلاّم دوای ئەوەی لە خولی دووەمی پەلەماندا، یاسایەکی تر کە دێت، بەبێ ڕەچاو کردنی ئەو موشکیلانەی کە ئەو یاسایە خستوویەتیەوە، یاسایەکی تر دێت، یەعنی لەو کێشەیەکی زۆر گەورەمان هەیە کە دەبێ ئەوانە چارەسەر بکەین، ئینجا بچینە سەر یاسایەکی عەصری، بۆیە من لەگەڵ دوو ساڵدا نیم، خوشك و برایانی بەڕێز ئەگەر تەماشا بکەین لە ساڵی (1979) تا ساڵی (2000)، تا (2004) بێنین عەدەدی ئەو پرۆژە تیجاریانە کۆبکەینەوە کە لە کوردستاندا کراوە، لە نزیکی (25) ساڵ مساوی نیە بەو پرۆژانەی کە دروست کراوە، ئەو پرۆژە بازرگانیانەی کە لە خیلالی ئەو شەش ساڵەدا، یەعنی دوو ساڵ ئێستا مساوییە بە (10) ساڵی جاران، ئێمە ئێستا فیعلەن پێویستمان بە یاسایەکی تازەیە کە بازاڕی پێ ڕێك بخەین، یاسایەك کە سێکتەرێکی عەقاری گرنگمان هەیە، دەبێ تەنزیمی بکەین، فیعلەن یاسا کۆنەکە یاسایەك نیە جواب بۆی ئەو سەردەمە بکاتەوە، یاسایەك نیە بتوانێ ئەو حەرەکەی ئێمە بۆ تەنزیم بکات، بۆیە پێشنیاری ئەوە کراوە لە خولی پێشوودا کە یاسایەکی تازە دەربێت، بەلاّم کێشەکە لەوەیە ئەو یاسایەی کە دەرچووە لە خولی پێشوودا کە تەعدیلی کردووە، ڕەچاوی ئەو میراتەی نەکردووە، میراتێك لە مەشاکیل، کە لە نەتیجەی لە ژێر سێبەری یاسا کۆنەکەدا دەرچووە، بۆیە دیسان کە تۆ دوو ساڵ تەئجیل دەکەی، یەعنی لەو فەترە زەمەنییە، کۆمەڵێ مەشاکیلی تر ئیزافە دەکەی، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم ئیسراع بکرێت، یەعنی هەرچەندە زوو ئێمە یاسا کۆنەکە چارەسەر بکەین، تەعدیلی بکەین باشترە

لەوەی تەئجیلی بکەین بۆ دوو ساڵ، دوو ساڵ زۆرە، یەعنی دیارە کێشەکان لە کوردستان یەك جۆر کێشە نیە تۆ بە تەحدید بڵێی یاسایەکی بۆ دەرکەم، موعالەجەی دەکەم، حکومەتی عیراقی ساڵی (1997) لە بەغدا یەك یاسای دەرکرد، چونکە لەو وڵاتە موناقەشە نەبوو، دیموکراسیەت نەبوو، ئەنواع، ئەشکال کێشەی لێ کەوتەوە، کە ڕژێمێکی زۆر ئیستیبدادی بوو، بەڵێ بە هەزاران صاحیب موڵك کوژرا، ئێمە لە کوردستاندا بەو جۆرە چارەسەری کێشەکانمان ناکەین، پێویستمان بە یاسایەك هەیە، کێشەکان جۆراو جۆرە، یەك نەوع نیە، لە ڕاستیدا کێشەکانی بازاڕ یەك جۆر نیە، پێویستمان بەوەیە ئەو یاسایە تەعدیل بکرێ، لەگەڵ بازاڕدا دابنیشرێ، دانیشتن بکرێ، یاسایەکی سەردەمیانە تێپەڕێ، بەڕاستی یاسا کۆنەکە چارەسەری کێشەکان ناکات، یاسا تازەکەش کۆمەڵێ کێشەمان بۆ دەنێتەوە، بۆیە من لەگەڵ زەمەنی دوو ساڵدا نیم، یەك ساڵ بەسە بۆ ئەوەی بتوانین جوابگۆی سەردەم بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز إسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان، فەرموو،

**بەڕێزکوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم من لەگەڵ ئەوەم کە جێبەجێ کردنی یاساکە دوابخرێ، دوابخرێ بۆ دوو ساڵ، لەگەڵ ئەوەم کە بۆ دوو ساڵ دوابخرێ، من چەند پێشنیارێکم هەیە لەسەر ئەو پرۆژە تازەیەی کە لیژنەکە نووسیویانە، لیژنەی هاوبەش، ئەویش ئەوەیە کە بەڕای من ماددەی (2) یان لابربێت، یان بەو شێوەیەی لێ بکریت: ( حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەو داوایانەش دەگرێتەوە کە بینراون و بڕیاری یەکلاکەرەوە لە بارەیان دەرچووە، لەبەر ئەوەی وەك هاوڕێیانم باسیان کرد، کۆمەڵێ داوا هەیە یەکلایی کراوەتەوە، ئەوانە زەرەرمەندی گەورەن لەو مەسەلەیە، پێشنیارێکی ترم ئەوەی بۆ ماددەی (4)، ئەو یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و دواتر لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە، دیارە ئەوە پێشتریش هاوڕێیانی بەڕێزم دەزانن کە لە خولی پێشوو بۆ زۆر لە یاساکان وامان کردووە، یاساکە لە ڕۆژی دەرچوونی ئیشی پێ کراوە، دوایی لە وەقائیع بڵاو کراوەتەوە، من لەبەر دوو هۆ ئەوە دەڵێم، یەکەم/ هەمووومان دەزانین خەلەلێك هەیە، یاساکان زۆر درەنگ لە وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێنەوە، کە ڕەنگە دوو مانگی پێ بچێ، خاڵی دووەم/ ئەوەیە کە کۆمەڵێك داوا هەیە، حەفتەی داهاتوو قەراری قەتعی وەردەگرن، ئەوەش ئێمە حەفتەی پێشوو لەگەڵ هاوڕێیانم لە نووسینگەی سلێمانی کۆمەڵێك کاسبکارمان بینیوە، کە نوێنەری هەزاران کاسبکار بوون، دەڵێن لە (12/12) بڕیاری یەکلاکەرەوە بۆ چەندین داوا جێبەجێ دەکرێ، هەمووشیان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە هیچیان مل بۆ ئەو بڕیارە نادەین، باسیان لەوە دەکرد کە پشێوی دەنێنەوە، من پێموایە لە دوای (12/12) پشێوییەکی گەورە لە سلێمانی، ڕەنگە لە هەولێر و دهۆکیش وابێ دروست دەبێ، کە بەری پێناگیرێت، چونکە زۆر لەو داوایانە لە دوای (12)ی مانگەوە یەکلایی دەکرێنەوە، بۆیە زۆر ئاساییە بنووسرێ، ئەو یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ

دەکرێ و دواتر لە وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە، ماددەیەکیش زیاد بکرێت، هەر وەك چۆن هاوڕێیانم باسیان لەوە کرد کە پێویستە ئەو یاسایە هەموار بکرێت، ئەو یاسایە بۆ ئەوە نیە کە دوو ساڵ تەئجیل بکرێت و دواتر بچینەوە سەر هەمان کێشە، بۆیە ڕای من وایە ماددەیەك زیاد بکرێت، بنووسرێ ئەو یاسایە هەموار دەکرێتەوە، ئەگەر ئەوە گونجاو بێت، پێویستە هۆیە پێویستیەکانی دەرچوواندنی یاساکەش بگۆڕدرێ، لە جیاتی ئەوە بێ کە ڕۆشنبیری یاسایی جیا بکرێتەوە، لەبەر ئەوە بێ کە ئیعلام ئەوە تەغتیە بکات، بۆ ئەوە بێت، ئەوە بۆیە دوادەخرێت بۆ ئەوەی لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا ئەو یاسایە هەموار بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز إسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

إسماعیل محمود، فەرموو.

**بەڕێز إسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یاسایەی کە دەرچوو کاتی خۆی لە خولی دوو، زۆر لە خوشك و برایان ئێستا لێرە حازرن، ئەو کاتە خەڵکێکی یەکجار زۆر بانگ کرا بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەموو خەڵك لە دهۆك، نوێنەری دادگای دهۆك بانگ کرا، سلێمانی بانگ کرا، هەولێر هەموو بانگ کران، خاوەن موڵك بانگ کران، کرێچییەکان بانگ کران، دوای موناقەشەیەکی زۆر و زەبەند، چەندین جەلسەی لەسەر کرا تا ئەو یاسایە دەرچوو، ئەو یاسایە بە هەوەنتە دەرنەچووە، ئێستاش کە ئێمە دەمانەوێ تەئجیلی بکەینەوە، ئەوە کێشەکە تەئجیل دەکەین بەڕاستی، کێشەکە تەئجیل دەبێ، یان ساڵێك دەستنیشانی دەکەن، یان دوو ساڵ، دەبێ ئێستا چارەسەری ئەو مەسەلەیە بدۆزرێتەوە، چارەسەرەکەشی لای ئێمە نیە، بەڕاستی دەبێ حکومەت تەحەمولی چارەسەری ئەو کێشەیە بکات، جا تەعویزی دەداتە کرێچی، ئێ خۆ تۆ ناکرێ خاوەن موڵکیش هەر زەرەرمەند بێ، خاوەن موڵك ئەوە چەندین ساڵە موڵکی هەیە، خانووی هەیە، دوکانی هەیە بە کرێی داوە، خەڵك بە پێنج دینار، بە (10) دینار لە دوکانەکەی ئەو کابرایە دایە، خاوەن موڵك، خاوەن موڵك نیە، دەبێ ئێمە پشتیوانی لە بازاڕی ئازاد و لە ئابووری وڵاتی خۆمان بکەین، دەبێ بەڕاستی تەدبیری ئەو مەسەلەیە بکەین، ناکرێ هەر تەئجیلی بکەین، دیسان کێشەکە دوابخەین بۆ جارێکی تر، ئەگەر بەو شێوەیە بێ خاوەن موڵك دەست لە موڵکی خۆی هەڵدەگرێت، لە ئێستاوە ئیشەکان هەموو دەوەستێ بۆ دوو ساڵی تر، من پێشنیار دەکەم دوو ساڵ نەبێ، یەك ساڵ بێ، چونکە کەس ئامادە نیە بەڕاستی چاوەڕوان بکات تا دوو ساڵی تر، ئاوا خەڵك ڕەئسمالی خۆی بەکار بێنێ یان نا؟ ڕەئسمالەکەی خۆی ڕادەگرێت، مەترسی ئەوەی دەبێت جارێکی تر هەمان یاسا بەو شێوەیە بێتەوە، خەڵك تێیدا زەرەرمەند بێت، بۆ یەکساڵ باشە، پێشنیاری ئەوە دەکەم لە ساڵێك تێپەڕ نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز إسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د. أحمد، فەرموو.

**بەڕێز د. أحمد إبراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ئەو پرۆژەیە دەكەم، بێگومان ئەو پرۆژەیە، ئەو پێشنیارە لە ئەنجامی ئەو كۆمەڵێك گرفت هاتۆتە ئاراوە، كە لە نێوانی كرێچی و خاوەن موڵكدا دروست بووە لە ئەنجامی ئەو یاسایەی پێشوو، داوای سەدان هاووڵاتیش هاتۆتە پەرلەمان، كە ئیمزایان كۆكردۆتەوە، داوا دەكەن كە ئەو یاسایە فەرز نەكرێت بە سەریاندا، یاسا كۆنەكە، داوای ڕاگرتنی، یان هەمواركردنی دەكەن بەڕاستی، بۆیە منیش پێشنیار دەكەم ئەو پرۆژەیە بۆ دوو ساڵ تەمدید بكرێت، نەك بۆ یەك ساڵ، چونكە ئەگەر یەكساڵ بێت، ئەوەی كە پێشنیار كراوە لە ڕۆژی دەرچوونی یاساكەوە دەكاتە حەوت مانگ، واتا (7/15) دەكاتە حەوت مانگ، بۆ حەوت مانگی تر ناتوانرێت چارەسەری ئەو كێشەیە بكرێت، بۆیە ئەگەر دوو ساڵ بێ، دەكاتە ساڵێك و حەوت مانگ، یەعنی ناكاتە دوو ساڵی تەواویش، بۆیە من پێشنیار دەكەم كە دوو ساڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز إسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

د. صباح، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەكی گرنگ و ژیانەوانییە، پەیوەندی هەیە بە كۆی كۆمەڵگای كوردستان، لەلایەكەوە ئێمە یاسای شارستانی ژمارە (40)ی ساڵی (1951)مان هەیە، لە ماددەی (722)وە باسی عەقدی ئیجار دەكات، ئەو ماددانەی كە لەو یاسایەدا هاتوون، وەكو ماددەی دایك وان، بۆ كۆی ئەو یاسا و برگانەی كە دەردەچن سەبارەت بەو بابەتە، ئەوانە هەموو قەواعیدی قانونی موجەرەدن، یەعنی لە هەل و مەرجێكدا نووسراون كە ڕەنگە زیهنی موشەریعی عیراقی خالی بووبێ لە هەندێ لەو ئیشكالیات و تەناقوزاتەی كە ئێستا تیایدایە، لە ساڵی (1979) حكومەتی عیراق بە یاسای ژمارە (87) هات ئەحكامی قانونی مەدەنی سەبارەت بە ئیجاری لە هەندێ ئیجاری تایبەتدا، لە هەندێ بواری تایبەتدا وەستان، ئەو یاسایە بۆ خۆی لەو هەل و مەرجەدا لە خزمەتی چینی هەژار و بە حیساب بێ دەرامەت و كرێنشینەكان دابوو، ڕەنگە توانی بێتی هەندێ چارەسەری ئانی دروست بكات، خۆشتان دەزانن لەو هەل و مەرجانەدا حكومەتی عیراق پێویستی بەوە هەبوو كە بەدەر لە قەواعیدی یاسایی موجەرەد، تەنانەت بە دوور لە ڕێكاری شەرعی و قانونی مامەڵە لەگەڵ مەسەلەكەدا بكات، ئێستا كە هەل و مەرجی كوردستان بەرەو ئەوە دەچێت، گەشەكردن و بووژانەوەیەكی ئابووری دەستی پێكردووە، ئەو تەناقوزات و ئیشكالیاتەی كە لەوەو پێش هەبووە نەمێنێ، لەلایەكی ترەوە ئاگادارین ئێستا ئەو كەسەی كە خاوەن موڵكە پێویستی بە حیمایە و بە حەصانە هەیە، لە هەمان كاتدا ئەوەی كە كرێچییە و كرێنشینە بە هەمان شێوە، یەعنی موشەریعی كوردستانی دەبێ ڕەچاو بكات هەم لایەنی مەصڵەحەتی خاوەن مولك، بۆ ئەوەی ئەو ڕكابەری و ئەو مونافەسە تیجارییەی كە لە كوردستاندا هەیە بەردەوام بێ، هەم ڕەچاوی بكات ئەو چینە كەم دەرامەتانەی

كە ناتوانن ئەو كرێ زۆرە، یان وەكو ئەو پارە زۆرە، یان ئەو ئیمكاناتەی بە دەست بێنن بۆ خۆیان، ئێمەش كە یاسایەك دەردەكەین، بەڕاستی یاسایەك دەربكرێ لە ساڵی (2008) یاسای ژمارە (9)، بەڵام بواری جێبەجێ كردنی نەبێ، ئەوە دیارە نەقصێكە لە ڕووئیەی قانونی، دەبێ پەرلەمانی كوردستان تەداروكی ئەو مەوزووعە بكات، ئێستاش كە ئەتجیلی بكات بۆ دوو ساڵی تر، ڕەنگە تەئجیلی موشكیلەكە دەكات، بۆیە ئێمە دەبێ بە زەوابیت بەڕاستی ئەو مەسەلەیە چارەسەر بكەین، یەعنی لەگەڵ بوونی حەقی خاوەن موڵك، لەگەڵ پاراستنی ئەو كەسانەی كە كرێچین، ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بین، بڕیارێ دەرنەكەین كە سبەینێ بۆمان جێبەجێ نەكرێ، یان ساڵی (2012)ش دووبارە دابنیشینەوە بڵێین ئەو یاسایە كەی نافیز دەبێ بەڕاستی؟ بۆیە ئێمە دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ، گەڕانەوە بۆ یاسای شارستانی ژمارە (40)ی (1951)، یەكێكە لەو خیارە باشانەی كە لە بەردەمماندایە، بەڵام بە بوونی هەندێ زەوابیت بۆ ئەوەی بەڕاستی خاوەن موڵكەكانیش لە حەددێكدا بوەستن، ڕێگا نەدرێ لە ژێر زەریعەی خاوەن موڵكایەتی، ئەوانیش بە چاوچنۆكی سەیری مەسەلەكە بكەن، بۆیە منیش بە كورتی دەڵێم ئەو تەئجیل كردنە باشە بۆ ماوەی دوو ساڵ، چونكە ڕەنگە ساڵێك هەر فریای هیچ نەكەوین یەعنی، ئێمە لە كەیەوە كە ئیتیصال دەكەین بە خەڵكەوە، بە خەڵكی خاوەن بەرژەوەندی لەو مەسەلەیەدا، داوای پەلەكردن دەكەن، دەڵێن موشكیلەیەكی ئانی، یەعنی هەر لە شاری سلێمانی دا ئێمە ژمارەیەكی زۆر خاوەن موڵكمان هەیە بە كرێی ساڵانی (1979) و (1980)، كابرای كرێچی دەچێت پارەكەی دەبات تەسلیمی دەكات بە بێ ئەوەی بیبێنێ، یەعنی ڕەنگە پێنج دینار، حەوت دینار، پارەیەكی زۆر كەم یەعنی، ئەوە كەی حەقە و كەی عەدالەتە؟ جا بۆیە داواكارین ئێمە لە ڕیگەی پەرلەمان و لە ڕێگەی لیجانی پەرلەمانییەوە ئەو مەسەلەیە زیاتر تەفعیل بكەین، لە ڕێگەی میدیاكانیشەوە دەتوانرێ كار بكرێت بۆ گەڵاڵە كردنی یاسایەك كە كۆتایی بەو كێشەیە بێنێ، هاوسەنگی دروست بكات لە نێوان هەموو خاوەن بەرژەوەندییەكاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز إسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش، پەرلەمانتارە بەڕێزەكان چەند خاڵ و پێشنیارێكیان خستە بەرچاو، لەوانە لە جیاتی ساڵێك بكرێتە دوو ساڵ، لەوانە لە كاتی دەركردنی بڕیارەكە و بڵاوكردنەوەی لە وەقائیعی ڕەسمی، بڵێین كوردستان، بۆشاییەیەك دروست دەبێ، بۆیە لەو ڕۆژەی كە لێرە پەرلەمان قەراری لێ دەدا، لەو ڕۆژەوە حیساب بكرێت، لەوەی كە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی كە دادێ، یان ئەو ساڵەی كە دادێ، مەسەلەكان چارەسەر ناكرێن، ئێمە چۆن بتوانین دەست و برد بكەین بۆ ئەوەی هەموار بكرێت، بە زووترین كات هەموار بكرێت، مەسەلەكە چارەسەر بكرێت، چەند مەسەلەیەكیش مولاحەزاتی خۆتان نووسیوە، جا داواكارین لێژنەی هاوبەش بۆ ئەو مەسەلانە وەڵامتان چیە؟

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەنـدامانی پەرلـەمانی کوردسـتانی بـەڕێز، یاسـای بـە کرێـدانی خـانوو و بـەرە کـە سـاڵی (2008) لـەو پەرلەمانە دەرچوو، تەبیعی ئێمە وەکو لێژنەی یاسایی ئەو کاتەی لە خولی دووەمی پەرلەمان، دیراسەتێکی زۆر وردمان کرد، کـە پـرۆژە لەلایـەن حکومـەت پێشکەش کـرا، بـۆ مەبەسـتی دەرکردنـی یاسـایەکی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی کوردستان، واتا هەموارکردنی یاسای بە کرێـدانی خـانوو و بـەرەی سـاڵی ژمـارەی (1979)ی عیراقی، کە بەرکارە لە کوردستان و ئێستاش هەر بەرکارە، ئێمە وەکو لێژنەی یاسایی کاتی خۆی گفتوگۆیـەکی زۆرمـان کـرد لەگـەڵ خـاوەن موڵکـەکان، کرێچـییەکان لـە هـەموو شـار و شارۆچـکەکانی کوردستاندا، لە ئەنجامدا واتا دوو ساڵ لەسەر پرۆژەکە ئیشمان کرد، ئەو یاسایە دەرچوو، بـە هـەموارکردنی یاسای بەکرێدانی خانوو و بەرە بەو شێوەیە، بابەتەکەی جیاواز کـردەوە، سـەبارەت بـەو موڵکانـەی کـە بـە کرێ دراون بۆ ئەغرازی تیجاری، واتا دوکان و شوققە، ئەوە ماوەکە تەحدیـد کـرا بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ، واتـا پاش تەواو بوونی دوو ساڵەکە بگەڕێتەوە سەر ئەحکامی قـانونی مـەدەنی عیراقـی، قـانونی عـەرز و تەڵـەب تەحەکوم بە مەوزووعەکە دەکات، سەبارەت بەو موڵکانەی کە بە کرێدرابوون بۆ ئەغرازی سەکەنی، ماوەکە تەحدیـد کـرا بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ، ئـەوە لەلایـەك، تـەبیعی ئێمـە دەبـێ ڕەچـاوی ئـەوە بکـەین هـەرێمی کوردسـتان پێشـکەوتنێکی زۆری زۆری بـە خـۆوە بینیـوە، لـە ئـەنجامی چـی؟ لـە ئـەنجامی ئـەو یاسـایەی کـە دەرچوو بەڕاستی، لەو ماوەیە حەرەکەیەکی عومرانی زۆر کەوتە بازاڕ و شارەکانی هەرێمی کوردسـتان، واتـا خەڵك ئەوەی پارەی هەیە، سەرمایەدار توانی بینـای بکـات، عیمـاراتی بکـات، بـۆ ئـەوەی سـوودمەند بـێ لـە پارەی خۆی، شارەکانیشمان بە وازحی پێشکەوتوو بووە لەو ناحیانە، تەبیعی بە پێـی ئـەحکامی دەسـتووری عیراقیش ئێستا ئێمە کە موناقەشەی بابەتێك دەکەین، بابەتەکە پەیوەسـتە بـە دوو لایـەن، یـەك/ سـاحێب موڵـك، دوو/ کرێچـی، ئەوانـەش بـە پێـی دەسـتوور، بـە پێـی مـاددەی (14)ی دەسـتووری عیراقـی، هـەموو هاووڵاتیەکی عیراقی، ئێمەش کە بەشـێکین لـە عـیراق یەکسـانین لـە بەرامبـەر دەسـتوور، نەصـەکە دەڵێت: مەکانەی ئیجتیماعی، ئیقتیصادی، هەر بابەتێك، هەر هاووڵاتیەکی عیراقی دەبێت بـە یەکسـانی تەماشـایان بکرێت و یاساکان بەسەریان جێبەجێ بکرێت بە یەکسانی، ئێمە لـە ئـەنجامی گفتوگـۆ و دەرکردنـی یاسـاکە موتابەعەی یاساکەمان کرد، لە هەولێر و دهۆك ڕەچاوی ئەوەمان نەکرد کێشەکی وا زۆر دروست بوو، بەڵام وتیان لە سلێمانی کێشە دروست بووە، دەبوایە لەوێش کێشە دروست نەبوایە، چونکە ئەوان کە ئەو قانونـە دەرچوو، پـێش ئیـدارەی هـەولێر قـانونی مـەدەنیان تـەتبیق کردبـوو، یـەعنی هـیچ کێشـەیان نـەبوو، ئێمـە ویستمان قانونەکانی کوردسـتان پـاش تەوحیـدی ئیـدارە یـەك بکەینـەوە، لـە ئـەنجامی یـەك کردنەکـە ئـەو قانونە دەرچوو، بەڵام لـەوێ بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان جێبـەجێ نـەکرا، جارێـك وتیـان وەزارەتـی دارایـی تەعلیماتی دەرنەکردووە، نەخێر وەزارەتی دارایی پاش دەرچوونی قانونـەکە تـەعلیماتی دەرکـرد، ئیسـلوبی کارکردن بە یاساکە زۆر بە وازحی بوو، خەڵکانی زۆریش ئیستیفادەیان لێ کرد، بە تایبەتی ئەو موڵکانە کە پێش دەرچوونی قانونەکە بە کرێدرابوون، بە تایبەتی ئێستا گفتوگۆ لەسەر ئەو موڵکانەنە کە بەکرێدراون بـە مەبەسـتی غـیری نیشـتەجێ بـوون، تیجـاری، لیجـانی زەریبـەی عـەقار بـە کارەکـانی خۆیـان هەڵسـتان،

**موعامەلاتێکی زۆر تەقدیم کران، خەڵکانی زۆریش ڕازی بوون بە قانونەکە، ڕازی بـوون، تەقدیراتەکـە زۆر مـەنتیقی بـوو، مـەعقول بـوو، هـیچ کێشـە نـەما، لـەو ئـاخیرەی ئێمـە وەکـو لیژنـەی یاسـایی موتابەعـەی مەوزووعەکەمان کرد، سەبارەت بە هـەولێر ئیحصائیەمان وەرگـرت لـە مـەحاکیمی هـەولێر، هـەتا مـانگ و نیوێك پێش ئێستا (75) دەعوا لەو هـەولێرە تۆمـار کرابـوون، واتـا (75) دەعـوا بـە نیسـبەت هـەولێر لـەو ماوەیەی کە ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە ملیـۆن و نیوێـك بەشـەرە، چـەند خـاوەن مـوڵکی تێدایـە، کرێچـی تێدایە، دەعوایەکی زۆر نیە، هەندێك برادەران لێرە باسیان لەوە کـرد کـە لەگـەڵ ئـەوەدان ماوەکـە بکرێتـە دوو ساڵ، ئێمە خۆمان لە ڕاپۆرتی هاوبەش داوامان کرد ببێتە دوو ساڵ، هەرچەندە پرۆژەی حکومەت یەك سـاڵ بـوو، دووەمیـان ئەنـدامێکی بـەڕێز باسـی لـەوە کـرد ئەنجومـەنی دادوەری قـەرارەکانی مـەحاکیمی ڕانەگرت، باشە ئەنجومـەنی دادوەری چۆن دەتـوانێ قـەراری مـەحاکم ڕابگـرێ؟ ئەگـەر پەرلـەمان قانونێـك دەرنـەکا، قانونەکـەی ئیلغـا نـەکات، یـان تەعـدیل نـەکات، مەعلومـە لای جـەنابتان پەرلـەمان دەسـەڵاتی تەشـریعیە، ئەنجومـەنی دادوەری دەسـەڵاتی تـەتبیقی قەوانینـە، حکومـەت دەسـەڵاتی جێبـەجێ کردنـی یاساکانە، ناکرێت گلـەیی لـە ئەنجومـەنی دادوەری بکـەین بڵێن وەڵلا تـەعلیماتیان دەرنـەکرد بـۆ ڕاگـرتنی یاساکە، هەتا حکومەتیش ناتوانێ یاساکە ڕابگرێت، مەگەر پەرلـەمان نـەبێ، پەرلـەمانیش وا ئێسـتا یاسـاکە گفتوگۆ دەکرێ بەو شێوەیە، ئێستا ئەو ڕەئیانە کە تەرشیح کرا، ئەندامێکی بەڕێز باسـی ئـەوەی کـرد کـەوا لەگەڵ ئەوەدا نیە قانونەکە هەبێت، باشـە لەگـەڵ ئـەوەدا نینـە قانونەکـە هـەبێ زۆر ڕاسـتە، ئێمـەش کـاتی خۆی پشتگیری ئەوەمان کرد کە یاسایەکی نموونـەیی دەرکـەین لـە کوردسـتان، چونکە لـە عـیراق لـە سـاڵی (1996) یاسای بە کرێدانی خانوو و بەرە سەبارەت بەو موڵکانەی بـە کرێـدرابوون بـۆ غـەیری نیشـتەجێ بوون جێبەجێ کرا، هیچ کێشەیەکیشیان لـە دواوە نـەبوو، جگـە لـە یاسـای بـە کرێـدانی خـانوو و بـەرە بـۆ نیشتەجێ بوون، ئەویان ڕاگرت، ئێستاش بە نیـازن، پـرۆژە تەقـدیم کـراوە لـە عـیراق، ئیشـی لەسـەر بکـەن، ئەویش مەشمولە بە قانونی مەدەنی، لێرە ئەو ڕەئیانە تەرح کران، ئەندامێکی بەڕێزیش وتی لە دەرکردنی یاسـاکە، واتـا (مـن تـاریخ إصـداره)، ئێمـە ئـەو ڕەئیـەی بـە مـەنتیقی دەزانـین، فیعلـەن ئەگـەر لـە تـاریخی ئیصـدارەکە بـێ، ئیحتیمالـە ئـەو دەعوایانـەی کـە لەبـەردەم دادگادایـە ئیسـتیفادەی لێـدەکات، کێشـەیان بـۆ دروست نابێت، هەروەها سـەبارەت بـە زیـادکردنی بڕگەیـەك بـەو شـێوەیەی کـە بڵێـی ئـەو دەعوایانـەی کـە دەرەجەی قەتعیان وەرگرتووە، ئێمـە وەکـو لیژنـەی یاسـایی تـازە لـە نێـوان خۆمـان مشاوەرەمان کـرد، ئـەو دەعوایانەی کە لە مەحکەمە دەرچووە، تەخلیـە کـراوە، باشـە ئێمـە چـۆن ئیلغـای بکـەین؟ بڵێن حاڵەتەکـە فیعلەن ڕوویداوە، مەحکەمە قەراری داوە، دەرەجەی قەتعی وەرگرتووە، تەنفیز کراوە، ئیلغای بکـەی کێشـە دروست دەکەی، چونکە حاڵەتەکە ڕوویداوە، موڵکەکە تەسلیم کراوە، دەرچووە لە دەسەڵاتی کرێچی کـەون، خۆ ئێستا نایگەڕێنیەوە، باشە ئەگەر بیگەڕێنیەوە کێ تەعویزی ئەو حاڵەتانە دەدا؟ لێرە کێشەیەکی گەورە دروست دەکەن، بەڵام ئیمکانە ئێستا صیاغەکمان دانا بە تەشاور بەینی خۆمان، ئەگەر ئەندامانی پەرلـەمان**

قبوڵیان کرد ئێستا بۆتان بیخوێنمەوە، ئەوا موافەقەتی لەسەر بکەن، قبوڵی بکەن، سەبارەت بە ماددەی دووەم:

المادة الثانية:

1- تسري أحكام هذا القانون على الدعاوى المنظورة أمام المحاكم المختصة وفقاً للقانون أعلاه و التي لم يصدر فيها قرار مكتسب للدرجة القطعية.

2- إيقاف تنفيذ القرارات الصادرة في الدعاوى المشمولة بأحكام هذا القانون التي لم ينجز تنفيذ تخليتها لغاية (2012/7/15).

**بەڕێز د.أرسلان بايز إسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم: دانانی ئەوەی كە بڕیاری دەرەجەی قەتعی وەرگرتووە و بە ئەسەری رەجعی یاسایەك دەرچێ، ئەوە موتەناقیز نیە لەگەڵ ماددەی (19)ی دەستووری دائیمی عیراقیدا، لەبەر ئەوەی بەس لە قەوانینی زەرائیب و ئەوانە نابێ ئەسەری ڕەجعی هەبێ، ئەوە یەكەم، دووەم/ بۆ بەرچاو ڕوونی سەرۆكایەتی پەرلەمانی بەڕێز و زەمیلە بەڕێزەكانیشم لە ڕێی بەڕێزتانەوە، باسی ئەوە كرا ئەوەی پێشتر هەبووە دژی خاوەن موڵك بووە، یان پێشتر لە سلێمانی بۆتە یاسای مەدەنی، ئەو شتە وانیە، لەبەر ئەوەی لە سلێمانی، لە ئیدارەی سلێمانیدا بڕیاری (220) لە (30)ی كانونی یەكەمی (2001)دا دەرچوو، كە حكومەتی سلێمانی دەریكرد، درێژەپێدەری ئەحكامەكانی ماددەی قانونی (87)ی ساڵی (1979) بوو، لەو یاسایەدا هاتبوو، ئەوە موختەص بوو بە موڵكەكانی مەحەلاتی تیجاری، صناعی، میهەنی، دەیوت ئەوەی (10) ساڵ بەسەر كرێدانیان لە (2002/1/1) تێپەڕیوە، بۆی هەیە داوای ئیعادەی تەقدیر بكات، هەردوای پێنج ساڵێك ئیعادەی تەقدیر بكات، ئیعادەی تەقدیر بكات لە ڕێی دائیرەی زەریبەی عەقارەوە، بۆ كرێچی و خاوەن موڵك هەیە ئیعتیرازی لێ بگرێ لای دادوەری یەكەمی دادگای بەرایی، قەراری داوەری یەكەمی دادگای بەراییش باتتە، ما باقی دەڵێت لە (2002/1/1)وەوە، واتا بە تەشخیص لە (30)ی كانونی یەكەمی (2001)ەوە، بە قانونی مەدەنی شمولی موڵكەكان دەكات، یەعنی پێش (2002/1/1) ئەو ئەملاكانەی پێشوو هەبووە هەر بە پێی قانونی ئیجاری (87)ی (1979) دەمێنێتەوە، كە تابعێكی ئیشتیراكی هەیە، بەڵام ئەوەی دوای ئەو تەئریخە دەدرێ بەكرێ، قانونی مەدەنی شمولی دەكات، یەعنی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەحكامەكانی تەخلیە، بۆ دەركردنی كرێچی بۆ ماددەكانی (740) بۆ (746)ی یاسای مەدەنی عیراقی، ئەوە حەقیقەتی مەوزووعەكەیە، درێژە پێدەری یاسای (87)ی (1979) بووە، بڕیاری (220)ی 30ی كانونی یەكەمی 2001ی ئیدارەی سلێمانی، بڕیارێكی زۆر جوان بووە لەسەر ئەساسی تەقدیر كردنی موڵك بووە، ئەوەی كە دەڵێن گوایە كرێی (10) دینار و (20) دینار ماوە لە موحافەزەی سلێمانیدا، شتی وانیە،

ئەگەر شتی وا هەبێ ئیهمالی خاوەن موڵکە، لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە کە لە کانونی یەکەمی 2001 دا دەرچووە حەقی ئیعادەی تەقدیری داوەتەوە، ئەو حەقە حەقی ئیعادە و ئیعتیرازی داوە بە خاوەن موڵك و کرێچیش، ئەوە حەقیقەتی مەوزووعەکانە، ئەوەی دوای ئەو تەئریخە دەدرێ بە کرێ قانونی مەدەنی شمولی دەکات، ئەحکامەکانی ماددەی (740) بۆ (746)ی قانونی مەدەنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز إسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو، کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەللا من تەوزیحێکم هەبوو لەسەر ئەو موقتەرەحەی کە تەقدیم کرا، ئەگەر یارمەتیم بدەی ئەوەی کاك برهان باسی لێ کرد، ئێمە هیچ پێویستمان بەو تەعدیلە نییە و قانونی مەدەنی جێبەجێ بکەین، خۆشمان ئەزیەت نەدەین لێرە، با بڕۆشتایە، وەکو ئێستا باسی لەسەر کرد، بەڵام (علی کلٍ)، من یەك شتتان بۆ تەوزیح دەکەم برادەرینە، لە سلێمانی هیچ کێشەیەك لەسەر ئەو یاسایە دروست نەبووە، بەڵێ ئینزار کراوە، دەعواش ئیقامە کراوە، عەددەدێکی زۆریش دەعوا هەیە، بەڵام لە کۆی شەش مەحکەمەی بیدائە کە موختەصە لەو ئیشە، یەك مەحکەمەیان لە (10) دەعوا کەمتری دەرکردووە، ئەو (10) دەعوایەش تەمییز کراوە لەبەردەم دادگای ئیستیئناف بە صیفەی تەمییزی، خۆی تا ئێستا موکتەسەب نیە دەرەجەی قەتعی، هەروەها وەستێنراوە، بە تەئکیدەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەیان دەکرد، حاکمەکانیش موحتەمەلە ئاگادار کرابنەوەکە تەوازوونێك بگرن، هیچ قەرارێك دەرنەکەن، چونکە هەر قەرارێکی قەزائی دەرچوو، ئێمە لێرە لە پەرلەمان لەسەرمانە قەراراتی قەزائی، قەراراتی موکتەسەب دەرەجەی قەتعییە، پێویستە بۆ ئیستیقراریەتی قەراراتی قەزائی و مەبدەئی سیادەی قانون، ئێمە ئیحتیرامی ئیرادەی حاکم و قانون و قەزا بگرین، بۆیە کە حاکمەکان بە ئیرادەی خۆیان ئەو ئیجرائە کەشف و ئەو سەر و ئەو سەری کە لە ناو دەعواکاندا هەیە کردوویانە، ئەو دەعوایانەش هێشتا موکتەسەب دەرەجەی قەتعی نین، لەبەر ئەوە بڕگەی دووەمی ئەو یاسایە کە ئەو تەعدیلەی کە ئێستا لێرە دەکرێ، کە کاك عەونی پێشکەشی جەنابتانی کرد، حەسمی ئەو مەسئەلەیەی کرد کە بۆ لەمەودوای دەعواکان، بەشی سێیەمی قەتعیەن بڕانەوە بە نیسبەت ئەو دەعوایانە، چونکە بە نەصێك هاتووە دەڵێ (لم تکتسب) دەرەجەی قەتعی، بە تەئکید تاوەکو لە تەمییز دەرنەچێ ئەو قەرارانە، موددەی تەمییزی بەسەر نەڕوا و نەچێتە دائیرەی تەنفیز و لە تەنفیز تەنفیز نەکرێ، ئەختائی موستەئجیر، کرێچیەکە نەکرێ، مودەی نەدرێتێ، ئەو قانونە جێبەجێ نەکراوە، (لا یزال) تا ئێستا ئەو یاسایانە لە سلێمانی جێبەجێ نەکراوە، (بالرغم)ی ئەوەش، من لەگەڵ ئەوەدام بەو نەصە بڕوا بۆ ئێستا، هەرچی چەندە ئەوە ڕەنگە حەلێکی شافی نەبێ بۆ ئەو کێشەی کە لە بەینی موستەئجیر و موئەجیردا هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە هەموومان باشی دەزانین، مواتینین، خەڵك، هەمووومان، هاووڵاتی، هەموو خەڵکی کوردستان موتەساوین لە هەموو حقوق و ئیلتیزاماتێك کە لەسەر شانمانە،

مەفرووز نیە ئێمە بە جارێ پێدابگرین لەسەر هەندێ ئیعتیبارات، چونکە ئەگەر ئێمە زۆربین یاسایەکی ئاوها دەربچێ، هەر نەخرێتە حەیزی تەنفیزەوە، هەر تەنفیز نەکرێ، بەڕاستی لەلایەك هەیبەتی یاساکانی پەرلەمانی کوردستان نامێنێ، لەلایەکی تر ئێمە بەڕاستی وەکو کاك ئیسماعیل باسی لەسەر کرد، کە تەعنی لەسەر فەلسەفەی ئیشتیراکی هەبوو، ڕاستە ئەو یاسایەی ژمارە (87) لەسەردەمی حیزبی بەعسدا تەعدیل کراوە، پێشتر یاسای مەدەنی بەکار دەهێنرا، بەڵام ئەوان هاتنن لەسەر نەهج و فەلسەفەی ئیشتیراکی خۆیان بەکار هێنا، کە ئێستا کاك ئیسماعیل گلەیی لێ کرد، ئێستا ئەو یاسایەش لەسەر نەهجی عەولەمە و بازاڕی ئازاد کە هەر گلەیی لەسەر بێ، ئەوە ناڕوات بەڕێوە، پێویستە لە کاتی خۆیدا موازەنەیەك لەبەینی حقوقی موئەجیر و موستەئجیر، کرێچی و ساحێب خانوودا بکرێ، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەو تەعدیلەی، ئەو ئیزافەی کە ئێستا لە لێژنەی یاسایی دامان بەزاندووە، ئەوە صیاغەیەکی زۆر قانونیە، بۆ وەستاندنی ئیشکردن بەو یاسایە تا (2012/7/15)، هەروەها وەستاندنی کارکردن، چونکە دەڵێ ئەو دەعوایانەی کە ئیجرائاتی تەخلیەکەی تەنفیز نەکراوە، ئیجرائاتی تەخلیە یەعنی چوونە دەرەوەی کرێچییەکە لە مولکەکە، تا ئێستا ئەوە نەکراوە، لەبەر ئەوە ئەگەر بڕیاریشی تیا دەرچووبێ، بڕیارەکە بەو شێوەیە دەوەستێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز إسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك کەسی تر وەردەگرین، کاك کاردۆ نوقتەی نیزامی هەیە، ئاخیر کەس.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ بڕگەی دووەم، بەلای منەوە چارەسەرەکە ئەوەیە ئەگەر یەك هاووڵاتی زەرەرمەند بێ، حکومەت بەرپرسیارێتی قەرەبووی دەگرێتە ئەستۆ، هەم تەداخولی یاساش ناکەین کە دەرەجەی قەتعی وەرگرتووە، هەم هاووڵاتیەکیش ئەگەر زەرەرمەند بوو لەنەتیجەی ئەو یاسایەی ئێمە، با حکومەت بەرپرسیارێتی تەعویزی وەرگرێتەوە، کە بە بەڵگە سەلێندرا.

**بەڕێز د.أرسلان بایز إسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا زۆر موناقەشە لەسەر ئەو مەوزووعانە کرا، پێشنیارێك هاتووە پێش ئەوە کە بۆ دوو ساڵ تەئجیل بکرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە دوو ساڵ بێ دەست بەرز بکاتەوە؟ بۆ ئەو فەقەرەیەی کە دەڵێ کەی تەنفیز بکرێ؟ یەعنی رووە تەنفیزیەکەی کەی بێ؟ ئەو پێشنیارەی لێژنەی هاوبەش با بیخوێنێتەوە و بیخەینە تەصویتەوە، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە باشی دەزانم ماددەی یەکەم بخوێنینەوە و بیدەینە دەنگدان، ئینجا وردە وردە بێینە سەر ماددەکانی تر، وا باشترە، ئیشەکانمان ئاسانتریش دەکات.

**بەڕێز د.أرسلان بایز إسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الأولى:

تعدل الفقرة الثانية من المادة الثالثة من القانون رقم (9) لسنة 2008 و تقرأ كالآتي:

تمتد عقود إيجار العقار المؤجر لغير أغراض السكن المبرمة قبل نفاذ هذا القانون لغاية (2012/7/15) إعتباراً من تاريخ نفاذ القانون رقم (9) لسنة 2008 وتخضع بعد مضي المدة المذكورة لأحكام القانون المدني رقم (40) لسنة (1951) المعدل النافذ في الإقليم.

**بەڕێز د.أرسلان بایز إسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ دژە؟ بە ئەکسەرییەتی تەواو، فەرموو بۆ خاڵەکەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

1- تسري أحكام هذا القانون على الدعاوى المنظورة أمام المحاكم المختصة وفقاً للقانون أعلاه و التي لم يصدر فيها قرار مكتسب للدرجة القطعية.

2- إيقاف تنفيذ القرارات الصادرة في الدعاوى المشمولة بأحكام هذا القانون التي لم ينجز تنفيذ تخليتها.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەو صیاغە تازەدایە کە خوێندرایەوە تکایە بادەست بەرزبکاتەوە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (3): على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەم ماددەدایە تکایە بادەست بەرزبکاتەوە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (4): ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەم ماددەدایە تکایە بادەست بەرزبکاتەوە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الاسباب الموجبة

بغية إعادة تنظيم العلاقة بين المؤجر والمستأجر و منحهما فترة اخرى ليكونا على دراية بالاوضاع القانونية الجديدة للمأجور لتدبير امورهما وإعطاء المهلة الكافية لوسائل الاعلام لنشر الوعي القانوني في هذا المجال شرع هذا القانون.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک خورشید، فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی پێشنیاری زۆر لە برادەران هەبوو، کە لە سەباب موجبە ئێمە ئیشارەت بەوە بدەین، بڵێین ( واعطاء المهلة الكافية لبرلمان كوردستان لاجراء التعديلات المطلوبة على القانون) ئەمە تەنها بۆ ڕاگرتن نیە، بۆ ئەوەیە پەرلەمان ئیلزام بکەین کە تەعدیلات بکات لەم یاسایەدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ڕوونکردنەوەیەکی هەیە، کاک فرسەت، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمان ناتوانێت، چونکە لازمە پرۆژەکە لە ئەندامانەوە بێت، بۆیە پەرلەمان ناتوانێ ئەندامان ئیلزام بکات و ئەو کارە بکات، هەرکاتێ 10 ئەندام پێشکەشیان کرد، یان حکومەت پێشکەشی کرد، ئەو کاتە پەرلەمان تەماشای دەکات، ئەگینا تۆ کێ ئیلزام دەکەیت، ئەوە خیلافی نیزام و یاسایە، خیلافی بەدیهیاتی یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: زۆربەی هاوڕێیان کە قسەیان کرد باسی هەمواریان کرد، باوەڕناکەم کە ئەندام هەبێت قسەی کردبێ باسی هەمواری نەکردبێ، دووەم: پڕۆژە هەیە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە هەفتەی پێشوو،

10 ئەندامی پەرلەمان پێشکەشیان کردووە، ئەکرێت بۆ دەوڵەمەنـد کردنـی ئـەم پرۆژەیـە خـاوەن موڵك و کرێچی بانگ بکەین، بەڵام ئەبێ لە هۆیەکانی دەرچواندنی باسی ئەوە بکرێت کە ئەمـە بۆیـە دوا دەخرێـت لەبەر هەموارکردنی نەك بۆ ئەوەی کـە کرێچـی خـۆی ئامـادە بکـات و ئـیعلام بـڵاوی بکاتـەوە، ئەمـە تـەنها بەمەبەستی هەموارکردن بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارەو ئێمە لەهەموو قسەکانماندا ڕوونمان کردەوە، وتمان ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە هیچ لایەك زەرەرمەنـد نە بن، ئەو هاوسەنگیە ڕابگیرێت، دیارە ئێستا هەسـتێك دروسـت بـووە لـەلای کرێچیەکان کـە ئـەم یاسـایە، زۆڵمیان لێدەکات، خۆ ئەکرێت کەباسـی ئـەوە دەکـەین کـە هـەموار بکرێـت، خـۆ دەکـرێ هەموارکردنەوەکـە لەهەنـدێ مـاددەدا بێـت کـە میکـانیزمی جێبـەجێکردنی یاساکەی تێـدا ڕوون وئاشـکرا بێـت، بۆیـە ئەگـەر ئیزافەی بکەین بڵێین هـەموار خـۆ مـەرج نیـە پەرلـەمان ئیلـزام بکرێـت بەهەموارکردنەکـە، بـەڵام دەکـرێ حکومەت ئیلزام بکەین، کە لەماوەیەکی نزیکدا هەموارکردنی ئەو یاسایە، بنێردرێتە پەرلەمانی کوردسـتان بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە یاخود تەوصیات، یاخود هەرچیەك بێت، گرنگ ئەوەیە ئێمە بزانین کە لەدوای ئەم یاسایەوە هەموارکردنێك دێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

دواین کەس دکتۆر زانا، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکـەم یـەك صـیاغەی تـر دابڕێژینـەوە، کـە زۆر موخـالفیش نـەبێت، لەگـەڵ ئـەوەی کـە کـاك فرسەت ئاماژەی پێدا، کە پەرلەمان ئیلزام دەکەین، چۆن لەهەمان کاتدا نووسـراوە موهلەیـەك دەدرێـت بـە کرێچی کە ئاگاداری وەزعی خۆی بێت، ئاواش بنووسریت( اعطـاء المهلـة للبرلـان لاعـادة العلاقـة بـين المـؤجر والمستأجر، على اسس قانونية سليمة ومتوازنة) کەواتە موهلەکە دەدرێت بە پەرلـەمان بـۆ ئـەوەی ئیعـادەی تەنزیم بکاتەوە، لەسەر بنچینەیەکی یاسایی، لەسەر ئەساسێکی یاسایی و موتەوازین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

خۆی منیش حەقم هەیـە قسـە بکـەم، یـەعنی بەڕاسـتی حـەق لەوەدایـە کـە ئـەبێت صـیغەیەك بدۆزینـەوە لەنێوان خاوەن موڵك و کرێچیدا، ئێمە چۆن ئەو صیغەیە بدۆزینەوە لەڕووی یاساییەوە ئەوەمان بۆ عیلاج بکەن، چۆن صیغەیەك بدۆزینەوە تا ئەوە حەل بکەین خۆ ناکرێت هەتا هەتایە ئەوە هەر تەئجیل بکـەین، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم پڕۆژەی كە ئێستا لەبەردەستی ئێمەدایە باسمان لە تەمدیدی ماددەیەكی ئەو یاسایە كردوە كە خاصە بە تەخلیەی مەحەلاتی تیجاری، ئەمە ناكرێت لەناو ئەسبابی موجەبەكەدا پەرلەمان تەوصیەی تێدا باس بكات یان ئیلزامی جیهەتێك بكات، ئەكرێت پڕۆژەیەك هەبێت، وەكو ئێستاش برادەران باسیان لێوە كرد، پڕۆژەیەك هەیە، واریدە ئەم پڕۆژەیە بێتە بەرنامەی كاری پەرلەمانەوە، دوایی گفتوگۆی لەسەر بكرێت و باسی لەسەر بكرێت، ئەگەر پڕۆژەكە دەنگی خۆی هێنا، كە تەعدیلی هەندێ لە بڕگە و بابەتەكانی ماددە ئەصڵیەكە بكات، بەڵام لێرە لەم مەشروعی تەعدیلەدا وارد نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

بۆ پێشنیارەكەی دكتۆر زانا وتتان چی لەسەری؟، فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەبۆچوونی من ئەو پێشنیارەش وا نیە، لەبەر ئەوەی ئەسباب موجەبەی یاسا ئەوەیە كە ئەو یاسایە بۆچی دەرچووە، تەبعەن دەڵێن كێشە بووەو مەشاكیل دروست دەبێت، پەرلەمانی كوردستان و حكومەتی كوردستان زانیان كێشە دروست دەبێت، ویستیان یاساكە ڕابگرن، ئەسبابی موجیبەی ئەو یاسایە ڕاگرتنی یاساكەیە، بەڵام كە بینیمان لەئەنجامی گفتوگۆی ئەندامان دیار بوو كە پڕۆژەیەك پێشكەش كراوە، فیعلەن خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، ئیمكانە ئیش لەسەر ئەو پڕۆژەیە بكەین لەماوەیەكی كەمدا، بیهێنینە ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ گفتوگۆكردن لەسەری، ئینجا چ بە هەمواركردن بێت، یان بەداڕشتنەوەی یاسایەكی تایبەت بە خانووبەرە لەهەرێمی كوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

باشە من پرسیارێكم لە ئێوە هەیە بێزەحمەت، بۆچی ئێوە باسی كرێچیتان كردووە ئەی بۆ باسی خاوەن موڵكتان نەكردووە، لە ئەسباب موجەبەكەدا؟، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داواكارییەكی زۆر لەلایەن كرێچیەكانەوە پێشكەش بە پەرلەمان كرا، دەڵێت ئێمە مەغدورین بەو یاسایە، وەلەو من لەقسەكانم ئیشارەتم بەوەدا كە هەموو هاووڵاتیانی كوردستان یەكسانن لەبەرامبەر دەستوور ویاسا، بەڵام وا دیارە كەئەنەما لایەنی زەعیف لەموعامەلەكەدا كرێچیە، بۆیە ئێمە ئیشارەتمان بەوان داوە، چونكە كرێچیەكان خۆیان دەڵێن ئێمە ئاگامان لەو یاسایە نیە، ئاگامان لەوە نیە كە وەزارەتی دارایی تەعلیماتی دەركردووە سەبارەت بەچۆنیەتی جێبەجێكردنی یاساكە، بۆ ئەوەی دووبارە خەڵك تەوعیە بكرێت و ئاگایان لە یاساكە هەبێت، بۆیە بەتایبەتی ئیشارەتمان بە كرێچی داوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

دکتۆرە ڕۆژان، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دواخستنی کار پێکردن بەو یاسایە، دیارە هەندێك کێشە هەیە، بۆچارەسەرکردنی ئەو کێشانە ئێمە لەبەر ئەوە بوو دەنگمان بۆئەوەدا کەجارێ کار بەو یاسایە نەکرێت، تەمدید بکرێت بۆ ماوەی دوو ساڵ بۆیە ئەو پێشنیارەی کە کاك زانا کردی، دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان خاوەن موڵك و کرێچی ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت، وابزانم هەر مەبەستیش ئەوەیە لەتەمدیدی کارپێکردن بەو یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێمە لەسەرۆکایەتی پێشنیارێکمان هەیە، ئێمە وەعدتان پێ بدەین نەیخەینە ناو یاساکە، بەڵام لە ماوەیەکی زۆرکەمدا ئەو پڕۆژە یاسایەی کە هاتووە بۆ هەموارکردنی بیخەینە بەرنامەی کار، باشە با ئەمە بڕوات، پڕۆژە یاساکەی کە داواتان کردبوو بۆ هەموارکردنی ئەو بخەینە بەرنامەی کارەوە، پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگفتوگۆکاندا زۆر قسە لەسەر مەبدەئی هەموارکردن کرا، من پێم وایە، لەسەر سەرۆکایەتی پێویستە، مەبدەئی هەموارکردن بخاتە دەنگەوە، ئەگەر زۆرینە دەنگی هێنا، ئەبێ لە ئەسباب موجبەبەدا جێگای بێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم ئەسباب موجبەیە مەبدەئی هەموارکردنی ڕەفز کردۆتەوە لە ئەساسدا، چونکە دەڵێت بۆ ئامادەکردنی زیاتری کرێچی، کەواتە مەبدەئیەن موافەقەی لەسەر ئەوە کردووە کە پڕۆژەکە وەکو پێشتر بڕوات، بەڵام تەئجیل بێت، بۆیە دەبێ هەموارکردن بخەیتەوە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

نا، ئێمە پێتان دەڵێین وەکو سەرۆکایەتی خۆ ئەمە شتێکی نهێنی نیە، ئەمە با ئاوا بڕوات، لەفەترەیەکی کەمدا هەموارکردنەکە دەخەینە بەرنامەی کارەوە، ئێستا موناقەشەی زۆرمان کرد لەسەر ئەو ئەساسە دەیخەینە دەنگەوە، ئاخر صیاغە بخوێننەوە تادوایی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الاسباب الموجبة

**بغية إعادة تنظيم العلاقة بين المؤجر والمستأجر و ليكونا على دراية بالاوضاع القانونية الجديدة للمأجور لتدبير امورهما وإعطاء المهلة الكافية لوسائل الاعلام لنشر الوعي القانوني في هذا المجال فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**ئێستا کێ لەگەڵ ئەم ماددەدایە تکایە بادەست بەرزبکاتەوە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئێمە لەسەر وەعدی خۆمانین لە ماوەیەکی نزیکدا دەیخەینە بەرنامەی کارەوە، فەقەرەی تر چیمان ماوە، ئەوە تەواو بوو، ئێستا تێکڕای یاساکە دەخەینە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە تکایە بادەست بەرزبکاتەوە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، باشە سوپاس، پیرۆزبایی لەوانە دەکەین کە سوودمەند بوون و داوای لێبوردنیش لەوانە دەکەین کە زەرەرمەند بوون، ئێستا لیژنەی یاسایی ئێوە بۆ شوێنی خۆتان بەس با لیژنەی دارایی بمێنێتەوە، سۆزان خان، فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تەبعەن ئەوە ئێستا ئێمە دێینە موناقەشەی یاسایەکی تر، زۆریش ماندووین سەعات 1/20، ئەگەر جەنابتان ئیزنمان بدەن بۆ ماوەی سەعاتێك ئەوەندەی پاروە نانێك بخۆین وئیستراحەتێك بکەین، دوایی دێینەوە ئێرە بۆئەوەی بەردەوام بین لەسەر کارەکەمان، سوپاس.**

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**ئێمە لەسەرۆکایەتی پێمان باشە کە بەردەوام بین، بۆ ئەوەی زوو تەواو بین و بۆخۆتان سەفەر بکەن، لیژنەی دارایی فەرموون بۆ خوێندنەوەی پرۆژە یاساکە.**

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە پێشتر خوێندنەوەمان بۆ ئەو خشتەیە کرد کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتبوو، من پێم باشە، ئەگەر بەڕێزتان ڕەزامەندی بفەرموون خوێندنەوەیەك لەسەر ئەو ژمارانەی کە هەیە، جارێکی تر بۆ ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان بخوێنینەوە دواتر بێینە سەر ڕاپۆرتەکەمان،**

**هەرێمی کوردستان – عێراق**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی دیوان**

**فەرمانگەی پلاندانان**

**ژمارە:2401**

ڕێکەوت:2010/9/29

**بۆ/ پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2010**

**هاوپێچ لیستی پرۆژە پێشنیارکراوەکانی هەرسێ پارێزگای هەولێر وسلێمانی ودهۆك و ئیدارەی گەرمیان و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بۆتان دەنێرین بەمەبەستی ڕەزامەندی دان لەسەری وئاگادارکردنەوەمان.**

**هاوپێچ/**

1 - **لیستی پرۆژەکانی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان بەپێی ڕێژەی دانیشتوان بەبڕی(237000000000) تەنها (دوو سەدو سی و حەوت ملیار دینار).**

2 - **لیستی پرۆژەی دروستکردنی خانوو بۆ خاوەن ئەنفالەکان بۆ هەموو هەرێمی کوردستان بەبڕی(592500000000)تەنها (پەنجاو نۆ ملیار و دوو سەدو پەنجا ملیۆن دینار) کەلەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانەوە پێشکەش کراوە.**

**د. بەرهەم ئەحمەد صالح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**بەڕێزان بەپێی نووسراوی لیژنەکەمان بۆ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان، ژمارە (69) لە بەرواری 2010/10/27 دەربارەی دواین خشتەی بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە دەرئەنجامی کۆبوونەوە، لەگەڵ بەڕێز وەزیری پلاندانان و بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی پلاندانا، لە 2010/10/19، پوختەی دابەشبوونی بودجەی تەواوکاری بەم شێوەیەی خوارەوەیە: خشتەی بودجەی تەواوکاری بۆپارێزگاکان، پارێزگای هەولێر ژمارەی پرۆژەکان (117)پرۆژەیە، گوژمەی پرۆژەکان(53,300)(پەنجاو سی ملیار و سێ سەد ملیۆن دینارە)، پارێزگای سلێمانی ژمارەی پرۆژە(110) پرۆژە، گوژمەی پرۆژەکان(79,990)(حەفتاو نۆ ملیار و نۆسەد و نەوەد ملیۆن دینارە)، گەرمیان ژمارەی پرۆژەکان (39)پرۆژەیە، گوژمەی پرۆژەکان(21,332)(بیست و یەك ملیار و سێ سەد و سی و دوو ملیۆن دینارە)پارێزگای دهۆك ژمارەی پرۆژەکان(83) پرۆژە، گوژمەی پرۆژەکان(86,656)(هەشتا و شەش ملیار و شەش سەد و پەنجاو شەش ملیۆن دینارە) کۆی گشتی پرۆژەکان(349)پرۆژە، گوژمەی گشتی پرۆژەکان(241,278)( دوو سەد و چل و یەك ملیار و دوو سەد و حەفتاو هەشت ملیۆن دینار)خشتەی دووەم خشتەی خانووی شەهید و ئەنفالکراوەکان بەشێوەیەکی پوختەیی و کورت، یەکەم: هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك، ژمارەی خانوو(970) خانوو، گوژمەکەی(29,100) (بیست و نۆ ملیار و سەد ملیۆن دینار) سلێمانی ژمارەی خانوو(1030)خانوو گوژمەی پرۆژەکان(30,900)( سی ملیار و نۆسەد ملیۆن دینار)کۆی گشتی (2000) خانوو، بەبڕی(60) ملیار دینار، ئێمە دیباجەیەکمان هەیە پێش ئەوەی**

بچینه سەر راپۆرتەکەمان بەباشی دەزانم بۆ روونکردنەوە بۆ بەرێزتان و بۆ ئەندامە بەرێزەکان، تا هەندێ زانیاری هەیە بەبیریان بهێنمەوە، دواتر هاوکارم پوختەی راپۆرتەکە دەخوێنێتەوە.

پەرلەمانی کوردستان – عێراق

کوردستان – هەولێر

بەرێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان

لیژنەی دارایی وکاروباری ئابووری

ژمارە: 73

بەروار: 2010/11/23

**بۆ/ بەرێز سەرۆکایەتی پەرلەمان**

**ب/ پرۆژە یاسای بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2010**

دوای رێز..

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (ك848) لە 2010/11/10، دەربارەی دەقی پرۆژە یاسای سەرەوە کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە، پێشنیار کراوە، لەدانیشتنی ژمارە(12)ی رۆژی دووشەممە رێکەوتی 2010/11/8، کە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کردووە، بفەرموون بۆ ئەم زانیاریانەی خوارەوە:

1- بەرێزتان ئاگادار دەکەینەوە کە لیژنەکەمان پێشتر لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بەنووسراوی ژمارە(1758/3/4) لە 2010/10/5، ئەم پرۆژە یاسایەی ئاراستە کراوە.

2-دوای کۆبوونەوەو گفتوگۆکردن بۆ چەند جارێك، لەگەڵ بەرێز وەزیری پلاندانان و بەرێوەبەری گشتی پلاندانان پێش ئەوەی پرۆژەکە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت لە 2010/11/12، لیژنەکەمان هەستا بەنووسینی راپۆرتی خۆی، بەئامادە بوونی زۆربەی ئەندامانی لیژنەکە، کە بەنووسراوی سەرەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان داوای لێکرابوو، وە کۆنووسی ژمارە (36)ی ئامادەکرد، لە 2010/11/2، بەنووسراوی لیژنەشمان ژمارە (71) لە 2010/11/2، بۆ بەرێزتان بەرزکراوەتەوە.

3-لەهەمان کاتدا، لەبەر ئەوەی کە هیچ گۆرانکارییەك لە پرۆژە یاساکەدا نەکراوە، دوای ئەنجامدانی کۆنووسی ئاماژە پێکراوی لیژنەکەمان، بۆیە کۆنووسی ناوبراو بەدوا کۆنووسی لیژنەکەمان ئەژمار دەکەین، کە بۆ جاری دووەم هاوپێچی دەکەین، لەگەڵ ئەم نووسراوەماندا بۆ بەرێزتان.

4-لەهەمان کاتدا بە بەرێزتان رادەگەیەنین تاکو بەرواری نووسینی ئەم نووسراوەمان هیچ جۆرە راپۆرتێکمان لەلایەن ئەندامان و لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانەوە بەدەست نەگەیشتووە، تاکو یەکبخرێت، لەگەڵ کۆنووسی لیژنەکەمان، بۆیە کۆنووسی ئاماژە پێکراو بەدوا کۆنووسی لیژنەکەمان ئەژمار دەکرێت لەم

بارەیەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان داوا لەبەڕێزتان دەکەین کە ڕێگامان پێبدەیت بە هاوکارم کە دەقی ڕاپۆرتەکە بخوێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

فەرموو، بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**کۆنووسی (36)**

ئاماژە بەنووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (1758/3/4) لە(2010/10/5) دەربارەی بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ ساڵی (2010) کە لیستی پرۆژە پێشنیارکراوەکانی هەریەك لە پارێزگای (هەولێر و سلێمانی و دهۆك و ئیدارەی گەرمیان و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان) دەگرێتەخۆ، کە بەنووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(2401) لە(2010/9/29) نێردراوە بۆ پەرلەمان، وە دوابەدوای کۆنووسی ژمارە(34)ی لیژنەکەمان بەنووسراوی ژمارە (67) لە(2010/10/19)، وەهەروەها دوابەدوای نووسراومان ژمارە(69) لە(2010/10/27)،وە دوای ئەنجامدانی میوانداری لەگەڵ بەڕێز وەزیری پلاندانان و بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لە وەزارەتی پلاندانان لە سەرلەبەیانی ڕۆژی(2010/10/19)، وە دوای ئاراستە کردنی چەند تێبینیەك لەلایەن ئەندامە بەڕێزەکانی لیژنەکەمان دەربارەی خشتەی بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پاریزگاکان بۆ ساڵی(2010)، وەزارەتی پلاندانان لە رۆژی (2010/10/26) بەشێوەیەکی نافەرمی واتا (بەدەستی) دوایین خشتەی بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی (2010)یان نارد بۆ لیژنەکەمان کە بە نووسراوی سەرەوەمان نێردراوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، وە دوای گفتوگۆ کردنی بەردەوام لەگەڵ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان، لیژنەکەمان سی و شەشەمین کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا لەسەرلەبەیانی (2010/11/2) دەربارەی گفتوگۆکردن و بریاردان دەربارەی بودجەی ناوبراو، وە دوای پەیوەندیکردن بە بەرێز بەرێوەبەری گشتی پلاندانان لەسەر لەبەیانی هەمان رۆژ، لیژنەکەمان بەزۆرینەی دەنگ گەیشتە ئەم بریارانەی خوارەوە:

(1): کۆی ئەندامانی لیژنە پێشنیار دەکەن کە لەمەودوا ئەم پارانە کە پاڵپشتن بۆ پەرەپێدانی هەرێم کۆبکرێتەوەو بەکار بهێنرێت بۆ پرۆژەی ستراتیژی گەورەو گرنگ و پێویست بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان لەچەند سەرچاوەیەکەوە دێت وەك لە بەغداوە بودجەیەك بۆ ئەم مەبەستە دێت، هەروەها لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش برە پارەیەکی تر تەرخان دەکرێت بۆ هەمان مەبەست، بۆیە پێمان باشە ئەم بودجەیە کۆبکرێتەوەو بەکاربهێنرێت بۆ پرۆژەی ستراتیژی و گرنگ نەوەك بە پەرتەوازەیی سەرف بکرێت.

(2): چەند بەرێزێك لە ئەندامانی لیژنە یاداشتێکیان نووسیوە بەدەست وخەتی خۆیان دەڵێن گومانمان لەسەر ئەو بڕە پارەیە هەیە کە زۆر لەوە زیاترە، وە لەوبارەیەوە روونکردنەوەیان دەوێت (یاداشتەکە هاوپێچ کراوە لەگەڵ کۆنووسەکەماندا).

(3): داوا دەکرێت کە ئەم بودجەیە ناو بنرێت بە بودجەی پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگاکان لەجیاتی بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم.

(4): سەبارەت بە پرۆژەکانی پارێزگای دهۆك/پرۆژە جۆراوجۆرەکان/ زنجیرەی ژمارە (5)، تیایدا هاتووە (فراوانکردنی دەروازەی ئامێدی بەدرێژایی (130م) وە بەگوژمەی (2.770.000) دوو ملیارو حەوت سەدو حەفتاو دوو ملیۆن دینار)، لەراستیدا ئەمە جێگای پرسیارەو لیژنەکەمان داوای روونکردنەوەی زیاتر دەکات دەربارەی ئەم خاڵە، چونکە ئەم بڕە پارە تەرخانکراوە زۆرە بۆ دروستکردنی دەروازەیەك بە درێژیی تەنها (130م).

(5): لە زنجیرەی ژمارە(17) دا هاتووە کەوا (126) خانوو دروست دەکرێت لە سەرسەنگ بەبڕی (2.268.000) دوو ملیارو دووسەدو شەست و هەشت ملیۆن دینار، کەچی لەهەمان خاڵدا هاتووە کەوا بڕی (8) هەشت ملیار دیناری تر تەرخانکراوە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ هەمان ئەو (126) خانووە، کە دەکاتە نزیکەی چوار ئەوەندەی بڕە پارەی تەرخانکراو بۆ دروست کردن و ئاوەدانکردنەوەی ئەو خانووانە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا جێگای پرسیاری ئێمەیە وە داوای روونکردنەوەی زیاتر دەکەین.

(6): نۆژەن کردنەوەی (773) خانوو لەدەڤەری سیمێل لە زنجیرەی ژمارە(10) لەخشتەکەدا لە خانەی (ئاڤا کرن و نۆژەن کرنا 2430 خانوو ل دەڤەرا ئامێدی و سیمێلێ)، کەچی شوێنی دروست کردنیان دیاری نەکراوە، ئایا لە چ شارۆچکە یان گوندێك دروست دەکرێن؟، هەروەها شێوەی سەرف کردنی ئەم بڕە پارەیە بزانین ئایا بە شێوەی تەندەرە یا بەشێوەی بەخشینە یان بەهەر شێوەیەکی ترە؟

(7): سەبارەت بە پرۆژەکانی دەڤەری ئیدارەی گەرمیان تێبینیمان هەیە لەسەر پرۆژەکانی زنجیرە (13،18،20) لەقەزای چەمچەماڵ لەژێر ناوی راکێشانی تۆڕی ئاو بەبێ دەست نیشان کردنی شوێنی پرۆژەکە.

(8): ئەوەی زیاتر سەرنجی ئێمەی راکێشاوە ئەوەیە کە لە کۆی سەرجەم پرۆژەکانی پارێزگاکانی هەرێم، وە لەسەرجەمی ئەو بڕە پارەیەی کە بۆیان تەرخان کراوە هیچ بڕێك یان هیچ گوژمەیەك تەرخان نەکراوە بۆ کەرتی کشتوکاڵ، لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان، بۆیە لیژنەکەمان پێشنیاردەکات لە بودجەی ناوبراودا بەشێکی بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخان بکرێت، چونکە هەموومان بایەخ و گرنگی ئەم کەرتە دەزانین.

(9): لەلاپەڕەی یەکەمی خشتەکەدا کۆی ژمارەی پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی بە (99) پرۆژە نووسراوە، کەچی کۆی راستەقینەی پرۆژەکان (110) پرۆژەیە، واتە کۆی سەرجەم پرۆژەکان هەمووی بوو بە(349) پرۆژە.

(10): لیژنەکەمان چاوەڕێی تێبینی و ڕاو بۆچوونی لیژنەکانی تری پەرلەمان دەکات سەبارەت بە بودجەی ناوبراو، وە هەرکاتێك راپۆرتی لیژنەکانی ترمان بەدەست گەیشت ئەوا لیژنەکەمان راپۆرتێکی تێرو تەسەل و بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەم بابەتە ئامادە دەکات و بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرز ئەکرێتەوە.

بەم جۆرە کۆنووس داخرا....

دوای ئەوەی کە هیچ تێبینیەکی تر نەهات، ئەم کۆنووسەمان بەدواین کۆنووس داناو ڕەوانەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

دکتۆر ئاراس، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوای ئەو کۆبوونەوانە وادیارە وەزارەتی پلاندانان چەند گۆڕانکارییەکی کرد لەبەیاناتەکەی کەلەناو خشتەکەدا بۆمان هاتبوو، هەر بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنە هەمیشەییەکان، بەم نووسراوە ئەو گۆڕانکاریانەمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، ئەوانیش بەنووسراوێك ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و گشت لیژنە هەمیشەییەکان و هەموو ئەندامە بەڕێزەکانیان کردووە، بەم شێوەیەی خوارەوە،

**لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری**

**ژمارە: 69**

**بەروار: 2010/10/27.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمان**

**بابەت/ دواین خشتەی بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی 2010**

دوا بەدوای نووسراومان ژمارە(66)لە 2010/10/19، وە ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە(1758/3/4)لە 2010/10/5، دوای ئەنجامدانی میوانداری لەگەڵ بەڕێز وەزیری پلاندانان، لەڕۆژی 2010/10/19، دوای ئاراستە کردنی چەند تێبینیەك لەلایەن ئەندامە بەڕێزەکانی لیژنەکەمان دەربارەی خشتەی ناوبراو، لەڕۆژی 2010/10/26، بەشێوەیەکی نافەرمی واتە بەدەستی وەزارەتی پلاندانان دواین خشتەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی ساڵی 2010یان نارد بۆ لیژنەکەمان، کە هاوپێچە لەگەڵ ئەم نووسراوەماندا، تکایە بۆ وەرگرتنی و ڕای بەڕێزتان لەسەر کۆپی کردن و دابەشکردنی بەسەر ئەندام و لیژنە بەڕێزەکانی پەرلەمان، بۆ گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەری، پێك هاتووە، لەچوار بەش، بەشی یەکەم: پوختەی خشتەی تەواوکاری پارێزگاکان، بەشی دووەم: خشتەی پڕۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر، بەشی سێیەم: خشتەی پڕۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگای سلێمانی، بەشی چوارەم: خشتەی پەرەپێدانی پڕۆژەکانی پارێزگای دهۆك، بەشی پێنجەم: پڕۆژەکانی پەرەپێدانی ئیدارەی گەرمیان، ئەم نووسراوەی ئێمە

بەنووسـراوی سـەرۆكایەتی دابەشـكراوە بەسـەر لیژنـە هەمیشـەییەكان و ئەندامـە بـەڕێزەكان و لیژنـە تایبەتمەنـدەكان، بەنووسـراوی ژمـارە ك.848 لـە بەڕێوبەرایـەتی كاروبـاری پەرلـەمان لـە 2010/11/10 دواین خشتە دابەش كراوە بەو شێوەیە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وەزیری دارایی بزانین تێبینی چی هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە ئێستا لەو ڕاپۆرتانە خوێندرایەوە و تەبیعەتی ئەم ئیشە وایە، دەبووایە بەڕێز وەزیری پلاندانان ئامادە بووایە، چونكە وەزیری دارایی ئەگەر عیلاقەیەكی هەبێت تەنها عیلاقەی بە پارەوە هەیە و ئەمەش بودجە نییـە، حساباتێكی تایبەتیـە و داخلی بودجـەش نـەبووە، حـەز دەكـەم ئـەوە بـزانن، دیـارە قسەشـی لەسەر كراوە و كۆبوونەوەشمان لەسەری كردووە، لەبەرئەوە جەنابی وەزیری پلاندنان پێویستە لێـرە بـێ و ئامادە بێت و وەڵام بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستە مەوزوعەكە داراییـەو پەیوەنـدی بـە لیژنـەی داراییـەوە هەیـە، مـن قسـەكەم لەسـەر ئەوەیـە كـە بـۆ هەریەكێك لە تەوزیع كردنی ئەو بڕە پارەیە، كـەرتی جیـا جیـا هەیـە مـن ئیختسـاسـم تەندروسـتیە كـە لـە لیژنەی تەندروستیم، بڕێك لەو پارەیە ئەگەر دانرا بێت بۆ بەشی تەندروسـتی دانرابێـت ئـەوە مـنم وەكـو لیژنەی تەندروستی دەبێت قسە لەسەر ئەوە بكـەم، ئایـا ئـەوە لەگـەڵ خوتـەی تەندروسـتی لـە كوردسـتاندا دەڕوات یان ناڕوات؟ نەك لیژنەی دارایی، لەبەرئـەوە مـن نـازانم ئێمـە وەكـو لیژنـەی تەندروسـتی نـە وەك لیژنەی وەرزش و لاوان هیچ كۆبوونەوەیەكمان لەسـەر ئـەوە نـەكردووە و ئەسـڵەن ئاگـاداری ئـەو بابەتـەش نین، یەعنی پێم سەیرە هەر لیژنەیەك بە گوێرەی ئیختساسی خۆی وە گرنگی دانانی لیژنەكان بە گوێرەی ئیختساسی مەسەلەكە ئەوەیە كە قسەی خۆی هەبێ لەسەر ئەو بابەتـە، بـەڵام مـن تـێ ناگـەم تـۆ پارەكـەش دابنێ ی و من هیچ قسەیەكم لەسەری نەبێ كەواتە دانانی لیژنەیەك چ سوودێكی هەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە پێش ماوەیەكی باش كۆبوونەوەمان كردووە لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكان و ئاگادار كرانەوە كە ئـەوە شـتێكی لـەو بابەتـە و پرۆژەیـەكی وا تەقـدیم كـراوە هـەموو ئەنـدام پەرلـەمانێك و هـەموو لیجانـەكان موتابەعەی بكەن لە لیژنەی دارایـی، ئـەوەی كـە ئیشارەتیشـی پـێ داوە، بـەڵام كـە ئێـوە خۆتـان نەچـوون و موتابەعەتان نەكردووە و دیراسەتان نەكردووە، ئێمە بڵێین چی! فەرموو ئاخر كەس كاك د.زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من موداخەلەکەم لەسەر دوو خاڵی سەرەکیە، یەکەمیان پرسیارێکە لەبەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئایا ئەم خشتەی کە هاتووەتە بەردەستمان بە پێی هەمان ماددەی ڕێکاری ماددەی 79 تا ماددەی 89 ی پەیڕەوی ناوخۆ مامەڵەی لەگەڵ دا دەکەین یان مامەڵەی لەگەڵ دا ناکەین؟ ئەوەی کە جەنابی وەزیر دەیڵێت ئایا ئەمە بودجە نییە؟ ئێمە لەسەر چ ئەساسێك مامەڵەی لەگەڵ دا دەکەین؟ جارێ ئەمەی کە هاتووەتە بەردەستمان، چونکە تۆ ناچاری بگەڕێیتەوە بۆ ماددەی 79، چونکە بەناوی بودجەی پەرەپێدانە و هەر ناوێکی بۆ دابنێی ناچارین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ماددەی 79 لەپەیڕەوی ناوخۆ کە وەکو بودجە مامەڵەی لەگەڵ دا دەکەین، ئەمە یەکەم، دووەم/ لەکاتی موناقەشە کردنی بودجەی ساڵی 2010 دا بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان وە بە ئیقراری بەڕێز خودی سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بە ئەوە دا کە لەمەودوا کە ئەو ملحەقەی کە دێت لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە تایبەت بە پارە و داهاتی نەوت بە مولحەقێکی تایبەت دێت و هەر لەوێش دەستی لیژنەی نەزاهە والا کرا کە بەدوای ئەوە بگەڕێن سەرچاوەی ئەم پارەیە لەکوێوە دێت؟ ئەم پارەیە چۆن سەرف دەکرێت؟ ئەم پارەیە ئەگەر کەم بوو بۆ کەمە؟ ئەگەر زیاد بوو بزانین بە چ ئاراستەیەك دا سەرف دەکرێت؟ بەڵام گلەیی و گازاندەکە لێرەوە دەست پێ دەکات، لەکاتی خوێندنەوەی یەکەمی ئەم خشتەیە ئەسڵەن هەر هەواڵەی لیژنەی نەزاهە نەکرا، ئەمە یەکێکە لە گرفتە هەرە گەورەکان، دوو/ لیژنەی نەزاهە سەرەڕای ئەوەی کە هەواڵەشی نەکراوە، خۆی ڕاپۆرتی خۆی ئامادە کردووە، بەڵام لیژنەی نەزاهە ڕاپۆرتەکەی بە هەند وەرناگیردرێت، لێرە داوا لە لیژنەی نەزاهە ناکرێت قسە لەسەر ئەم بابەتە بکات، ئێ باشە لێرە دەبێت ئێمە ئەم شتە یەکلا بکەینەوە، ئایا ئێمە لە پەرلەمان دا پێویستمان بە لیژنەی نەزاهە هەیە یاخود پێویستمان بە لیژنەی نەزاهە نییە؟ خۆ ئەگەر لە بابەتێکی وا گرنگ دا پێویستمان بە لیژنەی نەزاهە نەبێت، بەبڕوای من هیچ ئەرزشێك بۆ لیژنەی نەزاهە نامێنێتەوە و ئومێدەوارم لێرە ئەمە یەکلابکرێتەوە، هەتا وەکو ئەو ڕاپۆرتەش وەکو خۆی مامەڵەی لەگەڵ دا نەکرێت، چونکە تۆ بە ناچاری دەبێ بە پێی ماددەکانی 79- 89 بە پێڕەوی ناوخۆ مامەڵەی لەگەڵ دا بکەی، ئەگەر وەك پرۆژە یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەی ئەوە قەیناکە دەڵێم تەنها لیژنەی دارایی سەرپشکە لە چارەسەرکردنی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموون وەڵامتان چیە؟ کاك د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو نووسراوەی کە لای ئێمەیە بە ناوی بەڕێوبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمار ك.845 خوێندمەوە لە 2010/1/10 و هەروەها پێشتریش بەم شێوەیە ئاراستە کراوە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، یەکەم/ بۆ

**لیژنــەی کاروبــاری یاســایی، دووەم/ بــۆ لیژنــەی دارایــی و کاروبــاری ئــابووری، ســێیەم/ گشــت لیژنــە هەمیشەییەکان، چوارەم/ گشت ئەندامانی پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك خورشید فەرموو.**

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە حەقیقەت دواکەوتنی ناردنی ڕاپۆرتی نیهائی لە لیژنەی دارایی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان هەر بـۆ ئـەوە بوو کە ئینتزاری ئەوە بکەین چمان بۆ دێت لە لیجان، لە ئەندامان، چ تێبینیەك دێـت؟ چ ڕاپۆرتێـك دێـت؟ بـۆ ئـەوەی لەبەرچـاوی بگـرین، کـە ئـەو ماوەیـە 11/10 تـا 11/22 یـەعنی تەقریبـەن 10 ـ12 ڕۆژ ئینتزارمان کرد هیچ خەبەرێك نەبوو، لەبەرئەوە ناچاربووین و لەبەر حەساسیەتی مەوزوع و لەبەرئەوەی بەرژەوەندی خەڵکی تیایە، مەشاریعی خزمـەتگوزاری تیایـە و ناکرێـت زیـاتر تـاخیر بکرێـت، ناچـار بـووین ڕاپۆرتەکەمان ڕەوان کرد بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك بورهان فەرموو.**

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەم دانیشتنەی کە ئێستا دەکرێت بەڕاستی کۆمەڵێ ئەشخاس و کۆمەڵێ تەقاریر نوقسانە، یەکەم/ وەزیـری پلاندانان لێرە نیە، دووەم/ وەزیری نەوت لێرە نیە، بەڕێز جەنابی شێخ بایز گوتی ئەو پرسیارانە ناکرێت تەوجیهی من بکرێت، دەبێ تەوجیهی ئـەو بکرێـت، ئێسـتا وای گـوت، سـێیەم/ تـەقریری لیژنـەی قـانونی و لیژنەی نەزاهە و لیژنە هاوپەیوەستەکانی تر، لیژنەی تەنـدروسـتی، هەرهـەموویان، ئـەم تەقریرانـە ئامـادە نەکراوە، ئەگەر بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ بڕگەی 2 لـە مـاددەی 79 دەبێـت گفتوگـۆ لەسـەر مەسـادیری ئـەو داهاتـەش بکرێـت، گفتوگـۆ لەسـەر خـاڵ بـە خـاڵیش، پـێش ئـەوەی ئێمـە بچینـە گفتوگـۆی ئـەم بابەتـەوە، پێویسـتە لەسـەر مەسـدەری ئـەو مەوزوعـە گفتوگـۆ بکـەین، دوای ئـەوە ئێمـە ئـەوە وەکـو موکـەمیلێك بـۆ ماددەکانی 21 و 22 و لە یاسایی بودجەی ساڵی 2010 دا هاتووە، یاسای بودجەی ساڵی 2010 لە ماددەی 21 بڕگەی أ دا دەڵێت تا پێش ڕەفتار کردن لەسەری پەسەندی بکات،لە بڕگەی 2 یشی دا هاتووە بە هەمان شێوە دەبێ دەرخستە بێت و دەبێت حیسابی داهاتی بۆ بکرێت، کە حیسابی داهاتی بۆ دەکرێت و پێویسـتە بنێردێت نەسی ماددەی 79 بڕگەی 2ی بەسەردا جێ بەجێ دەبێت کە دەبێت گفتوگۆ پێش ئەوەی لەسـەر ناوەڕۆکەکـەی بکرێـت دەبێـت لەسـەر ناحیـەی شـەکلی بکرێـت، ناحیـە شـەکلیەکەی ئەساسـەکەیەتی، ئەساسەکەشی بە بێ تەقاریری ئەو لیجانانە و بەبێ وجودی ئەو بەڕێزانەی کە لێرە غائیبن ناکرێت، ئێمـە بتوانین ئیقراری چ شتێك بکەین، لەسەر عەدەم ئیقرار ناکرێت بەڕێز، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمه سعيد فەرموو.

**بەڕێز حمه سعيد حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە دەبێت وەزیری پلاندانان و بەڕێوبەری گشتی پلاندانان ئامادەی کۆبوونەوەکە بن و هەوەرها وەزیری نەوت ئامادە بێت بۆ ئەوەی هەندێ پرسیار لە سەر برگە و سەرچاوەی داهاتەکان وبڕی داهاتەکان و ئەو پرۆژانە لەسەر چ ئەساس و چ پێوەرێك دابەش کراون بۆ قەزا وناحیەکان و پارێزگاکان و سێکتەرەکان بکەن، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر ئەو نووسراوەی کە ئاماژەی داوە بەوەی کە ڕاپۆرتەکە دراوە بە لیژنە هەمیشەییەکان، ئێمە وەکو لیژنەی ئاوەدانکردنەوە دوو کۆبوونەوەمان بۆی کردووە لەسەری و ئالیەتی ئەوەی ئایا ئێمە لەوێ دەیخوێنینەوەو پێشکەشی لیژنەی دارایی دەکەین؟ بۆ کوێی دەنێرین ئەو ئالیەتە وازح نەبوو، خاڵێکی تر وەکو لیژنەی نەزاهە بەڕاستی ڕاپۆرتێکی من وەکو ئەندامی لیژنەی نەزاهە قسە دەکەم، ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلمان ئامادە کردووە وە خاڵی گرنگی تیایە و باس لەوە دەکات ئەم داهاتە سەرچاوەکەی کوێیە و نەوتە چەند داهاتەکانی دیار نین بڕێك وە حیسابەکەی لە کوێیە؟ ڕاپۆرتەکەی پێم وایە ئەوە سەرۆکایەتی لیژنەی نەزاهە دەزانن زیاتر، بەلآم ڕاپۆرتەکە پێم وایە نێردراوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و لەوێوە ئایا بدرێت بە شوێنی تایبەت و سوپاستان دەکەم، بۆیە من داواکارم ئەو کەسە پەیوەندارانە و ئەو وەزیرە پەیوەندارانە لێرە ئامادە بن و لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە پێی قسەی جەنابت کەواتە بۆ هەموو لیژنەکان چووە، هەندێ لیژنە وەلآمیشیان داوەتەوە، بەلآم نەگەیشتووەتە دەستی ئەوان، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز  کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری هاوڕێکانی پێش خۆم دەکەم کە زەرورەتێکی حەتمیە وەزیری پلاندنان و وەزیری نەوت لێرە بن، بە تایبەتی دوای قسەکانی بەڕێز وەزیری دارایی، ئەمە یەك، دووەم/ بۆ ئەوەی کە باشتر ڕاپۆرتەکان و ئەو مەسەلانە کۆ بکرێنەوە، من پێموایە پێویستە ئەم برگەیە تەئجیل بکرێت و بە دەنگدان برگەیەکی تر بخەینە جێی ئەم برگەیە، بۆ ئەوەی یەك/ کۆبوونەوەکانمان زۆر دوانەکەوێ، دوو/ باشتر خۆمان کۆبکەینەوە و ئەو دوو وەزیرە بەڕێزەش ئامادە بن و زیاتر پرسیارەکانی ئێمە ئاراستەی ئەو دوو بەڕێزە بکەن، نەك وەزیری دارایی، بۆیە داوا دەکەم بە دەنگدان ئەم برگەیە تەئجیل بکرێت و برگەیەکی تر بخرێتە جێگەی ئەو  و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئـەم پـرۆژە یاسـایە زۆر دەمێکە موناقەشـە کـراوە، بـۆ لیجانـەکان چـووە و ئـەوەی هەنـدێك لـە لیجانـەکان وەڵامیان داوەتەوە و هەندێك وەڵامیان نەداوەتەوە، لەبەرئەوە ئێمە موناقشەی ئەو پرۆژە یاسایە دەکـەین و ئێستاش ئەو ناوانە تەسجیل دەکەین، کێ دەیەوێ موناقەشەی ئەو پـرۆژە یاسـایە بکـات؟ وەزیـری دارایـی کافیە کە ئەوە شتێکە هەموو لەبەرچاوە، کاك عدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە لە مەوزوعی بودجە کە قسە لەسەر ئەوە ئەکرێت، بودجەکەش وەزارەتی پلاندانان دایناوە، وەکو کارێکی پەرلەمانی و عورفێك، مەفروزە وەزیری پلاندانان خۆی لێرە بێت، نەبوونی وەزیر ئەوەیە، ئێستا ئێمە قسە لەگەڵ کێ بکەین؟، موناقەشە لەگەڵ کێ بکرێت؟، یەعنی ئەوە جەنابی وەزیر خۆی ئاماژەی بەو مەسەلەیە کرد، سوپاس.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا ئەوانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن ناویان دەنووسم، دکتۆر زانا نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، بۆ وەڵامەکـەی جـەنابت کـە ئێمـە بـەردەوام بـین لـەم حاڵەتـەدا، بـەڵام مـن ئەمـەوێت ئـەو جوابـە وەربگرینەوە لەسەر ئەم حاڵەتە، ئێمە چۆن موعامەلە لەگەڵ ئـەم پرۆژەیـە بکـەین، جـەنابت دەڵێـی ئەمـە پرۆژە یاسایە، ئەمە پرۆژە یاسا نیە، یەعنی ناکرێت وەکو پرۆژە یاسـا مامەڵـەی لەگـەڵ بکـەین، بڵێـی نـاوی خۆتان بنووسن و قسە لەسەر ناوەڕۆکەکەی بکەن، پێشتر ئەبێت خوێندنەوە بۆ ئەم بابەتانە بکرێت، ئێستا من ئەندامم لە دوو لیژنە، هەردوو لیژنەکەم ڕاپۆرتی ئامادە نەکردووە، من لەسەر چ تەوەرێك قسـە بکـەم، لە لیژنەی یاسایم هیچ ڕاپۆرتی ئامـادە نـەکردووە، لـە لیژنـەی نەزاهەشـم بەهـەمان شـێوە ڕاپـۆرتی ئامـادە کردووە، بەڵام نەخراوەتە ناو بابەتەکەوە.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بۆ ئامادەیان نەکردووە، ئەو ماوە زۆرە لەبەردەستدا بووە.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی نەزاهە ڕاپـۆرتی خۆمـان ئامـادە کـردووە، ئـەو گرفتـە ئـەکرێ لەسـەرۆکایەتی پەرلـەمان بپرسین، کە ئایا ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیداری کردووە، یاخود نەیکردووە، بەڵام من لەوێ قسەی خـۆمم کردووە، ئەبێ وەڵامی هەندێ پرسیار بدرێتەوە ئینجا دێینە قۆناغی دووەم کە گفتوگۆ کردنـە لەسـەر ئـەو پرۆژەیـەی کـە لەلایـەن حکومەتـەوە پێشـنیاز کـراوە، ئـەگینا بـەبێ ئـەوە، بـە بـڕوای مـن هـیچ بەهایـەك

نامێنێتەوە بۆ موناقەشەکردنێك کە تۆ پێشتر ڕاپۆرتت ئامادە کـردووە، کەچـی بەهەنـد وەری نـەگری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز اسماعیل(جێگری سەرۆکی پەرلەمان)؛**

تکایە، ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر ناوەکان فەرموون، تکایە نوقتەی نیزامی زۆر باسکرا، لەبەر ئەوە ئێستا داخڵی ناو موناقەشە دەبین، ئەو خوشك وبرایانەی کە ناویـان نووسـیوە، ( پـەیمان عزالـدین، سـۆزان شـهاب، ئەڤین عومەر، هاژە سلیمان، ئەمیر گۆگە، ئارام قادر، ئەحمد وەرتی، کوێستان محمد، بورهان رشید، پەریهان قوبلای، عەدنان عوسمان، اسماعیل سعید، پێشەوا تۆفیق، پەیام ئەحمد، بیلال سلیمان، حمـە سـەعید حمـە علی، عبدالله مەلا نوری، عەزیمە نەجم الدین، سیوەیل عوسمان، کاردۆ محمـد، نەسـرین جمـال، سـەرهەنگ فەرەج، خەلیل عوسمان، سەمیر سەلیم، صباح بیت الله، ئاشتی عەزیز، عبدالرحمن حسین، فـازڵ بەشـارەتی، عومەر نورەدینی، عیماد محمد، ناسك تۆفیق،)کەسی تر هەیە ناوی نەنووسرابێت، پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان؛**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن؛**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەم پڕۆژەیەی لەبەر دەستمان دایە، موقەوەمات و بنەماکانی پڕۆژەیەکی تیا نیە کە مادده بە مادده بێت، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ مـاددەی تایبـەت بـە بودجـەی بەسـەردا تـەتبیق بکرێـت، کـە مـادده بـە مادده بێت، لەسەر کۆی ئـەوەی لەبـەر دەسـتمان دایـە قسـەی لەسـەر دەکـەین، مـن چـەند خاڵێـك ئەخەمـە بەردەست، کە بەشیکیان پرسیارە، چونکە تا ئەو پرسیارانە ڕوون نەبێتەوە، پێموابێت ئەندامانی پەرلەمان ناتوانن بە ڕوونی دەنگی لەسەر بدەن، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە بۆ خـۆی ئـەو بودجـەی کـە خراوەتـە بەردەستی ئێمە، چ جۆرە بودجەیەکە کـەوازح نیـە، بـە تایبـەتی لـەدوای ڕوون کردنـەوەی بـەڕێز وەزیـری داراییـەوە، کـە وتـی ئەمـە داخلـی بودجـە نـەبووە، کەواتـە پـێش هـەموو شـتێك ئـەو پرسـیارەی کـە خـۆی ئەسەپێنێت، ئەوەیە کە داخلی بودجە نەبووە، ئەمە چ داهاتێکە؟، چ پارەیەکە؟ لە کوێوە بۆمان باریوە؟، لە کوێوە هاتووەتە هەرێمی کوردستان و چـۆن تەسـەروفی پێـوە دەکـەین؟ لـە دوای ئـەوەوە پرسـیارێکی ترکـە دێتە پێشەوەو، کە ئەبێ پێش ئەوەی ئێمە قسە لەسەر هەر شتێك بکەین، وەڵامی ڕوونمـان پـێ بـێ، ئەگـەر ئەمە لەناو بودجەدا نیە، لەگەڵ چ بنەمایەك ئەگونجێت؟ ئەمـە ڕەنـگ بێـت پرسـیارەکە زیـاتر بـۆ لیژنـەی دارایی بێت، ئەوەی کە ئەم مەبلەغە هاتووە، کە مەفروزە بەپێی بنەما داراییەکان، هەموو داهاتێك لە هـەر شوێنێکەوە بێت، هەرچیەك بێت، کە هاتـە نـاو هـەرێمی کوردسـتانەوە لـە بودجـەدا بێـت، لـەلای وەزارەتـی دارایی بێت، ئەمـە کـە بـەپێی ئیقـراری وەزیـری دارایـی، نەچۆتە نـاو بودجـەوە، لەسـەر چ ئەساسـێك، کـێ بڕیـاری داوە نەچـێتە نـاو پڕۆژیـەکی تایبـەت پێشکەشـی ئێمـە بکرێـت، پرسـیارێکی تـر کـە دیسـانەوە زۆر گرنگە، ئەم پڕۆژانەی کە دانراون لەسەر چ ئەساسێکە، ئەوەی کە ئیشارەتی پێ دراوە نووسـراوە پڕۆژەکـانی

پارەی تەرخان کراو بۆ پاڵپشتی پەرە پێدانی هەرێم کە بۆ پارێزگاکانە، وەکو ئاماژەشی پێدراوە لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، سەرچاوەی تری پەرەپێدانی پارێزگاکان هەیە، لێرە کەواتە ئەمە خاصە بە پارێزگاکانەوە، لە کاتی دانانی ئەمەدا، کە ئەمە بۆ وەزیری پلاندانان ئامادە نەبووە لێرە ئەم پرسیارە، کە پرس بە ئەنجومەنی پارێزگاکان کراوە، ئەنجومەنی پارێزگاکان لە دارشتنی ئەم پرۆژانەدا، بە نەزەری ئیعتبار رەئیان وەرگیراوە، یان نا؟، کۆمەڵێك قسە لەسەر ئەوە کرا، لەبەر ئەوەی ناوی وەزیری سامانە سروشتیەکان هاتە ناوەوەو، باسی داهاتی نەوت کرا، کە لێرە ئەگەرێکمان بۆ دروست دەبێت، چونکە من دوایی سەرەم تێ دەپەڕێت، نایەتەوە سەری، بۆیە من مەجبورم هەموو ئەگەرەکانی خۆم بڵێم، ئەگەرێك دروست ئەبێت کە ئەمە بەشێك بێت لە داهاتی نەوت، ئەگەر بەشێکە لە داهاتی نەوت، بۆ بە وازحی بە پێی ئەوەی کە قەرار بوو، بڕیار بوو لە پەرلەمان لائیحەیەك پێشکەش بکرێت بە داهاتی نەوت، کە مینحەیە، کە شیرینیە، هەر چیەکە لە داهاتی نەوت، ئەمە لە کوێ ڕوون کراوەتەوە، ئەوە لە داهاتی نەوتە، یان نا؟ من وەکو ئەندامی پەلەمان چۆن بزانم ئەو داهاتە داهاتی نەوتە، چونکە ئەگەر داهاتی نەوت بێت گومانمان لەوە هەبێت، نامانەوێت لە داهاتی نەوت، ئاشکرا بکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە کێشەیەکمان هەیە، کێشەی مالیە، لەگەڵ دوڵەتی عیراقی فیدراڵدا، ئێمە دێینە سەر کۆمەڵێك پرسیاری تر، کە یەکێك لەو پرسیارانە ئەوەیە ئێمە، لەمەسەلەی بودجەو لە مەسەلەی پارە، لە مەسەلەی داهاتا، ئیش لەسەر مەبدەئی شەفافیەت دەکەین لە تەواوی عیراقدا، وە ئیش لەسەر مەبدەئی نا شەفافیەت دەکەین لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە مەبدەء مەبدەئە، ئەگەر من پێموابێت ئەبێ لە دەوڵەتی عیراقدا، مەبدەئی ڕوونکردنەوەو ئاشکرا کردنی داهاتی نەوت ڕوون بێ، شەفاف بێ، ئەبێ هەمان مەبدەئم هەبێت، لە ژێر هیچ ناوێکی نەتەوایەتیا نەیشارمەوە، لە ژێر هیچ پاساوێکا نەیشارمەوە، داهاتێکی شەفاف بێت، هەموو ئەندامێکی پەرلەمان، هەموو خەڵکێکی هەرێمی کوردستان، بزانێت ئەم داهاتە فعلەن داهاتی نەوەتە، وە ئەگەر داهاتی نەوتە، ئەم داهاتە بۆ ئەوەندە کەمە، بۆ لەچاو ئەو گومان و پرسیارو، ژمارە تەنکەرانەی کە ڕەوانە دەکرێت، بۆ ئەوەنە بەشێکی کەمی گرتووە، پووشێکە لەو خەرمانە گەورەیەی کە ئێمە هەمووومان چاوەڕوانمان لێی دەکرد، من هەتاکو جوابی ئەو پرسیارە نەدرێتەوە، چونکە گومانم لەسەر کۆی پرۆژەکە هەیە، ناتوانم داخل بم بە تەفاسیلی پرۆژەکان، لەبەر ئەوەی وەکو لیژنەی دارایی ئاماژەیان پێی کردووە، کۆمەڵێك کەموکورتیش لەناو پرۆژەکاندا هەیە، من ئەو پرسیارانەم هەڵ دەگرم بۆ دوای ڕوونکردنەوەی گومانەکانم لەسەر پرۆژەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئەنـدامانی پەرلـەمان، پێموایـە هـەموو یـەکێك لـە ئێمـە ئاگاداره و دەزانـێ کـە ئـەو بـڕە پارەیـە لـە ئەنجامی ئەو زیادکردنە ئاشکرایانەیە کە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان کردوویـەتی بـۆ فرۆشـتنی نـەوتی ڕەش، موشتەقاتی نەوت، نەوتە ڕەشەکەی کـە دەمێنێتـەوە، ئـەو بـڕە پارەیـە بـە زیادکردنـە ئاشـکراکان کـە هەندێ لە بەڕێزەکانی ئەندامانی پەرلەمانیش، بەو بەڕێزەی کە ئێستاش لێـره نیـە پرسـیارەکەی ئاراسـتە کرد کاك حەمە سعید لە لیژنەی نەزاهە، ئەویش جەنابی لە نـاو یـەکێ لـەو زیادکردنـە ئاشـکرایانە ئامـادە بووە، بۆیە بـڕی ئـەو پارەیـە و ئـەو بودجەیـە بـۆ خزمـەت کـردن و ئاوەدانکردنـەوەی هـەرێمی کوردسـتان بەکاردێت، ئەگەر چی زۆر نەبێ، کەم بێ، ئەوەندە بێ، هەتاکو ئەو زیادکردنە ئاشکرایانەی نەوتـە ڕەشـەکە داهات بێ بۆ هەرێمی کوردستان ئێمە دەیکەینە خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان، لەبەر ئەوە مـن حـەز دەکـەم ئەندامانی بەڕێز ئەوەیان لەبەرچاو بێ کە ئەو پارەیە لەوە سەرچاوەکەیەتی، باس کردن لێـوەی ئـەوڕۆ بـۆ ئەوەیە پرۆژەی خزمەتگوزاریی بـۆ ئـەو ناوچـانە بـەکاربێت، سـەبارەت بـە ڕەخنەیـەك کـە مـن دەیگـرم لـە وەزارەتی پلاندانان، کە دەبوایە ئەوڕۆ لێرە حازر بوایـە، ڕەخنەکـەی مـن ئەوەیـە جارێکی تـر ئێمـە بـەرەو ڕووی ئەوە دەبینەوە کە شێوازی پرۆژەکان، ئەو شێوەیەی کە پێیان نـاردووە، شـێوازێکە کـە هەنـدێ کـەم و کورتی تیایە، ئێمەش لە موناقەشاتی بودجەی پێشوودا لە هی ساڵی ($2010$)دا هەمان شتمان باس کـردووە وتوومانە تکایە ئەو موەزەفانە، ئەو فەرمانبەرانە، ئەو بەڕێوەبەرانـەی کـە ئـەم کارەیـان دەخرێتـە ئەسـتۆ، تکایە ، تکایە، تکایە بە شێوازێك ئەو ڕاپۆرتانە ئامادە بکەن کە ناو و شوێنەکە و بڕی، یاخود ئەگەر جاددە بێ دەبێ بوترێ چەند کیلۆمەترە، بۆ ئەوەی دڵنیایی لەلای هەموو لایەك ئامادە بێ، بۆیە مـن لێـرەدا بـاس لـە کـۆی پرۆژەکـە ناکـەم جـارێ، بـەڵام بـاس لـەوە دەکـەم بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، ئەمـە بـۆ خزمەتگوزارییە، بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز إسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو ئەندامێکی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سامانە سروشتیەکان، هەروەها ئەندامێکی لیژنەی نەزاهە، حەز دەکەم تەئکید بکەمەوە لەسەر قسەکانی سـۆزان خـان، کـەوا ئێمـە دەزانـین ئـەو بـڕە پارەیـەی، چـەند کۆبوونەوەیەکیش لە پەرلەماندا ئەنجامدراوە، کە ئەو بڕە پارەیـەی ئێسـتا لێـرەدا دیـاری کـراوە و تـەرخان کـراوە، بـۆ ئـەوەی کـەوا گفتوگـۆی لەسـەر بکرێـت، یـاخود دابەشـی سـەر ئـەو پرۆژانـە کـراون هـەموومان ئاگادارین کە ئەنجامی فرۆشتنی موزایەدەی عەلەنی ئەو موشتەقاتە نەوتانـە بـوو کـە لـە وەزارەتـی سامانە سروشـتیەکان و حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان هەسـتا پێـی، وابـزانم مـن و هەنـدێك لـە بـەڕێزانی تـر لـە ئەندامانی پەرلەمان بەشداریمان کرد لە یەکێ لە موزایەدەکان، دیار بوو بینیمـان کـە بـە چ شـێوەیەك ئـەو موزایەدانە دەکرێت؟ بە چ شێوەیەك ئەو فرۆشتنە دەکرێ؟ دیاره منـیش لەگـەڵ بـووم، بـەڵام لێـرەدا وەکـو

دەڵێ چاوڕوونیەکمان هەیە، بەڵام لەسەر خودی دابەشکردنی پرۆژەکان کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە دانراوە، بەڕاستی منیش تێبینیم هەیە، ئەگەر بێینەوە خاڵ بە خاڵ سەیری بکەین کەم و کوڕییەکی زۆر هەیە لە دابەشکردنەکەدا، لە شێوازی دابەشکردنەکەدا، هەرچەندە من خۆم لەگەڵ ئەوەدا نیم کەوا ئەو بڕە پارەیە کە هی چەند مانگێکە، هی ساڵێکیش نیە، بەو شێوەیە دابەش بکرێ، بەو شێوەیە لەسەر ئەو جۆرە پرۆژانە دابەش بکرێ، بەڵکو من پشتگیری لە ڕەئیەکەی لیژنەی دارایی دەکەم، کەوا ئەو پارەیەی کە لەو داهاتەدا دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەوێ بۆ پرۆژەیەکی گرنگ تەرخان بکرێ، نەوەك لە پرۆژەی بچکۆلە، بچکۆلەدا سەرف بکرێ، وەکو بۆ پرۆژەیەك بێ کەوا ئێمە نەتوانین لە پرۆژەی بودجەی هەرێمی کوردستان، بڵێین لە بودجەی هەرێمدا نەتوانین پرۆژەکان ئەنجام بدەین، بەڵکو ئا لەو پارەی لێرەدا دەستمان دەکەوێ، بتوانین ئەو پرۆژانە ئەنجام بدەین، پاشان لێرەدا خاڵێکی تر هەیە کە، وەلەو هەموو خاڵەکان ئەگەر بێین و سەیری پرۆژەکان بکەین زۆر تێبینی جێی ئەوەیە کەوا تێبینی لەسەر بگیرێ، بەڵام ئەوەی کە سەرنجی منی زیاتر ڕاکێشا، ئەوەی بۆ ئیدارەی گەرمیان تەرخان کراوە، بە تایبەتی لە خاڵی، ئیدارەی گەرمیان لە خاڵەکانی دیاری کراوە، کە (13)، (18)، (20) بوو، لیژنەی دارایی بەڕێزیش ئاماژەیان پێ کردووە، کە لە (142) ملیۆن و (65) ملیۆن و (54) ملیۆنیش خۆی گرتۆتەوە، کە هەر سێکی بۆ ئەوەیە راکێشانی ئاوە، بەڵام لە نەفسی قەزایە، بەڵام دیاری نەکردووە بۆ کوێیە؟ چۆنە؟ چەندە؟، بەس بە موتلەقی هێشتیتیەوە، جێگای گومانە لەلای ئێمە، بەڕاستی دەبێت کە پرۆژەکانیشیان بەو شێوە کردووە، دەبێت ئێمە بەشێوەیەکی وردتر، بەشێوەیەکی تەفسیلی تر بۆمان روون بکەنەوە، تاوەکو ئێمەش لێرەدا بتوانین ئیقراری لەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لەسەر ئەو پرۆژەیە، من ئەو پرسیارەم هەیە بەشێوەیەکی گشتی، خۆزگە وەزیری پلاندانان لێرە بوایە کە لە سەر چ ئەساسێك ئەو مەبلەغە پارەیە دابەش کراوە، وەکو لە پرۆژەکە دا دەبینین کە زۆربەی ئەو پرۆژانەی کە لەناو ئەو بودجە تە واوکاریە دا هەیە زۆربەی لایەنەکانیان نەگرتووەتەوە بۆ نموونە لەلایەنی کشتوگاڵی زۆر گرنگی پێ نەدراوە، لەلایەنی تەندروستی و لایەنی گەشتوگوزار زۆر گرنگی پێ نەدراوە، مەبلەغی پارە بۆ ئەو شوێنانە تەرخان نەکراوە، دەربارەی ئەوەی کە لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی هاتووە زۆربەی ئەندامان لە گەڵ ئەوەن کە وەکو پرۆژەی ستراتیژی بەکاربێت، بەڕاستی من لەگەڵ ئەوە دانیم، چونکە مەسەلەی پرۆژەی ستراتیژی لەوانەیە هەموو شوێنەکان وەکو پێویست سوودمەند نەبن لێی، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام وەکو ئێستا کە بەکارهاتووە بەو شێوەیە بێت، دەربارەی چۆنیەتی لەبواری پراکتیکەوە جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژانە بەڕاستی من بۆ ئەو مەسەلەیە بۆ هەریەك قائیمقامی سۆران و رواندز کردووە ئەو پرۆژانەی کە لەوێ هاتوون هەموویان لە واری جێ بەجێ کردن دان، کە ئەوە جێی خۆشحاڵیە، دەربارەی جیاوازی بەڕاستی لە مەبلەغەکان زۆر جیاوازی هەیە، هەر بۆ نموونە لە پرۆژەکانی هەولێر لە زنجیرەی 71 کە دروست کردنی شاقامەکان و ئاوەڕۆیی لولەیی

لەگەڵ گەڕەکی کونەگورگ قۆناغی دووەم کە مەبلەغی یەك ملیار و هەشت سەد و نەوەد و دوو ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، هەر هەمان پرۆژەی دروست کردنی شەقام و ئاوەڕۆ و لەگەڵ دانانی تۆڕی ئاویش لە گەڕەکی منارە پشت قوتابخانەی میدیا چوار سەد و چل و شەش ملیۆن دیناری بۆ داندراوە کە ئەوە جیاوازیەکی زۆرە لە نێوان مەبلەغەکان، سەبارەت بە پارێزگای دهۆك بەڕاستی منیش هەر هەمان ئەو تێبینیانەی لیژنەی دارایم هەبوو دەربارەی زنجیرەی 5 فراوان کردنی دەروازەی ئامێدی بە درێژایی 130 مەتر بە مەبلەغی دوو ملیار و حەفت سەد حەفتا ملیۆن دینار کە مەبلەغێکی یەکجار زۆرە بۆ ئەو پرۆژەیە، هەمان تێبینی ژمارە 5ی لیژنەی دارایم هەبوو لەسەر زنجیرەی ژمارە 17 دەربارەی خانووەکان لەسەر سەنگ کە بەڕاستی دوو ملیار و دوو سەد شەست و هەشت ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە کە چی لە هەمان خاڵدا هاتووە کە بڕی 8 ملیار دینار تەرخان کراوە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری، سەبارەت بە پرۆژەکانی گەرمیان هەر هەمان ئەو تێبینیەم هەبوو دەربارەی زنجیرەکانی 13 و 18 و 20 کە لە قەزای چەمچەماڵ هەر بۆ پرۆژەی ئاو تەرخان کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێمە لە سەرۆکایەتی پێمان باش بوو بۆ ئەوەی دەرفەتێکی ترتان بدەینێ بۆ زیاتر دیراسە کردنی هەر لیژنەیەك و هەر پەرلەمانتارێك کە بیەوێ زیاتر تێبینیەکانی خۆی بدات تا دووشەممەی داهاتوو لیژنەکان و تاکە تاکەی پەرلەمانتاران و ئەوەی موهتەمە بە مەسەلەکان ڕۆژی دوو شەممە لێرە کۆبوونەوەمان هەیە، سەرکەوتوو بن.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18)**

**دووشەممە ڕێکەوتی 6\12\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (18)

## دووشەممە ڕێكەوتی 2010/12/6

**كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2010/12/6 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز**

**د.ارسلان بايز اسماعيل جێگرى سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێرى پەرلەمان, دانيشتنى ژمارە ()ى خولى سێيەم, ساڵى (2010) ى خۆى بەست.**

**بەرنامەى كار:**

**بەپێى حوكمەكانى برِگە (1)ى مادده (20) له پێڕەوى ناوخۆى ژمارە (1)ى هەمواركراوى ساڵى 1992ى پەرلەمانى كوردستان - عێراق, دەستەى سەرۆكايەتى پەرلەمان بڕيارى درا دانيشتنى ژمارەى (18)ى خولى سێيەمى هەڵبژاردن له كات (11)ى پێش نيوەڕۆى رۆژى دووشەممە رێكەوتى 2010/12/6 دا بەم شێوەيە بێت:**

1 - **بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆكردنى پرۆژەى خشتەى بودجەى تەواوكارى پەرەپێدانى پارێزگاكانى هەرێم بۆ ساڵى.2010**

2. **خستنەڕوو وگفتوگۆكردنى پێشنيارى ياساى نەهێشتنى لەشفرۆشى له هەرێمى كوردستان.**

3. **خستنەڕوو وگفتوگۆكردنى پێشنيارى ياساى وانەبێژى مامۆستايان له قۆناغەكانى بنەڕەتى له هەرێمى كوردستان.**

4. **خستنەڕوو وگفتوگۆكردنى پێشنيارى ياساى پشتگيرى دارايى حزب و قەوارە سياسيەكان له هەرێمى كوردستان.**

5. **خستنەڕوو وگفتوگۆكردنى پێشنيارى ياساى بووژاندنەوەى پێشخستنى كشتوكاڵ له هەرێمى كوردستان.**

6ـ **خستنەڕوو وگفتوگۆكردنى پێشنيارى ياساى كاروبارى شارستانى ژمارە (65) له ساڵى 1972ى هەمواركراو له هەرێمى كوردستان.**

7. **خستنەڕوو وگفتوگۆكردنى پێشنيارى ياساى پێشينەى هاوسەرگيرى له هەرێمى كوردستان.**

8. **خستنەڕوو وگفتوگۆكردنى پێشنيارى ياساى مادده هۆشبەرەكان له هەرێمى كوردستان.**

9. **خستنەڕوو وگفتوگۆكردنى پێشنيارى ياساى چاككردنى مووچەى هێزەكانى ئاسايش و پێشمەرگە له هەرێمى كوردستان.**

10ـ **خستنەڕوو وگفتوگۆكردنى پێشنيارى ياساى بەخاوەن كردنى خانووە بێ تۆمارەكان له هەرێمى كوردستان.**

11. **خستنەڕوو وگفتوگۆكردنى پێشنيارى ياساى دەستەى كۆمسيۆنى باڵاى هەڵبژاردنەكان له هەرێمى كوردستان.**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

**بەناوى خواى گەورەو ميهرەبان.**

**بەناوى گەلى كوردستان، دانيشتنەكەمان دەكەينەوە، خولى سێيەمى هەڵبژاردن، ساڵى دووەم، خولى گرێدانى يەكەم، ژمارەى دانيشتن (18)، رۆژى دانيشتن (2010/12/6)، بەرنامەى كار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (18)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێککەوتی (2010/12/6)دا بەو شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی خشتەی بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی.2010

2. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی لە هەرێمی کوردستان.

3. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای وانەبێژی مامۆستایان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان.

4. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پشتگیری دارایی حزب و قەوارە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان.

5. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بووژاندنەوەی پێشخستنی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان.

6ـ خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای کاروباری شارستانی ژمارە (65) لە ساڵی 1972ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.

7. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پێشینەی هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستان.

8. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.

9. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای چاککردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان.

10ـ خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بەخاوەن کردنی خانووە بێ تۆمارەکان لە هەرێمی کوردستان.

11. خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای دەستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان.

ئێستاش داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکەین بێنە ئێرە، زۆر بەخێرهاتنی رێزدار کاك رەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەین، زۆر بەخێر بێن، کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی ئەم خشتەی تەواوکارییە لە ئەستۆی وەزارەتی پلاندانانە بۆ پلاندانانەکەی، بەڕێز وەزیری پلاندانانیش ئێستا لە بەغدایە بۆ مەسەلەی سەرژمێری، بۆیە داوا دەکەم جەلسەکە تەئجیل بکرێت، چونکە بەبێ ئامادە بوونی ئەو ناتوانرێت گفتوگۆیەکان بەردەوام بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کەس مولاحەزەی هەیە لەسەر ئەو پێشنیارە؟ کەس پشتیوانی لێ دەکات؟ کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە سۆزان خان دەکەم، بۆ ئەو پێشنیارەی کە کردوویەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك زانا کەرەم بکە.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنی پێشوودا هەمان گرفتمان بۆ دووبارە بۆوە، کە تایبەت بوو بە ئامادە بوونی وەزیری پەیوەندیدار لە گفتوگۆیەکاندا، چونکە زۆر جار ئەو پرسیارانەی کە ئێمە هەمانە رووبەڕووی وەزارەت دەبێتەوە، وەزارەتی پەیوەندیداریش وەزارەتی پلاندانانە، بۆیە بە پێویستی دەزانین بەڕێز وەزیری پلاندانان لێرە تەواجودی هەبێت، تاکو بتوانین بەوردی گفتوگۆ دەربارەی ئەو پرۆژەیە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێشنیارەکەتان وازیح بکەن، سۆزان خان، دانیشتنەکە بۆ وەختێکی موحەدەدە، یان بۆ چەند سەعاتێك؟ بۆ چەند رۆژێك؟ حەز دەکەم وازیح بێت، کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو کارە بۆ جەنابتان بەجێ دەهێڵین، بەلاّم ئێمە پێمان باشە جەلسەکە تەئجیل بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بورهان کەرەم بکە.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داواكارم له بەڕێزتان پێش ئەوەی بێینــەوە ســەر موناقەشــەو مەوعیدەكەی چ وەخــت تــەئجیل دەبێــت، وەزیری سامانی سروشتی و وەزیری پلانـدانانیش ئامـادە بێـت، تـەقریری هـەموو لیژنـە هاوپەیوەسـتەكانی ئەم مەوزوعەش ئامادە بێت، لەبەر ئەوەی لە ماددەكانی (21 و 22) لە یاسای بودجـەی سـاڵی 2010، كـە دیاریمان كردووە، لە ماددەی (21) لە (أ)ـەكەدا بە داهاتی وەدیهاتوو حیساب كـراوە، لـە مـاددەی (21) لـە (ب) بـە مـنح حیساب كـراوە، دەڵێت دەبێـت حیساباتی تایبـەتی هـەبێت، لـە مـاددەی (22)یـش تەئكیـدی دەكاتەوە، بۆیە داواكارین لەگـەڵ ئەولـەویاتی ئـەو قەزیـەی (250) ملیـۆن نەوتـە، ئەولەویاتەكەشـی بێتـە پەرلەمان، بۆ ئەوەی لەگەڵ تەقریری هەموو لیژنەكاندا، بـۆ ئـەوەی بەرچـاو روونیـەكی باشـترمان هـەبێت، بتوانین باشتریش موناقەشە بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا پێشنیارێك هاتووە، چەند بەڕێزێكیش لە ئەندامانی پەرلـەمانی كوردسـتان پشـتیوانیان لـێ كـرد، كـە دانیشـتنەكە دوابخرێـت، پاشـان سـەرۆكایەتی ئاگادارتـان دەكاتـەوە، بـۆ دانیشـتنی داهـاتوو، كـێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵـدا نییـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، یەك كەس لەگەڵدا نەبوو، زۆر سـوپاس، ئاگادارتـان دەكەینـەوە لـە دانیشـتنی داهاتوو، داوای سەركەوتنتان بۆ دەخوازین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |